# ژیان و خەبات.

**بەشی دووهەمی بیرەوەرییەکانم لەگەڵ پێداچوونەوەیی ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.**

**فاتح ئارش**

# ژیان و خەبات.

بەشی دووهەمی بیرەوەرییەکانم لەگەڵ پێداچوونەوەی ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.

گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی ژیانی خۆم و شـــیکردنەوەی ڕووداوە ســـیاسی و مێژووییەکان کە بۆخۆم بەشێوەیەک بەشدار یان ئاگاداریان بووم و پێکەوە گرێدراویان لە گەڵ گێڕانەوەکانی مندا هەیە.

فاتح ئارش

تایپ: نووسەر.
دیزاین: نووسەر.

ISBN978-91-89411-63-0
Life and struggle
By
Fateh Aresh
First edition 2022
Printed att Kitab –l arzan
Helsingforsgatan 15
16478 Kista- Sweden.
www.arzan.se
+46 70 492 69 24

سـپاس و ڕێز بۆ بەڕێزانی خوارەوە کە زەحمەتی وێنەی سـەر بەرگ لە گەڵ چاوخشاندن بەسەر ناوەڕۆکی ڕامیاری کتێبەکەدا کێشاوە.

- چاوخشـــاندن بە ســـەر ناوەڕۆکی بابەتە ڕامیارییەکان  بەڕێز کاک ئیقباڵ سەفەری.

- وێنەی سـەر بەرگی کتێب: هاوڕێ بەڕێز کاک زاهیر حوسـێنی مامۆسـتای هونەرو نگار لە وڵاتی سوئێد.

## ڕێزبەندی بابەتەکان.

دەستپێک........................................................... ٥
ڕوونکردنەوەیەکی پێویست............................................٨
هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی هزرو ڕووانگە.................................١١
هەڵەی دەسەڵاتدارێکی وڵاتی سوئێدو هەڵوێستی خەڵک ..................٢٣
مافی ئەرێنی و نەرێنی خەڵکی کۆمەڵگایەک .................................٢٩
بێکاری و هەڵاواردن......................................................٣٣
شۆڕشی گەلانی ئێران و مەسەلەی نەتەوایەتی.............................٤٩
بڕیارێک و ئاکامەکانی......................................................٥٦
ئاڵوگۆڕ لە مێتودی ڕامیاریی کاردا قۆناغی دووهەم............................١٢٢
قۆناغی نوێی ژیان و خەبات.............................................. ١٥٠
کۆمەڵگای کوردستان و کۆسپی ململانێ..................................١٥٧
شێوەی حکومەتی بەگەکانی خزمم......................................١٧٥
حیزبی دێموکرات و شۆرای بەرگریی نەتەوەیی..................................١٩٦
قازانجەکانی وتووێژ بۆ ڕژیم و زیانەکانی بۆ کورد.................................. ٢١٠
کوردو بیرکردنەوە لە وتووێژ............................................. ٢١١
سەرەوخوارەو هەورازەکان..................................................٢١٨
کۆنگرەی هەشت.......................................................٢٢٤
کێشەی تیئۆری..........................................................٢٤٥
بەردەوامی باسی کۆنگرەی هەشت......................................٢٥٧
کۆنگرەی ١٣ و دابەشبوونی حیزب بەسەر دوو باڵدا.........................٢٦٦
ئیستاکە...................................................................٢٨٧
وشەکان...................................................................٢٩٥

## دەستپێک.

نازانم لە چ لایەکەوە دەســـتپێبکەم چونکە بەشی زۆری ژیانم کەوتووەتە سەردەمی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەمە بەو واتایی کە لە سەردەمێکی پڕ لە کێشەدا ژیاوم، وەک خوێنەری ئەم سەردەمە ئاگادارن سەردەمی ژیانی ئێمە ســـەردەمێکە تێکەڵاو لە گەڵ زۆر ڕووداوی جۆراوجۆرو نەخوازراو کە دووپات کردنەوەی باسی ئەوەیی کە لە گەڵی بووین یان بینامان و بیستمان کارێکی ســاکار نییە چونکە لە هەر لایەکەوە دەســتپێبکەین لە گەڵ شـێوە کێشەیەک سیاسی سەردەم ڕووبەڕوو دەبینەوە یان دەبمەوە.
سـەردەمی جوانیم دەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمی حکومەتی پادشـایی محەممەد ڕەزا شــای پەهلەوی کە لە کۆتایی ســاڵی ١٣٥٧هەتاوی (١٩٧٨زایینی) دا حکومەتەکەی بە دەســتی کۆمەڵانی هەراوی خەڵـک ڕووخـاو مەلاکان (ئاخوند) بەزیرەکی توانیان لە هەســتی ئاییني خەڵک و لە لەخواربوونی ئاستی سیاسی کۆمەڵگا کەڵکی بەپێچەوانە وەرگرن و لە کۆتایی دا شـۆڕشی گەلانی ئێران زەوت و دەسەڵات بگرنە دەست، ئەم دەسەڵات بەدەستەوە گرتنە زۆر ئاکامی نەرێنی بەدواوە هات و ژیانی زۆر کەس و بنەماڵەیی تێکدا یان لە گەڵ قەیران ڕووبەڕووی کردەوە کە منیش یەکێک لەو کەسانەم.
ئەڵبەتە نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە هێنـدێک لە حیزبە ئـایدیۆلۆژیی و سـیاسـییەکان وەک پاشــماوەکانی حیزبی تودە و چریکەکانی بەناو فیدایی خەڵک و ... بەشێوەی تایبەت بەخۆیان زۆر یارمەتیان بەبوونی ئاخوندەکان بەدەسەڵات کردو لە زۆر بواری جیاوازدا بوون بە جاسوس و شێوە هێزێکی کۆمەڵایەتی دەسەڵات.
بۆ نموونە کەسـێک بەناوی حامید بەگ کڵاشی کە لە بەشی یەکەمی کتێبی بیرەوەرییەکانم دا بەتێروتەســەلی و بەواقعگەرایانە باسـم لە سـەر کردووە کەسـێکی کورد بەهەســتی نەتەوەییەوە بوو کە وێرای ئەوەیی کە لە سـاڵی ١٣٥٨ھ (١٩٧٨ز) دا ڕژیمی تازە بەدەســەڵات گەیشــتوویی ئاخوندەکان ئـامـادەگی خۆیـان دەربڕی تـا خۆی و براکـانی بکەن بە بەرپرسی گەورەو دەســەڵاتدار لە ســپای پاســداران و ئیدارەی خوێندن و فێرکردندا بەڵام قبووڵیان نەکردو بوون بە کۆســپێکی بەهێز بۆ کۆماری ئیســلامی ئێران لە پارێزگای کرماشـــاندا کە لە ئاکامدا بەپیلان و هاوکاری هێندێک کەس کە ســـەردەمێک لە گەڵ حـامیـد بەگ بوون بەڵام بەهۆکاری جۆراوجۆرەو

تایبەت بەخۆیان پاڵیاندا بە دەسەڵاتی تازەوە توانیان کێشەی بۆ دروست بکەن کە وەک پلانێکی دژە پیلان بەمەبەستی گرێدانی هێزەکەی بەحیزبی دێموکراتەوە ڕۆیشت بۆ بینینی دوکتور قاسملوو بۆ مهاباد بەڵام بەهۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە گەیاندیانە دەستی چریکەکانی فیدایی خەڵک لەو شارەدا کە لە ئاکامدا بە پیلان و کارتێکردنی ڕژیم و کەسانی نێو ڕێکخراوە سیاسی و نەتەوەیەکان کوشتیان، (ئە- لە) کە تەنها بە دوو پیت ناوی دەهێنم لە ڕابردوودا بەرپرسی ناوەندێکی چریکەکانی فیدایی خەڵک لە مهاباد بووە کە ماوەیەکی پێش لە وتووێژیک لە گەڵ ئاریان تێڤی لە وڵاتی سوئێددا یانی لە سەرتای ساڵی ١٣٩٨ھ (٢٠٢٠ز) دا تیشک دەخاتە سەر هێندێک بابەت و ڕووداوی کۆن کە یەکێک لەو بابەتانە حامید کلاشییە (حامید بەگ). چریکەکانی فیدایی خەڵک ئەو کەسەیان کوشت کە بەکوشتنی ئەو زۆر یارمەتیان بەکۆماری ئیسلامی ئێران کرد، ئە - لە لەو وتووێژەدا دەڵێت هێندێک لە ئەسیرانی سەر بەکۆماری ئیسلامی ئێران کە بەشێکیان بە کلاوسەوزەکان ناسراوبوون لە گەڵ حامید بەگی باوەجانی و کەسێکی دیکە لامان بوون کە ناچار بووین ئەسیرەکانی سەربە کۆماری ئیسلامی ئێران بەرەڵا بکەین بەڵام چریکەکان یانی خۆیان حامید بەگ و کەسەکە دیکە کە کورد بوون بکوژن!؟

ئیمکانی هەیە ئەگەر دەرفەت هەبێ لە بەشی باسی ناوچە کوردستانییەکان لەم بوارەدا دیسان هێندێک بنووسم.

بەگوێرە بۆچوونی زۆر زاناو سیاسەتمەدارانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان یان لە حاڵی پێشکەوتندا "خۆشەویستی و ئەڤین، هاودڵی و وەفاداری لە گەڵ هەستی هەرەوەرزی بناغەی کۆمەڵگایەکی لەبار دەستەبەر دەکەن بەڵام بەپێچەوانەکەی دەبێ بە کۆمەڵگایەکی خراپ کە بناغەکەی بەگوێرەی بۆچوونی نەخۆش و خۆویستی هێندێک کەس دادەنرێت".

ئاخوندەکان بەیارمەتی وەرگرتن لە سیاسەتی دژی مرۆڤیی سپای پاسداران توانیان کارتێکردنی نەرێنی لە سەر پرینسیپەکانی سەرەوەی کۆمەڵگایەکی ڕوو لە گەشە دانێن و ڕوو لە هەڵدێرگە بیبەن و خەڵک لە ئامانجی هاوبەشیان لەیەک دووربەخەنەوەو بێگانەیان بکەنەوە، ئایەتوڵڵا خەڵخاڵی حاکمی شەرع بۆ پێڕاگەشتن و بڕیاردانی حوکمی زیاتری ئیعدام لەنێو ڕێگا لە

ماشـیندا خەڵکی محاکمە دەکردو بڕیاری لە سـەر ژیانیان دەدا، هەر شـێوە ڕەخنەو جیابیرییەک بە تاوان پێناسە دەکرا کە لە کۆتایی دا حیزب تەنها بوو بە حیزبڵلاو رەهبەر تەنها بووبە ڕۆحووڵلا، یانی کیشی۔کەسایەتی خومەینی زیاتر جەماوەری کرایەوە، ئەمانە بەشێک لەو هۆکارانە بوون تا من پرۆفیلی خۆم بگۆڕم و هەوڵ بۆ بەجیهانی کردنی هزری ئەرێنی مرۆڤی بدەم و بەپێی توان هەوڵ بدەم تا دژ بە هزری نەرێنی بوەســتمەوە چونکە فکری نەرێت کێشە دەخولقێنی کە ئاکامی ئەم کێشەیە دەبێت بە لەیەککەوتنی مرۆڤەکان کە لە چواردەوری ئێمە دەژین، ئەمەش بەشـێکی دیکە لەو هۆکارانە بوو تا لە گەڵ کەســانی دیکە کە بەشــێوەیەک بڕوایان بە پەروەردەی بیری باش هەبوو هـاودەنـگ بم و دژبە فکریەتی وەکˇ" دژمەن دڵی ئێمە بە ئـامـانج دەگرێـت و دڵەکـانمـان نەخۆش دەخـات" بوەســتمەوە چونکە وا بیر دەکەمەوە کە ئەم دروشــمەیی ئایەتوڵلا خامنەیی بۆ بەلارێدابردنی هزرو بۆچوونی گەنجانەو کارتێکردنی نەرێنی لە سەر پێکەوە هەڵکردن و تولەرانس لە ناوەوەو دەرەوەی سنوورەکاندا هێناویەتیی گۆڕێ، یانی دەتوانین بێژین کە لە نێوان بۆچوونی ئەرێنی و نەرێنی دا پێکدادانێکی هزری توند ڕوویداوە کە ئەگەر شیکردنەوەی لەسەر بکەین دەبێ بەکێشەی دوو تاقم کە هەرکام لە ڕووانگەی جیـاوازەوە شــیکردنەوەیـان لە ســەری هەیە، یەکێـک بۆ بەرژەوەندی خەڵک ئەوی دیکە بۆ بەرژەوەندی دەســەڵاتداران و ئێمەش بەگوێرەی بیروبۆچوونی خۆمان خۆمانمان بە لایەنگری بەرژەوەندی گەل پێناسە دەکردو دەکەین.

## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست.

پێکهێنەری سەرەکی بابەتەکانی ئەم کتێبە بیرەوەریی سیاسییەکانی خۆمن کە سەرەنجتان بۆ زۆر بابەتی ڕامیاری و پێداچوونەوەیی ڕووداوی سیاسی لەگەڵ شیکردنەوەیی ڕادەکێشم چونکە من بەو بابەتە ڕامیاریانە لەگەڵ تاک، لە گرووپدا، لە کۆمەڵگادا یان لە هەرلایەک کە ئیمکانم هەبووبێ کارم کردووەو ئەو بابەتە ڕامیاریانە هۆکارێک بووەن تا منیش تواناوتون برۆم و لە هەر لایەک کە بژیم گرنگی بەدۆخی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بدەم، یانی بەپێچەوانەی زۆر کەندوکۆسپ کە لە هێندێک وڵاتدا بۆم پێشهاتووە لە بەرامبەریدا لە هێندێک وڵاتی دیکەدا ئەو ئیمکانەم هەبووە تا بابەتە ڕامیارییەکان وەلانێم و تەنها بیر لە خۆم بکەمەوەو باشتر بژیم بەڵام دیسان بەشێکی گرنگ لە ژیانم فیدای بوارەکانی ئازادی و نەتەوەیی کردەوە، چەند ساڵێک لە وڵاتێکی وەک وڵاتی سوئێددا لە دۆخێکی باشتردا ژیاوم بەڵام لەباری هزرییەوە هەمووکات لەگەڵ تۆ لە کوردستان و ئێراندا دەژیام و دەژیم، ئەو ژیانە هزریی هۆکاریک بووە تا هەرگز لە تۆ دوور نەبم و بەشێوەی جۆراوجۆر هەڵسوڕانم هەبێ و لەگەڵ ڕووداوە سیاسییەکان زیاتر تێکەڵاوبم بەتایبەتی بابەتەکانی پێوەندیدار لەگەڵ کوردو کوردستان و باڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەکورتی ئەوەیی کە دیخوێنیتەوە پێکهێنەری چوارچێوەی بیرەوەری منن و لەم ڕووانگەوە کە ئەم بەشەیی بیرەوەرییەکانی بندە هێندێک جیاواز بەرچاو دەکەوێت و زۆرتر گرنگی بە خاڵە سیاسییەکان دەدەم، وێرای ئەوەیی کە کاتی پێشمەرگایەتی بەپێی توان و ئیمکانی خۆم پێشمەرگەیەکی هەڵسوڕو لە کاری ڕامیاریدا زۆر جیدی و لە بواری خۆمدا بەگوێرەی توان هەڵسوڕ بووم بەڵام کەمتر تیشک دەخەمە سەر بابەتە چەکدارو سەربازییەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتیم، ئەوەیی کە پێکهێنەری بیرەوەریی و هەڵسنگاندەکانی منن لێرەدا بریتیی لە شێوەی کارکردو ڕووانگە لەگەڵ هەڵسوکەوتەکانم لە بوارەکانی سیاسیدا.

بۆ زانیاری زیاتر چەند ساڵی پێش بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانم لە ژێر ناوی "کورتەیی بیرەوەرییەکانم" نووساوەو بڵاوم کردووەتەوە کە زۆر کێشەو

گرفتی تێدا هاتووە ئەم بەشەیی کە ئیستاکە دەیخوێنیتەوە بەشی دووهەمی بیرەوەرییەکانمە کە بابەتە ڕامیارییەکان پێکهێنەری سەرەکی دەبن، لە زۆر بواردا لەبەر ئەوەیی کە کەمتر بابەتەکان دووپات بکەمەوە سەرەنجی خوێنەر بۆ بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانم ڕادەکێشم.
هەروەها لە بەشی یەکەمدا وێرای خاڵە کۆمەڵایەتییەکان هێندێک خاڵی بچووکی چەکداری و ڕامیاریم هێناوەتە بەرباس، بەڵام ئێستاکە کە بەشی دووهەمی بیرەوەرییەکانم دەنووسم بەو نەتیجە گەیشتووم کە جیاکردنەوەی بابەتەکان هەڵەیەک بووە کە باس لە کەم ئەزموونیم لە نووسیندا دەکات و باشتروابوو کە هەردووک بەشی بیرەوەرییەکانم بەشێوەی ئاسایی پێکەوە لە کتێبێکدا بنووسیبا نەک جیاکردنەوەیان لە دوو بەش و دوو بەرگدا.

بەو شێوە کە لە بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانمدا هاتووە لە تەمەنی گەنجیدا هەڵگری بیروبۆچوونی تایبەتی بەخۆم بووم کە ئەم بیروبۆچوونە تایبەتیی وێرای ئەوەیی کە بۆخۆم ناتوانم ناوی سیاسی لە سەردانێم بەڵام دیسان دەتوانین وەک شێوە هەستێک یان هزرێکی سیاسی بیری لێ بکەینەوە کە هۆکاربووە تا بۆ ماوەی دوو (٢) ساڵ و چەند ڕۆژ بڕۆمە بەندیخانە، هۆکاری ئەم بەندیخانە ڕۆیشتنە داکۆکی لە مافی خەڵک بوو کە ئاکامی نەرێنی ئابووری و سیاسی زۆری بۆ بنەماڵەم بەدواوە هات بەڵام وا بۆی دەڕۆم کە بۆ خۆم ئاڵوگۆڕی ئەرێنی بە دەستکەوت هێنا، ئەو ڕووداوە کە دژکردەوەیەک بوو دژبە مائمورانی کۆکردنەوەیی چەک کە خەڵکی داماویان ئەزیەت و ئازار دەدا لەباری سیاسییەوە کردەوەیەک بوو کە بۆ زۆرکەسی تێگەیشتوویی سەردەمی ڕابردوو جێگای ڕەزامەندی و ڕێز بوو.
ئەو ڕووداوە کە لە تەمەنی زۆر لاویدا، نزیک لە هەفدە (١٧) ساڵی ڕوویداوە هۆکاربووە تا ڕاستەوخۆ لە گەڵ مەسەلە سیاسییەکان ئاشنابم، ئەم ئاشنایی بۆخۆم بەشێوە پێشکەوتنێک هەڵسەنگاندنی لە سەر دەکەم کە هۆکارەکانی پێکەوەگرێدراوی نەتەوەیی و بەجیهانی کردنی بیروبۆچوونی مرۆڤ لە مندا پێکهێناو ڕوو لە جیهانێکی نوێ بردمی و ئاکامی ئەم پاڵپێوەنانە تا ئەمڕۆکە هۆکاری نووسینی سێ (٣)کتێبە کە هەڵگری زۆر بابەتی گرنگی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و تاوانکارین کە خوێندنەوەیان لە هێندێک بواردا

کارتێکردنی لە ســەر بەرز بوونەوە زانیاریی تاک لە ســەر هێندێک ڕووداو بەدواوەیە.
تێبینی: لە هێندێک بواردا بابەتە ســەرەکییەکان بۆ ماوەیەک وەلا دەنێم و ڕوو لە شــیکردنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان یان ڕووداوە ڕامیارییەکان دەکەم بەڵام ئەمە بەو واتایێ نییە کە لە گێڕانەوەدا هەڵە دەکەم بەڵکو لە ڕووانگەی خۆمەوە لەم ڕێگایەوە بەرچاوڕوونییەکی ســیاسی دێنمەکایەوە یانی ئەو شێوە گێڕانەوە بەدروست دەزانم بەڵام زۆر ناباتە کە دەگەڕێمەوە بۆ ســەر بابەتی ســەرەکی، لە ڕووانگەیەکی دیکەوە دەتوانین بڵێین لە کاتی ڕووداني هەر ڕووداوێکدا بواری دیکە بۆ باس هەیە کە باشتروایە چاوپۆشی لێ نەکەین.

## هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی هزرو ڕووانگە.

لە مێژە کە دانیشـــتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و هێندێک لە وەڵاتانی دەرواسـێی ئێمە کە لە قارەی ئەفریقاوە هەڵکەوتوون شـەو ڕۆژێکیان بێ هەواڵی شـەڕو خوێنڕێژی لە وڵاتەکانی خۆیان بەسـەر نەبردووە، عێراق، ئەفغانسـتان، سـوریە، تورکییە، لەبنان، فەلەسـتین، مسرـ، لیبی، ئێران و... ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشـتیی کراوە بە ناوچەیەکی پڕ لە کێشـەو خوێنرشـتن کە دەتوانین بڵێین گیانی مرۆڤ بەهای پێویسـتی خۆی لە دەسـتداوە کە ئەم گرفتە بەشـێوەی ئاسـایی من و تۆ یان کۆمەڵگای مرۆڤی دەگرێتەوە بەڵام هەرکامەوە بەگوێرەی خۆمان.

لەوە دەچێت ئەگەر پرسیارمان لێ بکەن و بڵێن بۆچی ڕۆژهەڵاتی ناوین وای بەسەرهاتووەو کێ هۆکارو بەرپرسی ئەم نەهامەتیی درێژخایانەیی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوینە وەڵامێکی کۆنکرێتمان بۆ ئەو پرسـیارانە نەبێ و زۆر کەس لە ئێمە وڵاتانی ڕۆژاوایی بەتاوانبار پێناسـە بکات، ئەمە بابەتێکە کە زۆربەی هەرە زۆری ئێمە بیستوومانە.

بەڵام ڕۆشـنبیرێکی دەرەکی و بێلایەن بەگوێرەی هزری ڕۆشـنبیری بەدوو هۆکارەوە ئەم بڕوایە یان تاوانبارکردنە ڕەد دەکاتەوە، یەکەم ئەم شـێوە تاوانبارکردنانە بەشـێوەی هەمەلایەنە بووە بەشـتێکی نەریەتیی کە دەتوانین تەنها وەک بیانویەکی تایبەتی کە بناغەکەی لەسـەر بەرژەوەندی هێندێک کەسی خودی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دانراوە باسی لێوە بکەین.

لە ڕووانگەی ڕۆشنبیری دەرەکییەوە تاوانبارکردنی نەیارێکی دێرینە بەهۆکارو بەرپرسی هەموو نەهامەتییەکان، شـکسـتەکان جێگای پرسـیارە کە وەک بیانویەک پێناسـە دەکرێت و کێشـەکە بەپێچەوانەکەی دەسـەلمێنێ نەک دەسـتێوەردانی دەرەکی یان ڕۆژاواییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، نەهەموو دەسـتێوەردانەکانی وڵاتانی ڕۆژاوایی لەڕابردوودا نەرێنی بووە نە هەمووی بەرژەوەندیخوازانە، نە هەموو ڕووداوە ناخۆشـەکانی وڵاتانی دواکەوتوو بەرهەم و تاوانی ڕۆژاواییەکانە، بۆ نموونە داعش، الشـەباب، بوکوالحرام تاڵەبان، القاعدە سەرچاوەکانیان وڵاتانی ڕۆژاوایی نین بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ شـێوەی بیرکردنەوەی خەڵکی خودی ئەو وڵاتانە لە سـەر مامەڵە لە گەڵ دۆخ و ڕووداوەکان.

لە ئاکامدا دەتوانین بێژین ڕووانگەی ڕۆشنبیری دەرەکی کێشەکە دەگێڕێتەوە بۆ دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەخەیاڵخاوی و دەسیسە تاوانبار دەبین، یانی بەگوێرەی لۆژیک هەموو تاوان و نەهامەتییەکان دەگێڕنەوە بۆخودی خەڵکی ئەو وڵاتانە کە کێشەیان زۆرە.
سەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی ڕۆشنبری دەرەکی چەند ڕاستی دیکە بەهێز دەکات، یەکەم بنیادگەرایی ئایینی، دووهەم کێشەی وڵاتانی دەراوسێ لە گەڵ یەکتر کە سەرچاوەکانیان زۆر کۆنن و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێک پێش لە دەستێوەردانی وڵاتانی ڕۆژاوا لەو وڵاتانەدا کە کێشەیان هەیە، هەروەها هەرکەس کە بوو بەدەسەڵات حازر نییە دەست لە پۆستی دەسەڵات هەڵگرێ و دەکەوێتە بیری تاڵانکردنی کۆمەڵگا، لە بوارێکی دیکەوە دەتوانین بێژین کە گرنگترین کێشە ئەمڕۆکە لە هێندێک وڵاتدا ئەوەیە کە قەوم یان نەتەوەیەک بەشێوەی غەیرە دێموکراتیک دەسەڵاتی داگیر کردووەو هەوڵ دەدات تا قەوم و نەتەوەکانی دیکە کە زمان و کولتووری جیاوازیان هەیە ئاسیمیلە بکەن و حازر بە لەبەرچاو گرتنی مافی مرۆڤی ئەوان نین.
**جووسە** یان **خوزە موخیکا** یەکێک لە ڕێبەرانی شۆڕشگێڕی باشووری ئەمریکا (ئۆریگوا) بوو کە دوای بە دەسەڵات گەیشتن بۆ ماوەی پێنج ساڵ سەرۆک کۆماری ئۆریگوای بە ئەستۆ گرت بەڵام دوای تێپەڕ بوونی ماوەی دەسەڵاتداری یانی پێنج ساڵەکە زۆر بە لێبوردوویی و ئاسانی و بێ کێشە لە دەسەڵات دەستی کێشایەوە بۆ ئەوەیی کە کەسێکی دیکە ئەو پۆستە بگرێتە دەست و ببێت بە خاوەنی ئەزموونی سەرۆککۆماریی.

خووزە موخیکا پێش لەوەیی بەدسەڵات بگات ماڵێکی بچووکی بە ڕادەی ٦٠ متری چوار گۆشە لە دەرەوەی شار هەبوو، یانی ماڵێکی ئاسایی جوتیارێکی وڵاتەکەی خۆی، هەروەها ماشینێکی **فلوکس واگنی** کۆن کە کاتی بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە هەمان ماڵدا دەژیا و لە هەمان ماشین بۆ کارو باری حکومەتی کەڵکی وەردەگرت، نەوەد لە سەدی حقوقی سەرۆککۆماری خۆی داوە بە ڕێکخراوەیەکی خێرخوازی بۆ ئەوەیی کە بیگەیەنێتە دەستی نیازمەندانی هاووڵاتی وڵاتەکەی.

کاتێک کە پرســیاریان لێکرد بۆ وادەکەیت و بۆ وا دەژیت وتی کاتێک کە زۆربەی خەڵکی وڵاتەکەم لە دۆخێکی وەهـادا دەژین بۆ دەبێـت من لە کۆشک و تەلاردا بژیم.
خووزە موخیکا کە بە هەژارترین ســەرکۆماری جیهان ناوبانگی دەرکرد توانی لە ماوەیی ئەو پێنج ساڵەیی دەسـەڵاتی سـەرۆککۆماری خۆیدا زۆر ئاڵوگۆڕی ئەرێنی و لەبـار بە قـازانجی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی ئۆریگوا پێکبهێنێ بۆ نموونە هێنانە خوارەوەی شەش لە سەدی ئاستی بێکاری.
خووزە دوای پێنج ســاڵی دەســەڵاتی ســەرۆککۆمـاری وڵات لە ژیـانی گوندنشینی و ئاسایی پێش لە شۆڕشگێڕی و سەرۆککۆماری خۆی بەردەوام دەبێ و وەک زوربەی خەڵکی وڵاتەکەی لە گەڵ هاوژینی دەســتیانکرد بە کاری کشتوکاڵی و ژیانی گوندنشینی.
لە ڕووانگەی خۆمەوە ئەم کەسـە شـۆڕشـگێڕ و بەئامانجی شـۆڕشـگێڕییەوە خەباتی کردەوە، بەڵام داخۆ لە وڵاتانی ئێمەدا ئیمکانی هەیە شـتی وەها ڕوو بدات، بەحوکمی ئەوەیی کە بەشی زۆری کارەکەم لە تەمەنی کاریمدا لە وڵاتی ســوئێـد پێوەنـدی بە پەنـابەرانەوە هەبووە زۆر شــارەزاییم لە ســەر ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەشــێک لە وڵاتانی ئەفریقا هەیە، جا لێرەدایە کە دەبێت بەو ڕاستیی بگەین کە کێشەکە لە خۆدی ئێمەدایە، خومەینی پێش لە بوونی بەدەســەڵات ڕایگەیاند کە ئاخوند نایهەوێت حکومەت بەســەر خەڵکدا بکات، وابوو؟ ئەگەر وا نەبوو کاردانەوەی ئێمە چ بوو؟

دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە زۆر بواردا سەرمایەیی وڵاتەکانیان سەرفی ئامانجی دژی گەلی و چەکوچۆڵە دەکەن و خەڵک برسی، مەسەلەی ئازادی تاکەکەسی ســەرکوت دەکەن کە ئاکامەکەی دەبێت بەکۆچی زۆر کەس یان هێزی کار، ساڵی ٢٠٢٠ز (١٣٩٩هـ) کە بەهۆی ویروسی کۆرۆناوە کێشەی هاتووچۆ زۆر ئاستەم بوو لە هەمان حاڵەتدا ٨٢٥١٨ کەس داوای پەنابەریان لە وڵاتی سوئێد کردووە کە لەم ڕادەیە ٣٩٧٤٨ کەسیان جنسی- ژن و ٤٢٧٧٠ کەسیان جنسی پیاو بوون ئەمە بەو مانایە کە زۆربەی ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین یان دواکەوتوو کێشەی ئازادی، ماف و ئابووریان هەیە.

سـاڵی ٢٠١٦ز (١٣٩٥هـ) کە تورکیی بە هۆکاری کێشـەی سـیاسـییەوە لە گەڵ هێندێک وڵاتی ئوروپایی سـنووری خۆی تا ڕادەیەک ئاوەڵاکرد لە شـەش مانگی سـەرەتای ئەو سـاڵەدا زیاتر لە ٦٢٢٠٠ کەس داوای پەنابەری لە وڵاتی سـوئێد کرد بەشـێوەیەک کە ئەم وڵاتە لە گەڵ کێشـەی جێگاو کەمی کارمەندی پسپۆڕ بۆ ڕێنوێنی و کار لە گەڵ پەنابەران ڕووبەڕوو بووەوە کە دەتوانین بێژین لەو سـاڵەدا زیاتر لە سـەدوشـەسـت و سێ هەزار (١٦٣٠٠٠) هەزار کەس تەنها لە وڵاتی سوئێد داوای پەنابەری کرد.
هۆکارەکانی بیری هەڵهاتن زۆرن و لەوە دەچێت کە بۆ خۆت وەک خوێنەر زۆر شـتی زیاترو کۆنکریت تر بزانی بەڵام بۆ من هەر ئەوەندە پێویسـتە کە شـیکردنەوەیەکم لەم بوارەدا هەبێت چونکە بەشـێک لە بیرەوەریی منەو لەو سەردەمەشدا هۆکاری دانانی گوشاری کاریی لە سەرشانم بووە.
لە وڵاتێکدا کە زیندوو بێ نرخە بەڵام مردوو لە ڕادەبەدەر بەهای هەیە زۆر بابەت هەن بۆ باسـکردن کە دەتوانین ئەو بێ نرخیی بە خـاڵێکی دیکەی نەرێنی پێناسـە بکەین کە دەتوانێ هۆکارەکانی هەلهاتن یان کۆچکردن زیاتر بکات بە کارێکی ئاسـایی بەمەبەسـتی ژیانێکی باشـتر، لەم بوارەدا دەتوانین وەک نموونە باسی زاوزو کردنی ئیمام و ئیمازادەکان لە ئێراندا بکەن.

نوێنەرێکی مەجلس ئێران ددان بە جەرگی خۆیدا دەنێت و ڕەخنە لە زیاد بوونی لە ڕادەبەدەری ئیمام و ئیمامزادە دەگرێ و دەڵێت "ئیدارەی حەج و ئەوقاف هیچ زانیارییەکی دروست و ڕوون لە سەر داهاتوو و خەرجی ئیمام و ئیمامزادەکان ناداتە دەست".
لەم بارەیەوە زۆر بابەت هەن بۆ باسکردن بەڵام من بە سەریاندا باز دەدەم چونکە دڵنیام کە بەشی زۆری خوێنەران لە من باشتر ئاگاداری وەزعی ئیمام و ئیمامزادەکانن، ئەوەیی کە لێرەدا دەمەوێت باسی لێوە بکەم هۆکارەکانی دروسـتکردن یان سـەرهەڵدانی ئەم ڕادە زۆرەیی ئیمام و ئیمامزادەیە کە بە سەرهەڵدانێکی ئاسایی نازانم،
یانی بابەتێکە کە دەبێت بەگوێرەی پلانێکی نهێنی و دیاریکراو پێشی- ببەن و سەرچاوەیەکی باشە بۆ دزی و سەرکووتی ڕاسیونالیسم لە کۆمەڵگادا، ئەم پرۆژە ناڕوونە سێ کاریگەریی نەرێنی هەیە، یەکەم سـەرکوتی ڕاسـیونالیزم لە کۆمەڵگادا، دووهەم سـەرچاوەیەکی باشـە بۆ دزی و تاڵانی زیاتر، سـێهەم

دەتوانن لە ڕێگای داهاتی ئەم ئیمامو ئیمازادانەوە کە لە خەیروخەیراتی خەڵکی داماو دەستەبەر دەبێت لە پێناو ئامانجی تێکدەرانەدا ئابووریی خۆیان زیاتر تەیار بکەن.
ڕاستییەکەی ئەوەیە کە وێرای دزینی داهاتی ئەم ئیمام و ئیمامزادانە دیسان ڕادەیەکی زۆر لە داهاتی نەوت بۆ ئەم هەموو سەرچاوە دزیە تەرخان دەکەن، هەروەها دەیانکەن بە کۆسپێک لە سەر ئاستی ڕەوتی دروستی گەشەی کۆمەڵ و کۆمەڵگا.
بەگوێرەی ڕاپۆرتێک کە لە مانگی گەلاوێزی ساڵی ١٣٩٠هـ لە لایەن ماڵپەڕی کۆنسەرواتیفەکانەوە لەژێر ناوی سیاسەتنامە بڵاو کراوەتەوە بەشێوەی مامناوەندی لە ماوەی ٣٠ ساڵدا هەر ساڵە ٣٠٠ ئیمام و ئیمامزادە بە ڕادەی هەشت هەزار ئیمام و ئیمامزادەکانی دیکە زیاد بووە کە لە ڕووانگەی منەوە قورسایی و ناتەبایی لە سەرشانی هەمووان دادەنێت و منیش وەک تاکێکی تاراوگ نشین ناچار بەکاردانەوە دەکات بەڵام ئەگەر پێکەوە کاردانەوەمان هەبێ کاریگەرترە.
یانی دەبێ ئێستاکە کە ئەم کتێبە دەنووسم و نزیک بە ٤٣ ساڵ بەسەر تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێراندا تێدەپەڕێت ڕادەی ئیمام و ئیمامزادە بە ناسراو و نەناسراوەوە لە وڵاتدا گەیشتبێتە نزیک بیست هەزار (٢٠٠٠٠) دانە، بەڵام ڕاپۆرت و بۆچوونەکانی دیکە باس لە بوونی چل هەزار (٤٠٠٠٠) ئیمام و ئیمامزادە دەکەن.
بەگوێرەی هێندێک زانیاری ڕادەی ئیمام و ئیمامزادە لە سەردەمی ڕژیمی شادا هەزاروپانسەد (١٥٠٠) دانە بووە، لێرەدا بەو نەتیجە دەگەین ئەم حکومەتە وێرای ئەوەیە کە حکومەتێکە کە بە شێوەی پلان و پرۆژەی دیاریکراو دژایەتی لە گەڵ بەعەقلانی کردنی کۆمەڵگا دەکات، بەشێوەیەکی زۆر ڕوون ڕژیمێکی دیماگەوجە و لە هەستی ئایینی خەڵک کەڵکی بەپێچەوانە وەردەگرێت، لە وڵاتێکی وەهادا کە ئانتینی تەلەفزیون قەدغەیە بەڵام ئیمام و ئیمامزادە هەر ڕۆژە زاوزو دەکەن قەت ناتوانێ باری دەروونی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕامیاری خەڵک بەشێوەی ئاسایی و سەردەمی پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بابەتێکە بەمەبەستی گەشە پێدانی پرۆژەی سڕی ڕێوڕەسمی سپاسگوزاریی.

بێ سوود نابێت ئەگەر ئاورێک لە هێندێک بابەت بدەینەوە کە کێشەمان بۆ دروستدەکات، لە ئێراندا وێڕای ئەوەیی کە خەڵک بەگشتی لە گەڵ زۆر کێشەو نهامەتی ڕووبەڕوو کراونەتەوە بەڵام لە هەمان حاڵدا دامودەزگاکانی حکومەتی بیر لەوە دەکەنەوە تا بۆ هەرچی زیاتر داسەپاندی دەسەڵاتی ڕەشی ئاخوند هەرساڵ بۆنەیەک بەناوی ڕێورەسمی سپاسگوزاریی بۆ ئاغەی خامنەیی یان ئیمامی داهاتوو لە کۆمەلگادا بەڕێوەبەرن و بیکەن بە فرعەونی کۆمەڵگای ئێران و کەسانێکی کورت بین لە دەرەوەی کۆمەڵگای ئێراندا.

لە جیهاندا گرفت زۆرە بەڵام من تەنها لە بواری وتی وتی پرۆژەی نهێنی ڕێورەسمی سوپاسگوزاریی لە ئێراندا لە گەڵتان دەردی دڵ دەکەم چونکە ئەمە بەکێشەی دوارۆژی هەمووومان پێناسە دەکرێت، هەوڵ بۆ ڕۆژێک بەناوی ڕۆژی سپاسگوزاری پڕوپاگەندە نییە و هەر ساڵ زیاتر وەک ئایدەیەک ڕوو لە کردەوە دەکات و ساڵەهاس کە بەشێوەی تایبەتی خەرجی زۆری بۆ وڵات هەڵگرتووە، ئیمکانی بۆ دەڕوات کە ئێمە بەشێوەی ساکار چاوی لێ بکەین بەڵام ئەگەر بتوانن جێبەجێیی بکەن دەتوانین وەک فکرێکی ترسناک و شێوە هەرەشەیەک دژبە عەینییەتگەرایی یان ڕاسیونالیزم بەمەبەستی ڕاکێشانی هەرچی زیاتری کۆمەڵگا ڕوو لە مەتڵەقگەرایی چاوی لێ بکەین، دەتوانین بێژین کە فیکری ئاخوند یان پادشای کارتونی لە گەڵ ئیمامی قابیلی گواستنەوە (سیار) بابەتهایەکی ئامانجدارو هۆکاری ڕیگاخۆشکەری هزریی بەمەبەستی دانانی بەردی ژێرخان یان بناغەیی ڕۆژی سوپاسگوازیی، بۆ گەیشتن بەئامانجی دیاریکراو دەبێت گەشەیی هزری پێشکەوتوو سەرکوت بکرێت، ئینتەرنێت زۆر لاواز بێت، ئانتنی ماهوارە حەرام کرێت، ئیمام و ئیمازادە زیاتر بەرچاو بکەون و جێگای سەرەنج بن بابەتێک کە ئیمرۆکە لە ئێراندا بەڕووونی بەرچاو دەکەون، لە وڵاتێک کە شا نوێنەری خوداو لە لاکەی دیکە ئاخوند نمایەندەی خودا بێت، بۆ گەیشتن بە ئامانج هەرساڵ بە میلیاردها دۆلار لە داهاتی ڕەشوروتەکانی وڵات خەرجی وێنەو پڕوپاگەندە بکرێت گەیشتن بەو ئامانجە زۆر ئاستەم نابێ.

لە ڕاستیدا هەوڵ بۆ دروستکردنی بڕوای سوپاسگوزاری لە چەوساوەکانی وڵاتی ئێراندا فاکتەرێکە کە بەگوێرەی پلان کاری بۆ دەکەن تا لەم ڕێگایەوە بتوانن زیاتر بەسەر هەستی خەڵکدا زاڵ بن چونکە دەسەڵاتدارانی ئەم

چەشـــنە وڵاتانە ئارەزومەندو هۆگری دەســـەڵات و ســـەرمایەن، ئەوندە هۆگری دەســـەڵات و کاپیتالن کە کۆمەڵگاکان دوای چەندها هەزار ســـاڵ هێشـــتاکە کۆرپەن و پێویســـتیان بە مەمۆڵەو باوەش هەیە، بۆ خۆیان باشـــترین دەخۆن، بەباشـــترین شـــێوە دەژین و بە مەبەســـتی ســـەرکوتی ڕاسـیونالیزمیش ڕادەیەکی زۆر ڕەووانگەریان بەکرێ گرتووە تا خەڵکی ناڕازی سەرکوت بکەن.
تورکیی، لیبی کۆن لە گەڵ چەند وڵاتی دیکە هەرســـاڵ ڕادەیەکی زۆر پووڵ وەک باج لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئۆروپا وەردەگرن تا ڕێگا لە هجوومی پەنابەری ئەم شـــێوە حکومەتانە بۆ ئۆروپا بگرن، هەروەک لە ســـەرەوە هاتووە ســـاڵی ٢٠١٦ز کە تورکیی وەک تۆڵەکردنەوەیەک لە ئوروپاییەکان ســـنوورەکەی هێندێک ئاوەڵاکرد ئوروپا بەهۆکاری هاتنی لە ڕادەبەدەری پەنابەرەوە لە گەڵ کێشە ڕووبەڕوو کرایەوە.
بە ئێمە دەڵێن قانع بن، ڕازی بن، بێ ئیدەعا بن بەڵام بوودجەی ســـاڵانەی هێندێک دامەرزاوەی ئاخوندی نزیکە لە بودجەی وڵاتە، بۆ نموونە جامعە المصـــطفی العالمیە کە وەک بەرهەمگای (کارخانە) بەرهەمهێنانی ئاخوند کار دەکات زۆر باش دەژین بەڵام ئەوەیی کە بۆ ئەوان باشـــە بۆ ئێمە حەرامە، ئەوان هەمووشـــتێکیان هەیە و ئێمە دەبێ کۆڵبەری بکەین و بەو حاڵەشەوە دەمانکوژن و ....
زانایەک وتوویەتی ئەگەر بەهەڵە ســـواری شـــەمەنەفەرێکی (قەتارێک) بوویت و زانیت کە هەڵەیە بەزووترین کات و لە یەکەم ئیستگەی سەرەتادا دابەزە ئەگەر وانەکەیت هەر ئیســـتگەیەک کە دەگەیت ئیســـتگەیەکی هەڵەی دیکەیە، بەڵام زۆربەی ئێمە خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین زۆر بە ئاســـتەمی هەســـتی دابەزینمان تێدا پەیدا دەبێت چونکە چاوەڕوانین تا کەســـێک بێت و یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەیی دابەزین، ئەگەر ئاخوندەکان بەو قۆناغە بگەن کە خۆیان چاوەڕوانی دەکەن دەبێت هەموو ماڵێک ئاخوندی مقەبایی دروســـتکراوی چینی لە ماڵ دانێ و خەڵک بەگشـــتی لە گەڵ کێشـــەو عەزابی زۆر زیاتر ڕووبەڕوو دەبنەوە بەتایبەتی ئایینە ژێردەســـتەکان، ئەمە بەو واتایی کە بیلایەنی خەڵک هۆکارێک دەبێ تا هەر حیزبێکی سیاسی کە بەدەسەڵات بگات تەنها بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لە بەرچاو بگرێت.

داخۆ دەکرێت ئەمەش بە تاوانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بزانین و تاوانباریان بکەین یان تاوانباری سەرەکی خودی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و خەڵکەکەیەتی؟
با دیسان بگەڕێمەوە بۆ سەر ڕاو بۆچوونی ڕۆشنبیرێکی دەرەکی و شێوەی بیرکردنەوەی، ڕووانگەی دووهەمی ڕۆشنبری دەرەکی دەڵێت ئەی بۆچی دەستێوەردانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە ژاپون و کورەی باشووریدا هەمان کێشەی ئێوەی بەدواوە نەبوو یان ئەوان کەڵکی باشیان لەو دۆخ و دەستێوردانانە وەرگرتووە!.
لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا هەروەک بینامان شای ئێران ڕووخا، سەدام ڕووخا، قەزافی ڕووخا بەڵام ئەوانەیی کە جێگای ئەوانی گرتەوە زۆر زیاتر دیکتاتۆرو دزترن لەوانەیی پێش خۆیان، لە سەردەمی دەسەڵاتی سەدام و قەزافیدا گەدایی قەدغە بوو بەڵام دوای ئەوان نەک دەستڕادان قەدغە نەبوو بەڵکو بەداخەوە لەشفرۆشی بۆ ژیان سەری هەڵدا، بەگشتی ڕووخانی دیکتاتۆرەکان و سەرهەڵدانی بیرۆکەیی ئازادیخوازی تا ئێستاکە نەیتوانیوە هۆکاری چارەسەری کێشەو نهامەتییەکان بێت چونکە کێشە لە شێوەی پەروەردەو کرداری خۆماندایە.
ئێران بەکەڵکوەرگرتن لە ئایینی و بەهاوکاریی هێندێک لە سەردەمداران و دەسەڵاتدارانی پێشوویی وڵاتی عێراق توانیان هۆکارەکانی هەرچی زیاتری دەستەبەرکردنی نەهامەتی خەڵکی عێراق لە ڕێگا جۆراوجۆرەکانەوە دەستەبەر بکەن، لە سەر مەسەلەی کێشە داعش و هۆکارەکانی بەهێزکردنی داعش شیکردنەوەیەکی سەردەمی و واقعگەرایانەم لە کتێبی بۆچوون و ڕەخنەی خۆمدا نووساوە هەر بۆیە لێرەدا چاوپۆشی لە دووپاتکردنەوە دەکەم.
ئەگەر چاوێک بەنێو ڕۆژنامەکانی سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێراندا بگێڕینەوە زۆر درووشم و خاڵی باش و هەست بزوێن لە زاری ئیمام خومەینییەوە بەرچاومان دەکەوێت، بەڵام زۆر بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کە هەموو ئەو قەوڵ و درووشمە زرقوبەرقدارانە پۆپۆلیستی و بەمەبەستی هەڵخەڵەتاندن بووەن.




بە وتەی شادووخت مەولاوەردی جێگری کاروباری ژنانی سەرکۆمار ئێران ئاغای ڕۆحانی لە ساڵی ٢٠١٥ز دا نزیک بە دە هەزار (١٠٠٠٠) کەس کارتونخەو بووەن یانی دەهەزار مرۆڤی داماوی بێ ماوەو سەرپەنان کە ژنان یەک لە سێی ئەوان پێکدێنن، ڕاستییەکە بەپێچەوانەی وتەی شادووخت خانمەو ڕادەی مرۆڤە بێ خانومانەکان زۆر زیاترو چەند بەرابەری ئەو ڕادەیەن، وێرای ئەوانەی کە کەوتوونەتە قۆناغی نەهامەتییەوە هێندێک لێکۆڵینەوە دەڵێت کە ڕادەی توشبووانی کۆمەڵگا ئێران بە بەڵایی ماددە هۆشبەرەکان ٣٠ لە سەدە.

دیسان بەڕێز جێگری ڕێکخراوەی ئاسایشی ـ کۆمەڵایەتی و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی شارەوانی (شارداری) تاران دەڵێت هۆکاری سەرەکی زیاد بوونی ڕادەی ژنانی کارتون خەو لە تاران بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی ماددە هۆشبەرەکان، بەڕێز جێگری ڕێکخراوەی ئاسایشی ـ کۆمەڵایەتی شارەوانی تاران پێی زیاد دەکات و دەڵێت ژنان خێراتر لە پیاوان لە ماددە هۆشبەرەکان زەرەرمەند دەبن کە لە ئاکامدا لە بنەماڵەو کەسوکار دوور دەکەونەوە، ئەمە هۆکاریکە بۆ ئەوەیی کە ژنان لە تەمەنی جیاوازدا ڕووبەڕووی بێ خانومانی ببنەوە، هەروەها بەردەوام دەبێ و دەڵێت دەتوانین بێژین بەشێوەی تاکوتەرا ژنی تەمەن ١٥ ساڵە لە نێو کارتون خەوەکاندا دەبینرێت بەڵام ١٧ و ١٨ ساڵە زۆرن و وەک ڕووداویکی خراپ چاو لەو دۆخە دەکات کە لە ڕاستیدا

ڕووداوێکی زۆر خراپە بەڵام بۆخۆیان تاوانباری سەرکی ئالوودە کردنی خەڵک بەو مادده ماڵ وێران کەرەن.
هەڵسوکەوتی ئاخوندەکان لە ماوەی ٤٣ ساڵ دەسەڵات بە سەر گەلان و وڵاتی ئێراندا زۆر فاکتەری نەرێنی بە دواوە هاتووە کە یەکیکی دیکە لەو فاکتەرە نەرێنییانە سەفەر کردنە بۆ ولاتانی دیکەی جیهان.
سەفەرکردن بۆ هەموو گەلانی ئێران لە گەڵ کۆسپ ڕووبەڕوو کراوەتەوە کە گرنگترین هۆکار بایی پاسپۆرتی ئێرانە کە بە قەوڵی خۆیان یان ئاغەی ئەحمەدی نژاد کە لە سەردەمی سەرکۆماری خۆیدا زۆر بە لەخۆبایی بوونەوە باسی ئەوەیی دەکرد کە بۆ سی و حەوت (٣٧) وڵات پێویستیان بە ویزا نییە.
بەڵام ئەم وڵاتانە کامەن و لە چ دۆخێکدان بابەتێکی جێگای سەرەنجە کە دروست نییە بە سەریدا تێپەڕین، ئیستا کە من ئەم کتێبە دەنووسم چەند ساڵ دوای ئەو وتە پڕ لە شانازیی بەڕێز ئەحمەدی نژادەو ئێران لە بواری دیپلوماسیدا لە دۆخێکی زۆر باشتردایەو بەڕێز وەزیری دەرەوە محەممەد جەوادی زەریف کە خۆی بە دیپلوماتکارێکی بەتوان دەزانێ نەیتوانیەوە کێشەیی نەبوونی ئیمکاناتی سەفەر بۆ بەشی زۆری ئەو ٣٧ وڵاتە دابین بکات چونکە بەشی زۆر ئەو وڵاتانە پێکهاتوون لە وڵاتانی هەژارو داماوی وەک میکرونزی، ئۆگاندا، بولیوی و ... کە خەتی باڵەفڕی نێونەتەوەییان نییە تا سەفەری بۆ بکەین، تەنها دوو وڵاتی وەک وڵاتی تورکیی و ئەرمەنستان خەتی باڵەفڕیان هەیە و دەتوانین سەفەری بۆ بکەین ئەوەش ئەوندە ئابووریی ئێران دارماوە کە خەڵک ناتوانن سەرفەریان بۆ بکەن.
ئایەتوڵڵا خومەینی قەولێدا کە ئاو و بەرق خۆڕایی بکات بەڵام نەک ئاو و بەرق خۆڕایی نەبوو بەڵکو چەند بەرامبەر زیادیان کردووەو خەڵکیان لە ژێر گوشار داناوە، دۆخی ئابووری وڵاتی ئێران لەو پەڕی خرابی دایە بەشێوەیەکی زۆر نالەبار، خۆکوژی لە گەڵ فرۆشتنی ئەندامانی لەش و بێ سەرپەنایی کۆمەلگای ئێرانی هەژاندەوە، بەڵام ئەگەر سەردانی هێندێک وڵاتی تاڕادەیەک ئازادی وەک تورکیی، تایلەند و دووبەیی یان وڵاتانی عەرەبی کەنداوی فارس بکەین زیاتر هەست بەو نهامەتیی دەکەین کە بەرۆکی گەلانی ئێرانی گرتووەتەوە، وێرای ئەم هەموو کێشانە سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات کە توجارەتی مادده هۆشبەرەکانیان لە دەستدایە

کۆمەڵگایان بەشـــێوەیەکی زۆر نالەبار لە گەڵ ناتەباییەکانی دیکە ڕووبەڕوو کردووەتەوە.
زۆر جارێک دەســەڵاتدارانی ئێران یان مرۆڤە ئاسـاییەکان کێشـەی گرانی و هەڵاوســـان لە ئێراندا پەیوەندی دەدەن بە گەمارۆی ئابووری لە لایەن ئەمریکاوە، بەدڵنیاییەوە کە کێشـــەی ئابڵۆقەیی ئابووری کارتێکردنی نەرێنی لە ســـەر هەڵاوســـان هەبوو و هەیە، بەڵام ٤٣ ســـاڵە کە ئاخوندەکان بەشـــێوەی جۆراجۆر نەیار ســـاز دەکەن بۆ ئەوەیی خۆیان بتوانن لەژێر ســـێبەری ئـاژاوەو شـــەڕدا بەدەســـتی ئـاوەڵاترەوە کۆمەڵانی خەڵـک بچەوســـێنەوەو بەگوێرەی پلان دارڕژراو لە دوویی ئامانجی دیاری کراوی خۆیان بکەون، وێرای هەر کێشەو ئاستەنگێک ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندەو توانی بەربەرەکـانێی لە گەڵ ئـابڵۆقەی ئـابووری هەیە چونکە وڵاتـانی دەراوسێی ئێران سنوورەکانیان لە سەر ئەو وڵاتە دانەخستەوە.
بەکورتی کێشە گەندەڵی و پرۆژە پڕ لە خەرجەکانی ئاخوندەکان لە دەرەوەی ســـنوورەکان هۆکاری زۆر لە ناتەباییەکانن، وێرای ئەوەیی کە هێندێک ئاخوند بەشیان لە بوودجەی ولاتدا هەیە بەمەبەستی دروستکردنی ئاژاوە زۆر پرۆژەی بێ سوودو خەرج هێنەریان لە دەرەوەی وڵات داناوە.
بەگوێرەی زانیاریی دەســتکەوتوو بوودجەی گشــتیی وڵاتی ئێران لە ســاڵی ١٤٠٠ز دا نزیـک بە دوو هەزارو چوارســـەدو ســـیوپێنج هەزار میلیـارد (٢٤٣٥٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) تمەن دیاریکراوە، وێرای چاوپۆشـیکردن لە دزین و بەشی ئاغای خامنەیی و ئاخوندەکانی دیکە لەو بوودجەیەدا سەرەنج دەدەمە دوو خاڵی دیکە، یەکەم سپاسی پاسداران وێرای بازرگانی و چەپاوی سـەروەت و سـامانی وڵات لە گەڵ کانگا سرووشـتییەکانی وڵات بەشـێوەی ئاشـکرا چوارسـەدو شـەسـت و پنج میلیارد (٤٦٥،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) تمەنی لەم بوودجەیە هەڵگرتووە، ڕێکخراوەی جامعەالمصـــطفی العالمیە کە دوو باڵن، باڵی دەرەوەی وڵات ڕادەی سیوهەشت هەزارو پانسـەدو شـەسـت و چوار میلیارد (٣٨،٥٦٤،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) تمەن بووە، ئەمانە لە کاتێکدا ڕوویان داوە کە باری ئابووری خەڵک زۆر شپرزە.
ئەرکی ئەم ڕێکخراوە بەرهەمهێنـانی ئـاخونـدە لە دەرەوەی وڵات لە نێو وڵاتـانی هەژاردا، کە دەتوانم بۆ نموونە بـاسی کۆلۆمبیا بکەم، لەو وڵاتەدا چەند حوســـێنییەیان دروســـت کردووە بۆ بەرهەمهێنانی ئاخوند لە گەڵ

پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی ئایینی، هەرکەس بتوانێ بەپلەی دیاریکراو بۆ ئاخوندی خارجی بگات لە مانگدا هەزار دۆلار (١٠٠٠) مووچە وەردەگرێت هەروەها ئەو کەسانە کە دبنە شیعە مووچەی مانگانەیی هێندێکیان دەگاتە پانسەد (٥٠٠) دۆلار، ئەمە بۆ خەڵکیکی هەژاری وەک زۆربەی خەڵکی کۆلۆمبیا نیعمەتە.

ئەوەیی سەرەوە تەنها بوودجەی ئەم رێکخراوە نییە بەڵکو وێرای هەڵگرتنی بەشێک لە داهاتی هێندێک ئیمام بە شێوەی تایبەتی بەشە بوودجەی لای ئاغەی خامنەیی هەیە چونکە داهاتی تەواوی کانگە ژێرزەوییەکانی وەک زێڕو زیو ڕاستەوخۆ دەروات بۆ گیرفانی ئایەتوڵلا خامنەیی و کەس ناتوانێ بڵێت ئەو هەموو پارەیە بۆ کوێ دەروات.

ئەوەیی کە لە سەرەوە باسم کردوون بەشێکی زۆر کەمی گرفتە ئابوورییەکانی کۆمەڵگای ئێرانە کە کاریگەری لە سەر هەمووان هەیە، لێرەدا حکومەت کە پێکهاتووە لە ئاخوندو ڕەووانگەران بێکاردانەوەی کۆمەڵگا لە سەر کردەوە نەرێنییەکانیان لە کاری تێکدەرانەو زاڵمانەیی خۆیان بەردەوام دەبن بەڵام لە کۆمەڵگایەکی وەک ئەو کۆمەڵگا کە سیاسەتوانی کریس دێموکراتەکانی وڵاتی سوئێد پێتر کۆلن باسی کردووە زۆر جیاوازیی هەیە، بۆنموونە باسێکتان بۆ دەگێڕمەوە.

## هەڵەی دەسەڵاتدارێکی وڵاتی سوئێدو هەڵوێستی خەڵک.

لە سـوئێددا وەک زۆربەی وڵاتانی دیموکراتیکی جیهان حیزب و ڕێکخراوە زۆر هەن بەڵام تـا ئەمڕۆکە بەزۆری دەســەڵاتی یەکەم لە نێوان حیزبی مۆدرات و سوسـیال دیموکراتەکاندا ئاڵوگۆڕی پێکراوە و سـەرۆک وەزیرانی حیزبی براوە یەکەم دەســەڵاتی دیموکراسی و وەسـیلەی هێنانەگۆڕی خاڵی ڕامیاریی زیاترەو بەرپرســیارەتی زیاتری لە ئاسـت گرفتەکانی کۆمەڵگا هەیەو ئێستاکە براوەی یەکەم حیزبی سوسـیال دیموکراتە و سـەرۆک وەزیر دەبێ بە سکرتێری حیزب ستێڤان لۆڤین ە.
لە نێوان سـاڵەکانی ۲۰۰۷ و ۲۰۱۱ز ژنێک بەناوی م - س بۆ یەکەم جار بوو بە جێگری سـکرتێری حیزبی سـوسـیال دیموکراتەکانی وڵاتی سـوئێد و هێندێک پۆستی بەرزی وڵات بە ئەستۆگرت.
خانمی م - س وێڕای کەموکوڕییەکان یان گرفتەکانی دیکە جارێک بۆ ئەرکی حکومەتی سـەفەری وڵاتێک دەکات و بەگوێرەی وتەی خۆی کارتی تایبەتی (شـەخسیـ) بانکی لە ماڵ لە بیری دەچێت و بۆ کڕینی پێداویسـتییەک کە نرخەکەی زۆر کەم دەبێت لە کارتی بانکی حکومەتی کەڵکوەردەگرێت.
کاتێک کە دەگاتەوە وڵاتی سـوئێد بە گورجی پووڵەکە دەخاتەوە حیسـابی حکومەت، سەری مانگ کە دەگات و حەسابدار چاو بەحیسابدا دەگێڕێت دەبینێت کە ڕادەیەکی زۆرکەم پووڵ لە دووکانێک لە دەرەوەی وڵات خەرج کراوە بەڵام دوای چەند ڕۆژ گەڕاوەتەوە حیسابەکە، ئەم مامەڵە دەکەوێتە دەستی ڕۆژنامەیەک و هەموو کۆمەڵگای سوئێد ئاگادار دەبێت، قاڵ کەوتە شـوێنی خانمی م... بێچارەو وتیان ئەمە تەمرینی دزیی و دەبێت ئیسـتیعفا بـدات، خـانمی ممیـان ... وا لێکرد کە چەنـد جـار لە تەلەفزیووندا داوای لێبوردنی کردو وتی هەڵەم کردووە بم بەخشن، حەتا زۆر لەوە زیاتر ڕۆیشت کە من دووبارەی ناکەمەوە.
ئەم هەڵە بووە هۆکارێک تا ژیانی تایبەتی و سـیاسی خانمی م س... ژێروڕوو بکەن بەڵگەیەک بدۆزنەوە کە شـــایەتییەکی درۆی دابوو، شـــایەتییەکە ئاوەها بووە، خانمی م... پاسـەنێکی دەبێ کە دەیهەوێت خانوو بکڕێ بەڵام مووچەی مـانگـانەکەی لە گەڵ شـــەرایەتی بـانـک بۆ وەرگرتنی قەرز

یەکناگرێتەوەو داوا لە خانمی م... دەکات کە یارمەتی بکات بۆ نموونە لە جیاتی هەزار تمەن بنووسێ هەزارو پەنجا تمەن مووچە وەردەگرێ.
ئەو شایەتیی درۆیانە کردە بەڵگی تاوان و خانمی م... بەتاوانی شایەتی درۆ ڕادەستی دادگا کرا کە لە ئاکامدا بە چەند مانگ جەریمە تاوانباریان کرد.
ئەو ڕووداوانە بوونە هۆکارێک تا خانمی م ... سیاسەتمەداری بەتوان لە کۆمەڵگای سوئێددا ناوی نەمێنێت و قەت خۆی دەرنەخات، دوای چەند ساڵ خۆشاردنەوە ماوەیەکی پێش ڕۆژنامەوانێک ڕۆیشتە ماڵەکەی و لە سەر هەمان ڕووداو پرسیاری لێکردو وتی ڕات لە سەر ئەو ڕووداوەیی کۆن چییە کە لە وەڵامدا وتی لێاقەتی دەنگی خەڵکم نەبووەو دەتوانم خۆم وەک تاوانبار بناسێنم، مەبەست لەم گێڕانەوە یەکێتی و یەکگرتوویی خەڵکە لە پێناو ئامانجی گەشتیدا کە شتێکی پێویست و گرنگە بەڵام بەداخەوە کە ئێمە لەم سەردەمەدا دوورخراوینەتەوە لە بەرژەوەندی مرۆڤیمان کە یەکگرتوویی و یەکبوونە.
زۆربەی ئەو کۆمەڵگانە کە سەرکەوتوون مێژوویەکی زۆر دوورو ئەوتۆیان نییەو خەڵکی کۆمەڵگاکە لەو پێشکەوتنەدا کارتێکردنی سەرەکیان هەبووە بەڵام وڵاتانی ئێمە بە هەزاران ساڵ مێژووەوە هێشتاکە کۆرپەن و پێویستیان بە گەورە کردن هەیەو لە جێگای خۆمان دەسووڕێنەوە، دوو زانای بواری چارەسەری کێشەو کێشەیی دەروونی بە ناوەکانی **لۆرکین** و **یانئەتلە** پێکەوە باسی مێشێک لە نێو پەنجەرەیەکدا دەکەن، لۆرکین بە یانئەتلە دەڵێت ڕۆژێک چاوم لە مێشێک لەنێو پەنجەرەیەکدا دەکرد، مێش بێ ئەوەیی بتوانێ جیاوازی لە نێوان ڕووناکی و شتێکی مەحاڵ و نەشیاوی بۆ تێپەربوون وەک شیشە دەرک بکات جاربەجار خۆی دەدا بەپەنجەرەکەدا تا کاتێک کەتوانایی خۆی لە دەستداو کەوتە سەرزەوی.
لۆرکین بەردەوام دەبێت و دەڵێت، هەروەک هەمان هەڵسەنگاندنی ئێمەیی مرۆڤ لەکاتێکدا کە لە گەڵ کێشەوە ناتەبایی ڕووبەڕوو دەبینەوە زۆرجار لەشێوازێک کەناتوانێ شێوەیەکی باش بێت بۆ چارەسەری کەڵکوەردەگرین و لەسەر هەمان مێتودی ناکارامە بەردەوام دەبین، مەبەستی لۆرکین لە شێوەیی بیرکردنەوەدایە کە ناتوانێ کاریگەری دروستی هەبێت.

مێشـــە ناتوانێ لەنێو شـــوشـــەکەوە خۆی دەرباز بکات لەئاکامدا بەهەســـوکەوتی بەپێچەوانە بۆخۆی خۆی تێدا دەبات، یانی ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوین هەمان هەڵەیی مێش دەکەین.
لۆرکین بەردەوام دەبێ و دەڵێت دەتوانین ناکۆکی بەشـــەرایەتێکی بەســـتراو پێناســـە بکەین کە لەو حاڵەتەدا موافیق و موخالیف ناتوانن شـــتێکی تازە بێنەکایەوە، هەروەها پێی زیادەکات و دەڵێ، سەرچاوەی بەشی زۆری ناکۆکی و ناتەباییەکان لەشـــێوەی بیرکردنەوەی کۆن ســـەرهەڵدەدات، مەبەســـتم ئەوەیە کە هەڵسوکەتی ئێمە لەم سەردەمەدا لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێت بە نموونەو ســـەرچاوەی هەڵســـوکەوتی دەســـەڵاتی داهاتوو لەو کۆمەڵگادا، یانی وەک میراتێک بۆ دەسەڵاتدارو جیلی داهاتوو دەمێنێتەوە.
مەبەســتی من لە هێنانەوەی باسی مێش ئەوەیە کە تا بەرژەوەندی گشــتیی فیدای بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆمان بکەین، تا بیر لە کردەوەکانی خۆمان نەکەینەوە، تا کاردانەومان بەســەرکوت، نابەرابەری و ســتەم و بەڵێ قوربان نەبێت وەزعێکی لەوە باشـــترمان نابێ. لەم بوارەدا لە کۆتـایی کتێبەکەدا باسێک لە پێوەندی لە گەڵ لیبی کۆن و تازە وەک نموونە دێنمەگۆڕێ.
لە زۆربەی بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا ســیاســەتی حکومەتی ئێران لەم چلو سێ (٤٣) ساڵەدا سیاسەتی پۆپۆلیسـتی و هەڵخەڵەتاندن بووە کە لەم بارەیەوە زۆربەی خوێنەران شارەزایی زیاتریان هەیە.
مەســـەلەی ئابووری پێویســـتییەکی گرنگەو هیچکەس ناتوانێ ئەو بابەتە ڕەدکاتەوە بەڵام پێویســـتی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا تەنها دراو نییە بەڵکو زۆر پێویســـتیمان هەیە کە گرنگترە لە دراوەو دەبێ ئەولەویەتی بدەین بەســـەر دراودا، بۆ نموونە من لێرە هەوڵ دەدەم تا لە ڕووانگەی خۆمەوە جیاوازی دراو و شـــتێک بە ناوی ڕێز بەشـــێوەی ڕێز + دۆلار، دۆلار + ڕێز، دۆلار – ڕێز، یان ڕێز - دۆلار بێنمەگۆڕێ، تێبینی هەرکام لەم خاڵانە لە ڕووانگەی منەوە باسێکی تایبەت بەخۆیان هەیە.
هەروەک لە ســەرەوە هاتووە مرۆڤی ئەم ســەردەمە بۆ ژیان پێویســتی زۆری بە دراو هەیەو دراو بووتە پێویســـتییەکی گرنـگ بەڵام زانـایەکی بواری دەروونناسی بەنـاوی یـان ئەتلە دەڵێـت "ئێمەی مرۆڤ لە زۆر بواردا بەگوێرەی بیرکردنەوە کەسایەتی خۆمان لە ســەرمایەو داهاتدا دەبینینەوەو هەوڵ دەدەین تا بەو کەســـانە بگەین کە لە ئێمە ســـەرمایەدارترن، ئەم

بیرکردنەوە لە زۆر بواردا هۆکاری نەرێنی بەدواوەوەیە کە دوو خاڵیان بریتین لە یەکەم هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پووڵ بە هەر شێوەیەک، دووهەم لە بیرکردنی ئەرزشی واقعی مرۆڤی کە ناتوانی بە دراو بەدەستی بێنی.
نامهەوێت خۆم سانسۆر بکەم و هیوادارم کەسیش بەپێچەوانە چاو لە باسەکە نەکات، ئاخوندەکان وێرای ئەوەی کە درۆزن و پۆپۆلیستن لەوە دەچێت کە باری کۆمەڵناسیان زۆر باش بێ چونکە بە ئاسانی دەتوانن زۆربەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگای ئەمرۆکەی ئێران بێ کێشە لە قۆناغێکەوە بگوازنەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، هەموو کەرەستەکانی پێویستی ژیان گران دەکەن یان هۆکارەکانی گران بوونی دەستەبەر دەکەن بەڵام بە زیادکردنی دەرسەدێکی کەم مووچە یان دانی یارمەتییەکی زۆر کەمی دارایی بەناوی یارانە بە هێندێک خەڵکی بێ دەرەتان گەشە دەخەنە نێو چاوانی زۆر کەس لە کۆمەڵگادا، لە حاڵێکدا کە ئەمە مافی بێ ئەملاولای خەڵکە، لەڕاستیدا ئەم هەڵکێش و داکێشە ئەگەر کارتێکردنی لە سەر تۆ نەبێت کارتێکردنی نەرێنی لە سەر بەشێکی زۆری کۆمەڵگا هەیە کە فاکتەرەکانی هێنانەخوارەوەی ئاستی ڕێزی کەسانی دیکەی لێ دەکەوێتەوە، ئەم لێکەوتنەوە هۆکارێک دەبێت تا گرفتی ئەرزشی بۆ زۆر کەسی دیکە دروست بکات چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیی و لە گەڵ کەسانی دیکە پێکەوە لە کۆمەڵگادا دەژین ئەگەر هێندێک یاسای بەکەڵکمان لە کۆمەڵگادا نەبێت ئەم پێکەوە ژیانە کێشە بۆ هەمووان دروست دەکات.

مرۆڤێکم کە سیکولاریسم بەباشترین بژاردە بۆ کۆمەڵگاو بۆ هەمووان بەباش دەزانم، چەندە ڕێز لە ئایینی سونی کە ئایینی باوباپیرانمە بگرم ئەوندەش ڕێزم هەیە بۆ هەموو ئایینەکانی دیکەو ئایین بە ویستێکی تاکەکەسی دەزانم بەڵام چونکە باس لە ڕێزو دۆلارە دەبێ هێندێک پرسیار ڕووبەڕووی زۆر کەس بکەمەوە، داخۆ کەسێکی سونی مەزهەب یان یاریی دەتوانێت ببێ بە ئوستاندار، بەرپرسێکی گەورەیی دادوەریی یان سەرۆک کۆمار؟ داخۆ دەتوانی بێ دڵەخورپە و لێکدانەوە ناوی عومەر، عوسمان، ئەبوبەکر و ئایشە بۆ منداڵەکەت هەڵبژێریت؟ دەتوانی لە تاران مەزگەوتت هەبێت؟ لە گۆڤارو ڕاگەیاندنە گشتییەکاندا بێ ڕێزی نابیستی و ناخوێنیتەوە؟ دەزانی لە ساڵدا چەندە لە داهاتی ولاتەکەت خەرجی تەرویجی ئایینی لە دەرووەوەی ئێران و ئێراندا دەکەن؟ ئەی چەندە بۆ بەهێزکردنی ئایینەکانی دیکە لە ئێراندا خەرج دەکەن؟ ئەمانە هەموویان

پێکەوە شـێوە هەڵاواردنێکن کە سـەرچاوەکەی دابەزاندنی ئەرزشی لایەنی بەرامبەرە.
لەباری نەتەوەییەوە وەک کوردێک دەتوانی شیکردنەوەیەکی هەمەلایەنەت لە سـەر مەسـەلەی نەتەوایەتیی خۆت هەبێت و بزانی لە چ دۆخێکدایت؟ دەسـەڵاتدار هەر سـاڵ بە میلیارها دۆلار لە ئێران و دەرەوەی ئێراندا بۆ بەهێزکردنی زمانەکەی خۆی خەرج دەکات و هەوڵ دەدات تا بەشی زمانی فارسی لە هێندێک زانکۆ لە وڵاتانی ئوروپا بکاتەوە بەڵام پێشـنیار دەکەم با بەرێزت وەک کوردێک ئانالیزەیەکت لە سـەر کرماشـانی ٤٣ سـاڵی پێش و ئیسـتاکە هەبێت! هەروەها ئەگەر زەحمەت نییە ئاورێک لە کوردی قسەکردنی منداڵە بچوکەی خۆت یان نەوەکەت بدەوە تا بزانی لە بەرامبەر هەر زیادکردنێکی مووچەدا یان یارمەتی ئابوورییەکانی دیکە لەکۆمەڵگادا چەندی ئەرزش سەرف بووە!
ئەگەر باسی رێزو دۆلار لە هەموو وڵاتی ئێراندا بێنینەگۆڕێ زۆرەو ناتوانین بەڵام بەکورتی سێ (٣) خاڵ باس دەکەم، یەکەم پاسـەپۆرتی ئێرانییە کە ئەرزشی لە ئاسـت ئەرزشی پاسـەپۆرتی ولاتانی دواکەوتووی ئەفریقادایە، دووهەم بەهای دراوی ئێرانیی کە پێویسـت بە باسـکردن ناکات چونکە بۆخۆت باش دەزانی کە ئیسـتاکە یەک دۆلاری ئەمریکا زیاتر لە سی (٣٠) هەرزار تمەنە، سێهەم مەسەلەی برسی کردن و وابەستەکردنە! لەو وڵاتانە کە حکومەتەکانیان گرنگی بە ئەرزشی هاووڵاتیان دەدەن لە قۆناغی منداڵییەوە کەسایەتی منداڵ ئەوندە بەشێوەی دروست باردێنن کە ئەگەر لە تەمەنی گەورەیی دا بە کەسێک بڵێت وەرە سـیخوری لە سـەر هاووڵاتی بکە زۆر نیگەران دەبێت و ئەو داوخوازیی بە بێ رێزییەکی گەورە بۆ سـەر کەسـایەتی خۆی پێناسـە دەکات و دژکردەوەی دەبێ بەڵام بەداخەوە لە ئێرانی ئەمڕۆکەدا لە زۆر بواردا مرۆڤەکان لە کەسـە نزیکەکانی خۆیان دەترسن و ناتوانن دەردەدڵیان لەگەڵ بکەن! لێرە ئەرزش باسێکی نامێنێت و دراو دەبێت بە جێگرەوە یانی دۆلار – رێز.
زانایان کە هەوڵیانداوە تا رێز یان ئەرزشی مرۆڤ دیاری بکەن پێوەندی ئەرزشی مرۆڤیان داوە بە مافی هاووڵاتی یان مافی مرۆڤ بەگوێرە شیکردنەوە رێکحراوەی نێونەتەوەیی، بەڵام شـیکردنەوەی رێکخراوەی نێونەتەوەیی و بابەتی لەو چەشـنە لە بناغەدا لە ئێراندا لەگەڵ بەرژەوەندی ئاخوندەکان

یەکناگرێتەوەو وەک شـێوە تاوانێکە، باسی کێشـە مادده هۆشـبەرەکان کە پێوەندی بەهاوکاری قاچاخچییەکانی ئەفغاسـتانەوەو وەزارەتی ئیتلاعاتەوە هەیە لێرە ناکەم چونکە بە پێویسـتی نازانم بەڵام ئەگەر بوارم هەبوو لە خوارەوە کورتەیەک باس دەکەم.
لەم باسـەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئاخوندەکان ئەوندە زیرەکن کە وێرای کڕینی ڕێز بە دۆلاری گیرفانی خۆمان بزە دەخەنە نێو چاوانمان.
لە کۆتایی ئەم بەشـەدا وەها بەباش دەزانم کە بڵێم مرۆڤ لە کۆمەڵگادا ماف و ئەرکداری هەیەو پێویستییەکانی ژیان مافی هەموو کەسەو کەسیش خەیرمان پێ ناکات بەڵام سـەرەنجدانە ناتەباییەکانی نەتەوەیی و مرۆڤیمان پێویستییەکە کە نابێت لە بیریان بکەین.

کەسـێک کە کاری حکومەتی دەکات مووچە لە حکومەت وەردەگریت بەڵام جاری وا هەڵدەکەوێت وێرای ئەوەیی لە بەرامبەر ئەرکێک کە بە ئەسـتۆیی گرتووە مووچە وەردەگرێت بەبۆنەی مووچەکەوە زۆر خۆی بە بەستراوە بەدەسـەڵاتەوە دەزانێ لە حاڵێکدا کە هێزی کاری خۆی دەفرۆشێ و لەو ڕێگایەوە بژیوی ژیانی دابین دەکات، بێ سـوود نابێ ئەگەر چاوێک بەسەر دوو خاڵ لە مافەکانی هاووڵاتیدا بخشێنین.

## مافی ئەرێنی و نەرێنی خەڵکی کۆمەڵگایەک.

سەرەتا دەتوانین بڵێین کە ئەو کەسانەیی کە باس لە مافی خۆیان دەکەن کەسانێکن کە لە باری هزرییەوە پێگەیشتوون کە لە ئاکامدا ناتوانن بێ مافی قبووڵ بکەن و خۆیان فیدای ئامانجی بەرزی کۆمەڵگا دەکەن.
هەروەها بۆ ئاگاداری زیاتری خوێنەر لە ڕووانگەی منەوە مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد بە تەنهایی وەڵامدەرەوە نییەو ئەو گەلە دوای مافی نەتەوایەتی کە خاڵێکی زۆر سەرەتایی لە مافی نەرێنی تاک یان هەر نەتەوەیەکە دەبێت دوای دەستەبەر بوونی هەموو خاڵەکانی مافی نەرێنی بۆ ئەوەیی کە لە چەوسانەوە بەدەستی دەسەڵاتدارانی خودی یان کوردی پارێزاو بێ زۆر گرنگە کە لە قۆناغی دووهەمداو زۆر بەخێرایی خوازیاری مافی ئەرێنی خۆی بێت چونکە تەنها چارەسەریی بوارەکانی بابەتی نەتەوایەتی ناتوانێ وەڵامدەرەوەو پێکهێنەر ئاسودەیی ژیان بەدوای خۆیدا بۆ ئەوان دەستەبەر بکات، بەکورتی ماف و ژیان پێکەوە گرێدراون و تەواوکەری یەکترن.

نزیک سەد (١٠٠) ساڵە کە لە هەر چوارپارچەی کوردستانی داگیرکراو بە مەبەستی ئازادی خەبات دەکەن، هەروەها ڕوونە کە ئەم خەباتە کە دەستپێکردووە تا گەیشتن بە ئامانجی گەل کە لە دێموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیدایە بەردەوام دەبێت، سەرچاوەی خەباتی کوردان لە کوردستانی داگیرکراودا بێعەدالەتی و ویستێکی نەرێنی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگایە کە لە گەڵ بەرژەوەندی مافیایی لە دەسەڵاتدا ناتەبایی کە لە کۆتایی دا لە ڕێگا جۆراوجۆرەکانەوە پرۆژەی ڕامالینی دژی بەرژەوەندیی خۆیی دێنێتەکایەوە کە یەکیک لەو فاکتەرە هەرە گرنگانەیی دژە بەرژەوەندیی داگیرکار چالاک کردنی ڕەووانگەرانی خۆیەتی.
خەباتێک کە لەم سەردەمەدا زۆربەی کۆمەڵانی بەزاڵەهاتوویی ناوچەکە بەشێوەی ڕەنگاوڕەنگ بەردەوامی پێ دەدەن دەتوانین لە دوو خاڵدا کورتیان بکەینەوە کە بریتییە لە "مافی ئەرێنی و نەرێنی" تاکەکانی کۆمەڵگا، ئیمکانی هەیە کە خوێنەر زۆر باشتر لە بەندە بتوانێ شیکاریی لە سەر هەردووک خاڵ هەبێت بەڵام چونکە بابەتەکەم هێناوەتەگۆڕێ باشترە کە شیکردنەوەیەکی ساکارانەم لە سەر ناوەڕۆکی هەر دووک خاڵ هەبێ.

مافی نەرێنی بەو مانایە کە ئێمەی هاووڵاتی دەبێت بێ ترس لە دەســـتدانی ژیان یان قبوڵکردنی زەبرو سـەرکوت لە ئاسایشدا بژین و بتوانین داکۆکی لە مافی بنەڕەتی و ڕەوای خۆمان بکەین، بەگشــتی مافێکی نەرێنی پێویســتی بە چالاکی هەمەلایەنەی هیچ چالاکوانێکی تایبەتی نییە تەنها پێویســـتمان بە دادمەنـدیی کـۆمەڵایەتـیی لە چەشـــنی بەرگری لە زەبـرو زەنـگ یـان دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامانمان لە لایەن کەسانی دیکەوەیە، یانی ڕێکارەکانی ئاســـایشی ــ کۆمەڵایەتیی کە هۆکاری دابین بوونی مافی نەرێنی بەدواوەیە وەک هێمنی دۆخی ژیـانی کۆمەلایەتی، ڕامیـاریی، کولتووری و ئابووری لە لایەن دەســـەڵاتی ولاتەوە دابین بکرێن، بەڵام ئەگەر بەوردی چاو لە دۆخی کۆمەلایەتی، ئابووری و ڕامیاری ولاتی ئێران بکەین ئێمە ئەو ئـاســـایشــە کۆمەڵایەتییمـان نەبووەو نییە، بۆ نموونە نـازانین لە بـاری ســـیاســـییەوە چ ڕوودەدا، ناتوانی بێ بوونی جێگرەوەیەکی دیکە بە خۆت خانەوادەکەتەوە ماڵەکەتان بۆ ماوەی مانگێک بەجێبهێڵن چونکە ئەوندە باری ئابووری، کۆمەڵایەتی و دەروونی خەڵک خراپە کە تا ماڵەکانمان چۆڵ کرد دز تالانمان دەکات.

خەڵک بەشێوەی جۆراوجۆر لە باری دەروونییەوە گرفتار کراون کە دەبێت زۆر بەپێچەوانەی ویســـتی دەروونی خۆیان باس و وتووێژ بکەن چونکە حکومەت بەهەزاران کەسی کردووە بە ســیخوڕ لە ســەر کۆمەڵانی خەڵک کە بەشـێوەهایی ڕەنگاوڕەنگ خەڵک ســەرکوت دەکەن، خەڵک دەترســن ئەگەر بـاسی کێشـــەکـانی خۆیـان بکەن ســـیخوڕو ڕەووانگەرەکـان بۆ بەرژەوەندیی ئابووری و کۆمەلایەتی خۆیان قسـەیەکی ئاسـاییان لێ بکەن بە کێشەیەکی گەورەی سیاسی.

بەگوێرەی جاڕنامەی مافی مرۆڤ هەموو کەســـێک مافی هەیە تا بەزمانی دایکی و نەتەوەیی خۆی قســـە بکات و بخوێنێت بەڵام گەڵێکی نزیـک بە پەنجـا (٥٠) میلیونی وەک گەلی کورد مافی زمانی خۆی نییەو نـاچـارن بە عەرەبی، تورکی و فارسی بنووسن و بخوێنن.

حکومەتی ئێســـتاکەیی ئێران حکومەتێکی ئۆپۆرتۆنیســـتیی کە لە ئاســـتێکی بەرزدا لەباری نێوخۆیی و دەرەکییەوە دەسەڵاتێکی زیان هێنەرەو نالەبارە کە هەوڵ دەدات تا کۆمەڵگا لە بوارەکانی گەشـــەیی کولتووری، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری و ئابوورییەوە، بەخەســـێنێ، ئاخوندەکان خەڵکیان لە گەڵ زۆر

کەموکوڕی ڕووبەڕوو کردووەتەوە کە بۆ ڕاگرتنی کۆمەڵگا لە دۆخیکی تایبەتیدا پرۆژەی جۆراوجۆر بە تایبەتمەندی جیاوازەوە هێناوەتە ئاراوە، لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بە مەبەستی ئیفلیج کردنی هزری باش هەرساڵ ڕادەی بەندیخانەکان زیاد دەکەن و ئەگەر کەسێک لە بەرژەوەندی خەڵکداو دژبە دۆخی مەوجود هەڵوێست بگرێت تێرۆریستە، دەتوانین چاو لە بابەتەکانی سەرەوەو داهاتوو وەک بیرەوەرییهایەک بکەن کە لە ڕووانگەی منەوە زۆر ڕووخێنەرو کۆمەڵگایان لە گەڵ کێشە ڕووبەڕوو کردەوەتەوە.

ئاوی خاوێنی خواردنەوەی یەکێکی دیکە لە مافە نەرێنییەکانی پێویست بەژیانی خەڵکی کۆمەڵگایە بەڵام لە زۆر بواردا ئەو مافە بنەڕەتیی خەڵک لە گەڵ کێشە ڕووبەڕوو بوەتەوە یان دەکەنەوە.

مافی ئەرێنی: ئەم مافە بریتییە لە مافی بەدەستهێنانی هێندێک شت وەک خواردن، خانووبەرە، خوێندنی بێ بەرامبەر، کار لە گەڵ مووچەی لەبار لە گەڵ هەڵاوسان، دەرمان و ئامێرەکانی دیکەی نەخۆشی بێ بەرامبەر.

مافێکی ئەرێنی پێویستی بە چالاکی کەسێکی دیکە وەک دەسەڵاتی سیاسی وڵات یان حکومەت هەیە، ئەمە بەو واتایە کە مافێکی ئەرێنی بەپێچەوانەی مافە نەرێنییەکان ئەرکی دەسەڵاتێکە کە لە سەرەتاوە مافی نەرێنی خەڵکی پاراستووە، یانی ئەو دەسەڵاتە کە ئاسایشی_کۆمەڵایەتی دابین کردووە دەبێت هۆکارەکانی مافی ئەرێنی دابین بکات بەڵام بەداخەوە ئێمە هیچکام لەو مافانمان نییەو باس کردن لەو مافانە بەتاوان و هەڵەیی ڕامیاری پێناسەی دەکەن.

ئەوەیی کە ئێمە گوێبیستی دەبین ئاغەی خامنەیی بەگەنجانی بێکار وڵات دەڵێت بێکاری ئێوە هیچ پێوەندییەکی بە ئێمەوە نییەو بڕۆن بۆ خۆتان کار پەیدا بکەن، دەتوانین بێژین کە ئاغەی خامنەیی بەشێوەیەک ڕاست دەکات چونکە ئەرکی ئاخوندەکان لە ڕاستیدا شتێکی دیکەیەو وتەکەی ئاغای خامنەیی بەپێچەوانەی مافە ئەرێنییەکانەو لە گەڵ ئەرکی وڵاتێکی گەلی کە دەڵێت پێڕاگەیشتن بە مەسەلەی کار، قوتابخانە و دەرمان لە گەڵ بابەتەکانی تیمارکاریی هەرگیز نابێ بەگوێرەی مکانیزمی بازاڕ یان لەلایەن بەرهەمهێنەرەوە کە بەدوای سوود دا دەگەڕێت دیاری بکرێت یەکناگرێتەوە، لە ئێراندا ئەگەر پووڵت نەبێ ناتوانی تیمارکاریی پێویست

وەرگریت، خەڵک بۆ ژیان زۆر کارێک دەکەن کە بۆخۆیان بێزیان لەو کارانەیی خۆیان دەبێتەوە، ئەوانە کە ساڵانی ڕابدوودا بە کوژراوانی زەنجیرەیی ناسروان و لە لایەن ڕژیمەوە کوشتنیان هیچکامەیان چەکیان بەدەستەوە نەبوو بەڵکو باسی مافی نەرێنی و ئەرێنی خەڵکیان دەکرد کە تێداچوون.
وڵاتی ئێران وڵاتێکە بەهەزاران ساڵ سابقەی شارستانییەتەوە کە هێشتاکە کۆرپەیەو لە چوارچێوەی وڵاتانی جیهانی سێهەمدا دەژیت، وێرایی ئەوەیی کە بەگوێرەی بۆچوونی خۆم سیستەمی وڵاتانی پێشکەوتوو سیستەمێکە کە کەموکوڕی زۆری هەیە بەڵام دیسان هێندێک لەو وڵاتە پێشکەوتووانەیی جیهان هێشتاکە تەمەنیان نەگەیشتووەتە هەزار (١٠٠٠) ساڵ کە دووسەد (٢٠٠) ساڵە دێموکراسین و خەڵک خاوەنی مافەکانی خۆیانن، لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەمهەوێت بڵێم کە وڵاتانی ئێمە لە جێگای بەرهەمهێنانی مافی خەڵک شتهایەکی دیکە بەرهەم دێنن یان گیرفان دورست دەکەن.
با لەم پێوەندییەدا چاوێک بخشێنین بەسەر گرفتێکی دیکە کە ئەمرۆکە ئێمە لە سەردەمی دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا لە گەڵی ڕووبەڕووین.

## بێکارو هەڵاواردن.

ماوەیەک پێش لە نووسـینی ئەم کتێبە یەکێک لە دۆسـتان لە گرووپێکی تلگرامیدا وتەیەکی جێگری سەرکۆمار ئاغەی ڕۆحانی و بەرپرسی ڕێکخراوەی شـەهیدان و لە خۆبوردووانی کۆماری ئیسـلامی بڵاو کردەوە کە وتبووی" تا پایان برنامه شـشـم توسـعه سی هزار (٣٠) از فرزندان شـهید و جانبازا به استخدام دولت کماشته خواهند شد"
(کوردییەکەی دەبێ بە "تا کۆتایی پرۆژەی شـەشـەمی گەشـە حکومەت سی هەزار کاری حکومەتی بۆ منداڵانی کوژراوان و گیان لە سەردەستەکانی رژیم دابین دەکات").
بەر لە هەر باسێک دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە من نەیاری دامەرزانی کەس نیم بەڵکو وەک مافی هاووڵاتی و هۆکاریک بۆ ژیان و گەشـەیی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا چاو لە کار دەکەم، بەڵام دادپەروەریی، هەڵسـەنگاندنی لایەنی ڕێز بناغەی نووسراوەکەی من پێکدێنن، هەروەها ئەمە هەڵکەوتێک نییە بەڵکو هەرسـاڵ ڕادەیەکی زیاتر لەم ڕادەیە مرۆڤی کارنەزان و لێ نەوەشاوەیی لایەنگری دەسـەڵات و سـەربە ڕێکخراوەکانی وەک سـپای پاسـداران و ڕێکخراوەی سـیخوری (وەزارەتی ئیتلاعات) دادەمەرزێنن و دەبنە کلیلداری کۆمەڵگا.
ئەمرۆکە بازاڕی کار زۆر ئاڵۆزە بەشـێوەیەک کە مرۆڤەکان پێویسـتیان بە چارەسـەریی تێچووی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان هەیەو پێشـە لە ڕێساوە بووە بە ڕیزپەڕ کە دەبێ بەشێوەی لەبارکاری لە سـەر بکەین و ئەرکداریی و گەل پەروەریی وا دەڵێت کە ئەم پێویسـتیی سـەرەکیی خەڵک بە گرنگ وەرگیرێـت، چـاوی لێ بکرێـت و لە هەڵاواردنی تـایبەت بە بەرژەوەنـدی دەسـەڵاتدار یان بابەتی وەک مەسـەلەی جنسیـ، ڕەگەزی، قەومی یان وابەسـتەیی هزری خۆ بەپـارێزین، بەگوێرەیەکی دیکە دەتوانین بێژین کە ئامانجی بندە شـیکردنەوەی مافی یاسـایی و مرۆڤیی کۆمەڵ و دووری لە هەڵاواردنە کە دەتوانین وەک هۆکاریکی زۆر لەبار باسی بکەین، یانی باشترین ڕێگا ڕەدکردنەوەی هەڵاواردنە چونکە بەرژەوەندی گشـتی ئێمەی مرۆڤ لەوە دایە.

لە ڕووانگەیەکی جوانی یەکێک لە ڕێبەرانی پێشـــوویی کریس دیموکراتەکانی وڵاتی ســـوئێدەوە لە زۆر باس و بواردا کەڵکم وەرگرتووە کە وتبووی "خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە لە کۆمەڵگایەکدا دەژیم کە زۆربەی خەڵکانی یەکتر لە بەرچاو دەگرن و ئەم یەکتر لە بەرچاوگرتنە بۆیان وەک ئەولەوێتێک وایە".

لە زۆر بواردا باسی ئەوە دەکرێت کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی یاسـای مرۆڤی یاسایەکە کە بەگوێرەی ئەو یاسا، یاسا دەبێت لە هێندێک یاسای پێوەندیدار لە گەڵ نفووزی دەروونی یان ئایینی و غەیرە... جیا کرێتەوە تا بەشـــێوەی بنـاغەیی بۆ ڕەخنەی جیـدی کەموکورییەکـان و خەتەری تێکچوونی جێگاو شـوێنی بابەتی ئەرێنی و یاسـای مرۆڤی هەڵسـوڕ بین، دەبێ شـێوازی کار بگەڕێنینەوە بۆ گرووپەکانی یاســازان و یاســادانەرە بۆ ئەوەیی کـۆمەڵانی خەڵـک لە بەرچـاوبـن و بەهـایی مـرۆڤی ئەوان نەڕوواتە ژێر پرسیارەوەو مافیان ژێرپێ نەبێت.

کاتێک کە باس لە یاسای مرۆڤی یان دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە مەســـەلەی دیفاعی مافیی لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە یان تاکەوە بابەتێکی زۆر گرنگەو پێویســـتە کە نابێت چاوپۆشی لێ بکەین بەڵکو دەبێ وەک یەکێک لە پێویستییەکانی تایبەتی چاوی لێ بکرێت، سەرچاوەی ئەم بیرۆکە بۆ ئەوە دەگرێتەوە کە ئێمە وەک مرۆڤ بەرژەوەنـدیخواز، دەسەڵات پەرەست، سەرکوتگەرو پاوانخوازین کە ئەگەر لە گەڵ نارەزایەتی ڕووبەڕوو نەبینەوە زیاتر ڕوو لە کردەوەی دژی مرۆڤی دەڕۆین و لە کۆتایی دا دەبین بە هەیولایەکی دژی مرۆڤ، لێرەیە کە دەبێت ئەرکی نەجـاتـدانی بابەتە یاساییەکانی مرۆڤی بەشێوەی جیدی بکەونە گڕ تا ستەم سنووردار و بەهای مرۆڤ بوون و مافی دەستەبەر بێت.

لە کۆڕێکدا کە لە نیوەی ســـاڵی ١٣٩٩هـ (٢٠٢٠ز) دا بەڕێوەچوو و ئاغەی خامنەیی بەشـداربوو خوێندکارێکی زانکۆ توانی تا پرسـیار لە ئاغای خامنەیی بکات و باسی کاری هێنایەگۆڕێ، منیش لە ڕێگای تەلەفزیۆنەوە چاوم لە کۆڕەکە دەکرد کە ئاغای خامنەیی زۆر بە جیدی و تورەییەوە وتی بێکاری ئێوە چ پێوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە، دەسـتی ڕاوەشـاندو وتی بڕۆن کار بۆ خۆتان پەیدا بکەن، دەتوانین زۆرشـــت لە بواری ئەم شـــێوە وەڵامانە یان بۆچوونـانە بێنینەگۆڕێ کە یەکێک لەوانە حـاشـــاکردنە لە مـافی ئەرێنی

کۆمەڵانی خەڵک کە لە سەرەوە بە شێوەی کورت هێناومەتە بەرباس و ئاماژەم بە ئەرکی حکومەت و دەسەڵاتی ڕامیاری کۆمەڵگا لە ئاست کۆمەڵانی خەڵک کردووە، بەڵام بۆ ئەوەی کە قەوارەی کتێبەکە زۆر بەرز نەبێتەوە کورتی دەکەمەوەو زۆر درێژەی نادەم و ڕوو لە هەڵاواردن و ناتەباییەکان کە بۆ خۆم بەڕوونی دەیانبینم دەکەم.
ئیستاکە کە بڕیار وایە کە سی هەزار (٣٠٠٠٠) کەسی دانسقە (تایبەت) کاریان بۆ دابین بکەن لە گەڵ فەرموودەکەی ئاغای خامنەیی کە وتی بێکاری خەڵک هیچ پێوەندییەکی بەوانەوە نییە ناتەبان و بەشێوەی ڕوون دەبینین کە کۆمەڵێک خەڵکی ریزپەڕ بەشێوەیەک زاڵن بەڵام کۆمەڵگایەک دۆڕاوە، زاڵەکان یا ئیستیسنایەکان بەکەمترین بەڵگە یان بێ بەڵگە دەبنە رابەرو ڕێنماییکاری گەنجانی کۆمەڵگایەک کە دایکوبابی ستەم لێکراویان بە هەزاران گرفتەوە خەرجی خوێندنی زانکۆی ئەوانیان دابین کردووە بەڵام دوای سەدان گرفت ئیستاکە بەڵگە واقعیەکانی ئەوان بایخی بەڵگە ساختەییەکانی ریزپەڕەکان کە لە پێناو سەرکوت و سیخوڕیدا بەدەستیان هێناوە نییە، یەکێک لە کەندوکۆسپە گرنگەکانی ئەمڕۆکەی کۆمەڵگای ئێران لە سەردەمی مندا هەمان زاڵ بوون یان ئێستیسنایی بوون و ڕادەستکردنی کار بە کەسانی کارنەزان و لێ نەهاتووە.
ئەگەر کارناسێکی کۆمەڵایەتی شێکارییەک لە بواری نرخە نەرێنییەکانی ڕادەستکردن کار بە کەسانی کارنەزان و نالایق لە سەر تاروپۆی کۆمەڵگا هەبێ نەتیجەکەی زۆر زیانبارە کە دەتوانین ئاماژە بە پێویستی دەستپێڕاگەیشتن بە ئامانجەکانی وەک پێوەندی ڕەواو کاری کارامەیی (پرۆفیشیۆناڵ) بکەین، بەداخەوە کە دەبێت لێرەشدا باسەکەم کورت بکەمەوەو ڕوو لە کاکڵەی باس بکەم.
بەقەوڵ لەم کۆمڵگا پڕ لە هەڵکێش و داکێشەدا کە ئێستیسنابوون مافی بەشێکی کەم بە سەر کۆمەڵگایەکدایە دەتوانین پێداگریی لە سەر ئەوە بکەین کە ڕێککەوتننامەی گشتی بەئامانج کراوەو هەڵوەشاوەتەوە کە پێویست دەکات تا بابەتی ئەرکداری ڕزگارکردنی پرسی یاسایی مافی هاووڵاتی چالاک بکەین، یانی کۆمەڵگا لە قەیرانێک کە تووشی بووە نەجات بدەین تا خەڵکیش بە مافی خۆیان بگەنەوە، لە ڕاستیدا ئێمە لە کۆمەڵگای ئیستاکە ئێراندا دوو شێوە هاووڵاتیمان هەیە کە بریتین لە هاووڵاتی خودی و

هاووڵاتی غەیرە خودی، کاری ئەم خودیانە یان ئامانج لەم دابەشــکردنە چ بێت گرنگتر لە خودی دابەشکردنەکەیە، بابەتێک کە لەمێژە کە بەشێوەی ســیســـتەماتیکی و بەگوێرە پرۆژەیەکی ڕیئال پۆلیتیک بەمەبەســتی تایبەتی ستەمکارانە کاری لە سـەر دەکەن و ئاکامەکەیان وەک ئەولەوێتی دووهەم قبووڵ کردووە.
لەکۆتایی دا ئەگەر بابەتی ڕزگاری مافی هاووڵاتی یان هەمان بابەتی بواری یاسایی دەستپێکردی نەبێت ئێمە لە داهاتوویەکی نەچەندان دووردا خاوەنی شـــێوە کۆمەڵگایەک مۆدیرنی کۆیلەداری دەبین، بەشـــێوەی کۆنکرێت چارەســـەری تایبەتی بۆ یەکســـانی پێویســـتییەکی حاشـــا هەڵنەگرەو ئەرکی ســـەرشـــانی هەر تاکێکی بەشـــەرەفی کۆمەڵگایە کە بۆ کۆتایی پێهێنان بە هەڵاواردنە خەبات بکات و هەر شێوەیەک ڕێککەوتن و سازش لەم پێناوەدا بە خەیانەت لە مافی گشتی کۆمەڵگا پێناسە دەکرێت، لە دۆخی مەوجوددا دەتوانین لە شیاو (کەسی ئێسیسنایی) پرسیار بکەین و بڵێین داخۆ دانسقە بـوونـت کە تەنـهـا ســـەرچـاوەی لە ســـەرکـوتی مـرۆڤـایـەتی و بـابـەتە نایاســـاییەکانەوە هاتووە قبوول دەکەیت یان لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵک هەوڵ دەدەیت بۆ پێکێهێنانی ئاڵوگۆڕ لەو کۆمەڵگا خراپەدا کە ئێســـتاکە بۆ خۆت حاکم بەڵام جیلی داهاتووت کۆیلەیە!
داخۆ دەزانی و ئاگاداری کە ئامانج لە کارپێدان بەهەندێک کەس ئەوە بوو تا بەشـێوەیەک لە شـێوەکان ئازادی کۆمەڵگا سـەرکوت بکەن و ئێسـتاکە کار دەدەن بە منداڵەکانیان تا منداڵەکانمان سەرکوت بکەن! بەڵام ئاگاداربە کە ڕۆژێک دێت کە کار بەکەسـێکی دیکە بدەن تا نەوەکانت سـەرکوت بکات، داخۆ ئەم کردارو ڕەوشــتە بەباش بزانین یان لە گەڵ کۆمەڵانی چەوســاوەو هەراوی خەڵک دژ بەو ڕەوشـــتە ناڵەبارە هاودەنگی بکەین بۆ ئەوەیی کە یەکســانی لە کۆمەڵگا دەســـتەبەر بێ تا هەموو وەک یەک لە کۆمەڵگایەکی دادمەندو دوور لە هەڵاواردن پێکەوە بژین.

لەمێژە لە ســەر ئەو خاڵانەی بابەتەکە ڕوونکردنەوە دەدەم و ئێســتاکە کە من ئەم کتێبە دەنووســـم کۆمەڵگای ئێران لە گەڵ زۆر کێشـــە ڕووبەڕوو بووەتەوە بەڵام ئاخوند کە ســـەردەمێک ئەســـفەندیان دەســـووتاندو لە مـزگەوتەکـانـدا بە وەرگـرتـنی خەیـروخەیـراتی خەڵـک دەژیـان لەوپەڕی

دەسـەڵاتدان و باشـترین سـەروەت و سـامانیان هەیە، بۆخۆیان سـواری ماشینی مرسدیسی- دژی گوڵلەن، بەشێکیان لە بوودجەی وڵات بەشیان هەیە، ئاغای خامنەیی وێرای دەسـتبەسـەرداگرتنی دوو ناوەندی گرنگی ئابووری وڵات هەموو کانگا زێڕەکانی وڵات ڕاسـتەخۆ دەڕوات بۆ حیسـابی ئەو کە وەک ئیمام ناوی دێنن و هیچکەس بۆی نییە لێکۆڵینەوە لە سـەر داهاتی ئەو کانگا زێڕانە بکات.
بەکورتی بەشی زۆری ژیانم کەوتووەتە سـەردەمێک کە زۆر کەس هەوڵ دەدات تا ببێت بە ئاخوند چونکە ئیسـتاکە پیشـەی ئاخوندی وێرای ئەرزش و گرنگی تایبەت پڕ داهات ترین پیشەی کۆمەڵگای ئێرانە.
کۆمەڵگای ئێران لە گەڵ شـێوەیەکی زۆر تازەو تایبەت لە ئەرسـتۆکراسی باندو باندبازی و زیادەخوازی ئاخوندەکان ڕووبەڕوو کراوەتەوە، ڕادەیەکی زۆر لە منداڵی ئاخوندەکان لەوپەڕی نیعمەتی و خۆشـیدا لە وڵاتانی ئوروپا، کانادا و ئەمریکا دەژین.
داومو دەزگاکانی حکومەتی گرنگی نادەن بەکاری خەڵک و ئەمریکا ئابڵۆقەیی ئابووری بەسـەر وڵاتی ئێراندا سـەپاندەوە، یانی ئەمڕۆ کە من ئەم کتێبە دەنووسـم یەک دۆلاری ئەمریکایی زیاترە لە سی هەزار (٣٠٠٠٠) تمەنی ئێرانیی و سـکەیەکی زێڕی بەهاری ئازادی زیاتر لە دوازدە (١٢) میلیون تمەنە بەڵام زۆربەی دەسـەڵاتداران ئەم دۆخە خراپەیی ئابووری کە بەرۆکی خەڵکی بێ دەرەتانی گرتووەتەوە بە نیعمەتی خوا دەزانن چونکە بۆ خۆیان ماسی خاڵداری چۆمی لار دەخۆن و باشترین ئیمکاناتی ماددیی و معنەویی لە بەردەسـتیاندایە، ڕاسـتەو درۆناکەن کێشـەو شـەڕ بۆ ئاخوندەکان نیعمەتە چونکە سێبەری شەڕو کێشە هۆکارێک بوو تا ئەوان بە قۆناغی ئەرستۆکراتی بگەن، شەڕی هەشت (٨) ساڵەی عێراق و ئێران هۆکارێک بوو تا ئاڵوگۆڕێکی چینایەتی لە کۆمەڵگای ئێراندا سەر هەڵبدات و ئاخوند ببن بە ئەشراف.
لە کۆمەڵگای ئەرسـتۆکراتی ئاخونددا دزی، باجگیری و شـێوەکانی دیکەی فەسـاد لەوپەڕی خۆیدایە کە بناغەکەی بەڕوونی لە دوای شـەڕی هەشـت ساڵەی عێراق و ئێران سـەری هەڵداوەو توانیویەتیان لە سێبەری دروشـمی دژە ئەمریکایی و یەهۆدی لە پرۆژەی ئەرسـتۆکرات گەرایی خۆیان بەردەوام بن، هەروەک لە سـەرەتادا ئاماژەم پێکردووە بەشـێکی زۆری داهاتی وڵات بەمەبەستی دروستکردنی کێشەو ململانێ لە وڵاتانی دوور و دەراوسێ خەرج

دەکەن کە ئەمەش بۆخۆی بەشـێکی گرنگی بارقورسی ئابووریی دەگێڕێتەوە بۆ سەرشانی داماوانی کۆمەڵگای ئێران، بەگشتی تاقمێکی تازە پێگەیشتوومان هەیە بە ناوی ئاخوند کە کۆمەڵانی خەڵک بۆ ئەوان تەنها وەک شـێوە کەرەستەیەکی یاریی بەرچاو دەکەون.
لە ڕاسـتیدا پێشـکەش کردنی ئەو ڕادە زۆرە لە دەسـەڵات و ڕێزە لە لایەن خەڵکەوە بەتایبەتی کەسـانی سـەربە ئایینی شـیعە لە سـەردەمی شـۆڕشی گەلانی ئێران لە زستانی ساڵی ١٣٥٧ھ و سەرەتای ١٩٧٨ز دا هۆکارێک بوو تا ئاخوندەکان خۆیان لە گۆمی خۆشبەختیدا ون و بەپێچەوانە مەلەیی تێدا بکەن، ئەم بەپێچەوانە مەلە کردنە نەهامەتی کۆمەڵانی خەڵکی بەدواوەهات و هۆکاری گەشـەیی هزری ناتەندروسـت لە کۆمەڵگادا دەسـتەبەر کرد کە دەتوانین بڵێین کە زۆرکەس لە کۆمەڵگادا بەهۆکاری جۆراوجۆرەوە گیرۆدەی کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتیی بوونەوە.
با هێندێک باس لە سـەر کێشـەی دەروونی لە کۆمەڵگا ئێراندا کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەرچاوەی دەزانم بە نموونە بێنمەوە، کەسێک بەناوی ناسر موفیدی خوێندەواری دوکتورا لە دامەرزاوەی زانسـتی دەروونناسی لە زانکۆی **ئۆمیوی** وڵاتی سوئێد و سایکۆتێراپی مندالان لە شاری کارلستاد لە تێزی دوکتورای خۆیدا لە سـاڵی ٢٠٠٩ز (١٣٨٨ھ) نووسـاوەیەتی کە کێشـەی دەروونی لە ئێراندا ئەوندە لە ئاسـتێکی بەرزدایە کە دەبێ زۆر بە جیدی چاوی لێ بکەین.
دوکتور ناسر بەردەوام دەبێ دەنووسێ بەگوێرەی ئاکامی توێژینەوەیەک کە پێشتر لە سەر هەزار (١٠٠٠) بنەماڵە بۆ ڕێکخراوەی تەندروستی ئەنجامی داوە ڕادەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ئێران ڕاستەخۆ لە گەڵ نارەحەتی دەروونی ڕووبەڕوون کە بەشـێکی زۆری ئەم گرفتە دەگەڕێتەوە بۆ هەشـت سـاڵ شـەڕی ئێران و عێراق کە ئاخوندەکان و سـەدام حوسـێن دایانسـەپاندا بەسەریاندا.

هەروەها لە شـوێنێکی دیکەدا نووسـاویەتی بەگوێرەی شـیکردنەوەیەک کە لە پرسیارنامەی تەندروستی گشتیی (جی اچ کیو ١٢) دا وەڵامیان داوەتەوە بیستو حەوت لە سەدی (٢٧٪) بەشداران بەهۆکاری کێشەی دەروونییەوە زۆر ئازارو ئەزیەت دەبینن، لەو لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێت کە کەسـانی

تەنها (مجەڕەد) و بێکار زیاتر گرفتارو لە گەڵ کێشەکە ڕووبەڕوو بوونەتەوە، بەگشــتی حەزبە خۆکوژی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا زۆرو جێگای نیگەرانی بووە.
زانایەکی بواری دەروونی بەناوی **هێنریک مۆرتیسوون** وتوویەتی کە کێشەی دەروونی بەزۆری ڕوو لە کەســـانی زیرەک و بەفکر دەکات و کەمتر لە کەســانێک کە ئاســتی فکریان لەخوارە کاریگەری دەبێت، بەڵام کەســانی بەفکر کەمتر بیر لە خۆکوژی دەکەنەوە چونکە بە زۆری بیر لە بینینەوە ڕێگا چارەســـەری گرفتەکانی خۆیان دەکەنەوەو هەوڵ دەدەن تا ڕێگری لە هەســتی نەرێنی دەروونی خۆیان بکەن، دەتوانین بێژین کە زۆرینەیی هەرە زۆری مرۆڤە زیرەک و بەهۆشــەکان دۆســتانی بەتوانیان هەیە کە هەســتی دەروونی خۆیان لای ئەوان باس دەکەن کە ئەم کردنەوی هەستی دەروونیی لای دۆســـتێکی زانا هۆکاری کردنەوەی دەروازەی باوەڕ دەبێ، دەمهەوێت بڵێم کە بەشـێکی زۆری خەڵکی ئێران بەتایبەتی کوردســتان لە گەڵ کێشــەی زۆر ڕووبەڕوون کە وێرای کارتێکردنی نەرێنی و ناتەبا لە ســـەر هەســـت و دەروونی ئەوان بەڵام چونکە تێگەیشتوون لە خۆکوژی خۆ دەپارێزن.
ســـەردار ئیســـماعیل قائانی جێگری هێزی قودسی ســـپای پاســـداران لە وتووێژێکی تایبەتیدا لە گەڵ ڕجانێوز لە کۆتایی مانگی پوشـــپەڕی ســـاڵی ٢٠١٥ز دا ڕاگەیاندو وتی کە ئەمریکایەکان لە عێراقدا بەدوای گرتنی ئیمامی زمانەوە بوون! ئەم وتەیی سەردار ئیسماعیل پرسیاری زۆر بۆ کەسێکی زانا دروســـت دەکات بەڵام چونکە ناتوانێ دژایەتی یان بەشـــێوەی هزری و بەڕاشـکاوانە دژی وەها پڕوپاگەندەیەکی زۆر دوور لە ڕاسـتی بەوەسـتێتەوە ناچار دەبێ کە خۆی سانسۆر بکات کە لە ئاکامدا لە گەڵ شێوە کێشـەیەکی هەستی ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە ئەم ڕووبەڕوو بوونەوە بێ نرخ نابێ.

فکری کۆکردنەوەی ســەروەت و ســامانی ئاخوندەکان وێرای ئەوەیی کە لە بوارەکانی سەرەوەدا زیانی زۆری بەکۆمەڵ گەیاندو بوونەتە مۆدێلێک تا زۆر کەس بەمەبەسی ســـەرمایە کۆکردنەوە دەســـت بدەنە کڕین و فرۆشـــتنی مادده ڕەنگاوڕەنگەکانی هۆشـــبەر کە ئاکامەکەی بوو بە توشـــبوونی چەند میلیۆن لە گەنجانی وڵات کە وەک سامانی دوارۆژ چاویان لێ دەکرا.

بازرگانی بە مادده هۆشـــبەرەکانەوە تەنگیان بەکۆمەڵگاو کۆمەڵانی خەڵک هەڵکێشاوە بەشێوەیەک کە لە ڕێکەوتی ١٣٩٤/٩/٣هـ (٢٠١٥/١١/٢٤ز) حوسێن ساجدی نیا بەرپرسی پۆلیسی تارانی گەورە لە وتووێژێکدا ڕایگەیاند کە سـیوهەشـت (٣٨) بنکەو شـوێنی کۆبوونەوەی بەناوبانگی توشـبووانی مادده هۆشـبەرەکان لە کەڵان شـاری دیاری تاراندا هەیە. بەڵام شـارەزایانی کۆمەڵگای ئێران ئەم ڕاگەیـانـدنەی بەرپرسی پۆلیس بە شـــتێکی زۆر درۆ دەزانن و پێیانوایە کە ڕادەکە زۆر زیاترە لەوەی کە ئەو باسی لێوە کردووە.

لێرەدا هەمووکات بابەتیک بۆ من زۆر جێگای ســـەرەنج و داخ بووە کە وتوومە بۆ دەبێ تـاقمێک ئـاخونـدی عەمـامە لە کۆڵ بتوانن ئەو هەموو نەهـامەتیی بە ســـەر خەڵکی کۆمەڵگایەکی هەشـــتـا (٨٠) میلیۆنی وەک کۆمەڵگای ئێران بێنن بەلام لە گەڵ کـاردانەوەی بەربەڵاو و کۆنکریـت و توندی کۆمەڵگا ڕووبەڕوو نەبنەوەو ئاخوندەکان بە خۆیان و کارەکانیانەوە شانازی بکەن!
لە چەند ســـاڵی ڕابردوودا باســـێکم بە فارسی لە ژێر ناوی ئێمە لە ئاســـت جیلی داهاتوودا بەرپرســـین نووسی و وتەیەکی دوکتور قاســـملووم وەک نموونە هێنایەوە کە گوتبووی ئێمە لە ئـاســـت جیلی داهـاتوویی خۆمان بەرپرسـین و ئەگەر باوباپیرانی ئێمە بە ئەرکی خۆیان هەسـتابانەوە ئێسـتاکە ئـێـمە کـێشـــەی کەمـتـرمـان هەبـوو، لەو بـابەتەدا زۆر بەڵـگەو خـاڵـم دەستنیشانکرد کە کۆتاییەکەی دەگەیشت بەو مەبەستە کە بۆ ئەوەی کە جیلی داهاتوو لە گەڵ کێشـەیی کەمتر ڕووبەڕوو بنەوە ئەرکی ئێمەیە کە ئەم هەیولا کۆمەڵ قوتدەرە بکوژین یانی ئەرکی ئێمە لەم سـەردەمەدا ئەوەیە کە بۆ ڕزگاری جیلی داهاتوو ڕژیمی ئاخوندەکان بسڕـــینەوە چونکە لە ژیانمدا هیچ ئافات یان خەتەرێکم لە ئافاتی ئاخوند ترسناکترو خەتەرناکتر تەجرەبە نەکردەوە.
ئاخوندەکان هەر لە سـەرەتاوە بناغەی دروسـتکردنی سـێبەری شـەڕیان بۆ گەیشـــتن بە دەســـەڵات و ئەرســـتۆکراتی دانـا بەڵام ئێمە گەنجـانی ئەو ســـەردەمە وێڕای گرفتی گەورەی هەســـتی ئایینی شـــیعەگەرایی لە لایەن لایەنگرانی ئەو ئایینەوەو لەو سـەردەمەیی کۆمەڵگادا لە باری سـیاسـییەوە زۆر لاواز بووین و توانی شیکردنەوەی دۆخی ڕامیاریی ئەو کاتەمان نەبوو، بۆ

نموونە سێ (٣) ڕۆژ دوای بەبارمتەگرتنی دیپلۆماتەکانی ئەمریکایی لە تاران ئایەتوڵڵا خومەینی لە قوم بە خوێندکارانی زانکۆی ڕاگەیاند کە ئاگاداربن چونکە ئەمریکا پیلانی لە نێوبردنی کۆماری ئیسلامی ئێرانی هەیە، بەڵام نەکەس دڵ و جەرگی ئەوەیی بوو، نە زانستی ئەوە تا بپرسێت بۆ کێشەی ئەمریکا لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران یان ئاخوندەکان چییە کە ئێوەی ئەوندە نیگەران کردووە، تا وای وت دەنگی اللەو اکبر لە هەواو زەوی دەنگی دایەوە، جارێک لە کۆڕێکدا کە ئیمام خومەینی حزووری هەبوو باس لە مەسەلەی ئابووری هاتەگۆڕێ کە لە کۆتایی دا وتی "ئابووری ئابووری چیتانە ئابووری بۆ وڵاخە" زۆر کەس لەم فەرمایشتەی ئیمام دەگەیشت بەڵام کەس زاتی ئەوەیی نەبوو ڕەخنە بگرێت، ئێستاکە کە دەستبەکاری نووسینی ئەم کتێبەم ویروسی کۆرۆنا هاتووەو جیهان بەدوای بینینەوەی واکسنێک یان دەرمانێکی کاریگەری دژ بەو ویروسە مەترسیدارە دەگەڕێن بەڵام لە ئێران لە هێندێک شوێن ژێرشەواڵەکەی ئیمام خومەینی بەنێو خەڵکدا دەگەڕێنن تا ماچی بکەن بۆ ئەوەیی کە لە کۆرۆنا پاریزراوبن، جا بزانە ئەو سەردەمە کە ئێمە شۆڕشمان کرد چ سەردەمێک و چۆن بووە، کاتێک کە تەرمەکەی خومەینیان برد بۆ گۆڕستان کفن و لیباسیان پێوە نەهێلا و هەموویان وەک تەبەروک بردو بگرە ئیستاکە لە قاپی زێڕیان گرتبێ.

بناغەی کێشەو ململانێ ئەمریکاو ئێران لەم سەردەمەدا کە قوربانییەکەی کۆمەڵانی خەڵکە خومەینی داینـاوەو خـامنەیی بەردەوامـدەریەتی، چهل و سێ (٤٣) ساڵە کە هەمووکات ئیسرائیل نابوود دەکەن، ئاڵای ئەمریکاو ئیسرائیل دەسووتێنن و دروشمی شەیتانی گەورەو بچووک دەدەن، ڕۆژێک دەڵێن ئاگاداربن ئەمریکا هەوڵی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەدات، ڕۆژی دووایی دەڵێن ئەمریکا ناتوانێ هیچ غەڵەتێک بکات و بەم شێوە پڕوپاگەندانە کۆمەڵگایان لە گەڵ شێوە سەرگێژەیەک ڕووبەڕوو کردووەتەوە.

خومەینی لە ڕێکەوتی ١٣٥٧/٩/١٦هـ (١٩٧٨ز) دا زۆر جیدی ڕایگەیاند کە گەلانی ئێران ئەمریکا بە دژمنی خۆیان دەزانن و ئێمە ئەمریکا بە دژمنی سەرەکی خۆمان دەزانین، سەرچاوەی ئەم دژمنییە بەزۆری دەگەڕایەوە بۆ

دانی مافی پەنابەری بەشـــای ئێران کە لە یاســـای دێموکراسی دا شـــتێکی سرووشـــتیی، بەڵام هەمان خومەینی کاتێک کە لە فەرانســـە بووە پێوەندی بە جیمی کارترەوە گرتووە بۆ ئەوەیی کە ئەمریکا داوا لە ئەفسەرانی پلەبەرزی سپای ئێران بکەن تا دەستوراتی شاپووری بەختیار کە ئەوکات لە بەندیخانە دەریانهێناو کردیان بە سـەرۆک وەزیرانی ئێران جێبەجێ نەکەن، لە ڕاسـتیدا ئاخوندەکان کە ئەسفەندیان دەسووتان و مردوویان دەشۆرد زۆر بەگورجی کەوتنە یاریکردن بە هەســـتی خەڵکەوەو تا ڕدەیەکی زۆریش ســـەرکەوتوو بوون.

سـەرچاوی زۆربەی کێشـەکان کە لە سـەردەمی مندا بەرۆکی وڵاتی ئێرانیان گرت دەگەڕایەوە بۆ شـــێوەی بیرکردنەوەو هەســـوکەوتی بەپێچەوانەیی کۆماری ئیســـلامی ئێران لە گەڵ کۆمەڵگای جیهانیدا، بۆ ئەوەیی کە لەم بوارەشـدا بەکورتی هێندێک باسـمان کردبێ سـەرەنجێکی هاکەزایی دەدەین بەسەر هێندێک فاکتەر کاریگەردا.

پێشـــتر ئاورێکم لە ناتەباییەکانی ئێران و ئەمریکا دایەوە بەڵام لە ڕووانگەی منەوە گرنگترین کێشـــە لە گەڵ دەرو دەراوســـێکانە، هەروەک هەمووان دەزانن ئیمام خومەینی کە ناوی دروستی سـەید ڕۆحوڵلا مستەوفیی دوای ســـاڵی ١٣٤٤هـ (١٩٦٥ز) پێش لە ژیان لە فەرانســـە بۆ ماوەیەکی زۆر لە عێراقدا ژیاوە چونکە ڕادەیەکی زۆر لە موســـڵمانانی لایەنی ئاییزا یان ئاییی شـیعە لەو وڵاتەدا دەژین، بێ شـک ئەم ماوە ژیانە لە تاراوگە لە عێراقدا لە گەڵ هەسـتی لایەنگری ئاییی شـێوە ڕقێکی لە دەروونی ئاغای خومەینی دا دروسـتکردەوە کە سـاڵی ١٣٥٧هـ (١٩٧٨ز) بە بینینی ئەو هەموو هەسـتە ئاییی موسڵمانانی لایەنی ئاییی شیعە لە ئێراندا هۆکار دەبێ تا هەستی تۆڵە لەو وڵاتە لە دەروونیدا سەرهەڵبدات کە بەدەسەڵات گەیشتنی دیکتاتۆرێکی وەک سـەدام حوسـێن لە عێراقدا هەسـتەکە زیاتر بەهێز دەبێ و درووشـمی جۆراوجۆری وەک ڕێگای قودس لە کەربەلاوە تێدەپەڕێت لە گەڵ دروشمە شۆڕشگێڕییەکانی دیکە ئاڵۆزی زیاتریان دروستکرد.

دەتوانین هۆکاری دووهەمی شـــەڕەکە بەگەڕێنینەوە بۆ کێشـــە دوو حیزبی بەعسی_ عێراق و ســـووریە کە نێوانیان باش نەبوو بەڵام بە ســـەرکارهاتنی سـەدام حوسـێن کێشـەکە قوڵتر بووەوەو خومەینی یان ئاخوندەکان کاتی بەدەسەڵات گەیشتن وێرای دروشمە نەرێنییەکانی دیکەیی زەقی شۆڕشگێڕی

پێوەندییەکی بەهێزیان لە گەڵ دەسەڵاتدارانی سووریە دابین کرد کە زیاتر هەستی سەدامی قولدوڕی بزواند و هۆکارێکی دیکە بوو تا ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٥ز (١٣٥٣ش) الجەزایر کە هۆی نیسکۆی شۆڕشی باشووری کوردستانی لێکەوتەوە بدڕێنێ و لە پاییزی ساڵی ١٣٥٩هـ (١٩٨٠ز) هێرش بکاتە سەر ئێڕان و شەڕێکی هەشت ساڵە کە سەدام ناوی نا قادسیە و ئاخوندەکان ناویان نا بەرگریی پیرۆز گیانی هەزاران منداڵی ڕەشوڕووتەکانی هەردووک کۆمەڵگا بگرێت و سەدام بکات بە بەتەڵی ناوچەکەو ئاخوندەکان وێڕای خواردنەوەی جامێک زەهر بگوازێتەوە بۆ قۆناغی ئەرستۆکراتی.



حافز ئەسەد سەرکۆماری سووریە، مەهدی بازرگان سەرۆک وەزیرانی ئێران، چمران و ئیبراهیم یەزدی ساڵی ١٣٥٧ هـ.

بۆ ئەوەیی کە بتوانین لە دەرفەت کەڵکی لەبار وەرگرین واباشە کورتەیەک لە سەر ڕێککەوتنامەی جەزایر بنووسم، پێش لەوەیی ئەو ڕێککەوتنامە ئیمزا بکەن ئێران و عێراق لە سەر مەسەلە سنوورییەکانی وەک دوورگەکانی کەنداو یان تونبی گەورەو بچووک لە گەڵ تونبی ئەبو موسا کێشەیان هەبوو کە چەند پێکدانی سەربازی لە نێوانیاندا سەری هەڵدا بەڵام عێراق لە ئاست ئێرانی بەهێزی سەردەمی شادا زۆر لاواز بوو، لەو سەردەمەدا شۆڕشێکی نەتەوەیی لە باشووری کوردستاندا بەڕابەرایەتی سەرۆک بارزانی (مەلا مستەفا بارزانی) لە ئارادبوو، ئەو کێشە سنووریە هۆکاریک بوو تا

حکومەتی ئێران (محەممەدڕەزا شـایی پەهلەوی) بۆ زیاتر لە ژێر گوشـارنانی حکومەتی عێراق یـارمەتی جۆراوجۆر بەشـــۆڕشی کوردان لە بـاشـــووری کوردستان بکات، حکومەتی ئێران بەشێوەیەکی زانستیانەو ئۆپۆرتۆنیستی لە کورد کەڵکی وەردەگرت بۆنموونە وێرای ئەوەیی کە هەوڵی دەدا تا وا پیشان بدات کە دۆسـتی کوردەو لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا بەگەرمی باسی کوردیان لەو پارچەیی کوردسـتاندا دەکردو ناوی هێزی پێشـمەرگەیان بە سـپا (ئەرتەش) کوردسـتان و سـەروک بەرزانی بە ژنراڵ بارزانی دەهێناو لەو کاتەدا لە چەند شـوێن لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتاندا خولی ڕاهێنانیان بۆ ڕادەیەکی زۆر کوردی ڕۆژهەڵاتی لە ژێر ناوی چریکدا کردەوە کە یەکێک لەو شـــوێنانە خدری زیندە لە پارێزگای کرماشـــان بوو، لە ئاکامدا بەشـــێک لەو چریکانەیان بەشێوەی دوو مەبەستی یانی وێرای ئەوەیی کە دەیانویست وا پیشان بدەن کە یـارمەتی شـــۆڕش دەکەن لە هەمـان کـاتـدا لە ڕێگای هێنـدێـک لەو چریکانەوە جاسوسی و زانیاریان لە پێوەندی لە گەڵ کەموکوڕی و شێوەی کارو خەباتی ئەو شۆڕشە بۆ کاتی پێویست بەدەست دەهێنا.

لە کۆتایی سـاڵی ١٣٥٣هـ (١٩٧٥ز) عێراق تەسـلیمی ویسـتەکانی ئێران بوو کە بەناوژیوانی **هۆری بۆمدین** سەرۆککۆماری ئەلجەزایر ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان هەردووک وڵات ئیمزاکراو هەموو یارمەتییەکانی ئێران بەکورد لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ڕاگیراو تەنانەت پێداگوتنەکەیی پێشتر گۆڕا بە هەڕەشە کە ئەو ڕێکەوتننامە لە لایەن زۆربەی کوردانەوە بەناوی نسـکۆی شـۆڕش پێناسەکرا، ئەوکات تازە سەدام حوسێن بیووبە سەرۆک وەزیرانی عێراق.



لەڕاستەوە: سەدام حوسێن، هۆری بۆمدین و شای ئێران محەممەد ڕەزاشا پەهلەوی. ١٣٥٣ھ

گەڕانەوە بۆ سەر بابەتی سەرەکی. پێوەندی دوو قۆڵی ئێران و سووریە ئامانج و نرخی جۆراوجۆری بۆ گەلانی هەردووک وڵات بەدواوەهات.

ئامانجی ئێران بەڕابەرایەتی ئاخوندەکان دروستکردنی بازنەیەکی ئایینی شیعە بوو بۆ ئەوەیی کە بە دژی عێراق و ئیسرایل کەڵکی لێوەرگرن، ئەم بازنە لە ئێرانەوە دەستپێدەکردو دەهات بۆ ناوچە شیعە نشینەکانی عێراق و سووریە تا دەگەیشتە لەبنان، **حافز ئەسەد** کە ئەویش کێشەی لە گەڵ عێراق و ئیسرایل هەبوو ئەم پلان و ویستەیی ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوویی ئێرانی بە نیعمەتی دەزانی.

نەرخەکانی ئەم هاودەنگیی بۆ گەلانی داماوی هەردووک وڵات زۆر بوون کە دەتوانین قولترکردنەوەیی کێشەی ئێران، عێراق، سووریە و ئیسرایلی ناوبەرین کە تا ڕادەیەکی زۆر سووریەیی لە ناسیونالیزمی عەرەبی دابڕی و هۆکاریک بوو تا تەریک بکەوێتەوە کە لە کۆتایی دا لە گەڵ هێندێک کێشەو ململانێ تایبەتی ڕووبەڕوو بێتەوە.

هەروەک خوێنەر ئاگادارە لە ساڵی ٢٠٠٣ز دا دەسەڵاتی سەدام حوسێن لە لایەن هاوپەیمانانەوە ڕووخاو ئێران ئەو حەلەیی بۆ هەڵکەوت تا لە بۆشایی سەرهەڵداوی دەسەلات لەو وڵاتەدا کەڵکوەرگرێت و بە بەشێک لە پلان و ئارەزە درێژخاین و مێژینەکانی بگات و ئیستاکە هەردووک وڵاتی دیکتاتۆر و سەرکوتگەری ئێران و سووریە دۆستن کە کۆمەڵانی هەراوی هەر دوو لایەن هەرکامەو بەشێوەیەک بە قورس ترین شێوە نرخی ئەو برایەتییەیی لە گەڵ هێندێک بابەتی دیکەی دەسەڵاتدارانی ئەو دوو وڵاتە دەدەن.

ئاخوندەکان کاتێک کە بەدەسەڵات گەیشتن دروشمەکانی سەرەتایی خۆیان لە بیرکردو هەر نارەزایەتییەکیان بە کوشتتار وەڵام دەدایەوە، هەروەک لە سەرەوە باسم کردووە ئایەتوڵڵا خەڵخاڵی بوو بە حاکمی شەرع و زۆر جار بۆ ئەوەیی بگات بە محاکمەی زیاتری خەڵکی بێ دەسەڵاتدا لە نێو ڕێگاو لە ماشیندا دادگای شەرعەکی دەکردەوەو کاتێک کە حوکمی ئیعدامی خەڵکی دەداو دەیانگوت بێ تاوانە لە وەڵامدا دەیووت کێشە نییە ئەگەر بێ تاوان بێ دەڕوات بۆ بەهەشت، هەموو ئازادیەکی سیاسی سەرکوتکراو زۆربەی ڕابەرانیان لە دەرەوەو لە نێوخۆ بەشێوەی جۆراوجۆر تێرۆر کران و زۆربەی ڕێکخراوەکان ناچارکران کە ڕوو لە سنوورەکان بکەن.
دوای ڕووخانی دەسەڵاتی سەدام حوسێن نەیارانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە ناچاریدا پەنایان بۆ خاکی عێراق هێنابوو کەوتنە بەر شاڵاوی تێرۆری حکومەتی.
رادەیەکی زۆر لە کاربەدەستان و کەسانی بەشدار لە دەسەڵاتی سەدام دا کە سەربە ئایینی سوونی بوون بەشێوەی جۆراجۆرو لە ڕێگای سوپای قودسەوە تێرۆرو بێ سەروشوێن کران کە دەتوانین بڵێین کە بەهۆی سیاسەتی هەڵەیی ئەمریکاوە عێراق وەک بەشێک لە دەسەڵاتی ئاخوندەکانی لێهات و هێشتاکە ئەو کێشەیە چارەسەر نەکراوە بەشێوەیەک کە ئەمریکا وێرای هەوڵەکانی بۆخۆی تێداماوەتەوەو نیگەرانەو دەسەڵاتدارانی ئێران بەشێکی زۆری خاکی عێراق سەربە خۆیان دەزانن.
ساڵی ١٣٩٣هـ (٢٠١٤ز) بۆ یەکەم جار ئەندامانی بێ چەکی ڕێکخراوەی مجاهیدینی خەڵکی ئێران کە مەقەڕیان لە پارێزگای بەغدا بوو بەشێوەی زۆر بەربڵاو لە ڕێگای موشەکی جۆراجۆری دروستکراوی ئێرانەوە هێرشیانکرایە

سەر، بەگوێرەی ڕاگەیاندنەگشتییەکان ئەو هێرشە لە لایەن ڕێکخراوەیەکی عەرەبی شیعەی عێراقییەوە بەناوی سپای موختار (جیش المختار) ئەنجام دراوە، هەروەها بۆ جاری چەندەم دیسـان مەقەڕو کەمپی ڕێکخراوەی موجاهیدینی خەڵک بەشـێوەی ڕەنگاوڕەنگ هێرشی کرایە سـەرو زیانیان بینی بەڵام بەگشـتی دەتوانین بێژین کە هێرشی موشـەکی و قومپارەیی ڕێکەوتی ١٣٩٥/٥/١٤هـ (٢٠١٥/١٠/٣٠ز) بۆ سەر مەقەڕەکانی لایەنگران یان ئەندامانی بێ چەک و بێ دیفاعی ڕێکخراوەیی موجاهیدینی خەڵک لە بەغدا لە کەمپی لیبرتی کە لە لایەن ئەمریکاوە چەککرابوون گەورەترین هێرش بوو کە لە ڕێگای پەنجا (٥٠)موشـەکەوە لە لایەن سـپای قودس و بەکرێگیراوەکانی ئەوانەوە لەو وڵاتەدا ئەنجامدرا کە زیانی زۆری بە دارایی و ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە بێ چەک و بێ دیفاع گەیاند، ئەو هێرشـە ئەوندە دژی مرۆڤیی و دوور لە یاسـایی مرۆڤ و لۆژیک بوو کە هۆکاری خارجکردنی پـاشـمـاوەکـانی ئەو ڕێـکـخـراوەیی لە عـێراق لە لایەن کـۆڕو کـۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانەوە لێکەوتەوە.



کەمپی لیبرتی لە بەغدا ١٣٩٥/٤/١٥هـ

ناتوانین بێژین کۆماری ئیسـلامی ئێران تەنها دژایەتی هەڵسـوڕاوانی ڕامیاری یان نەیاری خۆی کردەوەی دژی مرۆڤ ئەنجامداوە بەڵکو زۆر کەس و کـۆمەڵ کە لە گەڵ ئەو حـکـومەتەش بـوون بەشـێوەی تـایـبەتی لە

مەنگەنەدران یان ڕاوکران و بێ سەروشوێن بوون وێرای ئەوەیی کە هێزەکانی سەردەمی پادشایی وەک ئەرتەش و پۆلیس چاکسازی تێداکرا بەڵام دیسان هێندێک کەسیان بەمەبەستی تایبەتی خۆیان ڕاگرت کە دەتوانین وەک نموونەیەک باسی ئەو فڕۆکەوانانە بکەین کە لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا ئۆپراسیونی بەناو ئەچ -٣ یان ئەنجامدا.
چەند فڕۆکەوانی هێزیی هەوایی ئەرتەش بەشێوەیەکی زۆر کارزانانە لە ڕێکەوتی ١٣٦٠/١/١٥هـ دا ناوەندی هەوایی و شوێنی فڕۆکەکانی هێزی سەربازی عێڕاقیان لە فرۆکەخانەی الولید نزیک لە سنووری وڵاتی ئوردون لە ڕۆمادیی بە هەشت فڕۆکەی فانتۆم (اف -٤) بۆردومان کرد کە زیانێکی زۆری ماددی و معنەویان بە هێزەکانی نەیاری خۆیان گەیاند، ئەو کارەیی ئەو فڕۆکەوانانە ئەوندە کارزانانە بوو کە هۆکاری سەرسوڕمانی زۆر وڵاتی لێکەوتەوە بەڵام چونکە کاتی گەڕانەوەیان لە وتووێژێکدا بەرپرسی تیمەکە وتەکانی بە بسم الله رحمان الرحيم دەستپێنەکردبوو وتووێژەکەیان زۆر بێ بایخ کرد، بەشی زۆری ئەو فرۆکەوانانە یان لە ڕێگای ڕەنگاورەنگەوە تێدابران یان وایانکردن کە هەلبێن یان گۆشەنشین بن، تەنها بۆ یەکێک لەوان ڕێزیان داناو پەیکەرێکیان بۆ سازکردەوە، ئەوەش نازانم چۆن بووە!.

## شۆڕشی گەلانی ئێران و مەسەلەی نەتەوایەتی.

هەروەک هەمووان دەزانن و ئاگادارن گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای ڕووخانی حکومەتی پاشایەتی و بەسەرکارهاتنی کۆماری ئیسلامی ئێران بەمەبەستی مافی نەتەوایەتی خۆی کەوتە جموجۆڵ کە دەتوانین ژیانەوەی ڕێکخراوە نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناو بەرین کە دوو لەم ڕێکخراوانە بریتی بوون لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە، گەلی کورد شتێکی زۆر کەمی لە مافی بنەڕەتی خۆی دەویست، وێرای ئەوەیی ئەو سەردەمە کۆمەڵە بەستراوەیی ڕێکخراوەیی یان سیاسی لە گەڵ حیزبی کۆمونیستی ئێران هەبوو و هێندێک دروشمی ئایدیۆلۆژی وەک مافی چینی کرێکار دەدا بەڵام ویستی بناغەیی یان دروشمی حیزبی دێموکرات خودمختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران بوو کە دەتوانین وەک ویستێکی زۆر ئاسایی و بچووک چاوی لێ بکەین کە بەداخەوە ئەم ویستوداوخوازیانە لە گەڵ کەندوکۆسپی زۆر ڕووبەڕوو بوونەوەو هەموو دروشم و وتەکانی سەرەتایی شۆڕش یان پێش لە گەیشتن بەدەسەڵاتی خومەینی ئاڵوگۆڕی نەرێنی بەسەردا هات و لە گەڵ ویستی ڕەوای خەڵک کەوتنە دژایەتی بەڵام چونکە مەسەلەی کێشەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە گەڵ گەلی کورد زۆر قوڵ و پێویستی بە نووسینی چەند پەرتووکی تایبەت هەیە من لێرە بە مەبەستی یەکخستنی باس تەنها ئاور لە هێندێک خاڵ دەدەمەوە.
گەلی کورد بۆ ویستی خودمختاری زۆر هەوڵی دا کە بەداخەوە هەوڵەکان لە گەڵ کێشە ڕووبەڕوو کرانەوەو گەیشتە ئاستێک کە خومەینی لە ڕێکەوتی ٢٧ی گەلاوێژ ١٣٥٨/٥/٢٨هـ (١٩٧٩ز) فتوای جیهاد کە بڕیارێکی ئایینیی دژبە گەلی کورد یان خەباتکارانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دا، بێشک ئەو فتوایە لە لایەن کەسێکی وەک ئیمام خومەینییەوە کە لە سەدەی بیستویەکەمدا (٢١) ژێرشەواڵەکەی بەناو خەڵکدا دەگەڕێنن تا ماچی بکەن بۆ ئەوەیی لە ویروسی کۆرۆنا پارێزراو بن لە ٤٣ ساڵی پێشدا کارتێکردنی نەرێنی زۆری هەبوو.
ئەو فتوایە هۆکار بوو تا جیهادییەکان لە هێندێک لە ناوچە شیعەنشینەکانی ئێرانەوە بە پشتیبانی لۆجستیکی هێزە چەکدارەکانی ئێران ڕوو بەکەنە

ناوچەکانی کوردستان بۆ جیهاد، بەکورتی دەتوانم بڵێم کە کوشتنی کورد لە زۆر بواردا بووبە ئەرکێـک بۆ زۆر کەس لەو جیهـادییـانە، لەم بوارەدا هێنـدێک بەڵگەم لە کتێبی بەشی یەکەمی کورتەی بیرەوەرییەکانم دا بڵاو کردووەتەوە.



وێنەی سەرەوە یەکێک لە ئاکامەکانی فەرمانی جیهادی ئیمام خومەینی بوو.

لە ساڵی ١٣٥٨ھ (١٩٧٩ز) دا گەلی کورد بەتێکڕا دەنگی نای بە ڕێفراندوومی کۆماری ئیسلامی ئێرانداو لە زۆر ناوچە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەلی کورد کەوتە قۆناغی بەرگری لە خۆ، بەڵام شـەڕەکە زۆر نابەرابەرو نایاسـایی بوو کە لە ئاکامدا زۆر ئاوایی و گوندی کوردان وێرانکران و زۆر کەسی بێتاوان بوونە قوربانی ئەو فتوایە، بەهاری شـاری سـنە لە گەڵ خوێن تێکڵاوکراو کەسـانی وەک ئاخوند غوڵامڕەزا حەسـەنی کە ناسراوە بەمەلا حەسـەنی لە مەڵبەنـدی ورمێ دەسـتیـان ئـاوەڵا بێـت بۆ کورد کوشـتن، ڕێکخراوە کوردییەکان ناچار کران تا شارەکانی کوردستان چۆڵ بکەن و ڕژیم داگیریان بکات.

هەموو ئازادییەکی ڕامیاری لە ئێراندا بەشـێوەی تایبەتی بەربەسـت کرایەوەو هێزە سەرتاسەرییەکانی دیکەی ئێرانی ڕوویان لە کوردستان کردو ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان بوو بە سـەنگەری بەرگری کە لە کۆتایی دا دوای شـەڕێکی چەند ساڵە دەتوانین بڵێین کە ئەو پارچەیی کوردستان بەگشتی داگیرو میلیتاریزەو بنکەی سـەرەکی حیزبەکان گەیشـتە سـنووری ئێران و عێراق کە لە ئاکامدا

ناچار کران تا پەنا بۆ دیکتاتۆرێکی وەک سـەدام حوسـێن بەرن بەڵام ئەمە کۆتایی کێشەکە نییە.
دوکتور قاسـملوو سـکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران لە هەمان ساڵداو پێش لە زۆربەی شـەڕە خوێناوییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتاندا لە ئاستێکی زۆر بەرزدا دەنگی گەلی کوردی بۆ نوێنەرایەتی بۆ مەجلسی پسپۆڕان لە تارانی وڵاتی ئێران بەدەسـتهێنان بەڵام لە گەڵ هەڕەشـەو دژکردەوەی ئاخوندەکان ڕووبەڕوو بووەو  کە لە ئاکامدا حوکمی کوشتنیان بۆ دەرکرد.
دوکتور قاسـملوو مرۆڤێکی زاناو لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕامیاری شـارەزایی هەبوو دوای چەند سـاڵ خەباتی حیزبەکەی بەشـێوەی سـیاسی و پارتیزانی لە ئاکامدا لە ڕووانگەی مرۆڤدۆسـتییەوە ویسـتی بەشـێوەی ڕامیاری ئەو کێشـە درێژخایەنە چارەسـەر بکات و بە ناوژیوانی هێندێک کەس یان لایەن وتووێژێک لە نێوان دوکتور و نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێکەوتی ١٣٦٨/٤/٢٢هـ (١٩٨٩ز)دا  لە وین لە ئوتریش پێکهات بەڵام زۆر بەداخەوە کە نوێنەرانی کۆماری ئیسـلام ئێران وەک هەمووکات هەر بەتێرۆریسـتی مابوونەوەو ئەو مێشـکە گەورەیان لە گەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانی تێرۆر کردو وڵاتی ئوتریش وێرای دروشمەکانی لە ئاسـت مافی مرۆڤ بە ئەرکی یاسـایی خۆی هەڵنەسـتایەوەو لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران کەوتە مامەڵە کردن.
ئەو تێرۆرە لە باری سیاسییەوە کارتێکردنی نەرێنی لە سەر خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانا بەڵام نەیتوانی بەو شێوە کە کۆماری ئیسلامی چاوەڕوان بوو خەباتی ڕاوەسـتێنێ، تێرۆری دوکتور قاسـملوو هۆکاربوو تا ناوەڕۆکی کۆماری ئیسـلامی  ئێران بەڕابەرایەتی ئاخوندەکان و هەلوێسـتی چەوتی بەرژەوەندییخوازی حکومەتی ئوتریش یان کۆمەڵگای سەرمایەداری زیاتر بۆ جیهان ڕوون بێتەوە.



کیهان چاپ لندن

شماره ۶۸۹ - پنجشنبه ۱۸ دی ۱۳۷۶ خورشیدی - نهم رمضان ۱۴۱۸ قمری - هشتم ژانویه ۱۹۹۸ میلادی

Page 12 - صفحه ۱۲

## نوار آخرین مذاکرات دکتر قاسملو با نمایندگان جمهوری اسلامی در جلسه‌ای که منجر به مرگ وی شد



قاسملو:
● واژه «خودمختاری» برای ملت کرد بار عاطفی و تاریخی دارد

صحرارودی:
● مقامات جمهوری اسلامی خودمختاری را قبول نمی کنند

کەیهان چاپی لەندەن ١٨ بەفرانبار (دی) ١٣٧٦ﻫ (١٩٩٨ز)

دوای شـــەهیدکردنی دوکتور قاســـملوو دوکتور ســـادق شـــەرەفکەندی کە ئەویش هەر مرۆڤێکی زۆر زاناو تێگەیشـــتوو بوو لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی و ســـیاســـیدا لە پلیۆنۆمێکدا کرا بە ســـکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران، دوکتور ســـادق لە ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ســـاڵی ١٣٧١ﻫ (١٩٩٢ز) بەمەبەستی بەشداری کردن لە کۆنگرەی ئەنترناسیونالی سوسیالیستی سەردانی وڵاتی ئالمانی کردو لە گەڵ هێندێک چالاکوانی دیکە لە ڕەســـتوورانی میکۆنووس لە شـــاری بێرلینی ئالماندا ســـەرگەرمی باسی ســـیاسی دەبن بەڵام بەداخەوە کە تێرۆریســـتەکانی کۆماری ئیسلامی خۆیان

دەکەن بە ژووورداو تێرۆریان دەکەن، حکومەت و دەسەڵاتی یاسایی ئەوکاتی ئاڵمان تا ڕادەیەکی زۆرو بەربڵاو کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بردە ژێر پرسیارو هێندێک لە بەرپرسانی ئەو وڵاتەیی بەو تاوانەوە بەستەوە.



دوکتور قاسملوو و دوکتور سادق (سەعید).

ئاخوندەکان ئیمکاناتی ڕاگەیاندن، ئابووری و سەربازی وڵاتیان بەشێوەی گشتیی بۆ سەرکوتی نەیاران بەدەستەوە گرت بەڵام نەیاران و لایەنگرانی ئازادی لەوپەڕی بێ ئیمکاناتی و بێ دەرەتانیدا خەباتیان دەکرد، هەروەک لە سەرەوە هاتووە لە ئاکامدا بەشێک لەو خەباتکارانە ڕوو لە وڵاتانی ئوروپا و بەشێک وەک ڕێکخراوە پەنایان بردە وڵاتی عێراق کە دوای ڕووخانی حکومەتی سەدام حوسێن سەرکۆماری ئەو وڵاتەو دروستبوونی بۆشایی سیاسی دەسەڵات ئاخوندەکان لە ڕێگای سپای قودسەوە توانیان بەسەدان کەس لە نەیارانی خۆیان لەو وڵاتەدا تێرۆر بکەن کە بەگوێرەی نووسراوەکان بەشی کوردە ئاوارەکان لەو نیعمەتەیی ئاخوند تەنها لە باشووری کوردستان ڕادەیەک نزیک لە ٤٠٠ کەسە کە زۆربەی هەرە زۆریان ئیمکانی دیفاع لە خۆیان نەبووە.

دوای سـەقامگیربوونی دەسـەڵاتی حیزبە کوردیەکانی باشـووری کوردسـتان وێرای بەردەوامی لە تێرۆر کردن و گوشـــارەکانی دیکە لە بەرواری پاییزی سـاڵی ١٣٧٥هـ (١٩٩٦/٧/٢٧ز) دا سـپای پاسـداران بەهێزێکی زۆر گەورەو پۆشـتەو پەرداخەوە بەمەبەسـتی گورز وەشـاندن لە حیزبی دێموکرات لە سنووری مەریوانەوە سنووریان بەزاندو هاتنە نێو خاکی عێراق کە بێ کێشەو بەرخۆدان تا نزیک مەقەڕی حیزبی دێموکرات کوردسـتانی ئێران لە کۆیە ڕۆیشـــتبوون و بەچەکی قورس ناوەندەکانی ئەو حیزبەیان ئاگرباران دەکرد بەڵام بەهۆکاری دژکردەوەی خەڵکی ئاســایی باشـــووری کوردســتان و بە ناوژیوانی هێندێک ڕێکخراوەی کوردســتانی لەو بەشــەی کوردســتاندا هێزە پۆشتەوپەرداخەکەیان کە لە سەردەمی شەڕی هەشت (٨) ساڵەی ئێران و عێراقدا زۆر لە هەمبەر ئەرتەشـە بچووکی سـەدامدا لاوازو هۆکارێک بوو تا ئیمام خومەینی کاسەیەک زەهر بنووشێ پاشەکشەیان پێ کردو گەڕانەوە بۆ مۆڵگەکانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتدا.

دوای ئەم هێرشـە حیزبە کوردییەکانی سـەربە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باری هەڵسـوڕانی خەباتی پارتیزانییەوە لاوازکران و زیاتر هەڵســوڕانی ڕامیاریان دەکرد کە دیسـان بەشـێوەی ڕەنگاوڕەنگ لە گەڵ بەرنگاربوونەوەی سـپای قودس و بەکرێگیراوانیان لەو پارچەی کوردســـتاندا ڕووبەڕوو دەبوونەوەو بەربەستیان بۆ دروست دەکردن.
لە ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧هـ (٢٠١٨ز) دا سـپای پاسـداران لە ڕێگای موشەکی دوورهاوێژەوە کەمپەکانی هەردووک باڵی حیزبی دێموکراتی لە کۆیە بە ئامانج کرد کە وێرای خەسارەتی ماددی زۆر ١٧ کەس شـەهید و نزیک بە ٤٠ کەسی بریندار بوون.
ڕۆژی موشەکبارانە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان (حدک) لە کۆبوونەوەی پلێنومیـدا دەبێ کە زیـانێکی زۆریـان وەبەرکەوت و چەنـد کەس لەو شەهیدانە پلەی ئەندامیەتی بەرزیان لە حیزبەدا هەبوو.
سپای پاسداران وەک دەسکەوتێکی گرنگ نێونەتەوەیی یان چارەسەرەیەکی لەباری سـیاسی لە ڕێگای ڕاگەیاندراوێکەوە ڕایگەیاند کە گرووپی موشـەکی هەوایی بەهاوکاری فرۆکەی بێ فرۆکەوانی هێزی زەوینی سـپاوە بە حەوت (٧) موشـەکی فاتیح ١١٠ کە ٢٢٠ کیلومتر بردیەتی و لە کاتی هاوێشـتن دا

٣٤٥٠ کیلو کێشیەتی شوێنی دانیشتن لە گەڵ فێرگەو کۆبوونەوەی باڵەکانی حیزبی دێموکرات لە کۆیە لە باشـــووری کوردســـتان بەئامانج کردووە، ئاخوندەکان ئەوندە دژی هاووڵاتین کە دەیانهەوێت کێشـــەی نەتەوایەتی نەتەوەیەک یان کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە ڕێگای موشەکی فاتیح سـەدودەوە (١١٠) چارەسـەر بکەن، بایخدان بە دێموکراسی و مافی هـاووڵاتی دوو بـابەتی زۆر گرنگن بۆ سـڵامەتی کۆمەڵگا بەڵام چونکە لە کتێبێکدا بە ناوی" بۆچوون و ڕەخنە" زۆر بە وەردی لەو بوارەدا باســم کردووە لێرە چاوپۆشی لەو باسانە دەکەم و هیوادارم کە بتوانی ئەو کتێبەش بخوێنیتەوە چونکە بەگوێرەی بیرکردنەوەی خۆم بـابەتی گرنگی ڕامیـار، دەروونی و کۆمەڵایەتی تێداهاتووە.

## بڕیارێک و ئاکامەکانی.

لە بەشی یەکەمی بیرەوەریەکانمدا بەناوی کورتەیی بیرەوەرییەکانم باسم لە زۆر کەندوکۆسپی سەر ڕێگای هەڵوێستێکی نەتەوەیی یان دژایەتی لە گەڵ سیستەمێکی دژە مرۆڤیم کردەوە، لە ماوەی تەمەنی خەبات و کاری ڕامیاریدا چ لە ناوخۆو چ دووره ولات لە گەڵ شێوه بەربەرەکانێ و ململانەیەک سەروکارم هەبووە بەلام شێوەی ململانێکان بەگوێرەی ئەو ژینگە کە تێدا ژیاوم یان لایەنی موقابیل تێدا ژیاوە جیاواز بووە، لە ڕاستیدا لە زۆر بواردا ژینگە کارتێکردنی لەباری لە سەر شێوەی کردارو رەفتاری مرۆڤەکان هەیەو تەجرەبەی من وا دەڵێت کە بۆ ئەوەیی کێشەکان یان هەڵوێست و ململانێ نەگوازرێتەوە بۆ هەستی نەرێنی و زیان هێنەر مەسەلەی ژینگەو ئاستی فکری لایەنی بەرامبەر وەک دوو خاڵی گرنگ چاوی لێ بکرێت.

با لێرە ئەوەش باس بکەم کە دوو ڕووانگە لە سەر کارو هەڵسوڕانی ڕامیاری هەیە، زۆرکەس پێی وایە کە سیاسەت یانی درۆو خەڵک گۆڵدان بەلام بۆ من سیاسەت یانی وەرچەرخانێکی ئەرێنی لە گەڵ ڕیسکی فیداکردنی گیان و بەرژەوەندی تایبەتی خۆت لە پێناو پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی باشتر لە ڕابردوو لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکدا، لەم ڕووانگەوە هەمووکات و بەگوێرەی کەمی و کەیفیم هەوڵم داوە تا لە کردارو ڕەفتاردا لە بەرژەوەندی کۆمەلانی هەراوی خەڵکدا هەڵسوڕێم و بەپێوەرێ ئیمکان و بەگوێرەی لۆژیک و توانی هزریم واقعیەتەکان باس بکەم.

بەشێک لە ژیانم بە کاری سیاسی یان بەربەرەکانێ لە گەڵ کەموکوڕییەکانی سەر ڕێگا وەک زۆربەی کوردان لە کوردستاندا تێپەڕکردووە، لە زۆر بواردا بۆ ئەوەیی کە بتوانی کارەکەت ڕەنگدانەوەیی زیاتری هەبێ واباشە کە وەک ئەوەیی کە زانایان وتوویانە بجووڵێتەوە، زنایان پێیانوایە کە ئێمەیی "مرۆڤ لەبناغدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتین کە لە کۆمەڵگای مۆدیرنی ئەمرۆکەدا بەشێوەی تاکەکەسی یان سادەتر بێژم نیازەکانی تاک بەکۆمەڵ و کۆمەڵگا زیاتری کردەوە، بەلام لە هەمانکاتدا لە هێندێک بواردا پێوەندی نێوان تاک لە گەڵ تاک ئاڵۆز بووە.

ئەم ئاڵۆزیی لە سەر ڕێگای پێوەندییەکانی مرۆڤەکان لە گەڵ بەرژەوەندی کۆمەڵایەتیی و ڕامیاری ئێمە لەم سەردەمەدا یەکناگرێتەوەو بەشێوەیەکی دیکە دەردەکەوێت، دەتوانین بێژین تاککەوتنەوەی مرۆڤ لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا ئێمکانی هەیە و ئێمە باوەڕ ناکەین کە هاوبەشی، هەست و ئەزموون کۆمەڵایەتی تەنها کارتێکردنی لە سەر خۆشی و شایی لە شوێنی کاردا بەدواوە دەبێ بەڵکو کارتێکردنی لە سەر گەشەی پێوەندیی کۆمەڵایەتییەکان و کارە هاوبەشەکان دەبێت، ئەگەر گەشە بدەین بە شوێنی کار یان شوێنێکی دیکە و بیکەین بەناوەندی هاوکاری لە کۆتایی دا بیر لەوە دەکەینەوە کە چ ئایدەیەکی باش بوو کە شوێنێکی هەرەوەرزیمان دابین کرد".

یانی ئێمە پێویستیمان بە شوێنێک وەک ناوەندی کولتووری یان ڕێکخراوەیی هەیە و ئەمە بەو واتایە کە پێویستیمان بە شوێنێک هەیە بۆ ئەوەیی باوەڕ، ئاسایشی۔ یاسایی و تاکەکەسی لە تەنشت یەک دروست بکەین و بزانین کە ئێمە لە گەڵ یەکین، ئەمە بابەتێکە کە هەموو ئێمە بەشێوەیەکی زۆر گرنگ پێویستیمان پێی هەیە، کاتێک کە ئێمە لە ناوەندێکدا بە بۆچوونی جیاوازەوە بەڵام لە پێناوێکدا کۆ دەبینەوە ئەوە بەو مانایە کە ئێمە زانیاری و تەجرەبەی جۆراوجۆرمان هەیەو ئامانج لەم یەکگرتنە دەتوانین وەک دروستکردنی شێوە بینایەکی کولتووری بێت بۆ پاراستنی کارە هاوبەشەکان، بونموونە حیزبێکی سیاسی و نەتەوەیی بە ڕێکخستنێکی لەبار بۆ ئەرکێکی گشتی هاوبەش کار دەکات و هەڵسورە کە لە ئاست خۆیدا ئەزموونیکی کۆمەڵایەتیی بۆ ڕێکخستنی پێوەندی مرۆڤەکان بەڵام ئەگەر شتەکە بەپێچەوانە بسوڕێتەوە زۆر کەس بەناچار دادەبڕێن یان ڕوو دەکەونە قۆناغی بیرکردنەوەو ڕووکردنە شۆڕشی تاکەکەسی، لە سەر شۆڕشی تاکەکەسی لە کۆتایی ئەم کتێبەدا هێندێک دەنووسم.

وێرای ئەوەیی کە لە تەمەنی گەنجیدا نەمتوانیووە هزری یان بۆچوونێکی تا ڕادەیەک وەها سەردەمیانەم هەبێ، بەڵام ڕووانگە هۆکار بووە تا حیزبێک وەک ناوەندێکی بواری چالاکی نەتەوەیی و ڕامیاریی هەڵبژێرم کە بەشێوەیەک پێوەندی لە گەڵ ئەم شیکردنەوە هزریی هەبووە، بەکورتی و کراوەیی دەبێت بڵێم کە ئەوانەیی کە بەگوێرەی هزر ڕێکخراوەیەک بۆ کارو چالاکی ڕامیاری هەڵدەبژێرن ئەگەر لە سەردەمی هەڵبژاردندا وێرای هەڵسوکەوتی

لۆژیکیانە لە کاردا لە گەڵ کۆسپ ڕووبەڕوویان بکەنەوە دیسان دەتوانن لە خەبات بەردەوام بن بەڵام ڕێکخراو دەکەوێتە بەر ڕاوبۆچوونی خەڵک یان کەسانی دیکەو ئیمکانی ڕۆیشتنە قۆناغی تێبینی و زیانگەیاندن بە بەشیکردنەوەی سەرەوەم یان زیانگەیاندنە بابەتی دەستەبەرکردنی باوەڕ و ئاسایشی یاسایی لە تەنشت یەک لێ بکەوێتەوە.

هەروەک لە بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانم دا باسم لێ کردووە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران بەپێی توانی خۆم بەشداریم کردو هەڵسوڕ بووم بەڵام کاتێک کە زانیم کە ئامانجی شۆڕشی گەلانی ئێران بەلارێدا کەوتەوەو کورد وەک نەتەوەیەک کە چاوەڕوانی لە شۆڕش هەبوو لەگەڵ کێشە ڕووبەڕوو کرایەوە منیش لەگەڵ بەخۆداچوونەوە ڕووبەڕوو بوومەوە، وێڕای ئەوەی کە لە حکومەتی پێشوودا مێژووی سیاسیم هەبوو بەڵام نەمتوانی چاوپۆشی لە بوارەکانی مافی و نەتەوەیی بکەم.
ئەو سەردەمە چوارچێوەی فکریەتی خۆمم لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەبینییەوە کە وێرای ئەوەی کە لە گەڵ ناتەبایی و شێوە بەرخۆدانێک ڕووبەڕوو بوومەوە بەڵام دەمەویست لە قوڵایی وڵاتدا ڕاوەستاو بمێنمەوەو چاوەڕووانی ئاڵۆگۆڕم دەکرد، دەتوانم بڵێم کە سەرچاوەی ئەم چاوەڕوانیی کاڵی سیاسی و نەبوونی ئەزموونی خەبات بوو.
لە کۆتایی دا ناچار کرام تا ڕوو لە سنوور دوای ئەو چوارچێوە فکریی کەوم و کاتێک کە گەیشتمە سنوور لە گەڵ ڕاوەستانێکی ناچاریی دیکە بەڵام کورت ڕووبەڕوو بوومەوە و دوای ماوەیەکی کورت ڕۆیشتمە ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەمۆ، بۆ زانیاریی کۆنکرێت و زیاتر سەرەنجت ڕادەکێشم بۆ بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانم کە لە کتێبێکی ٣٢٨ لاپەڕەیی دا لە ساڵی ١٣٩٣هـ (٢٠١٤ز) دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

لە هەموو تەشکیلات و ڕێکخراوەکانی جیهانی سەردەمدا مرۆڤ بە بۆچوونی جۆراجۆرەوە دەستدەکەوێت و ناتوانی تەشکیلاتێکی یەکدەنگ و یەکرەنگ پەیدا بکەیت، زۆر کەس تەنها دروشم دەدات و لە سەرەوەیە، زۆر کەس گیان دەدات بەڵام نابینرێت، زۆر کەس بەکردەوەو بۆچوون

هزرەکەی قبووڵە بەڵام لە موقـابیـل دا زۆر کەس بیـانووی بۆ هەر هەڵسوڕانێک هەیەو تەنها لە بەرژەوەندی خۆیدا ئەو هزرەیی قبووڵە.
مرۆڤێک بووەم زۆر ئاسایی و لە بوارە جۆراوجۆرەکانی پێویستدا لە خۆبردوو و حازر بە خۆ فیداکردن بووەم کە زۆر بەڵگەو شـایەتی زیندووم لەم بوارەدا هەیە، کاتێک کە باسی خۆم دەکەم ئەوە بەو مانایە نییە کە تاکەسـوارەی میدانی خەبات خۆم بووەم، نە وانییە کاتێک کە لە چوارچێوەیی ڕێکخراوەدا هەڵسـوڕانم هەبووە هێندێک دۆسـت و خەباتکاری ماندوو نەناسی دیکە هەبوون کە هۆکـارێـک بووەن بۆ ئەوەیی کە تەنهـا بیر لە سـەرکەوتن بکەمەوەو تەنـانەت بیر لە جودا بوونەوە لەوان نەکەم، دەتوانم بڵێم کە ئەم دۆسـتانە بەشـێکی گرنگ لە هۆکار بوون تا بیریش لە پلەو پۆسـتی سەرەوە نەکەمەوە و تەنها بە بەرپرسیاریی ئەو تێکۆشەرانە ڕازی بم.
ئەوندە تەبا و بێ شیلەو پیلە بووین کە پێشنیاری پۆستیکی سەرەوەترم ڕەد کردەوە، بەڕاسـتی وێرای زۆر کەموکوڕیی لوجیسـتیکی و پێداویسـتی ژیان بەڵام لەو پەڕی بەختەوەریـدا دەژیـاین، کـاتێـک کە ئێمە ئەو تیمە بە تەشکیلاتی سەلاسی باوەجانی سەربە هێزی شاهۆ زیادبووین وێرای ئەوەیی کە دەتوانین بێژین تازە سـەردەمی بوژانەوەی ئەو تەشـکیلاتە لەو بەشـەدا دەستیپێکردبوو پێشمەرگاکان بەکۆڵ بە زەحمەتی زۆرەوە خواردەمەنیان لە سـەرتەک تا باخان دەهێنا، تا ئەو جێگایە کە لە بیرم بێت باشـترین چەکی سـوکمان ژ-٣ی کێشـەدارو تفنگی زد بوو، بە پەتووی ڕەشی سـەربازیی دەخەوتین بەڵام ئـاڵوگۆڕێکی بەرینمـان لە هەموو بوارەکـانـدا پێکهێنـاو ئەوانەیی کە وجدانی شـۆڕشـگێڕیان هەبێ دەبوا زۆر بە ڕاشـکاویی باسی ئاڵوگۆڕەکانیان کردبا، لەم بوارەدا زۆر بەڵگەم هەن بەڵام بە بەڵگەیەکی زۆر بچووک ڕازی دەبم.
جێگای هاوڕێیانی شەهید خاڵی دەبینم بەڵام هەمووکات بیریان دەکەمەوەو سڵاو دەنێرم بۆ شۆڕشگێڕی، هەستی جوانی نەتەوایەتی و بێ چیلەو پیلەیی هەموویان، ئەوانەیی وا شـەهیدبوون ڕۆحیان شـادو ڕێگای ئامانج و خەباتیان سـەرکەوتوو بێ، ئەوانەش کە ماون هیوای گەیشـتن بەئامانج و تەمەن درێژیان بۆ  بەئاوات دەخوازم.



تێبینی: بەهۆی کۆنیی بەڵگەکەوە ساڵ ڕێکەوتەکەی تێکچووەو ڕوون نەبوو ٦٠ یان ٦١ بێ بەڵام بەگوێرەی زانیاریی خۆم کردم بە ٦٠

وێڕای ئەوەی کە خۆمان لە بەمۆ بووین بەڵام ماڵەکانمان لە باشووری کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی حیزبی بەعس دایە کە زۆر کێشە خوڵقێنە، من بۆ خۆم نزیک بە مانگێک جارێک دەگەڕامەوە بۆ ماڵ، بەشی زۆری کەمپەکانی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی وەک عەربەت و دسکەرە کە ماڵی ئێمەی لێ بوون چۆڵ ببوون و کۆچیاندابوون، سەرەتا بەشێک بۆ چوارقورنەو دووایش بۆ ڕۆمادیی و بنەماڵەی پێشمەرگەکانی حیزب هەرکات کە ماشینە سەربازییەکانی سەربە هێزی سەربازی عێراق ناسراو بە زیل دەهاتن ئەوان خۆیانیان دەشاردەوە کە لە کاتی ئەو خۆشاردنەوەدا کەس یان کەسانێکی نەیار ئەو فرسەتەیان دەستکەوتبوو تا شیشەی پەنجەرەیی ماڵەکەی ئێمە بشکێنن و هێندێک بەڵگە لە گەڵ ناسنامەی خۆم و منداڵەکانم لە گەڵ ئالبوومێکی وێنە بدزن، نەماندەتووانی ژن و منداڵەکانمان ڕاگوێزینەوە بۆ کەمپەکانی حیزبی لە ناوچەکانی دیکە و دوای سەردەمێکی زۆر و پڕلە کارو تێکۆشان بەگوێرەی ڕێککەوتنێک لە نێوان نوێنەرایەتی حیزب و حکومەتی عێراق دەبوو ئەو بڕە پێشمەرگە کە ماڵیان لەو کەمپانەدایە لە گەڵ ژن و منداڵەکانیان خۆیان ڕادەستی هێزەکانی عێراق کردبا تا کۆچیان بدەن بۆ باشووری عێراق بۆ کەمپی ڕۆمادیی (التاش) کە خەڵکێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو کەمپەدا دەژیان، لە ئاکامدا لەبەر ژن و منداڵەکانمان ناچار بووین کە مل بەو بڕیارە بدەین و بەشێوەی کاتی تەشکیلاتی سەلاس بەجێبهێڵین و بگەڕێینەوە بۆ کەمپەکان.

ڕێکەوتی ڕۆیشــتن بۆ ڕۆمادییم لە بیر نەماوە بەڵام بەگوێرەی هێندێک بەڵگە دەبێت زستانی ساڵی ١٣٦١هـ(سـەرەتای ١٩٨٣ز) بێت، بڕیار وابوو کە دوای ماوەیەکی کورت حیزب لە ڕێگای نوێنەرایەتی خۆیەوە لە بەغدا بەشێوەی یاسایی هەموو ئەو پێشمەرگانە بگەڕێنێتەوە بۆ کەمپەکانی حیزبی بەتایبەتی بۆ ناوچەی ژێر دەســەڵاتی هێزی شــاهۆ بەناوی دەرەتفێ، کاتێک گەیشـتینە کەمپەکانی باشـووری کوردسـتان بەگورجی هەموومانیان ڕاپێچی ڕۆمادیی کردو کاتێک کە گەیشــتینە کەمپی ئەلتاشی ڕۆمادیی بینامان بیابان و دەشــتێک هەمووی بە خێوەت داپۆشراوەو خەڵکێکی زۆر لەوێن و بازاڕو دوکانیان داناوە، بەڵام هێشــتاکە ئاو و بەرقیان بۆیان ڕانەکێشــاوەو ئەگەر بەدروســـتی لە بیرم بێ ئەوجارە ئێمەش بۆ ماوەیی سێ تا چوار مانگ لەو کەمپەدا ماینەوە.

ئەو سەردەمە کە ئێمەیان بردە کەمپی ڕۆمادیی  ئەو کەمپە کەمپێکی سیاسی یان نەتەوەیی بەماناو ناوەڕۆکی دروســتی نەتەوەیی نەبوو، تازە بەشــێوەی تاکوتوک لێرەو لەوێ هێنـدێک باسی کوردایەتی دەکرا بەڵام بەترســەوە چونکە باسە ڕامیارییەکان بۆ کاربەدەستانی خوارەوەی حکومەتی عێراق کە لە باری ســیاســییەوە هێندێک لاوازبوون هەر شــێوە باســێکی ســیاسی بەدژایەتی خۆیان بزانن، بەڵام ئێمە ئەو تیمە پێشــمەرگە چونکە چاوەڕوانی گەڕانەوە بووین جـاربەجـار لە گەڵ دۆســتـانی نـاسراو کە لە ســەرتـادا هێنـابوونیـان بۆ ئەو ئۆردووگـا بـاســمـان دەکرد کە دەتوانم بڵێم لەو ســەردەمەدا عزیزی کاکەلی مروەت و براکانی لە گەڵ چەند کەســێکی دیکە لێرەو لەوێ نەترس ترین کەســانی لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران بوون لە ئۆردووگای ڕۆمادیی دا.
لەو سـەردەمەدا هەر ڕۆژە خەڵکی ئاوارەو پەنابەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دەهێنا بۆ ڕۆمادیی، ئۆردووگایەکی بێ ئاو و بێ بەرق بەڵام لەو کاتەدا لە باشووری کوردستان شێوە ئاڵوگۆڕێکی شتومەک لە نێو دوو بەشی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردســتاندا لە گۆڕێدا بوو کە زۆربەی ئەو خەڵکەی ڕۆژهەڵات کە لە باشـوورەوە دەیانگواسـتنەوە بۆ ڕۆمادیی بەگوێرەی توانی ماڵی خۆیان لەو شتومەکانەیی ئێرانی کە بەشێوەی قاچاخ دەگەیشتنە شـوێنەکانی وەک شـانەدەری و ... دەکڕی و لە گەڵ خۆیان دەیانهێناو لە شـارەکەی ڕۆمادیی

کە هەمووی عەرەب بوون دەیانفرۆشت، ئەم شێوە کاسبی هۆکارێک بوو تـا حکومەتی عێراق گرنگی نەدات بە بـارو دۆخی ژیـانی خەڵـک و گرفتی ئابووری بۆ زۆر کەسی بێ دەرەتـان و نەدار دەســـتەبەر کردبوو چونکە وا بیریان دەکردەوە کە هەموو خەڵکەکە دۆخی ئابووریان زۆر باشە.
لە هەمانکاتدا لەو سـەردەمەدا ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان زۆر هەوڵیاندەدا تـا بتوانن ســـەردانی ئۆردووگـای ڕۆمـادیی بکەن بەڵام حکومەتی عێراق ئیجازەی پێیان نەدەدا تا بێن و ســـەردانی کەمپی ڕۆمادیی بکەن، لە ئاکامدا تیمێکی یو ان اچ سی ئـار (UNHCR) توانیـان لە ژێر چـاودێری حکومەتی عێراقدا ئیجازەی سەردانی ئەو ئۆردووگا وەرگرن و سەردانی بکەن.
کەمپەکە زۆر گەورەو بەربڵاو بوو، یەکەم جـار لە شـــوێنێـک بە نـاوی خۆڵەکە یان ئەلیاســـیەکانەوە دەســـتیان پێ کردبوو، چەند ئەفســـەری و دەرەجەداری عێراقی کە کوردی، فارسی و  ئینگلیســـیان دەزانی لە گەڵ یو ئنەکان بوون، لە خۆڵەکە دوو کەس کە یەکێکیان تنیسێنی ماشین ئاڵات و فارس دەبێ و ئەوی دیکەیان کوردو مامۆســـتا زانکۆ کە ئیســـتاکە ناویانم لە بیر نەماوە بە ئینگلیسی قسەیان لە گەڵ دەکەن بەڵام ئەفسەرەکانی چاودێر ئینگلیسی باش دەزانن و تێدەگەن کە لەو کاتەدا هیچیان بۆ ناکردێت.
قۆناغی دووهەم هاتنە ئاخری کەمپەکە کە شوێنی دانیشتنی باوەجانییەکان بوو، لێرەو لەوێ فێری هێندێک زمانی ئینگلیسی_ بووبم کە خۆمم لێیانەوە نزیک کردەوە بە ئینگلیسی_ لە گەڵ یەکێکیان دەســـتم کرد بەقســـەکردن بەڵام ئینگلیســـییەکەم زۆر شـەقوشڕە کە نەکابرای یوئن باش لە من دەگات نە من باش لەو تێدەگەم و ئەفەســـەرەێکی عێراقی خەڵکی خانەقین کە لە گەڵی بوو تێگەیشـــت کە مەبەســـتم خراپە جاربەجار بە کوردی دەڵێت عەیب ناکەیت خراپەی حکومەتی عێراق دەڵێت، یەکێک لە یو ئنەکان کە لە نزیکی ئێمەدا تێدەپەڕی تێگەیشـــت کە من هەوڵ دەدەم تا باسی دۆخی خەڵک و کەمپەکە بکەم بەڵام کێشـــەی تێگەیشـــتنمان هەیە کە هاوت و خۆی ناساندو وتی من فەرانسەویم و چەند ساڵ لە سەفارەتی فەرانسە لە ئێران کارم کردووەو فارسی باش تێدەگەم وەرە لە گەڵ من قســـە بکە، لە گەڵ ئەو کەوتمە وتووێژ هەرچی ئەفەسەرەکە چاوی لێ داچەقاندم و لێوی خۆی بردە دەمدا ســـوودی نەبوو، ئەو خەڵکە وتیان مەترســـە هەرچۆنێک

کە پێت باشــە قســە بکە کەس باســت ناکات و کاربەدەســتانی عێراقیش ناتناسن.
ئەوەیی کە لە دەمم هاتوو و زانیم بەهێندێک زیادییەوە باســم کرد، وتی حکومەتی عێڕاق دەڵێت کارخانەی پارچە و لیباسیان بەرهەمهێنانیان هەیە کە بەرهەمەکەیی لە ڕۆمادیی دەفرۆشن منیش مەسەلەی هێنانی هێندێک کاڵای ئێرانی لە باشــووری کوردســتانەوە بۆ ڕۆمادیی لە لایەن هێندێک کەسەوە بۆیان گێڕایەوەو وتم بۆ ئێوە دەبێت باوەڕ بە قسەی ئەوان بکەن کارخانەیەکی پارچەبافی یان لیباس دروســتکردن پێویســتی بە بینایەکی زۆر گەورەو کەرەستەیی بەرهەمهێنان هەیە بەڵام لێرە لە چادرێکی بچووک زیاتر شــتێک دەبینن کە وتی دەزانین درۆ دەکەن، کارمەندەکەی یو ئنەم بردە ماڵی خانم هاوژینی سەید محەممەدی سەید یاقو کە خزم و تازە هاتبوون و وتم چاو لە دۆخی ئەم ژنە بکە کە چەند منداڵی هەیە، بەرمیلێکی ئاو کە ماوەیەکی زۆر هێندێک ئاو لە بێخەکەیدا مابووە و چەند کرمی ســوورو بارێکی تێدابوو پێ پیشانداو وتم ئێمە لیباس و فەرشەکانی خۆمان دەفرۆشین تا بتوانین لەو ڕێگایەوە هێندێک خواردەمەنی لە گەڵ ئاو کە لە پاشــەڕۆی توالتەکانی شاری ڕۆمادیی دەردەچێت بکڕین.
ئەوان ڕۆیشــتن بەڵام خەڵک بە منیان وت نەترســم و هێندێک خۆمم گۆڕی، ریشــم هەبوو بە گورجی ریشــەکەم تاشی و هێندێک ئاڵۆگۆڕم لە خۆمدا دروستکرد.
بەکورتی کاتێک کە یو ئنەکان ڕۆیشــتن وتیان ئەوانە کە لە گەڵ یوئن قســەیان کردووە وەرن تا بزانین پێویســتیان بە چ هەیە بۆیان جێبەجێ بکەین، خەڵک وتیان هەرگیز ئەوکارە نەکەیت بەڵام ئەو دوو کەســەکەی دیکە بێچارە یا ڕاپۆرتیان لێ دابوون یان بۆ خۆیان بەهەڵە ڕۆیشــتبوون کە وێڕای دارکاری زۆر هەردووکیان بۆ ماوەیەکیش لە زینداندا مابوونەوە، بەڵام کەس باسی منی نەکرد.

لەو ماوەدا **خەیدان کوردستانی** کە سەردەمێک پێش لە ڕووخانی دەسەڵاتی محەممەد ڕەزا شایی پەهلەوی لە کلانتەری سێ لە کرماشان پاسەوان بوو هـات بۆلام و وتی ئەم منـداڵانە کە لێرە گەورە دەبن لە کۆتـایی دا دەبنە قوربانی دەســتی دوژمنانی گەلی کورد با فکرێک بکەینەوە کە مەســەلەی

قوتابخانە لە لایەن کەسانی خۆبەخشەوە هێنایە کایەوە کە وتم بیرۆکەیەکی زۆر باشـە بەڵام با ڕاسـتییەکەت پێ بڵێم چاوەڕوانم حیزب بمان گێڕێتەوەو پێشـنیاری مسـتەفا زارعیم پێکردو وتم ئەم مەسـەلە لە گەڵ ئەو باس بکە کە دەتوانێت یـارمەتیـت بـدات کە قبووڵی کردو دوای گەڕانەوەیی ئێمە ئەوان سـەرەتایی ترین و ئەوەڵێن قوتابخانەی تایبەتی لە لایەن خۆیانەوە دەستپێکردبوو.

دوای ماوەیەکی دیکە شـــەهید محموود کلاشی (دێموکرات) لە گەڵ کاک محەممەد وەڵەدبەگی هاتن بەدواماندا بۆ ڕۆمادیی بەمەبەستی گەڕانەوەمان بەڵام نەک بەشێوەی یاسایی بەڵکو بەشێوەی نایاسایی یانی هەڵهاتن و بەو شـێوە کە ئاگاداربم لەوانەیی کە دەگرانەوە تەنها من ئاگاداری ئەوە بووم کە بەڵگەکە ساختەیی.
جاری یەکەم سـەرکەوتوو نەبووین چونکە لە سـەر ڕاپۆرتی خۆفرۆشـان شـەهید محموود دەسـتبەسـەرو دوای چەند ڕۆژ لە باشـووری کوردسـتان ئازادیان کرد بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر کورت بۆخۆی بەتەنهایی گەڕایەوەو بەهاوکاری چەند کەس لە لایەنگرانی حیزب لە کەمپی ڕۆمادیی توانیمان پلانی گەڕانەوە نایاساییەکە بە باشی جێبەجێ بکەین و ناوی عەزیزی کاکەلی مروەتم لە باسێکی دیکەدا لە کتێبی کورتەی بیرەوەرییەکانمدا وەک یەکێک لە هەڵسوڕاوانی ئەو بوارە هێناوە، لە سەر چۆنیەتیی و کێشەی گەڕانەوەمان بەوردی لە بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانمدا نووســـاومە کە خوێندنەوەی ئەرزشی زەحمەتەکەی هەیە، بۆ ئەوەیی کە لەم بەشـــەدا هێندێک زیاتر ڕوونکردنەوەم دابێت هەموو ئەو پێشـمەرگانە کە پێشـتر کۆچیان دابووین هەڵهاتین بەڵام شـــەهید ئەمیر بابایی خەڵکی جوانڕۆ و شـــەهید عەباس وەیسی ناسراو بە عەباس باینگانی،مان بە خۆمانەوە زیاد کرد.

زۆر ئاسـتەم بوو کە لەو کەمپە دەرچی چونکە چواردەوری کەمپەکەیان تەلبەند کردبوو، بەچەند ڕۆژو بە دزییەوەو بەیارمەتی زۆر کەس توانیمان لیباس و هێندێک پێویسـتی تایبەتی بنەماڵەکان بگەیەنینە حەشارگایەک لە شـاری ڕۆمادیی، هەروەها لەو سـەردەمەدا سـۆزیان لە هەموو موختارەکانی کەمپ وەرگرتبوو تا ئەگەر کەسێک هەڵهات بەگورجی حکومەتی لێ ئاگادار

بکەنەوەو ئەگەریش وا نەکەن بەرپرس دەبن کە لە سەرەتادا کوێخاکانی ئۆردووگا کە عەرەبییەکەی دەبووە موختار زۆر دەترسان.
ڕۆژی کۆتایی بە هاوکاری و یارمەتی هێندێک کەس ئاخرین بنەماڵەمان بێ کێشە ناردە ئەودیوی تەلبەندەکەی بنکەکانی حکومەتی بەڵام بەرگەیەکی چونەدەرەوەمان کەم بوو، ڕاوەستابووم تا ئەو بەرگە بێنن کە بینام برای کوێخاکەی مەڵبەندی من و شادڕەوان کاکەولا محەممەدی بە سواری دووچەرخەیەک هات بۆ گۆڕەپانی بنەکەکانی حکومەتی لە کەمپی ڕۆمادیی، ڕۆیشتم بۆلای و وتم ئەگەر هاتوویی تا حکومەت لە هەڵهاتنی ئێمە ئاگادار بکەیەوە ئەوندە ڕاوەستە تا من سوار دەبم و چەند خولەکێک ماشینەکە ڕێگا دەبڕێت بەڵام مەڵێی چکات ڕۆیشتوون.
شەهید محموود بەڵگەیەکی ساختەیی هێنابوو کە لە هێندێک بواردا باش بوو بەڵام زۆریش دەترساین کە بزانن کە بەڵگەکە ساختەیی و گیرکەوین و بە ژن و منداڵەوە زیندانمان بکەن، لە بەغدا دوای حەشاردانی ئەو هەموو خەڵکە من و شەهید محموود ڕۆیشتین بۆ سەردانی هاوزاوایەکی عەربی ئەوکە ماڵی لە بەغدا بوو، کاتێک کە لە ڕێگادا لە شاری بەغدادا دەڕۆیشتین باسی لە گیرانی جاری پێشوویی خۆی و شێوەی ڕاپۆرتەکەی بۆم گێڕایەوە، ئەوکەسە کە ڕاپۆرتی لەو دابوو لەو سەردەمەدا ببوو بە خۆفرۆشێکی ناسراوەی سەر بە یەکێک لە هێزە ئاسایشییەکانی عێراق بەناوی مخابرات بەڵام پێش لەوەیی شەهید محموود بێت بۆ تەشکیلاتی سەلاس ئەو لە لایەن ئیدارە ئەمنی عێراقەوە مائموریەتی وەگرتبوو تا لە بەمۆ لە ژێر ناوی پێشمەرگەدا کاری هەواڵنێری بۆ ئەو ئیدارەیە بکات کە شەهید محموود هۆکار بوو تا لە حیزب بڕوات، ئەم بەشەیان زۆر گرنگ نییە چونکە سێخوڕ لە هەموو ڕێکخراوەیەکدا هەیە بەڵام ئەوە زۆر گرنگە کە ئەم سیخوڕە چۆن ئەو زانیاریی کە پێوەندی بە عێراقەوە هەبوو دەستکەوتووە لە حاڵێکدا کە شتەکە پاشان و بەوجۆرە کە شەهید محموود باسی بۆ من دەکرد تەنها یەک نەفەر لە تەشکیلاتی سەلاسی باوەجانی ئاگاداری ئەو باسە بووە (ناوی ئەوکەسە لای من پارێزراوە)، ئەو باسەیان لە ڕێگای ئەو چڵکاوخۆرەوە کە لەو سەردەمەدا لەگەڵ دەستگای سیخوڕی مخابرات کاری دەکرد کردبوو بە فایلێکی زۆر بەهێز بەمەبەستی زیانگەیاندنی جیدی بە شەهید محموود.

لە ئاکامدا گەیشـــتینە ماڵی هاوزاواکەی شـــەهید محموود و شـــەوەکەی ڕوخسـەتی نەدا بگەڕێنەوە بۆلای هەواڵان کە بەداخەوە دووایی بەشێکیان لە حیزبدا شـــەهید بوون، بەیانی زوو گەیشـــتینە هەواڵان و لە ڕۆیشـــتن بەردەوام بووین، چونکە ژن و منداڵمان لە گەڵە کێشـەی پشـکنین کەمترەو گەیشـــتینە شـــاری کەلار، لە پۆســـتی پشـــکنینی کۆتایی شـــار ڕوو لە دەربەندیخان هێزە کلاو سوورەکانی هێزی سەربازی عێراق ڕێگایان پێ گرتین.

شەهید محموود هێندێک گرفتی تایبەتی ئاسایشیی هەبوو، ئەو گرفتانە کە ســـەرچـاوەکـانـیـان ڕامـیـاری بوون وای دەخوازی کە بۆ دیـفـاع لە خۆی دەمانچەیەک هەڵگرێت، بەڵام نەک لە هەموو ناوچەو شـــوێنێک، جاری پێشوو کە شەهید محموود هات بۆ ڕۆمادیی و لە گەڵ کێشە ڕووبەڕوویان کردەوە ئەو دەمانچەیە لە گەڵ خۆی هێنابووە ئۆردووگای ڕۆمادیی بەڵام کاتێک کە بانگیان کردبوو بۆ بنەکەکانی ئاســـایشیـــ حکومەتی عێراق لە ڕۆمادیی دەمانچەکەی لە ماڵێک دانابوو کە جاری دووهەم هێنایەوە، من و شەهید محموود لە پێش ئوتوبوسەکە دانیشتبووین و دەمانچەکە کە لە نێو کیســـەیەکی پلاســـتیکی لە گەڵ هێندێک کاغەزو دەفتەر لە بەرپێی خۆمـان دانـابوو لە ڕێگـادا دەســـتەی دەمـانچەکە لە نێو کـاغەزەکـان دەرکەوتبوو، ســـەربازێکی کلاو ســـوور هات تا پرســـیار لە شـــەهید محموود بکات بەڵام کاتیک کە چاوی لە بەرپێی ئێمە کرد چاوی بە دەمانچەکە کەوت کە بەگورجی کەڵەشێرکۆفەکەی ئامادەی تەقەو هاواری لە هەواڵانی دیکەی خۆی کردو چواردەوری ئوتۆبوســـەکەیان گرت و شـــەهید محموود باش عەرەبی دەزانی بەڵام من نەمدەزانی چ قۆماوە، کڵاو سوورێک پەلاماری بەرپێی ئێمەیداو کیســـەکە کە دەمـانچەکەی تێـدابوو توورِ دایە دەر، لە کۆتایی دا تێگەیشـــتم کە کێشـــە دەمانچەکەیە، پرســـیاریانکرد دەمانچەی کێتانە کە شـەهید محموود وتی دەمانچەی ئەوە، شـەهید محموودیان بە دەمانچەو وەرەقەی ساختەییەوە برد بەڵام لەو کاتەدا هێندێک لە هەواڵان لە ترســـا بە بیانوی جۆراوجۆرەوە توانیان لە گەڵ بنەماڵەکانیان دابەزن و خۆیان حەشار بدەن، دوای ماوەیەک شەهید محموود گەڕایەوەو توانیمان بەشێک لە هەواڵان پەیدا بکەین بەڵام نەمانتوانی هەواڵ ...**خانالی** لە گەڵ شـــەهید عەباس وەیسیـ بدۆزینەوە، لە ئاکامدا دوای چەند ڕۆژ هەواڵمان

پێگەیشـــت کە کاک... خانالی و شـــەهید عەباس گەیشـــتوونەتە دوو مەڵبەندی جیاوازو لە خەتەری دەســـتبەســـەر کران و گەڕاندنەوەیان بۆ ڕۆمادیی دەرچووەن.
هەموو ئەو کەســـانە کە لە ڕۆمـادیی هەڵهـاتبووین تەنهـا هێنـدێکی کەم لیباســمان لە گەڵ خۆمان هێنابوو، بەزۆریی ڕوومان لە ناوچەی زەڕەیان و عەربەت کرد، چونکە چاوەڕوان بووین کە حیزب کارێکمـان بۆ بکات تـا بنەماڵەکانمان بگەیننە ناوچەکانی ســـەربە ڕێکخراوەکانی حیزبی هەرکام بە هەر ئاســـتەمێک بێ کولانەیەک و هێندێک قاپوکەوچکمان پەیدا کرد، من منداڵەکانم لە زەڕەیان دانا کە دوای ماوەیەکی زۆر کورت بەشی زۆرمان وەک جاران ڕوومـان لە بەمۆ کردەوەو بەئەرکی پێشـــمەرگایەتی خۆمـان هەســـتاینەوە، ئەگەر دروســـت لە بیرمابێ کاتێک کە بردمانیان بۆ ڕۆمادیی کاک ســـەروان ســـابیر فەرماندەیی هێز و شـــەهید ئاغا بابازادەگان لە تەشـــکیلاتی ســـەلاس فەرماندە دەســـتە بوو، بەڵام کاتی گەڕانەوەمان کاک کەریم کاکەسووری ناسراو بە کەریم خاڵدار ببوو بە فەرماندە هێزی شاهۆ.

لەو ســـەردەمەدا لە بناری بەمۆ چەند حیزب و ڕێکخراوەیی دیکە حزوریان هەبوو کە بریتی بوون لە کۆمەڵە، جنبش ئەهلی هەق و ڕێکخراوەی مجاهیدینی خەڵک، کۆمەڵەکان تازە مەقەڕیان هێنابووە بەمۆ و لە بنگوێزو لە ناوچەکەدا شارەزاییان نەبوون کە لە سەرەتایی شەڕی براکوژی کۆمەڵەو حیزبی دێموکراتدا ناوچەکەیان چۆڵ کرد، بەڵام جنبشی ئەهەلی هەق تازەو ماوەیەکی کورت بوو کە لە ناوچەکانی کەلارو دەورەوە بە هاوکاریی هێندێک کەس لە ناوخۆی وڵات بە تایبەتی داڵەهۆ ئایدەکەی ســـەری هەڵدابوو، بەڵام ڕێکخراوەی مجاهیدینی خەڵک پێشتر لە ناوچەکەدا بوون و هاوکاریی زۆر باشـــمان پێکەوە هەبوو، ئەندامانی ڕێکخراوەی مجاهید لە زۆر بواردا ئەزموون و توانایی زۆر باشیان هەبوو بۆ نموونە دروستکردنی شێوە مینێکی دەســـتی بە کـاســـەو دەوری هەروەهـا هەڵگرتنەوەی مین کە ڕژێم بۆ پێشـــمەرگەی دادەناوە، هێندێک جاریش لە بواری پێداویســـتی هاوکارییان دەکردین بەتایبەتی لە بواری بێسم و کەرەستەیی لەو چەشنەدا.

وێرای ئەوەی کە ئەگەر هەست لە سەر ململانێ دانێن ئاکامی نەرێنی دەداتە دەست و ڕووخێنەرە بەڵام ئەگەر بەپێوڕی گەشەو لە ڕووانگەی ئاساییەوە هەنگاوی بۆ هەڵگری یان چاوی لێ بکەی هۆکاری ئەرێنی لێ دەکەوێتەوە، پێش لە گواستنەوەی ئێمە ئەو پۆلە پێشمەرگە بۆ ڕۆمادیی بناغەی تەشکیلاتی داڵەهۆ یان ئایدەی ئەو تەشکیلاتە هاتبووە گۆڕێ کە بەگوێرەی بیرکردنەوە بندە و ئیستاکە سەرچاوەکەی دەگەڕایەوە بۆ شێوە بەرنگار بوونەوەیەک یان ململانێیەکی ئاسایی هێندێک کەس لە گەڵ ڕێکخراوەی جنبش ئەهلی هەق کە یەکێک لە ئەندامانی ڕیبەرایەتی ئەو جووڵانەوە بەڕێز سەید فەرها لە سەیدەکانی ئایینی یاریی بوو، وێرای ڕاوەستان لە سەر بۆچوونەکەی خۆم بەڵام لە ڕووانگەی کەسانی دیکەوە سەرچاوەی ئەو هزرە یانی فکری هێزی داڵەهۆ دەگەڕێتەوە بۆ پێشنیاریی ڕەحمەتی کاک ئەبوو کەریمی.

بەکورتی وێرای ئەوەی کە ئیمکانی هەیە کە پێشتر کەسانی دیکە هزری وایان هەبووبێت بەڵام ئەگەر لە چوارچێوەی فکری منەوە چاو لە بابەتەکە بکەین سەرهەڵدانی جوڵانەوەی ئەهلی هەق لەو سەردەمەدا وێرای ئەوەی کە بەشێوەیەک هۆکاری ساردی پێوەندیی و هێندێک پێکدانی هزری لە نێوان ئەو ڕێکخراوەو حیزبی دێموکراتی بۆ ماوەیەک لێکەوتەوەو وەسیلەی بیرکردنەوە لە ناوچەیەک بەناوی داڵەهۆ بەدواوەهات کە دەتوانین وەک ململانێیەک باسی بکەین کە ئاکامی ئەرێنی بەدواوەهاتووە.
ئەگەر زیاتر مەسەلەکە شی بکەینەوە دەبێ بڵێم کە ئایدەیی دامەرزاندنی کۆمیتەی داڵەهۆ کە لە کۆتایی دا بە تەشکیلات و هێزی داڵەهۆ کۆتایی پێهات ئاکامی ململانێی هێندێک لە تاکەکانی یارسانی لە گەڵ سەید فەرهاد بوو، یانی ئەو ململانێ یان ئەو ناتەبایی کە لە کاتی دانانی یەکەم بەردی بناغەی جوڵانەوەی ئەهلی هەق ئەو سەردەمەدا هاتەگۆڕێ ئاکامی ئەرێنی بەدواوە هات و وەک ئەوەیی کە کۆمەڵناسانی مەکرۆ وتویانە لێکۆڵینەوە بۆ دانانی بەردی بناغەی زانست لە بواری هەڵسوکەوت و ساختارە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانی مرۆڤ شێوەی پەروەردە یان هزریی، هێندێک جار ئامانج وایە کە کاراییەکان (مهارەت) بگۆڕینەوە بەبڕیاری ڕامیاری لە

پێناو باشــکردن و دابین کردنی ئاســایشی ــ زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک یان وەرچەرخانێکی لەبارو ســیاســەتیەک بێنینەکایەوە کە ئەرێنییەتی بەدواوی خۆیدا بۆ کۆمەڵگا بێنێ، تاکەکان لە قۆناغی ئەزموونی ڕێز بۆ قۆناغی گەورە جیاوازیان هەیە کە بریتییە لە خوێندەنەوەمان لە ســەر مامەڵەو فعل و ئینفەعالاتی پرۆژە گەورەکان لە کۆمەڵگادا، مەبەســتی منیش لێرە لە باسی ململانێ ئەوەیە کە نەیارانی ســیاسی ســەید فەرهاد یان نەیارانی ئایدەی جوڵانەوەیەکی ئایینی هۆکارێک بوو تا هێندێک کەس باســێک بێننە کایەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران بتوانێ بیگۆڕێ بۆ ســیاســەتێکی مودێرن ترو گەشە هێنەر.

تـا ســاڵەکانی ١٣٦٠ و ١٣٦١هـ (١٩٨١ و ١٩٨٢ز) لە زۆر شــوێنەوە هاتووچۆ بۆ ناوخۆ زۆر کێشــە نەبوو بەڵام بە بۆچوونی خۆم لە ســاڵی ١٣٦١هـ (١٩٨٢ز) هاتووچۆ لەگەڵ زۆر کۆسپی وەک زیاد بوونی مۆڵگاکانی ســپای پاســداران بەتایبەتی زۆربی کێڵگە مینەکانی هێزە داگیرکارەکان لە گوزەرگاکانـدا هـاتووچۆیی بۆ هەمووان لە گەڵ کۆســپی گەورە ڕووبەڕوو کردەوە، لەو ســەردەمەدا ڕادەی چەکدارەکانی ســەر بەحکومەتی عێراق کە پێکهاتبوون لە کوردانی ئاوارەی ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان لایەنگران پادشایەتی کە سەربە سەردار جاف بوون زۆر کەم ببوونەوەو نەیاندەتوانی وەک جاران هاتووچۆی ناوخۆ بکەن.
پێش لە کۆچدانی ئێمە ئەو پۆلە پێشـمەرگە بۆ ڕۆمادیێ وێڕای بوونی مینێکی زۆر کە لە لایەن هەردووک وڵاتی ئێران و عێراقەوە چانـدرابوون زۆربەی ڕۆژەکـان حکومەتی ئێران لە ڕێگای تۆپ و قومپـارەی دوورهـاوێژەوە لە بانەدارو شێخسێڵەوە بنەکەکانی ئێمەی لە بناری بەمۆ لە شوێنێک بەناوی باخـان بەتووندی گوڵلە باران دەکردو ژیانی پێشــمەرگەی زیاتر لە گەڵ ئاســتەم ڕووبەڕوو دەکردەوە، مەقەڕی ئێمە لە گەڵ مقەڕی تاوگۆزییەکان لەپەڕەوە ڕوو لە لای دژمنەوە هەڵکەوتبوون کە لە گەڵ ئـاســتەمی زیـاتر ڕووبەڕوو بووین و هەموو ڕۆژێـک دەبوو بەیـانی زوو هەســتین و لە حەشارگاکانماندا بەرچایی بخوێن، لە ئاکامدا مەقەڕێکی دوورترمان لە خۆمان لە بەرزایی ســەرەوەی قەمەکـان دروســتکرد کە بەزۆری بەشــەوان پێشــمەرگەی لێ دەبوو، وێڕای ئەوەیی کە لە گەڵ دژمنی پۆشــتەو پرچەک

هاوماڵ بووین ئەوندە بەئیمان و هەستی بڕوا بەخۆبوونەوە دەژیانو خەباتمان دەکرد کە گرنگی ئەو تۆمان بەو هەموو هێزەی دژمن لە تەنشت خۆمان نەدەداو قەت بیرمان لەوە نەدەکردەوە ئەگەر هێرش بکەن ئێمە دەشکێن یان دەمانکوژن بەڵکو هەمووکات بەپێچەوانەکەی بیرمان دەکردەوە.

لە ساڵی ۱۳٦۰هـ (۱۹۸۱ز) بەملاوە زۆر لە لایەنگرانی حیزب بەناوی هێزی بەرگریی لە کەمپەکانی دسکەرە، عەربەت و دەورە دەهاتن بۆ هاوکاری و هاویاریی پێشمەرگە کە بەهۆکاری جۆراوجۆرەوە بەشی ئێمەی سارەوەن زیاتر دەکەوت کە من لە لایەن هەموو پێشمەرگەکانی ئەو سەردەمەیی سارەوەنەوە سپاسی هەستی خۆشەویستی ئەو لایەنگرانەی حیزب دەکەم.

جارێک چەند لایەنگر هاتبوون بۆ هاوکاریمان کە یەکێکیان کەسێک بوو بە ناوی ڕەوف مەسعوودی کە هێندێک کەس بەمەلاو هێندێک کەس بە ڕەوف بەگ دەیناسن، عەبدوڵلا مسعوودی کوڕی مەرحومی مەلا ڕەوف بوو کە لە تەمەنی زۆر منداڵییەوە هاتبووە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبەوە لە تەشکیلاتی سەلاسی باوەجانی و چونکە خزمایەتی لە گەڵ من بوو دایانە لای ئێمە کە منیش بەشێوەی تایبەتی لە گەڵ کوێخا حەمەعەلی شەروێنەیی (جوانڕۆیی) کە ئەویش زۆر بەتەمەن بوو لە ژوورێکدا جێگام دابوون، هەردووکیان یەکێک بەهۆکاری کەمی تەمەن و ئەوی دیکەیان بەهۆی زۆریی تەمەنەوە جێگای سەرەنجم بوون.

هەستی ئەمەگناسی و ڕێزگرتن وا دەڵێت چونکە ناوی مەرحومی کوێخا حەمەعەلی شەروێنەییم هێناوە ڕوونکردنەوەیەک لە سەر بەڕێزیان بۆ خوێنەر بەپێویستییەکی گرنگ دەزانم، بەڵام بەداخەوە کە لە سەر بنەماڵەو کەسوکاری مەرحومی کوێخا حەمەعەلی زۆر شتێک نازانم، هەروەها بەپێویستی نازانم لەو بوارەدا بەدوای زانیاریدا بگەڕێم، کوێخا حەمەعەلی کاتێک کە من ڕاستەوخۆ پەیوەست بووم بە تەشکیلاتی سەلاسەوە بەڕێزیان لەوێ بوو کە لە ئاکامدا خۆی گواستەوە بۆلای ئێمە، مرۆڤێکی زۆر بەتەمەن بوو کە لە کێشکدان ئازادمان کردبوو، کوێخا حەمەعەلی نەخوێندەوار بوو بەڵام بەبڕوایەکی زۆر قوڵی نەتەوایەتییەوە ئامادەی فیداکردنی دڵۆپەکانی خوێنی بوو کە زۆر ڕێزمان لێ دەگرت و تا من لەو تەشکیلاتەدا بووم ئەویش لای ئێمە مایەوە بەڵام بیستم کە لە کۆتایی دا

گەڕاوەتەوە بۆ جوانرۆ و هێندێک کەس گاڵتەیان پێکردووە یان بە گاڵتەوە پرسـیاری ئەوەیان لێ کردووە کە چەندە خودمختاریت وەرگرتووە کە ئەویش بەگوێرەی توانی خۆی و زۆر بە توندی وەڵامی داونەتەوە، ڕۆحی شادو یادی بەخەیر بێ.

درێژەی باسـەکە: ڕۆژی یەکەم کە مەلا ڕەوف هات وەزع زۆر ئارام بوو، شەو پێشمەرگەیەک بەناوی حەسەن ڕەحمانی (حەسەنی ڕەحمانی مەیتاو) هات بۆ ئەو ژوورە کە منی لێ بوو و وتی مێش هەنگێکم بیناوەتەوە کە لە پشـتی ئاوایی چۆڵەکەی قەیتوولە ئەگەر ئیجازەیی هەبێت بەیانی زوو بەر لەوەیی ڕووناکی ناوچەکە ڕوون بکاتەوە هەنگوێنەکە دەردەهێنێت، وتم باشە بەڵام کەسێکی دیکە لە گەڵ خۆت ببەو ئاگاداری خۆتان بن.

بەیانی زوو وەک جاران هەسـتاین بیناماـن کە لە گەڵ مەرحومی مام ئەولکەریم ڕۆستەم خەڵکی باوەجانی و سـەربە هۆزی قۆچاڵی هەنگوێنێکی زۆریان دەرهێناوە، کەپرێکمان لە تەنشت حەشارگایەک دروستکردبوو لەو کەپرەدا بەرچایمان دەخواردو بەڵام کاتێک کە قومپارەو تۆپەکان دەهاتن زۆر بەگورجی خۆمان دەکرد بە حەشارگاکاندا،

ئێمە بەجوانی ئاگاداری وەزعەکە بووین و بەیانی خۆمان گەیاندە کەپرەکەو بەشـە هەنگوێنی خۆمـان خوارد بەڵام مەلا ڕەوف نوێژی دەکردو تـا دەزنوێژی گرت هێنـدێـک وەدرنگ کەوت، دەسـتی برد تـا یەکەم تیکە بخوات کە قومپارەیەکی ١٢٠م لە تەنشـت کەپرەکە وەبر زەوی کەوت، هەڵهاتین بۆ حەشـارگاکان و ڕەوفم لە گەڵ خۆم برد، حەشـارگاکەیی ئێمە لە ژێر گا بەردێکی زۆر گەورەدا بوو، کاتێک کە قومپارەکان دەیاندا بەسـەر حەشـارگاکەدا یان لە تەنشـتی دا وەبەر زەوییەکە دەکەوتن مێشـکی مرۆڤ دەنگی دەدایەوە، لە حەشارگاکەدا بە پێشمەرگەیەکم وتم زەحمەت بکێشەو بـڕۆ نـانەکەی مەلا ڕەوف بـێـنە بـا بـیخـوا، ڕەوف وتی نـاخـۆم تـاڵە، پێشمەرگەکان پێکەنین و مەلا ڕەوف وتی ئیجازەم بدەن بڕۆمەوە شەرت بێ هەرگیز نەگەڕێمەوە بۆ بەمۆ، مەلا ڕەوفمان ناردەوەو هەگیز نەگەڕایەوە بۆ بەمۆ.

مەبەست لەم گێڕانەوە دۆخی ئاستەمی ئەو سەردەمەی ژیان پێشمەرگەکانی تەشـکیلاتی سـەلاس بوو کە لە ڕووانگەی خۆمەوە لەم سـەردەمەدا زۆر بەکەمی ئەو بڕواو ئیمانەو دەسـتدەکەوێت، هێندێک جارێک لە کاتی

پێویستدا دەچووین بۆ چاودێری ناوچەکە، جاروبار بۆخۆم دەڕۆیشتم و کاک س... کە ناوبانگیم لە بیرکردووە لە گەڵ خۆم دەبرد، کاک س...لە باری ئایینییەوە سەر بە ئایینی یاریی و خەڵکی بناری داڵەهۆ و مرۆڤیکی زۆر ڕێزدارو خۆش مەشرەب بوو، هەروەها هۆرە چڕێکی زۆر باش و کاتێک کە خۆم چووبام ڕاست دەڕۆیشتمە پشتی مۆڵگەکەی باخی سەیدخان و داوام لە کاک س... دەکرد تا هۆرە بچڕێت، کاتێک کە کاک س... دەستی دەکرد بە چڕینی هۆرە یەکێک لە چەکدارەکانی ئەو مۆڵگە بۆی دەسەندەوە یانی ئەویش دەستی دەکرد بە چڕینی هۆرە.
بۆ ئەوەیی کە زۆر درێژدادرێ نەکەم دەڵێم ئەو هەموو تۆپ و قومپارە بارانە وێرای ئەوەیی کە کارتێکردنی لە سەر ئاستی خەبات دانەنا زیانی گیانی زۆری نەبوو بەڵام بەداخەوە کە دوای گەڕانەوەمان لە ڕۆمادیی هەواڵی ڕێزدارو ئازیز عەولەزیز محەممەدی خەڵکی تاوگۆزی شەهید کرد، ڕۆحی شادو یادی بەخەیر.

لەو چەند مانگەیی دووری ئێمەدا باری عەمەلی هێزی داڵەهۆ زیاتر گەشەیی کردبوو بەڵام هەروەک لە سەرەوە هاتووە لە ناوچەی ئێمە لە زۆر بواردا ئاستەنگ بۆ ڕۆیشتن بۆ نێوخۆ دروست ببوو، پێش لە هاتنەوەی ئێمە لە ڕۆمادیی بەهاوکاری و چاوساخی شەهید عەلی بابەخانی ناسراو بە عەلی حەمەخان کە سەربە عەشیرەتی باوەجانی و پێشتر دانیشتوویی یەکێک لە ئاوایەکانی پشتی گارێ بەناوی کانی ڕەش بوو لە گەڵ کەسانی دیکە ئاسانکاریان کردبوو بۆ بردنی هێزی پێشمەرگە بۆ داڵەهۆ.
شەهید عەلی کە پێشتر یەکێک لە پێشمەرگە بە تەمەن و بە ئەزموونەکانی پەلی سارەوەن بوو کاتی ڕۆیشتنی ئێمە بۆ کەمپەکانی باشوور بە مەبەستی کۆچدانمان بۆ ڕۆمادیی ئەوە وتی کە منداڵەکانم گەورەن و لە ژێر چاودێری براو خزماندایەو پێویستیان بەو نەماوەو ناگەڕێتەوە بۆ کەمپەکانی باشوور، مەبەستم ئەوەیی کە مانەوەی شەهید عەلی بابەخانی لەو کاتەدا دەبێت وەک دەستکەوتێک ئاماژەی پێ بکەین چونکە شەهید عەلی شارەزاییەکی باشی لە ناوچەکەدا هەبوو، هەروەها لە باری فیکری و سەربازییەوە مرۆڤێکی زۆر جێکەوتوو بوو.

کاتێک کە ئێمە گەڕاینەوە کاک کەریم کاکەسووری ناسراو بە کەریم خاڵدار بووە بە فەرماندە هێزی شاهۆ کە ماوەیەکی کورت دوای هەڵهاتنی ئێمە لە ڕۆمادیی ئەو لە گەڵ تیمێک پێشمەرگەیی هێزی شاهۆ و هەواڵانی سەربە کۆمیتە یان تەشکیلاتی داڵەهۆ کە هێشتاکە کارو چالاکییەکانیان هەر لە چوارچێوەی تەشکیلاتی سەلاسی باوەجانی و هێزی شاهۆدا بوو بەچاوساخی شەهید عەلی بابەخانی و چەند کەس لە هەواڵانی سەربە ناوچەی داڵەهۆ ڕۆیشتبوون بۆ داڵەهۆ بۆ ڕەسمییەتدان بە دامەرزانی بناغەیی تەشکیلاتی داڵەهۆ، تەشکیلاتی سەلاسی باوەجانی سەربە هێزی شاهۆ و کاک کەریم خاڵدار کە فەرماندە هێزی شاهۆ بوو تا ماوەیەک وێرای فەرماندەیی هێزی شاهۆ بەرپرسی کۆمیتەی یان تەشکیلاتی داڵەهۆشی لە ئەستۆ گرتبوو و لەو بوارەشدا چالاکی دەکرد.
بەگوێرەی وتی وتی هێندێک لە بەرپرسانی حیزبی لەو سەردەمەدا لە گەڵ هێندێک لە ئەندامانی کۆمیتەی شارستانی هەورامان نەیاری چوون بۆ داڵەهۆ بوون و ئەو کارەیان بە کردەوەیەکی لەبار پێناسە نەدەکرد، کاک کەریم کە ئیستاکە دەتوانین وەک بەرپرسی هێزی شاهۆ و تەشکیلاتی داڵەهۆ ناوی بێنین جاری یەکەم بۆ ماوەیەکی هێندێک درێژخایان لە داڵەهۆ مایەوە، زۆر کەسی دیکە هەرکام بەپێوەری توانی خۆیان کارتێکردنیان هەبووەو بەشداربوون بەڵام وێرای ئەوەیی کە ناوی شەهید عەلی بابەخانیم وەک کەسێک بە ئەزموون و شارەزا هێنا نابێت چاوپۆشی لە شارەزایی و ڕۆڵی مامەنەزەر کە ناوبانگەکەیم لە بیرنەماوە لە گەڵ کەسانی دیکە بکەین و بۆ ئەوەیی کە هەمووشتێک بەگوێرەی ئیمکان و تا ڕادەی پێویست وەک خۆی باس بکەم دەبێت ناوی چەند کادری وەک مەرحومی ئەبو کەریمی، کاک فەیسەڵ ئێراندۆست و کاک محەممەد نەزیف قادری بێنم چونکە ئەوانیش لەو کاتەدا لە جاری یەکەمدا بەشدارو لە داڵەهۆ بوون.
لەو سەردەمەدا کە بۆ من سەردەمی داڵەهۆ بە سەردەمێکی زێرین پێناسەی دەکەم وێرای ئەوەیی کە دۆخ لە نێوان سنووری پێشمەرگەو ڕژیم دا بەهۆکاری مین و مۆڵگەوە زۆر خراپ بوو لە ناوخۆ کێشەیی بەسیجی و چەکداری بۆ ڕژیم ئاستی گرتبوو بەڵام مەسەلە نەتەوایەتی بەشێوەو ڕووانگەی جیاوازەوە لەو گوڵەزەوییەدا بۆ ماوەیەک گوڕو تینێکی تایبەت بەخۆی هەبوو، خەڵکی ناوچەکە بەهیواو هۆمێدەوە هاوکاریان دەکرد کە

وێرای ئەوەیی کە ناتوانم هەموو بابەتێک وەک خۆی باس بکەم لە هەمان حاڵدا ئیمکانی چاوپۆشیکردن لە هەموو شتێک نییەو هێندێک خاڵ لێرەو لەوێ دێتەکایەوە.

سیاسەتی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات وەهابوو کە ناوچەکە چۆڵ نەکات و بە بەردەوامی لەو ناوچەدا حزوری هەبێ بەڵام کاک کەریم خاڵدار لە گەڵ ئەو تیمە پێشمەرگەی هێزی شاهۆ لە گەڵ شەهید عەلی محەممەدی دەگەڕانەوە کە لاواز بوونی باری تەشکیلاتی لێ دەکەوتەوەو هۆکارێک بوو تا بڕیاری ناردنی تیمێک لە پێشمەرگەکانی تەشکیلاتی سەلاسی باوەجانی بەدواوە بێت.
کاتی گەڕانەوەمان بۆ بەمۆ بۆ تەشکیلاتی سەلاس دیسان لە هەمان مەقەڕی پێشوویی خۆمان بەناوی بنەکەی سارەوەن جێگیر بووینەوە کە ڕۆژێک شەهید محموود کلاشی ناسراو بە محموود دێموکرات بەرپرسی تەشکیلاتی سەلاس و شەهید ئاغا بابەزادەگان فەرماندە دەستە هاتن بۆلامان و بابەتەکەیان لە گەڵ من هێنایەگۆڕێ کە دوای خواردنی چایەک و باس لە سەر چۆنیەتی ڕۆیشتن بەو ئامانجە گەیشتم کە وێرای ئەوەیی کە ئەو چەند کادرەی هێزی شاهۆ کە لە سەرەوە ناویانم هێناوە لە داڵەهۆ دەمێننەوە هێندێک کەسی دیکە وەک کوێخا کاکەخاس یادی بەخەیر و ... لە داڵەهۆ هەن و لە گەڵ فەرماندە هێز کاک کەریم خاڵدار چاوەڕوانی ئێمە دەکەن بەڵام بۆ ڕۆیشتن لە بەمۆ تا **گردەکانەکوێرە** و **سەراوی قەڵا** دەبێ تەنها بەبڕوا بەهێزو شارەزایی خۆمان بڕۆین کە کارێکی ساکار نییە چونکە مەودایەکی زۆرەو ئێمەش وێرای ئەوەیی کە نزیک چوار مانگە زانیاری ئەوتۆمان لە سەر ناوچەکە نەماوە بەشێکمان لە باری جەستەییەوە ڕادەی ئامادەگییەمان هاتووەتەخوار چونکە ماوەیەکی زۆرە کە ڕێگای زۆر و سەختمان نەکردووەو ئیمکانی جەمام بوونمان هەیە بەڵام تەنها بژاردەی موجودو لە بار ئێمەین.

با لە سەرەتادا ئەوە ڕوون بکەمەوە کە لە هەموو بوارەکانی ژیانمدا، چ لە کاری تایبەتی و چ کاری ڕامیاریدا هەستی ئەوەیی کە هەوڵ بدەم تا پلەو پایە بەدەست بێنم وجودی نەبووەو ئەگەر بەرپرسیاریەتیم وەرگرتبێ شتێکی

نەخوازراو یان پێشـنیاری بووە، پیش لە ڕۆیشـتنی ناچاری بۆ ڕۆمادیی لە کاتێکدا کە تەشـکیلاتی سـەڵاسی باوەجانی گەشـەیی کردو لە دەسـتەوە گەیشـتە لک و ئیسـتاکە لە بیرم نەماوە و نازانم ڕەحمەتی کاک عەنایەت حوسـێنی یان شـەهید عێزەت ئەحمەدی بوو کە لە گەڵ شـەهید محموود کلاشی کە بەرپرسی تەشـکیلاتی سـەلاس بوو هاتن بۆلام و پێشـنیاری بەرپرسی دەسـتەی شـەهید جهانگیریان لە گەڵم تاوتۆ کرد کە بەگوێرەی هێندێک پرینسـیپی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی حیزبی پێشـنیاری ف-م هێنایە گۆڕێ کە وێرای شـیکردنەوە بۆچوونەکەم لە گەڵ پێشـوازی ڕووبەڕوو بووەوە بەڵام ئەو پێشـنیارەیی من لە گەڵ دژایەتی عەلی قەزاوەتی کە ئەوکات بەرپرسی پۆلێک لە پێشـمەرگەکانی ناوچەی تاوگۆزی و دەسـتەیەردی بوو ڕووبەڕوو بووەوە کە لە کۆتایی دا قەزاوەتیان کرا بە سەردەستەی دەستی شەهید جهانگیرو ف-م بوو بەجێگری.

پێشـنیاری ف-م لە کۆتایی دا لە هێندێک بواردا لە گەڵ ڕەخنە ڕووبەڕووی کردمەوە کە ڕۆخنەکانم بە دڵ قبووڵ دەکرد، لە ڕاستیدا هەردووک کەس بەگوێرەی هێندێک پرینسـیپی سـەربازو ڕامیاری بۆ ئەو کارە کەموکوڕی بەرچاویان هەبوو بەڵام لەو کاتەدا باشترین بژاردە یان پێشنیار هەمان شت بوو.

وێرای ئەوەیی کە ئەو بەرپرسـیارەتیم قبووڵ نەکرد وەک بەرپرسی پەلی سـارەوەن کە هێندێک کەسی باش، بەتوان و ڕێکوپێکی لێ بوو مامەوە لە زۆربەی بڕیارەکانی پێویسـتدا جێگای پرسـیارو بەچاوی ڕێزەوە مامەڵەم لە گەڵ دەکراو جارێک شەهید عێزەت ئەحمەدی کە فەرماندەیەکی لێهاتوو و فەرماندە لکی ئێمە بوو زۆر بەڕاشـکاوی ڕایگەیاندو وتی کاتێک کە تۆمان لە گەڵ بێ خۆم بە بەرپرس نازانم، یانی دەمهەوێت بڵێم وێرای ئەوەیی کە بۆ خۆم مرۆڤێکی ناچالاک و لە دەرەوەیی لۆژیک نەبووم وێرای چاوپۆشیکردن لە کەموکوڕییەکانی دیکەی داهاتوو لە هەڵوێسـت و هەڵسـوکەوتی بەرپرسـانی سـەرەوەی خۆم زۆر ڕازیم و لەو ماوەیەدا کە لە حیزبدابووم سێ فەرماندە هێزم بیناوە کە وێرای کورتی دیدارو چاوپێکەوتنەکان هەرسـێک بەڕێز بەچاوی ڕێزەوە لە گەڵم جوڵاونەتەوە، ئیسـتاکە دوو کەس لەو فەرماندە هێزانە بە ناوەکانی کاک سـەروان سـابیر و کاک کەریم خاڵدار لە

دەرەوەی وڵاتن و پێوەندیمان پێکەوە هەیە، لە بەمۆ ئەوندە دەزانم کە وەک بەرپرسێکی سەربازی سەربە هێز ڕوو لە داڵەهۆ دەکەوم.

با ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە وێرای ئەوەیی کە هێشـــتاکە هەر بڕوام بەوە نییە کە کەســـایەتی مرۆڤەکان لە پلەو پایەدا دەســـتەبەر دەبێ بەڵام دەڵێم ئەوکات هەڵەم کرد کە بەشداری ئەو ئاڵوگۆڕەم نەکرد، بەدڵنیاییەوە دەڵێم کە بوونم بە ســـەردەســـتە یان جێگری دەســـتە لە حاڵەتی ئاســـایی دا گەشـــەهێنەر دەبوو، بەڵام دوو لایەنی نەرێنی دیکەو جێگای وردبوونەوە وجودیان هەبوو، بۆ نموونە بەڕوونی دەمزانی کە ئەگەر بەشـــداریم کردبا ف-م خۆی بەدۆڕاو دەزانی و دوای مـاوەیەک لە حیزب دەڕۆیشـــت، ئەگەریش کەســـێک بووایم کە گرنگیم بە مەســـەلەی کۆمەڵایەتی و خزمـایەتی نەدابـاو فـاکتەرە ڕامیـاریی و کۆمەڵەیەتییەکـانم وەلانـابـا بە دڵنیاییەوە عەلی قەزاوەتی کێشـەی دروسـت دەکردو ڕازی نەدەبوو چونکە باری عەشیرەیی بەهێزبوو، وێرای ئەوەیی کە من کێشەیەکم لە گەڵ جێگری نەبوو بەڵام بەڕوونی دەمزانی کە نـاتوانین یەک دەنـگ و یەک ڕەنـگ بین چونکە دوو مرۆڤی زۆر لە یەک جیاواز بووین، بەکورتی باشـــترین بژاردە بوونی عەلی قەزاوەتی بە بەرپرس و ف-م بە جێگری بوو چونکە لە زۆر بواردا وەک یەک بوون.
ئەگەر ف-م لە حیزب ڕۆشـــتبا ئیمکانی بوو کە دوو پێشـــمەرگە لە گەڵی ڕۆشتبان بەڵام ئەگەر عەلی قەزاوەتی ڕۆشتبا کە دووایی ڕۆیشت ڕادەیەک پێشـمەرگە لە گەڵی دەکەوتن، ئەم ئاڵوگۆڕە پێش لە بارکردنمان بۆ ڕۆمادیی ڕوویدابوو.

گەڕانەوە بۆ سەر بابەتی سەرەکی: بڕیارم دا کە ئەستۆداری سەفەرەکە بم و شـەهید محموود و شـەهید ئاغە وتیان ئەوەیی کە لە دەسـتی ئەوان بێ لە باری چەکو پێداویســـتییەکانی دیکەی ســـەربازی هاوکاری دەکەن، لەو سەردەمەدا ڕادەیەکی زۆر کەم لە پێشمەرگە کۆنەکانی سارەوەن و بنکەکانی دیکە کە بۆ من نـاسراون مەوجود بوون، دوای یەک دوو ڕۆژ لیســـتی هێندێک پێشـــمەرگەیان بۆ هێنام کە بەشـــێکیان تازەو نەناسراو بوون کە چەند کەســـیانم بۆ هاوڕێی و هاوکاری خۆم هەڵبژاردو ئەو پێداویســـتییانە

وەک چەک و بێسـمی گرووپی و هتدم... کۆکردەوەو خۆمان ئامادەی سـەرفەر کرد کە بەمەبەسـتی کاری تەداروکاتی لە ناخۆ یان هاوکاری دیکە تەشکیلات سـەلاس پێشنیاریانکرد کە شـەهید عادل عەبدوڵلاهی لە گەڵ خۆمان بەرین هەروەها بۆ پێوەندی گرتنی تەشـکیلاتی تازەو لە حاڵی گەشـەپی داڵەهۆ و ڕێکخراوەکانی سـەربە هێزی شـاهۆ لە داڵەهۆ پێویسـتییەکی گرنگ بە بێسـیمی پێ ئارسی (گەورە) هەبوو ئەوکات لە تەشکیلاتی سەلاسی باوەجانی دا دوو شارەزای ئەو شێوە بێسیمان حزوریان هەبوو کە شادڕەوان و ڕێزدار حەسـەن حاجی عەلیزەمان خەڵکی سـەرپێڵی زەهاو بە ناوی خوازراوی هەڵمەت دیاریکرا، بێسـیم لە داڵەهۆ بوو کە کەسێکی شارەزای دیکە سەربە هێزی شاهۆ کە لە گەڵ فەرماندە هێز بوو کارەکانی پێ ڕادەپەڕاند، بەکورتی ناوی هەڵمەت`ی ڕەحمەتی (حەسـەنی حاجی عەلیزەمان خەڵکی سـەرپێڵی زەهاو) و شـەهید عادلمان بەو تیمە زیادکرد.

دوای چەند ڕۆژ لێکۆڵینەوە لە سـەر دۆخی ناوچەکەو هەڵبژاردنی گوزەرگاو مەسـیری گەیشـتین بە یەکەم ئاوەدانی لە بناری داڵەهۆ یانی یەکەم ئاوایی یارسان هەموو ئەو تیمە پێشمەرگە کە دەبا سەفەرمان کردبا ئاگادار کردەوە کە ئامادەگی ڕۆیشتنینان هەبێت.
مەرحومی میرزا ئەولکەریم میرزایی لە ناسراوانی باوەجانی ماوەیەکی پێش هاتبووە سـەرو ئەویش وەک کەسـانی دیکە لە بنەکەکەپی تەشـکیلاتی سـەلاس لە سـەرەوەی هەموو مەقەڕەکانی هێزی پێشـمەرگە نزیک لە بنی مایی بەمۆ کاری کادری دەکرد کە ئاگاداری ڕۆیشـتنی ئێمە ببوو، هات وتی منیش لە گەڵ خۆت ببە، وێرای ئەوەپی کە ڕێزی میرزا ئەولکەریمم دەگرت بەڵام زۆر بەڕاشـکاوی وتم ئیمکانی نییە چونکە ڕادەی پێشـمەرگە زۆرەوە تەداروک ناکرێت بەڵام ڕازی نەبوو لەو کەینوبەینەدا شـەهید محموود هات تا بزانێ چ دەکەم و میرزا ئەولکەریم باسی پێشـنیاری خۆی و وڵامی ڕەدی بندەی بۆ گێڕایەوەو داوای لە شـەهید محموود کرد کە لە ڕازیکردنی من هاوکاری بکات، شەهید محموود وتی بۆ نایبەیت میرزا ئەولکەریم هەم لە ناوچەکە خەڵک دەناسێ بەتایبەتی لە ناوچەی باوەجانی شارەزایی زۆری هەیە و یاریدەرێکی باش دەبێت، ڕاسـتییەکەم بۆیان باسـکردو وتم میرزا

ئەولکەریم کێشی- لە سەرەو ناتوانێ ئەو ڕێگا ئاستەمە لە گەڵ ئێمە کە لە ڕێکردندا زۆر خێراین هاودەنگی بکات و لە ڕێگادا لە گەڵ کێشەی ماندوویی ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە ناچار دەبم کە لە گەڵ چەند پێشمەرگەوە بیگەڕێنمەوە، میرزا ئەولکەریم وتی کاکە بە شایەتی مەحموود بەگ و ئەم پێشمەرگانە لە هەرلایەک کە پەکم کەوت بەتەنهایی بجێمهێڵە بۆ خۆم دەگەڕێمەوە.

بەڕوونی دەمزانی کە ناتوانێ لە گەڵ پێشمەرگەی ئەو سەردەمە کە وەک ئاسک هەڵدەهاتن بڕوات بەڵام بەباشم نەزانی زیاتر نیگەرانی بکەم و وتم باشە وێرای ئەوەیی کە داواکارم زیاتر بیر لە بڕیارەکەت بکەیەوە ئەگەر لە سەر بڕیارەکەت سوور بوویت بەگورجی خۆت ئامادە بکە بۆ ئاگاداریت سبەێنی شەو سەفەرەکەمان دەستپێدەکات کە وتی هەر ئیستا ئامادەم.

نزیکترین ڕێگا دوو گوزەرگا بوون بۆ ڕۆیشتن **ئەزگڵە،گاڕێ** و **داڵەهۆ** کە یەکێکیان لە بناری مای بەمۆوە لە پشت مۆڵگەی **سوورمەر**و باخی سەیدخانەوە تێدەپەڕی تا دەگەیشتیە داوێنی **قەڵاگەوری** و لە **دۆڵی کانی پێلاییەوە** لە نێوان پایگای عێراق لە پشتی **قەلانی کوڵگ** و پایگایی باخی سەیدخانی ئێرانەوە ڕوو لە ئەزگڵە تێدەپەڕی، ئەم گوزرگا هێندێک زیاتر مەترسیداربوو چونکە ناوچەیەکی چڕو زۆر جار کەمینی ئێرانی لێ بوو بەڵام هێشتاکە مینگوزاری نەکراوە، کاتێک بە سلامەتی لەو مەودای بینی پایگای دوو وڵات تێپەڕت دەکرد خەتەر کەمتر دەبووەوە کە من ئەو ڕێگایەم زۆر بەباشتر دەزانی.

گوزرگایی دووهەم دەکەوتە داوێنی مۆڵگاکەی تەپەیی سوورمەرەوە لە نێو مینەکانەوە لە پشتی ئاوایی چۆلەکەی سوورمەرەوە ڕوو لە ئاوایی چۆلەکەی کۆرەیی دەڕۆیشت، کاتێک کە لەو ڕێگایەوە ڕۆشتباین سیمی نێوان دوو مین کە پێشتر چارەسەرمان کردبوو دەکردەوە کە دوای خۆمان سیمەکەمان وەک خۆی دەبەستەوە بەڵام هێندێک جار هەنگاومان بەسەر سیمەکەدا دەناو دەڕۆیشتین.

ئەو ڕۆژە کە بڕیارە شەوەکەی سەفەر بکەین داوام لە سێ (٣) پێشمەرگە کرد تا پێش لە ڕووناکی ڕۆژ بڕۆن و لە پشتی باخی سەیدخان تا شەوەکەی

دیکە کە ئێمە دەگەین بەوان ناوچەکە لە ژێر چاودێری بگرن و کاتێک کە ئێمە بەوان گەیشتین بگەڕێنەوە بۆ مەقەڕەکانی خۆمان لە باخانی بەمۆ.
هەر سێ پێشمەرگە لە پێشمەرگە کۆنەکانی سارەوەن و شارەزای شوێن و ناوچەکە بوون، بەیانی زوو ڕۆیشتبوون کە منیش چاوەڕوان بووم لە شوێنی دیاریکراو ئەوان ببینم چونکە بڕیارمان وابوو بەڵام شەوەکەی کە کەوتینە ڕێگا ئەوانم لە نزیک موقەڕەکانی خۆمان لە شوێنێک بەناوی کانی تاوگەکە بینی کە زۆرلام سەیر بوو، پرسیارم کردو وتم لێرە چ دەکەن، شتێک ڕوویندەداوە کە لە وەڵامدا وتیان هیچ ڕوویندەداوەو لە شوێنی دیاریکراو بووین بەڵام کاتێک خۆر داکەوت هاتینەوە، چونکە هەر سێ کەسیانم دەناسی وەڵامەکەیان بۆ من جێگای پرسیارەو ناتوانم ڕیسک بکەم یان بەگیانی تیمێک پێشمەرگەوە یاری بکەم، وتم وێرای ئەوەیی کە سەفەرەکەتان لە گەڵ کێشە ڕووبەڕوو کردەوەتەوە ئێوە بەگەڕێنەوە بۆ بنەکەو منیش بیر لە شێوەی ڕۆیشتن دەکەمەوە.
دڵنیابووم کە ترساون و لە تاوگەکە دوورتر نەڕۆیشتوون لە ئاکامدا ناچاربووم تا ڕێگاکە بگۆڕم بۆ گوزەرگای دووهەم کە دەکەێتە نێوان مۆڵگەی تەپەی سوورمەر و ئاوایی چۆڵەکەی سوورمەر یانی بەنێو مینەکاندا.
لاموایە کە ناوەڕاستی مانگی سێهەمی وەرزی بەهارە، بەمۆ یەکپارچە بووە بە گیاو سەوزایی، گیاو قەلاس دەگات پژوێنگەی، وەرزی گیاگەنانەو هەوا گەرمی کردووە، دوای ڕۆیشتنی ئەوان کەوتینە ڕێگا، نزیک بە ٢٠ دەقیقە ڕێمانکرد کاتێک کە گەیشتنە دۆڵەکەی داوێنی مۆڵگەکەی تەپەی سوورمەر میرزا ئەولکەریمی ڕەحمەتی داوای لێکردم کە پشوویەک بدەین تا ئەو سیگارێک دەکێشی-، وتم بەڕێز میرزا ئەولکەریم شتی وا ئیمکانی نییە چاو لەو پادگانە گەورەیە بکە، وتی باشەو دیسان کەوتینە ڕێگا، لە نزیک مینەکان وتی زۆر ڕاستت وت لێرەولا ناتوانم و ماندوو بووم، جا پرسیارم کردو وتم دەڵێیت چ بکەم، وتی تا دەرنگ نەبووە بۆ خۆم دەگەڕێمەوە بو مەقەڕەکان، وتم باشە مانگەشەوە لێرە ڕادەوەستین تا دەگەیتە بەرزاییەکەی نێوان قەمەکان و تاوگەکە، دوای ماوەیەک لە ڕۆیشتن بەردەوام بووین و چونکە بۆ خۆم چەند متر لە پێشەوە بووم مینەکانم بینایەوەو وەستام تا هەمووان گەیشتن، بۆ خوم لە پێشدا هەنگاو بەسەر سیمی مینەکەدا ناو

پێشـــمەرگەکان یەک بەیەک بەشـــوێنمدا، لە خەتەری مین و مۆڵگەکە تێپەڕمانکرد.

چەکەکەم کەڵەشێرکۆفێکی سیخۆی مزەلی دوولاقە کە فیشەکەم بردوەتە لولە بەڵام کاتێک کە هێندێک لە خەتەری کەمین دەرچووین زامنم کردو لاقەکەیم تا نیوە شـــکاندەوەو لە شـــانم کرد، ســـەرمان بردە دیاری ئاوایی چۆڵەکەی کۆرەیی سەربە عەشیرەتی قوایی، هەروەک لە سەرەوە باسمکرد مانگەشەوەو کاتێک کە سەرەوخوار بووینەوە ڕوو لە سەرەوخوارەی ئاوایی چۆڵەکی کۆرەیی بەهۆی دۆخی تـایبەتی ئەو گوڵە زەویی و خۆرەتـاو بوونی شـــوێنەکەوە هەموو گیاکان وشـــک ببوون، کاریکی زۆر لۆژیکیانەم کردو بە پێشـــمەرگەکانم وتم تا لە چەمی ئەزگڵە تێدەپەڕین من لە پێشـــەوە دەبم و تەنها کاکەولا محەممەدی نزیک بە ٢٠ تا ٤٠ متر لە دوای منەوە دەبێت بەلام با فاسیلەی ئێوە لە گەڵ کاکەولا نزیک بە ٥٠ متر بێت.
ڕەحمەتی کاکەولا محەممەدی مرۆڤێکی ئازا، جێگای بڕواو نەترس بوو کە تا سـەردەمێک کە بڕوایان لێ نەسـەندەوەو لە حیزبدابوو لە زۆربەی کاتەکاندا لە گەڵم بوو، بەچاوپۆشـــیکردن لە ئازایەتیی مرۆڤێکی خاوێن و باش بوو کە کاتێک ئەو یان ڕەحمەتی دارا ڕەحمانی (دارا عەزەم هۆزی قۆچاڵی) لە پشتم بوایە وامدەزانی کە هێزێکی پۆشتەو پەرداخم لە پشتە.
پێشـــمەرگە زۆر لە من دوورن و لە گەڵ ڕەحمەتی کاکەولا مەودامان هەیەو بێ خەیاڵ ملی ڕێگام گرتووە ڕاســـت بۆ ئاویەکەی کۆرەیی، گەیشـــتمە کەنی جادەکەی پشـــتی ئاوایەکە، کەنەکە زۆر بەرز بوو دەبوو خۆت داهێنابا، بنچکەیێک لە ڕووبەڕووم لە لاکەی دیکەی جادەکەوە بوو، دەستێکم دانایە سـەر کەنی جادەکەو لە هەوڵی ئەوەدا بووم تا لاقەکانم بگوازمەوە بۆ سـەر جادەکە کە بەردێک لە کەنی جادەکە بەربووەوەو لەناکاو کەسـێک لە پاڵ بنچکەکە لێم ڕاست بووەوەو هاواری لێکردم، بەشێک کە لاقەکانم بەسەر کەنی جـادەکەدا شـــۆڕ بوونەتەوە بەڕووی ئەودا بەڵام وێڕای ئەوەیی کە لاقەکانم بەڕووی ئەودا شـوڕ بووەتەوە بەگورجی چەکەکەم داگرت و خۆم خسـت بەپشـتدا، لە ڕێگەدا یان لەوکاتەدا کە چەکەکەم لە شـانم داگرتبوو لاقی کەڵەشـێرکۆفەکە بەتەواویی شـکابووەو ترازاندنی لە زامن کارێکی ئاسـان نەبوو.

ڕەحمەتی کاکەولا زۆر بەگورجی فریام کەوت بەڵام چونکە پێشتر بە پێشمەرگەکانم ڕاگەیاندبوو تا تێپەڕ بوون لە چەمی ئەزگڵە ئەگەر دووچاری ڕووداوێکی نەخوازراو بووین بەشێک لەوانەیی دواوە بەمەبەستی پاراستنی گوزەرگاکە بەگورجی خۆیان بگەیەنە کەلێنی مینەکان لەو کاتەدا بەشێک لە پێشمەرگەکان هێندێک ڕوو لە دواوە گەڕابوونەوە، کترییەکمان پێ بوو کە بەدەست شەهید عادڵەوە بوو ئەگەر دروست لە بیرم مابێت گوڵلەیەک وەبەر کترییەکە کەوتبوو.

ئەو شەوە ئەگەر ئەو پۆلە پێشمەرگە لە نزیک من بوان بەشی زۆریان شەهید دەبوون و ئیستاکە کە بیری ئەو شەوە دەکەمەوە سپاسی هێزی ئەقڵانی خۆم دەکەم کە هانیدام تا ئەو بڕیارە بەسوودە بدەم و هۆکاری پاراستنی گیانی چەند پێشمەرگە بم.
دوای ماوەیەکی کورت لە گەڵ ڕەحمەتی کاکەولا گەیشتینە هەواڵانی دیکەو بەگورجی خۆمان گەیاندە کەلێنی مینەکان لەوە دەترساین کە پاسدارەکانی مۆڵگەکە کەلێنی مینەکەمان لێ بگرن.

ئەو شەو بەناچاری گەڕاینەوەو بە پێشمەرگەکانم وت کە سبەینێ شەو ئیسراحەت بکەن تا دووسبەینێ شەو کە دیسان بەڕێدەکەوینەوە بەڵام ئەمجارەیان بۆخۆم لە گەڵ کاکەولا دەڕۆم بۆ پشتی باخی سەیدخان و لەوێ چاوەڕوانی ئێوە دەکەم، بەیانییەکەی ئاگادار کرامەوە کە شەهید عادڵ پەشیمان بووەتەوەو ئەمجارەیان جوتیار (ق ئە) جێگای ئەو دەگرێتەوە، بۆ من کێشە نەبوو کە کێ بێ وتم باشە.
وەک بڕیارم دابوو شەو ڕۆژێک ئیسراحەتیان کردو کاتی خۆی لە گەڵ کاکەولا بە دوو بێسیمی بچووکی گرووپییەوە ڕۆیشتینە بەرزاییەکەی پشتی مۆڵگەکەیی باخی سەیدخان و کانی پێلایی، هەوا زۆر گەرمی کردووە چونکە نزیک لە کۆتایی بەهارو وەرزی گیاگەنانە، نزیک سەعات ١٢ تا ١ی نیوەڕۆ دوا بە دووربین چاوم لە گارێ دەکرد بینام کەسێک لە دۆڵەکەی داوێنی مۆڵگەکەی گارێ لە پشتی **ئەسپەر**ەوە ڕوو لە ئاوایی چۆڵەکەی ئەسپەر دێت، هەروا بەردەوام بوو لە هاتن و کەوتە چەم و دۆڵەکەی ئەسپەرو بۆ ماوەیەک ونم کرد، لە کۆتایی دا لە چەمی ئەزگڵەوە سەری دەرهێناو بەم

ڕۆژی نیوەڕۆ بێ ترس کەوتە دەشتی **گەڕەوان** ڕوو لە ئێمە. کاتێک کە زیاتر نزیک بووەوە ڕووی لە شـــوێنێک کرد کە ڕوون نەبوو لە کاملاوە دێتە سەرەوە، بە ڕۆژ پاسدارەکانی مۆڵگەکانی باخی سەیدخان و سوورمەر لە بەر تۆپی عێراق کەمتر دەردەکەوتن بەڵام مۆڵگەیەکی عێراق لە لاکەی دیکەی قەلانی کولـگ هەڵکەوتووە ترســـناکە، بەکاکەولام وت کە من بۆخۆم دەڕۆمە خوارتر بۆ نزیک مۆڵگەکەی باخی ســـەیدخان تۆش بڕۆ بەڕووی لای دۆڵی کانی پێلاێی داو بەلای هەرکێماندا هات بەبێســـیم ئەوی دیکە ئاگادار بکاتەوە.
بەلای مۆڵگەکەدا نەهات و بەلای کاکەولادا کەوت، کاکەولا بێســـمی کردو وتی حەمە **بـانی هەویی** (شـــەهیـد محەممەد وەیسی__)، وتم بیبە بۆ شوێنەکەی خۆمان تا من دێمە سەر، هێندێک چوومە سەرو ئەوانم بینی، بەردێکی گەورە لەوی بوو بە ئیشـــارەی دەســـت ئاگادارم کردنەوە کە بڕۆن بۆلای بەردەکەو خۆم گەیانـدە ئەوان، هەردووکمـان بە باشی شـــەهید محەممەد دەناســـین و پرســـیارم کرد کە بەدوای چیدا دەگەڕێت کە وتی سەرباز بووم بەڵام زانیومە کە ئێوە لێرەن وتوومە باشتر وایە کە بڕۆم بۆلای ئەوان و سەربازییەکە بۆ حیزبی دێموکرات بکەم.
ئاگادارم کە شـــەهید محەممەد مرۆڤێکی درۆزن نییە و زۆریش ئازایە بەڵام وتم بە ڕەحمەتی کاکەولا بی بشکێنە، دەمانچەیەکی پێ بوو، دەمانچەکەمان لێوەرگرت.
بیسیمم کرد بۆ تەشکیلاتی سەلاس و جەریانەکەم ڕاپۆرتدا، نەدەکرا زۆر بە ڕوونی قســە بکەم و ئەوانیش باشی تێنەدەگەیشـتن کە لە کۆتایی دا ناوم نا حەمەسـەرباز، شـەهید محەممەد کوڕێکی نەترس و شـارەزای ناوچەکە بوو هەربۆیە بڕیـارم دا تـا بێ چەک لە گەڵ خۆمـان بیبەم بۆ داڵەهۆ، وێڕای ئەوەیی کە دڵنیام کە ڕاستەکات و ناترسم بەڵام بەگوێرەی پریسیپ نابێت بەگورجی بێ لێکوڵینەوە زیاتر چەکی پێ بدەین، لە دڵی خۆمدا بڕیارمدا کە لە داڵەهۆ لە گەڵ کاک کەریم خاڵدار بینێرمەوە بۆ بەمۆ.
ئاگادارم کردەوە کە لە گەڵ خۆمان دیبەم بۆ داڵەهۆ کە زۆر خۆشـحاڵ بوو بەڵام وتم وێڕای ئەوەیی کە قوڵت پێ نادەم بەڵام ئیمکانی هەیە لە داڵەهۆ چەکت پێ بدەم کە قەبووڵی کردو منیش لە داڵەهۆ چەکم پێداو بە حەمە سەرباز ناوبانگی دەرکرد.

شـــەو هەواڵان لە کاتی خۆیدا گەیشـــتنە لای ئێمەو وەک هەموو جارێک خۆم پێشـــکەوتم و کاکەولا لە دوام، بەشـــێوەی کۆنکرێت نازانم چەند کەسـین بەڵام وا هەسـت دەکەم کە لە نێوان ١٠ تا ١٢ کەس بین کە نانی دوو شـــەومان پێیە، بڕیار وابوو کاتێک کە گەیشـــتینە مەڵبەندی بریانی یارسان لە کاتی پێویستدا لە ڕێگای بێسیمەوە داوای یارمەتی بکەین.

هەروەک پێشـــتر لە ســـەرەوە نووســـیم مەقەڕێکی ڕێکخراوە مجاهیدینی خەڵک لە بەمۆیەو هاوکارێمان پێکەوە هەیە، کاتی ڕۆیشـــتن بێســـیمێکی تـایبەتیـان بۆمـان هێنـا کە لنگەکەی لە داڵەهۆ لای تێمێکی خۆیـانەو هیوادارین تا لەو ڕێگایەوە داوای یارمەتی بکەین، بێسیمەکە زۆر مودێرن تر بوو لەوەی ئێمەو کاتێک لە بەمۆ بووین تاقیمان کردەوە کە زۆر جوان کاری دەکردو لە گەڵ تەشکیلاتی داڵەهۆ پەیوەندیم گرت.

ئەو شـەو ڕێگایەکی زۆرمان بڕی تا گەیشـتینە شـوێنێک بەناوی **کانی کەریم** کە زۆری نەمابوو تا چیاکانی گاڕێ کۆتایی پێ بێت، بەشی زۆرمان ماندوو بووین، ئەو ڕۆژ لە کانی کەریم ماینەوە کە ســـێبەرێکی باش و ئاوێکی زۆر ساردو سازگاری هەبوو، بڕیار وابوو کە پێش لە گەیشـتنە ناوچەی کوردانی یارســـان لە ڕێگای ئەو بێســـیمەوە پێوەندی لە گەڵ داڵەهۆ بکەین، نزیک نیوەڕۆ ویسـتم لە گەڵ داڵەهۆ پێوەندی بگرم بینام کە دەنگی لێوە نایەت و هیچ شـــوێنێک ناگرێت و بۆمان دەرکەوت کە خۆجوانی کەم ڕۆژیی و تەنها لە ڕووبەڕووەوە نەبێت کارناکات کە لە سەرەتادا زۆر گرنگیمان پێنەدا.

چەنـد مۆڵگەی گەورە لە نـاوچەکە هەیە بەڵام زۆرمـان نەماوە بۆ ئـاوایی چۆڵەکەی یاخییەکان کە سەربە ناوچەیی برایانی یارسانە، شەوی دووهەم کەوتینە ڕێگا کە دوای ماوەیەکی کورت ســـەرمان لە هێندێک گردو بەرزایی لمی (هەڵەت) کەوت، بڕیار وایە کە شـــەوەی دووهەم بگەینە شـــوێنی دیاریکراو بەڵام ئەو شەو هەتا بەیانی ئێمە نەمانتوانی لەو **هەڵەت** و **گردانە** دەرچین، مۆڵگەیەک لە نزیکمان بوو، ڕوومان لە هەرلایەک دەکرد دیسـان دەگەڕانەوە بۆ هەمان جێگای ســـەرەتایی، ئەوەند هەوڵماندا کە زۆربەمان پێکانمان زامار بوو، تەنها کەسێک کە بەتەواویی بەساقی مابووەوە شەهید محەممەد وەیسی بوو.

لە ئاکامدا گەیشـتینە هێندێک قامیشـڵان و زەلکاو کە زۆر دوور نەبووین لە مۆڵگەکەی ســـپاوە بەڵام ڕووی لای ئێمەی مۆڵگەکە هێندێک هەورازو

سەخت بوو کە هاتووچۆیان بەڕووی ئێمەدا نەدەکرد، لە ئاوی گۆلاوەکانی کە بەراز کێلابووی و تامێکی تایبەتی دەدا هێندێک ئاومان خواردەوەو بەیانی کە هەتاو ناوچەکەی ڕووناک کردەوە بینامان ڕەنگی ئاوەکە شـێوەیەکی تایبەتی هەیە کە بۆ خواردن نابێت.

نانی دوو شـەومان هێناوە بەڵام ئیسـتاکە لامرووونە کە دەبێت بە سێ (٣) شـەو، هێندێکی دیکە لە گەڵ بێسـیمە تایبەتییەکە هەوڵمدا کە دیسـان بێ سوود بوو.

پێشـمەرگە هەمووان ماندوون و هەرکەس لە شـوێنێک ڕاکشـاوە، هێندێک چاوم لە چواردەوری خۆمان کرد بۆ ئەوەیی کە بزانم چ بکەین و لە ئاکامدا بەو نەتیجە گەیشـتم کە باشـترین بژاردە ئەوەیە کە بەڕۆژ ڕێگاکە ببینینەوە چونکە بەشـەو ناتوانین و خواردن لە کۆتایی دایە، هەروەک لە سـەرەوە نووسـیم شـوێنەکە تەپە تەپەیی وەردی کەوەو تەنها ئاسـمانت دەبینی، چونکە ڕووی لای ئێمەی مۆڵگەکە هەورازە بەڕووی ئێمەدا هـاتووچۆ ناکەن و ئەگەر لە مەودایەکی نزیک بە ١٠٠ متر نەمان بینن لە بەرچاوی ئەوان ون دەبین، بەڵام نابێ ئەو هەموو پێشـمەرگە بە چاوگێڕانێک وەڕێ بەخەیەت، بانگم لە ڕەحمەتی کاکەولا محەممەدی کە هێندێک لاقی باشترە لە گەڵ شـەهید محەممەد کردو وتم ئیستا نیوەڕۆیەو گەرمەو پاسدارەکان لە کەپرەکەدان و ئەگەر لەم پێچەیی یەکەمدا نەتان بینن کێشـە نابێ و چەند گومگومەک لە گەڵ خۆتان ببەن شایەت ئاوتان بینایەوە، هەروەها وتم ئەگەر شتێک ڕوویدا ڕوو لە ئێمە بگەڕێنەوە بۆخۆشم تا نیوەی ڕێگاکە دێم و بەڵام لەوێدا ڕادەوەستم تا ئێوە دەگەڕێنەوە.

ئەوان ڕۆیشـتن و منیش لە پاڵ بنچکێک لە داوێنی مۆڵگەکە دانیشـتم کە دوای مـاوەیەکی کورت گەڕانەوەو هەموو گومگومەکـانیـان پڕ کردبوو لە ئـاوی خـاوێن و وتیـان ڕێگاکە زۆر نزیکی خۆمـانەو کەمێک لێرە تێپەڕین مەڵگەکەش دیار نییە، لە سـەر وتەکەی ئەوان بڕیارماندا کە بکەوینە ڕێگاو پێکەوە گەڕاینەوە بۆ ناو پێشـمەرگەکان و ئاگادارم کردنەوە کە ڕەحمەتی کاکەولا لە گەڵ شـەهید محەممەد ڕێگاکەیان تاقیکردووەتەوەو هێندێک لێرە تێپەڕین دەگەینە شوێنی لەبارو ئەمن.

بەشـــێوەی تـاکو تووک بەڕێکەوتین لە ئاکامـدا گەیشـــتینە هەوارگەکانی ناوبانگ بە یاخییەکان و لەو چەموکانیاوەدا کە ترێی نەگەیشـــتووی زۆری هەبوو چایمان دروســـتکردو حەســـاینەوە کە وێرای ئەوەیی کە نانمان لە کۆتایی دایە بەڵام هومێدمان بەرزەو دڵنیاین کە شـــەو ڕێگاکە ون ناکەین، لەو شـوێنەدا کە دەکەوتە نێوان مۆڵگەکانی گاڕێ و بزمیراوا چۆڵ و ئارام بوو کە دەمانتوانی پێش لە خۆراوا بوون وەڕێ بکەوین.

دوای حەسـانەوەو شـۆردنی لاقو پێڵاوەکانمان نزیک بەخۆراوا وەڕێکەوتین کە هێندێک شـەوی مابوو گەیشـتینە نزیکی یەکەم ئاوەدانی برایانی کوردی سەربە ئایینی یاریی بەڵام ناتوانین ڕوو لە ئاوایی بکەین، **جوتیارم** بانگ کردو پرســـیارم لێ کرد کە داخۆ شـــارەزایی لە ناوچەکە هەیە لە وەڵامدا وتی تا ڕادەیەک، دیســـان پرســـیارم کردو وتم بە نەزەری تۆ ئەم ئاوایی چەکداری سـەربە ڕژیمان هەیە کە وتی بەبڕوای ئەو هەموویان بەسـیجی و چەکداری ڕژیمن.

بۆ خۆم شـارەزایی چاکم لە سـەر چۆنیەتی مێونداری و ڕێزگرتن لە مێوان لە ناوچەکەدا هەیە، هەروەها زۆر کەس دەناســـم بەڵام لە لایەکی دیکەی مەڵبەندەکەن و شـارەزایی دروسـتم لەم ناوچەیی ئێرە نییە، ئەمە سـێهەمین شـەوەو بەگوێرەی وتەکەی جوتیار بڕیارمدا کە تا پەیداکردنی وەسـیلەیەک یـان هەڵکەوتێـک ڕوو لە ئـاوەدانی نەکەین، نزیـک بە بەیـانییە و مـانـگ ئاوابووەو لە دۆڵ و چیمەنێکدا گوێ لە حەوحەوی ســـەگەکان دەگرین و بەگوێرەی دەنگی سەگەکان پێمان وابوو هێندێک دوورین لە ئاوایەکە.

وتم لێرە مەنزڵی بۆ دەگرین تا بزانین بەیانی چە دەتوانین بکەین، پێشمەرگە بەڵاوەیان لێکردو بۆخۆم لە گەڵ جوتیار لە خوارەوە لە تەنشـــت ڕۆکێکی (بنچک) گەورە دانیشـتین کە ئە... ناو لە گەڵ ڕەحمەتی هەڵمەت ئەوانیش لە نزیک ئێمە ماونەتەوە.

بەیانی کە ڕۆژ بووەوە بۆمان دەرکەوت کە مەودای ئێمەو ئاواییەکە تەنها یاڵێکە (تێخەشـــانێک) و زۆر نێوانمان نییە، نزیک کاتژمێر نۆی (٩) بەیانی چەکدارێک بە تفنگێکی ژ-٣وە کە مزەندە دەکرا لە یەکێک کە مۆڵگەکانی گاڕێوە گەڕابێتەوە لە خوارەوەی ئێمە ڕوو لە ئاوایەکە ڕۆیشـــت، نزیک کاتژمێر ١١ی بەیانی بیرم لەوە کردەوە کە کەســـێک ڕەوانەی ئـاواییەکە بکەم، چونکە هەڵمەت و ئە.... هێنـدێک شـــارەزاییان بە قســـەکردن

بەزاراوەی ناوچەکە هەبوو بانگم کردن و وتم دەتوانن خۆتان بکەن بە قەساب بڕۆن بۆ ئەم ئاوایی کە وتیان بەڵێ، وتم چەکەکانتان لای ئێمە دانێن و بچن بزانن کەسێک پەیدا دەکەن یارمەتیمان بدات یان هەواڵێک دەزانن.

چەکەکانیان داناو کەوتنە ڕێگا کە لاموابێ لە ئاویەکە لە ماڵێکدا دادەنیشن و سەرگەرمی باس و بابەتی تایبەتی دەبن، لە لایەکی دیکەوە سێ (٣) کچ لە بەرزاییەکەوە کەوتن بەڕووی ئێمەداو بەدوای بنێشتی (جاچکە) داروەندا دەگەڕان، کەڵەشێرکۆفی یەکێک لەو هاوڕێیانە کە ڕۆیشتوون بۆ ئاوایی لە نزیک جوتیار لە بەر خۆر بوو، بەجوتیارم وت بێزەحمەت ئەو چەکە بکێشە نێوە بنچکەکە با ئەو کچانە نەیبینن، دەستی بردو چەکەکەی ڕاکێشا بۆ نێو بنچکەکە کە یەکێک لە کچەکان هاواری لەوانی دیکە کردو وتی بڕوانە هێندێک چەکدار لەو بنچکانەدان، هەرسێکیان قیژاندیان و سەرەو ژوور ڕوو لە دواوە گەڕانەوە، وتم چوتیار بەزاراوەی کڵهوڕ (گۆرانی) بانگیان بکەو بڵێ مەترسن خۆمانین، تا جوتیار دەنگی لێوەهات زیاتر ئاڵۆز بوون و کەوتن بەڕوویی ئاوایی دا.

لە بناری کێوی داڵەهۆین و چاوەڕوانین تا بەسیج و پاسدار هێرشمان بۆ بکەن، هەمووومان ماندووین و بەپێشمەرگەکانم ڕاگەیاند کە بۆخۆم هەر لێرە دەبم بەڵام ئەو کەسانە کە دەتوانن هێندێک بڕۆنە سەرەوەتر ئەگەر شتێک نەخوازراو ڕوویدا دیفاع مافی بێ ئەملاولای خۆمانەو شەڕی مانو نەمان بکەن.

کچەکان بەڕاکردن و هاوار هاوار ڕوو لە ئاوایی دەکەن، بەگوێرەی گێڕانەوەی دووایی هەڵمەت و ئە... ژنێک دەڕوات بە دەمیانەوەو دەڵێت چ قۆماوە، کچەکان دەڵێن گرووپێکی چەکدار لە کانی و زەلەکەی ئەو دیوی ئاواین، ژنەکە دەڵێت جا خۆ نەیاندەخواردن پرسیارتان بکردایە بتانزانیبا پێویستیان بەخواردن نەبووەو بێدەنگیان دەکات.

ئاوایەکە لە هاوینە هەواردا (کەپر) بوون و دۆستانی ئێمە کە لە ماڵێکدا دانیشتوون لە گەڵ ساحب ماڵ گوێبیستی قسەی کچەکان و ژنەکە دەبن، خاوەن ماڵی کە هەمان بەسیجی دەبێت کە بەیانی لە مۆڵگەکان گەڕاویەوەو بینیمان پرسیاریان لێ دەکات و دەڵێت برایان ڕاست بێژن ئەوانە ڕەفیقی

ئێوە نین، هەوالانی ئێمەش دەڵێن لە ڕاســتیدا دۆســتانی ئێمەن و ئێمەش هاتووین تا هێندێک خواردنیان بۆ پەیدا بکەین.
کابرای خاوەن ماڵ دوای ئەوەی کە نان و چای دەدات بە هەردوو هەواڵی ئێمە یەک جامانە نانی جوانی ناوچەی یارســان لە گەڵ قەندو چای و پڕی یەک کتری زۆر گەورە بەناوی کتری مســتەزعەفین دۆی خۆش و فێنکی بناری دالەهۆ دەکات و بەهەوالانی ئێمە دەڵێت یاالله با بڕۆین بۆلای هەوالانی ئێوە، لە کاتێکدا کە ماوەیەک پێش چاوەڕوانی هێرشی پاســدارو بەســیجی بووین بینامان کە هەوالانمان لە گەڵ کەســێکی فەرەنجی لەبەر بەچەکێکی کەڵەشــێرکۆفەوە بە کۆڵێکەوە هاتن، دڵخۆشی ســەری هەڵداو کابرایان هێنا بۆلام کە دوای چاکوچۆنی وتی بەپێشــمەکان بلێ با بێنەخوار تــا بچین بۆ ســێبەری ئەو دارە کە لە خوار لە تەنشـــت کانییەکەیە، پێشــمەرگەکانمان بانگ کردو ڕۆیشــتینە خوارەوەو وەک مەقەرەکانی بەمۆ دەجولانەوە، بەو برادەرە بەڕێزە کە بەداخەوە ئیستاکە بەتێپەڕینی ٣٨ سال ناوەکەیم لەبیر کردووە وت کە دەمانهەوێت بڕۆین بۆ شــوێنێک نزیک لە سەراوی قەڵا، نەموت بۆ گردەکانە کوێرە.
کاتێک کە سێبەر ناوچەکەی داگرت ئەو بەڕێزە وتی با بڕۆین بۆ ماڵ چونکە وتوومە خواردنی شەومان بۆ دروست بکەن و ڕێگاکەش هەر لەو شوێنەوە تێدەپەڕێ، وتم باشــەو پێکەوە ملی ڕێگامان گرت، چەند مریشــکیان دروســت کردبوو کە دوای خوردنی نان وتم هاوکاریمان بکە بۆ گەیشــتن بە سەراوی قەڵا کە وتی بەچاوان.
کابرا کەڵەشــێرکۆفێک و ژ – ٣یەکی هەبوو، کەڵەشــێرکۆفەکە لە بنەماڵەی جاف وەرگرتبوو بەڵام ژ-٣کە هی سپا بوو، کەڵەشێرکۆفەکەی لە شانکردو وتی یاالله، یاالله مەبەســت لە ڕۆیشــتن بوو، ڕووبەڕووی ئاوایەکە زەردو تووشگەیەک کە باریکە ڕێگایەک بە سەرەوەی زەردەکە تێدەپەڕی و کاتێک کە هێندێکی دیکە ڕۆیشــتین لە دوورەوە هێندێک شــتی وەک چادرو پایگام بیناو لە دڵی خۆمدا لێکمدایەوە کە ئەگەر چادرو پایگا بێت بە نێوەڕاســتیدا تێپەڕین، پێشــتر بە پێشـمەرگەکانم وتووە کە من لە گەڵ ئەو بەڕێزە پێکەوە دەڕۆین بەڵام کاکەولا هێندێک لە دوای ئێمەیە، ئێوەش با هێندێک دوورتر لە کاکەولا بن و ئەگەر شتێک ڕوویدا دیفاع لە خۆتان بکەن.

کاتێک هێندێک زیاتر نزیک بووینەوەو بەتەواوی بۆم ڕوون بووەوە کە چادرە پرسیارم لەو بەڕێزە کردو وتم ئەوە دەلێت پایگایە کە لە وەڵامدا وتی بەڵی وایە، دیسان پرسیارم کردو وتم خۆ دەبێ ئێمە بەنێو چادرەکاندا تێپەڕین کە وتی وایە چونکە ڕێگایەکی دیکەمان نییە، دیسان پرسیارم کرد وتم کێشە ڕوو نادات کە وتی باوەڕناکەم کێشەیەک هەبێت، چاوێکم لە دوای خۆم کرد بینام کە ئێمە لە چادرەکان تێدەپەڕین ئەوجا ڕەحمەتی کاکەولا دەگاتە یەکەم چادرو وتم بچین، لاموایە کە مۆڵگەکەی خێڵی ڕۆسەم بوو.

کاتێک کە چادری یەکەمان تێپەڕاند سەگێک پەلەماری داین و کەسێکی چراقووە بەدەست لە چادری دووهەمدا زۆر بەخێرایی بە ژ سێیەکەوە هاتەدەرو چراقووەکەی گرتە من کە کوڵەباڵ و پوزەوانم لە بەرەو ڕیشێکی زۆرم هەیە، ئەو بەسیجی یان پاسدارە دیسان زۆر بەگورجی چراکەی کوژاندەوەو سەگەکەی هێمن کردەوەو خۆی کرد بە چادرەکەدا.

چونکە پێشتر شارەزای کولتوورو دابی ناوچەکە بووم زانیم کە دۆخ زۆر ئارام و وەک ڕابردووە، کولتووری ناوچەکە وەهابوو کە ئەگەر ڕۆیشتبایتە ماڵێک ئاوماڵەکانی دیکە پرسیاریان نەدەکرد ئەوانە یان ئەو کەسە کێ بوون و بۆ چ هاتبوون، کاتێک کە هێندێک ڕێگامان بڕی ئاواییەکم لە نزیک خۆمان بینی و بە برادەرەکەم وت چەند ئاوایی لەم نزیکانە هەیە، ناوی چەند ئاوایی هێنا کە یەکێکیان گردەکانەکوێرە بوو کە وتی نزیک بە کاتژمێرێک ڕێگایە، لەو وەرزەدا زۆربەی خەڵک لە کەپردا بوون کە دیسان پرسیارم کردو وتم ئەگەر بڕۆم بۆ ئەو ئاوایی نزیکمان کێشەیەک هەیە کە وتی نا، ئەو ئاوایی ماڵی چەند برایە.

چونکە هێشتاکە هەر ماندوین زۆر حەزمان لە ڕێکردن نییە، جا وتم زۆر سپاسی بەڕێزت دەکەین و هاوکاریەکەت زۆر جێگای ڕێزو شانازیی بەڵام ئێمە ڕوو لەو ئاوایی دەڕۆین و بەڕێزت بگەڕێرەوە بۆ ماڵ، ماڵئاوایمان لە یەکترکردو ئەو گەڕایەوەو ئێمەش ڕوو لە ئاوایی براکان ڕۆیشتین، ناشارەزا کەوتینە نێو بۆیسان و زەڕاتێک لە خوارەوەی ماڵەکان کە سەگەکانی ئاوایی هێرشیان بۆمان هێنا، پیاوێکی بە هەیبەت بە برنەوەێکی وەستەتەوە بەڕاکردن هات و تێی خورین، وتمان خۆمانین، کاتێک گەیشتە ئێمە وەک

دۆســـتێکی کۆن زۆر بەگەرمی دەســـتمۆچانی لەگەڵ هەمووماندا کردو وتی بفەرموون و ڕووو لە ماڵ پێشمان کەوت.
لە تەنشـت کپری ماڵەکەیدا سـەکۆیەکی گەورەیی دروسـت کردبوو کە تا ئێمە گەیشـتینە ماڵ ئەوان لە سـەر سـەکۆکە فەرشـیان ڕاخسـتبوو، بێ ئاگاداری خۆمان دوای ماوەیەکی زۆر کورت دوای خواردنی چایی نانیان هێنا کە دەبێ بڵێم خوا بەرەکەت، لەمێژ نەبوو کە لە ئاواییەکەی دیکە نانمان خواردبوو لەڕاسـتیدا ئەوندە خواردنەکە زۆرە بەشی ڕادەیەکی زۆر پێشمەرگەی دەکرد، کاتی خەوتن بەڕێز لە سەر سەکۆکە جێگایان ڕاخست، هەر پێشـمەرگەیەک یەک دەسـت لێفو دۆشـەکەی زۆر خاوێنی مەلافە گیراو کە ماوەیەک بوو بەچاو نەمان بینابوو بۆ ڕاخستین، پرسیاریکردو وتی بەرنامەتان چییە کە وتم بەیانی بمانگەیەنە گردەکانەکوێرە لەوێ بەولاوە بۆ خۆمان شـارەزاین، وتی بەچاوان بەڵام دەبێ کاتژمێرێک ڕۆژی مابێت لێرە بڕۆین، وتم زۆر چاکە، کاتی خەوتن بەپێشـمەرگەکانم ڕاگەیاند کە پاسـەوانی دانێن کە وتی پێویسـت ناکات چونکە بۆخۆی هەتا بەیانی پاسـەوانی دەدەات، هەروەک لە سـەرەوە باسـم کردووە شـارەزای کولتووری جوانی خەڵکی نـاوچەکە بـووم کە زۆر پـێداگـریـم نەکـرد بەڵام بەنـهـێـنی بە پێشـمەرگەکانم ڕاگەیانـد کە بێ ئەوەیی خـاوەن مـاڵ ئـاگاداربێ لە ژێری لێفەکەوە لە پێشمەرگی یەکەمەوە پاسەوانی دەستپێبکەن.

نزیک بەیانی بانگی لێمان کردو وتی هەسـتن دەبێ بڕۆین، کاتێک هەسـتاین ئاوی گەرمی بۆ دەموچاو شـۆردن ئامادە کردبوو لە گەڵ هێلکەو کەرەیەکی زۆر، دوای خواردنی بەرچـایی بەڕێکەوتین و کـاتێـک نزیکی گردەکانەکوێرە بووینەوە بۆخۆی گەڕایەوەو ئێمەش ڕۆیشـتینە سـەر کانییەکەی تەنشـت قەورسـانەکەی گردەکـانەکوێرەو گومگومەکەکـانمـان پڕ لە ئـاو کردو ڕۆیشتینە سەرەوە بۆ گردەکەی پشتی کانییەکە بۆ نێو داربەڕووەکان، بەڵام ئیستاکە لە هیچ شتێک ناترسین چونکە  وێرای ئەوەیی کە دەزانین کە ڕژیم نەیتوانیوە کارتێکردنی نەرێنی لە سـەر هزری نەتەوایەتیی نەتەوەکەمان دانێ تەشـکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردسـتـان ئێران و کاک کەریم خـاڵـدار فەرماندەی هێزی شـاهۆ لێرە هەڵسـوڕانیان هەیە یانی بەماڵی خۆمانی دەزانین بەڵام چونکە هێشتاکە ناسراوی ئەوتۆمان لە گەڵ ئەندامانی تازەی

ناوچەکەو شـــارەزای شــێوەی کاری هەوالآنی خۆمان نییە باشـــترین ڕێگا ئەوەیە کە خۆمان حەشـــار بدەین تا کاتی پێویســـت، هەروەها زۆر لە مۆڵگەکەی ئەزمەمیرانەوە دوورنین.

نزیک کاتژمێری نۆی (٩) بەیانی بینامان پیاوێکی هێندێک بەتەمەن هات و دەستیکرد بە سوت کێشان (فیکە فیک) کە وەڵاممان دایەوە، وتی وەرنە خوارەوە بۆخۆمانین، هاتینە خوارەوەو کە دوای ئەحواڵی پرسی وتی کە زۆر نیگەرانمان بووەن چونکە بڕیار وابوو زووتر بگەین کە باسی کێشـــەی ون بوونی خۆمان لە هەڵەتەکانی نێوان کانی کەریم و یاخییەکان بۆیان گێڕایەوە، ئەو کەسە ڕەحمەتی کوێخا کاکەخاس بوو، ئەو ڕۆژە ئەو پیاوە بەڕێزەم ناسی کە زۆر خۆشحالم بەو ناسینە، ڕۆحی شادو یادی بەخەیر.

گردەکانەکوێرە پێکهاتەوە لە کانی و ئاوێکە کە گۆڕســـتانێک لە تەنشـــتیدا هەڵکەوتبوو، وەرزی گەرمایەو ئاواییەکە هێندێک لە خوارەوەی گۆڕســتان و کانییەکەی گردەکانەکوێرە لە کەپردان و کوێخا کاکەخاس دوای هێندێک باس و بابەتی ئاسایشی. و ناوچەیی ناردی حەیوانێکیان هێناو سەریان بڕی، مۆڵگەی ئەزمەمیران ناوەندی چەکداری بەسیج و سپایە کە زۆربەی هەرە زۆری چەکـدارەکـانی خەڵکی خوجەیی نـاوچەکەن کە زۆر دوور نەبوو لە شـوێنی دانیشـتنەکەی ئێمەو کاتێک چوون بۆ هێنانی کاورو خواردنی دیکە چەند کەس لە خەڵکی ئاوایەکەش هاتن بۆلامان کە زیاتر خۆشـــحاڵیان کردین، لە کۆتایی ڕۆژدا یەکێک لەو بەڕێزانە کە هێندێک بە تەمەن بوو لە گەڵ کەســـێکی دیکە داوایان لێ کردم کە ڕوو لە قەورســـانەکە بڕۆین، لە گەڵیان ڕۆیشـــتم کە هێندێک گۆڕی تازەیان پیشـــاندام و باسی شـــێوەی کوژرانی ئەوانیان بۆم گێڕایەوە، ئەو قەبرانە پێوەندی بە کەســـانێکەوە بوو کە وەک چەکداری بنەماڵەی جاف یان عێراق لە هێرشـێک بۆ سـەر ئاوایی قوڵقوڵەی باوەجانی کوژرابوون کە تا ڕادەیەکی زۆر زانیاریم لە سەر شێوەی کوژرانی ئەوان هەبوو، بەگوێرەی توانی ئەو ســەردەمم هێندێک باســم لە پێوەندی لە گەڵ پیلانی نەیارانی کوردو کێشـەی سیستەمی عەشیرەیی کرد، ئەو کێشـــە کۆمەڵایەتیی کە لە کاتی دەســـەلاتی حامید بەگ لە ناوچەکەدا بەشـــێوەیەکی تا ڕادەیەکی زۆرو باش هەوڵ بۆ خاشـــەبڕکردنی دڕابوو دوای

ڕۆخانی دەســـەڵاتی حامید بەگ (کلاشی) بە پیلانی حکومەتەکانی عێراق و ئێران تا ڕادەیەک ســـەری هەڵدابووەوە کە هۆکارێک بوو تا پێش لە چوونم بۆ ناوچەکە داوا لە هەواڵانی پێشـــمەرگە بکەم کە بە خەڵکی ناوچەیەکی دوور لە مەڵبەندی کرماشان بمناسێنن بێشک کە ناوکەشم خوازراو بوو.
بەڕاســـتی هەڵەو کێشـــەکان کە بەرۆکی ناوچەکی گرتبووەوە ئازاری دەدام و پێم خۆش نەبوو کە ئازارو زیانی هیچکام لە برایانی خۆم ببینم بەڵام کاتێک کە بێدەســـەڵات بێ ناتوانی کارتێکردنی زۆرت هەبێ، دەســـەڵاتی منیش لەو کاتەدا تەنها قســـەکردن بوو کە زۆر کاریگەری نەبوو بەڵام ئەگەر بتوانی قسەی باش و بێ لایەنگرانە بکەیت دیسان جێگای دڵخۆشیی.
لە کۆتایی دا هەر سێکمان دەست لەنێو دەستی یەک بە قسەکردن لە گەڵ مەحکوم کردنی هەر بابەتێک کە هۆکاری ناتەبایی بەدواوە بێت گەڕاینەوە بۆ کۆڕی هەواڵان.
لەو ســەردەمەدا خەڵکی ناوچەکە لە بوارەکانی ئابووری، ڕامیاریی، نەتەوەیی و ئایینییەوە دەچەوسانەوە ویستوداوخوازی زۆربەیان کردنەوەی ڕێگایەک بوو بۆ دەربازبوون لەو کێشـــەو گرفتانە کە بەرۆکی گرتبوون، دۆخی خراپ وای لە خەڵک کردبوو کە زۆربەیان کردنەوەی ڕێگایەکی پارێزراو بۆ هاتووچۆ بۆ باشـــووری کوردســـتان کە ئەوکات لە ژێر دەســـەڵات و کۆنترۆڵی حیزبی بەعســـدا بوو بە ڕێگا چارەســـەرییەک پێناســـە بکەن کە بەداخەوە وێڕای شـیکردنەوەی سـیاسی ئیمکان و دەسـەڵاتی چارەسـەرییەکی کۆنکرێتمان پێ نەبوو بەڵام حازر بووین کە لە بەرژەوەندی نەتەوەیی و گشـتیدا، لە ئاسـت هەر ڕووداوێکی نەخوازراودا خۆمان فیدا بکەین.

کاتێک کە شەو بەسەرداهات بردمانیانە خوار بۆ ئاوایەکەی گردەکانە کۆرەو دابەشیان کردین بە سەر هێندێک ماڵەدا، بۆ ئێمە ئەو دابەشکردنە بەسەر ماڵەکاندا بەشـێوەی ئاشـکرا شـتێکی تازەو خۆشـە چونکە ماوەیەکی زۆر بە ڕۆژ یان بە ئاشـــکارا ڕوومان لە هیچ ئاوایک نەکردبوو بەڵکو بەناچاری هەمووکات بەڕۆژ خۆمـان لە هـاتوچۆی ڕاســـتەوخۆ لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵک و کۆمەڵگا دەپاراست.
دوای ڕۆژێک شـــەهید عەلی بابەخانی کە پێشـــتر پێش لە ڕۆیشـــتنمان بۆ ڕۆمادیی زۆر نێوانمان خۆش و لە ئەزموونەکانی ســـوودم وەردەگرت هاتوو

وتی وەرە با چاوت بە فەرماندە هێز کاک کەریم خاڵدار بکەوێت، پێکەوە ڕۆیشتین و بۆ یەکەمجار لە گەڵ کاک کەریم ئاشنا بووین، بەڵام کاتێک کە ویستمان لە گەڵ فەرماندە هێز لەیەک جیاببینەوە شەهید عەلی بە کاک کەریمی وت ئێمە دەڕۆینەوە کاک فاتح دەمێنێتەوە لاموایە ئەگەر زەحمەت بکێشی_ و لە لایەن هێزەوە بەڵگەیی ماموریەتی بۆ بنووسی باشترە، من بۆ خۆم گرنگیم بەو بابەتانە نەدەداو کاک کەریمیش وتی پێم وانییە کە پێویست بە بەڵگە بکات بەڵام شەهید عەلی بەرپەرچی دایەوەو وتی پێویستەو باشترە بە بەڵگەوە هەڵسوڕانی هەبێ کە کاک کەریم حوکمی ماموریەتی بەتیمێک پێشمەرگەوە بۆ هێندێک ناوچە بۆ نووسیم.
پێش لە کۆچدانمان بۆ ڕۆمادیی وێرای ئەوەیی کە من بەرپرس بووم بەڵام هەمووکات شەهید عەلی و کەسانی دیکە کە لە تەمەنی ئەودا بوون بە مامۆستای خۆم دەزانی و ئەوانیش زۆر بە دڵسۆزیی و هەستێکی زۆر جوانەوە لە گەڵ من دەجوڵانەوە، جاربەجار دەڕۆیشتم بۆ ڕاو بۆ نێوانی مۆڵگەکانی هەردووک ڕژیم، لەو سەردەمەدا بەهۆی دووری و ئاستەنگەکانی سەر ڕێگا دۆخی خواردنی ئێمە پێشمەرگەکانی تەشکیلاتی سەلاس هێندێک جیاواز بوو لە گەڵ بەشەکانی دیکەی حیزب یانی دۆخی ئێمە خراپتر بوو بەڵام چونکە من ڕاوم دەکرد هێندێک جار کە لە مەقەڕدا بووام گۆشتمان هەبوو، هەروەها هەواڵایک ئەستۆدار دروستکردنی خواردن ببوو کە ئاشپەزێکی زۆر باش بوو.
زۆر لە کوڕە چاک و ئازاکان وێرای تیرەو ئایینی جیاواز پێیان خۆشبوو یان سەربە سارەوەن بن یان بەشێوەیەک پێوەندییان لە گەڵ پێشمەرگەکانی ئەو پەلە هەبێ، جارێکیان پێشمەرگەیەک بەناوی ئەلیمراد کە سەربە بریانی یارسانی بوو لە گەڵ خۆم بردو چووم بۆ ڕاو بۆ شوێنێک بەناوی **خاڵەڕەش** کە هێندێک لە مەقەڕەکانەوە دوور بوو، ژ-۳ییەکەم لە گەڵ خۆم برد کە ئامادەی تەقە بوو بەڵام زامنم کردبوو، کاتێک کە گەیشتمە سەختی پشتی کانییەکەی **تاوگەکە** لەناکاو لە گەڵ کەڵەکێفییەکی گەورە بەیەک گەیشتین.

کاتێکی زۆر کەمم هەبوو بەگورجی پەنجەم لە زامن دا بەڵام چووبووە سەر ڕەگبارو چونکە کەڵەکە ون دەبوو دەستم لە سەر ماشە هەڵنەگرت و

نزیک بە ١٥ گوللەی ژ-٣ بێ ســـوود چوو کە لە ئاکامی ئەو ڕەگبارەدا مای بەمۆ هەمووی دەنگی دایەوە، ئەو ڕۆژە فەرماندەی هێزی شاهۆ کاک سابیر ناسراو بە سـەروان سـابیر بەمەبەسـتی دیدار یان دروسـتکردنی ئاڵوگۆر لە ڕێکخراوەی سـەلاسـدا هاتبوو بۆلای ئێمەو پێی وادەبێ کە شـتێک ڕوویداوە بەڵام ئاگاداریان کردبووە کە من ڕۆیشـــتووم بۆ ڕاو، کاک ســابیر دەڵێت جا حیزب ڕاوی قەدەغە کردەوە ئێوەش بۆتان نییە ڕاو بکەن، ئەو دەســـتوورە تەبلیغ کرا، شـــەهید عەلی وتی ژ-٣ و کەڵەشـــێرکۆف بۆ ڕاو نابێ باشـــترین چەک بۆ ڕاو برنەوە کە تۆ لێ بێزاری و داواکاربوو بۆ ئەوەیی کە لە گەڵ کێشە ڕووبەڕوو نەبینەوە هەرکات ڕۆیشـتم بۆ ڕاو با بەنهێنی و برنەوەکەی ئەو لە گەڵ خۆم بەرم و ئەگەر حیوانێکم کوشـت لە شـوێنێکی دیاری بەجێیهێلم و بۆخۆم بەگەڕێمەوە تا لە دووایدا کەسانی دیکە بیهێننەوە.

شـــەهیـد عەلی برنەوێکی ڕەقەم حەفـدەی زۆر جوانی هەبوو، لە ڕۆژێکی بەهاریدا نزیک ئێوارە زۆر بێتاقەت بووم وتم کا عەلی دەڕۆم بۆ ڕاو بۆ پشتی مەڵگەکەی ســـوورمەر بۆ خـاڵەڕەش و پێشـــمەرگەیەک دەبەم لە دوور ئاگادارم بێت بەڵام ئەگەر کەســـێک هەوڵی پرســـیم یان مەســـەلەیەک پێشـــهات و بەدوای مندا گەڕان بڵێی ڕۆیشـــتووە بۆ کارێکی تایبەتی کە وتی باشە بەڵام حەیوانت کوشت بەجێبهێڵە کە وتم باشە.

ڕۆیشـــتم کاتێک کە سـێبەر بەتەواویی ناوچەکەی داگرت بینام سێ سـەر حەیوان لە کونێک هاتنە دەرەوەو چیاویان لە چواردەوری خۆیان دەکرد، کەڵێکی زۆر گەورە لە گەڵ کەڵەوەسـەیەک و گێسـکێک بوون، بۆ ئاگاداری خوێنەرو لایەنگرانی ئـاژەڵ یان ژینگە قەت حەیوانی ئـاوس یـان بێچودارم نەکوشتەوەو لەو بوارەدا زۆر وردبین بووم و ماوەیی چەند ساڵە کە ڕاوکردنم وەلاناوە، یانی چیدیکە ڕاو ناکەم، جا ئێوەش ڕەخنەم لێ مەگرن.

ڕاوەستام تا هێندێک لە کونەکە دوور کەوتەنەوە، لە پێشدا کەڵە گەورەکە کە لەپێش هەمووانەوە بوو بە ئـاماژە کرد کە بە یەکەم فیشـــەک کەوتە خوارەوە، بەکورتی هەرسێکیانم بە سێ گوللە کوشت و گەڕامەوە لە نیوەی ڕێگەدا گەیشـــتمە شـــەهید عەلی کە وتی چ بوو، باســـەکەم بۆی گێڕایەوە، پێشـێمەرگەیەکەی لە گەڵ خۆی گێڕایەوەو وتی گەیشـتیتە مەقەڕ و-ح لە گەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە بنێرە بۆلام.

کەسێکی بەرەگەزنامە سەربە باشووری کوردستان بەناوی کاک قاسم کە لیسانس بوو لە باری سیاسییەوە خۆی بەلایەنگری یەکێتی نیشتمانی دەزانی نەخۆشین هێندێک لاوازی کردبوو کە بەهۆکاری ڕامیارییەوە لە سلێمانی هەڵهاتبوو کە وەک کادر لای ئێمە خەباتی دەکرد کە زۆر نێوانمان خۆشبوو جاربەجار دەعوەتمان دەکرد، بەڵام دوای ئەو بڕیارە وتی برا بۆ ئەوەیی کە ڕەخنەمان لێ نەگرن با وشەیەکی نهێنی دانێن و ئەگەر حەیوانت کوشت بەو نهێنییە ئاگادارم بکەوە، ئەگەر بە دروستی لە بیرم بێت پێشمەرگەیەک بەناوی کاک عەلی فەزڵی بە نهێنییەکە دەزانێت کە ڕۆژێک کاتی خواردنی نانی نیوەڕۆ دەڕوات بۆ ئەو مەقەڕە کە کاک قاسمی لێ دەبێت و پرسیار دەکات کێتان کاک قاسمن کە ئەویش زۆر بەگورجی دەڵێت بەقوربان منم خەیرە دەڵێت کاک فاتح ئارش شتێکی وەها دەڵێت کە دەڵێت بەقوربانت بم تێگەیشتم، خۆی گورج دەکاتەوە هەواڵەکانی دەڵێن ڕاوەستە نانەکەت بخۆو دووایی بڕۆ کە دەڵێت تێرم ئێوە دەتوانن بەشەکەی منیش بخۆن و دێت بۆ مەقەڕی سارەوەن و بۆی دادنیشێت دەبێنێ کە هیچ خەبەرێک نییە، هەواڵی من دەپرسێت کە دەڵێن لە مەقەڕ نییەو دوێنی ڕۆیشتەوەتەوە بۆ ماڵ، دەڵێت مەگەر ئێوە دەعوەتی منتان نەکردەوە، دەڵێن نەوەڵاو خەبەرمان نییە، ئەوکات دەزانێت کە شۆخیان لە گەڵ کردووەو دەڕواتەوە دەبێنی کە ڕەفیقەکانی بەشە نانەکەیان خواردەوە، لە دووایی دا هەرکەس بەو ڕێگادا دەڕۆیشت هاواریان دەکرد ئەرێ کێ قاسمە پەیامێکم بۆی هەیە.

ڕۆژی دوای کوشتنی ئەو سێ پەزە ئاشپەزەکەمان یک مەنجەڵی زەبەلاح یاپراخێ خۆشی بە گەڵامێوی تازەو تەرچکی باخەکانی باخان و گنەگۆشتی گەورە گەورەی کەڵەکێفی دروستکردبوو کە ڕەحمەتی حاجی ئەحمەدی تاوگۆزی لە کاتی نان خواردنی نیوەڕۆدا هات و دانیشت تا نانیان هێنا، ڕەحمەتی حاجی ئەحمەد پێشتر جاربەجار دەهات و گۆشتی دەبینی کە زۆر لای سەیر بوو کە هیچی نەدەوت بەڵام ئەمجارەیان کە ئەو هەمووو گنە گۆشتەیی بینی هاواری لێ هەستاو وتی تەشکیلاتی سەلاس پارتی بازی و ناوچەگەرایی دەکات و ئێمە بەمانگێک ئەوندەی ئەم یەک ژەمەیی ئێوە گۆشت وەرناگرین.

هۆکاری تورەیی حاجی ئەوە بوو کە یەک دوو رۆژی پێش تەشکیلات گۆشتی هێنابوو بەڵام حاجی ئەحمەد پێی وابوو کە ئەو هەموو گۆشتە تەشکیلات داوێتی بە ئێمە، هەرچی وتمان حاجی وا نییەو ئێمە بۆ خۆمان کڕیومانە باوەڕی نەکردو چونکە بەشی تەشکیلاتی بەرپرسی تەداروکات بوون رۆیشت و بەرۆکی شەهید محموود و ک- ب گرتبوو، بەڵام لە کۆتایی دا هەواڵانی خۆیان پێیان گوتبوو مەسەلەکە بەپێچەوانەیەو گەڕایەوەو داوای لێبوردنی کرد.

بۆ ئەوەیی کە خوێنەر پێی وانەبێت کە پێشمەرگە هەمووکات گۆشتی کەڵی خواردەوە یان ئێمە با خاڵێکی دیکە کە دەبێتە پێچەوانەی بابەتی سەرەوە بۆتان بگێڕمەوە، یەکەم لە تەشکیلاتی سەلاسی باوەجانی لەو سەردەمەدا تەنها من ڕاوم دەکرد، لە ڕاستیدا ڕاوکردن لەو سەردەمەدا لەو ناوچە کە من ڕاوم تێدا دەکرد ریسکێک بوو کە دەمکرد چونکە ئەرتەشی عێراق بە سەر مای بەمۆ و پاسداری ئێران لە تەپە بەرزەکەی پشتی سوور و پشتی باخی سەیدخان بوون، ئەو دوو هێزە نەیارە ئەوندە نێوانیان کەم بوو کە جاربەجار بە قەناسە تەقەیان لە یەکتر دەکرد بەڵام منیش لەو مسافەتە کەمەیی نێوان ئەواندا ڕاوم دەکرد.
دۆخی هەموو پێشمەرگەیەک لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا باش نەبوو بە تایبەتی پێشمەرگەکانی سەلاس کە لە سەرەوە باسم کردووە.
جارێک نزیک بە ٢٠ کیلو نیسکی سووریان بۆمان هێنا بەڵام کەس خۆشی لە خواردنی نیسکەسوورە نەدەهات دوای ماوەیەکی زۆر مانەوە کرم و مشک هێلانەیان تێداکردبوو، هەروەها چەند بەچکە مشکی تێدا مردبوون کە توڕیاندایە شوێنێک کە شوێنی فڕەدانی زبڵ و خاشاک بوو بەڵام زستانی ئەو ساڵە بەفرێکی زۆر باری کە وێرای بسترانی ڕێگای هاتوچۆ هیچمان نەبوو بیخۆین کە لە ئاکامدا کەوتینە فکری نیسکەسوورەکە کە هاوێنەکەی بە هۆکاری پیس بوونەوە فڕەماندابوو، چەند پێشمەرگە بەفرەکەیان لاداو نیسکەکە کە تێکڵاو بە پیسی زیاتر ببوو بینایەوەو چەند ژەم خواردنمان ئەو نیسکە پیسە بوو کە دەمانوت کێشە نییە لە کاتی کوڵاندا میکروبەکان دەمرن و خاوێن دەبێتەوە.

گەڕانەوە بۆ سـەر سـەفەری داڵەهۆ. بەکورتی ماوەیەکی زۆر لە ناوچەکەدا مـاینەوە کە ئەونـدە لە خەڵکی نـاوچەکە دڵنیـاو بەخۆمـاڵی چـاومـان لە دۆخەکە دەکرد کە زۆر پێویسـتیمان بە هاوکاری تەشـکیلاتی داڵەهۆ یان خۆمان نەبوو، بە زۆری پێوەندی ئێمە شـادڕەوان کوێخا کاکەخاس بوو بەڵام زۆر جار بۆ خۆمان ڕوومان لە شوێنێک دەکرد.
زۆربەی کاتەکان ئێمە لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەدا بووین کە تەشـکیلاتی داڵەهۆ یان تەشکیلاتی هێزی شاهۆ بەشـێوەیەک چالاکی و هەڵسـوڕانیان تێدا دەکرد، زۆر بەکەمی هەواڵانی دیکەی هێزی شـاهۆمان دەبینییەوە تەنانەت جوتیار کە دەبوو لە تەداروکات و هاوکاری کردنی ئێمەدا چالاک بوایە دیار نەدەکەوت و کاتی گەڕانەوەش ئەومان بەچاو نەبینی کە لەوە دەچێت لەم بوارەدا لە داهاتوودا لە ئامانجی من کە بابەتێکی هەمەلایەنەیی تێبگەیت.
جاربەجار ڕاپۆرتیان دەداو بەرپرسـانی سـەرەکی حکومەتی کە پێکهاتبوون لە کەسانی ئەسفەهانی یان سەربە ئایینی شیعە لە گەڵ چەکدارە خۆجەیەکان بەقەوڵ دەهاتن بۆ پاکسـازی بەڵام چەکدارە خۆجەیەکان بەتایبەتی ئێمە ئەوانەیی کە سەربە هێزی شاهۆ بووین لە ڕێگای کۆمیتەی داڵەهۆوە ئاگادار دەکردەوەو چوارچێوەیەکیـان دیـاری دەکرد تـا لەو چوارچێوە دەرچین، ئەگەر لە ڕۆژانی پاکسازیدا لە ناوچەی سەراوی قەڵاو گردەکانەکویرە بواین ئەوا یەکمان دەگرت و ئەو ڕۆژە پێکەوە دەبووین.
جارێک وتیان پاکسازی دێت و بەدواماندا دەگەڕێت زۆر ڕۆیشتینە سەرەوە بەشـێوەیەک کە گەییشـتینە نزیک سـەرەوەی چیای سـەربەرزی داڵەهۆ نزیک کانی و هـاوینە هەوارگەیەک کە مـاڵی لێ نەمابوو، دەتوانم بێژم کە پاکسازییەک هەموو ئێمەی سەربە تەشکیلاتی شاهۆ و هێندێک کەسی لە تەشـکیلاتی داڵەهۆی دەگرتەوە، من و ڕەحمەتی کاک ئەبوو کەریمی و کاک فەیسەڵ ئێراندۆست هەر سێکمان سیگارکێش بووین، مرۆڤی سیگاری زۆر ئـارەزوی چـای دەکـات بەڵام ئەو ڕۆژە بـاری تەداروکـاتیمـان بەهۆکـاری پاکسـازییەوە کێشـەی تێکەوتبوو، هێندێک لە دۆسـتان کە دەبا لە کاری تەداروکاتیدا هەڵسـوڕ بن لە سـەر ئەو بڕوا نەمابوون چونکە دۆخ دەتوانێ زۆر بەگورجی کارتێکردنی لە سـەر ئاستی بیرکردنەوەیی مرۆڤ هەبێ... بەڵام کوێخا کاکە خاس هیواو ئومێدی هەمووان بوو.

نیوەڕۆو دوا هەر سێکمان لە ڕادەبەدەر ئارەزوی چایمان کرد، وێرای ئەوەی کە هەر دووک بەڕێزان بۆخۆیان لەوانە بوون کە دەیانتوانی بیریان لە کاری ڕێکخستن و بەرنامەڕێژی کردباتەوە بەڵام دەیانوت ئای بۆ پیاڵەیەک چای، ئێستاکە بەدروستی لە بیرم نییە بەڵام ئەوندە دەزانم کە یەکێکمان چەند دانە نقولی سپی پێ بوو، چەند ڕۆژ پێش لە شوێنێک لەو نزیکانە یەک کتری گەورە سڵپەچایمان ڕژاندبوو، لاموایە کاک فەیسەڵ ئێراندۆست بوو کە وتی بۆ نەڕۆین و ئەو سڵپەچایی کۆ نەکەینەوەو چایی لێ دروست بکەین، بڕیارماندا هەر سێکمان بڕۆین بۆ ئەو شوێنەو کاتێک کە گەیشتینە شوێنەکە دیتمان ڕان (گەلە) لەوێ حەساونەتەوەو سڵپەچایەکەیان لە گەڵ خۆڵ و پشکەڵ تێکەڵی کردووە، بەو حاڵەشەوە هێندێک لە پاشماوەی چاییەکەی پێشوویی خۆمان یانی سڵپە چایەکە کە تێکەڵ ببوو لە گەڵ پیسی. ئاژەڵ و خۆڵ کۆکردەوەو چایەکمان دروستکرد کە ڕۆحمەتی کاک ئەبوو کاتێک یەکەم پیاڵەی خوارد تامی دەمی دەدایەوەو دەیگوت بەبە چەندە بەتامە، لە ڕاستیدا لە دەمی مندا تامی پیسی. ئاژەڵی دەدا بەڵام هیچ گرنگیمان بەو تامە نەداو تا دواین پیالە هەمووماں خواردەوەو نەخۆش نەکەوتین.

دیسان ڕۆژێک کوێخا کاکەخاس کادری تەشکیلاتی داڵەهۆ لە سەراوی گردەکانەکوێرە دەعوەتی کردین و حەیوانێکی دیکەی بۆمان کوشتەوە بەڵام هەواش زیاتر گەرمی کردبوو ئارەزوی خواردنەوەی ساردیم (کۆکاکۆلا) کردو لە کەسێک کە کاری تەداروکاتی دەکرد پرسیارم کردو وتم لەم نزیکانە کۆکاکۆلا دەست ناکەوێت کە وتی با لە دووکانەکەی ئەزمەمیراندا هەیە بەڵام زۆر نزیکە لە مۆلگەکەوە، وتم کێشە نییە سپاست دەکەم.
ڕەحمەتی کاکەولاو پێشمەرگەیەکی دیکەم لە گەڵ خۆم بردو ڕوومان لە دووکانی ئەزمەمیران کرد، دووکانەکە لە سەر جادەی ماشین و مەودایەکی ئەوتۆی لە گەڵ مۆلگە گەورەکەی ئەزمەمیران نەبوو، بێشک شێوەو لیباسی پێشمەرگە لە گەڵ خەڵکی ئاسایی ناوچەکە زۆر جیاوازی هەبوو، گەیشتینە دووکانەکەو دووکاندارەکەش سەری سووڕما و لە سەر سەکۆی دووکانەکە دانیشتین و دەستمانکرد بە خواردنەوەی کۆکاکۆلا کە ماشینێکی سپا هاتوو دوو پاسداری فارس خۆیان کرد بە دووکانەکەدا، سڵاویان کردو

ئێمەش بەشــێوەی زۆر ئاسـایی وەڵامی سـڵاوەکەمان دایەوە، زۆر چاویان بربووە ئێمەو چاوڕوان بووم کە پرســیارمان لێ بکەن بەڵام بێدەنگیان لێ کردو دوو پاکەت سیگاریان کڕی و کاتی ڕۆیشتن یەکێک لە دووکاندارەکانیان بانگ کردە دەرەوە، ئەوان ڕۆیشـــتن و دووکاندار گەڕایەوە دووکانەکەو ئەو جارەیان من پرســیارم کردو وتم چییان لێت پرسی، دووکانـدارەکە وتی پرسیاری ئێوەیان لێکردم وتیان شێوەی ئەمانە لە خەڵکی ئەم ناوچە ناکات و بۆ ئێمە نەنـاسراون، دووکانـداریش لە وەڵامـدا وتبووی ئەوانە خەڵکی شــوێنێکی دیکەی نـاوچەکەن کە تـازە لە عێراق گەڕاونەتەوەو بوون بە بەسیجی.
خەڵکی ناوچەکە بۆ ئەو پاســدارانە ناسراو بوون چونکە زۆر پێوەندی و هاتووچۆیان لە گەڵ خەڵک دابین کردبوو ئەگەر بەباشی لە بیرم مابێت وتیان یەکێکیان بەرپرسی گشــتی مۆڵگەکەی ئەزمەمیران و ئەوی دیکەیان بەرپرسی بەسیجی لە ڕوانسەرو ناوچەکە دایە.
ڕۆژی دووایی بە تیمێک پێشمەرگەوە ڕوو لە **دەشتی مۆرد** بە پیادە بە جادە ماشـینەکەدا دەڕۆیشـتین کە هەمان ماشـین لە قوڵقوڵەوە لە ڕووبەڕووی ئێمەوە هـات و کـاتێـک کە گەیشـــتە نزیکی ئێمە بۆقێکی لێـداو ئێمەش دەستمان هەڵبڕی.
لەســەر ئـاســتی پاراســتنی دۆخی نـاوچەکە کە زۆر هـاوکارمـان بوون بڕیارماندابوو کە بەهیچ شێوەیەک لە ناوچەکەدا هەڵسوکەوتێک نەکەین کە هۆکاری توندوتیژی بەدواوە بێت ئەوەش هۆکارێک بوو تا خۆمان لە هێندێک کردەوە دوور ڕاگرین.
لە کاتی پێویســتدا دەمانتوانی لە پێشــمەرەکانی تەشـکیلاتی داڵەهۆ یارمەتی مرۆڤی وەرگرین و چەند جار پێشــمەرگەو کادری ئەوانمان لە گەڵ خۆمان برد بۆ ئەملاولا، شـــەهیـد جەهـانبەخش نـاسری و شـــەهیـد ئەمین محەممەدی لە گەڵ کاک ب –ئە ئەوانە چەنـد کەس لەو پێشـــمەرگەو کادرانە بوون کە ئیســتاکە ناویانم لە بیرە، هێندێک لە پێشــمەرگەکانی ڕێکخراوەی داڵەهۆ پێشــتر بۆ من ناسراو بوون بەڵام کاتێک کە گەیشــتمە داڵەهۆ کەســانی دیکەم ناسی کە هەمان شـــەهید ئەمین و شـــەهید جەهـانبەخش دوو کەس لەو تـازە پێشـــمەرگانە بوون کە پێشـــتر بۆ من نەناسراو بوون.

ئەزموونی ئەرێنی و نەرێنی زۆرم لە داڵەهۆ بە نسـیب بوو کە دەتوانم هەڵسوکەوتی خەڵکی ئاسایی ناوچەکە وەک ئەزموونی ئەرێنی و ئانارشیزمی تەشکیلاتی حیزب لەو کاتەدا وەک ئەزموونی نەرێنی ناوبەرم، لە سەر بەشە ئەرێنییەکەی کە دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکی ئاسـایی لە دەرەوەی ڕێکخستنی ڕامیاری بەڵام نەتەوەیی زۆر بابەت لە سـەرەوە هاتووەو لە داهاتوودا زیاتر دەخوێنیتەوە بەڵام بەشـەکەی خۆمان کە بەگوێرەی بیرکردنەوەی خۆم نەرێنییە هەوڵ دەدەم لە داهـاتوودا لەو بوارەشـدا هێنـدێک بـاس بێنمەگۆڕێ.

لەگەڵ کەسێکی زۆر بەڕێز بە ناوی دەروێش ئەلیمیر کە ئیستاکە بەداخەوە ناوبانگەکەیم لە بیرکردووە ئاشنایمان پەیدا کرد کە بەگوێرەی بیرکردنەوەی خۆم هەردووکمـان زۆر دڵخۆش بووین بەو پەیوەنـدیی، دەروێش ئەلیمیر مەلای ئایینی یاریی و مرۆڤێکی زۆر ئاگاو نەتەوەیی بوو کە کاتێک کە ئیمکان هەبوایە یەکترمان دەبینی و لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی باسمان دەکرد، ئەشعارە ئایینیەکانی ئایینی یاریی بەشـێوەیەکی زۆر جوان بە زاراوەیی هەورامی دەخوێنـدەوە، زۆر بەداخم کە ئیمکانی یەکتر بینینی ئەوتۆمان نەبوو بەڵام ئەو چەند جارە یەکترمان بینی هێشـتاکە هەر چێژی لە هەناومدا ماوەتەوەو ڕێزم بۆی هەیە.

شـەوێک لە ئاوایی و ڕەشـدەوارەکانی سـەربە سـەراوی قەڵا یان نزیکی لە سـەراوی قەڵا دابەشـکراین بە سـەر ماڵەکاندا ئەو شـەو وتیان کەسـێکی نەناسراو بەدوای تۆدا دەگەڕێت کە داوام لە خاوەن ماڵەکە کرد تا هاوکاری بکات و بیهێنێ بۆلام، کاتێـک هـات بینـام برای بەڕێز کاک س... کە لە سەرەوە باسم کردو وتم هەرکات بۆ خۆم چووبام بۆ دیدەبانی دەرۆیشتم بۆ پشـتی مۆڵگەکەی باخی سـەیدخان لە داوێن قەڵاگەوری بەمۆو ئەوم لە گەڵ خۆم دەبردو هۆرەی دەچڕی و کەسـێک لە مۆڵگەکە سـپاوە بۆی دەسەندەوە، هەردووکمان بەو چاوپێکەوتنە کوتوپڕیی زۆر خۆشحاڵ و ئەو شـەو لای من مایەوەو هێندێکی دیکە هۆرەی بۆ چڕیم، پرسـیارم کردو وتم بڕیارمان وابوو کە ڕاوەستی تا پێکەوە بێین بۆ داڵەهۆ بۆ قەوڵەکەت شکاند،

وتی بەشەرەف تەحەمولی دووری ژن و منداڵەکەم نەمابوو هەر بۆیە نەمتوانی ڕاوەستم تا تۆ بڕیاری سەفەر بۆ ناوچەکە دەدەیت.
س... مرۆڤێکی زۆر ڕێکوپێک و کە لە کاتی خۆیدا پێش لە کۆچدانی ئێمە بۆ ڕۆمادیی ڕۆیشتەوە بۆ داڵەهۆ، لەو سەردەمەدا ئەو سەربە مەقەڕێکی دیکەی تەشکیلاتی سەلاسی باوەجانی بوو کە هێندێک جار کە بۆخۆم دەڕۆیشتم بۆ دیدەبانی لە گەڵ خۆم دەمبردو نهێنییەکانی دەروونی خۆی زۆر ڕاشکاوانە باس دەکرد، ئەوکاتەش دەیوت کە زۆر دڵتەنگی ژن و منداڵەکەی دەکات و چاوەڕوان بووین کە ڕۆژێک پێکەوە بە تیمێک پێشمەرگەوە سەردانی ناوچەکە بکین بەڵام شەوێک لە کاتی نگابانیدا ئارەزووی ژن و منداڵەکەی سەری لێ دابوو نامەیەکی ماڵئاوایی نووسیبوو کردبووی بە لولەی ژ-٣کەیداو ڕۆیشتبووەوە.
لە کاک س ... پرسیارم کردو وتم نەبوویت بە بەسیجی کە وتی نەوڵا هەگز ئەو کارە ناکەم هێشتاکە هەر بەشێوەی نهێنی و خۆشاردنەوە دەژیم، ئەو شەوە زۆر زیاتر لە شەوەکانی دیکە خۆشحاڵ بووم، بەیانی ماڵاوایمان لە یەکترکردو هەرکام بەلایەکدا ڕۆیشتن و هێشتاکەش هیچ هەواڵێکی ئەوتۆم لەو بەڕێزە نییە چونکە ئێستاکە نزیک بە ٣٨ ساڵ بەسەر دیداری کۆتایی دا تێدەپەڕێت کە وێرای ئەوەیی کە لە کەسانی ناوچەکە هەواڵپرسیم کردەوە بەڵام چونکە بێجگە لە ناوەکەی زانیاریم لە سەر بنەماڵەی و شوێنی ژیانی ئەو لە بیرکردووە کەس نایناسێتەوە.

هەر لەو ماوەدا لە لایەن هێندێک پێشمەرگی بێ پریسیپ و ئانارشیزمەوە لە ڕووانگەی جۆراوجۆرەوە ناوی واقعی من ئاشکرا دەبێ کە بەپێچەوانەی چاوەڕوانی ئەوان هێندێک کەس لە ناوچەکانی **دەرمڕان** و **بەیاخەوەن** کە ناسراوی کۆنیان لە گەڵ بنەماڵەی ئێمە هەبوو هاتن بۆ چاوپێکەوەتنم کە ئێستاکە تەنها ناوی خاڵۆ بەگمراد کە ماڵیان سەردەمی خۆی لە دەرمەڕانی سەرەوە بوو لەبیر ماوە کە چەقۆیەکی کاری **کرن** کە لە ناوچەکەدا زۆر مەقبووڵە بەدیاری بۆ هێنام، هەروەها داواکاربوون تا سەردانی لای ئەوانیش بکەین بەڵام بەداخەوە کە ئەو دەرفەتەم نەبوو یان بەهۆکاری دۆخی هزرییەوە کە لە داهاتوودا دەیخوێنیتەوە ئەو گورو تینەی سەرەتاییم لە دەست دابوو.

ئیستا ماوەیەکە کە کاک کەریم کاکەسووری (خاڵدار) فەرماندەی هێزی شاهۆ گەڕاوەتەوەو شەهید محەممەد وەیسی. ناسراو بە حەمەسەربازی لە گەڵ خۆیان بردووەتەوە بۆ بەمۆو هێشتاکە کەس بۆ فەرماندە هێزی داڵەهۆ دیاری نەکراوەو کاک کەریم خاڵدار بەرپرسیاریی هێزی شاهۆو تەشکیلاتی داڵەهۆی بە ئەستۆیە بەڵام لە گەڵ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندیدایە تا کەسێک بۆ بەرپرسی کۆمیتەی داڵەهۆ کە لە ئاکامدا بوو بە هێزی داڵەهۆ دیاری بکەن.

لەم بەشەی باسەکەمدا خۆم سانسۆر دەکەم چونکە پێویستیم بە ناو هێنانی پێشمەرگەیەک هەیە بەڵام بەداخەوە کە باسەکە یان کردەوەکەی نەرێنییە و پێشمەرگەکە شەهید بووە، لەو ڕووانگەوە کە پلەی شەهید لای من زۆر بەرزە چاوپۆشی لە ناوهێنانی دەکەم و لە باسەکەمدا تەنها دەنووسم شەهید، ڕۆحی شادو ڕێگای سەرکەوتوو بێ.
دوای ڕۆیشتنەوەی فەرماندە هێزی شاهۆ هێندێک پێشمەرگە کە پێشتر سەربە هێزی شاهۆ بوون و لە ناوچەکە مابوونەوەو بەو تیمە پێشمەرگەی سەرەتایی کە لە گەڵ خۆم هاتن زیاد کران کە یەکێک لەو پێشمەرگانە پێشمەرگەی شەهید بوو کە ماڵەکەی لە ناوچەیەکی دیکەی دوور لە داڵەهۆ بوو، ئەو شەهیدە ماوەیەکی زۆرە منداڵەکانی نەبیناوەو زۆر ئارەزوی بینانی ئەوان دەکات، ویستی شەهید ئەوە بوو کە من ڕوو لەو ناوچە بکەم یانی هەڵسوڕانم بەزۆری بخەمە ئەو دەوەرەی ماڵی ئەو، زۆر بەباشی هەستم بە ئارەزوەکەی شەهید دەکردو لە دەروونەوە لە گەڵی بووم بەڵام من هەستم بە بەرپرسیارەتییەک دەکردو بەشێوەیەک لە ئاستی گیانی هێندێک کەسدا لە هێندێک بواردا خۆم بەوەڵامدەرەوە دەزانی، هەروەها بەگوێرەی تەجرەبەی سەربازی و لۆژیکی ڕامیاری نەمدەتوانی هەر پێشمەرگەیەک هەر شتێک بڵێت یان ئارەزو بکات وا بکەم چونکە لە باری سیاسی، کۆمەڵایەتی و سەربازییەوە شارەزایی زۆرم لە سەر ناوچەکە نەبوو بەڵام لە سەر ئەو ویستەیی شەهید وەک ئەولەوێتێک کارم دەکردو زۆرم پێ خۆشە کە سەردانی ئەو ناوچە بکەم و ئەویش بەئارەزووەکەی بگات.
هەروەک لە سەرەتادا خوێندتەوە چەند کەس لەو پێشمەرگانە کە تازە هاتبوونە ڕیزی حیزب یان سەربە تەشکیلاتەکانی دیکە بوون نەمدەناسین و

یەکێک دیکە لەو کەســـانە م...ئ بوو، بەگوێرەی بیرکردنەوەی من پێشـــمەرگە ناوێکی پیرۆزو کەســـێکە کە بەگوێرەی لۆژیک ڕێگای خەباتی ئازادیخوازی هەڵدەبژێرێت یانی لە باری فکریەوە بە ئاستێک گەیشتووە کە خەبات بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری بەپێویست دەزانێ، خەباتی چەک بەشتێکی نەخوازراوەو بەناچاری بەمەبەستی دیفاع لە خۆی و دەستەبەرکردنی ئامانجەکەی لە شان دەکات، یانی لە نەبوونی جێگرەوەیی دووهەمدا دەکەوێتە قۆناغی دیفاع چەکداری لە خۆی و ئامانجەکەی بەڵام لە هەمانکاتدا مرۆڤ کوژی بەگشـــتی بە تاوان و ڕەدی دەکاتەوەو بەتوندی دژی بێدەسەڵات کوژیەو بەکردەوەیەکی دژی مرۆڤی و بە تاوانێکی گەورەتر لە تاوان دەیزانێ و دژی دەوەســـتێتەوە یانی زۆر بەجیدی هەوڵ دەدات تا دژبەرو دژایەتی مرۆڤ کوژی و تاوانی لەو چەشنانە بکات.

بۆ من پێشـــمەرگە لە شـــیکردنەوەی ســـەرەوەدا دەبینمەوەو لە ڕاســـتیدا لە تەمەنی پێشمەرگایەتی یان خەبات و کاری ڕامیاریم دا هەموو ئەو پێشمەرگانە کە بیناومن هەمان هەســـت و ویســـتیان هەبووە، مرۆڤایەتی و دادپەروەری بۆیان لە ئەولەوێتی کاردابووە بێجگا لە م...ئ ناو کە مرۆڤێکی ئانارەشـــیزم، جنایەتکار و نەیدەزانی بۆ ئەو چەکەیان پێداوە.

سەرچاوە زانستی و کۆمەڵایەتییەکان ڕاستی و دروستی ئەوە دەسەلمێنن کە کەس تاوانبار یان بەپیشەیی تاونکارییەوە لە دایک نابێت و سەرچاوەی زۆر هەڵەی ئێمەی مرۆڤ دەگەڕێنەوە بۆ هەڵکێش و داکێشـەکانی کۆمەڵگا یان گرفتەکانی ســـەر ڕێگای بارهێنان و فێرکردن کە وێرای پێداگرتن لە ســـەر ڕاســـتی و دروســـتی ئەو تیئۆریی بەڵام زۆر جار لە دەروونی خۆمدا بیرۆکەی ئەوەیی کە بۆ هێنـدێـک مرۆڤ وێرای بوونی ئیمکانی گەشـــە ناتوانن لە دەرفەت کەڵکی ســـەردەمیانە وەرگرن و لە گەڵ گەشـــەیی هزری نایەنەوەو ئەو هەســـتە کە دوورکەونەوە لە کردەوەی بەپێچەوانە تێیاندا دەســـتەبەر نابێت بووە بەشێوە نەهێنییەک کە وێرای بەداخ بوون نەمتوانیوە بەئامانج بگەم و تیئوریەک بۆ قەناعەتی خۆم بێنمەئاراوە.

بەخۆشێیەوە ئەو مرۆڤە دوای ئەو ماوە کورتە پیشمەرگایەتی ئەو چەکە کە بە ئامانجێکی مرۆڤی و نەتەوەییەوە لە شـــانیان کردبوو داناو ڕۆیشـــت بۆ ئۆردووگای ڕۆمـادیی کە لە ســـاڵی ١٣٧٠هـ (١٩٩١ز) کە ئێران و عێراق دەستیاندایە پرۆژەی گەڕانەوەی ئاوارەکانی ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی

کوردستان م...ئی لە گەڵ ئەو خەڵکە گەڕایەوە بۆ ئێران و لەوێ چووە ڕیزی کەسانی ئیتلاعاتەوەو دەستی دایە ئیشی. سیخوڕی و دروستکردنی تاوان بۆ خەڵکی بێچارەی کە دەتوانم بڵێم کە بەشێوەیەکی دیکە کەوتە تاوان کردن، لەم ڕووانگەوە من بیر لە هۆکاری نەگۆڕانی هێندێک مرۆڤ لە نەرێنییەوە بۆ ئەرێنی دەکەمەوە، زۆرلام ســەیرە کە هێندێک مرۆڤ وێرای ئەوەیی کە ئۆتیسم نین و مێشکیان ئاسایی بەڵام بیر لە ئاڵوگۆڕ ناکەنەوەو هەمووکات بەدوای کردەوەی بەپێچەوانەدان.

شـــەهید... چاوەڕوانە تا بەگورجی و بێ دواکەوتن دوای داواکاریەکەی ئەو بکەوم و هەوڵی منیش ئەوەیی کە زانیاری پێویســت لە بواری ناوچەکدا کە شـارەزایی ئەوتۆم لە ســەری نییە دەســت کەوێت تا ئەوکات بە دڵنیاییەکی زۆرترەوە هەنگاو بۆ ئارەزوەکەی هەڵگرم یانی کارێک نەکەم کە پەشـــیمانی بۆ هەردووکمان بەدواوە بێ وتم دەبێت ڕاوەســـتی تا بزانم دەتوانم چ بکەم بەڵام شـــەهید ... وێرای ئەوەیی کە مرۆڤێکی چاک بوو لە ژێرەوە دەســـتی دایە باندو باندبازی و کێشــە دروســتکردن لە نێو پێشــمەرگەکاندا، یەکێکی دیکە لەو پێشـــمەرگانە **هیوا** (ناوی خوازراو) بوو، هیوا وێرای ئەوەیی کە پێشمەرگەیەکی زۆر ئازاو نەترس بوو بەڵام ئەویش تا ڕادەیەکی زۆر لایەنگری ئانارەشیزمە یان بە ئاسانی دەیانتوانی کارتێکرنیان لە سەری هەبێ.
شـــەهید... کە پێی وایە کە من نامهەوێت بڕۆم بۆ ناوچەکەی ئەوان و لە مەڵبەندەکانی دیکەی حیزبدا فێری هێندێک بەرنامەو پیلانی نەرێنی وەک پێکهێنانی تاقم و دروستکردنی کێشە بووە توانی ئەم کەسانە شناسایی بکات و زیاتر ئەوان ڕوو لە هەرجومەرج خوازی بەرێت و لە زۆر بواردا دەســـت بدەنە نافەرمانی و کێشـە نانەوە لە سـەر بوارە ڕەنگاوڕەنگەکانی کارو چالاکی، هێندێک لە پێشمەرگەکان کە تا ڕادەیەک ئاگاداری دۆخی دروستکراو بوون لە ژێرەوە مەســـەلەکەیـان بۆم دەگێڕایەوە بەڵام زۆر گرنگیم پێ نەدەدا چونکە هەم خۆمم بـاش دەنـاسی هەم ئەوان، ئەوەیی کە بۆ من جێگای سەرەنجە ئەوەیی کە ئێمە تەشکیلاتێکمان هەیە کە ئاگاداری شێوە گرفتێکی ســـەر ڕێگان بەڵام لە بەرنامەی تایبەتی خۆیان فرســـەتی ئاوردانەوەیان لە بوارێکی دیکە نەبوو، ئەم بێلایەنیی دۆســـتان زیاتر هۆکارە تا منیش گرنگی نەدەم بەکـاری تێکـدەرانەی ئەو تـاقمە، بەڵام مەرحومی کـاکەولا زۆر

بەنیگەرانییەوە چـاوی لەو گرووپە کە لە نێو گرووپەکەدا دروســـتکراوە دەکردو وەک گرووپێکی مافیایی بۆ بابەتەکە دەڕۆیشت کە دەبێ حیسابی لە ســـەر بکەیت، بەتـایبەتی لەوە نـارەحەتە کە ئەوانە ڕۆیشـــتوون و لای دۆستانێک کە بەرنامەی تایبەتی خۆیان هەیە لە پشت سەری من قسەیان کردووەو وەک کەرەســـتەیەکی بەرگری لە کردەوەکـانی خۆیـان تـاوانی ترسنۆکیان خستووەتە پاڵم.
بە مەرحومی کاکەولام وت ئەوە پڕوپاگەندەیەکی زۆر نەرێنی نیەو من گرنگی پێنـادەم تۆش بیری لێ مەکەوە چونکە لە کوردیـدا دەڵێن مـانـگ بۆ هەمووکات لە ژێر هەوردا نامێنێتەوە و تۆ بۆ خۆت دەبینی کە وێرای ئەوەیی کە کێشـەی لاقم هەیە بەڵام لە کاتە هەستیارەکاندا لە پێشی- هەمووانم و باوەڕیش ناکەم کە بیر لە کردەوەی هەڵە بکەنەوە، مەبەست لە بەکاربردنی وشـــەیی ترســـنۆک ئەوە بوو کە من بە قەوڵی شـــەهید ناکەم و نارۆم بۆ شـوێنێک کە زانیاریم لە سـەری نییە یانی چونکە ناتوانم پێشـمەرگە فیدای ئامانجی تاکەکەسی یان تایبەتی بکەم ترسنۆکم.
کاکەولا مرۆڤێکی زۆر لێهاتوو لەســـەرخۆ بوو کە وێرای ئەوەیی کە بەدوای تووندوتیژیدا نەبووین بەڵام زۆر لە کردەوەی ئەو چەند کەســـە نیگەران و دەیوت ئیمکانی هەیە ئەگەر ڕۆژێک بکەوینە دۆخێکی دژوارەوە پشـتمان لێ بکەن بۆ ئەوەیی کە تێدابچین، وێرای ئەوەیی کە بڕوام نەدەکرد وەها بکەن دیسان دەمبینا کە هێندێک جارو لە کاتی هەستیاردا ئەو یەک دووکەسە لە دوای هەمووان بوون بەڵام لە کاتی گەڕانەوەو ئاسایی و بێ مەترسی بەهەموو هێزی خۆیانەوە ڕوو لە شـوێنی گەڕانەوە بۆی هەڵدەهاتن چونکە دەیانزانی کە لاقێکم کێشەی پەیدا کردووەو کاتێک کە زۆر ڕێگا بڕۆم وەرەم دەکات.
ئیســـتا بە دروســـتی نـازانم بەڵام پێموایە کە لاقی چەپم بێ یـانی بەشی خوارەوەی بەناوی قاپوورە کە دەبێت بە بەینی پێ و ســـاق ڕان بەهۆکاری ڕێگای زۆرەوە لە گەڵ شـــێوە کێشـــەیەک ڕووبەڕوو ببووەوەو لە هێندێک بواردا هەڵـدەئاوســـا و ئازاری هەبوو بەڵام ئەمە کێشـــەیەک نەبوو کە کارتێکردنی لە سەر ئاستی چالاکی یانی مەسەلەی دەروونی من هەبێ بەڵکو کاتێک هەڵئاوسابا هێندێک کارتێکردنی لە سەر ئاستی ڕێکردنم دادەنا، ئەو کێشـە کە تا چەند سـاڵی پێش لە نووسـینی ئەم بیرەوەریی دیسـان لە کاتی زەختی زۆردا سـەری هەڵدەدایەوە هۆکاری ئەو هەڵاتنەیی ئەوان تەنها ئەوە

بوو، یانی لە کاتی گەڕانەوەدا ئەگەر ترسـێک لە ئارادا نەبا ئەوان بۆی هەڵدەهاتن بەڵام باقی پێشـمەرگەکان لە گەڵم دەمانەوەو منیش قەت گرنگیم پێ نەدادان کە هۆکاری زیاتر نارەحەت بوونی ئەوانی لێدەکەوتەوە.
جارێکیان کوڕێکی گەنج و تازە پێگەیشتوو بە ناوی ج- ر لە گەڵ خۆم برد بۆ ناوچەیەک لە نزیک ئاواییەکەی خۆیان، کوڕەکە زۆر سـادەو ئاسـایی بوو بەڵام کاتی گەڕانەوە ئەو چەند کەسـە دیسـان بۆی هەڵهاتن و ج-ر... بێ ئاگاداری لە مەسـەلەکە لە گەڵ ئەوان کەوت، بەو جۆرە کە دواتر بۆمیان دەگێڕایەوە لە ڕێگادا هەوڵ دەدەن تا ج-ر... بە تیمەکەی ئەوانەوە زیادبێت کە وێرای ڕەد کردنەوەی داواکارییەکی ئەوان ئەو کردەوە بەشـێوەیەک لە پێشمەرگایەتی دڵساردی دەکاتەوەو فکری خۆ تەسلیم کردنەوە لە مێشکیدا بەرهەم دێنێ کە لە ئاکامدا بەمەبەستی خۆ تەسلیم کردنەوە خۆی دەگرێتە دواوە.
کاتێک گەیشتینە شوێنی دیاریکراو بینیم کە ج-ر... دیار نییەو پرسیارمانکرد کە ج-ر.... لە کوێی وتیان ئەوان ئاگادار نین و ئیمکانی بۆ دەڕوات کە توشی ڕووداوێک بووبێ، وەڵامەکە جێگای تێڕامان و زۆر لامان گومانناوبێ، زانیم کە وانییە چونکە ئێمە پۆلێک پێشـمەرگە بووین کە بینامان کە لە گەڵ ئەو دوو کەسـە کەوت، وێرای ئەوەبێ کە فکرم لە تەسـلیم بوونەوەی دەکرد لە هەمان کاتدا ترسـم لەوە بوو کە بەمەبەسـتی دروسـتکردنی گوشـار بۆ من بەلایەکیان بەسـەری ئەودا هێنابێ و لە فکری دروسـتکردنی پێوەندیدا بووم بۆ بەدسـتهێنانی زانیار لە سـەر ئەو  پێشـمەرگە لاوە کە بەخۆشـییەوە دوای دوو ڕۆژ گەڕایەوە وتی بر کەوتووم کە زۆر بەڕوونی دەمزانی ڕاسـت ناکات، چونکە یەکەم زۆر بەباشی شـارەزایی ناوچەکە بوو، دووهەم مەودای نێوان دوو شوێن نزیک بە کاتژمێرو نیوێکە، لە ڕاستیدا ج-ر... ڕۆیشتبووەوە بەڵام کاتی ڕۆیشـتنەوەکەی لەبار نەبوو هەروەها بنەماڵەکەی مرۆڤی زۆر باش و بێ کێشـە بوون کە منیان باش دەناسی و پێیان خۆش نەبوو کە چەکێکی حیزب دێموکرات تەسلیم بەحکومەت بکات.
دوای ڕۆژێک ج-ر... ڕاسـتی دەرروونی خۆی درکاندو وتی ئەگەر ئیجازەی بدەم نایهەوێت لەوە زیاتر پێشـمەرگایەتی بکات و دەیهەوێت بگەڕێتەوە، پرسـیارم کردو وتم ئەگەر بگەڕێتەوە کێشـەت نـابێ کە وتی نـا، وتم پێشمەرگایەتی بابەتێکی دڵخوازە بەڵام ڕاوەستە تا چەند ڕۆژی دیکە ئەوکات

بڕۆرەوە و چەکەکەیم وەرگرتەوە، وێرای ئەوەیی کە مەسەلەی چەککردن و بڕیاری ڕۆیشـــتنەوەی ئەوم لە گەڵ کاک حەمەنەزیف قادری هێنایەگۆڕێ دوای چەند ڕۆژ گەڕایەوەو ئاگاداربووم کە کێشەی بۆ پێش نەهاتبوو.

ج- ر... لاوێکی زۆر باش و ئارام بوو بەڵام بەگوێرەی شـــیکردنەوەی خۆم و زۆر کەسی دیکە کردارو ڕەفتاری ئەو چەند پێشـــمەرگە هۆکاری دابڕانی ئەو لاوە لە ویستی خەبات بەدواوەهات، هەروەها کردەوەکانی ئەوان کارتێکردنی نەرێنی لە سەر کەسانی دیکە دەبێت کە لە داهاتوودا باسیان دەکەم.

جاریک کە دەڕۆیشـــتین بۆ ناوچەیەک هێندێک دوور دوو پێشـــمەرگەی سـەربە تەشـکیلاتی داڵەهۆم بەپێشـمەرگەکان زیادکرد ئەو دوو پێشـمەرگە بریتی بوون لە شـەهید جەهانبەخش ناسری و کاک ب-ئە، لەو سـەفەرەدا دەمانچەیەکی حکومەتی لە کەسـێکی سـەربە ڕژیم زەوتکرا کە کاتی گەڕانەوە وتم دەمانچەکە بێنن کە لە نێوان ئەو چەند کەسەو دوو هەواڵی تەشکیلاتی داڵەهۆدا ون بوو، بەداخەوە ئەگەر بەکورتی و کراوەیی باس بکەم دەبێ بڵێم هێندێک هەڵســوکەوت بەپێچەوانەی کردەوەو ڕەفتاری پێشـــمەرگە بەرچاو دەکەوت.
شادڕەوان کاکەولا زۆر زیاتر لە هەمووان لە کردەوەکانی ئەو چەند پێشمەرگە نیگەرانە بەڵام بێسەروشوێن بوونی ئەو دەمانچە زیاتر کارتێکردنی نەرێنی لە ســـەرداناو ڕۆژی دووایی وتی ئیجازەم بدە بڕۆمەوە بۆ بەمۆ چونکە هەم چاوەکانم دێشێ و هەم زۆرلام ئاسـتەمە لە دۆخێکی وەهادا پێشـمەرگایەتی بکەم.
زۆر لە گەڵ کاکەولا قسـم کردو وتم ئەمە تەنها هەڵە یەک یان دوو کەسـە کە زۆر گرنگ نییە، بەڵام وتی ئەمە تەنها کاری کەسـێک نییە بەڵکو چەند کەســـن کە لە گەڵ هێندێک کەسی دیکە لە دەرەوەی تیمەکەی خۆمان یـانی ئەوانە کە لە تەشـــکیلاتی هەورامـانی هێزی شـــاهۆوە هـاتوون ڕاوبۆچوونیان گۆڕاوەتەوەو چەند جاریش ئەو چەند پێشمەرگە هەوڵیانداوە تا بەڵکو پێشـــمەرگەکان دژایەتی تۆ بکەین کە لە وەڵامدا وتم کارو ئەرکی خۆت بەبـاشی بەڕێوەبەرە، من گرنگی بەوان نـادەم تۆش هەوڵ بـدە کە

فکری ڕۆیشتنەوەو دانیشتن لە مێشکی خۆت بسڕیتەوە، هەرچۆنێک بوو ئەو جارە ڕەحمەتی کاکەولام ڕازی بەمانەوە لە دالەهۆ و حیزبدا کرد.

لەو ماوەدا لە دەرەوەی دالەهۆ دەبا بۆ خۆم تیمەکەم لە باری خواردنەوە تەداروک کردبا کاتێک کە ئەو پێشـــمەرگانم لە گەڵبا زۆر بەکەمی یان زۆر بەنهێنی لە گەڵ خەڵک پێوەندیم دەگرت، ئێمە پێشـمەرگە بوون و خەڵک بەچاوی پێشـــمەرگەوە چاوی لێ دەکردین، لەوە دەچێت ئەگەر وا بڵێم باشـتر بێ، ئێمە پێشـمەرگە بووین کە وێرای ئەوەی کە پێشـمەرگە بە واتای دروســـتی خۆی قەت زۆری لە کەس نەکردووەو نـایکات بەڵام زۆربەی خەڵک لەو ســـەردەمەدا بەباشی ئاگاداری ئەم بابەتە نەبوون، مەبەســـتم ئەوەیە کاتێک کە داوای یارمەتیمان لە ماڵێک یان کەســـێک کردبا ئیمکانی بوو کە شـــەخس ناچار بێ یان لە ترســـا یارمەتی کردبا بەڵام هێندێک لەو پێشـــمەرگانە ئەگەر ئـاگاداربووان بەگورجی دەفتەری بیرەوەرییەکەیـان دەردەهێنـان و هەموو شـــتێکیـان دەنووسی، پێشـــمەرگە مرۆڤێکی تێگەیشـــتووەو قەت لە دۆخێکـدا کە ئیمکـانی هەیە شـــەهیـد بێ و نووسراوەکەی بەکەوێتە دەستی دژمن کاری وا ناکەت.
بەڕوونی ئاگاداربووم یەکێک لەو پێشمەگانە کە جاربەجار ئەویش بەشداری کرداری ئانارکی یان بیرەوەرنووسی دەکرد ترسـنۆک بوو کە دەیویســـت لەم ڕێگـایەوە وەلای نێم بەڵام وێرای ئەوەی کە زۆر نهێنی کـاریم دەکردو لە خەتەرەکانی کارێکی ئەوتۆ ئاگادارم دەکردنەوەو زۆریش گرنگیم بەو کردەوە نەدەدا، جارێک کە ڕۆیشتم بۆ نزیک ئاواییەک یادداشت نووسێکم لە گەڵ بوو کە بەقەولی خۆی یادداشـــتی لە هەموو ســـەفەرەکە کە چەند کەسـم بینی هەڵگرتووە بەڵام دوای چەند ڕۆژ وتی کە یادداشـــتەکانی لێ ون بووەو منیش چونکە پێم وابوو کە ئەو کەســـە بەتایبەتی گرفتی تایبەت بەخۆی هەیەو بەمەبەستی وەلانانی درۆ دەکات زۆر گرنگیم بە قسەکەی نەدا.
دوای ماوەیەک کە دەرۆیشتین بۆ ناوچەیەکی دوور لە دالەهۆ پاش شەوێک ڕێگا یەکێک لە پێشـمەرگەکانی ئەو تیمە پێشـــمەرگە کە لەو ســـەفەرەدا لە گەڵـم بـوون بەســـەختی نەخـۆش کەوت کە نـاچـاربـووم تـا لە گەڵ پێشـــمەرگەیەکی دیکە کە هێندێک شـــارەزایی لەو ناوچەدا هەبوو لە گەڵ پلانێکی ســـەفەر لە نیوەی ڕێگادا بەجێیانهێڵم و پاشـماوەکەمان بەگوێرەی

پلانی دیاریکراو لە ڕێگا بەردەوام بین، لە ئاکامدا لە گەڵ شــەڕێکی نەخوازراو ڕووبەڕوو بووینەوە, هەروەک لە ســەرەوە هاتووە مەبەســتی ئێمە شــەڕو توونددوتیژی نەبوو، هەروەها دیســـان لە ســـەرەوە وشــەی جنایەتکارم بۆ کەسێک بەناوی م...ئ کە چەکی پێشمەرگەی لە شانکردووە بەکارهێناوە کە لە ڕووانگەی منەوە جنایەتکارییەکەی ئەو لێرە لەم برگەی باسەکەم دا ســـەرچاوە دەگرێت کە بەناچاری چاوپۆشی لە گێڕانەوە زیاتر لە ســـەر کردەوەکەی ئەو دەکەم بەڵام دەڵێم کە لە گەڵ دژکردەوەی توندی من لەو کاتەدا ڕووبەڕوو بووەوە کە لە پێناو دیفاع لە خۆی بریندارب‌وونی هیوای وەک پاســـاوی ئەو کردەوە دژی مرۆڤییەیی خۆی دەهێنایەوە بەڵام منیش زیاتری لەوەی کە پێم گوت نەمدەتوانی کارێکی دیکە لەو کاتەدا بکەم چونکە دۆخەکە وەها دەخواست.

لەو شـــەڕە نەخوازراوەدا پێشـــمەرگەیەک بەناوی هیوا بریندارب‌وو بەڵام برینـداربوونی ئەو کە بۆخۆی لایەنگری هەرجومەرج بوو دەگەڕایەوە بۆ هەڵەو عەجولی خۆی کە هۆکاربوو تا بکەوێتە بەر گوڵلەی پێشـــمەرگەکانی دیکە یانی پێشمەرگە ئەویان بریندارکرد.

هیوا لە بەشی لاقییەوە بریندار‌بوو، کاتێکی ئەوتۆمان بۆ باس نەبوو بەدوو هۆکاری گرنگەوە دەبا بەزووترین کات ناوچەکە چۆڵ بکەین یەکەم ئەو شەڕە نەخوازراوە هۆکار بوو تا هێرشمان لە سەر بێ، دووهەم دەبا بیرم لە کات و پلانێک کە بۆ پێشمەرگە نەخۆشەکە لە گەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە دیاریکراوە کردبایەتەوە چونکە ئەوان ئەو شەوە دەگەنە ئەو شوێنەو تا نزیکی بەیانی لەوێ چاوەڕووانی ئێمە دەکەن کە تێپەڕ بوونی کات کێشەیی لە یەک دابڕان بەدوای خۆیدا دێنێ و کاتێک کە لە یەک جیابووینەتەوە دۆخی پێشمەرگە نەخۆشەکە زۆر خراپ بووە.

هیوا بەسەختی بریندارەو شەهید دەورەی تیمارکاری و بەستنی زامی بیناوەو هێندێک کەرەســـتەی برین بەســـتن لە گەڵ دەرمانمان پێیە بەڵام ئیمکانی ڕاوەستانمان نییە چونکە شوێنەکە شوێنێکی ئاستەمەو هێرشمان لەسەرەو ناتوانین ڕاوەســـتین تا برینەکەی تیمار بکەین، وێڕای بەســـتنی زامەکەی بەشـــێوەی کاتی داواکاربووم تا بەنۆرەو بەخێرایی هەر پێشـــمەرگەیەک هەر چەندە لەتوانیدایە بیگوازێتەوە تا لەم ســـەرەوژوورە ســـەردەکەوین، زۆر قارەمانانە لە چەند خولەکدا گەیاندیانە سەرەوەو لەوێ تیمارمان کرد.

ئەو شەو نزیک بەیانی دوو هەواڵەکەی دیکەمان بینایەوە کە بەخۆشییەوە پێشمەرگە نەخۆشەکە هێندێک باشتر ببووەوە.
لێرە وێرای ئەوەی کە ناوهێنانی کەســێک لە پێوەندییەکی وەهادا دوور لە پرینســیپی گێڕانەوەیە بەڵام دەبا بە ڕوونی ناوی م-ئیم هێنابا چونکە کاتێک کە لە کردەوەکەی ئەو ئاگادار بوومەوە دەروونمی هەژاندو بیرم لەوە کردەوە کە هەر لەو شــوێنە چەکی بکەم و ئیجازەی پێ نەدەم لە گەڵ ئێمە کەوێت بەڵام هێندێک لە پێشــمەرگەکان ئەو کارەیان لەو کاتەدا بەباش نەدەزانی چونکە ئیمکانی ئالۆزکردنی دۆخ لە لایەن شەهیدەوە بەنموونە دەهێنایەوە بەکورتی وێرای نیگەرانی قوڵ باشترین گوزینە لەو کاتەدا هەر ئەو سەرکۆنە بوو کە کردم.
کاتێ کە گەیشتینە نێوان سنووری شوێنێ مەبەست هەموو پێشمەرگەکان ماندوو بوون، هەروەک وتم دوو پێشــمەرگەی تەشــکیلاتی داڵەهۆمان لە گەڵە کە زۆر شــارەزای ئەو ناوچە بوون کە لێی ڕاوەســتاوین. شــوێنەکە هێندێک چۆڵ و سەخت بوو، ڕاوەستاین تا ڕۆژ بووەوە، بەیانی پرسیارم لە پێشــمەرگەکان کردو وتم ئەگەر ڕێگاکە بگۆڕین دەتوانن هێندێک ڕێگای زیاتر بکەن کە زۆربەیان وتیان نا، بۆ خۆشــم نەمدەتوانی، پرســیارم لە پێشــمەرگە ب-ئە کە شــارەزای ناوچەکە بوو کردو وتم ئەگەر پێشمەرگەیەکت لە گەڵ بخەم دەتوانی بڕۆیت شایەت هێسترێک پەیدا بکەیت تا ئەم پێشــمەرگە بریندارو نەخۆشــەی پێ بگوازینەوە بۆ شــوێنی مەبەســت کە وتی بەڵێ بەڵام نازانم هاوکاریمان دەکەن یان نا، وتم بڕۆ و هەوڵی خۆت بدە.
دوای ماوەیەک هەر دووک پێشــمەرگە گەڕانەوەو هێســترێکیان هێناو چونکە هیوا بریندار بوو نەمانتوانی زۆر ڕاوەســتین کە وێرای زانیاریی لە سەر بوونی مۆڵگەیەکی گەورە لەو ناوچەدا دوای پشویەکی کورت لە هەمان ڕێگاوە ملی ڕێگامان گرت، بێجەگە لە خۆم و پێشــمەرگە نەخۆشــکەو ئەو پێشمەرگە کە لەگەڵ پێشمەرگە نەخۆشەکە مابووەوە باقی پێشمەرگەکان هەمووان لای ڕاستیان لە پژوێن بەخوارەوە بە خوێنی هیوا سوور ببوو.
کاتێک کە هێندێک لەو مەڵبەندە دوورکەوتینەوە گەیشتینە ئاوایەک کە لە کەپردا بوون پیاوێکی هاوتەمەنی خۆم و ئەو سەردەمە هاتە سەر ڕێگاکەمان و وتی برا بفەرموون ئیسراحەتێک بکەن، وێرای ئەوەی کە بەڕوونی هەستم

بەنهێنییەک لە ناوجاویدا دەکرد لە بیرکردنەوەیەکی زۆر کورتدا وام بەباش زانی کە وەڵامی ئەرێنی بدەمەوەو وتم باشەو لە گەڵی کەوتم و پێشمەرگەکان بەدواماندا هاتن.
ڕۆیشـــتینە ماڵو لە دیواخاندا پاڵمان لێداوە، کاتی خواردنی چایی گوێم لە دەنگی گریانێکی بەکوڵ بەڵام لە ســـەرخۆ بوو کە بیرم لەوە کردەوە کە ئەو کەسە بۆ ئێمە دەگرێت، چەکیکی ژ-٣مان لە شوێنێکی دیکە لە چەکدارێکی ئەو مەڵبەندە گرتبوو، وێرای ئەوەیی کە ئەو چەکدارە مرۆڤێکی باش نەبوو بەڵام بەگوێرەی ڕێزدانـان بۆ خەڵکی نـاوچەکەو بەمەبەســـتی دووری لە توونـدوتیژی دوای هێنـدێـک بـاس و بـابەت لە ســـەر هەڵەکـانی وتم بەخۆشـەویسـتی خەڵکی ناوچەکەوە ئازادی بەڵام چەکەکەت وەردەگرین، کاتێک گەیشـــتینە ئەو ماڵە کابرا کە دەعوەتی کردین و وتم نهێنییەکم لە ناوچاوانیدا دەبینی پرســـیاریکردو وتی خاوەنی ئەو چەکە لە کوێی کە وتم وێرای ئەوەیی کە مرۆڤێکی بـاش نەبوو بەڵام بۆ ڕێزگرتن لە خەڵکی ئێوە بەڕێزەوە ئـازادمـان کرد کە وتی... لە کۆتـایی دا وتم دەتوانی چەکەکەیی وەرگریت با بۆ بەڕێزت بێ کە وتی سپاست دەکەم نامهەوێت.

ژنەکە کە هێندێک بەتەمەنەو دەگریا ئیســـتاکە هاتووتە نزیکی ئێمەو هەر فرمێســـک دەڕژێنی، پیاوەکە کە هێشـــتاکە ناوەکەی نازانین و لەســـەرپێ ڕاوەســـتـاوە پرســـیـاریکردو وتی نەخۆش و برینـدارەکە لە گەڵ چەکە زیادییەکان بۆ کاملا بۆتان بەرێ بکەم، وتم جا ئەگەر زەحمەتێکی وەهامان بۆ بکێشی یارمەتییەکی گەورەمان دەدەیت و بەرێی بکە بۆ ...
ژنەکە کە تەمەنێکی هەبوو گریانەکەی بەرزتر کردەوە ویســـتم بڵێم پوریێ خۆت بۆ ئێمە نارەحەت مەکە بەڵام کابرا بەڕێزەکە پێش لە من هاتە دەنگو وتی برایان ئەوە دایکمەو بۆ من دەگرێت و دەترسێ دوای ئێوە کێشـــەم بۆ دروســـت بکەن، وتی دایە گیانم فیدای ئەمانە دەکەم ئەگەر ئەمانە نەبن نرخێک بۆ مرۆڤەکانی وەک من دانانێن و ئەگەر وشـــەیەکم پێ بێژن منیش لە گەڵیان دەکەوم و زۆر بەتوندی و جیدی وتی بێ دەنگ بە، لەو نێوانەدا شـــەهید... کە لە تەنەشـــتم دانیشـــتەوە چفاندی بەگوێمداو وتی متمانەی پێدەکەیت کە دەڵێ چەکەکان لە گەڵ خۆی بەرێت، هێواشـــەکی وتم چەکەکان نرخی زۆرترە یان پێشمەرگەکان، کابرا کە هێشتاکە هەر ناوەکەی

نازانین و لە سەر پێ ڕاوەستاوە پرسیاریکردو وتی ئەو برادەرە چی وت کە لە وەڵامدا وتم بابەتێکی پێوەندیدار بە خۆمان بوو بەڵام وتی نا باسی چەکی کرد، ڕووی لە شـــەهید... کردو وتی بۆ ئاگاداریت ناوی من .... یەکێک لە بەرپرس گەورەو ناسراوەکانی حکومەتم لە ناوچەکەدا کە وێرای زۆر چەکو ئیمکاناتی حکومەتی ئێران ڕادەیەکی زۆر..................................  ئەگەر فیشەکێکتان نەما دە فیشکتان پێدەدەم.

ئەوکات زانیم مێوانی چ کەســێکم و نهێنییەکەی نێوچاوانی چ بوو، لە وەڵامدا وتم وای نەوت ئەگەر پێویستیت بەچەک هەیە هەموو ئەو چەکە زیادیانە پێشکەش بە بەرێزتان کە وێرای سپاس وتی پێویستم بە چەک نییە و بانگی لە کەســێک کردو وتی ئەم پێشــمەرگە نەخۆش و بریندارە لە گەڵ ئەو چەکانە بەشــێوەیەکی زۆر باش بگەیەنە شــوێنی دیاریکراو خەبەرەکەم بۆ بێنەوە.

ئەو کەســە لە پێناو نەتەوەکەیدا چاوپۆشی لە پلەو دەســەڵاتێکی زۆر کردو دەستی دایە هاوکاری ئێمە، هەروەها حازربوو کە ئەگەر شـتێک ڕوویدات لە گەڵمان کەوێت بابەتێکە کە هەرگز لە بیری ناکەم و لە هێندێک کەس کە لە ڕیزی حیزبەکاندا ناوی پێشــمەرگەو کادریان لە ســەر دانراوە زۆر بە بەرهەمهێنەرتری دەزانم.

**کای پولکا** دەڵێت"بۆ ئەوەی کەبتوانێت گوێ ڕاگرێت لەوە دەچێت بەهێزترین مێتودت بەکارهێنانی بۆ ئەوەی کە بتووانێ ئاڵوگۆڕ لەچواردەوری خۆت پێکبهێنێ و تێگەیشتنی چواردەوریش لەسەر تۆ گۆرانی بەسەردابێ" مەبەستی من لێرە لە هێنانەوەی وتەکەی پۆلکا ئەوەیی کە پێشمەرگەیەک ئەگەر بۆ خەڵکیک، بۆ وەرچەرخاندنێکی لەبار لەکۆمەڵگایەکدا خەبات بکات دەبێ ئەو پرینســیپانە کە پێکهێنەری ڕاوبۆچوونی خۆی و خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە کە ئەو خۆی بەوەرچەرخێنەری دادەنێت قەبوول بکات، دەبێ شــیکاری لە ســەر ئاســتی ئامانجی و ویســتی دیاریکراوی خۆی هەبێ و ئاگاداربێ کە بەپێچەوانەکەی ڕووخێنەرە، بەکورتی لێرە لەم بەشــەدا دەبینین کە یەک یان دوو پێشمەرگە ڕووخێنەرن بەڵام کەسێک کە سەربە نەیارەو مووچە لە نەیاری نەتەوەکەی وەردەگرێت بەرهەمهێنەرە بەکورتی هەردووک لایەن بەپێچەوانەی پرینسیپە دیاریکراوەکانی خۆیانن.

با بگەڕێمەوە سەر باسی خۆمان، ڕەحمەتی کاکەولا کە زانی کە کردەوە دژی مرۆڤییەکەی م - ئی زۆر نیگەرانی کردووم لە ڕێگادا وتی کاتێک گەیشتینە شوێنی خۆمان ئیجازە بدەیت و ئیجازە نەدەیت دەڕۆمەوە کە وتم مافی خۆتەو دوو ڕۆژ دوای گەڕانەوەمان کاکەولا بێ ئیزنی من و بە تەنها گەڕایەوە بۆ بەمۆ، بەوجۆرەیی کە لە دووایی دەیانگێڕایەوە لە کاتی گەڕانەوەدا لە گەڵ هێندێک ناتەبایی ڕووبەڕوو دەبێتەوەو لە ئاکامدا دەگەڕێتەوە بۆ کەمپی دەورەو هەرگیز نەگەڕایەوە بۆ ڕیزی حیزب و ئەو پیاوە بەتوان و لە سەرخۆ بێ سەروەشوێن تێداچوو، ڕۆحی شادو یادی بەخەیر.

کردەوەکانی ئەو چەند پێشمەرگە بەتایبەتی م – ئی هۆکار بوو تا بۆ خۆشم خۆم لە گەڵ پرسیار ڕووبەڕوو بکەمەوە، لەو ماوەدا کاک کەریم خاڵدار فەرماندە هێزی شاهۆ ڕادەیەکی زۆر فیشەکی ژ-٣ و کەڵەشێرکۆفی بۆ ناردین کە لامواێ یازدە پێشمەرگە بە چاوساغی شەهید محەممەد وەیسی. ناسراو بە حەمەسەرباز ئەو کەرستانەیان هێنابوو، پێش گەیشتنی نامەی خوارەوە هەڵمەتی ڕەحمەتی کە کاری بێسیمی دەکرد ئاگاداری کردمەوە کە ئەو کەرەستە سەربازیانە هاتوون و لە شوێنێکی نزیک لە کانی کەریم دایانناون و بۆخۆیان گەڕاونەتەوە بۆ بەمۆ، ئێمە پێویستی زۆرمان بەو فیشەکانە کە لامواێ چەند پارچە چەکی لە گەڵە نەبوو، چەکەکان بۆ تەشکیلاتی داڵەهۆ بوون.
بڕیار وابوو کە کۆمیتەی داڵەهۆ بە دوو هێستر ئەو پێداویستیانە بگوازنەوە بۆ داڵەهۆ کە دوای چەند ڕۆژ چەند کەس لە تەشکیلاتی داڵەهۆ ڕۆیشتن بۆ هێنانی ئەو کەرەستانە بەڵام گەڕانەوە وتیان نەیانتوانیەوە دەرچن چونکە هیزی ئەرتەشی ئێران ناوچەکەی داگیر کردەوە، هەموو ئەو چەکو فیشەکانە نزیک بە مانگێک یان زیاتر لە دۆڵێک لە نێوان میرکی گەرمەسێر و کانی کەریم دا مانەوە کە بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی لە نێو هێندێک قامیش لە شوێنی وشکدا دایاننابوون بەڵام دۆڵەکە هێندێک توش و سەرەوخوارە بوو، کاتێک کە ئێمە لە داڵەهۆ گەڕاینەوە چەند کەس لە هاوڕێیانی تەشکیلاتی داڵەهۆ کە کاک ئیقباڵ سەفەری یەکێک لەوان بوو لە گەڵ ئێمە هاتن و هەموو ئەو پێداویستیی سەربازیانەیان گواستەوە بۆ داڵەهۆ.


بو بەڕێز و تێکوشەر کاک چیا
وێرای جوانترین سلاوی بێگەردانە هیوادارم سەرکەوتوو بن برای
بەڕێزم لەلایەن [illegible] سلاوی [illegible]
[illegible]
[illegible] سەرکەوتن بودەکەم وە [illegible]
لە [illegible]
[illegible] هیوادارم [illegible]
[illegible] کوردستان [illegible] سلاوی [illegible]
هاوڕێیانت دەنێرم [illegible]

وێرای باســـەکانی ســـەرەوە دۆخی نالەباری ژیان و قاچاخ بوونم لە ئێران و عـێراق لە گەڵ بـیرکـردنەوە لە مـنـداڵەکـانـمـان کە لە کـتـێبی کـورتەیی بیرەوەرییەکانمدا هاتووە مەسەلەی کردەوەیی نالەباری ئەو بەناو پێشمەرگە کە لە سەرەوە باسم کردووە لە گەڵ کردەوەی ئانارشیستی دیکە، هەروەها بێ سەروبەرەیی یان نەبوونی گریدراوی ڕێکخراوەیی بەشی دووهەمی هۆکاری

بیرکردنەوەی دەروونیان لەمن دا دەســـتەبەر کرد بەڵام گرفتی گەورەم ئەوە بوو کە حیزب بەشـێوەی بڕیاری خۆی نەجوڵایەوە یانی سـەرەتا بڕیار وابوو کە مـاڵەکـانمـان بگوازنەوە بۆ نـاوچەی دەرەتقێ کە مـاڵی هێنـدێـک پێشـــمەرگەی حیزب ســـەربە هێزی شـــاهۆ لەوێ دەژیان، ئەگەر حێزب بەگوێرەی بڕیار یان بیرکردنەوە لە دۆخی ئەو بنەماڵانە کە لە ڕۆمادییەوە هاتبوونەوە هەنگاوی پێویسـتی هەڵگرتبا ئیمکانی مانەوە پەنجا لە سـەد بوو چونکە لە بواری تاوانی ئەو کەســـەدا (م ئ) حیزبی دێموکراتم بەتاوانبار نەدەزانی بەڵکو ئیمکانی هەیە هیچ زانیارییەکی نەبووبێت چونکە دۆخەکە ئەوندە لە ئارشـیزم دەچوو کە پێم خۆش نەبوو باسـەکە لە لایەن منەوە لە گەڵ کەس بێتەگۆڕێ بەڵام بەمانەوەم بەدڵنیاییەوە ئاڵوگۆڕم لە شـــێوەی کاری خۆمدا پێکدەهێنا.
هۆکار لە باسی سـەرەوەیی داڵەهۆ دوو مەبەسـتی سـەرەکی لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە یەکەم وەبیر هێنانەوەیی خەڵکی بەشـەرەفی داڵەهۆ کە سـەربە ئاییـنی یاریین کە لەو قۆناغەدا کە من وەک کوردێک، وەک پێشمەرگەیەک تەنهـا ویســـت و ئـامـانجم خەبـات دژبە نـادادپەروەریی و بێعەداڵەتی نەتەوایەتیی بوو هێناوەتەگۆڕێ و ویستم زۆر سـپاسی هەسـتی کوردایەتی و هاوکارییان بکەم و دەڵێم هەموو ئێوە لە گەڵ ئەو بەرپرســـە کوردەیی ســـپا یان بەسـیج کە پێشـمەرگە بریندارو نەخۆشـەکەی بۆمان گواسـتەوەو ئەو چەند وشـە جوانەیی سـەرەوەی هێنایەگۆڕێ کە هۆکاری دڵخۆشی ئێمەی لێکەوتەوە کە هیوادارم هەرەها مابێتەوەو ڕەحمەتی کوێخا کاکە خاس لە دەروون و هزری مندا جێگای ڕێزن و هەمووکات بیرتان دەکەمە.
با بەسەر ئەوەشدا تێنەپەڕین بەداخەوە لە کۆتایی دا کە هێزە سیاسییەکانی دیکە ڕوویان لە مەڵبەندی داڵەهۆ کرد لە ئاکامدا وەزعەکە لە هێندێک بواردا بەلای نەرێنیدا کەوەتەوەو هێندێک کەس بڕێک هەڵەیان کرد کە بەگوێرەی بۆچوونی کەســـانی دیکە کارتێکردنی لە ســـەر ئەو هەڵوێســـتە نەتەوەیی و باشەیی سەرەتایی خەڵکی ناوچەکە داناوە.
دووهەم ورژاندنی بیرۆکەو چۆنیەتی خەبات و خەباتکاریی کە زۆر کارتێکردنی لە سـەر ئاسـتی وەرچەرخان لە کۆمەڵگادا هەیە یانی داخۆ هەرکەسێک کە چەکیکی کردە شـــان و قەڵەمێک بە بەرۆکیدا بکات و لە ســـێبەری دارێک دانیشت دەتوانێ خەباتکاربێ یان ئەرکی خەباتکارێک بەڕێوەبەرێت!، هەموو

مرۆڤێک چ خەباتکارو چ ئاسـایی لە ژیانیدا هەڵە دەکات و کەس ناتوانێ بێژێ من هەڵەم نەکردەوە بەڵام بەشـێک لە ئێمە بیر ناکەینەوەو بەردەوام دەبین لە هەڵە.
ئەو یەک نەفەرە تاوانی کردووە بەڵام زۆربەیی ئەو کەسانە کە ئەوکات لەوێ لە داڵەهۆ بووین هەڵەمان کردووە کە دەتوانم یەکەم قامک بەخەمە سـەرخۆم کە وێرای چاوپۆشـیکردن لە هێندێک کەموکوڕیی دەبوو وەک بەرپرسێک مەسەلەکەم لە گەڵ کەسانی دیکە کە وەک ئەندامی کۆمیتەیی شارستان و هتدد... پێناسـە دەکران باس کردبا یان لە ڕێگای بێسـیمەوە مەسـەلەکەم لە گەڵ فەرماندە هێزو فەرماندە دەسـتە کە شـەهید ئاغا بابازادەگان بوو بهێنایەتەگۆڕێ کە لاموایە ئێمە پێکەوە دەمانتوانی ئاڵوگۆر دروست بکەین یان هێندێک کردەوە سنووردار بکەینەوە بەڵام بەگوێرەی هێندێک پرینسـیپ ئاسـتی تاوانەکەیی خۆم دێنمە خوارەوە چونکە هەروەک پێشـتر ئاماژەم پێکردەوە بەشـێک لە پێشـمەرگەکان بۆمیان دەیانگێڕایەوە کە ئانارشـیستەکان بەنهێنی لە گەڵ هێندێک لە دۆسـتانی دیکەی جێگای ئاماژە لە ناوچەکەدا پێکەوە دیالۆگیان هەیە بەڵام بەداخەوە ئەوان مەسـەلەکە لە من دەشارنەوە یان هێندێکیان لە جێگای ئەوەیی کە سـەرکۆنەیان بکەن بەشـێوەیەک لە گەڵیان دەجووڵێنەوە کە ئیمکانی هەیە کە هۆکارێک بێت بۆ گواسـتنەوەیی بابەتەکە کە بەگوێرەی بیرکردنەوەی من شتێکی ئاسایی بووە لە ناتەباییەوە بۆ کێشە.

ئەو بابەتانەی سـەرەوە لە گەڵ بیرکردنەوەی لە کرداری هێندێک کەس کە لە دوای پێویسـتی تایبەتی خۆیان دەگەڕان لە گەڵ گرنگی نەدانیان بە ئەرکی سـەرشـان هۆکارهایەکیان پێکدەهێنا تا منیش وێرای گرنگی ندان بەوان بەردەوام بم لە ئەرک و خەباتی خۆم بەڵام شـێوە بێدەنگییەک هەڵبژێرم و خۆ لە دیالۆگ لە گەڵ دۆسـتانێک کە بۆ جارێک پرسـیاریان نەکردو نەیانوت هاوڕێیان ئێمە بۆ خۆمان لە سـێبەردا دانیشـتووین گەپ دەدەین و... بەڵام ئـێـوە کە ئـیشیـ عەوداڵی دەکەن لە چ دۆخـێـکـدان و چ یارمەتییەکمان لە دەسـت دێت تا بۆتانی بکەین چاوپۆشی بکەم کە لەم بوارەدا لە کۆتـاییـدا لە گەڵ شـەهیـد محموود هێـنـدێـک نـامەمـان گۆڕیووەتەوە.

دوای چەند ســاڵ لە ئۆردووگای ڕۆمادیی بە م- ئ گەیشــتم کە زۆر لە کردەوەکانی خۆی پەشیمان و وێرای داوای لێبوردن ناوی ئەو کەسەیی هێنا کە شـەهید بووەو وتی شـەهید... لە پشـت هەموو کردەوەکانی ئەودا بووە کە لە وەڵامدا وتم هیچ پێویســـت بەداوای لێبوردن لە من ناکات چونکە ئەو بەشـــەیی کە دەگەڕێتەوە بۆ دیســـیپلین بەزۆری کاریگەری نەرێنی بۆ خۆت هەبووە بەڵام ئەوەیی کە لە بیری مندا ماوەتەوە تاوانەکەیە لە گەڵ دزینی دەمانچەکە، بۆ تاوانەکە یان هەڵەکە هیچی وەڵامێکی نەبوو سـەری کردە خوارە بەڵام بواری نەمانی دەمانچەکە سوێندی خواردو ناوی یەکێک لە هەواڵانی ســـەربە کۆمیتەی داڵەهۆی هێنا کە بەداخەوە ئەویش هەر شـەهید بووە کە لاموایە زۆر ڕاسـتی دەکرد چونکە ئەوکات پێشـمەرگەیەکی دیکە هەمان شتی بۆم باسکرد.

دەمهەوێت لێرەدا ئەم بەشـەیی گێڕانەوەکەم بە تێکڵاوێک لە بۆچوونی خۆم وتەی هێندێک زانای بواری چارەســەری ناتەبایی کۆتایی پێبهێنم شــایەت ســوودی بۆ کەسـانی دیکە هەبێ، زانایانی بواری چارەسـەر ناتەبایی بڕوایان وایە کە"بوونی ئێمە لە چوارچێوەی بۆچوونی دوور لە سڕینەوەی ئێمەدایە" ئەم زانایانە شــەش شـــێوەی ناتەبایی یان کێشــەو ڕێگا چارەســـەریان ناســـیوەتەوە کە دەتوانن هۆکاری ئەرێنی و نەرێنی بەدواوە بێ. دەبێت بڵێم کە زۆربەی زانایان لە ســـەر ئەو باوەڕەن کە هەر شـــێوەیەک ناتەبایی کارتێکردنی نەرێنی تایبەت بەخۆی هەیەو مرۆڤ دەبێ بەگوێرەی لۆژیک و بەخۆشـیەوە لە گەڵ دەوروبەری بجوڵێتەوە چونکە لە زۆربەی بوارەکاندا ناتەبایی و ناکۆکی لە کارو تێکۆشـــاندا هۆکاری تێکدانی شـــێوەی هاوکاری بەدواوەیە، مەبەســـتم لێرە بەزۆری ئەوەیە کە کاتێک هێندێک مرۆڤ یان تاقمێک بڕیاری کارێک دەدەن کەمکاری و بایخ نەدان بەکارو هاوکاری شێوە ناتەباییەک دەستەبەر دەکات.

هەروەها نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە ناتەبایی هزری و سەلیقەیی بابەتهایەکی ئاسـاییـن و ئەگەر بەهەسـتی لۆژیکییەوە وەک دەرفەتێک چاوی لێ بکەین ئیمکانی هەیە هۆکاری گەشـەیی بەدواوە بێ، لە ڕاسـتیدا هەسـت و ویسـتی ئێمەیە کە بەرهەمهێنەری ناتەبایی و ڕاماندەکێشت بۆ قۆناغی ئایدەی باش و خراپ کە چاکترین ڕێگای چارەسـەری یان دووری لە قۆناغی ئایدەی باش

و خراپ ئەوەیە کە لە جێگای مێتود لە ســەر ئامانج و دەســتکەوت ڕاوەستین یان بیر بکەینەوە.
ســەرچاوەی زۆربەی ناکۆکی و ناتەباییەکان کاتێک گەشــەدەکات کە مەبەســت و قازانجی تاکەکەسی ســەر هەڵدات، وێرای ئەوەیی کە هەموو ئێمە لەو ســەردەمەدا بەگوێرەی ڕاو بۆچوونی خۆمـان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی گشــتیدا هەڵســوڕ بووین بەڵام لە لایەک هێندێک هۆکاری وەک چاوەڕوانی تایبەت و لە لایەکی دیکە گرنگی نەدان بە ئەرک و گەڕان بەدوای بابەتە تایبەتییەکانی پێوەندیدار بە ســوود وەرگرتن لە دۆخ هۆکاری ســاردی هەســتی بەدواوەهات، یانی وێرای ئەوەیی کە هیچ ئاســەوارێکی کێشەی هزری و بۆچوونی ڕامیاری جیاواز کە بەرهەمهێنەری ناتەبایی بێ لە گۆڕێدا نەبوو بەڵام چونکە وەک تەشــکیلاتێک بەشــێوەی هەمەلایەن ســەرەنج لە ســەر ئامانج و دەســتکەوت تەنانەت مێتودیش نەبوو من لە گەڵ چەند پێشمەرگە لە چوارچێوەی گرفتێکی لاوەکیدا کە سەرچاوەکەی ویستی تاکەکەسی بووە دەبا بەربەرکانێمان کردبا کە بەشێک لە وزەو توانم لەو پێناوەدا ســەرف دەکراو هۆکاری دڵســاردی چەند پێشــمەرگەی بەدواوەهات.
بەگشتی و کۆنکرێت دەبێ ئەوە بۆ خوێنەر زیاتر ڕوون بکەمەوە کە هەموو ئەو کەسانە کە بەشێوەیەک بەرپرسیارەتیان لە سەرشان بوو پێکەوە تەباو زۆر دۆســت و دوور بووین لە ناتەبایی و کێشــە بەڵام وێرای شــیکردنەوەی ســەرەوە بەگوێرەی بیرکردنەوەیی خۆم و ئیســتاکە هەڵە لە مێتودی کارو ساختاردا بووە کە هۆکارەکانی ساردی لێ دەکەوتەوە.
ماوەیەک لە دوای ئەم هەڵکێشاو داکێشانە بڕیاری گەڕانەوەم بۆ بەمۆم دا بەڵام شەهید... لە لیستی ئەو پێشمەرگانەدا نەبوو کە لە سەرەتادا لە گەڵ من هاتن و بەمەبەســتی گەیشــتن بەهەمان ئارەزو زۆر پێی خۆشــبوو تا لە دالەهۆ بمێنێتەوە، هەروەها بەگوێرەی پرینســیپ ئەو دەبوو بۆ ماوەیەکی دیکە لەوێ بمایەتەوە.
هیوا کە بریندار بوو کاری دەرمان و دوکتوری ئەو بەباشی بەڕێوە دەچوو، هەڵمەت کاری بێسـیمی دەکردو دەبا بمایەتەوە، جوتیار لە گەڵ دۆســتانی دیکەی مایەوە، بەڵام باقی پێشمەرگەکان پێکەوە هاتینەوە بۆ بەمۆ.

وەک لە سەرەوە باسم کردووە کاتی گەڕانەوە کاک ئیقباڵ سەفەرو یەک دوو پێشمەرگەی دیکە کۆمیتەی داڵەهۆ کە یەک یان دوو هێستریان پێ بوو لە گەڵ ئێمە تا نزیکی شوێنی کەرەستە شاراوەکان هاتن و هەموو کەرەستە سەربازییەکانیان گواستەوە بۆ داڵەهۆ.
دوای شوێنی مانەوەی کانی کەریم شوێنێکی دیکەی مناسب لە بناری گاڕێدا دەست نەدەکەوت تا دەگەیشتینە مەقەڕەکانی خۆمان لە بناری بەمۆ هەر بۆیە ئەوشەو ملی ڕێگامانگرت و بێ پشودان شەفقێکی زۆر زوو لە هەمان ڕێگاوە کە پێشتر ڕۆیشتبووین بۆ داڵەهۆ گەراینەوەو گەیشتینە پشتی مۆڵگەکەی باخی سەیدخان لە بناری بەمۆ.

کاتێک لە داڵەهۆ بووم ئاگاداریان کردمەوە کە حەبیبی ئەولکەریمی باوەخان سەربە ناوچەی باوەجانی لە ژێر ناوی بوون بە پێشمەرگە توانیویەتی بە خێزانییەوە بگاتە مەقەڕەکانی ئێمە لە بەمۆ، لام سەیر بوو کە ئامانجی پێشمەرگایەتی و مانەوە لە بەمۆ بێ کە وێرای بیرۆکەی جۆراوجۆر بەهۆکاری تایبەتەوە دیسان پێشنیارم کرد کە هیچ بابەتێک لە پێوەندی لە گەڵ شوێنی ڕۆیشتن و چالاکی ئێمە لە گەڵ ئەو باس نەکەن، حەبیب ناو کە خێزانی لە گەڵە بەهۆکارێکەوە دەبێ بەجێگای بڕواو پێشنیاری پێدەکەن تا لە ئەمباری تەشکیلاتی سەلاسدا بەخەون تا کاتی دروستکردنی شوێنێک بۆ خۆیان،
ئەوکات تەشکیلاتی سەلاسی باوەجانی تەنها یەک چەکی قەناسەمان هەبوو کە لە ئەمبارەکدا دەبێت، حەبیب و خێزانی شەو قەناسەکە لە شان دەکەن و بۆیی هەڵدێن و خۆیان تەسلیمی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە مەودامان زۆر نەبوو دەکەنەوە !! و تەنها قەناسەکەمان فیدای ئەو بڕیارە بوو یان تێداچوو.

کاتێک کە حەبیب هەڵهات ئاگادار بووم و بە لەبەرچاوگرتنی بابەتی سەرەوە دیسان زۆر دەترسام و لە دڵی خۆمدا دەمگوت لەو دەچێت کە ئێستاکە گوزەگاکانی پێ پیشاندابن، هۆکاری ئەم بیرکردنەوە دەگەڕایەوە بۆ دۆخی سەربازی و کردەوەکانی سپای پاسداران لەو سەردەمەدا.

ئەو شـەو کە گەڕاینەوە بەشـێوەیەک هەسـتم دەکرد کە ئەو دۆڵەیی پشـتی کانییەکەی داوێنی قەڵاگەوری یانی کانی پێڵایی کە یەکێک لە گوزەرگاکانە مینیان تێدا چاندبێ و کاتی گەیشـتن بەو شـوێنە بە پێشـمەرگەکانم ڕاگەیاند کە بە وریاییەوە هەنگاو هەڵگرن و با هێندێک لە یەکتر دوور بن.
لەو مەودایە کە جێگای شک بوو دەربازبووین بەڵام هیچ کێشـەیەک نەبوو یانی فکری مین و کەمین لە مێشـکمدا نەما، زۆرمان نەماوە بۆ مەقەڕەکان و هەواش لە ڕۆشـــنبوونەوەدایە، بەکورتی بێ خەیاڵ ڕوو لە مەقەڕ دەڕۆین، دوای کەمێک ڕێگا یانی هێندێکی ماوە تا بگەین بە مەیدانی **هۆمەر** یەکێک لە پێشـمەرگەکان بەناوی ئ- ح کە خەڵکی ناوچەکەو بە تەواوی شـارەزایی کون و قوشـبنی بەمۆیە پچاندی بەگوێمەوەو وتی بە پێشـمەرگەکان بڵێ لە سـەری خۆیان بۆی بجوڵێن تا بۆ خۆمان چاو لە دار هەنجیرە کۆیچەیەک کە کەمێک لە سەرەوەیە بکەین و هێندێک هەنجری لێ بکەینەوە، قبووڵم کردو بە پێشـمەرگەکانم وت لە سـەرخۆیان ڕوو لە مەقەڕەکان بڕۆن و ئێمە دوو کەسی ڕوو لە دار هەنجیرەکە ڕۆیشـتین بەڵام پاسـدارەکان یەک تاقە هەنجیریـان پێوە نەهێلابوو، بەگورجی گەڕامەوە، لە حـاڵەتی ئەوەدام تـا پێشی ــ پێشـــمەرەکان بکەوم، لە ســـەرەتای مەیدانی هۆمەردا هاوشـــانی پێشـــمەرگەی پێش هەمووان بووم بەڵام بەرق یـان بریقەیەکم لە پێش خۆمان بینی کە زۆر بەخێرایی شـــانی پێشـــمەگەکەم گرت و لە گەڵ خۆم ڕامکێشا بۆ دواوە، وتی چ بووە کە لە وەڵامدا وتم شتێکم بەرچاو کەوت کە لە سیم دەچوو، بەمۆ زۆر چڕەو پوشێکی زۆری هەیە.
هەموو پێشـمەرگەکانم ئاگادار کردەوە کە لە جێگای خۆیان تەکان نەخۆن و بەوردی چاوم لەو شـوێنە کرد دیتم دوو ڕیز مینیان داناوەتەوە، مینەکان بە ئەنـدازەی گوللە قومپارەیەکی شـــەســـت میلیم دەبن و بە چواردەوریدا بەردیان داناوە بەڵام دیارە کە تازە دایاناوەتەوە.
پێشـمەرگەکانم ئاگادار کردەوەو وتم تازە دیاناوەتەوە لەو دەچێت یەک دوو ڕۆژ بێ، دوو پێشـــمەرگەم نارد تا لای ڕوو لە مۆڵگەکەی تەپەی ســـوورمەر تاقی بکەنەوە، هەروەها دوو پێشـمەرگەی تر ڕوو لە شـاخەکەی بەمۆ نارد، ئەوانی لای خوارەوە لەو ڕووەکەی دیکەی مینەکانەو گەڕانەوەو وتیان تـا نزیـک مۆڵگەکە بردوویـانە بەڵام ئێوە نـاتوانن دەرچن چونکە مۆڵگەکە هەسـتاون بۆ نوێژ کردن و پێشـنیاریان کرد کە ڕاوەسـتین تا ئەوان بەگورجی

خۆیان دەگەینە مەقەڕەکان و یارمەتی دەنێرین، لە هەمانکاتدا تاقمەکەی دیکە گەڕانەوەو وتیان لە ســەرەوە ڕێگای دەرچوون نەماوە، کاتێک کە هێندێک زیاتر ڕۆژ بووەوە بینام کە دەتوانین بە ســەر ســیمەکاندا هەنگاو بنێن، ســەرەتا خۆم و دووایش پێشــمەرگەکان بەنۆرە بە شــوێنەکەی مندا دەرباز بوون.
ئەوکات ســازمانی موجاهیدینی خەڵک مەقەڕیان هێشــتاکە هەر لە بەمۆ لە تەنشـــت مەقەڕەکانی ئێمە دان و هێنـدێکیـان جوان شـــارەزای مین هەڵگرتنەوە بوون کە لە گەڵ شەهید محموود و شەهید ئاغا بابازادەگان و چەند پێشمەرگەی دیکە ڕۆیشتن بۆ هەڵگرتنەوەی مینەکان.
ســەرەتا موجاهیدەکان کە بەباشی ئەزموونی کارەکەیان هەبوو دەســتبەکار دەبن و شــەهید ئاغا کە چاو لە دەستی ئەوان دەکات ئەویش دەستدەکات بە هەڵگرتنەوەی مین، بەداخەوە کە دوای هەڵگرتنەوە چەنـد مین هەڵە دەکات و مینێک پێدا تەقییەوەو شـــەهیدی کرد کە ئیســـتاکە گۆڕەکە لە گۆڕستانە کۆنەکەی بەرزایی قەمەکانە لە پشتی قەیتولە، ڕۆحی شادو یادی بەرز ڕادەگرم.

وا بەباش دەزانم کە بەچاو خشــاندنێکی ســەرپێی باسی تەشــکیلاتی داڵەهۆ تەواو بکەم، هەروەک لە سەرەتادا باسم کردووە کاتی گەڕانەوە کاک کەریم خاڵدار فەرماندەی هێزی شــاهۆ بەشــێوەیی کاتی ڕۆڵی بەرپرسی هەردووک مەڵبەندی هەبوو کە لە ئاکامدا دوای هێندێک هاتوچۆی دیکە بەگوێرەی گێڕانەوەی خودی کاک کەریم دوای هێنـدێک هەوڵ و بینینی شـــەهید دوکتور قاســـملوو، شـــەهید خەلیل خەلەبان بە فەرماندە هێزی داڵەهۆ دیاریکرا کە بەداخەوە کە بەهۆکاری ســیخوڕی و خۆفرۆشی نۆکەرانی تاریکی پەرەســـتی ڕژیمەوە توانیـان لە ئەرکێکی حیزبیـدا لە نێوخۆ لە پـارێزگـای کرماشـان دەسـتبەسـەری بکەن و لەژێر ئەشـکەنج و ئازاردا شـەهید بێت، دوای ئەم ئـاڵوگۆڕو ڕووداوانە وێرای ســـەرهەڵـدانی هێنـدێک ڕووداو و ئـاڵوگۆڕی دیکەی نـاوچەیی کەســـانی نـاوچەکە بۆ خۆیـان توانیـان بەرپرسیارەتییەکان بەئەستۆ بگرن.
بەگوێرەی بەڵگە دەبێت زستانی ساڵی ١٣٦٣ھ دا بۆ خۆشم بەچاوخشاندن بەسەر وەزعی جۆراوجۆری تەشکیلاتی و کاریدا، کاتی ئەوە هاتبوو کە بیر لە

منداڵەکانم کە لە دۆخێکی باشـدا نەبوون بکەمەوە چونکە کاتی مەدرەسـەو خوێندنیان هاتبووە بەڵام دانانی چەکێک بەواتایی لە بیرکردنی مەســەلەی سیاسی و نەتەوایەتی نابێ و لەم بوارەدا لە داهاتوودا زیاتر دەخوێننەوە.
بۆ زانیاری زیاتر لە ســەر دۆخی ژیان و گرفتەکانی بەردەم ئەو ژیانە پڕ لە گرفتە لە گەڵ شـێوەی گەڕانەوەم بۆ شـوێنێک کە پێشـتر لێی هەڵهاتووم و بەوە تاوانبار کراوم کە هۆکاری هەڵهاتنی کەســانی دیکەم چاو لە بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانم بە ناوی کورتی بیرەوەرییەکانم بکە.
ئەوەیی کە لە ســەرەوە خوێندتەوە بەزۆری گێڕانەوەیەکی کورت و پێکەوە گرێـدراوییەکی ڕامیـاریی، کۆمەڵایەتی و ســەربـازیی کە دەتوانم بڵێم کە بەشــێک لە بیرەوەریی ڕامیارییەکانم لێرە بەو مێتودەوە کۆتایی پێدێنم و بەشــەکەی دیکە کە لەخوارەوە دەیخوێنیتەوە ڕوو لە ئاســتێکی دیکەی سـیاسی دەکات یانی باس لە سـەردەمێکی جیاواز دێتەگۆڕێ کە مێتودی کار ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتووە یان ڕوو لە گۆڕان دەکات.

## ئاڵوگۆڕ لە مێتودی ڕامیاریی کاردا قۆناغی دووهەم.

هەروەک لە سەرەوە هێناومەتەگۆڕێ و بەو شێوەیە کە لە بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانم دا هاتووە لە گەڵ دۆخەێکی خراپی ژیاندا ڕووبەڕوو بوومەوە، کاتی گەڕانەوەمان لە ڕۆمادیی بڕیار وابوو کە حیزبی دێموکرات بۆ بردنی ژن و منداڵەکانمان بۆ ناوچەی هەورامان بۆ دەرەتفێ هاوکاری بکات بەڵام زیاتر لە ساڵێک تێپەڕی و حیزب یان ئەو کەسانە یان ئەو ناوەندانە کە بەرپرسی ئەو شێوە کارانن وەک پێوەندییەکانی حیزب یان بەشی کۆمەڵایەتی و کۆمیتەی ناوەندی گرنگیان نەداو منیش لە دۆخێکی زۆر ئاستەمدا لە ئێران و عێراق قاچاخ بووم و باری ئابووریمان زۆر شپرزو دوو لە منداڵەکانم کاتی قوتابخانەیان هاتووە بەڵام نەمدەتوانی لە قوتابخانە دایانێم.

کەسێکی وەهاش لەبارم شک نەدەبرد تا داوای یارمەتی لێ بکەم، کاتێک کە خێزانم لە ژێر دەسەڵاتی ڕژیم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرهێنا هێندێک خشڵی ئاڵتونی هەبوو کە بەشێکی زۆریمان فرۆشت تەنها یەک بەرچاوەی تەڵا کە هێندێک لە سێزدە مسقاڵ زیاتربوو لە گەڵ چەند نیو لیرەیەکی بریتانی مابووەوە کە بەرچاوەکەی دا بە سەدودە (١١٠) دیناری ئەوکاتی عێراق بەڵام سەدودە دینار چەندە دەخاوێنێ مەسەلەیەکی زۆر گرنگەو دەبێت بیرێک بکەمەوە.

زۆربەی پەنابەران یان ئاوارەکانی دەستی کۆماری ئیسلامی ئێران کە پەنایان بۆ عێراق هێنابوو بەشی زۆریان گواسترابوونەوە بۆ ڕۆمادیی و ئەو بەشەیان کە وەک چەکداری عێراق لە کەمپە نێوە چۆڵەکانی باشووری کوردستان مابوونەوە هەموویان یارمەتی دراوی و مەوادی خۆراکیان لە حکومەتی عێراق وەردەگرت چونکە دۆخی ئابووریی وڵاتەکە لەو سەردەمەدا باش بوو دەکرا بەو یارمەتی و مەوادە خۆراکییانەیی حکومەتییەوە بژیت، کیسەیەک برنجی گەورەو فەردەیەک ئاردی گەورە بە ڕادەیەکی کم دیناری عێراقی بوون.

ئاگادار کرامەوە کە سەلیی سوور لە ئۆردووگای ڕۆمادیی دەستی کردووە بە تێکۆشان و جاربەجار خەڵک لە عێراق دەربازی وڵاتانی مرۆڤدۆست و پەنابەر وەرگر دەکات بەڵام من نەمدەتوانی بگەڕێمەوە بۆ ڕۆمادیی و دۆخی نالەباری ژیان تەنگی پێمان هەڵچنیوە.

زۆر بەقووڵی و نیگەرانییەوە لە فکری دروستکردنی ئاڵوگۆڕێکی تا ڕادەیەک ئەرێنیدام، ئیستاکە ناچاربووین تا ماڵەکەمان کە بریتییە لە یەک دوو تیکە زیلو لە گەڵ هێندێکی پێخەوی شڕو شێواوی زۆرکەم لە گەڵ هێندێک کاسەو کۆچەڵە لە ماڵە سەرەتایەکەوەگواستەوەتەوە بۆ ماڵی شێرین خانم کچی شێخ عەلایەدین کە ئەوکات هاوژینی مەرحومی محەممەد مەسعوودی کوڕی مستەفا خانی دووهەم بوو.
دۆخی شیرین خانم لەوکاتەدا زۆر باشتر لە ئێمە نەبوو بەڵام ئەوان چەند کێشەیی کەمتریان هەیە، یەکەم دەروێشێکی بنەماڵەیی نەقشبەندی ماڵێکی لە شارۆچکەی زەڕەیانی سەربە پارێزگای سلێمانی بێ کریێ پێدابوون و لەو ماڵەدا دەژیان، دووهەم ئەوان وەک ئێمە لە حکومەتی عێراق و ئێران قاچاخ نەبوون بەڵام چونکە لە کەمپی پەنابەراندا نەدەژیان وێرای وەرگرتنی مەوادی خۆراکی لای موختارێکی (کوێخا) زەرەیانی بێ بەش بوون لە یارمەتی دراویی حکومەتیی.
ڕۆژێک کە لە حەوشەی ماڵە هاوبەشەکی خۆمان و شیرین خانم دانیشتبووم و سیگارم دەکێشاو زۆر بەقوڵی بیرم لە چارەسەرییەک دەکردەوە کابرایەک تەقی لە دەرکی ماڵەکەماندا کە من دەرگاکەم بەڕوویدا کردەوە بەڵام یەکترمان نەدەناسی کە پرسیاریکردو وتی بەشوێنی ماڵی میرزا فاتح ئارش دا دەگەڕێم کە وتم بۆخۆمم، دیسان سڵاوی کردەوەو وتی خەلیل بەگی کوڕی سۆفی بەگی وەڵەدبەگی بە دوای ماڵی ئێوەدا دەگەڕێت.
وێرای جیاوازی تەمەن من و شادڕەوان خەلیل بەگ دوو دۆستی زۆر باشی یەکترین و بە بیستنی ناوی خەلیل بەگ هێندێک ئاستی ئازارەکانی دەروونیم داکشاو ڕۆیشتمە دەرەوە کە بینام لە گەڵ کەسێکی دیکە لە ماشینێکی لاندکروزرداندا و دوو کیسە ئاردی بە دیاری بۆمان هێناوە.
کاتی هاتنم ڕوو لە عێراق و حیزبی دێموکرات خەلیل بەگ و چەکدارەکانی هاوکاریان کردم بەڵام دوای ئەو سەفەرە لە یەک دابڕابووین و یەکترمان نەبینایەوە، ئەو ڕۆژە زانیم کە خەلیل بەگ هێشتاکە هەر چەکداری بنەماڵەیی جافەو ماڵەکەی لە کەمپی دسکەرەیە، بۆ زانیاری زۆر زیاتر لەم بوارەدا چاو لە کتێبی کورتە بیرەوەییەکانم بکە.
دوای خواردنەوەی چایی خەلیل بەگ هێندێک باسی لە سەر خۆی کردو وتی کە ماوەیەکی زۆرە کە هەواڵپرسی منی کردووە بەڵام نەیتوانیوە شوێنم

پەیدا بکات و کاتی ڕۆیشتنی داواکاربوو تا بەیانییەکەی بڕۆم بۆ چاوپێکەوتینی لە کەمپی دســـکەرە چونکە کارێکی هەیە کە بەمن جێبەجێ دەکرێت، وتم بەچـاوان و ڕۆژی دووایی بەیـانییەکەی بە مێشـــکێکی پڕ لە فکرو زکرەوە ڕۆیشـــتم بۆ دیداری خەلیل بەگ کە دوای خواردنی چایی وتی نامەیەکم لە ئێرانەوە لە لایەن غەزاڵە خانمی خێزانمەوە بۆم هاتووە بەڵام کەسێکی جێی متمانەم نەبینایەوە تا بڵێم نامەکەم بۆ بخوێنێتەوە هەر بۆیە داواکاربووم کە بێت بۆ ئێرە.

ئەو ڕۆژە زانیم کە مەرحومی خەلیل بەگ هێشتاکە بەتەنهایی لە گەڵ کوڕە بچووکەکەیی دەژیت و خێزانی نەهێناوە بۆ عێراق، نامەکەم خوێندەوە کە خێزانی زۆر گلەیی کردبوو کە منیش هەقم بە خێزانیدا بەڵام خەلیل بەگ وتی هەر چـاوەڕوان مـامەوە کە ڕژیم بڕوخێ و بگەڕێمەوە بەڵام نە ئەو ڕووخاو نە من گەڕامەوە.
لە کۆتایی باسەکەماندا خەلیل بەگ وتی ڕاستییەکت بۆ باس دەکەم بەڵام لە بەینی خۆمـانـدا بمێنێتەوە کە وتم بەچـاوان، مەرحومی خەلیـل بەگ نهێنیی دەروونییەکانی خۆی قەت لە من نەدەشـــاردەوەو وتی ماوەیەکە کە لە فکری گەڕانەوەو تەسـلیم بوونەوەدام کە وتم کاری وا مەکە چونکە زۆر خەتەرناکە بەڵام وتی هیچی نەکردەوە تا بترسێت.
لە ڕاســـتیدا مەرحومی خەلیل بەگ مرۆڤێکی زۆر ئاســـایی و ئایینی بوو کە بەگوێرەی گێڕانەوەیی خەڵک و چەکدارەکانی خۆی هیچ کردەوەیەکی دژبە ڕژیمی ئـاخونـدەکـان نەکردبوو بەڵام من وتم دەتکوژن خۆت ئەســـیری دەســـتی ئەو زاڵمانە مەکەو هەوڵ بدە کە ژن و منداڵەکەت بێنی بۆلای خۆت بەڵام دیســـان لە وەڵامدا وتی باشـــترین ڕێگا گەڕانەوەیی خۆیەتی و مەسەلەکەی لە گەڵ نەبەرد جاف کە لە دەستگای ئیستخبارات لە بەشی چەکداری سەربە هەڵبجە هەڵسوڕانی هەیەو بەرپرسی هێندێک لە گرووپە چەکـدارەکـانە هێنـاوەتەگۆڕێ و بڕیـار وایە چەکەکـانی لێوەرگرنەوەو چەکدارەکانی ڕەوانەی ڕۆمادیی بکەن.
کاتێک کە بیســـتم خەلیل بەگ بڕیاری خۆیداوەو چەکدارەکانی ڕەوانەی ڕۆمادیی دەکەن لە دەروونی خۆمدا وتم ئەمە باشـــترین حەلەو دەبێت لەم دۆخە کەڵکوەرگرم، وتم خەلیل بەگ دۆخی ژیان و منداڵەکانم باش نییە

دەتوانی یارمەتییەکم پێ بکەیت کە لە وەڵامدا وتی ئەگەر لە دەســتی بێ بەســەرچاو جێبەجێی دەکات، وتم دەتوان داوا لە نەبەرد جاف بکەیت کە ناوی منیش لە لیسـتی چەکدارەکانی تۆدا تۆمار بکات و من بەچەکداری تۆ بنووسێ و لە گەڵ چەکدارەکانی بەڕێزتان بەڕێی ڕۆمادییم بکات کە وتی سبەێنی دەڕۆم بۆ هەڵبجەو مەسەلەکە لە گەڵ نەبەرد بەگ باس دەکەم، سبەینێ دوای نیوەڕۆ دیسان وەرەوە بۆ ئێرە.
ڕۆژی دووایی دیسـان گەڕامەوە کە وتی مەسـەلەکەی لە گەڵ نەبەرد جاف باســکردووەو کە وتوویەتی بەچاوان بەڵام دەبێت پێش لە چەککردنی ئێوە ئەو لە گەڵ خۆت ببەی بۆ ناوچەی گۆزیل کە چەکداری خۆت و کەسـانی دیکەی لێی تا ئیستخباراتەکانی گۆزیڵ وەک چەکداری تۆ ناوی تۆمار بکەن لە بەر ئەوەیی کە بە بەڵگەی یاساییەوە بەڕێ بکەین بۆ ڕۆمادیی تا کێشـەی بۆ دروست نەبێ کە وتم زۆر باشەو ئامادەم.
زۆر کەس بۆ ئەوەی ڕەوانەی ڕۆمادیی نەکەن ئەوپەڕی هەوڵی دەدا بەڵام دۆخی خراپی ڕامیاریی و ئابووری و یاسایی لە گەڵ هەستی سەردانەنەواندن بۆ هەموو کەســێک و دووری لە کردەوەی بەپێچەوانەی کەرامەتی مرۆڤی وایان لێکردم کە ئەو هەڵکەوتە بقۆزمەوەو داوای ناردنم بۆ شـوێنێک بکەم کە بەڕوونی ئاگاداربووم کە بۆ هەموو کەسـێک شـوێنێکی باش و لەبار نییە بەتایبەتی بۆ من، بەڵام نەمویســت لەو زیاتر منداڵەکانم بکەمە قوربانی هزرو کردەوەی خۆم و ئەو بڕیـارەی خەلیـل بەگم کرد بەدەرفەتێـک بۆ کۆتایی هێنان بەو ژیانە کە فاکتەری ســەرەکی بۆخۆم لە پێناو خەبات دژبە ستەمکاریکیدا بڕیارم لە سەریدابوو.
خێزانم بەگورجی مەسـەلەکەی گێڕایەوە بۆ مەرحومی شـیرین خانم، شـیرین خانم بێ دواکەوتن وتی دەســتم بەداوێنت من و محەممەد بە تەنها لێرە بەجێ مەهێڵەن و هەر کارێکتان کردووە ئێمەش لە گەڵ خۆتان بەرن، لە ئاکامدا دیســـان پێوەندیم لە گەڵ خەلیل بەگ گرتەوە کە وتی ئەویش دەخەمە لیســتی چەکدارەکانی خۆم بەڵام هەرکات خەبەرم نـارد کاک محەممەد لە گەڵ خۆت بێنە تـا پێکەوە بتـانبەم بۆ گۆزیـڵ بۆ ئەوەیی کە وەک چەکداری من ناوتان بنووسن.
خەلیـل بەگ لە مێژبوو کە پلانەکەی دارشــتبوو بەڵام چەکـدارەکـانی هێشـتاکە هەر ئاگاداری ئەم بڕیارەی خەلیل بەگ نین، کاتێکی زۆری نەماوە

تا خەلیل بەگ چەک بکەن، بێشــک بۆ چەککردنی دەبێت هۆکارێک یان خاڵێکی نەرێنییان لە گەڵ نەبەرد جاف دەســتنیشــان کردبێ بەڵام لەو پێوەندییەدا هیچ پرسیارێکم نەکرد.
کاتێک دڵنیابووم کە خەلیل بەگ ناوی وەک چەکداری خۆی نووســیووە پەتووە شڕەکان لە گەڵ زیلەوە ســوورەکانی ژێرمان لە زەڕەیانەوە گواســتەوە بۆ کەمپی پەنابەرانی دسـکەرە کە بەشـێکی زۆر لە خانووەکانی چۆڵ بوون و تەنها چەکدارەکانی عەشــیرەی ئێناخی، تاوگۆزی، جوانڕۆیی و مەریوانی لەو کەمپەدا مـاوەن و دوای مـاوەیەکی زۆر دەربەدەری لە ئـاکـامـدا مـاڵێکی سەربەخۆمان هەیەو منداڵەکانمان دەتوانن بە ئازادی یاری بکەن.

مەرحومی محەممەد کە مێردی شــیرین خانم و خزمی نزیکی خۆمە پیاوێکی زۆر شــۆخ، خۆش مەزاج و بەهێزە بەڵام بەداخەوە کە کەمئەندامە یانی کەڕولاڵە (نە دەبیســتی و نە دەتوانێ قســە بکات)، دوای یەک دوو ڕۆژ خەلیـل بەگ هـاتوو گوتی کە کاری چەککردنی مەفرەزەکەی تەواو بووەو دەبێت خۆت و محەممەد بەرم بۆ گۆزیـڵ تـا کاتی چەککردنەکە کە وتم بەچاوان.
بۆ یەکەم جار ڕێگام کەوتە شـوێنێک بەناوی گۆزیڵ و کاتێک کە گەیشـتمە گۆزیڵ چەکدارێکی زۆر سەربە حکومەتی عێراقم بینی، چەکدارەکانی خەلیل بەگ ســەربە نـاوچە جۆراوجۆرەکـانی ڕۆژهەڵاتی کوردســتـان بوون کە زۆربەیان پێشــتر لە ناوچەی زەهاو ژیابوون و هەموویان مرۆڤی ڕێزدارو تێگەیشتوون بەڵام مەقەڕەکانی ئاوماڵیان زێرانییەکان بوون، با لێرەدا کۆتایی بەم باسە بێنم چونکە لە کتێبی کورتەیی بیرەوەرییەکانمدا تا ڕادەیی پێویست لەم بوارەدا نووسیومە.
هەروەک لە سەرەوە باسم کردووە مەرحومی محەممەد خۆشی دەهات لە گەڵ خەڵک شـۆخی بکات و برایانی زێرانی بانگیان دەکردو دەسـتیان دەکرد بە بێڕێزی کردن بە خۆی و خێزانی بەڵام محەممەدی بێچارە کە نەیدەبیست پێی وابوو قسەی خۆش دەکەن و بەدەمیانەوە پێدەکەنی ڕۆژێک کە بیستم قســەی ناموسی پێدەڵێن زۆر نارەحەت بووم وتم برایان مەگەر مرۆڤ و ئاوەدانیتان نەبیناوە کە چەند کەسیان هێرشیان کردە سەرم کە کێلاشییەکان بەتایبەت ڕەحمەتی حوسێنی کاک عەنایەت فریام کەوتن.

ئەوندە بەد شانس بووم کە لەو ماوە کورتەدا لە گەڵ دوو کێشە ڕووبەڕوو بوومەوە، یەکەم ئەوەیی سەرەوە دووهەم مەسەلەی ئێناخی و باوەجانی.

من زانیاری زۆرم لە سەر گۆزیل نییەو کێشە ئێناخی و باوەجانی بە هەڵەیەک دەزانم کە هۆکاری تێداجوونی چەند مرۆڤی ئازاو بەتوان لە هەردووک لای بەدواوە هات. لەو چەند ڕۆژەدا کە لە گۆزیلی ناوەندی دەسەڵاتی عەشیرەتی ئێناخیدام یەکێک لە کەسایەتییەکانی ئێناخی کەسێکی دیکە لە گەڵ خۆی دەبات و بەشێوەی نهێنی بۆ کارێکی تایبەتی دەڕۆن بۆ ئۆردووگای ڕۆمادیی کە ناوەندی دەسەڵاتی باوەجانییەکانەو لە ئاکامدا چەند گەنجی عەشیرەتی باوەجانی ئاگاداری هاتنی ئەو چەند کەسە دەبن و لە ماڵێکدا هێرش دەکەنە سەریان و هەردووکیان بە سەختی بریندار دەبن بەڵام خەڵک و هێزەکانی ئاسایشی کەمپەکە دەتوانن ڕزگاریان بکەن و دەیانبەن بۆ نەخۆشخانە کە برینەکانیان زۆر ئاستەم و بۆ ماوەیەک لە نەخۆشخانە دەمێننەوە، من کە ئاگاداری ئەم ڕووداوە نیم بەڵام هەواڵەکە زۆر بەگورجی دەگات ئێناخیی چەکدارەکانی باشووری کوردستان و بەڕاشکاوییەوە دەڵێن هەردووکیان کوژراون، بەگوێرەی گێڕانەوەی خەڵک ئێناخییەکان بڕیار دەدەن کە من یان شەهید محموود کە ماڵەکەی ئەویش لە ئاوماڵی مندایە لە تۆڵەی ئەو کەسایەتیی خۆیان بکوژن بەڵام شەهید محموود بۆ خۆی لە تەشکیلاتی سەلاسی باوەجانی لە بەمۆیەو من بێ خەبەری لە هیچ لە ناوەڕاستی کێشەکەدام.

ڕەحمەتی وێسووی عەزیز ناسراو بە وێسووی خاتە کە بەرپرسی چەکدارە ڕەجەوەی و تاوگۆزییەکانی سەربە حکومەتی عێراقەو تا ڕادەیەکی زۆریش دەسەڵاتی هەیە، بەڵام من تەنها ناویم بیستووە بەچاویش ئەوم نەبیناوە، لە هەر ڕێگایەکەوە دەبێ مەرحومی کاک وێسوو ئاگادار دەبێتەوە و باسەکە بۆ خێزانی کە باوەجانیی دەگێڕێتەوە و خێزانی کاک وێسوو دەڵێت میرزا فاتیح لە خەتەردایەو دەبێ بە زووترین کات کارێ بکەیت کە ڕەحمەتی وێسوو بەگورجی حکومەتی عێراق لە کێشەکە ئاگادار دەکاتەوەو حکومەتیش لە ڕێگای بێسیمەوە هێزی سەربازی یان ئیستخباراتی خۆیان کە لە گۆزیل لە نێو چەکدارە کوردەکانی سەربە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن

ئاگادار دەکەنەوە کە من لە خەتەردام، هەروەها خێزانی کاک وێوسو دەڕاوت و بە خەلیل بەگ کە تازە گەڕاوەتەوە بۆ کەمپ دەڵێت دەبێ هەر ئیستاکە چەند چەکدار بە ماشینەوە بەرێ بکەیت بۆ هێنانەوەیی میرزا فاتیح.

خەبەری هیچم نییەو بەشێوەی ئاسایی دانیشتووم و لە گەڵ هێندێک چەکدار باسی مەسەلەی حیزبایەتی و کوردایەتی لە گەڵ کێشەکانی سەر ڕێگای دەکەم کە دوو ماموری ئیستخباراتی کە پێکهاتبوون لە کوردێک و عەرەبێک بەچەک و ئامادەگییەوە هاتن بۆ مەقەڕەکەی خەلیل بەگ وتیان فاتیح ئارش کێی کە وتم منم، خەیرە، وتیان چەکو ڕەختەکەت هەڵگرەو لە گەڵمان وەرە بۆ مەقەڕی ئیستخباراتی گۆزیڵ چونکە بەرپرسەکەمان کاری پێتە، هەم خۆم و هەم چەکدارەکانی دیکە زۆرلامان سەیرە بەڵام کاتێک کە ڕۆیشتمە دەرەوە بینام کە چەکدارێکی زۆری حکومەتی هەموویان خۆیان بەستەوەو ئامادەی کارێکن، بردمیانە ژوورەوە کە لاموایە ئەفسەرێک بوو کە وتی تۆم بانگ کردووە تا پێت بڵێم کە تا ماوەیەکی دیکە ماشینێک دێت بەدواتداو دەبێت بگەڕێتەوە بۆ دسکەرەو محەممەدیش لە گەڵ خۆت بەرەوە، پرسیارم کردو وتم مەسەلە چیی کە وتی ئەو ئاگادار نییەو بڕیارەکە لە هەڵەبجەوە هاتووە، لە دڵی خۆمدا بیرم لە زۆرشت کردەوە بەڵام قەت بیرم بەلای مەسەلەی ئێناخی و باوەجانیدا نەڕۆیی.

دوای ماوەیەکی کورت وتیان کە ماشینە لاندکروزەکەی خەلیل بەگ هاتووەو لە کۆتایی چادەکەدا چاوەڕوانی من دەکەن، محەممەدم بانگ کردو چەند سەربازی (عەسکەر) عێراقی لە گەڵم هاتن تا لای ماشینەکەو بینام کە شفورەکەی خەلیل بەگ و کەسێکی دیکە لە ماشینەکەدان، کاتێک ئێمە سوار بووین سەربازە عێراقییەکان گەڕانەوەو لە شفورەکەی خەلیل بەگم پرسی و وتم بڵێ بزانم چ قۆماوە دڵم تەقی کە وتی مەسەلەی باوەجانی و ئێناخیی و هەوڵی کوشتنی تۆ لە ئارادیە.

هێندێک خەیالم ئاسوودە بوو و زانیم کە کێشەکە کۆمەڵایەتیی و وێرای ئەوەیی کە چاوەڕوانین لەم ملە یان لەو ملە ڕێگامان پێ بگرن لە ڕێگادا زیاتر مەسەلەکەیان بۆم شیکردەوەو هەرچۆنێک بوو محەممەدم حاڵی کردو وتم ئەگەر بینات شەڕە شەڕ بکەیت.

بەخۆشییەوە بێ کێشەو رووداوی نەخوازراو گەیشتینە کەمپی دسکەرە کە بینام ژن و منداڵی بێچارەی من دیسـان بۆ هەڵهاتوون بۆ زەرەیان و لە ماڵی شـیرین خـانمـدان، بە محەممەدم وت ئیجـازە نەدات تـا بەگەڕێنەوە، هەروەها ئەگەر هەڵە نەکەم ژن و منداڵەکانی شەهید محموود دێموکرات یان کلاشی ئەوانیش خۆیانیان حەشار دابوو.
زۆر کەس داوەیان لێ کردم تا بڕۆم و خۆم لە شـوێنێک حەشـار بدەم بەڵام چونکە خۆم بە بێتاوان دەزانی ئامادە نەبووم کە تەنها بۆ خولەکێک لە ماڵ دوور بکەومەوەو کەڵەشـێرکۆفێکی باش و حەوت مەغزەن فیشـەکەم لە گەڵ خۆم هێنابووەوەو بەتەواوی توانەوە ئادمادەم کە تا ئاخرین گوللە یان دلۆپی خوێن دیفاع لە خۆم بکەم، بەخۆشـییەوە بریندارەکان نەمردن و برایانی ئێناخی چاوپۆشیان لە هەڵوێستی بەپێچەوانەی لۆژیک کرد.
ماڵەکەم لە گەڕەکێکدابوو کە هێندێک لە ئاوماڵەکانم جوانڕۆیی و چەند ماڵیان ڕەجەویی و تاوگۆزی بوون، مەبەستم لەم گێرانەوەیە بەزۆری ئەوەیە کە سـپاسی ئەو ئاوماڵە تاوگۆزی و ڕەجەویانەیی خۆم بکەم کە کاتێک کە زانیانیان کە من حازر نیم خۆم بشارمەوەو بەلێبڕاوییەوە ئامادەی دیفاع لە کەرامەت و ژینی خۆمم هێندێکیان کە پێشـترو لە ڕابردوودا پێشـمەرگە یان بەشـێوەیەک سـەربە حیزبی دێموکرات و ناسراویمان پێکەوە هەبوو هاتن و وتیان ئاگاداربە ئەگەر شـەڕ ڕوویدات ئێمەش گیانمان لە گەڵ گیانی تۆیەو تا ئاخرین دلۆپی خوێنمان شـەڕ دەکەین و ماڵی کاک حەسـەن ناوێکی ڕەجەوی کە ماڵەکەی ڕووبەڕووی ماڵی من بوو لە سـەر دیواری ماڵەکەی خۆی سەنگەرێکی دروستکردو ئامادەی دیفاع و یارمەتی بوو.
من لێبڕاوم تا لە بەرامبەر هەڵوێسـتی بەپێچەوانەی لۆژیک و نابەرابەریی دا ڕاوەسـتم، کاتێک کە مرۆڤ بەو قۆناغە گەیشـت زۆرلای گرنگ نییە کەس یـارمەتی بکـات یـان نـا بەڵام چـاکەو خراپە دوو بـابەتی دژ بەیەکن کە هەرکامەوە ئاسـەوارو کارتێکردنی لە سـەر هزرو ئاکاری مرۆڤەکان هەیە، بۆ دووهەمین جار سـپاسی ئەو تاوگۆزی و ڕەجەوییانە دەکەم کە حازر بوون بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان فیدای نابەرابەری بکەن.

دوای مـاوەیەک خەبەرهـات کە هەر دووک بریـندار لە دۆخێکی لەبـاری سـلامەتی دان و هیچ خەتەری مردنیـان لە سـەر نییەو منیش ژن و

منداڵەکانم هێنایەوە بۆ کەمپی دســـکەرە کە زۆری نەخایاند کە خەلیل بەگیان چەککردو من و محەممەدی خزمم وەک چەکدار خەلیل بەگ باریان کردین بۆ ڕۆمادیی کە لە ئاخری ئۆردووگایی ڕۆمادیی کە مەڵبەندی باوەجانییەکانە دایانخســتین و بەهاوکاری خزمان کە لەو ئۆردووگادا بوون و پێشــتر ئەوانم ناســیبوو خرت و پرتەکانمان بردە خانویەکی چۆڵ کە پێشــتر خانووی کاک عەنوەر حەســەن بەگ (عەنایەتی) لە خزمانی بەگزادەی جوانڕۆیی بوو بەڵام بەهۆکاری کێشەی هاوماڵی و هێندێک دەمەقرە لە گاڵ ماڵی ڕەحمەتی مام مەنسوور کوڕی ئاغە بەگ کە هەم خۆی و هەم خانمی ئـامۆزایی دایکوبـابی من بوون بـاری کردەوە، خـانوویەکی قوڕیی بێ دەرو پەنجەرە لەو شـــوێنە لەو کاتەدا باییەکی ئەوتۆی نەبوو بەڵام من و کاک عەنوەر یەکیترمان نەدەناسی و کێشەو نیگەرانی لە گەڵ ماڵی مام مەنسوور هۆکار دەبێ تا کاتێک کە ئاگادار دەبێتەوە کە من چومەتە خانووە چۆڵەکەی وا هەســـت بکات کە داگیرم کردووەو هەمـان ڕۆژ نـامەیەکی زۆر درێژی نووســـابوو کە بە نامەیەکی زۆر جوان و مرۆڤانە وەڵامم دایەوەو کە وێرای شێکردنەوەی هێندێک خاڵی نامەکەیی بۆیم نووسی کە بەهەستی خزمایەتی و برایی و بەتێگەیشـــتوویی تۆ ئەو کارەم کردەوە، هەروەها بڕیارمداوە کە دووایی پێوەنـدیت لە گەڵ بگرم و ڕازیت بکەم، لە ڕاســـتیدا بە هەمـان هەستەوە ڕۆیشتمە خانووەکەو پێش لە هەموو شتێک لە سەر کەسایەتی کاک عەنوەر پرسیارم لە خزمان کرد کە وتیان مرۆڤێکی باش و تێگەیشتووە منیش وتم کە وابێ دەتوانین پێکبێن.

جاری پێشـــوو کە ئێمەیان هێنا بۆ ئۆردووگای ڕۆمادیی ئەو کەمپە کەمپێکی ســیاسی یان نەتەوەیی بە مانایی دروســتی وشــەی نەتەوەیی نەبوو بەڵام تازە بەشـــێوەی تاکوتوک باس لە بابەتی ڕامیاریی و نەتەوەییەکان لە هێندێک شـــوێنی ئەو کەمپە دەهاتەگۆڕێ بەڵام کاتی گەڕانەوە دۆخەکە هێندێک جیاوازترە، بەڵام هێشـــتاکە هەر کاری نەتەوایەتی و ســـیاسی بەشـــێوەی تۆکەمی تەشــکیلاتی و تایبەت بەخۆی نەبوو کە کەم کەم شــێوەی ئاســایی خۆی بەدەســتهێناو کاربەدەســتانی حکومەتی کە لەباری ســیاســییەوە لاوازو پێشـــتر بەشـــێوەیەک دژایەتی چـالاکی ڕامیـارییـان دەکرد لە وەزعەکە گەیشتبوون.

سـەلیی سـوور جاربەجار هاتوچۆیی کەمپەکە دەکات و پێشـتر هێندێک کارتی ئەندامیەتی لە نێو خەڵکدا دابەشکردەوە، سەردەمێک کاربەدەستانی سەلیب بە کەمپی ڕۆمادیی دا گەڕابوون و داوایان لە خەڵک کردبوو تا کارتی ئەندامییەت بە مەبەسـتی دەرچوون بۆ وڵاتی سـێهەم وەرگرن بەڵام ئەو خەڵکە کە لە بوارە جۆراجۆرەکانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی چەوسـابوونەوە زۆربەیان ئەو دەرفەتەیان ڕەد کردبووەوە.
لەو سـەردەمەدا چەند ڕێکخراوە وەک حیزبی دێموکرات، کۆمەڵەو خەبات لە ئۆردووگا ڕۆمادیی دا تێکۆشـانیان هەبوو بەڵام هێشـتاکە ڕێکخراوەی موجاهیدینی خەڵک بەشێوەی ڕوون لە کەمپی ڕۆمادیی دەستی بەتێکۆشان نەکردبوو.
ئەوکات کۆمەڵە لە ژێر کارتێکردنی حیزبی کۆمونیستی ئێران دابوو کە لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردسـتان ئێران کە زۆرینەی زۆری خەڵکی ئۆردووگاکەی لە گەڵە کێشـەیان هەیە، وێرای ئەوەیی کە لە بناغەدا تێکۆشـانی سـەلیی سوور زۆر کەم و سنووردارە بەڵام دەتوانم بێژم کە ئەو کێشە لە ڕووانگەی جۆراوجۆری سـیاسـییەوە هێندێکی کارتێکردنی نەرێنی زیاتری لە سـەر ئەو تێکۆشانە سنووردارەی سەلیی سوور لەو کاتەدا دانابوو.
لەو سـەردەمەدا کە من هاتم سـەلیی سـوور کارتی دابەش نەدەکرد بەڵام کاری لە سـەر کەیسی- ئەو کارتە دابەشـکراوانەیی پێشـوو و هێندێک کەسی تایبەتی وەک ئەو کەسـانە کە مجەڕەد و سـەر بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران بوون دەکرد.
ئەگەر بەکورتی و کراوەیی بـاس بکەم دەبێـت بڵێم کە کۆمیتەکە لە ژێر کارتێکردنی چەپەکاندابوو کە کەسـانی تەنهاو سـەربە نەتەوەکانی دیکە کە هیچ بناغەیەکی ڕامیارییان نەبوو وەک پەنابەری سـیاسی دەناسـاند بەڵام بنەمـاڵە کوردەکـان کە سـەربە هیچ لایەنێـک نەبوون یـان سـەربە ڕێکخراوەکانی دیکەن بە عەشـیرە ناودێری کرابوون، سـەلیی سـووریش بەگوێرەی زانیاریی پێشـتر کە بەنێو کەمپەکەدا گەڕاوەو داوای لە هێندێک کەس کردەوە تـا کـارت ئەنـدامیەت وەرگرن بەڵام بە هۆکـاری هزرییەوە ڕەدیان کردبووەوە حیسـابێکی تایبەتی بۆ ئەو خەڵکە دەکردو لە هێندێک بواردا ئاکامی نەرێنی دانابوو کە هێندێک کەسی دیکە ئەو خـاڵەیان وەک کەرەستەیەکی سەرکوتی هێندێک کەسی دیکەو هۆکاری زیادکردنی ئەندام و

لایەنگری خۆیان بەکار دەهێناو هۆکارێک بوو تا مێژوو بۆ کەسانی بێ مێژوو دروست بکەن.

دوای ماوەیەک هەولمدا تا لە گەڵ ئەو کۆمیتە کە وەک کۆمیتەی سەلیب دەناسرا پێوەندی هەبێ بەڵام بەو ئەنجامە گەیشتم کە شانس زۆر کەمەوەو هەرکەس کە خانەوادەیی هەبێ زۆر بەسوکی مۆری عەشیرەی پێوە دەلکێنن، باوەڕ ناکەم مەسەلەی من هیچ پێوەندی بە دۆخی ڕێکخراوەییەوە هەبووبێ چونکە لەو سەردەمەدا هێشتاکە پێوەندی تەشکیلاتیم لە گەڵ حیزب یان لایەنێک دیکە لە ڕۆمادیی پەیدا نەکردەوەو لەو باوەڕەدام کە واباشترە کە بۆماوەیەک بحەسێمەوە، هەروەها پێم وانییە کە دۆخی من پێوەندی بە مەسەلەی عەشیرەوە هەبێ بەڵکو پێوەندی بە ناچالاکی سەلیبی سوورو هێندێک فاکتەری دیکەوە هەبوو، بەکورتی و لە ڕاستیدا کاری سەلیبی سوور هاوکارییەکی مرۆڤدۆستانەو زۆر سنوورداربوو کە نەیدەتوانی زۆر بەرینی بکاتەوە.

لەو ماوەدا کاتی هاتنی سەلیبی سوور زۆر چالاکانە بەشداری کۆبوونەوەو باسەکانم دەکرد، هەروەها ئەو منداڵانەم کە کاتی مەدرەسەیان هاتبوو دەنارد بۆلای خەیدان کوردستانی و کەسانی دیکە بۆ خوێندن و بۆ خۆشم چالاکانە بەدوای فێربوونی زمانی ئینگلیسیدابووم و یارمەتیم لە کەسانی وەک ... شیانی خەڵکی پاوەو محەممەد ناوێک کە خەڵکی سنە و خوێندەواری بەرزیان هەبوو وەردەگرت بەڵام بەو ئاستە نەگەیشتبووم کە بۆ خۆم بەشێوەی کۆنکرێت ڕەخنەو بۆچوونەکانم بە سەلیبی سوور بگەیەنم و زۆر بەڕوونی دەمزانی کە کۆمیتەکە هەوڵ دەدات تا بەشێوەی ڕابردوو سەلیبی سوور لە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیاندا سانسۆڕو لە ژێر چەپۆکی بگرن و کاتێک کە ڕەخنەت لە دۆخەکە هەبایە قسەکانتیان بەشێوەی سفارشی دەگەیاند.
جارێک کە سەلیب هاتبوو لە سەر مەسەلەی پێشتریەتی دان بەو پەنابەرە تەنهانە لەگەڵ کەسانی دیکە کە وەک پەنابەری سیاسی دەیانناساندو کەوتەبوونە چوارچێوەی فکری سەلیبی سوورەوە لە گەڵ مەسەلەی لایەنی دیکە کە وەک عەشیرە پێناسە دەکران هاتەگۆڕێ کە زۆر بەجدیی

دژی وەستامەوە، لەو باسەدا لە ڕادەیەکی نزمدا هەوڵدرا تا مەسەلەکە پێوەندی بدەن بە سیاسەتی حکومەتی عێراقەوە کە وێڕای ئەوەیی کە لە دۆخێکی ئاستەم دام و ئەو سەردەمە سەردەمێکە کە بەتەواوی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کە ژێر گوشاردام منیش وەک ئەوەیی کە هەموو باسەکان پارێزراون و لەو شوێنە دەرناچێت زۆر بەڕاشکاوانە لەو بوارەدا قسەم کرد بەڵام ڕۆژی دووایی لە لایەن ئیدارەی ئەمنی ئۆردووگاوە داواکرام و لە سەر وتەکەی ڕۆژی پێش کە زۆر گەورەو لایەنداریان کردبووەوە لێکۆڵینەوەیان لە گەڵم کردو بۆ ماوەیەکی کورت لەوەێ ڕایانگرتم، ڕۆژی دووهەم لە لایەن ئیدارەی ئیستخباراتی کەمپەکەوە دیسان بانگ کرامەوە، عەرەبی تێناگەم و کاتێک کە ڕۆیشتم بینام ئەو مائمورەی ئیدارەی ئەمن کە ڕۆژی پێشتر لێکۆڵینەوەی لە گەڵم کردەوە ئەویش لەوێیە، دیسان هۆکاری وتەکانی من کە زۆر شتیان پێ زیاد کردبوو هێنایەوە گۆڕێ منیش بەگوێرەی توان و زانست ئەو سەردەمە دیسان وەڵامم دایەوە کە لە کۆتایی دا مائمورەکەی ئیدارەی ئەمن گەڕایەوە بەڵام ئیستخباراتەکە کە ناوی ئەبوو حسینە ئەڵبەتە ئەوەیان کە هێندێک قەڵەو و سەر بەئایینی سوونی بوو زۆر بەجدی وتی ئێمە دەزانین کە تۆ مرۆڤێکی تێگەیشتوو و لێهاتوویی بەڵام چەندە تۆ نیگەرانی دوو ئەوەند ئێمەش نارەحەتین لەوەیی کە ئازار بۆ کەسێک دروست بکەین، ئێمە دەزانین هەموو ڕاپۆرتەکان لە سەر تۆ ڕاست نییە بەڵام خەڵکەکەی خۆتان دێن و بە هەزاران سوێند دەخۆن.

لە ڕاستیدا هەرکەسێک کە تا ڕادەیەک تێگەیشتوویی هەبایە بەڕوونی دەیزانی کە ڕاپۆرتەکان هەمووی ڕاپۆرتی وەرگرتنی وەرەقەی هاتوچۆ یان نەیارانەن و لە لایەن مرۆڤی هیچ و پووچەوەیە چونکە لە ڕاپۆرتێکدا دەیاننووسی کە بابم لە لایەن وەزارەتی زانیاریی ئێرانەوە دێت بۆ شارەکەی ڕۆمادیی و لەوێ یەکتر دەبینین و ئەو زانیاریانە کە لە سەر عێراق کۆی دەکەمەوە دەیباتەوە بۆ ئێران، جارێکی دەیاننووسی کە ئەو بابەتانە کە ڕادیو ئیسرایل لە سەر کەمپی ڕۆمادیی و عێراق بڵاوی دەکاتەوە کاری منەو... بەڵام ئەم ڕاپۆرتە وێڕای ئەوەیی کە بناغەیەکی هەبوو بەڕوونی دەمزانی کە کاری کەسێکی تایبەتە.

بەتایبەتی لە سەر پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق بە سەدان ڕاپۆرتیان لێداوم، چەند جاریش لە سەر یەکێتی نیشتمانی یانی ڕاپۆرتەکان زۆر دژی

یەکبوون بۆ خۆشیان ئەم شتەیان دەزانی بەڵام دیسان من کێشەم هەبوو، من بۆ خۆم بەئاسانی نەمدەتوانی لە کەمپەکەی ڕۆمادیی بڕۆم بۆ شارەکەی ڕۆمادیی کە چەند خولەک مەودایان هەبوو چۆن بابم بتوانێ لە ئێرانەوە بێت بۆ ڕۆمادیی!

لە ڕاپۆرتێکدا کە لە کۆتایی دا نووسـابوویان و مەجید سـەید محەممەد (سـەعیدی) خەڵکی قوایی یەکێک لە وەرگێڕەکان بوو نووسـابوویان کە زانیاریی جۆراجۆری دژی حکومەتی عێراق لە پێوەندی لە گەڵ کەمپەکە دەنێرم بۆ دۆسـتانم لە ئورووپاو ئەوان بۆمی دەنێرن بۆ ڕادیو ئیسـرایل، با لێرە بۆ دووهەم جار سـپاسی کاک مەجید سـەید محەممەد قوایی بکەم کە ئەو شـەوە زۆر یارمەتی پێکردم و بە ئەمنەکانی وت هەموو ئەو ڕاپۆرتانە کە لە منی دەدەن بەشی زۆری هۆکارەکەیی دەگەڕێتەوە بۆ کێشـەی تـایبەتیی چونکە لە کاتی خۆیدا لە ئێران لە بنەماڵەیەکی تـا ڕادەیەک دیـار بووم و ئەگەر کێشـەیەک ڕوویدابێ ئیسـتاکە تۆڵەیی لە من دەکەنەوە و ... ئەو ڕاپۆرت نووسەیی ڕادیو ئیسرایلیان بەشێوەیەک ناساند چونکە هەمان ڕۆژ نامەیەکم نووسابوو بۆ دۆستێک لە سوئێد و دابووم بە خزمێک تا پۆستی بکات بەڵام نامەکە دەستبەدەست کەوتبوو کە لە ئاکامدا لە گەڵ ڕاپۆرتێک گێڕابویـانەوە بۆ ئەمن، لە بواری زانیـاری کۆنکرێـت، ڕوونترو لەبـارتر سـەرەنجی خوێنەر ڕادەکێشـم بۆ کتێبی کورتەی بیرەوەییەکانم چونکە لەو کتێبەدا بەشێوەی پێویست بەشێک لە ڕاپۆرتەکانم باس کردووە.

جارێک ڕاپۆرتیان لێ دابووم کە تفەنگێکی کەڵەشـێرکۆف و تفەنگێکی پلچەم هەیەو ڕاپۆرتەکەیان دابوو بە ئیدارەی ئیسـتخبارات، ئیسـتخبارات زۆر بەجدیی و لۆژیکی ئەو ڕاپۆرتەیی وەرگرتبوو، بەگوێرەی گێڕانەوە دووایی ئەو ئەفسـەرەیی ئیسـتخبارات کە ئەویش هەر ناوی حوسـێنە بەڵام ئەمەیان شـیعەیە چونکە مەسـەلەکە بەلۆژیکی دەزانن پێش لەوەیی کە بانگی من بکەن لە گەڵ ئەو کەسـە کە ڕاپۆرتەکەی دابوو باس دەکەن و بڕیار دەدەن تا بە جیدی دوای مەسـەلەکە بکەون، قورئان دێنن و کابرای ڕاپۆرتدەر سوێند دەدەن، کابرای ڕاپۆرتچی کە دووایی بۆم دەردەکەوێت کە خزمی خۆم بووە سوێند دەخوات و دەڵێت زانیاریی دروستی و کۆنکرێتی هەیەو بەباشی دەزانێ کە هەردووک چەکم هەیە.

لە گەڵ ڕاپۆرتچی لە سەر شێوەی وەرگرتن یان ددان پێدانانم بە هەبوونی ئەو چەکانە ڕاوبۆچوون دەگۆڕنەوەو دەڵێن پێت چۆنە کە قورئانی بدەین، کابرای ڕاپۆرتچی موسڵمان پێدەکەنێ و دەڵێ کابەرایەکی کۆمۆنیستەو هیچ بڕوایەکی بە قورئان نییەو قورئان دەخوات، لە ئاکامدا بیر لە دوو جێگرەوەی وەک ئەشکەنجەو سوێندخواردنی خێزانم لە گەڵ هێندێک خزم و دۆست دەکەنەوە کە ڕاپۆرتچی لە سەر ئەشکەنجەدان ڕادەوەستێ بەڵام دەپرسن بۆ مەگەر هاوژینی کۆمۆنیستە دەڵێت نا ئەو بڕوای بە ئیسلام هەیە، ئاکامی ئەم وتووێژەیان دەبێ بەهێنانی هاوژینم بۆ ئیدارەی ئیستخبارات و سوێنددانی لە گەڵ کەسانی دیکە کە دەیانهەوێت داکۆکیم لێ بکەن.
بەیانییەک ئیستخبارات کەسێکی نارد بەدوامداو کاتێک کە ڕۆیشتم ئەو ئەفسەرەی ئیستخبارات کە وتم شیعە مەزهەب بوو باسێکی هێندێک سیاسی بەڵام زۆر پڕ نێوەرۆکی لە گەڵم کردەوەو لە دەروونی خۆمدا وتم ئەمجارەیان مەسەلەکە زۆر جیدیە کە لە ئاکامدا گەیشتینە مەسەلەی پێویستی هەبوونی چەک لە ئۆردووگای ڕۆمادیە کە وتم ئەو کەسانەیە کە لێرە لەو چوارچێوە بەستراوەدا چەکی هەبێ هەڵە دەکات چونکە ناتوانێ هیچ کەڵکێکی لێوەرگرێت، لە ڕاستیش دا وەها بوو.
وتیان جا بەڕێزت دوو چەکت هەیەو بیانهێنەو تەحویلیان بدە، وتم من لە ئێران و لە کاتی خەباتدا چەکەم هەبووە، لە ئێران لە کاتی خۆیدا ڕاوم پێکردەوەو لە کاتی خەباتدا بۆ پاراستنی گیانی خۆم کەڵکم لێوەرگرتووە بەڵام قەت حازر نیم چەک لە ئۆردووگای ڕۆمادیە ڕاگرم کە لە وەڵامدا وتی نە خۆت ئازار بدە نە ئێمە چونکە دڵنیایین کە هەتە و دەمانهەوێت، وتم ئەو لۆژیکەی بەڕێزت بەگوێرەیە دەسەڵاتە کە دەڵێت هەتە، ئەگەر بە گوێرەی ئاسایی بەدوای ڕێگای واقعیدا بگەڕێن باشترە، کە وتی چۆن ڕێگایەکی ئاسایی، وتم مەسەلەن حازرم سوێندتان بۆ بخۆم کە پێکەنی و وتی تۆ کۆمۆنیستی و قورئان بەکتێبێکی ئاسایی دەزانی.
وتم ناڵێم بیری چەپم نییە بەڵام چەپێکی دێموکراتم کە زۆر ڕێزم هەیە بۆ قورئان و ئایین و ئەگەر باوەڕم پێ ناکەیت بە ئینسانیەت و مرۆڤاتیی سوێندت بۆ دەخۆم کە هیچ چەشنە چەکێکم نییەو ڕاپۆرتەکە وەک هەموو ڕاپۆرتەکانی دیکە فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە، کۆتانەهاتوو وتی دەمانهەوێت و برۆ چەکەکان بێنە، وتم نیمە کە لە وەڵامدا وتی دەتکەین

بە دوو چەک، کاتێک کە وتی دەتکەین بە دوو چەک زۆر نیگەران بووم و وتم بفەرموو بمکە بە چەک.
لە هەر ڕێگایەکەوە دەبێت چەند دۆستێک لە گەڵ خزمانی خێڵی شێرەبەگ کە ئاوماڵ بووین ئاگادار دەبنەوەو لە بەر دەرکی ئیدارەی ئیســتخبارات هەموویان کۆ دەبنەوەو داواکارن کە بێڕێزیم پێ نەکەن و ئەگەر مەسەلەیەک هەیە با ئەوانیش بزانن، چەند کەسیان هێنایە ژوورەوەو مەسەلەکەیان بۆ ئەوانیش گێڕایەوە، خزمان پرســیاریان کردو وتیان چەکت هەیە کە وتم نا، ئەو کەســانە چونکە منیان دەناسی تەنها بە وشــەی نا ڕازی بوون و بە ئیســتخبارەتەکەیان وت ڕاســت دەکات و چەکی نییەو پێکەوە کەوتنە وتووێژ کە لە ئاکامدا ئەفسەرەکەی ئیستخبارات پێشنیاری کرد کە هاوژینم بێنن بۆ ئیســتخبارات و لە گەڵ چەند کەس لەو خزمانە ســوێند بخۆن، لەوەی کە وتی هاوژینی بێنن بۆ ئێرە تا ســوێندی بدەین تێکچووم و ئەو پێشــنیارەم لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوودا بە بێڕێزییەکی گەورە بۆخۆم زانی و هاتمە دەنگ و وتم تا من زیندووبم قەت ئیجازەتان پێنادەم هاوژینی من بێنی بۆ ئێرەو ســوێندی بدەیت، ناهێڵم بێت و ســوێند بخوات تا درەنگ نەبووە بم نێرە بۆ مکافعەکەتان تا لە ڕێگای ئەشــکەنجەوە بمکەن بە چەک.
مامورەکەی ئیستخبارات کە زانی زۆر نارەحەت و جیدیم ڕوویکردە خزمان و وتی ئێوە چ دەڵێن و دیســان دەســتیانکردەوە بە وتووێژ ئەمجارە خزمان ڕوویان لە من کردو وتیان برا ئەمانە دەســەڵاتدارن و هیچمان پێناکرێت وەرە پیاوەتی بکە لە قەولی ئێمە بکەو با ئیســتخبارات لە گەڵ ئێمە بێت بۆ ماڵی ئێوەو لەوێ لە گەڵ هاوژینت سـوێندی بۆ دەخوێن، وێڕای ئەوەی کە ئەو بڕیارەم زۆر لا گران بوو بەڵام ماڵی بێ دەســەڵاتی و بێ دەرەتانی کاول بێ کە ناچاری کردم تا قبووڵی بکەم. لێرەش کە ئەم بابەتەم وەبیر دێتەوە دەڵێم کوردی کورد فرۆش بەڕۆژ کوردو بەشەو خۆفرۆش ڕووت ڕەش.
من ڕۆیشـتمەوەو دوای ماوەیەک ئەفسـەرەکەی ئیستخبارات کە شـەرەفی هەزار کوردی بێ شـەرەفی هەبوو بەهەسـتی شـەرمەزارییەوە لە گەڵ چەند کەس هاتن بۆماڵ و هاوژینم لە گەڵ چەند کەس لە خزمان کە یەکێک لەو خزمانە کە ئیستاکە ناوەکەیم لە بیر ماوە دەروێش حەمید شێری کۆڕی سەید محەممەد سەید یاقو بوو لە بانیپاریاو سوێندیان خوارد.

هاوژینم دوای سوێندەکە بە عەسەبانییەتەوە ڕووی لە ئەفسەرەکە کە سەری لە خوارەو ئارق دەڕێژێت کردو وتی کاکە خەجاڵەت بکێشن ئێوە چ مرۆڤێکن و منیش لە دەروونەوە دەسووتێم و هەوڵ دەدەم تا خۆم کۆنترۆل بکەم، ئەفسەرەکەی ئیستخبارات هیچی نەوت، هەناسەیەکی هەڵکێشاو بەگورجی هەستا سەرپێ وتی بابڕۆین.
لەو کاتەدا لە دۆخی خۆم زۆر نیگەرانم و لە دەروونەوە بیرۆکەی جۆراوجۆر تاوتۆو ژێروڕوو دەکەم و زۆر هەست بەلاوازی دەکەم یانی ئەگەر پاڵەوانیش بێ دیسان لاوازی، ئەگەر دەتهەوێت هەستی من دەرک بکەیت وا باشە خۆت لە جێگای من دانێ و وابیر بکەیتەوە کە لە وڵاتێکی غەریبی وەک عێراقی ئەو سەردەمەی، حکومەتێکی وەک حکومەتی سەدام حوسێن لە گەڵ عەرەبی ئەو سەردەمەبی ڕۆمادیی دا بە ژنێک و چوار منداڵەی بچووکەوە لە کۆمەڵگایەکی وەک ئۆردووگای ڕۆمادیی دەژیت ئەوکاتەیە کە دەزانیت کە خەباتکاری ڕاستینی گۆڕەپانی خەبات بۆ دادپەروەریی و پاڵەوانی ڕاستەقینە بەربەرەکانی لە گەڵ دوژاوەکان من بووم کە خۆمم نەدۆڕاندو توانیم ئەو هەموو ڕێگا پڕ هەورازە کە پێکهێنەرەکەی هەمان کەسانێک بوون کە من خۆم و هەموو شتێکم فیدایان کردو دەکرد.
هاوینێکی زۆر گەرمەو ویستم تا دەرکی حەوشەکە لە گەڵیان بڕۆم بەڵام لە نێو حەوشەکەدا کاتێک چاوم بە بەرمیلێک نەوت کەوت هەستێکی نەرێنی زۆر قووڵ سەری لێم دەرهێناو بیرم لەوە کردەوە کە نەوت بکەم بە ماڵەکەدا و ئاگری تێوەردەم و دەستی منداڵەکانم بگرم و ڕوو لەو بیابانەی ڕۆمادیی بکەم، کۆنترۆلم لە دەستداو دەستمکرد بە جنێودان بە سەدام و حکومەتی عێراق و سەتڵێکم هێناو پەلەماری بەرمیلە نەوتەکەمدا بەڵام ئەفسەرەکەی ئیستخبارات کە زۆر دوور نەکەوتبووەوە هاواری لە خەڵکەکە کردو وتی بگیرن خەڵک گرتمیان و ئەفسەرەکە داوای لێ کردن کە ڕوو لە مەڵگەکانی حکومەتیی کە زۆر لە ماڵەکەی ئێمە دوور نەبوو بمبەن.
خەڵک دەستیانگرت بە سەر دەممداوەو بە ئابڵۆقەدراوی ڕوو لە ئیدارەکەی ئیستخباراتی ئۆردووگاکەو کە زۆر لە ئێمەوە دوور نەبوو بردمیان کە وتی من خەجاڵەتی دەکێشم بەڵام تۆ ئارام بگرە ئەو کارە بەتۆ نەکراوە بەمن کراوە ئەگەر پیاوبم و شەرەفم هەبێ تۆڵەی دەکەمەوە.

هەمان شتی حوسێنی سوونی هاوکاری خۆی کە تاوانبار ئەوان نین و تاوانبار خەڵکەکەی خۆمانە هێنایەگۆڕێ و دەستی کرد بەگێڕاونەوەی چۆنیەتیی ڕاپۆرتەکە کە لە سەرەوە باسم کردووە بەڵام وتی بەو قورئانە کە ئەو کەسە بێشەرەفە بۆ ئێمە خواردی کارێکی پێدەکەم کە تا ماوە لە بیری نەچێت و چی دەیکە قورئانی ناهەق نەخوات، کەم کەم هاتمەوە سەرخۆم و بە نارەحەتییەوە لە گەڵ خزمان گەڕامەوە بۆ ماڵ.
چەند ڕۆژ دوای ئەم ڕووداوە وتیان یەکێک لە خزمان زۆر نەخۆشەو ماوەیەکە کە وێڕای دوکتور بە دوکتور لە ماڵدا کەوتووە، لەو کاتەدا من ئەوندە سەرقاڵ بووم نەمتوانی بچم و سەردانی بکەم زۆری نەخایاند کە وتیان هەڵهاتووەو لە ئۆردووگا نەماوە، بەکورتی لە ئاکامدا بۆم دەرکەوت کە ئەو کەسە هەمان خزمی نەخۆشی خۆم بووە کە ڕاپۆرتەکەی داوەو بانگیان کردووە ئەوندەیان لێداوە کە بێهۆش کەوتووەو چەند کەس لە چڵکاوخۆرانی دیکەی ئیدارەکانی حکومەتی عێراق هێناویانتەوەو ڕادەستی هاوژینیان کردوەتەوە، ئەو ئیستخباراتە زۆر مرۆڤێکی با شەرەف بوو کە لە دووایی دا لە بوارێکدا یارمەتیم پێدەکات.

بەڵام مەسەلەی ڕاپۆرت لێدانم لە کاتی قسەکردن لە گەڵ سەلیی سوور کە لە سەرەوە هێناومەتەگۆڕێ دڵنیام کە کاری یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی سەلیی سووری ئەو کاتە بوو چونکە هێندێکیان پێوەندییەکی باشیان لە گەڵ ناوندەکانی حکومەتی هەبوو و لە حاڵێدا خەڵکی بێچارە بۆ وەرەقەیەکی ڕۆیشتن بۆ شاری ڕۆمادیی دەبا بە سەعات لە سرێدا ڕاوەستان یان لە چەند کەس بپاڕانەوە هێندێکیان دەڕۆیشتن بۆ ئەمن و ئیستخبارات و هەرچەندە بەرگەی هاتوچۆیان پێویستبا دەیانهێناو چەند کەسیان عەربی ئێران بوون.

ناڵێم مرۆڤێکی بێ کەموکوریم بەڵام بە شایەتی هەموو ئەو مرۆڤانە کە من دەناسن و دەتوانن بە شەرافەتەوە ڕاستییەکان باس بکەن مرۆڤێک بووم کە زیانم بەکەس نەگەیاندووەو زۆر جار بەرژەوەندی خۆمم فیدای بەرژەوەندی خەڵک کردووە هەروەها ئەمە کۆتایی یادداشتی خەبات و ماندوو بوونی من نییە، لە لایەکی دیکەوە خەڵکی ئۆردووگای ڕۆمادیی

خەڵکێکی زۆر باشـــەرەف بوون کە بە شـــەرافەتەوە دەژیان بەڵام هێندێک کەس بۆ خۆش خزمەتی یان بۆ داهات و وەرەقەیەکی هاتوچۆ یان بەهۆکاری کەموکوڕی هزرییەوە ئەو جۆرە کارانەیـان دەکرد کە لە هێنـدێـک بواردا کردەوەکانی ئەوان کارتێکردنی نەرێنی لە سەر بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو خەڵکە بەشەرەفە بەدواوە دەهات.

ئەم گێڕانەوە پێوەندی بەکات و ســـاتی جیاوازەوە لە ئۆردووگای ڕۆمادیی دا هەیەو بەشی زۆری لە ساڵانی سەرەتادا لەو ئۆردووگا ڕوویداوە.

شەوێک دوو لە هاوڕێیانی حیزبی پێشتر سەربە کەمپی الشومیلی لە گۆڕەپانی ئیدارەکانی عێراقەوە لە ئۆردووگای ڕۆمادیی دێن بۆ ماڵی ئێمە بەڵام لە نێوان ڕێگادا شـتێکی زۆر سـەرسـوڕهێنەر دەبینن ئەوەیان وەک ڕاپۆرتێک گەیاندە من کە ئەو کات بەرپرسی کۆمیتەی ســـەلیی ســـوور و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بووم کە خۆ لە گێڕانەوەی دەپارێزم، ئەو کەسـە کە ئەو شـێوە کارانەیی دەکرد ئیستاکە لە وڵاتێکی ئۆروپایی دایەو دەڵێین بووە بە لایەنگری تووندئاژۆکانی ئایینی کە دڵنیام کە لەو سەردەمەدا ئەو کەسە بەتایبەتی بەدەیان ڕاپۆرتی تەنها لە سەر من نووسیبەوەو داویەتی بە ئیدارەی ئەمن.

ئەو هەموو ڕاپۆرتە جۆراوجۆرانە ببوونە کێشـــەیەکی بەردەوام کە خۆم و بنەماڵەی لە گەڵ کەسانی دڵسۆز ئازار دەداو ڕوو لە ئاستێک دەڕۆیشت تا زیان بگەیەنێت بە کەسـایەتی خۆم و بنەماڵەم، ڕۆژێک کە بانگیان کردم بۆ ئیدارەی ئیســـتخبارات حوســـێنی ناوی ســـوونی لە گەڵ مائمورێکی دیکەی نەناسراو لە گەڵ وەرگێڕێکی کوردی باشـووری لەوێ بوون کە دوای ژێروڕوو کردنی هێنـدێک کاغەز حوســـێن ناو وتی ئێمە لە خۆت باشـــتر دەزانین هۆکاری ئەو ڕاپۆرتانە چن بەڵام ناتوانین دەمی خەڵک بووەستین و لە سـەر تۆ ڕاپۆرتی درۆ دەدەن لە سـەر کەسـانی دیکە ڕاپۆرتی دروسـت دەدەن کە وابوو پێویستمان بەو خەلکە هەیە بەڵام وەک ئەرکێکی مرۆڤی پێشنیارێکت پێ دەکەم بۆ ئەوەیی کە دۆخەکە خراپ تر نەبێ و دەرباز بیت لە کێشـــەیی زۆرتر بەباشی گوێ بگرە لەو هەواڵەی من کە لە ئیســـتخباراتی شـــاری ڕۆمادییەوە هاتووە بەڵام وەک بابەتێکی نهێنی و تایبەتی هەڵسـەنگاندنی لە

سەر بکە کە پێویست بەوە ناکات بنەماڵەکەتیش یان کەسانی دیکە شتێک لەم بوارەدا بزانن.
کابرا دەسـتی کرد بە قسـەی باش باش کردن و وتی بیسـتومانە پیاوێکی لێهاتوویی هەر بۆیە قسە پووچەکانی خەڵک پشتگوێ دەخەین بەڵام تۆش نابێ ئەوندە لە سـەر پیاوچاکی و مرۆڤی ئێمە حیسـاب بکەیت و ئەو قسـانە کە ماوەیەکی پێش لە گەڵ سـەلیی سـوور کردووتە دەنگەکەیان زەبت کردووە لامانە هەرچەندە کە زۆر گرنگی پێ نادەین.
لە ئاکامدا وتی من لێرە کارناکەم و شـوێنی کارم لە مەڵبەندێکی دیکەیە کە بە پێشـنیارێکەوە هـاتووم تـا لە گەڵ تۆ قسـە بکەم کە وتم بفەرموو لە خزمەتدام، وتی ئێمە کاریکمان هەیە کە تۆ دەتوانی بۆمان جێبەجێ بکەیت، زۆرلام سـەیر بوو هێندێک ماتم کرد کە پێم وابوو دەڵێت سـیخوورێمان بۆ بکەو پریسارم کرد چ لە دەستی من دێت، دەفتەرەکەی کردەوەو وتی داوات لێ دەکەین بڕۆیت بۆ سـنووری ئێران بۆ ئەو دیوی کێوی گاڕێ و کانی ڕەشی یان ناوچەی باوەجانی و هێندێک زانیاری لە پێوەندی بە هێزەکانی ڕژیمەوە لە ناوچەکەدا بۆمان بێنیتەوە کە زۆر بە نـارەحەتییەوە وتم دەتانهەوێت لەم ڕێگایەوە بەکوشـتنم بـدەن بەڵام من کاری وام پێنـاکرێت، وتی نـا نامانهەوێت کەس بەکوشتن بدەین و ئەگەر بڕیار کوشتنت بێ دەتوانین لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە ئەو کارە بکەین و ناڵێم بەتەنها بڕۆیت، دیسـان وتم ئەو کارە لە ئەسـتۆی کەس نایەت و ناتوانم چونکە ناوچەکە پڕە لە مینی ئێران و عێراق هەروەهـا هێزەکـانی ئێران هەموو نـاوچەکەیـان میلیتـاریزە کردەوە کە وتی ماوەیەکی زۆر نییە کە ناوچەکەت بەجێهێشـتەوە ئیسـتاکە چ بووە کە دونیات لێمان تەنییەوە پێشـتر خەڵکانی دیکە زۆر هاوکاریان کردوین و زۆر بەکورتی و جیدی وتی باسی زۆرمان کردو منیش دەبێ بڕۆم چـونکە کـاری دیـکەم هەیە بەڵام سێ ڕۆژ مـوڵەتـت هەیە تـا بـیر لە پێشـنیـارەکەم بکەیتەوە، هەروەهـا ئەبو عەلی (حوسـێن) لە چۆنیەتی بڕیارەکەی خۆت ئاگادار بکەوەو دەستێکی زۆر توندی لە گەڵمداو ڕۆیشت، تا ڕادەیەک لام ڕوونە کە مەسـەلە لە نێو بردنم نییە بەڵام زۆر بەڕوونی دەزانم کە ئەمە هەڕەشـەیەکەو قبووڵی بکەم نرخی هەیەو قبووڵی نەکەم دیسان نەرخی هەیە، یانی لە ڕووانگەی خۆم و ئەو سەردەمەوە ڕووبەڕوویی

دوو بژاردەیـان کردوومەتەوە کە هەر دووک بژاردە نرخی هەیە کە وێرای جیاوازی نرخەکان بژاردەیی سێهەم وجودی نییە.

ڕۆیشـتمەوەو لە مێشـکی خۆمدا ئاکامی هەردووک بژاردە ژێرورِوو دەکەم و پشـتی سـەریەک سـیگار دەکێشـم، هاوژینم بێ خەبەر لەوەیی کە چ لە مێشـکم دا دەخولێتەوە جاربەجار دەڵێت "چییە کەشـتیت غەرق بووە دۆکەڵ قرِی کردووین"
ئەوندە بیرم کردەوەو سـیگارم کێشـا کە خەو و خواردنم نەما، وەڵامی ڕەدی دووبارە باشـترین بژاردەیەو لەوە ناترسـم چ بەسـەر خۆمدا دێت و ئامادەی هەر ڕووداوێکم بەڵام زۆرلام ڕوونە دوای خۆم بەشێوەی جۆراوجۆر نۆرەی ژن و منداڵەکەمەو ئەگەریش قبووڵی دەکەم ئەمجارەیان نۆرەی کێشـەی هێندێک کەسـە کە بەڕۆژ دروشـمی سـیاسی و نەتەوەیی یان مرۆڤایەتی دەدەن و بەشەو شتێکی دیکەن و هەمووکات لە ئاوی لێڵ ماسی ڕاو دەکەن یان مێشـکی سـیخوور و خۆفرۆشـەکانن، ئەوانەیی کە بێ لانیکەمی زانسـتی پێویستی بۆ پیشەیی سیاسی بەمەبەستی بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان لە ژێر ناوی شـۆڕشـدا هەوڵی سڕینەوەی شـۆڕشـگێڕ دەدەن و ئامادەن تا بە هەرزانترین بەها بیفرۆشن و...
بەگوێرەی هەڵسـنگاندنی ئەوکات بڕیارمدا کە ڕێگای مامناوەندی بگرم و شـتەکە کە بەشـێوەیەک کە تەنها نرخی بۆخۆم بێت قبووڵ بکەم بەڵام بە دوو مەبەسـتەوە یەکەم ئەو کێشـە کە بەرۆکی گرتووم لە بنەماڵەکەم دوور بخەمەوە قورسـاییەکەی تەنها بخەمە سـەرشـانی خۆم، دووهەم لە فکری ئەوەدام تـا لەو دۆخە کەڵکوەرگرم و بتوانم لە گەڵ هێنـدێـک کەس لە باشـووری کوردسـتان لە سەر وەزعی ژیانی خۆم لە جەهەنمی ڕۆمادیی باس و وتووێژ بکەم بەڵکو ڕێگایەک بۆ دەربازبوون لەو ڕۆمادیی کە نرخم بۆ داوە تا پێی گەیشتووم ببینمەوە.
پێش لەم مەسـەلە بەمەبەسـتی دەرچوون و ڕوو کردنە تورکیا لێکۆڵێنەوەم کردبوو کە وێرای ئاسـتەنگی گەڕانەوەمان دەبا پووڵێکی زۆرت هەبایە بەڵام ئێمە بە یارمەتی پەنـابەری عێراق دەژیان، هەروەهـا لەو ماوەدا منـداڵێکی دیکە بەمنداڵەکانمان زیاد بووە ئیستاکە کۆیی گشـتیمان حەوت کەسـە کە سێ لە منداڵەکان زۆر بچووکن و ناتوانن بەکەژو کێودا ڕێ بکەن.

ڕۆژی کۆتایی موڵەتەکە گەڕامەوە بۆلای حوسێن و وتم حازرم بە مەرجێک دوای گەڕانەوە وازم لێ بێنن کە قەوڵیداو وتی دڵنیابە کە درۆت لە گەڵ ناکەین و دوای ماوەیەک بەڕێیان کردم بەڵام بەپێچەوانەی بیرکردنەوەکەی خۆم کە پێم وابوو کە دەتوانین ئازادانە بجوڵێینەوە ئیمکانی ئەوەیی کە لە گەڵ خەڵک پێوەندی بگرم نەبوو، بە خواردنی چەند ڕۆژەوە لە سنووری عێراقەوە بڕیاری خۆیان جێبەجێکرد.

بەهەر بەدبەختییەک بوو گەیشتمە ناوچەکە بەڵام هیچ هەنگاوێک کە قازانجی حکومەتی عێراق و زیانی بۆ لایەنی دیکە هەبێ هەڵنەگرت، بەگشتی زۆر سەردەمیانە هەوڵمدا تا کار بە شێوەیەک بێ کە نە زیان بە لایەنی ئێرانی بگەیەنێ نە قازانجی بۆ حکومەتی عێراق هەبێ و بە بیانوی ئەوەیی کە هێزەکانی ئێران ئەوندە زۆرن کە بەڕۆژ ئیمکانی دەرکەوتن نەبووەو بەشەو دووربینەکە گرفتی وێنەگرتنی هەیە تا ڕادەیەک کێشەی خۆمم چارەسەر کردو وەک کەسێک کە کەوتبێتە نێو ڕووبارێکی خرۆشان بۆ ڕزگاری لە مەرگ پەنا دەبات بۆ دارو بەرد منیش بەمەبەستی دەربازبوون لەو گێژاوە کە پێکهێنەرەکانی مرۆڤە خۆفرۆشە ڕەنگاوڕەنگەکان بوون لەوە زیاتر ڕۆیشتم و ئاشنایەکم بیناو نامەیەکم لە سەر کاغەزی زەڕوەرەق نێو پاکەتی سیگارەکەم نووسی بۆ کەسێکی دیکەو داوام لەو ناسراوە کرد تا هاوکاریم بکات و نامەکە بگەیەنێت، لەو نامەدا بۆ کەسی دووهەم نووسیم لە دۆخێکی زۆر نالەباردام و داواکاربووم تا لە گەڵ یەکێک لە دۆستان کە لە سەردەمی منداڵیدا زۆر نێوانمان خۆشبوو بەڵام ئەو لە تەمەنی لاویدا بنەماڵەکەی بۆ خوێندن ناردبوویان بۆ بریتانیا پێوەندی بگرێت و لەسەر دۆخی من باس بکات بەڵکو ئەندازیار م... بتوانێ ڕێگا چارەیەک ببینێتەوەو یارمەتیم بدات، ئێستاکەش نازانم ئەو نامە گەیشتە دەستی نەفەر دووهەم یان نا. بە دڵێکی پڕ لە غەمەوە گەڕامەوە کە وێرای ئەوەیی کە لە کارەکە ڕازی نەبوون بەڵام ڕادەیەک پووڵیان وەک دڵهێنانەوە پێدام کە بەدڵێکی پڕ لە نفرینەوە وەرمگرت.

با لێرە وەک کۆتایی ئەم بەشە ئەوەشی پێ زیاد بکەم و بڵێم کە زۆرجار بیر لەوە دەکەمەوە ئامانجی حکومەتی عێراق لەو داواکاریی لەو سەردەمەدا تەنها مەبەست لە مانەوەم لە عێراقدابووبێت یان هەوڵدانێک بێ بۆ ڕەشکردنم چونکە وێرای ئەوەیی کە هێندێک بیانویان گرت لام ڕوون بوو

کە زۆر گرنگی بەکارەکە نادەن، یانی ئەوکات و ئیستاکەش بەزۆری بیر لەوە دەکەمەوە کە بە دوو هۆکارەوە ئەو کارەیان بەمن کرد، یەکەم بەمەبەستی دووری من لە سەلیی سوورو تۆڵەی وتەکانم، یانی هەوڵێک بوو بۆ زیانگەیاندن بە پێوەندیم لە گەڵ سەلیب، دووهەم ئەو هەموو ڕاپۆرتە هۆکارێک بووبێت تا حکومەتی عێراق وابزانێ کە من بۆ حکومەتی ئێران گرنگم و بە مانەوەم لە عێراقدا دەتوانێ لە دوارۆژدا سوودی سیاسیم لێوەرگرن و ئاگاداری ئەوە نەبوون کە هاووڵاتی بەتایبەتی من بۆ حکومەتی ئێران بەهای سەرکە پیازێکم نییە، بەکورتی ئیستاکەش پێموایە کە گەمەیەکی سیاسی بەکارگێڕی کەس یان کەسانی سیاسی بوو بەمەبەستی تێکدانی پێوەندی بۆ مانەوەم لە عێراقدا چونکە لە لایەکی دیکەوە لە ڕێگای دۆستانی خۆیانەوە سەلیی سوور لە مەسەلەکە ئاگادار دەکەنەوە.

با چەند بابەتی گرنگ لێرە باس بکەم، وەک زۆر جارێک وتوومە ئەوکات و ئیستاش بەشێوەی تیئوری هەموو نەهامەتی و گرفتارییەکانی سەر ڕێگای ژیانی خۆمم دەگێڕایەوەو دەگێڕمەوە بۆ حکومەتە ڕەشەکەی ئایەتوڵڵا خومەینی کە ئاخوندێک لەم سەردەمەدا کە سەدەی بیستویەکەمە بەم تازەیی لە خوتبەیەکی نوێژی هەینیدا دەڵێت حەزرەتی محەممەد (ص) لە نێو کۆڕی خەڵکدا دەڵێت کێ حازرە ئەم شمشێرە لە دەستی من وەرگرێت و بڕوات و لە گەردەنی محەممەد ڕەزاشای پەهلەوی ئێرانی بدات کە ئایەتوڵڵا خومەینی دێتەپێشەوەو شمشێرەکە لە دەستی حەزرەتی محەممەد دەگرێت و لە ملی محەممەد ڕەزا شای دەدات و...
دووهەم ئەو هەموو کێشەو تەنگوچەڵەمە کە براکانی خۆم ئامرازی بوون نەیتوانی هۆکاری ئەوە دەستەبەر بکات کە قەت بیر لەوە بکەمەوە کە بە سەرشۆڕییەوە بگەڕێمەوەو داوای لێبوردن لە کەس یان کەسانێک بکەم کە بەڕوونی ئاگاداربووم کە بەشێک لە گوشارەکان وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران لە ڕێگای جۆراجۆرەوە بەرهەمهێنەریەتی و بەشی زۆری لە ڕێگای خۆفرۆشێکی کوردی ئۆردووگای ڕۆمادییەوە کە ببووە بەعسی_ و سەربە مخابراتی عێراق بەئیمکاناتی ئەو ئیدارەوە لە گەڵ هێندێک کەسی دیکە توانیبویان باندێکی سیخوڕی دوولایەنە لە نێوخۆ و باشووری کوردستان تا ڕۆمادیی دروست بکەن ئەو پڕوپاگەندانەیان بەرهەم دەهێناو دەخستە

زاری خەڵکی نەزان کە ئەوانیش بۆ وەرگرتنی وەرەقەی ڕۆیشتن بۆ شارەکەی ڕۆمادیی ســـوودیان لەو پڕوپاگەندانە وەردەگرت، حکومەتی عێراق زۆربە جوانی ئـاگـاداربوو کە ئەو کەســـانە کە ڕاپۆرت دەدەن درۆ دەکەن و مەســەلەکە زۆر بەپێچەوانەیە بەڵام بەو حاڵەشـەوە دیسـان من کێشـەم هەبوو.
ئەو کەسانە کە بەشێوەهای جۆراوجۆر دژایەتی منیان دەکرد نە هەموویان ســـەر بەڕژیمی ئێران بوون نە نەیاری من، بەشـــێک بێخەبەر دەکەوتنە چوراچێوەی بەرژەوەندی کۆماری ئیســـلامی ئێران و نەیارانی تایبەتی منەوە لە ڕۆمادیی، بەشـــێک ئەوندە دواکەوتوو بوون کە تۆڵەی فئودالێزمەکانی ســـەدەی پانزدەهەمیان لە من دەکردەوە کە لەم بوارەدا لە داهاتوودا زیاتر دەنووسـم، لە لایەکی دیکەوە بەشـێک لەوانە کە لە پشـت هێندێک کێشـە بوون کەســـانێک بوون کە بۆ خۆیان پێیانوابوو کە ڕامیارکارن و خەڵکیان دەکرد بەپلەکانە بۆ ئەوەیی کە خۆیان سـەرکەون یانی سـەرکەوتنی خۆیان لە نـابوودی کەســـانی دیکەدا دەبینییەوە بێخەبەر لەوەیی کە ئەوەیی کەوا نابوودە هەر نابوودەو بەنابوودی کەسانی دیکە گەورەی نابێت، با ئەوەشی پێ زیاد بکەم و بڵێم کە هێنـدێـک کەســـیش هەبوون کە وتنی واقعیەتە ســیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان لاگران دەهات و ئیشی_ گۆپاڵیان دەکرد کە بەداخەوە لەو تاقمە خەڵکە کە ڕاســتی دەمکوت دەکەن ئیســتاکەش هەر هەن کە دەبێت وەک کێشـــەیی هەموو کۆمەڵگا مرۆڤـایەتی چـاویـان لێ بکرێت.

لە لایەکی دیکەوە دەتوانم بیر لەوە بکەمەوەو ئیمکـانی ئەوە بـدەم کە وەزارەتی ئیتلاعـات زۆر هەوڵیداوە تـا من نـاچـار بەگەڕانەوە یان تەســـلیم بوونەوە بکات چونە لە سەرتادا لە ڕێگای نامەیەکەوە کە ناوی شایەتیەکانم لە کتێبی کورتەیی بیرەوەرییەکانمدا هێناوەو چەند خاڵی لە خۆ دەگرت کە بریتی بوون لە: یەکەم تـاریف لە مرۆڤـایەتی و چـاک پیـاویم، دووهەم گەڕانەوەم بۆ ئێران و قەرەبووی هەڵەکەی خۆیان، سێهەم ئەگەر وا نەکەم بڕۆم و لە شوێنێک دوای ژیانی تایبەتی خۆم بکەوم، چوارەم ئەگەر هیچکام لەو بژاردانە قەبوول نەکەم شەرت بێ بمکوژن کە هەوڵی کوشتنیاندا بەڵام سەرکەوتوو نەبوون.

هەروەها کاتێک کە هاتوومەتە ئۆروپا دیسان بەشێوەی تایبەت و لە ڕێگای کەســوکارەوە هەوڵیانداوە تا بکەونە پێوەندی لە گەڵم و لەم ماوەیەدا لە زۆر ڕێگاوە هەڕەشــەیان لێ کردووم و لە ڕێگای کەســێکەوە پەیامێکی زۆر ڕوون و ئاشــکرایان بۆ ناردووم کە بریتیی لە یەکەم قەوڵی کوشــتنم کە بابەتێکی تازە نییە، دووهەم ئەگەر ئیمکانی کوشــتنم نەبێ قەوڵیانداوە کە ئازارم بدەن، یان کێشـەم بۆ دروسـت بکەن و نەهێڵن بە ئاسـوودەیی بژیم، لە ڕاستیدا ئەمە هەڕەشەیەکی تازەیە کە ڕاستی و دروستی ئەوە دەسەلمێنێ کە بەشێکی زۆر کێشەکانم لە ڕۆمادیی وەزارەتی ئیتلاعاتی لەپشت بووە کە من وەک دیوارێکی قـایمی بتونی لە بەرامبەر هەموو نـاتەبـایەکـان، دواکەوتووەکان، دیکتاتۆرەکان ڕاوەســتاوم و تا دەســتەبەربوونی مافی نەتەوایەتی و مرۆڤی لە کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا بەردەوامم و تا ئاخرین هەناســە لە دژی نادادپەروەریی ئابووری، ڕامیاریی، یاســایی و کۆمەڵایەتی خەبات دەکەم و هیچ جیاوازییەک لە نێوان ماف ژێرپێکەری خۆماڵی و بێگانە نابینمەوە.

لێرە لەم هەڕەشــە تازەیی ســەروەویی ڕژیمدا لە گەڵ هێندێک بیرکردنەوە ڕووبەڕوو دەبمەوە، لە ڕۆمادیی لە ڕێگای دروســتکردنی دەنگۆوە یان لە ڕێگای کەڵکوەرگرتن لە مرۆڤە جۆراوجۆرەکانەوە توانیویانە هێندێک ســەر ئێشەم بۆ دروست بکەن بەڵام نازانم لێرە چۆن کێشە یان ئازارو ئەزیەتم بۆ دروسـت دەکەن چونکە ئێرە یانی وڵاتی سـوئێد خۆ عێراق ٣٥ سـاڵی پێش نییەو ســیســتەمێکی باشی بەڕێوەبردن وڵات ئیدارە دەکات! هەروەها هەڕەشەی باشووری کوردستانیان کردووە.

لە کۆتایی دا جاری دووهەم دوای ماوەیەکی زۆر کە سـەلیی سـوور دیسـان هاتەوە مەســەلەی ئەوەیی کە حکومەتی عێراق ئەو خەڵکە کەمپی ڕۆمادیی وەک ئەسـیری شـەڕ ناسـاندەوە هاتەگۆڕی بەڵام ئەمجارەیان لە دەرەوەی خانووی کۆمیتەکە، بە دڵنیاییەوە لانیکەم هێندێک کەس لە ئەندامانی کۆمیتە مێشکی پشـت ئەو شـێوە هەڵوێسـتانەی سـەلیی سـوور بوون کە قەت کاردانەوەیان نەبوو، ئەو ڕۆژە دیسان دژی ئەو بۆچوونە وەستامەوەو وتم زۆرینەی دانیشـتووانی کەمپ بە ئارەزوی خۆیان و لە ترس کوشـتاری هێزەکانی کۆماری ئیسـلامی ئێران ڕوویان لە وڵاتی عێراق کردووەو کەیسـیان

سیاسییەو عێراق بەم کارەی زیاتر مافی ئەو خەڵکە ژێرپێ دەکات و ئێوەش بەخۆشییەوە پێشوازی لەو بۆچوونەی حکومەتی عێراق دەکەن، ئەگەر ئەم خەڵکە ئەسیرن و ئێوەش ناتانهەوێت هاوکاری ئەسیر بکەن باشتروایە کە پەنابەرانی خۆتان کە ڕادەیان زۆر کەمە هەڵگرن و بیانبەن بۆ شوێنێک کە مناسبی ئەوان بێت چونکە ئێمەی خەڵک چی دیکە ئیجازەتان نادەین تا ئێمە بکەن بە کەرەستە بۆ هاوکاری کەسانێک کە لای ئێوە پەنابەرن و لای ئێمە بەپێچەوانەکەی.

هیچ شانسێک بۆ دەرچوون لەو کەمپە لە لایەن سەلیبی سوورەوە بۆ کەسانی تازەهاتوو نەبوو چونکە خەڵکێکی تا ڕادەیەک زۆر پێشتر ناویان دابوو و چاوەڕوانن بەڵام هەر زۆر زوو سەلیبی سوور زانی کە لە باسەکەیدا هەڵەی کردووەو کارتێکردن کراوەتە سەر هەستیان دیسان بابەتەکەی خۆی گۆڕی و بە شێوەیەک وتەکەی خۆی ڕەد کردەوە.

قسەکانی من کە زۆر جیدی و خەڵکێکی تا ڕادەیەکیش زۆر پشتیبانی لێکرد کاردانەوەی ئەرێنی لە سەر هەڵوێستی سەلیب هەبوو کە وتیان ئێمە بە باشی لە مەسەلەکە تێدەگەین و زیاتر پێکەوە دیالۆگ دەکەین، هێندێک کەس لە کۆمیتە سەلیب ئەم وتەی کاربەدەستەکەی سەلیب کە وتی زیاتر پێکەوە قسەدەکەین بە هەڕەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندی خۆی یان خۆیان پێناسە کردبوو یان بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەرکی دیاریکراوی حکومەتی عێراق کە وەک شتێکی هزری و خەیاڵی لە سەرەوە هێناومەتەگۆڕێ دیسان بەشێوەیەکی دیکە بەپێچەوانەی ڕۆشت لە هەمان هاوکاری ناچارەی و بێ دەرەتانی منی بەهێز بەڵام لە گێژاوەدا کە هۆکارەکەی خۆیان یان مرۆڤە ڕەنگاوڕەنگ و ڕەوشت نزمەکان بەئامانجی تایبەتەوە دەستەبەریان دەکرد دوور لە واقعگەرایی بە ئارەزوی خۆیان دەگێڕنەوە بۆ سەلیب بۆ ئەوەی کە چاوپێکەوتنی تایبەتی لە گەڵ من نەکات، ئەم سیخوڕیی مۆدڕنە دوولایەنەو دوور لە پرینسیپەی ئەو بەشەی کۆمیتە هۆکاری دەبێت تا سەلیبی سوور ئەو جارەیان چاوپۆشی لەو بڕیارەی خۆی بکات، تەنها کەسێک یان چەند کەس لە کۆمیتەی سەلیبی سوور کەڵکی لە بێ دەرەتانی من وەرنەگرت بەڵکو زۆر کەس لە ئەوانەی کە بەنانی بێ ڕەوشتی و بێ هەستی گەورە بوون بەشێوەی جۆراوجۆر کەڵکیان لێوەرگرت کە لە ئاکامدا ڕووڕەشی تەنها بۆ خەڵوز مایەوە.

ئەوانەی کە سەلیی سووریان بۆ ئامانجی تایبەتی یان ڕزگاری خۆیان داگیر کردبوو زۆربەیان ڕۆیشتبوونە دەرەوە یان ئەوەشیان کە مابوونەوە هەموویان کارەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر جێبەجێ ببوو.
هەر ئەو شەو دیسان ئیداری ئەمن بانگی کردم بەڵام ئەمجارەیان ئەرێنی بوو وتیان بیستومانە کە ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی ئیدارەکانی عێراقدا لە نزیکی کۆمیتەی سەلیب وتووێژێکی تایبەتیتان لە گەڵ کاربەدەستێکی سەلیب هەبووە بەڵام بزانە کە ئێمە وتەکەی تۆ پەسەند دەکەین چونکە حکومەتی عێراق هەموو دانیشتوانی ئۆردووگا بەپەنابەر دەزانێ و بە یەک چاو تەماشای هەمووان دەکات و ئەم بابەتەش حکومەت بە سەلیی سوور لە عێراق ڕادەگەیەنێت.

ئیستاکە کە لە هەوڵی نووسینی ئەم کتێبەدام بەشێک لەو پەنابەرانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەوکات لە ڕۆمادیی بوون و گرنگییەکی ئەوتۆیان بە مەسەلەیی مافی و دەرچوون بۆ وڵاتی سێهەم نەدەدا دۆخی خراپی ژایان لە باشووری کوردستان و نەبوونی ئاسایش وای لێ کردوون کە دوای ماوەیەکی نزیک بە ٣٥ ساڵ لە ڕیکەوتی ١٤٠٠/٢/٣٠ھ (٢٠٢١/٥/٢٠ز) لە بەر بارگاو دەرکی UNHCR لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەستیان داوەتە خۆپیشاندان کە هۆکارەکەی بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیی کە پێش لە دوو ڕۆژ یانی ١٤٠٠/٢/٢٨ھ (٢٠٢١/٥/١٨ز) پێشمەرگەیەکی لاوی دانیشتوویی ڕێکخراوە خەبات بەناوی بیهزاد (محەممەد) مەحموودی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆکاری ئاستەنگی ژیان و گرنگی نەدانی یوئین بەمەسەلەی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستاندا لە بەر دەرکی بارەگای ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان کە دەبێت بە هەمان یوئین لە هەولێر لە بەرچاو چەند مێدیاکاری تەلەفزیوونەکانی باشووری کوردستانەوە ئاگری لە جەستەیی خۆی بەردا کە بەڕاستی زۆر هەستمی ئازارداو ئەو کاتەم وەبیر هاتەوە کە ویستم ماڵەکەی خۆم لە ڕۆمادیی ئاگر تێوەردەم.

گەڕانەوە بۆ سەر بابەتی جێگای باس ئیستاکە ماوەیەکی کورت بەسەر ئەو کێشەدا تێپەڕیوەو زۆری نەماوە کە لە حیزبی دێموکراتدا جیابوونەوە

کۆنگرەی هەشـــت ڕوویدات، لە ئاکامدا دوای ماوەیەکی زۆر کورت ئەو کۆمیتە کەوتە دەستی من و چەند کەسی دیکە کە هێندێکیان لە ئەندامانی هەمان کۆمیتەی ڕابردوو بوون کە من وەک بەرپرسی کۆمیتەکە هەڵبژێرام و نـاوی کۆمیتەکەمـان گۆڕی کە بێ جیـاوازی کـاری دەکرد بۆ هەموو ئەندامانی سەر بەو کۆمیتە،(تێبینی: مەبەستی من لە کۆمیتەی سەلیب ئەو کۆمیتەیە کە کاری لە سەر دەرچوون بۆ وڵاتی سێهەم دەکرد).
لە ئاکامدا زۆری نەخایاند کە حکومەتی عێراق ئیجازەی بە یوئێن UNHCR دا تا هەڵســوڕانی خۆی لە کەمپی ڕۆمادیی دەســتپێبکات کە کارەکان زۆر جیـدی ترو بەرفراوانتر بەڕێوە دەچوو هەروەهـا کومیتەیەکی دیکە کە بەزۆری ئەندامانی سەربە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون بەرنامەی کاری خۆی لە گەڵ یوئێن دەسـتپێکردو مەسـەلەی خارج بوون لە ڕۆمادیی ئاستی گرت.

مەبەســتم لەم گێڕانەوانەیی کۆتـایی ئەو بوو کە هەڵســوکەوتەکانی ئێمە هەرکام بەڕادەو شێوەی تایبەت بەخۆی قورسایی و کارتێکردنی لە سەر ژیانی ســەردەم و داهاتووی ئێمە دەبێ و هەروەک خوێنەران ئاگادارن کۆمەڵگای ئێران بەگشـتی و کوردسـتان بەتایبەتی لە باری ڕامیارییەوە لە کێشـەدایە کە دەبـێـت بەگـوێرەی واقـعـگەرایـانە بـیری لێ بـکەوینەوە چـونکە هەر کاردانەوەیەک نرخێکی هەیە بۆیە دەبێ جێگای تێڕامان و سەرەنج بێت.

**نینا بیورک** ژنێکی نووسـەری سـوئێدییە کە ٢٥ ساڵ چالاکی دژە سیاسـەتی کردووەو کتێبێکی لە سەر سەرپێچی سیاسی نووسیوە کە لە هێندێک بواردا کاردانە توندی لێ کەوتووەتەوە بەڵام لە ڕاســتیدا خودی کتێبەکەی نینا بناغەیەکی سـیاسی جیاوازی لە ژێر دژایەتی سـیاسـت داناوە چونکە بڕوای وایە کە هێندێک کەس بڕیار بۆ کەسـانی دیکە دەدەن و لە ڕێگای بۆچوونی ســیاســییەوە ئازادی تاک ســەرکوت دەکەن بەکورتی ئامانجی نینا خانم بۆچوونێکی بناغەیی فەلسەفیی لە سەر پێکەو گرێدراوی ژیان و سیاسەت.
نینا خانم هێرش دەکاتە ســەر ســیاســەتمەداران و دەڵێت بەهەڵوێســتی سـیاسی بەربەست بۆ ئازادی تاکەکەسی و خەڵک دەستەبەر دەکەن بەڵام بیری لەوە نەکردووتەوە کە بۆخۆی بە بۆچوونی ســەرپێچی ڕامیاریی زۆر

شتێک دەباتە ژێر پرسیارەوەو زۆر لە هۆکارەکانی ئازادی بەربەست دەکاتەوە یانی دەتوانین بێژین لە نەبوونی چوارچێوەیەکی فکری ســـالمدا کە کۆمەڵگا هەڵسورێنی لە گەڵ زۆر کێشەیی دیکە ڕووبەڕوو دەبینەوە.
ئەو کەسانە کە سەردەمێک بەشێوەیی جۆراوجۆر بۆ ئەوەیی کە زیان بەمن بگەیەنن ڕاپۆرتیان بە بنکەکانی ئاسایشی عێراق دەدا یان کەسانێک هەبوون کە زەمینەیان پێکدەهێنا بۆ ئەوەیی کەســـانی دیکە کارەکە بکەین و کاتێک کە گوشـــارەکان منی لە چوارچێوەیەکی تا ڕادەیەک بســـتراودا قەرار دەدا ئەوان شـــێوەی کاری خۆیان دەگۆڕا بۆ مەســـەلەیەکی دیکەو بەبێ سەرەنجدانە گرنگی مەسەلەی مامەڵەی لۆژیکی یان بە چاوپۆشیکردن لە مەسەلەی مامەڵەو هەستی مرۆڤی تەنها بیریان لە وەلانان بە هەرشێوەیەک بێ دەکردەوە یان هەســـتی بیبەمەوەو بیدۆڕێنێ بەســـەر مرۆڤێکدا لایان دروست دەبووە کە نەیاری خۆی نەدەناسی و دژمنی لا دۆست بوو.

## قۆناغێکی نوێی ژیان و خەبات.

حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران حیزبێکە کە تا ئەم کاتە مێژوویەکی زیاتر لە ٧٥ ســـاڵەی لە داکۆکی لە مـافی نەتەوەیی گەلی کورد تۆمـار کردووە، دەتوانین بێژین لەم ٧٥ ســاڵەدا کە لە ســاڵی ١٣٢٤ھ (١٩٤٥ز) یانی لە کۆنگرەی یەکەمەوە دەستیپێکردەوە تا ئەمڕۆکە ڕووبەڕووی زۆر هەڵکێش و داکێشیـ ڕامیاری بووەتەوە کە وێرای چاوپۆشـیکردن لە جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی کە بەڕوونی دەتوانین بڵێین لایەنگرانی حیزبی تودە کە ویســت و ئامانجیان تەســلیم کردنەوەیی حیزبی دێموکرات بوو سێ لەم هەڵکێش و داکێشـانە لە ڕووانگەی ئیســتاکەی منەوە سێ ڕووداوی زۆر گرنگن کە لە ســاڵەکانی تەمەنی مندا ڕوویانداوەو بەشــێوەی جۆراوجۆر زانیاریم لە سەریان بەدەست هێناوە یان بۆ خۆم بەشداری کێشەکە بووم. وەک ئەوەیی لە کتێبی کورتەی بیرەوەرییەکـانمـدا هـاتووە بە دروسـتی ڕێکەوتی چوونە بەنیدیخانەی خۆم نازانم بەڵام دەبێ لە نێوان ســاڵەکانی ١٣٤٩تا ١٣٥٢ھ (١٩٧٣ز) بووبێ کە بۆ ماوەی دوو ســاڵ و چەند ڕۆژ لە زیندانی سیاسیدا لە گەڵ کادرو ئەندامانی ڕاپەڕینی کومتیەی شۆڕشگێڕ کە چەند ســاڵ پێش لە گیرانی من کە پێوەندیی بە بابەتێکی دیکەوە هەبوو پێکەوە لە بەندیخانەدا بووین.

دوای کۆنگرە دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران کە لە ســاڵی ١٣٤٢ھ (١٩٦٣ز) لە باشووری کورستان بەستراوە لە ساڵەکانی ١٣٤٦و ١٣٤٧ھ (١٩٦٧ز)دا شێوە هەڵوێستێک بە ڕابەرایەتی هێندێک لە کادرو ئەندامانی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردســتان وەک بەڕێزان مەلا ئاوارە (مەلا ئەحمەد شەڵماشی) و ئیسماعیل شەریفزادە و ... دەگرن و بۆ ماوەی ١٨ مانگ شۆڕشێکی لە ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەشت دەســتپێدەکەن کە بەداخەوە ڕاپەڕینەکە کە نـاوی ڕاپەڕینی کۆمیتەی شــۆڕشــگێری حیزبی دێموکراتی کوردســتانی لە ســەر دانراوە ســەرکوت دەکرێت و بەشــێک لە کادرەکانی لە ڕۆژهەڵات و بەشــێک لە باشـــوور شـــەهید دەکرێن و هێندێکیش لە زیندانەکانی ئەوکاتی ئێراندا مانەوە، مەلا ئاوارە، مەلا کەچە، ڕەحمان وتمان چاوشـین لە سـاڵی ١٣٤٧ھ (١٩٦٨ز)

لە جەلدیانی وڵاتی ئێران ئیعدام کران، ماوەیەک دوای ئەو ئیعدام کردنە من لە زیندان بووم هەروەها بەشێک لە پێشمەرگەو ئەندامانی ئەو کۆمیتە لە زینداندا و بە حەبسی_ درێژخایەن محکوم کرابوون کە لە گەڵ هێندێک لەوان پێکەوە لە بەندێکدا بووین.

بەگوێرەی گێڕانەوەو بۆچوونی هێندێک کەس لەم سەردەمەدا بیرۆکەی ئەو ڕاپەرینەیی کومیتەی شۆڕشگێڕ هەڵەیەکی ڕامیاریی بووە بەڵام زۆربەی ئەندامانی بەندکراوی ئەوکاتی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کە هێندێک تاکەکەسی لە ئاستی زۆر کەمدا هەرکام بە ئامانجێکەوە ناوی جۆرباجۆریان بۆ ئەو ڕێبەرایەتیی یان کۆمیتەیی حیزبی دێموکرات دادەنا هێندێک کەس پێیانوابوو کە کاتی شۆڕشەکە کاتێکی باش نەبووە بەڵام وێرای هەر باسو بابەتێک لە کردەوەی خۆیان زۆر ڕازی و پەشیمان نەبوون چونکە بڕوایان وابوو کە دوورگەیی هێمنایەتیی پەهلەویان لە گەڵ ئاستەنگ ڕووبەڕوو کردەوەتەوەو هۆکاری گەشەیی هزری نەتەوەیی لە بەشێکی زۆر لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا لێکەوتووەتەوە.
دوای تێکشاندنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ یان ڕاپەرینەکەیی ساڵەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ھ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆکاری جیاوازەوە حیزبی دێموکرات بۆ ماوەیەک سڕ بووەو هەڵسوڕانی ئەوتۆ کە بتوانێ دەنگی جوڵانەوە بەگوێی خەڵکدا بگەیەنێ نەماوە، ڕوونە کە هۆکارەکەیی گەڕاوەتەوە بۆ نەبوونی دەرفەتی لەبار بۆ کاری ڕامیاری و نەتەوەیی.
کاتی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە زستانی ساڵی ١٣٥٧ھ (١٩٧٨ز) دا کە بناغەکەی دەگەڕایەوە بۆ بابەتی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری یان ئازادی و سەربەستی کە ویستی زۆربەی گەلانی ئێران بوو، گەلی کوردیش بە دەستوور وەرگرتن لە خەباتی ڕابروو و سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران هاوکات سوود وەرگرتن لە ئەزموونی شۆڕشە سەرکەوتووەکانی جیهان کە ئاڵوگۆڕ هێنەربوون کۆڕو کۆمەڵ لە گەڵ ڕێکخراوەیی تایبەت بەخۆی بەمەستی گەیاندنی ویست و داوخوازییەکانی بە ناوەند دەسەڵات کە لە تاران جێگیر بوو پێکهێنا کە من لێرە تەنها ئاماژە بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە دەکەم کە هەرکام بەشێوەیەک وەک دوو هێزی زۆر بەرچاو ڕەوانەی گۆڕەپانی بەربەرێکانێی ماف و ئامانج کران، هەروەک

خوێنەر ئـاگـاداره لەو ســـەردەمەدا كۆمەڵە لە ژێر كـارتێكـردنی حیزبی كۆمۆنیســتی ئێران كە حیزبێكی ئایدیۆلۆژیی بوو كە بەگوێرەی تێگەیشــتنی سەردەم لە ڕێبازی سوسیالیزمی زانستیدا مامەڵە یان هەڵسوڕانی ڕامیارییان لە كۆمەڵگای ساڵی ١٣٥٨هـ (١٩٧٩ز) لە ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا دەكرد.

حیزبی دێموكراتی كوردســتانی ئێران كە سـەردەمێک لە ژێر هژمونی حیزبی توودەدا بووە لە ئاكامدا توانیویەتی لە بەهاری ساڵی ١٣٣٤هـ (١٩٥٥ز) لە یەكەمین كۆنفرانسی‌ـــ دا تا ڕادەیەک خۆی لە قەیدوبەندو ئایدەی پڕ لە فرتووفێڵ و ناكارامەكانی حیزبی توودە ڕزگار بكات.
هەروەک باســـكراوە هەوڵ و تەقالای حیزبی توودە پێش لە كۆنفرانسی‌ـــ یەكەمی حیزبی دێموكراتی كوردســـتان ئەوە بووە كە ئەو حیزبە وەک باڵێک لە چوارچێوەی حیزبی توودەدا بمێنێتەوە، پاشماوەكانی حیزبی توودە كە بە تـاقمی حـەوت كـەسی نـاودێریكران لە بەهـاری ســـاڵی ١٣٥٩هـ (١٩٨٠ز) دوای زۆر هەوڵی تێكـدەرانە لە ئـاكـامـدا لە حیزبی دێموكرات دەرچوون و پاڵیاندا بەكۆماری ئیسلامی ئێرانەوە.
بەڵام بەگوێرەی بیركردنەوەی خۆم و زۆر كەس لە ئەندامانی سەرەوەی ئەو حیزبە وەلانان و نەمانی ئەندامانی دیاری حیزبی توودە لە نێو ریزەكانی حیزبی دێموكراتـدا ئەوەیی نەگەیـانـدووە كە بیری توودەیی لە نێو بەدەنەی ئەو حیزبەدا پـاككراوەتەوە بەڵكو شـــێوەیی بیركردنەوەو شـــوێنكەوتوویی لە بۆچوونی توودەكان تا ڕادەیەک یان بەشـێوەیەكی تایبەتی بوونی هەبووە كە جـاروبـار لە گەڵ هێنـدێـک بیرۆكەی جیـاوازی دیكە هزری لە حیزبی دێموكراتیكدا پێكدادانی كردەوە.

پێش لە گۆنگرەی شـەش كە لە سـاڵی ١٣٦٢هـ (١٩٨٤ز) گێراوە دروشـمی حیزب دێموكرات سـویالیسـتی بوو، بۆ ئەوەیی كە خوێنەری نەوەیی داهاتوو بەدروسـتی لە مەبەسـت بگات سـوسـیالیزمی زانسـتی وەک ئامانجی دوارۆژ دیاری كردبوو بەڵام لە گۆنگرەی شـــەشـــدا بەهێنانەگۆڕی نامیلكەیەک بەناوی كورتەباس لە لایەن شەهید دوكتور قاسملووەوە بە شێوەی یەواش یەواش ئەو ئامانجەیی دوارۆژی حیزب كرا بە ســـوســـیالیزمی دێموكراتێک، وێرای هەڵگرتنی ئەو ئایدە وەک ئامانجی دوارۆژ حیزبی دێموكرات حیزبێكی

ئایدیۆلۆژی بەبۆچوونێکی تایبەتی سوسیالیستی یان مارکسیستی و ... نەبووەو هێشتاکە نییە بەڵام بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەو حیزبە فکریەتی جۆراوجۆری چەپیان وەک بۆچوونی تایبەت بەخۆ هەیە، حیزبی دێموکرات بەگوێرەی پرینسیپی نەتەوەیی سێ کۆنگرەی پێشوویی یان با بڵێین لەسەر بڕیاری کۆنگرەی سێهەمی خۆی کە لە ساڵی ١٣٥٢ھ (١٩٧٣ز) گیراوە لە خەبات بەردەوام و گرنگترین ویست و داوخوازی یان دروشمی لە سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا "دێموکراسی بۆ ئێران و خودمختاری بۆ کوردستانی ئێران" بووە کە وێرای کەندوکۆسپەکان دەتوانین لە سەر ئەوە ڕاوەستین کە ئەو دروشمە ویست و داوخوازی زۆرینەی گەلی کورد لەو پارچەیی کوردستانیش لەو کاتەدا بۆ ماوەیەکی درێژخایان بووە،
بەڵام ئاستی بیرکردنەوەیی زۆربەی دانیشتووانی کوردستان هۆکار بووە تا لە چەند ساڵی ڕابردوودا دروشمی خودمختاری ئاڵوگۆڕی بەسەردابێ و لایەنی حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران دروشمی خۆی بگۆڕێ بە دابینکردنی مافە نەتەواتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا، هەروەها لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردی بە دامەزرانی کۆمارێکی کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بەگشتی لە تەمەنی خەباتدا لە گەڵ زۆر ڕووداو و گرفتی سیاسی و تەشکیلاتی ڕووبەڕوو بووەتەوە کە دەتوانین فتوای جیهادی خومەینی لە ساڵی ١٣٥٨ھ (١٩٧٩ز) دژبە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە گەلی کورد پێکهێنەرانیان بوون ناوبەرین، ئەو فتوایە لەو سەردەمەدا کە هەستی ئایینی و باڵادەستی قەومی حاکم لە قۆناغی تایبەتی و گورو تینداببوو هۆکاری هاتنی زۆر لە لاوانی سەربە ئایینی شیعە لە شوێنەکانی دیکە ئێرانەوە وەک ئەسفەهان، مەشهد، شیراز و تاران بۆ کوردستان لە گەڵ بەشداری لاوازی کوردەکانی سەر بەئایینی شیعە لە پێناو چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی لێکەوتەوە.
ئایەتوڵڵا خەلخاڵی حاکمی شەرع بە گوێرەی فەرمانی جیهادی خومەینی بڕیاری ئیعدامی زۆر کەس لە کوردانی بێتاوانی لەو بەشەی کوردستاندا دا.
شێوەی چارەسەری کێشەی کورد لە هەموو کوردستان لەو سەردەمەدا هەڵە بوو بەتایبەتی فەرمانی شەڕێک کە خومەینی دای یانی شەڕی پیرۆز کە

ئەگەر بکوژی و بکوژێت هەر دەڕۆیت بۆ بەشـــت، ئەو فەرمانە لەو کاتوساتەدا هەڵەیەکی زۆر زەق بوو کە ئاغەی خومەینی کردی.
زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین کێشـــەیان لە گەڵ دێموکراسی هەیە، ئەم دژایەتیی و هەڵوێســـتی مافخوازی خەڵکانی ڕووناکبیر شـــێوە پێکدادانێک بەرهەم دێنێ کە چینێـک خەڵـک خوازراو یـان نەخوازراو بۆ بەردەوامی بۆچوونی ڕامیاری یان نەتەوەیی ڕێگای خەبات و بەربەرەکانێ هەڵدەبژێرن، یەکێک دەڵێت خەڵک نابالغن و پێویستیان بە سـەرپەرستی هەیە، ئەوی دیکە لە سەر شێوەی دابەشکردنی دەسەڵات و ئەرکی بەڕێوەبەری وڵات و مافی خەڵک لە کۆمەڵگادا باس دەکات کە لە ئاکامدا دەســـەڵاتدار بۆ مانەوەی دەسەڵاتی نادادپەروەرانەی خۆی و تاڵانکردنی سەروەت و سامانی وڵات ڕەووانگەرو خۆفرۆش دادەمەرزێنی لێرەدا کۆمەڵگا دابەش دەبێت بە سـەر چەند تاقمی بیرکردنەوەدا کە لە ئاکامدا کێشـەی کۆمەڵگایەکی لەبارو نالەبار لە نێونیاندا سەرهەڵدەدات.
وتەیی یەکێـک لە ڕێبەرانی پێشـــوویی حیزبی کریس دێموکراتەکـانی وڵاتی ســـوئێـدم زۆرلا جوانە کە لە زۆر بواردا کەڵکی لێوەردەگرم کە وتبووی "خۆشـــحـاڵم کە لە وڵاتێکدا دەژیم کە خەڵکەکەی یەکتریان لا جێگای سەرەنجەو ئەم جێگای سەرەنج بوونە هۆکارە تا ئێمە کۆمەڵگایەکی باشمان هەبێ و..."، هەروەک زۆرجار بیر لە وتەیی پســـپۆڕێکی باری تەندروســـتی دەروونی دەکەمەوە کە مرۆڤ لە نێوان دوو حەوزدا کە یەکێکیـان پڕە لە خۆشی و دادپەروەریی بەڵام ئەوی دیکەیان پڕە لە کێشـــەو نادادپەروەریی داناوەو پێی وایە شـــێوەی ژیانی مرۆڤەکان پێوەندی بە مەودای نزیکایەتی بەجۆری حەوزەکانەوە هەیە، یانی ئەگەر سانتیمترێک لە گەڵ حەوزە پڕ لە خۆشـــییەکە نزیک بین بەو ئەندازە کێشـــەو گرفتمان کەمترە، هەروەها بەپێچەوانەکەی.
دەتوانین جێگای حەوزەکان بگوڕینەوە بە حکومەتەکانی وەک وڵاتانی گەلی و وڵاتانی دژی گەلی چاویان لێ بکەین کە شێوەی ژیان لە گەڵ بیرکردنەوەی هەردووک جۆری دەســەڵات زۆر جیاوازن و بەشـێک لە ســەر هیچ ناچار بەکاردانەوە دەکرێن کە لە شاخ، لە ئاوارەگی و بێدەرەتانیدا بژین و بەشێک لە خۆشی و شایی دا.

بەڵام گەلانی هەردووک وڵات هەرکام بەجۆرێک بەشـــدارن لە بناغەدانانی دواکەوتوویی یان پێشـــکەوتنی کۆمەڵگاکەیاندا، هەروەها هۆکاری ئەرێنی و نەرێنی هەڵسـوکەوتی خەڵکیش دیسـان دەگەرێتەوە بۆ شـێوەی بارهێنانی ئەو خەڵکە لەو دوو گۆمەڵگا جیاوازەدا.

دەبێت بڵێم کە شـێوەی چارەسـەری کێشـە کورد لە لایەن خومەینییەوە شـــێوەیەکی زۆر هەڵە بوو کە پێکدادانەکەی زیاترو قوڵتر کردەوە چونکە فتوایەک ناتوانێ ژێرخانی کۆمەڵایەتی و ســـیاسی نەتەوەیەک تێک بدات و هەوڵ بۆ تاوندنەوە ناتوانێ کاریگەری باشی هەبێ و واباشە بگوێرەی لۆژیک ئەو ڕاستییە قبوول بکەین چونکە زانایان وتوویانە ئەوە تێڕوانینی ئێمە نییە کە بڕیاردەر دەبێ بە ســـەر تێئوری دا، ئەوە تێئوری ئێمەیە کە بڕیاردەر دەبێت کە چ جێگای ســـەرەنجمان بێ، ئێمە هەموو نەتەوەکانی ســـەرگۆی ئەم زەویی هەرکـامەمـان جیهـانێکی تـایبەت بەخۆمـان هەبووە و هەیە، هەرکامەمان ئەرکێکی تایبەت بە مێژوو و دێرۆکی خۆمان هەیە، دەتوانین بەو کەســـانە کە دژایەتی دەکەن یـان دەیـانکەن بەدژ بێژین کە ئەوانە وا پێکهێنەری ئێمە بوون (جیلەکـانی ڕابردوو) بە ئێمەیـان وت کە بەهەنـد وەرنەگرتنی داواکاریە ئەرینی و سەردەمییەکان شێوە سەرشۆڕییەکە و هیچ نەتەوەیەکی تێگەیشـــتوو نابێ ســـەرشـــۆڕی بۆخۆی یان نەتەوەیەکی دیکە دەستەبەر بکات.

مەبەسـتم بەزۆری لە شـیکردنەوەی سـەرەوە ئەوە بوو کە وێرای ئاسـتەنگی جۆراوجۆر هێشـــتاکە خەبات و بەربەرێکانی بەردەوامەو حیزبە کوردیەکان یان کوردی مافخواز هەر لە سـەنگەردایە بەڵام فەرمانی شـەڕی پیرۆز گیانی زۆر مرۆڤی لە هەردووک لاوە گرت و هەزاران کەسی ئاوارەو دەربەدەر کرد، بەکورتی قبووڵی کردنی داوخوازی کورد کە لەو ســـەردەمەدا خودمختاری بوو کە پێموایە ئیستاکە هەم سەردەمدارانی کۆماری ئیسلام و هەم ئێمەش دەزانین کە ئەوە ویسـتێکی زۆر سـاکارو سـەرەتایی بووە کە چارەسـەرییەکەی دەیتوانی بەرگری لە بەهەدەردانی گیانی زۆر کەس بکات و هۆکاری ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکی باشتر بوایە.

ئەو فەرمانەی خومەنی و هێندێک تیئۆری ماوا بەســـەرچوو و بێ نێوەرۆک کە ســـەرچاوەکەیان دەگەڕایەوە بۆ دەســـەڵاتی ئێلگارشی هۆکار بوو تا زۆر کەس بەتاوانی جۆراوجۆر تاوانبار بکرێن و چەند پاســداری ئەســفەهانی و

...بێسەوادو بێ خەبەر لە دونیایی مرۆڤایەتی بە ناوەکانی یەک عەباس کاوە، دوو ڕەزا مونتەزری، سێ ڕەزا تەقیانی کە هەڵگری ئایینی شیعە بوون هەر بۆ خۆیان حاکم و هەمەکارەی ناوچەی ئێمە بن و چەکدارە خۆجەییەکان ناچاربن تا فەرمانبەرداریان لێ بکەن.
فاکتەرەکانی وەک کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە گەڵ هەڵە زۆر زەقەکانی دەسەڵات شێوە گرژییەکی دەروونیان لە کۆمەڵگادا دروست کردبوو کە زۆر جار ئاوماڵەکەت بەدوای بیانوودا دەگەڕا تا بەڵکو لە ڕێگای ڕاپۆرتێکەوە بەشوێنێک بگات کە منیش لەو کێشەو گرژیی دەروونیی بێبەش نەبووم و ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێران بوو، ئەو ڕاپۆرتە هۆکاری پێکهێنا تا هەر سێ پاسدار بەهێزێکی زۆرەوە هێرشێکی بەربڵاو بکەنە سەرم بەڵام چونکە لە کتێبی کورتەی بیرەوەرییەکانمدا لە بەشی کورد ڕاودا بە جوانی باسم کردووە لێرە لەم بەشەدا بەو کورتە کۆتایی بەباسی خۆم دێنم و ڕوو لە باسە گشتییەکان دەکەمەوە.
تێبینی: لە وشەیی کورد ڕاو کەڵکم وەرگرتووە کە بۆ ئاگاداری خوێنەر ئەو وشە لە لایەن دادگای کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە بەڵگەکانی کورد ڕاودا هاتووەو بەڵگەکانم لە هەمان کتێبی جێگای باسدا داناوە.

## کۆمەڵگای کوردستان و کۆسپی ململانێ.

ئاخوندەکان توانیان لە مەســـەلەی ئاغەو وەرزێر، بەرق و ئاوی خۆڕایی و دروشــمە جۆراوجۆرەکانی دیکە وەک حکومەتی چەوســاوەکان بەشـێوەی پۆپۆلیستی سەرەنجی خەڵکی ئەو سەردەمە کە لە باری ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە چەوسابوونەوە بۆلای خۆیان ڕاکێشن.
لە ســەرەتای شـۆڕشـدا هەروەک چۆن کۆمەڵانی خەڵک فریوی دروشــمە جوانەکانی ئاخوندەکانیان خوارد زۆرێک لە ئەندامانی حیزبە مارکسـیسـتی و چەپەکان خومەنییان بە ڕێبەری جوڵانەوەی چەوســـــاوەکان دەزانی و لەو سیستەمەدا هەڵسوڕو لە زۆر بواردا تیشکیان دەخستە سەر دروشمەکانی ئاخوندەکان و ئەم شـــێوە هاوکاریی دوولایەنە هۆکاری شـــێوە یەکگرتنێکی ڕامیاری کۆمەڵایەتی بۆ تاقمی سێهەم کە بریتی بوون لە کەسانی ئانارەشیزم، نائاگاو هەڵپەرەســت دۆخەکەیان قواســتەوەو ئەوانیش بوونە بەشـێک لە دەســەڵات یان بەپێچەوانە کە پێکەوە هۆکارەکانی زۆر کردەوەی دڵتەزێنیان پێکهێنا.
چەند دێڕ لە بڕیاری دادگاییەکی ســەربازی کرماشــان بەنموونە بۆ بەردەوامی باسەکەم دێنمەوە، بۆ زانیاری زیاتر و کۆنکرێت لەم بوارەدا سـەرەنجتان بۆ کتێبی کورتەیی بیرەوەرییەکانی خۆم لاپەڕەی ٢٠٦ ڕادەکێشم.
لەو بەڵگەدا دادگا نـادادپەروەر لە شـــوێنـکـدا لە بەڵگەی کورد ڕاو دا دەنووسێ" به تاریخ ٦٧/٣/٥ در وقت اداری و مقرر جلسەرسمی شعبه اول دادگاه یک نظامی استان کرمانشـاه به تصـدی امضـاء کنندگان ذیل تشـکیل شده است پرونده کلاسه، ٤١/٧/٦٧ تحت نظر است"دادگا دەنووسێ" ٣:
رضـا منتظری فرزند ابراهیم به اتهام شرکت در قتل دو نفر از اکراد دسـتگیر شــده و معاونت در عملیات دیگر و ایراد ضرب و جرح نسـبت به دســتگیر شــدگان با متهم ردیف دوم و هر ســه متهم علاوه بر اتهامات فوق به اتهام آتش سـوزیهاو ایجاد حریق نسبت به دهات منطقه و کشته شـدن سه نفر از زنان ساکن روسـتاها درجریان آتش سـوزیها و غارت اموال مردم و فروش آنها جهت تهیه مایحتاج غذائی و گرفتن وســـایل و پول موجود در جیب اعدام شدگان و......."

کورد ڕاو لە بناغەدا پیلانێکی تایبەتی بووە کە چەند لایەنی دژ بە چەوساوەو ڕەشـــوڕووتەکانی کورد دەســتیان تێدا هەبووە کە بەداخەوە تەنها من لەوم بوارەدا باسـم کردەوەو دەکەم یان دەنووسـم و لەوە دەچێت گێڕانەوەکانم هۆی کاردانەوەی ڕەنگاوڕەنگ لایەنی جیاواز یان نیگەرانی فکری کەســانی دیکەی لێ بکەوێتەوە، وێرای چاوپۆشــیکردن لە ســەرچاوەو نێوەرۆکی هێندێک وشــە لەو بەڵگەدا بۆنموونە کەڵکوەرگرتن لە وشــەی "اکراد" لە جێگای وشـــەی کورد کە واتاکەی گرنگی تایبەت بەخۆیی هەیە دادگا لەو بەڵگەدا بەشـێوەی فرمی ڕەوایی داوە بە کوشـتنی خەڵکی بێتاوان و یەکێک لە هۆکارەکانی کوشـــتنی خەڵک بەدەســـتی ڕەووانگەرو بەســـیجیی خوێن مژەکان گێڕاوەتەوە بۆ ئەوەیی کە هێزەکانیان پووڵی پێویستیان بۆ پێداویستی تـایبەت وەک خواردن نەبووە ئەمە بە یەکێـک لەو هۆکـارانە دەزانێ بۆ کوشـتنی خەڵک بێدەسـەڵات تا بە پووڵ و کەرەسـتە بەهادارەکانی گیرفانی کوژراوەکان کێشەی ئابووری خۆیان چارەسەر بکەن.

لەو ســـەردەمەدا بەشـــێکی زۆری کۆمەڵگا لە ناوچە ســـوونی نشـــێنەکان بەتایبەتی لەو بەشەی کوردستان کە سوونی یان ئاییني دیکەی وەک یاریی و ... هەبوو خەڵک بەگشتی و هێندێک کەس بەتایبەتی لە گەڵ شێوەیەک لە ترس و دڵەڕاوکێ ڕووبەڕوو بوونەوە، بەکورتی فەرمانی شـەڕی پیرۆز دژبە گەلی کورد لە گەڵ فاکتەرەکانی ســـەرەوە یەکیان گرت کە بوونە هۆکاری ترس لە گیـان و ژیـان لە کۆمەڵگادا، ئەو کەســـانەیی کە ســـەردەمێک بەشێوەیەک لە کۆمەڵگادا کەسایەتییەکیان هەبوو یان هێندێک سەروەت و سـامان یان زەوی و زاریان هەبوو یان شــیخ ئاییني بوون بەزۆری لە گەڵ بێڕێزی ڕووبەڕوو بوونەوە یان لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژیان.

دۆخێکی وەها لە هێندێک ناوچە لە کۆمەڵگادا ســـەری هەڵدا کە هێندێک کەس کە باری ئابووریان باش بوو فەرشـەکانی نێوماڵەکەیان دەشـاردەوەو لە ژێرەخەری کەم بایی تر کەڵکیان وەردەگرت چونکە چەند کەسی تایبەتی بەناوی کۆمیتەی شـــۆڕش و ... دەهاتن دەرکی ماڵەیان بەخەڵک دەگرت و وێرای بێڕێزی بە تیئۆرییەکی پراکتیزە کراوی دزی بەناوی دەســـتبەســـەردا گرتن (مســـادرە) خاوەن ماڵەکەیان دەکوشـــت و بنەماڵەکەیان لە گەڵ بێڕێزی ڕووبەڕوو دەکردەوە.

هەروەک ئاگادارن و بەگوێرەی پەرتووکە مێژوویەکان ئسـپارتاکۆس لە ڕۆم لە سـەدەی پێنجەمدا دژی خاوەن کۆیلەکان وەسـتاییەوە کە لە ئاکامدا بە کەسێکی شۆڕشگێڕو دژی نادادپەروەریی ناوبانگی دەرکردو دوای ڕووخانی کۆمەڵگای کۆیلەداری کە زۆرکەس وەک کۆمونی سـەرەتایش ناوی دەبات و پێناسـەی دەکات کەم کەم سیستەمی فئودالیزمی یان دەرەبەگایەتی وەک سیستەمێکی مۆدیرن و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئابووری بەگوێرەی کات لە جیهانـدا جێگای کۆمەڵگای کۆیلەداری گرتەوە کە هۆکاری وەرچەرخانی گرنگی ئابووری، یاسـایی و کۆمەڵایەتی لە سـەردەمی خۆیدا لێکەوتەوە، یانی دەبێ سیسـتەمی فئودالیزمی لە ئاکامی نادادپەروەریی دا سـەری هەڵدابێت و ئسـپارتاکۆس هۆکارێک یان یەکێک لە بناغەدانەرانی سـیسـتەمێک بێ کە مێژوونووسان مێژووی سەرهەڵدانیان گێڕاوەتەوە بۆ سەدەی پێنجەم (٥) و تا ئەو جێگایە کە لە ڕێگای وتەیی زانایانی بواری کۆمەڵایەتیی و نووسراوە مێژوویەکانەوە ئاگاداریم لە وڵاتانی پێشکەوتوودا نزیک بە سەدەیەک پێش لە ئێمە سـیسـتەمی فئودالیزمی نەماوەو جێگای خۆی داوە بە سـیسـتەمی سەرمایەداری.

کۆمەڵگای ئێمە کە هێشتاکە بە کۆمەڵگای جیهانی سێهەم پێناسە دەکرێت لە هەموو بوارەکانـدا لە دوای وڵاتـانی وەک ئوروپاو هتـدد ... بووین، لە سـەردەمێکدا کە لای ئێمە نیزامی فئودالیزمی برەوەی هەبوو یان کۆمەڵگا بەگوێرەی سـیسـتەمی پادشـایی و هۆزیی بەڕێوە دەچوو لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی جیهاندا سـیسـتەمی سـەرمایەداری کەوتبووە قەیرانەوە بۆ نموونە مانیفیسـتی حیزبی کۆمونیسـت لە لایەن مارکس و ئینگلیسـەوە لە سـاڵی ١٢٢٧هـ (١٨٤٨ز) لە وڵاتانی پێشـکەوتوویی ئەو سـەردەمەدا بڵاوبوونەوە کە هۆکاری ئاڵوگۆڕی هزرییان بەدواە هات یانی سـیسـتەمی فئودالیزمی لە مێژبوو کە لە زۆربەی کۆمەڵگاو وڵاتی گەشـەکردو جێگای خۆی دابوو بە سـیسـتەمی سـەرمایەداری کە بە بڵاوبوونەوەی مـانیفیسـتی حیزبی کۆمونیسـت کێشـەی کریکاری و بورژوازی سـەری هەڵداو سـیسـتەمی سەرمایەداری زیاتر لە گەڵ قەیرانی جیدی سیاسی ڕووبەڕوو کردبووەوە.

سـاڵی ١٢٤٣هـ (١٨٦٤ز) ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی کرێکاران کە ناسراوە بە ئەنتەرنـاسـیونـالی یەکەم پێکهـات کە هۆکـاری بەربەرەکـانێ ٧٢ ڕۆژەیی کرێکارانی لە کۆمونی پاریس لە ساڵی ١٢٥٠هـ (١٨٧١ز) لێکەوتەوە،

بەدوای ئەم ڕووداوانەدا زۆر ڕووداو و وەرچەخانی دیکەی گرنگ لە جیهاندا ڕوویاندا، بۆ نموونە دوای تێکشکانی جوڵانەوەی کرێکاری لە وڵاتی ئەمریکا لە ساڵی ١٢٦٨ھ (١٨٨٩ز) ئەنتەرناسیونالی دووهەم بە ڕابەرایەتی ئنگلیس پێکهاتوو و ....

مەبەستم لە گێڕانەوەو باسی مێژووی خەباتی کرێکاری یان بەربەرەکانێی سەرمایەدارو سوسیالیستی ئەوەیە کە ناکرێت ئێمەش ئەوەند لە دونیا بێ خەبەر بووبین و ئەو ئاڵوگۆڕە نێونەتەوەییانە کارتێکردنی تایبەتی خۆیان لە سەر بواری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ئێمە دانەنابێ، بەپێویستی دەزانم کە لێرەدا بۆ ئیسباتی وتەکەی خۆم لە سەر کارتێکردن باسی ئەوە بکەم کە لە وڵاتانی دواکەوتووی ئێمەشدا کەسانێکی وەک بابەک خورەمدین هەبووە کە مێژوونووسان مێژووی خەباتی ئەویان دژبە عەباسییەکان گێڕاوەتەوە بۆ ساڵەکانی ٨١٦ و ٩٣٠م هێندێک کەس لە کۆمەڵگای ئەو کاتەدا پێیانوابووە کە خەباتی دژبە سیستەمی چەوسێنەرەوەی فئودالیزمی و عەباسییەکان کردووە.

با چاوپۆشی لە باسی سەرەوە بکەین بێژین ئەو سیستەمە لای خۆمان لە کوردستاندا تا کۆتایی سەدەی ١٨ بەگوڕو تینەوە بەردەوام بووەو شۆڕشە مۆدیرنەکانی وەک شۆڕشە ئابوورییەکان یان شۆڕشە کرێکارییەکانی ئوروپا نەیانتوانیوە لە سەدەکانی پێشتردا کارتێکردنی ئەوتۆیان لە سەر کۆمەڵگای ئێمە هەبووبێ بەڵام بەدڵنیاییەوە سیستەمی قئودالیزمی لە سەدەی ١٩دا لای خۆمان زۆر لاوازو لە زۆربەی کوردستاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە ساڵی ١٣١٠ھ (١٩٣١ز) ڕەزا شا توانی زۆربەی سەرانی کورد وەک ئاغا، کوێخاو کەسایەتییەکانی دیکەی ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لە زیندانەکانی ئێراندا ڕابگرێت و لە سەردەمی یاسای دابەشکردنی زەوی دەرەبەگەکان لە ساڵی ١٣٣٩ھ (١٩٦٠ز) لە ژێر ناوی چاکسازی زەویو زار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە لایەن حکومەتی پادشایی ئەوکاتی ئێرانەوە سیستەمی فئودالیزمی بەشێوەی بناغەیی هەڵوەشاوەتەوەو دەرەبەگ و ئاغاکان وەک هەموو کۆمەڵانی هەروای خەڵک لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا تاوانەوەو هێندێکیان کە بەگەورە ماڵک پێناسە دەکران بوون بە خاوەنی زەوی میکانیزە کە دەتوانین بڵێین بە ئاسانی کەوتنە نێو

سیستەمی سەرمایەدارییەوە کە هۆکاری خێرایی کارتێکردن دەگەڕایەوە بۆ زەوی زۆری میکانیزەو ناوچەی بەپیتوبەرەکەت.
هەروەک خوێنەران ئاگادارن و لە شوێنێک لە سەرەوە بەکورتی باسم لەوە کردووە پێش لە یاسای چاکسازی زەویوزار شێوە بۆژانەوەیەکی ڕادیکالیزم لە کوردستاندا کاریگەریی و کارتێکردنی هەبووە کە بەزۆری حیزبە چەپەکان بە بۆچوونی جیاوازەوە نوێنەرایەتیان کردووە یانی دەتوانین بەڕاشکاوی بێژین کە دوای شۆڕشی پیشەسازی ١٩١٧ز لە ئوروپا کە لە هێندێک ڕووانگەوە بەشۆڕشی بورژوا دێموکراتیک پێناسەیان کردووە، هەروەها لە دوای بەهێزبوونی هزری سوسیالیستی لە ئوروپا بەتایبەتی لە یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکاتدا سیستەمی ئاغەو ڕەعیتی لە زۆر شوێن ئاستی سەرەتایی خۆی لە دەستداوەو لە زۆر مەڵبەنددا تەنها چوارچێوەکەی ماوەتەوە.

وەردبینی سیاسی ئاخوندەکان لەو سەردەمەدا بەمەبەستی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە گەڵ کورتبینی ئێمە هۆکار بوون تا ئاخوندەکان لە سیستەمێک کە لە مێژەمان کارایی خۆی لە دەستدابوو کەڵکی کاتی وەرگرن و لە کۆتایی دا خۆیان پاشەکشە بکەن و ئەو مەسەلە کە بۆ خۆیان لە ڕێکخراوە چەپ و مارکسیستییەکانی سەردەمی ڕابردوو دەستیان کەوتبوو وەک میرات بهێڵنەوە بۆ زۆربەی ڕێکخراوەکان کە لە خوارەوە زیاتر لەم بوارەدا دەنووسم.

شێوەی بێڕێزییەکان لە لایە کۆمتیەو ناوەندەکانی شۆڕش یان دەسەڵاتەوە جۆراوجۆر بوون کە من تەنها باس لە شێوەیەکی دەکەم، ئەسکەرخانی سنجاوی مرۆڤێکی ڕێزدارو لە باری کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەوە جێگای سەرەنج و بە هەرشێوەیەک کە بیری لێ بکەیتەوە خاوەنی مێژوویەک بووە لە ناوچەکەو لە کوردستاندا.
ئەسکەر خانیان بۆماوەیەک دەستبەسەر کردو لە تەلەفزیووندا بەشێوەی جۆراوجۆر ئەویان دەردەخست کە وێرای ئەوەیی کە بۆخۆیان ئەشکەنجەی دەروونی و ڕووخساریان دەدا کەسانی دەوربەری خۆیان دەهێناو لە ڕێگای ئەوانەوە لە ژێر ناوی چەوساوەو زارع بێڕیزی زیاتریان پێ دەکرد، بەڵام ئەسکەرخانی سنجاوی شانس یان ئامراز هۆکار بوو تا لە کوژران دەرباز بێ،

ئەم بابەتە تەنها بۆ ئەسکەرخان نەبوو زۆر کەسی دیکەی گرتەوە بۆ نموونە برهان خان کە بێتاوان کوشتیان و تالآنیانکردن لە گەڵ دەیان کەسی دیکە.

حیزبە کوردستانییەکان یان هێندێک لە ئەندامانیان بەوانەی ئایدئۆلۆژیدار و بێ ئایدئۆلۆژییەوە یانی چەپ و ڕاست لە بەر ئەوەیی لە کاروانی زانست و سیاسەتی چەپگەرایی و گەل مەحوەریی دوا نەکەون لەم بوارەدا کەوتنە کێبڕکێ لە کوردستانداو دەستیانکرد بەخۆ دەرخستن بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرەنجی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەڵام هێندێک زیاتر لە ڕژیم، کاتێک کە دەڵێم زیاتر لە ڕژیم مەبەست ئەوەیی کە ستراتیژی کورتخایەنی ڕژیم هێندێک ئاغاو سەرمایەدارو شێخی تەریقەتی لە کوردستاندا گرتەوە بەڵام ستراتیژی درێژخایەنی حیزبەکان وێرای ئەوەیی کە بەشێوەیەک لە شێوەکان زۆربەی ئەو کەسانە کە ناوی ئاغایان لەسەر بوو گرتەوە هێندێک مەلاو کەسایەتیی ئایینی پێ زیادکرا یانی بواری کێشەی کۆمەڵایەتی بەرین تر بووەوە، جارێک لە سەرەتای شۆڕشدا چەند کەس بەچەکەوە ڕۆیشتین بۆ سەردانی خزمێکمان لە مایدەشت لە ئاوایەک بەناوی ورماوا لە ڕێگادا لای بۆیسانێک ڕاوەستاین و چەند شوتییەکمان (هەنی) کڕی کابرای بۆیسانەوان وتی برایان زۆر گرووپی چەکدار دێن بۆ ناوچەیی ئێمە هێندێکیان بە پێڵاوەکانیانەوە دەڕۆنە ناو مزگەوت و بێڕێزی دەکەن بە ئایین و هەڕەشە دەکەن لە دەرەبەگ و دەوڵەمەندەکان و ئێژن ئێمە کۆمەڵەین و لایەنگری فەقیرو فوقەراین کە زۆر بەکەمی خۆ دەشۆرن بەڵام هێندێکیان کە ناویان دێموکراتە کەمتر دێن وێرای باسی ئاغەو مەلا ئەوان زۆرتر باسی کوردو خودمختاری دەکەن، داخۆ ئێوە چین؟، لەو سەردەمەدا کۆمەڵە بۆ ئێمە زۆر ناسراو نەبوو بەڵام یەکێک لە دۆستان پرسیاریکرد کامیان باشترە کە وتی باوەڕ بکە کە چەندان سەرم دەرناچێت چونکە کابرایەکی فەقیرم بەڵام هێندێک کەس دەڵێن یاسای (قانون) باشترە و هێندێک کەس لەوەیی کە بەپێڵاوەوە دەڕۆنەماڵی خواو چنێو بەخەڵک دەدەن نیگەرانن، لە ڕاستیدا خەڵکی ئەو ناوچە خەڵکێکی هێندێک لەسەرخۆو زۆرتر بیریان لە کارو کاسبی دەکردەوە.

هەروەک ئەوەیی کە لە سەرەوە لە بەشی دەستپێکی کتێبەکەدا تا ڕادەیەک هێناومەتەگۆڕێ حامید کلاشی (حامید بەگ) کە خزمی منە وێرای

کەموکوڕییەکانی مرۆڤێکی زۆر کوردپەروەرو خەباتکار بوو، بەڵام لە مهاباد لە گەڵ کەسێکی دیکە بەپیلانی تایبەت و بەدەستی چریکەکانی بەناو فیدایی خەڵک کوشتنیان.
بابەتی حامید بەگ بابەتێکی دوورو درێژە کە سەرەنجی خوێنەرم ڕاکێشاوە بۆ کتێبی کورتەی بیرەوەرییەکانم چونکە لەو کتێبەدا زۆر بەتێرو تەسەلی باسمکردەوە بەڵام هەرچەند دووبارەش بێت با لێرە ئیشارە بە خاڵێک بکەمەوە.
ئە- ل... کە وتم یەکێک لە بەرپرسانی چریکەکانی فیدایی خەڵک لە مهاباد لە ڕابردوودا بووە لەو وتووێژە تەلەفزیونییەدا لە گەڵ کاناڵی ئاریان تێڤی لە ساڵی ١٣٩٩هـ (٢٠٢٠ز) لە پێوەندی لە گەڵ هێندێک هەڵکێش و داکێشی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی لە مهاباد دا دەڵێ کاتێک کە مەقەڕەکانمان لە مهاباد خڕ دەکردەوە پاسدارو کڵاو سەوزکانیان ئازاد کرد بەڵام حامید بەگی باوەجانی و حەسەن ئاغای قەرەچڵیان کوشت! حامید کەسێک بوو کە لە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی هەردووک وڵاتی ئێران و عێراق بەشێوەیی جیدی و تایبەت بەخۆیان بەدواوەوەی بوون.
لێرە شێوە هەستێکی زۆر نەرێنی لە ئاست تاقمێک یان ناوێک لە کۆمەڵگادا بەڕووی بەرچاو دەکەوێت.
زۆر بەلۆژیکی دەزانم لێرەدا بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی شێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤی کۆمەڵگای خۆمان و وڵاتێکی یاسایی لە وتەیەکی سیاسەتوانێکی وڵاتی سوئێد کەڵکوەرگرم کە لە وەڵامی ڕۆژنامەوانێکدا دەڵێت" زۆر خۆشحاڵم کە لە وڵاتێکدا دەژیم کە بەتەواوی توانەوە هەوڵ دەدەین تا تاوان لە وڵاتدا نەمێنی بەڵام لە هەمانکاتدا هەوڵ دەدەین تا کەمترین کەس سزا بدرێت بۆ ئەوەیی کە بێتاوانێک سزا نەدرێت" لێرەدایە کە دەتوانین هەڵسەنگاندن لە سەر ڕاستی و دروستی دروشم و کردەوەی مرۆڤەکان بکەین و دەبێت ئەو پرسیارە بێنینە گۆڕێ و بزانین جیاوازی کردەوەکانی ئایەتوڵڵا خەڵخاڵی لە گەڵ کردەوەیی بکوژانی دوو کەسی سەرەوە چییە!.

وێرای ئەوەیی کە دژایەتیم لە سەر ئازاد کردن و ئازاد بوونی هیچ مرۆڤێک نییە بەڵام دەڵێت پاسدارو کڵاو سەوزەکانی سپا کە هاتبوون بۆ کورد کوشتن و سەرکوتی ئازادی ئازاد کراون بەڵام دوو مرۆڤی بێتاوان دەکوژن

چونکە ناوی بەگ و ئاغایان لە سەر بووە، ئەو تاوانە لە ساڵی ١٣٥٩هـ (١٩٨٠ز) دا ڕوویداوە کە شێوازی بیرکردنەوەیی چەپ و نزمی ئاستی ڕووشنبری خەبات لە سەر هزری زۆر کەس کاریگەریی نەرێنی دانابوو یانی دەبێت بیر لەو قۆناغەی مێژوو بکەینەوە، منیش وێرای ئەوەیی کە بۆ خۆم لە بنەماڵەیەکی ئاغاو دەرەبەگ بووم کاریگەریی بیروبۆچوونی چەپ و هەستی خۆ بەشۆڕشگێڕزانی وای لێکردبووم کە مەسەلەی دەرەبەگایەتی کە لە مێژەمان جێگای خۆی دابوو بە سیستەمی سەرمایەداری بەکۆسپی سەر ڕێگای خەبات بزانم بەڵام بەخۆشییەوە کە قەت بێڕێزیم لە هیچ بوارێکدا ڕاستەوخۆ بە کەسێک نەکردووە.

حەسەن ئاغا ناناسم و نازانم بۆ گرتوویانە بەڵام حامید بەگ باش دەناسم و بۆ خۆی بە یەکێک لە بناغە دانەرانی هزری دژایەتی دەرەبەگ و ئایین پێناسە دەکراو لەو بوارەدا هەڵسوڕانی نەرێنی زۆری هەبووە، پەندێکی پێشینان هەیە کە دەڵێت" چا مەکەنە بۆ کەس با خۆتی تێنەکەویت" حامید بەگ کەوتە چاڵەکەی خۆی.

مەودای نێوان کوژرانی ئەو دوو کەسە وتووێژەکەی ئە- ل... لە وڵاتی سوئێددا چل (٤٠) ساڵە کە لەو چل ساڵەدا ماس مێدیاو تەکنۆلۆژی هۆکاری گەشەی هزری زۆری لە کۆمەڵگای مرۆڤیدا پێکهێناوە بەڵام کاتێک کە ئە- ل... وتووێژەکەی لە سەر دیواری فەیسبووکی خۆی دانابوو زۆر کەس کە چاوەڕوانن کۆمەڵگای دواڕۆژی کوردستان هەڵسوڕێنن دیسان نەیانتوانی هەوڵ بدەن تا لە دەرفەت بۆ دروستکردنی کۆسپ دژبە هەڵەو نایاسایی لە داهاتوودا کەڵکوەرگرن و لە جێگای ئەوەیی بنووسن هەڵەی زۆرمانکردو لەوەی کە نەمانتوانی ئەرکەکان بەباشی و بەگوێرەی لۆژیک جێبەجێ بکەین بەداخین بەشێوەیەک ئەو بابەتەیان زۆرلا گرنگ و وێرای لایک کردنی لە ژێرنووسەکانیاندا بەشێوەیەک لە شێوەکان تەشویقیان دەکردو و هەستی شۆڕشگێڕیان پێ دەبخشی، منیش ناڵێم دژی شۆڕش یان تاوانبار بووە چونکە ئەمانە بواری یاساییان هەیە و یاساناسەکان دەتوانن بڕیاری بدەن بەڵکو دەڵێم هەڵەیی هەموو ئێمە چەند بەرامبەری بەئەندازەی قورسایی خۆی کارتێکردنی نەرێنی لە سەر جەماوەری کردنی خەبات هەبووەو کوشتنی کەسێک کە بە ئەندازە زۆربەی ئەو کەسانە

خەباتی دژبە ستەم کردووە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، هەروەها کوشتنی کەسێک کە ناوی بەگ، خان و هتددی ... لە سەربێ دیسان هەڵەیەو شێوە بێ یاساییەکە کە هەر مرۆڤێکی تێگەیشتوو بە تاوانێکی گرنگی دەزانێت کە ئیمکانی هەیە سبێنێ بەشێوەیەکی دیکە بەرۆکی خۆی یان کەسانی دیکە بگرێ، ئەو بۆیسانوانە کە ئێمە شوتیکەکانمان (هەنی، شامی) لە ساڵی ١٣٥٨هـ (١٩٧٩ز) لێ کرِی زۆر سەردەمیانەتر لەو کەسانە کە لە ساڵی ٢٠٢٠ز دا بەشداری بابەتەکەی ئە..ل،یان کرد هەڵسەنگاندنی لە سەر دۆخ یان ڕووداوەکە هەبوو.

یەکێک لە خزمانم لە قشلاخ سەربە هەورامان کە ناوی بەگزادەی لە سەر بوو ئەو ساڵ بۆ منی دەیگێڕایەوە کە ساڵی ١٣٥٨هـ (١٩٧٩ز) ئەندامێکی زۆر بەرێزو تێگەیشتوویی کۆمەڵە هاتبوو بۆ کارێکی سیاسی لە ناوچەکە کە بەهۆکاری مرۆڤییەوە لە گەڵی ئاشنا بووین وامان بەباش زانی کە وەک خزمەتکارێک لە خزمەتیدا بین و بۆ ماوەیەک لە ماڵی خۆماندا ڕامانگرت کە وێرای ئەوەیی کە ژیانمان لە ئاستی ژیانی جوتیاریکی هەژاردا بوو بەڵام زۆر بە باشی خزمەتمان دەکرد کە لە ئاکامدا لە کاتی ڕۆیشتنی دا شەو ئاگری لە لێف و دۆشەکەکە بەردابوو کە شەو بۆخۆمان بەهۆکاری دووکەڵەوە لە خەو هەستاین و پرسیارمانکرد "مامۆستا ئەوە چ ڕوویداوە کە وتی هیچ نەبووە سێگارم کێشاوە لێفەکە ئاگری گرتووەو وتوومە با لە خەوتان نەکەم" ئەو بنەماڵە پێیانوابووە ڕاست دەکات و لە دەروونەوە وتوویانە لەوە دەچێت نارەحەتییەکی هەبێ بۆی نیگەران بووەن بەڵام بۆخۆی لە کاتی ڕۆیشتن دا لای خەڵک دەڵێت دەبێ ئاوەها لە گەڵ ئاغەواتەکان بجوڵێتەوە ئەگەر بۆ خۆیان بەخەودا نەهاتبان ڕادەوەستام تا فەرشەکانیش دەسووتن.

من بەجوانی دەزانم کە زۆربەی ئەم شێوە هەڵانە کە لە سەرەوە هاتوون بابەتیکی سیستەماتیک و ڕێکخراوەیی نەبووە یان لە نێو پێڕەوەو پروگرامی حیزبەکاندا نەنووسراوە بەڵام لێرە پرسیار بۆ زۆر مرۆڤی ڕۆشنبیر دروست دەبێ و لە خۆیان دەپرسن داخۆ کەسێکی هەژار کە بێ هیچ چاوەڕوانی و بێ هیچ بەرابەرێک بۆ ماوەیەک ماڵەکەی خۆی بکات بە مەقەڕی تایبەتی کەسێک یان ڕێکخراوەیەک دەبێ ئەو خاوەن ماڵە هەر ناویکی لە سەر بێ

بەو شـــێوە پادداشـــتی بدەیتەوە یان باشـــتروایە هانی بدەیت کە لە چاکە بەردەوام بێت؟
لەم بوارەو لە بواری باج وەرگرتنی نابەجێ لە خەڵک بەناوی کاســـب و سـەرمایەدار یان بێ ڕێزی کردن بە شـێخی تەریقەت زۆر شت هەن بۆ باس بۆ نموونە چاوپۆشی لە گێڕانەوەی باسی ئاغاکانی مەنگوڕ یان ئەو ئاغای مەنگوڕە دەکەم کە دوو کەس لە کۆنە پیاوەکانی دەبنە پێشـــمەرگەی و بەرپرس لە حیزبی دێموکراتداو دەڕۆن و بە دەستووری خۆیان دەیگرن و بە ســـەدان بێڕێزی بەســـەردا دێنن و ناوی دەنێن شـــۆڕشـــگێڕی، هەروەها چاوپۆشی لە هێندێک پێکدادانی تایفەیی حیزب لە گەڵ خەڵک دەکەم کە هۆکارەکانی کەسانی خۆبە شۆڕشگێڕ زانن بەڵام ئاسەواری نەرێنی هێشتاکە ماوەتەوە.
بۆ ئەوەی کە حیزبەکانیش لەم ڕووداوانەدا بەشێوەیەک بێ بەش نەکەین و هەموو تاوانەکانی ڕابردوو نەگەڕێنینەوە بۆ کەســـانی خۆســـەر وا بەباش دەزانم کە ســـوود لە وتەیەکی کەســـێکی تێگەیشـــتوو لە کۆمەڵگایەکی سەرکەوتوودا وەرگرم.

**تۆربیون تێرنشۆ** مامۆسـتایی فەلسـەفەی زانسـتی لە زانکۆی سـتوکهلمی وڵاتی سوئێد لە پێوەندی لە گەڵ کوشتاری خەڵکی وڵاتی نورویژ لە ڕبردوودا بە دەســـتی کەســـێک بەناوی برویئیک ئاندیش بیهرەنگ دەڵێت" زۆربەی خەڵک وەها بیر دەکەنەوە کە برویئیک بە تەنهایی بەرپرسی ئەم ڕووداوەیی و کەســـێکی دیکە هاوکاری ئەوی نەکردەوە چونکە کەســـێکی دیکە ناتوانێ تاوانێکی وەهادا لە ئەستۆ بگرێ، هەروەها کەسێکی دیکەی لە گەڵ نەبووە بەڵام لە ڕاســـتیدا دەتوانین بڵێین ئەمە لۆژیکێکی هەڵەیە، بێگومان ئیمکانی هەیە کە دوو کەس لە دۆخێکی تایبەتیدا پەنجا بەرپرسی تاوانێک کە پێکەوە کردوویانە لە ئەســـتۆ بگرن چونکە هەردووک نەفەر بەشـــێوەیی واقعی پێکەوە تاوانەکەیان کردەوە بەڵام لە هەمانحاڵدا ڕوودەدات کە کەســـێک بەتەنهایی بەرپرسی جێبەجێکردنی تاوانێک بێ لە حاڵێکدا کە ئیمکانی هەیە کەسانی دیکە لە ئاسانکاریدا (زەمینە) بەشـداری تاوانەکە بن".

هەروەها بەردەوام دەبی و دەڵێت" بەڕاشـــکاویی دەتوانم بڵێم کە برویئیک بەرپرسی کردەوەیی خۆیەتی بەڵام دەتوانین ئەو پرسـیارە لە خۆمان بکەین و بڵێین داخۆ ناکرێت کەس یان کەسـانی دیکە بەشـێوەیەکی دیکە بەشـداری کردەوەیەکی وەهـا نەبن! لە قۆنـاغی یەکەمـدا گۆمـان بۆلای ڕامیـارکارانی سەرەوەیی وڵات دەڕوات چونکە دەکرا بە بناخەدانانی سیاسەتیکی جیاوازو پێشکەوتوانە بەرهەڵستکاری کردەوەی وەهایان بەربەست کردباتەوە".
لە نـاوچەیی ئیمە کەمتر لەو شـــێوە کردەوە هەڵانە هەبوو، بەڵام خەڵکی شوێنەکانی دیکە زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی کارتێکردنی نەرێنی لە سەر ئاستی بیرکردنەوەیان دانێن کە لە ســـەرەوە تا ڕادەیەک هێندێکم لە ســـەرخۆم نووسـاوە، سـەرچاوەی ئەو هزرو هەڵانە لەو کاتەدا بەزۆری شـەهید... بوو کە ئەویش لە ناوچەکانی دیکە وەک دەستکەوت لە گەڵ خۆی هێنابووی.

زۆرجار لە کارە جۆراوجۆرەکانی حیزبی یان ڕامیاریدا وەک کۆســـپێک لە ســـەر ڕێگای تێکۆشـــانم دژبە نەیارانی نەتەوەکەم یان لە تێکۆشـــانم لە بەرژەوەنـدی کۆمەڵانی هەراوی خەڵک یان ئازادی لە بوارە جیاجیاکاندا بەڕوونی هەســـتم پێ کردەوە یـان ڕووبەڕووم بوونەتەوە بەتـایبەتی لەم دوایانەدا لە ســەردەمی جیابوونەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێراندا (حدکا).
لە پاش ئەو جیابوونەوە کە لە داهاتوودا باسی دەکەم بۆ ماوەیەک ئەندامی بەشی تەشـکیلاتی وڵاتی سـوئێد بووم یانی بۆ ڕێکخسـتن یان بۆ کارو چالاکی ئەندامان حیزبی لەو وڵاتەدا، بێشک کەسێک کە بیهەوێت کاری تەشکیلاتی یان هەر کارێکی دیکەی ڕامیاری بکات دەبێ بەشێوەی ڕەنگاوڕەنگ پێوەندی لە گەڵ زۆر کەس لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە یان کۆمەڵانی دیکەی خەڵک هەبێ بەڵام کارەکانی من هێنـدێک جار لە گەڵ شـــێوە بەربەرەکانێیەک ڕووبەڕوو دەبوونەوە کە هۆکار بوو تا نەتوانم لێهاتوویی خۆم پیشـان بدەم بەڵام بە خۆشێیەوە نەیانتوانیوە لە ئامانج دوورم بخەنەوە.
بـا لێرەش لە بواری خۆمـدا ســـوود لە وتەیی زانـایەکی بەرز وەرگرین، ڕان هوبـارد لە کتێبی نـاتەبـایی لە کاردا دەنووسێ" کـاتێـک کە مرۆڤ نەتوانی کۆنترۆڵی دۆخ بکات یان نەتوانێ لە بەرامبەریدا بوەستێتەوە لە ئاکامدا هەم لە گەڵ مرۆڤ و هەم لە گەڵ دۆخ دەکەوێتە کێشـــە، ڕوونە کاتێک کە

مرۆڤ لە ڕووانگەی فیکریەوە کەوتە قۆناغی کێشـە زۆر بە ئاسـانی لە گەڵ کێشەی زیاتر ڕووبەڕوو دەبێتەوە، لە لایە کی دیکەوە خۆ سانسۆری ناتوانی فاکتەرێکی زۆر لەبار بێ بۆ چارەســـەری کێشـــە چونکە ئەگەر وەها بوایە مرۆڤ زۆر زیاتر لە واقعیەت ڕووی لە کۆنترۆڵی هەموو شـــتێک لە ســـەر گۆی زەوی دەکرد". دەمهەوێت بڵێم کە بەخۆشـییەوە بێ ئەوەیی کە خۆم لە بواری پێویســـتدا ســـانســـۆر بکەم توانی کۆنترۆڵی دۆخم هەبووەو ئیســـتاکەش هەموو ئەو کەســـانە کە لەپەنادا خۆیان بە نەیارم دەزانن بەپێچەوانەکەی من خۆم بەدۆســـت و برای ئەوان دەزانم، بۆ ئاگاداری زیاتری خوێنەر چاوپۆشی لە گێڕانەوەیی هێندێک بابەتی زۆر گرنگ و تایبەتی دەکەم چونکە لەم کاتەدا بەباشی نازانم کە لەم بوارەدا زۆر قوڵ بمەوە بەڵام بەمەبەســـتی بەرچاوڕوونی هێندێک وەردە خاڵ دێنمە بەرباس و شیکردنەوە.

دوای جیابوونەوەی جێگای داخی ئەم دوایانە یانی کۆنگرەی سێزدە، لە زۆر بواری جیاوازدا جیابوونەوە ڕوویدا بۆ نموونە کۆمەڵەکانی وەک کۆمەڵی ژنان و کوردییەکان، ســاڵێک دوای جیابوونەوە کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردســتان (حدک) لە ســوئێد هەوڵیدا تا کۆمەڵەی کوردی خۆی لە وڵاتی ســـوئێددا تۆمار بکات بەڵام کارەکە لە گەڵ هێندێک کێشـــەی تکنیکی و یاسایی ڕووبەڕوو ببووەوە کە ساڵی دووایی کۆمیتەی سوئێدی حدک داوای لە من کرد تا بەرپرســـایەتی ئەو ناوەندە لە ئەســـتۆ بگرم و  هەوڵ بۆ چارەســـەریی کێشـــەکە بدەم کە قبووڵم کرد بەڵام سێ مانگ بۆ ئێمزایی کەسێک کە لە پرۆتۆکۆلی ساڵی پێشدا ناوی وەک ئەندامی چاودێری دارایی نووسرابوو ماتڵ بووم و هاوکاری نەدەکردو وتبووی چونکە لە بنەماڵەیی ئاغایە هاوکاری ناکەم، بۆ خۆم شـتەکەم بەباشی دەزانی بەڵام خۆم دەدایە نەزانی و داوام لە دۆستانی دیکە کرد تا هاوکاری بکەن و لە ڕێگای دۆستانەوە توانیم ئەو بەشەیی کێشەکە چارەسەر بکەم.
جارێک کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان دیسان داواکاربوو تا وتارێک بنووسـم و وەک نوێنەری کۆمیتەی وڵاتی سـوئێد لە ڕێوڕەسـمێکی سـیاسی کۆمەڵە لە شـاری سـتوکهلمی پێتەختی وڵاتی سـوئێد بەشـداری بکەم کە کەســـێکی دیکەیان بۆ هاوڕێیم دیاری کردبوو تا پێکەوە بین، هەرکام لە

ناوچەیەکەوە دەچووین بۆ ڕێوڕەسمەکە من هێندێک زووتر گەیشتم و ڕاوەستام تا ئەو بەڕێزەش هات، کاتێک کە هات بینیم کە خێزانی لە گەڵ خۆی هێناوە ئەوندە ناوچاوی گرژ کردبوو کە مرۆڤ دەبا بەترسەوە قسەی لە گەل کردبا بەڵام لای من زۆر ئاسایی بوو چونکە شێوە بیرکردنەوەیەکی باشم هەبوو، یانی چەند خاڵم بۆخۆم لە دەروونەوە وەک سەرچاوەو بناغەی هەرەوەرزی دانابوو کە یەکێک لەو خاڵانە ئەوە بوو کە لە دڵ و مێشکی خۆمدا هەڵسەنگاندن و بیرم لەوە دەکردەوەو دەمگوت ئەگەر دە نەفەر بەپێچەوانەی ویستی من بێ لە بەرامبەریدا نەوەد (٩٠) نەفەر مرۆڤی باش، خۆشەویست و ڕێزدار هەیە کە دروست نییە نەوەد نەفەر فیدای دە نەفەر بکەیت.

ئێمەی کورد کولتوورێکی زۆر باشمان هەیە، وێرای ئەوەیی کە ئەم بابەتە زۆر بەپێویست و گرنگ نازانم بەڵام من بۆخۆم ئەگەر لە گەڵ کابرایەکی هێندێک بەتەمەنتر لە خۆم بڕۆم بۆ شوێنێک زۆرلام ئاستەمە پێشی بکەوم بە تایبەتی ئەگەر بۆ ئەرکێکی تایبەتی بێ، من زۆر لەو بەتەمەنتر بووم بەپێوەرێکی تر وەک نوێنەری حیزبەکەمان بەرپرسیارەتییەکم لە ئەستۆ گرتبوو کە هێندێک پرینسیپی تایبەت بەخۆی هەیە، دەستەیەک گوڵم لە حسابی خۆم کڕیبوو کە بەدەستمەوە بوو، یەک دوو هەنگاو لە من دوورە بەڵام کاتێک کە دەسکی دەرکی هۆڵی ڕێوڕەسمەکەم کێشا تا بڕۆمە ژوورەوە یەکسەرەو زۆر بەخێرایی شانی دایە بەر سینگم و هەنگاوێکی نایە ئەو دیوی قاپییەکەو خێزانی کە وەزعەکەی لا گرانهات خۆی کێشا دواوە بەڵام پەلی گرتوو کێشایە ژوورەوە، گوێم لێ بوو کە خێزانی پێی وت حەیا ناکەیت کە بەوجۆرە هەڵسوکەوت دەکەیت، بەکورتی وێرای ئەوەیی کە من هیچ گرنگی بە هەڵسوکەوتەکەی نادەم بەڵام حازر نەبوو لا من دانیشێ و هێندێک کەس بیریان لەوە دەکردەوە کە کێشەیەکی هزری لە گوڕێدا بێت.

زۆرشت هەیە بۆ باسکردن بەڵام با خاڵێکی زۆر بێ ئەرزش تر لەوەیی سەرەوە کە هێندێک کەس لایانوایە ئەرزش بە مرۆڤ دەدات باس بکەم، برادەرێک جارێک پێ وتم کاک فاتح دەزانی چەند جار چەند بابەتی ئێوەم لە فەیسبووکدا لایک کرد برادەرێکی هەردووک لامان ڕەخنەی لێ گرتم و وتی دەتهەوێت دەربەگەکان بژێنیەتەوە، بۆ بابەتی ئەو کابرا لایک دەکەیت، زۆر

لام سـەیر بوو کەسـێک کە پێی وایە کە خەباتکارەو بەقەوڵی خۆی دەیهەوێت ئاڵوگۆڕێکی بەرینی ئەرێنی بۆ هەمووان لەکۆمەڵگایەکدا دەستەبەر بکات ئاوەها بیر بکاتەوە! من و ئەوکەسە وێرای مەودای ژینگە زیاتر لە چل سـاڵە نزیک و دوور بۆ ئامانجێک خەبات دەکەین و دەڵێین مرۆڤایەتیی بەدیاری بۆ جیلی داهاتووی خۆمان بەجێدەهێڵین، بەڵام دەبێ بێژم بەداخەوە بۆ خۆمان هیچ لە مرۆڤایەتیی یان ڕەوشتی مرۆڤ و زانستی فێر نەبووین و لە حاڵێکدا کە من پێشترو ئیستاکەش وەک دۆستێک چاو لەو دەکەم بۆ بابەتێکی ئاوەها بێ ئەرزش لە پشـتەوە هەڵسـوڕانی نەرێنی هەیە کە دەتوانین بڵێین لە گەڵ ئەو بۆچوونە کە دەڵێت ڕێکخراوە یان ناوەندێکی هەرەوەرزی هۆکارەکانی دانانی باوەڕو ئاسایشی. یاسایی بۆ خەبات دژبە ناتەبایی تاکەکان لە تەنشـت یەک دادەنێت لە نێو بەرێت، ئەمە بابەتێکی زۆر لاوەکیی بەڵام ئەگەر لە چوارچێوەی فکری منەوە چاو لە بابەتەکە بکەین زۆربەی ئەوکەسـانە کە چەکی نەیاریان بەدەسـتەوەیە ناتوانن ژیانی وەها بە یەکگرتوویی بۆ خەبات دژبە نادادپەروەریی بگەیەنن!!

زانایانی بواری چارەسـەری کێشـە وتوویانە کە بوونی ئێمە لە بوونی ڕەفتارو شـێوەی بیرکردنەوەی ئێمەدایە، ئەم زانایانەیی بواری چارەسـەری ناتەبایی شـەش شـێوە ناتەبایی و شـێوەی چارەسـەرکردنیان دەسـتنیشـانکردەوە کە دەتوانن هۆکاری ڕووداوی لەبارو نالەبار بن، بەکورتی زۆربەی زانایانی ئەم بوارە لە سـەر ئەو بڕوان کە هەر شـێوە کێشـەو ململانێیەک کارتێکردنی نەرێنی بەدواوە دێت و مرۆڤ دەبێ بەگوێرەی لۆژیک و شـیاویی لە گەڵ مرۆڤەکانی دیکە هەڵسـوکەوت بکا چونکە ساردو سڕی یان هەڵسـوکەوتی بەپێچەوانەی یاسای چارەسـەری ناتەبایی هۆکاری دوورکەوتنەوە لە ئامانج یان تێکدانی هاوکاری و هاوڕایی لێ دەکەوێتەوە، بۆ ئەوەیی کە مەسـەلەی ناتەبایی تایبەتی لە گەڵ ناتەبایی هزری تێکەڵ نەکەین دەبێت بڵێم کە جیاوازی لە بۆچووندا بابەتێکی ئاسـاییە کە لە گەڵ کردەوەکانی سـەرەوەدا زۆر جیاوازن یانی ئەگەر بەپێوەری زانسـتیانە چاو لە بۆچوونی جیاواز بکەین لەوە دەچێت کە ببێت بە دەرفەتێک بۆ بەدەسـتهێنانی زانسـت و تێگەیشتنی نوێ.

لە ڕاستیدا ئەوە ئیرادەو پێویستی ئێمەیە کە بەرهەم هێنەری ناتەبایی لە چەشنی باسەکەی سەرەوەی منە کە ئێمە پەلکێشی.قۆناغی ئایدەی چاک و هەڵە دەکات بەڵام واباشە لە جێگای ڕەوشت لە سەر ئامانج و دەستکەوت ڕاوەستین، سەرچاوەی زۆربەی ناتەباییەکان کاتێک گەشە دەکات کە بابەتی بەرژەوەندی تایبەتی تاکەکەسی یان ئایینی، ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی لە ئارادا بێ بەڵام هەموو ئێمە لە قۆناغی یەکەمدا وەک مرۆڤی ئەم سەردەمە بەرژەوەندیمان پێکەوە گرێدراوەو ئەگەر ئەم گرێیە بەشێوەی نازانستیانە بکەیتەوە شێوە پچڕانێکی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی سەرهەڵ دەدات کە ناتوانێ لەبار بێ، یانی لە قۆناغی ناتەبایی هزرییەوە دەگوازێنەوە بۆ قۆناغی ناتەبایی نەرێنی کە ئاسەوارەکەی دەتوانێ کارتێکردنی نالەباری بۆ هەمووان بەدواوە بێت.

دەمهەوێت بڵێم کە هەڵەکان هەرکەس سەبەبیان بێ کارتێکردنی نەرێنی زۆری لە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی و چینایەتی هەبووکە وێرای دروست کردنی نەیار خاڵێکی بووە تا ڕێکخراوەکان لە جەماوەریی کردنی خەباتدا زیاتر لە قورسایی ناتەباییەکە لەگەڵ کێشە ڕووبەڕوو ببنەوە چونکە هەڵسوکەوتە نازانستی و نایاساییەکان ناتەبایی بەهایان (ئەرزش) بەرهەمهێناوە کە زانایان ئەم شێوە ناتەبایی و گرفتانە بە ڕووخێنەرترین یان تێکدەرانەترین ناتەبایی دەستنیشانیان کردووە، بە چاوپۆشیکردن لە مەسەلەی ئایین و ئابووری لەگەڵ ئایدە کە ئیستاکەش هەر بۆ زۆر کەس پێویست و گرنگی تایبەتیان هەیە بەڵام ئاڵوگۆڕێکی دەسەڵات کە کاتی خۆی لە سەدەی پێنجەم یان شەشەمدا ڕوویداوە لە سەردەمی خۆیدا پێویستییەکی حاشا هەڵنەگر بووە، یانی سیستەمێک بووە بۆ ڕزگاری لە چەوسانەوە کە دەبێ بەشێوەی زانستی چاو لە ڕابردوو بکەین و خۆمان لە شتی دروستکراو کە دەتوانێ بناغەیی ڕەنگاوڕەنگی هەبێ بپارێزین و بەشێوەیەک بەربەست بۆ هێندێک کردەوەی خۆمان دروست بکەین چونکە لە هیچ یاسایەکدا ناتوانی هەرچۆنێک کە پێت خۆشە بجووڵێتەوەو هەر جووڵانەوەیەک نرخی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەگەر بتهەوێت ئاڵوگۆڕی سەردەمیانە دروست بکەیت دەبێت بەپرۆژەی زانستییەوە کە بتوانێ مافی مرۆڤایەتی تاکەکان یان ئایینی و دارایی ئەوان بەشێوەیەک کە بەرهەمهێنەری ئایدەی چاک و خراپ نەبێ بێنیتەکایەوە یانی بەشێوەی

دەســـتەبەر کردنی مـافی نەرێنی بێ تـا هۆکـاری ژێرپێکردنی هەســـتی لێ نەکەوێتەوە، لە ڕووانگەیەکی دیکەوە تاوانبارکردنی کەســـێک لە ســـەر ڕووداوێک کە لێی بەرپرسی نییە یان لە ســـەر ناو بەکردەوەیەکی دوور لە لۆژیک پێناسە دەکرێت.
جاربەجار لەخۆمم دەپرسی بۆ دەبێت بەشـــێوەی خۆمان دژی هێندێک ڕێباز یان سـەرمایەدار بین یان ئاغا کە ئیستاکە تەنها بووە بەناو بەڵام قەت نەمتوانی وەڵامێکی سەردەمیانە ببینمەوە تا ئەمڕۆکە کاری لە سەر بکەم.
لەو ســـەردەمەدا دەمانوت ســـەرمایەدار چەوســـێنەرەوەو ئاغا زاڵم بووە، ئیســـتاکەش هەر لە ســـەر ئەو بڕوام کە ئەو بۆچوونانە لە ســـەر هەر دوو سیستەم بەشێوەیەک دروستە بەڵام دوو خاڵ زۆر جێگای تێڕامانە، یەکەم ئەو کەسـانە کە لەو سـەردەمەدا یان لە کۆتایی سـەدی بیسـتەمدا(٢٠) لە گەڵ ئیســـتاکەش کە باسی چەوســـانەوەی چەوســـاوەکان بەدەســـتی سـەرمایەدارەکان دەکردو دەکەن لەم قۆناغەیی مێژوودا زۆربەیان بۆ خۆیان عەوداڵی سەرمایەو دراون و زۆر هەوڵی بۆ دەدەن و تا ڕادەیەک لە هێندێک بواردا لە هەوڵدان بۆ بوون بە دەســـەڵات کە ســـەرچاوەکەی باس لە چەوسانەوە دەکات، دووهەم هەروەک لە سەرەوە شیمکردەوە سیستەمی دەرەبەگایەتی لە مێژەمانە نەماوەو من وەک کەســـێکی ســـەر بە بنەماڵەی ئـاغـاو دەرەبەگ قەت نـاڵێم ســـتەمکار نەبوون بەڵام وێڕای هەر هەڵەو ستەمێک ئیجازەم بدەن با هەڵسەنگاندێک لە نێوان سیستەمی فئودالیزمی ڕابردووانی خۆم و دێموکراسی یان ســوســیالیســتی ئیســتاکەی هەمووماندا بکەم.

پێشـەکی ئاغەو دەرەبەگ وێڕای ئەوەیی کە لەو سـەردەمەدا بەرهەمهێنەری گەشـــەی کۆمەڵگای مرۆڤی ســـەردەمی خۆیان بووەن و قۆناغی مێژوویی خۆیـان تێپەڕکردووە بەڵام ئەگەر ئـاغەو دەرەبەگ، شـــێخ و مەلا لە کوردســـتان نەبان ئیســـتاکە شـــتێک بەناوی کورد بوونی نەبوو، ئەگەر بە چاویلکەی ڕەوشتی مرۆڤی و زانستی چاو لە مێژووی کوردستان بکەین ئەو ڕاســتییەمان بەڕوونی بۆ دەردەکەوێت کە ئەو کۆمەڵە خەڵکە کە ئیســتاکە خۆمانی پێدەناســـێنن و لە نەبوونیاندا دژایەتیان دەکەین وێڕای هەموو کەموکوڕییەک لە کاتی خۆیدا کە بواری پێویســـت بۆ تێکۆشـــانی هزری،

کۆمەڵایەتی و ڕامیاری هەبووە بەگوێری توان چالاکانی بواری نەتەوەیی بووەن، ئەمە بەو واتایی نییە کە کۆمەڵ و کۆمەڵگا ڕوو لە دواوە بەرین و یان چاوپۆشی لە کەموکورپیەکان بکەین و پێموایە کە دەبێت بێ ڕاوەستان لە گەڵ گەشەی سەردەم ڕوو لە قۆناغی داهاتوو بکەین و ڕابردوو بە ڕابردوو بسپێرین بەڵام لە باری ستەم و ستەمکارییەوە هیچکات نەیانتوانیوە بگەنە ئاست کۆماری ئیسلامی ئێران و سەردەمدارانی هێندێک وڵات، ئەو ئاخوندانە کە سەردەمێک بۆ ژیان ئەسپەنیان دەسووتان تا خەڵک خەیریان پێ بکات ئێستاکە داوا لەو خەڵکەیی کۆمەڵگا دەکەن تا لە نێو مانگدا بەدوای وێنەی ئەواندا بگەڕێن.
زۆر جار دەڵێن کە ئاغەکان هەرکەسەو ناوچەیەکیان داگیرکردووەو لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان هەر یەکەو پیاوی دەسەڵاتێک بوون و نەیانتوانیوە ڕێککەون و هەموو کوردستان لە پرشوبەڵاوی نجات بدەن! ئەمە بابەتێکی زۆر ڕاستە ئەوان لە سەدەکانی ڕابردوودا کە باری تێگەیشتوویی لە ئاستێکی زۆر نزمدا بووە نەیانتوانیوە ئەو کارە بکەن یان زانستی ئەوەیان نەبووە بەڵام داخۆ لە سەدەیی بیستویەکەمدا کە بە شێوەی حیزب و ڕێکخراوەمان لێهاتووەو زانست و تێگەیشتن لەوپەڕی خۆیدایە جیاوازییەکان چەندەن؟ شیکردنەوەیی زیاتر دەهێڵمەوە بۆ خۆت!.
بۆ ئەوەیی کە بەربەستی سەر ڕێگای پێوەندی مرۆڤ لە گەڵ مرۆڤ نەبین دەڵێم سیستەمی فئودالیزمی قۆناغی مێژوویی خۆی تێپەڕکردو ئیمکانی گەڕانەوەی نییە چوونە هەروەک لە سەرەوە شیمکردەوتەوە مەسەلەی ئاغایەتی لە مێژەمانە نەماوە یانی سەردەمێک کە مرۆڤ کەمتر لۆژیکی نەخۆشی چەواشەکاری دەزانی ئەو سیستەمە جێگای خۆیداوە بەسیستەمی سەرمایەداری کە لاموایە ئێستاکەش سیستەمی سەرمایەداری لە قەیراندایە بەڵام هەروەک دەیبینین ئیمکانی بەهێزبوونی هەستی ئایین لە هێندێک کون و قوشبووندا هەیە چونکە ئایینی ئیسلام هێشتاکە گەنجەو شەرایەتی مێژوویی مێژووی خۆی بەتەواویی تێپەڕ نەکردووە، بەکورتی ئەگەر ئاستی زانستی بگاتە قۆناغێک کە مردوو زیندوو بکاتەوە دیسان ناتوانێ سیستەمی دەرەبەگایەتی بەژێنێتەوە،
بەگوێرەی هێندێک ڕووداوی مێژوویی بەو گوێرە کە وشەی فئودالیزم کە لە لاتینەوە وەرگیراوەو ناوەڕۆکی بەشێک لەو وشە زەویی دەگرێتەوە دەبێت

بناغەی سیستەمی فئودالیزمی لە سەر دەستبەسەرداگرتنی هێندێک ئامرازی بەرهەمهێنان وەک زەوی و کشتوکاڵ یان دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیی کە وەک میراتێک لە سیستەمی کۆیلەدارییەوە دەستی کەوتووە دامەرزابێت بەڵام ئیستاکە خەڵک بە پووڵی دیگیتاڵی مامەڵە دەکات و هێندێک ئاپ، تۆڕی کۆمەڵایەتی لە گەڵ هێندێک دەسەڵاتی سیاسی زیاتر لەو سەردەمە لە هەوڵی چەوساندنەوەیی خەڵکدان، لە هەمانکاتدا کە ئێمە سەرقاڵی بابەتە بێ نێوەرۆکەکانین هێندێک شەریکەو بانگ لە ڕێگای دانی قەرزی درێژخایەن بەسوودی زۆرەوە بە خەڵکانی هەژارو داماو بەشێوەیەکی مۆدێرن خەڵک دەچەوسێننەوە یانی لە ڕێگای قەرزەوە دەیانکەن بەکۆیلە. لە کۆتایی بەشی سەرەوەدا دەڵێم ئەو کەسانە کە بڕیار دەدەن تا لە هەڵکێش و داکێشەکانی کۆمەڵگادا چالاک بن ئەگەر چالاکییەکانیان لە گەڵ بڕوا تێکڵاو بێ قەت کۆسپ ناتوانی هۆکاری پاشەکشە یان خۆسانسۆری ئەوان دەستەبەر بکات، لێرەدا ئەرکی ئانالیزەی زیاتر دەهێڵمەوە بۆ خوێنەران و با من باسی سێ جیلی خۆم تێکڵاو لە گەڵ کورتەیەک لە بوارەکانی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی دا بکەم.

## حکومەتی بەگەکانی خزمم.

لە حەبیبوڵلا خانی باوەجانی و قوایی‌یەوە (نظام الایالە) دەســتپێدەکەم کە دەبێتە باوای دایکوبابم چونکە زۆر بەڵگە لە پێوەندی لە گەڵ دەسەڵات و شــێوەیی بەڕێوەبەریی ئەو لە دەســتدایە ئەگەر زەحمەتی خوێنـدنەوە پەرتووکە مێژوویەکان بەخۆمان بدەین.
حەبیبوڵلا خـان کە لە کتێبە مێژوویەکـانـدا بە زۆری بە حەبیبوڵلاخـانی باوەجانی یان نظام الایالە دەناسرێت سـەردەمی دەسـەڵاتەکەی دەکەوێتە دەوروبەری سـاڵی ١٢٥١هـ (١٨٧١ز)، کەسـێک بووە کە دژی زڵم و زۆری ئەردەڵانەکان کە ســەرچاوەی دەســەڵاتەکەیان حکومەتی ناوەندی بووە وەستاوەتەوە، کاردانەوەیی دژبە دروستکردنی کێشەو ململانێ لە نێوان تیرەو هۆزەکانی کورد کە لە لایەن ئەردەڵانەکانەوە بەمەبەســتی حکومەت کردنی خۆیان و پاراســتنی دەســەڵات و بەرژەوەندی حکومەت جێبەجێیانکردەوە هەبووە، هەروەها دژایەتی دانی باج بەحکومەتی ناوەندی کردەوە کە وێرای زۆر کەندوکۆسـپی دروسـتکراو وەک شـەڕو پێکدادان لە ئاکامدا بە حەوت هەزار ســوارەوە هێرشی کردەوەتە ســەر دەســەڵاتی حکومەتی ناوەندی لە قەڵای جوانڕۆو عەلی ئەکبەر خـانی شــەرەف الملکی ئەردەڵان نوێنەری حکومەت لە ناوچەکە دوور خســتەوەو کۆتایی بە شــتێکی دروســتکراو بە ناوی کێشــەیی جاف و هەورامی لەو ســەردەمەدا هێناوە، هەموو هەوڵو تێکۆشــانی ئەوە بووە کە یەکگرتوویەکی نەتەوەیی لە نێوان تیرەو هۆزەکانی کورد بە هەموو ئایین و زاراوەکانەوە لە کوردستاندا دەستەبەر بکات.
بەمەبەســتی دەســتەبەرکردنی بڕوا لە تیرەو زاراوەکانی کوردســتان چەندها هاوسەرگیریی کردەوە کە شاعیری ناوداری کورد (هەورامی) جەهانئارا خانم یەکێک لەو ژنـانەیە، لە یەکێک لە بنەمـاڵە زۆر نـاودارەکانی یـاریی یـان یارسانی بۆ کوڕی گەورەو ناوداری خۆی مستەفاخانی یەکەم ژنی هێناوە.
حەبیبوڵلا خان توانیوەیەتی شـێوە دەسـەڵاتێکی خۆماڵی یان دەتوانین بڵێین کۆنفدراسیۆنێکی سەربەخۆی کوردی لە بەشێک لە ڕۆژهەڵات و باشووری ئێستاکەی کوردستاندا لە زۆر تیرەو هۆزە دابین بکات و لە هەوڵی چاپکردنی سکەدابووە،

سیستەمێکی حکومەتی تایبەتی بەڕێوەبردن بەشێوەی دەسەڵاتی لامەرکەزی یان کۆنفدراسیۆن داناوە کە دەتوانین بڵێین زۆر مۆدێرن و کاریگەریی باشی لە هێنانەخوارەوەی ئاستی ململانێ داناوە، دەسەڵاتی سەربازی بەشێوەیەکی تایبەت بەسەر تیرەکانی ناوچەیی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا دابەشکردەوە کە تەنها یەکێک لە فەرماندە گەورەکانی سپا بەناوی سەعید بەگ برای خۆی بووە، بەکورتی سیستەمێکی زۆر تایبەت و کارای حکومەتی داناوە بەشێوەیەک کە کەرستەکانی بەرهەمهێنانی شەڕابی خۆماڵی لەو سیستەمەدا بەگڕکەوتووە بەڵام کێشەو مەرگ دەرفەتی نەداوە تا بە ئامانج بگات.

لە سەردەمێکدا کە بەسەرەتای ململانێی پێناسە دەکرێت لە لایەن پادشای ئێرانەوە یان دەسەڵاتی ناوەندیی ئەوکاتەوە بۆ ماوەیەک دەستبەسەری دەکەن بەڵام ئەوندە ئەرێنی بووە کە زۆربەی کەس و کەسایەتییەکانی کوردستان و جاف بەتایبەتی شێخ و سەیدەکانی کوردستان وەک جەنابی کاکە ئەحمەدی شێخ، جەنابی شێخ ڕەسووڵی خانەشوور کاردانەوەیان هەبووە، مەلەکەیی بێ تاجوتەخت و شۆڕە ژنی کورد **عادیلە خانم** هاوژینی وەسمان پاشاو دایکی ئەحمەد موختارو تاهیر بەگی جاف سەد (١٠٠) سەر (دانە) ئەسپی وەک پێشکەشی ناردووە بۆ پادشای ئەوکاتی ئێران بۆ ئەوەیی کە حەبیبوڵلا خان ئازار نەبینێ و ئازادی بکات و....

لەو سەردەمەدا دەسەڵاتە بەهێزەکانی ناوچەکە بە مەبەستی دابین کردنی دەسەڵاتی خۆیان بەشێوەی جۆراوجۆر لەسەر وڵاتی بێ سەرو پڕ لە کێشەیی کوردستان پێکەوە لە کوردستاندا ململانێیان کردەوەو ئاژاوەو دووبەرەکێیان ناوەتەوە، لە سەردەمێکدا کە حەبیبوڵلا خان لە گەڵ حکومەتی ناوەندی ئێران (قاجارەکان) بەربەرەکانێی کردووە لە هەمانکاتدا محموود پاشایی جاف شێوە پێوەندییەکی تایبەتی لە گەڵ حکومەتی ناوەندی ئێران دابین دەکات و تێکدەرانی سەربە دەسەڵاتی ناوەند هەوڵ دەدەن تا کێشەو ململانێ لە نێوانی حەبیبوڵلا خان و محموود پاشای جاف دروست بکەن و بە حەبیبوڵلاخان دەڵێن محموود پاشا دەیهەوێت دەسەڵاتی جافی جوانڕۆ بگرێتە دەست و تۆ وەلانێ کە لە وەڵامدا دەڵێت کەس دروستی نەکردووم تا شای ئێران بتوانێ وەلامنێ و پێموایە برایەک زیاترو تیکەیەک کەمتر زۆر باشترە، بەڵام بەداخەوە کاتێک کە بە محموود

پاشـا دەڵێن حەبیبوڵلاخان دەسـتەبەر بوونی پێوەندی تۆ لە گەڵ جافەکانی جوانڕۆیی پێناخۆشە یەکسەر بە تلاق سوێند دەخوات کە کۆڵەدار بەدات بەکۆڵییەوە، دوای چەند سـاڵ کە حەبیبوڵلا خان لەو پەری دەسـەڵاتدا دەبێت بە هێزێکی زۆرەوە لە باشـووری ئیسـتاکەی کوردسـتانەوە بۆ ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوەو بە نزیک ماڵی محموود پاشـادا تێدەپەڕێت کە سـوێندەکەی محموود پاشـای دێتەوە بیر، بەچەند سـوارەوە ڕوو لە ماڵی محموود پاشا دەکات و لەنێو ڕێگادا چاوی بەهێندێک کۆترەدار (قۆترەدار) دەکەوێت و لە ئەسـپەکەی دادەبەزێ و کۆترەدارەکان دەدا بەکۆڵداو ڕوو لە ماڵە پاشـا دەکات، خەڵک پێیانوایە تێکچووە کە دەڵێت جەنابی پاشـا بەکارتێکردنی نەیاران چەند سـاڵی پێش سـوێندی خواردەوە کە کوترەدار بـدات بەکۆڵمـداو چایی پێ دروسـت بکات ئیسـتاکە بۆ ئەوەیی کە سوێندەکەی نەکەوێت ئەم کارە دەکەم.

کاتێک کە محموود پاشـا ئاگادار دەکەنەوە کە حەبیبوڵلاخانی باوەجانی دێت بۆ ماڵتان و پاشا دەڕوات بەپێشوازییەوە دەبینێ کە بەپیادە کۆڵەداری بە کۆڵەوەیە، دەپرسێت خان ئەوە چیی؟ لە وەڵام دا دەڵێت پاشام بەڕێزتان سـوێندتان خوارد کە کۆڵەدار بدەن بە کۆڵمەوە ئەوا لە پێناو سـوێندەکی بەڕێزتان بۆ خۆم بەکۆڵەدارەوە هاتمە خزمەتان و ئەمکارەم لام عارنییە کە کۆڵەدار بۆ برای خۆم بەکۆڵەوە بگرم.

ئەم کردەوە لە کاتێکدا ڕوویداوە کە بەڕێز محموود پاشا دەسەڵاتێکی ئەوتۆ کە بتوانێ بەربەرەکانێی لە گەڵ بکات نەبوو، کردەوەی ئەو دەسـەڵاتدارەیی کورد کە لەو سـەرەدەمەدا کە دەسـەڵاتەکەی بێ هاوتا بووە دەنگدانەوەیی زۆر ئەرێنی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکەدا دەبێت.

هێندێک لە پیاوماقوڵانی دیواخان دەڵێن مستەفاخانی کوڕت کەسایەتییەکی زۆر گەورەو بەهێزی هەیە بۆ دەبێ لە پژماڵەدا بژیت، دەڵێت زۆر ڕاسـتە بەڵام دەتوانم چ بکەم، دەڵێن بیکە بەحـاکمی چەمی لوشـە، دەڵێـت حاکمیەتی لوشـە بەو ناگات چونکە ڕەحمان مەتا (پیرک) وێرای سـادقانە خزمەتکردن و دروسـتکردنی قلیانێک بۆم لە دۆخێکی ئاسـتەمدا کوڕی ئەم خەڵکەیەو لە پێش مسـتەفا خانە کە حوکمی حاکمیەتی لوشـە بۆ ڕەحمان پیرک دەنووسـن، مسـتەفا خان کوڕی خۆی بووە بەڵام ڕەحمان پیرک کارگێڕێک یان پیاوی بووە کە مافی ئەوی بە کوڕەکەی خۆی نداوە.

چەندە بەگزادە لە دەسەڵاتدا بەشداربوون دوو ئەوندە لە کەسانی دەرەوەی ئاغاو بەگزادە بەشداری دەسەڵات بوون، زۆربەی هەرەزۆری مشاورەکانی کەسانی دوور لە بنەماڵەی خۆی بووە، بۆ نموونە مەلا نەشئەت پاوەیی، مەلا قادر دڕۆیی، میرزا حەبیبوڵلا ئیمامی و بە دەیان کەس و کەسایەتی دیکە.
لە بناغەدا بەگزادەکانی جاف هەموویان سەربە یەک بنەماڵەن، میرزا حەبیبوڵلا ئیمامی بۆماوەیەک دەسەڵاتداری قەڵای جوانڕۆ دەبێت کە لە سەر پرسی باج لە گەڵ یەکێک لە گەورە پیاوانی بەگزادەی جوانڕۆ بە ناوی ئەولغەفور بەگ کە دەبێتە برای وەکیلی جوانڕۆ و خەزوری حەبیبوڵلاخان دەمەقاڵەیان لێ پەیدا دەبێ و ئەولغەفور بەگ لە دەستی دەردەچێت و میرزا حەبیبوڵلای ئیمامی دەکوژێت،
ئەولغەفور بەگ هەڵدێت کە دوای ماوەیەکی زۆر خۆشاردنەوە لە گەڵ دوو لە کورەکانی حەبیبوڵلاخان کە دەبنە خوشکەزای خۆی پێوەندی دەگرێت و داوای یارمەتیان لێ دەکات کە ئەوانیش بەڕەسمی ئەو سەردەمە قۆڵی خۆیان دەبەستن بە قۆڵی خاڵۆیانەوەو بەمەبەستی داوایی بەخشش دەڕۆن بۆ دیوەخان بەڵام حەبیبوڵلا خان بەقەستی کوشتن پەلاماری کوڕەکانی خۆی دەدات کە هەڵدێن و ئەولغەفور بەگ دەگرن و زیندان دەکەن کە دوای ساڵێک زیندان و هەوڵی زۆرێک لە کەسانی دەسەڵاتدار بەمەبەستی لێخۆشبوونی لە ئاکامدا دیوان حوکمی قەساسی دەدات و تەحویلی خەڵکی ئیمامی و بنەماڵەیی میرزا حەبیبوڵلای ئیمامی دەدەن بۆ کوشتن، یانی لە باری دادپەروەریی و یاساییەوە لە سەدەی نۆزدەهەمدا زۆر دادپەروەرتر لە سەدی بیستویەکەم بووە، شیعرێک لە نامەکەی شاعیری پایەبەرزو ناسراوی کورد مەولەوی تاوگۆزی کە بۆ حەبیبوڵلاخانی نووساوەو مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕەس لە بەرگی یەکەمی کتێبی یادی مەرداندا چاپی کردەوە لێرەدا دادەنێم شیعرەکە بە فارسییە،

"به عهد تو می بینم آرام خلق... پس از تو ندانم سرانجام خلق".

باج: باجی کەمتر لە حکومەت لە خەڵک کۆکراوەتەوە، کەسانی نەدار لە دانی باج ئازاد کراون، ساڵێک جارێ یان دوو جار لیباس و خواردنیان بەسەر منداڵی هەتیودا دابەش کردەوە، مرۆڤە نەدارو تەنگدەستەکان لە ئیماکاناتی حکومەتی کەڵکیان وەرگرتووە، هەموو ئەندامانی پژماڵە

بەدەوڵەمەندو فەقیرەوە هەر ڕۆژ سێ وەعدەی خواردنیان لە ئاشپەزخانەی حکومەتی وەرگرتووە یانی ئەوانیش بێ جیاوازی هەمان خوادرنیان خواردووە کە ئەو ڕۆژە دیوان و دیوەخان خواردوویانە بەڵام بەشێوەی جیرەی وشک و تەنها نان بە گونکە دابەشـــکراوە، هەموو ئەو بنەماڵانە کە لە ئاوایەکانی نزیک بەماڵی خان ژیاون و دۆخی ئابووریيان باش نەبووە کەسێکیان هاتووە کە وێرای ئەوەی کە خۆی تێری خواردووەو بەشی بنەماڵەکەی بردووەتەوە.

زۆر گرنگی داوە بە یەکگرتوویی کوردو حازر بووە تا لەو پێناوەدا هەرچی لە دەســتی دێت کۆتایی نکات و زۆر ناوچەو شــوێنی بەو پووڵی باج کڕیوەو لە نێو خەڵکی بێ داهــات و زەویــدا دابەش کردەوە کە لێرە **چەمی لوشــە** بەنموونە دێنمەوە، دوای تێکشـــکانی دەســـەڵاتی حکومەتی ناوەندی لە جوانڕۆ یانی ڕاونانی شـەرەف ئەلمولک حکومەتی ناوەندی (ظل السلطان) لە ناچاریداو وەک پیشـــەی هەمیشـــەییان و بەشـــێوەی ئۆپۆرتۆنیســـتی بەڕەســـمی حوکمی حاکمیت و پێکهێنەری یاســـا بەناوی "نظام الایاله" لە ڕێگای بەرپرسی دیاریکراوی ئەوکات بۆ کوردســـتان بەناوی میرزا محەممەد خان (اقبال الملک) لە ســـاڵی ١٢٦٢هـ (١٨٨٣ز) دەنێرێت بۆ حەبیبوڵڵا خان کە وێرای ئەوەی کە حەبیبوڵڵاخان هیچ گرنگی بەو حوکمە نداوە بەڵام زۆربەی دەرباریيەکان و دەستوپێوەندییەکانی ئەوکاتی حکومەت دژایەتی ئەو شـێوە نامانە بۆ سێ کەس لە کوردســتان کردووەو وتوویانە حەبیبوڵڵاخانی باوەجانی و یونس خانی بانەو دەســەڵاتدارانی هەورامان خۆیان بەکەســانی ســەربە حکومەتی ناوەندی و دەســەڵاتی پادشــایەتی ئێران نازانن ئێمەیان قبووڵ نییە، چاو لە تحفەی ناسریە لە گەڵ بەرگی دووهەمی کتێبێ مێژووی کرماشـــان نووســـینی بەڕێز دوکتور محەممەدعەلی ســـولتانی و هێندێک پەرتوکی دیکەی مێژوویی وەک نووسراوە مێژوویەکـانی ئـایەتوڵڵا مەردۆخ بکە.

لە بـاری کۆمەڵایەتییەوە وەک خەلکی نـاوچەکە ژیـاوەو تەنهـا جیـاوازیی ئەوەیی کە دەســـەڵاتدار بووە، کەســێک کە بیهەوێت یاســاو ئاســایشی کۆمەڵایەتیی دەستەبەر بکات ناتوانێ هەموو کەسێک ڕازی ڕاگرێت بێشکە دەبێت هێندێک کەسیش نارازی بووبێت چونکە یاسای دەسـەڵاتداری وا دەڵێت.

حکومەتی مستەفا خانی یەکەم کوڕی حەبیبوڵلا خان.

دوای مەرگی حەبیبوڵلاخان (نظام الایاله) یەکێک لە کوڕەکانی بەناوی مستەفا خان دەکەن بەجێنشینی بابی، دەورانی حکومەتی مستەفا خان هێندێک جیاوازتر دەبێت لە سەردەمی حکومەتی بابی بەڵام دەتوانێ ئەو حکومەتە ڕوو لە هەمان ئامانج کە بابی بناغەیی داناوە بەرێت، بێشک تا ماوەیەکی کورت دوای مەرگی مستەفاخانی یەکەم سیستەمی حکومەتی یان ئەو کۆنفدراسیۆنە بە شێوەی ڕابردوو بەردەوامە چونکە مستەفا خان مرۆڤێکی بەتوان و لێهاتوو بووە بەڵام لێرە لەم باسەدا وا بەباش دەزانم کە چەند خاڵی گرنگ کە لە سەردەمی دەسەڵاتی مستەفا خاندا ڕوویداوە باس بکەم، یەکەم دوو سەفەری گرنگی هەبووە بەمەبەستی یەکخستنی ماڵی کورد، سەفەرێک بۆ سنەو سەفەرێک بۆ سلێمانی بەڵام زۆر بەداخم کە ماوەیەک دوای مەرگی مستەفا خانی گەورە نەیارنی ڕەنگاوڕەنگی کورد دەتوانن بەئاواتی لەمێژینەی خۆیان کە سیاسەتی تەفرقە بخەو حکومەت بکە بگەن و کێشەو ململانێ دەسەڵات لە نێو بنەماڵەی حەبیبوڵلاخان و دەسەڵاتدارانی ئەو حکومەتە دروست بکەن و دەسەڵاتەکە تیکەتیکە بێت، ئەو کێشەیی دەسەڵاتە هۆکار دەبێ تا بەڵگەکانی حکومەتی بکەوێتە دەست چەند کەسیان و لە ئاکامدا بەشی هەرەزۆری بگاتە دەست یەک نەفەر و ئەویش زۆر قین لە دڵانە یان نەزانانە هەموو بەڵگەکان کە یک فەردە (کیسە) میل سووری سی (٣٠) مەنی بووە لە نێوان ساڵی ١٣٤٤ھ تا ١٣٤٦ھ (١٩٦٥/١٩٦٧ز) بسووتێنی و ئیستاکە لە نووسراوەی کەسانی دیکە کەڵکوەردەگرین، من بۆ خۆم شایەت و ئاگاداری کێشەی بەدواداگەڕان و هەوڵەکانم بەمەبەستی بەدەستهێنان ئەو بەڵگانە لەگەڵ باسی سووتانی بەڵگەکان و دەزانم کە زۆر بەڵگەیی گرنگی و مێژوویی بە هێندێک زمانی جیاواز لە کوردو فارسی لە نێویاندابووە، هەڵسوڕترین و سیاسی ترین کەس لە بواری گەڕان بەدوای ئەو بەڵگانەدا محەممەد بەگ کوڕی مستەفا خانی یەکەم و برای مستەفا خانی دووهەم بوو.

لە کاتی ئەو دوو سەفەرەی مستەفاخاندا بارودۆخی ژیانی زۆر کەس لە هێندێک ناوچەدا خراپ بووە بەڵام کاروانی هاوسەفەری مستەفا خان بە

هەر ناوچەیەکدا تێپەڕی کردبێت زۆربەی هەرەزۆری هەژاران و داماوانی خۆشحاڵ کردەوەو تا ڕادەیەک باری ژیانیانی گۆڕیوە، لە سەفەری سنەدا ڕێکەوتنامەیەکی تایبەتی لە نێوان حکومەتی جاف و کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمەی سنە نووسراوە بەڵام هەر وەک نووساومە بەداخەوە کە شتێکی ئەوتۆ لەو بوارەدا لە دەستدا نەماوە.
لە سەردەمی دەسەڵاتی مستەفا خانی یەکەمدا سنووری نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانی ئێستاکەدا یان عوسمانی و ئێران کە دەبێت بە عێراق و ئێران دیاری دەکرێت کە لە گەڵ دژکردەوەیی مستەفا خان و سەردەمدارانی ئەوکاتی ئەو دەسەڵاتە خۆماڵێی ڕووبەڕوو بووەتەوەو وتوویان ئێمە ئەو سنوورەمان قبووڵ نییە، سەرەتا هێماکانی سنووری لە ناوچەی زەهاو، عەلیەکان و چوارکڵاو دانراوە کە عەشیرەتی وەڵەدبەگی لەو سنوورەدا گەرمەسێرو کوێستانیان کردووەو مامورێتیان ئەوە بووە تا هەر ساڵ دووجار ئەو هێما سنووریانە تێک بدەن.

لە نزیک ساڵەکانی ١٢٨٥ تا ١٢٨٦ھ (١٩٠٦-١٩٠٧ز) شەڕێکی زۆر خوێناوی لە نێوان حکومەتی عوسمانی و عەشیرەتی هەمەوەندا ڕوودەدات کە بەتێکشکانی هەمەوەندەکان کۆتایی پێدێت، هەمەوەندەکان لە ناوچەی چەمچەماڵ و بازیان لە باشووری ئێستاکەی کوردستان دەبن لە ترس تۆڵەیی حکومەتی ئەوکاتی تورکیی ڕوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێستاکەو مستەفا خانی یەکەم دەکەن کە زۆربەی نووسراوەو زانیاریی زارەکییەکان دەڵێن ڕادەیان هەزار سوار بووە بەڵام هێندێک زانیاری باس لە ١٢٠٠ سوار دەکات، دەسەڵاتدارانی حکومەتی خۆجەیی جاف کە لە زۆر پەرتووکدا بەحکومەتی باوەجانی یان قوایی و باوەجانی ناوبراوە هەموو ئیمکاناتی پێویستی ژیانی ئەو سەردەمە بۆ ئەو هەزار کەسە یان هەزار سوارە بە شێوەی باش دابین دەکات و مستەفا خان دەڵێت خۆتان بەمیوان مەزانن ئێرە ماڵ و وڵاتی خۆتانە.
داخۆ لە شێوەو بیرکردنەوەی ئێستاکەی کۆمەڵگای ئەم سەردەمەدا شتی وەها دەبینی یان چاوەڕوانیت هەیە کە لە سنووری دەسەڵاتی دەسەڵاتەکانی کوردستان وەک کوردێکی گەشتیار کە بەرهەمهێنەری سوودی یان وەک

کوردی یەکێک لە پارچەکانی دیکە بە ڕوویەکی خۆشـــەوە بەخێرهاتنت بکەن و بیانوت پێ نەگرن!
دوای ماوەیەک ســەفارەتەکانی ئێران و تورکیی دەکەونە وتووێژ و لە ســەر ئەوە ڕێکدەکەون کە حکومەتی ئێران هەمەوەندەکان ڕادەســتی حکومەتی عوســمانی بکاتەوە، بۆ زانیاریی زیاتر نوینەرایەتیی حکومەتی ئینگلیس لە ئێران ئەوکات بنەکەیەکیان لە کرماشــان دەبێت زۆر بەجیدی هاوکاریی و هاوڕایی لەگەڵ حکومەتەکانی ئێران و تورکیی هەبووە، محەممەدعەلی شای قاجار دەستوورێک دەنێرێ بۆ مستەفا خان تا ئەو هەمەوەندانە بەزووترین کات ڕادەســتی عوسـمانی یانی تورکیی بکاتەوە، کاتێک کە نامەکە دەدەن بە مســتەفاخان زۆر زۆر بەکورتی جوابی نامەکەی دەرباری ئێران بەم شــێوە دەنووسێتەوە" هەمەوەندەکان لێرە میوان نین و ئێرەماڵی خۆیانەو لە وڵاتی خۆیاندان و ئێمەش ناتوانین ســەرشـۆڕی وەها لە مێژوودا بۆ خۆمان تۆمار بکەین و حازرین نەهامەتی بڕیارەکەی خۆمان بەدڵوگیان قبووڵ دەکەین".

هێندێک لە کەس و کەســایەتییەکانی دیوانی دەڵێن قوربان ئەو وەڵامە زۆر توند بوو و لەوە دەچێت کێشەمان بۆ دروست بکەن کە لە وەڵامدا دەڵێت لۆتییەک لە تاران و دەروێشـێک لە ئستانبوڵ هیچیان لە دەست نایەت، مەبەســتی لە لۆتی شــای ئەوکاتی ئێران و دەروێش خەلیفە یان ســولتانی ئەوکاتی تورکیی بووە.
بەو جۆرە کە پێشتر باسم کردووە لەو سەردەمەدا سیاسەتی شاکانی ئێران وەهابووە کە زۆر جار شــکســت و ناکامییەکانی خۆیان بەشـێوەی کاتی لە ڕێگای دانی ئیمتیازی تایبەتەوە قەرەبوو بکەنەوەو لەو ڕووانگەوە لە وەڵامی ئەو نـامەدا شـــاڵی تورمە لە گەڵ نـازنـاوی مەســـعوودولســـەلتەنە (مسـعودالسـلطنه) بەخەڵات دەنێرێت بۆ مســتەفا خانی گەورە بەڵام لە ژێرەوە لە گەڵ ســـەفارەتی ئینگلیس لە کرماشـــان دەکەونە پیلاندانان بۆ نموونە ســاڵی ١٢٨٧هـ لە چاوپێکەوتنێک لە نێوان جەوامیر خانی (ضرغام الدوله) کوڕی داودخانی کڵهوڕ لە گەڵ محەممەد عەلی شــای قاجار بە گوێرەی پیلانێکی پێشــتر دارێژاو محەممەد عەلی شـــا ناوبانگی "صـــارم الممـلـک" و قەواڵەی (بەڵگە) بەشــێکی گرنـگ لە خـاکی حکومەتی حکومەتەکەی جاف یانی ســەرقەڵاو جەگیران بەخەڵات دەنێری بۆ فەتاح

بەگی گەورە کە وێرای ئەوەیی کە فەتاح بەگ بۆ خۆی حاکم و بەڕێوەبەری تیرەیەک زۆر بەهێزی جاف بەناوی وەلەدبەگی بووە خاوەنی دەســەڵاتی بەڕێوەبەریی لامەرکەزی یان کۆنفدرانســیۆنیی ئەو حکومەتەیی هەبووە بەڵام بەشێوەیەک دەیکەن بەهاوپەیمانی داود خانی کەڵهوڕ،

کاتێک کە دەزانن فەتاح بەگی گەورە شتەکەی پێخۆشە بووە بەمەبەستی لاوازکردنی ئەو دەسەڵاتە بەشێوەیەک لە ڕێگای پیاوانی خۆیانەوە بابەتەکە ئاشکار دەکەن و دەگەیەننە گۆی دەسەڵاتدارانی دیکەی ناوچەکە.

لە ئاکامدا دەگاتە گوێی مستەفاخان و حوکمی گرتنی فەتاح بەگ و هێندێک کەسی دیکە دەردەکات بەڵام پێش لە گەیشــتنی هێزی حکومەتی خوجەیی بەشــدارانی ئەو پیلانە ژن و منداڵەکانیان دەنێرن بۆلای دەســەڵاتداران هەورامان کە ئەوانیش بەشێک لە دەسەڵاتی لامەرکەزی یان کۆنفدراسیۆنی ئەوکاتی جاف دەبن و پیاوەکانیان دەگەنە داودخانی کەڵهوڕ، ئەمە بەشی یەکەمی پیلانی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی عوسمانی لە گەڵ سەفارەتی ئینگلیس دەبێت چونکە بەهاتنی هەمەوەندەکان کە زۆر شــەڕکەربووەن ترسی بەهێز بوونی و پەرە ئەستاندن زیاتری ئەو دەسەڵاتە لای داگیرکەرانی کوردستان و دەستوپێوەندەکانیان دروست دەبێت، وێرای بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەیی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەرێنی دیکە لە مەڵبەندی کرماشــاندا ماوەیەک دوای ئەم ڕووداوە شــەڕێک لە نێوان سنجاوی و کەڵهوڕ ســاز دەکەن یان ڕوودەدات بەڵام چونکە سنجاوییەکان بەشێوەیەک بەشداری ئەو کۆنفدراســیۆنن و ڕێکەوتننامەیان لە گەڵ ئەو دەســەڵاتە خۆماڵییە دەبێت داوای یارمەتی لە مســتەفا خان دەکەن کە ئەویش بەمەبەســتی چارەسەریی کێشەکە بەشدار دەکات کە بەداخەوە لەو کێشەدا کە من لەم ســەردەمەدا بەپیلانێکی ســازکراوی ســیاسی کۆمەڵایەتی دەزانم گوڵەیەک وەبەر دەســتی مســتەفاخانی دەکەوێت و ماینەکەی هەڵیدەدێرێت کە هۆکاری مردنی ئاخرین میری ئەو دەسەڵاتە مستەفا خانی لێ دەکەوێتەوە، هەروەک لە ســەرەوە ئاماژەم پێ کردووە دوای ئەو ڕووداوە ئەو دەسەڵاتە بە پیلانی نەیاران تیکەتیکە دەبێت کە بەشــێوەی خان و بەگ هەرکەس دەبێت بە خاوەنی شــوێنێک لە هێندێک لە ناوچەکانی ئەو دەســەڵاتە و حکومەتی ناوەندی و دەســتوپێوەندەکانیان لەو بەشــەیی کوردســتاندا هێز دەگرنەوە.

نزیک بە چلوپێنج (٤٥) ســـاڵی پێش محمەد بەگ کوڕی نادر بەگی برای حەبیبوڵلا خان کە دەبێت بەبابی دایکی منداڵەکانی من کە ئەوکات تەمەنی نزیک بەحەفتا (٧٠) سـاڵ دەبوو باسی نادر بەگی بابی خۆی دەگێڕایەوە کە وتی لە سـەردەمەی دەسـەڵاتی حەبیبوڵلاخاندا نادر بەگی بابی ئەو بەرپرسی کۆکردنەوەی ماڵیات لە شوێنێک لە هەمەدان بەناوی چاڵەڕەشی هەمەدان بووە، ئیمکانی هەیە زۆرکەس لەم سـەردەمەدا بەپێچەوانە بیر لەم گێڕانەوە بکاتەوە بەڵام وێرای ئەوەی کە ئەو مرۆڤە لەو سەردەمەدا بێ بیرکردنەوە لە هیچ بەرژەوەندیەکی تایبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو باسەی دەگێڕایەوە کەسێکی زۆر ڕاستگۆو تێگەیشتوویش بوو، مەبەستی منیش لەم گێڕانەوەدا ئەوەیە کە بڵێم ئەو دەسـەڵاتە بەگوێرەی پلانێکی تۆکمەو زانسـتی هەنگاوی هەڵگرتووەو دڵنیام کە لەو سـەردەمەدا ناوچەیەکی کوردنشـینی سـەر بەو دەسەڵاتە لە مەڵبەندی هەمەداندا هەبووە.

هەروەها ئیسـتاکە کە بابەتەکان لە ڕووانگەی سـیاسـییەوە ژێروڕوو دەکەم لاموایە ئامانج لە سازکردنی شەڕی کەڵهوڕو سنجاوی سیاسی و بەمەبەستی لە نێوبردنی مستەفا خان بۆ ڕاگرتنی ئەو دەسەڵاتە یان تێکدانی بێت چونکە مستەفاخان لە سەر ئەو بناغە ڕۆیشتووە کە بابی داناوە و زۆر بەجیدی لە فکری بەرین کردنی ئەو سیستەمەیی بەڕێوەبەریی دا بووە.

کۆمەڵانی خەڵک و زانایانی کۆمەڵگای ئەو ســـەردەمە وەک ڕووداوێکی نەرێنی کۆمەڵایەتیی چاویان لە مەرگی مســـتەفا خان کردەوەو زۆر شـــیعرو بابەتیان لەو پێوەندیی دا وتووە کە من لێرە دوو دێڕ لە شـــیعرەکانی شـــێخ ئەولکەریم خانەشووریی بە نازناویی فانی خانەشوور دادەنێم.

این چە غوغایی است می خیزد ز ارکان جهان
شور محشر شد هویدا در میان انس و جان
والە و سرگشتە و حیران و در جوش و خروش
شاە وسلطان، میرو خاقان، جملە پیرو جوان

حەمەتەقی بەگ کە ئەویش کوڕی حەبیبوڵلاخان و برای مســـتەفا خانی یەکەمە هەڵگری شـــێوە بۆچوونێکی چەپ یـان شـــێوە بۆچوونێکی لەو چەشنە بووە کە زۆر هەوڵیداوە بۆ بووژانەوەیی ئەو دەسەڵاتە بەڵام وێرای ئاسـتەنگ لەگەڵ کاردانەوەی ڕاسـتەوخۆی ئینگلیس، ئێران، ئەردەڵانەکان

و خزمانی خۆی ڕووبەڕوو کراوەتەوە کە دوای چەند شـــەڕو پێکدادان لە گەڵ ئینگلیس و ئێران لە گەڵ کوردانی سـەربە بەو دوو دەسـەڵاتە لە کۆتایی دا بەدەستی یەکێک لە براکانی خۆی بەکوشتنی دەدەن.
سـاڵی ١٣١٠ھ (١٩٣١ز) کە ڕەزا شا سـەران و کەسـایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان دەعوەت دەکات و دەیانگرێت زۆربەی لێهاتووان و ناسراوانی کەســـوکاری حەبیبوڵلاخان بۆ ماوەی دە ســـاڵ بەند دەکەن، کاتی هاتنی هێزەکـانی هـاوپەیمـان (متفقین) بۆ ئێران و ئـازادبوونی دیلەکـان دوای مـاوەیەک بـاوای من بەنـاوی ســـلێمـان بەگ ئـارش (حەبیی) کوڕی حەبیبوڵلاخان و برای مســـتەفا خانی یەکەم کە ئەویش لە ســـەر هەمان فکریەتی محەمەد تەقی بەگی برای بووە دەگەڕێننەوە بۆ تاران و لەو شـارەدا ڕایدەگرن، بۆ زانیاری زیاتر لە ســـەر ســـلێمان بەگ ئارش چاو لە کتێبی ڕەخنەو بۆچوون خۆم لە گەڵ لاپەڕەیەکی وتووێژی دوکتور کەریم سنجاوی و ساواک بکە کە لە کتێبی بیرەوەرییەکانی دوکتور کەریمدا هاتووە، هەروەها چاو لە کتێبی" احزاب سـیاسی و انجمن های سری کرماشـان"ی بەڕێز د- محەممەدعەلی سـولتانی بکە، وێرای سـەرچاوەکانی سـەرەوە دوکتور کەریم لە وتووێژێکی تـایبەت لە ژێر نـاوی" تـاریـخ شـــفـاهی ایران" دەڵێت کۆڕنر فلیچری ئینگلیسی- لە سـەر بینین یا نەبینینی سـلێمان بەگ باسی لە گەڵم کرد.

ولی شما انتخاب نخواهید شد. ما مداخله در انتخاب نمی‌کنیم، ولی شما انتخاب نخواهید شد. بعد شما که اینجا آمده‌اید به رشیدالسلطنه گوران[۱]، که یکی از رؤسای ایل گوران بود، چه دستوری داده‌اید؟ به سلیمان بیگ آرش،[۲] که یکی از رؤسای ایل جوانرود [طایفه باباجانی] بود چه ارتباطی دارید؟ گفتم هیچکدام از این دو نفر را من اخیراً ندیده‌ام و حتی نمی‌دانم این آقای آرش که در تهران ساکن است، الان آنجاست یا اینجاست. گفت، شما می‌دانید؛ خوب هم می‌دانید ما هم می‌دانیم که شما می‌دانید. بلند شد و کتاب کوچکی از قفسه برداشت و گفت: این کتاب مربوط به جنگ بین‌الملل گذشته و اقدامات پدران شما علیه ما، در آن جنگ است. شما هم جانشین همانها هستند. برادر شما هم همین گناه شما را دارد و ایل شما هم همین گناه را دارد. شما در اینجا در شهر کرمانشاه نباید بمانید. خلاصه بدون اینکه بنده بتوانم در آنجا فعالیتی بکنم، روز بعد بنده را و برادرم را که رئیس ایل سنجابی بود و پسر عمویم را گرفتند و تحویل یک اتومبیل کامیون دادند و ما را یکسر به تهران برگرداند و به دنبال آن دایی و برادر بزرگتر و پسر عمویم را هم آوردند و به همدان و بروجرد فرستادند. علاوه بر آن چند نفر از رؤسای ایل گوران که با بنده دوستی داشتند، از جمله همان رشید السلطنه را که اسم بردم با برادرش تبعید به همدان کردند و چهار نفر از سادات محترم آنها را هم به تهران فرستادند و بکلی ایلات سنجابی و گوران را از رؤسایشان خالی کردند. در آن زمان علی سهیلی نخست‌وزیر بود. او وقتی که من می‌خواستم به کرمانشاه بروم، به من تلفن کرد و گفت شما به کرمانشاه بروید در آنجا مانعی برای انتخابات شما نخواهد بود. بعد از این که با این کیفیت برگشتیم و ما را تبعید کردند، نه تنها خودم بلکه برادرها و رؤسای گوران را هم که تبعید

---

۱- ر.ک ایلات و طوایف کرمانشاهان، ج ۱ و ۲، ص ۳۸۳ - ۳۷۱

۲- سلیمان بیگ آرش (۱۳۴۶ - ۱۲۷۸ هـ ش) فرزند مرحوم حبیب الله خان نظام الایاله از جوانمردان روزگار، ده سال را در زندان قصر قجر اسارت کشید چون در شهریور ۱۳۲۰ آزاد شد ساکن تهران گردید، مخالف سیاست استعماری انگلستان و منزلش سنگر عشایر منطقه جاف و جوانرود و نیز پناهگاه آزادیخواهان در دوران زندگی مخفی بود. وی در ۱۳۴۶ درگذشت و در ابن بابویه مدفون گردید، رحمة‌الله علیه



دەستخەتی سلێمان بەگ ئارش.



وێنەی سلێمان بەگ ساڵی ١٣٢١هـ (١٩٤٢ز). سلێمان بەگ وێڕای کەندوکۆسپەکان لە شارەوانی تاران وەک بەرپرسی بەشیک لەو ناوەندەدا کاریان پێداوەو تا کۆتایی ژیان لەو شارەماوەتەوە.
لە سەردەمی کۆماردا نامەیەکی لە لایەن کۆماری مهابادەوە بۆی چووە کە بەداخەوە هیچ زانیارییەک لەو پێوەندیی دا لە دەستدا نیی.

زۆر بەکورتی دوای ئەم باس و بابەتانەو لەم کۆتاییانەدا بەگزادەکانی جوانڕۆ لە هەوڵی ئەوەدا دەبن تا دەسەتی خۆماڵی بەسەر ناوچەکەدا بژێننەوەو لە سێ قۆناغدا بۆ ماوەی چەند ساڵ زۆر قارەمانانە لە گەڵ حکومەتی ناوەندی شەڕ دەکەن کە لە کۆتایی دا دەسەڵاتدارانی تاران لە ڕێگای گەمارۆدانیان لە ڕێگای عەشیرەکانی دیکەی ناوچەکەوە ناچار بە تەسلیم بوونیان دەکەن کە ئاکامەکەی لە دوارۆژدا دەبێت بەوە کە هێندێک لە شۆڕشگێڕانی ناوچەکە ڕوو دەکەنە باشووری کوردستان کە چەند کەسیان لەو پارچەیی کوردستاندا شەهید دەبن.

وەک ئەوەیی کە لە سەرەوە نووساومە کاتێک کە ناچاربووم یان ناچاریان کردم تا لە حیزب دانیشم بۆ ماوەیەکی کورت ماڵەکەم گواستەوە بۆ کەمپی دسکەرە، ئەوکات شانسەم هەبوو تا ئەو ماوە لەو کەمپەدا ئاوماڵی مەرحومی حەسەن بەگ کوڕی وەکیلی جوانڕۆ و برای حوسێن بەگی بەناوبانگ بم، مەرحومی حەسەن بەگ ئەوکات تەمەنی لە سەرەوەی حەفتا (٧٠) ساڵ دەبوو کە زۆر جار بەخزمەتی دەگەیشتم و باسی کۆنی بۆم دەگێڕایەوە کە زانیاریی زۆر بەسوودی تێدابوو.
حەسەن بەگ بۆ خۆی یەکێک لە ڕابەرانی شەڕی جوانڕۆ دژبە حکومەتی ناوەندی و سەردەمێکیش لە گەڵ حوسێن بەگی برای لە خەباتکارانی کورد لە باشووری کوردستان لە ڕیزی پارتی دێموکراتی کوردستاندا بەرپرسیارەتی وەک ئامیر بەتالێون و جێگری ئامیر بەتالێونیان هەبووە.
لە بەڕێزیان پرسیارم کردو وتم ئێوە پێش لە کۆماری کوردستان لە مهاباد تا ماوەیەک دواتر لە ڕووخانی کۆماری کوردستان هەر لە شۆڕشدابوون، بەرپرسانی کۆمار پێوەندیان بەئێوەوە نەکرد ئەی ئێوە بۆ پێوەندیتان لە گەڵ کۆمار نەگرت کە وتی: لەو کاتەدا دۆخی ئێمە زۆر جیاواز بوو، هەروەها خەڵکێکی زۆریش لایەنگری کۆمارو زۆرکەس ئاڵای ئەوکاتی کۆماریان دروستکردبوو، بۆ ماوەیەک چاوەڕوان ماینەوە تا کۆمار وەک هەورامییەکان پێوەندیمان لە گەڵ بگرێت بەڵام کاتێک کە بەو قەناعەتە گەیشتین کە دەبێت بۆ خۆمان هەنگاو هەڵگرین زستان بەسەرداهات کە کەسێکمان بەناوی مەلا ئەبتەحی بەنامەیەکەوە نارد بۆ خزمەت پێشەوا قازی محەممەد کە وەک سەرکۆماری کورد چاومان لێ دەکردو لە نامەکەدا نووسیمان با پێکەوە هاوکاری بکەین ئێوە ڕوو لە سنە بێن و هەوڵی گرتنی ئەو شارە بدەن لە هەمان کاتدا ئێمەش هێرش دەکەینە سەر شاری کرماشان، دڵنیابن کە کرماشان دەگرین و لەم ڕێگایەوە دەسەڵاتی کورد یەکدەخەین و حکومەت ناوەندی هیچی لە دەست نایەت، بەڵام قاسد (نامەبەر) لە ڕێگای شاهۆوە دەڕوات کە بۆ ماوەیەک بەهۆی بەفربارین و ڕێبەندانەوە دوا دەکەوێت و کۆمار لە گەڵ کێشە ڕووبەڕوو دەبێتەوە، یانی قاسد نەیتوانی نامەکە لەکاتی خۆیدا بگەیەنێتە دەستی پێشەوا قازی محەممەد تا بزانین وەڵامی ئەوان چ دەبێت.

لە کۆتایی ئەم بەشــەداو بەگوێرەی قەوڵی ســەرەتایی باســەکە وا بەباش دەزانم کە دیســان زۆر بەکورتی باسێک لە حامید بەگ بکەم کە بەتاوانی بەگایەتی کوشتیان، حامید و محەممەد و شـەهید محموود هەر سێکیان برای بوون کە بەهۆکاری بۆچوونی ڕامیاریی بنەماڵەییەوە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە هۆگری کاری ســیاسی دەبن و هەریەکەو لە تەمەنێک و کاتێکی جیاوازدا ڕوو لە باشــووری کوردســتان دەکەن، وێرای ئەوەیی کە لە ژیانی ئاغایەتیی هیچ نازانن زۆر هۆگری مەسەلەی نەتەوایەتی دەبن.

لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێراندا یانی لە کۆتایی ساڵی ١٣٥٧هـ (١٩٧٨ز) هەر سێ برا بە دوو ئایدەوە گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دوای سەرکەوتنی شــۆڕش پارێزگاری کرماشـــان و چەند کەس لە ئەندامانی بەرزی ئەوکاتی شۆڕش یان دەسەڵاتی نوێ لە سەرەتایی ساڵی ١٣٥٨هـ (١٩٧٩ز) داو پێش لە شـــەری پاوە لە ڕێگای خزمانیانەوە کە من یەکێک لەو کەســـانەبووم پێوەنـدیـان لە گەڵ دەکەن و دەڵێن بەخێرهـاتنیـان دەکەین و دەزانین هێندێک هەوڵ لە ئارادایە بۆ تێکدانی ئاسایشی هەرێمەکە بەڵام هیوادارین ئەوان لە گەڵ لایەنی خۆیان بن، مەبەستیان کۆماری ئیسلامی بوو.
هەروەها دەڵێن ئێمە حازرین هەریەکەو ماڵێک بەدڵی خۆیان بە ئیمکانات و ماشــینەوە لە هەر شــارێک کە بۆ خۆیان دیاری دەکەن پێشــکەشــیان بکەین، حـامیـد بکەین بە بەرپرسی هەموو هێزە چەکـدارەکـانی نـاوچەو محەممەدی برای بەکین بەجێگری، محموود بکەین بە بەرپرسی وەزارەتی خوێندنی هەورامانات.
کاتێک خزمان لە قشـڵاخ مەسـەلەکەیان لە گەڵ باس دەکەن تورە دەبن و دەڵێن ئێوە نـازانن مەبەســـتی ئەوان ئەوەیی کە ئێمە بکەن بەجـاش و لە شــۆڕش دامان برن، دەڵێن بە پارێزگاری کرماشــان و لایەنی دیکە بێژن ئێمە کڕیاری نین و یەک بست لە خاکی کوردســتان و منداڵێکی کورد ناگۆڕینەوە بە هەموو ئێران.
لە ڕاســـتیـدا دەبێت بیر لەوە بکەینەوە ئەگەر نیوەی ئەو پێشـــنیـارە بە هێندێک کەس کە هۆکاری لاوازی شـــۆڕش بوون کردبا حازر بوون بڵێین بســـتێکی خاکی کوردســـتان لە گەڵ منداڵەیکی کورد ناگۆڕینەوە بەهەموو ئێران!

لێرەدا هەڵسەنگاندنێکی زیاترو لۆژکیانەتر دەهێڵمەوە بۆ خوێنەران، ئایا کەسێک کە هەموو ژیانی لە پێناو ماف و ئازادیدا تەرخان بکات کام ڕەوشتێکی مرۆڤی و زانستی ئەو ئیجازەیە بە چرێکەکانی فیدایی یان کەسانی دیکە دەدات تا تاوانێکی وەها بکەن؟
لە ڕاستیدا زۆربەی دەرەبەگەکانی قۆناغی فئودالیزمی لە کوردستاندا لە سەدەکانی حەڤدە(١٧) و هەژدە (١٨)دا تەنها ناوەکەیان بەگ و خانە بەڵام کردەوەی زۆربەیان بەگوێرەی سەردەم پێشکەوتووانەو لە زۆر بواردا ڕاگری کولتوورو ڕەسەنایەتی گۆرانی و ئاواز لە گەڵ شیعری کوردی بووەن، دەرەبەگایەتی ئیستاکە لەم سەردەمەدا کە سەدەی بیستویەکەمە (٢١) مۆدرنیزە کراوەو لە ژێر ناوی ئایدئولۆژی یان بابەتی نەتەوایەتی دا کۆمەڵ و کۆمەڵگا دەچەوسێننەوە لەم بوارەدا زۆرشت بۆ باسکردن هەیەو دەزانم بەڵام دەست ڕادەگرم چونکە کاتەکەم بە دەڵ نییە.
بەکورتی عەرزتان بکەم کە کۆسپەکانی سەر ڕێگای خۆمم دەشاردەوەو زۆر گرنگیم بە کردەوەکانی ئەو چەشنە کەسانە نەدادا چونکە لە دۆخێکی زەمانی و ژینگەیەکی باشدا دەژیام، هەروەها ئیستاکەش هەموو ئەو کەسانە بەدۆستی خۆم دەزانم و بێ ئەوەی کە خۆیان ئاگاداربن کە من ئاگادارم بەپێوەری ئەو لۆژیکە کە دەڵێت مرۆڤ هەڵە دەکات ڕێزیان دەگرم و بەچاوی ڕێزەوە چاویان لێدەکەم.

ئەم کردەوانە لە گەڵ تاوانبارکردنی خەڵک بەتاوانی سیخووری کە بەزۆری لە لایەن کەسانی ئاماژە پێکراوی سەرەڕەو لە ڕیزی حیزبەکاندا بەڕێوە دەچوو تاڕادەیەک هۆکاری شێوە دابەشبوونێکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری لێکەوتەوە
چونکە زۆرکەس کە نە ئایینی، نە دەرەبەگ و نەلایەنگری ڕژیم بوون هەڵسوکەوتەکانی بەکێشەی کۆمەڵایەتی و شێوە بێ یاساییەک و ئانارەشیزم پێناسە دەکرد کە دەترسان ڕۆژێک بەشێوەیەک داوێنیی خۆی بگرێت، لە حاڵێکدا کە شتەکە بەپێچەوانەیە چونکە مەسەلەکە شتێکی سیستەماتیکی نەبووە بەڵام نابێت وتەکەی تۆربیون تێرنشۆ لە بەرچاو نەگرین.

لە هێندێک بواردا ڕژیم بوو کە ئاوی لێڵ دەکرد تا بەدەستی کەسانی دیکە ماسی بگرێت، یانی هێندێک لە تاکەکانی ڕیزی ڕێکخراوەکان ماسیان بۆ ڕژیم دەگرت و بە جوانی سووریان دەکردەوە.
کاتێک کە ڕژیم هەستی بە دروستبوونی ناتەبایی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە گەڵ فاکتەرەکانی دیکە کە بۆخۆی خوڵقێنەری بوو کرد باوەشی خۆی بۆ زۆر کەس کردەوەو توانی دۆخەکە بەقازانجی خۆی بگۆڕێت کە بەداخەوە هێندێک کەس کە بڕێکیان لە بنەماڵەی ئاغاو دەرەبەگ بوون بەمەبەستی شێوە بەربەرەکانێیەک یان بەبیانوی دیفاع لە خۆیان چەکی خەیانەت و نەیاری نەتەوەکەیان هەڵگرت و لە گەڵ کەسانی دیکە کە بەشێوەیەک نیگەران یان بەڕەسمی نەتەوە فرۆشی بەدوای بەرژەوەندی خۆیانەوە بوون ڕاستەوخۆ کەوتنە ناوەندی بەرژەوەندی دەسەڵاتەوە کە دەبێت بڵێین ئەمەش دیسان هەڵەو خەیانەت بەشۆڕش بوو، وێڕای پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی ئەرێنی و لۆژیکیتربوونی خەبات پێموایە کە ڕاگەیاندنێکی بەڕێز مستەفا هیجری لیپرسراوی گشتی حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا گرنگ و جێگای سەرەنج بوو چونکە بەشێوەیەک ددانی بە هێندێک هەڵەدا ناو داوای لەبیرکردنی کێشە کۆنەکانی کردو وتی باشتروایە کە قۆناغێکی نوێ دەستپێبکەین، ئەو وتەی کاک مستەفا لە ڕووانگەی منەوە ئەرێنی و بەرهەمهێنەری تەبایی کە هیوادارم ئەو کەسانە کە بەشێوەیەک نیگەرانن بیربکەنەوەو ئەو ڕاستییە کە هەڵەکان سیستەماتیک نەبوون قبووڵ بکەن و بزانن خەیانەت بەخۆ ناتوانێ چارەسەری کێشەکان بکات بەڵکو کێشە بەکێشەکان زیاد دەکات.
هەروەها دەتوانم بڵێم کە مەسەلە شەڕی کۆمەڵەو سپای ڕزگاری لە گەڵ شەڕ یان کێشەی حیزبی دێموکرات و سپای ڕزگار لە ناوچەی هەورامان لە گەڵ شێوەی بەرخۆدانی هێندێک کەس لە ڕیزی حیزبەکان لەو کاتەدا لە ناوچەی هەورامان دیسان زۆر بە زیانی جوڵانەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی لەو بەشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان هەوراماندا تەواو بوو کە دەتوانین وەک کێشەیەکی دیکە چاوی لێ بکەین کە ڕژیم توانی باشترین سوودی لێوەرگرێت و زۆربەی ناوچەکە میلیتاریزەو خۆی وەک ماف پارێز پێناسە بکات.

سەرچاوەی زۆربەی هەڵەکان دەگەڕایەوە بۆ نەبوونی ئەزمونی خەبات و کاری سیاسی لەو سەردەمەدا کە لە زۆر بواردا بێ ئەوەیی کە ئاگاداربیت دەبوویتە بلندگۆی دەستی کاربەدەستانی ڕژیم و هەڵەت دەکرد، کۆماری ئیسلامی ئێران و حکومەتی ئەوکاتی عێراق بە شێوەی جیدی و بەگوێرەیی خۆیان بەدوای حامیددا دەگەڕان بەڵام ڕژیم بەباشی ئاگاداربوو کە هەمان حامید بەگ ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەڕێتەوە دەبێت بە کۆسپێکی زۆر گەورەتر بۆ دەسەڵاتەکەی لە پارێزگای کرماشاندا هەر بۆیە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵی دەدا تا نەگەڕێتەوە.

وێڕای لەقاودانی کوشتنی مرۆڤێکی بێتاوان و بێ دەسەڵات دەتوانین چریکەکانی بەناو فیدایی خەڵک لە گەڵ کەسان یان فاکتەرەکانی دیکە کە یارمەتیدەر بوون تا دایگیرکاران بەئامانجی خۆیان بگەن و کۆماری ئیسلامی ئێران بتوانن ناوچەیەکی ئازادو زۆر بەرینی کورستان کۆنترۆڵ بکات بە بەرپرس یان لەو بواردەدا بە تاوانبار بزانین.

لە پرۆژە ڕامیارییەکاندا بەگوێرەی لۆژیک هەوڵ دەدرێت تا لە ئامراز کەڵکی لەبارو دروست دەستکەوێت بەڵام کردەوەی سەرەوە زۆر بەپێچەوانەی لۆژیکی پرۆژەی ڕامیاریی و کەڵکوەرگرتنی زانستی لە ئامراز بەشێوەی دروست بووە، بەڵکو هۆکارێکی یارمەتیدەر بووە بۆ ڕژیم تا بتوانێ لە ناوچەکانی دیکە کە بەرخۆدان زیادتر لە گۆڕێدا بوو بەهێز بێ چونکە ئەو حەلەیان بۆ ڕەخساند تا زۆر بە ئاسانی دەستبەسەر بەشێکی بەرچاو و گرنگ لە هێزەکانی حامیددا بگرێ و دەسەڵاتی خۆی بەرین ترو گوشارەکانی لە ناوچەکانی دیکەدا ئاست پێ بدات بۆ نموونە لە کامێران.

بەمەبەستی ئەوەیی کە جوانتر بیر لە نووسراوەکەی من بکەیتەوە سەرەنجت ڕادەکێشم بۆ بابەتێکی زانستی کە وتەیی خۆم نییە.

زانایان وتوویانە هەر نەتەوەیەک خاوەنی ڕادەیەک مرۆڤی بێتەفاوەتە بەڵام ئەگەر ڕادەی ئەم بێتەفاوەتانە لە ئاستی ئاسایی خۆی تێپەڕێ دەبێ بەدوای چارەسەریدا بگەڕێن چونکە ئیمکانی بۆ دەچێت ئاسەواری نەرێنی و هۆکاری دەستەبەر بوونی فاکتەرەکانی تێکدانی بەدواوە بێ، هێندێک لە زانایانی بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسی لە سەر ئەو بڕوان کە ژیانی هەستی (هاوهەستی) بەشێکی گرنگی پێوەندی تاک و کۆمەڵگاکەیەتی کە کارتێکردنی لە سەر ڕەفتارو کاردانەوەی کۆمەڵایەتی ئەو دادەنێ کە دەبێ لە کۆتایی دا

هەست بەشێوەی ئاسایی لە لایەن هەڵسوڕەوە بکەوێتەگر یان بێتەفاوەتی لە قاو بدرێت تا هۆکاری دابەزینی ئاســـتی کەموکوڕی دابەزێت و بەرز بوونەوەی خۆشی لێ بکەوێتەوە،
بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەکەی بێ یانی ئاســـتی هەڵە بەرز دەبێتەوەو ئاکاری نەرێنی دەداتە دەست و هۆکاری ساف بوونی هەستی بەدواوە دێت، منیش لێر بە ورژاندنی ئەو باسانەیی سەرەوەو هەروەها لە نووسراوەکانی داهاتوودا دەمەوێت خزمەتێکی بچووکم بە دابەزاندنی بواری هەڵەو دەستەبەر کردنی کۆمەڵگایەکی بەناوەڕۆک و هەستی بۆ هەمووان کردبێت.

بەشێوەیەکی دیکە سەرچاوەی باسەکەی من پشتی لە ڕابرووو ڕووی لە داهاتووە کە بەزۆری ســـەرچاوەکەیی وەبیر هێنەرەوەیی گرفتەکانی ســـاڵی ١٣٥٨هـ (١٩٧٩ز) بەدواوەیە کە لە ڕووانگەی خۆمەوە بناغەی کێشـــە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ناتەباییەک کە لە ســـەردەمی زۆر کۆنتر لە مێژووی باسەکەی من ڕوویداوە کە بە شێوەی دەروونی وەک کێشەیەکی نادیار ماوەتەوە بەڵام کاردانەوە بەپێچەوانەکان لە ســـاڵی ١٩٧٩ز تا ئەم سەردەمە بەگشتی بە زیانی کۆمەڵ و کۆمەڵگا شکاونەتەوە یان دەشکێنەوە چونکە دژایەتی کەسێک یان کەسانێک کە لە سیستەمێکدا پێناسە کراون کە لە مێژەمانە نەماوە یان ئالوگۆڕی بەســـەردا هاتووە لە گەڵ دژایەتی کردنی دەرەوەی لۆژیک و زانســـتی ئایدەیەکی وەک ئایین کە پێوەندی ڕاســـتەوخۆی لە گەڵ پیرۆزی ڕادەیەکی زۆر خەڵکدا هەیە تەنها لە قازانجی لایەنی سێهەم دایە.
دەروونناســـانی بلیمەت یان کۆمەڵناســـانی کۆمەڵایەتی بواری چارەســـەری کێشـــە وەک **نیکلاس ئادین** و **یان ئەتلە** زۆر بابەتیان لە ســـەر کارتێکردنی نەرێنی و هۆکاری دووری مرۆڤەکان لە بەرژەوەندی گشـــتیان لە ئاکامی ئەم شێوە کێشە دەروونیی نووساوە، نیکلاس لە باسێکدا دەڵێت سەردەمێک ئەم کێشە بێ بناغەو دەروونیی چارەسەر دەبێت کە هەرکەس بەرپرسیارەتی خۆی بە ئەســـتۆ بگرێت دەروونی خۆی لە هەســـتی نەرێنی کە هۆکارەکانی بەلاڕێدا بردنی ڕاستییەکانە پاک بکاتەوە، ئەگەر وا نەکەین ئامانجی سەرەکی فیدای کێشە دەبێ، هەروەها لە زۆر بواردا ئەم بەشەیی باسەکەم کێشەکانی نێو ڕێکخراوەکان دەگرێتەوە کە بەشێوەی جۆراوجۆر هۆکاری جیابوونەوەو

قەیرانی لێکەوتەوە، یانی کێشـــەیەک کە لە دەروونندا ڕایگری و چاوەڕووانی ڕۆژێک بی بۆ تۆڵەکردنەوە زۆر زیانبارەو هۆکاری دوورکەوتنەوە لە ئامانج بە دوای خۆیدا دێنێت.
هەروەک لە ســەرەتاوە هاتووە مێژووی کورد پڕە لە کێشــەو گرفتی جیاواز بەڵام لە ســەردەمی ژیانی مندا وێرای گێڕانەوەکانی ســەرەوە دەتوانم بێژم کە شــەڕی کۆمەڵەو حیزبی دێموکرات وەک دوو هێزی خۆماڵی و بەهێز خراپ ترین ڕووداو بووە کە قازانجی زۆری بۆ داگیرکەرانی کوردســـتان و بەزیانی گەلی کورد شــکایەوە، ئەو شــەڕە خوێناویی کە هۆکاری کوژرانی زۆر کوری کوردو خەبـاتکـاری لە هەردووک لایەن لێکەوتەوە لێرەدا چـاوپۆشی لە گێڕانەوەیی دەکەم، وێرای ئەوەیی لەو ســـەردەمەدا بۆ ماوەیەک لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بووم بەڵام بەخۆشییەوە هیچ چەشنە بەشدارییەکم لەو شەڕە براکوژیی دا نەبووە چونکە لەو کاتەدا مەقەڕی ئێمە لە بەمۆ بوو کە تەنها تیمێک لە پێشـــمەرگەکانی کۆمەڵە لە نێوان ســـاڵەکانی ١٣٦٢ و ١٣٦٣هـ (١٩٨٣ز) هاتن بۆ بەمۆ و لە پشـــتی کانییەکەی **بنگوێز** جێگیربوون کە لە ســـەرەتای شـــەڕەکەوە ناوچەکەیان چۆڵکرد.

## حیزبی دێموکرات و شۆرای بەرگری نەتەوەیی (شورای ملی مقاومت).

کاتێک کە ئاخوندەکان توانیان دەسەڵاتی خۆیان بەباشی بەسەر وڵاتی ئێران و گەلانی ئەو وڵاتەدا داسەپێنن کەوتنە دژایەتی زۆربەی ئەو ڕێکخراوانەیی وڵات کە بۆچوونی جیاوازیان هەبوو، ئەو ڕێکخراوانە کە ناتەبایی و پێکدادانی هزری یان کۆمەڵایەتیان لە گەڵ ئاخوندەکان پەیدا کرد ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە لەو سەردەمە وەک ناوچەیەکی ئازاد جێگای سەرەنج بوو کە وێرای هەڵسوڕان و هەڵسوکەوتی ڕێکخراوە خۆماڵییەکانی باشوورو ڕۆژهەڵات، کوردستان وەک سەنگەری هەموو ئازادیخوازانی گەلانی ئێران و گەڵی کوردی لێهاتبوو کە بەشێوەیەکی زۆر جوان پێشوازیی و میوانداری لە هەمووان دەکرد، ئەم میوانداریی هۆکارێک بوو تا ڕووانگەی هێندێک لەو ڕێکخراوانە لە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی کورد هێندێک ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێت، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لەو سەردەمەدا بەیەکێک لە هێزە بەهێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێناسە دەکرا لە گەڵ ڕێکخراوەی مجاهیدینی گەلی ئێران بە ڕابەرایەتی بەڕێز مەسعوود ڕەجەوی بۆ ماوەی چەند سال وەک دوو دۆست دژی بە دەسەڵاتی سەرکوت کە مەلاکان ڕابەرایەتیان دەکرد لە خەباتدابوون، لە کۆتایی دا ئەم هاوکاری و مێوانداریی هێندێک ئاڵوگۆڕی زیاتر و لەبارتری بەسەردا هات کە من لەم باسەدا ڕێکخراوەی مجاهیدینی گەلی ئێران وەک ڕێکخراوەیەک هەڵدەبژێرم کە بەشێوەی نووسراوە لە بەرنامەی سیاسەتی نێوخۆیی خۆیدا بۆ داهاتووی وڵاتی ئێران خودمختاری لە ١٢ ماددەدا بۆ گەلی کورد دەستنیشانکردو ڕایانگەیاند باس دەکەم.

ئەو پلان یان گلاڵەیی خودمختاری شورای نەتەوەیی بەرگری کە لە ڕێکەوتی ١٣٦٢/٨/١٧هـ (١٩٨٣ز) بڵاو کرایەوە کورتەکەی بەشێوەی خوارەوە بوو.

"بەو پێی کە شۆرای نەتەوەیی بەرگری بڕوای بە ڕووخانی ڕژیم ئاخوندەکان و دەستەبەر کردنی سیستەمی سیاسی لە سەر ویست و دەسەڵاتی گەلە، بۆ ئەوەیی بتوانێ گارانتی مافی خەڵک بۆ بەشداری لە هەڵکێش و داکێشە دێموکراسییەکان لە کۆمەڵگادا لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و

یەکگرتوو بکەن بەپێویســـتی دەزانێ کە ڕێز لە خەباتی بەرهەقی گەلی کورد بۆ ئێرانێکی ئازادی و دێموکراتیک بگرێت،
لەم ڕێگایەوە ڕادەگەیەنین کە کوردسـتانێکی خودمختارو ئازاد لە چوارچێوەی پلانی شـۆرای نەتەوەیی بەرگری و حکومەتی کاتیدا مافی گەلی کوردە بۆ کۆتایی پێهێنان بە شـــەڕی ناڕەوا دژبە گەلی چەوســـاوەی کورد شـــۆرا بە گوێرەی ماددەی ٣ کوردســـتانێکی خودمختار ڕادەگەیەنێت تا لەم ڕێگایەوە بتوانێ ئاسەوارەکانی شەڕ لە نێو بەرێت.
پلانی خودمختاری کوردستانی ئێران بە شێوەی خوارەوە دەبێت.
١: نـاوچەی خودمختـار هەموو کوردســـتـانی ئێران دەگرێتەوە، نـاوچەی دەســـەڵاتی حکومەتی خودمختار بەگوێرەی ویســـتو داوخوازی دانیشـــتوانی کوردستانی ئێران دیاری دەکرێت.
٢: دەســـەڵاتی یاســـادانان لە ناوچەی خودمختاردا لە ڕێگای شـــۆرای بەرزی (پارلەمان) کوردســـتان کە لە ڕێگای نوێنەرانی ئەو شـــۆراوە کە لە هەڵبژاردنێکی ئازادو دێموکراتیکدا هەڵدەبژێرێن دیاری دەکرێت، نابێت شـــۆرای بەرزی کوردستان دژی یاسای گشتی کۆمار بێ.

٣: بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆیی هەرێمی خودمختار بێجگا لەو خاڵانە کە لە ئەســـتۆی حکومەتی ناوەندیدایە لە ئەســـتۆی ناوەندەکانی حکومەتی خودمختـارە، دیـاریکردنی بەرزترین نـاوەنـدکانی بەڕێوەبەری و چـاودێری لە ئەستۆی شۆرای بەرزی کوردستانە.

٤: ئەرکی بەڕێوەبردنی دیســـیپلینی نێوخۆیی ناوچەی خودمختار لە ئەســـتۆی ناوەندەکانی حکومەتی خودمختارە کە هێزی لەبار بۆ ئەم ئەرکە بەگوێرەی ماددەی مەوجودی ٢ی شۆرا دەبێت.

٥: کاروباری پێوەندیدار بە ســـیاســـەتی دەرەوە لە گەڵ پێوەندی دەرەوە، ئاســـایشیـــ گشـــتی کۆمار ئێران و پاراســـتنی تەوایەتی وڵات (چاودێری لە ســـنوورەکان، تەوایەتی خاک و یەکگرتوویی وڵات) لە ئەســـتۆی حکومەتی نـاوەنـدیـدایە، هێزی ســـەربازی (ئەرتەش) وەک هەموو وڵاتی ئێران مـافی دەستتێوەردانی لە بواری کاروباری نێوخۆیی دا نییە.

٦: بواری پێوەندیدار بە کاری و باری تجارەتی دەرەوەو گومرک، دیاریکردنی پوڵی و ماڵی وڵات، ئەرکەکانی پێوەندیدار بە بانکی ناوەندییەوە، مەسەلەی بوودجەی گشتی و پلانی ئابووری کە بایخی سەرتاسەری هەیە یان پێوەندی بە سەرمایەگوزاری کەڵانەوە هەیە لە لێهاتوویی و ئەستۆی حکومەتی ناوەندیدایە، بەڕێوەبردنی هەموو بەشەکانی دیکەی ئابووری ناوچەی خودمختار لە ئەستۆی ناوەندەکانی حکومەتی خودمختارە، کەڵکوەرگرتن لە کانگا سرووشتییەکان و سامانە گشتییەکان وڵات کە بایخی گشتیان هەیە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدایە کە لە بەرژەوەندی هەموو گەلانی ئێراندا سوودیان لێ وەردەگرێت، ناوەندەکانی خودمختاری کوردستان لە کاری کەڵکوەرگرتن و دەرهێنانی سامانە سرووشتییەکان هاوکاری حکومەتی ناوەندین.

٧: زمانی کوردی، زمانی رەسمی خوێندن و نووسینە لە چوارچێوەی حکومەتی حودمختارداو لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا خوێندن بە زمانی کوردی بۆ دانیشتووانی ناوچەی خودمختار رەسمیەتی هەیە. زمانی فارسی لە ناوچەی خودمختاردا وەک هەموو وڵات بە زمانی گشتی پێناسە دەکرێت و لە تەنشت زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرێت، پێوەندی حکومەتی خودمختار لە گەڵ حکومەتی ناوەندی و ناوچەکانی دیکەی ئێران لە گەڵ ناوەندەکانی حکومەتی ناوەندی بە زمانی فارسی دەبێت، هەموو دانیشتووانی جیا لە کورد لە ناوچە حکومەتی خودمختار مافی ئازادی کولتووری و زبانی خۆیان هەیە.

٨: هەموو ماف و ئازادییەکانی دیاریکراو لە جارنامەی مافی مرۆڤ و ناوەندەکانی نێونەتەوەیی پێوەندیدار بەو مافانەوە وەک ئازادی بەیان، ئازادی رۆژنامەوانی، ئازادی پێکهێنانی رێکخراوی مەدەنی و سیاسی، چالاکی رامیاری و شۆرایی وەک رێکخراوەی کرێکاری، جوتیاری و بازرگانی، رێکخراوەکانی دێموکراتیک، ئازادی پیشەو شوێنی دانیشتن، ئازادی ئایینی لە کوردستانی خودمختاردا وەک هەموو ناوچەکانی دیکە ئێران گارانتی کراو دەبێت، هەموو دانیشتووانی کوردستان چ ژن و چ پیاو وەک باقی دانیشتووانی دیکەی ئێران

بێ جیاوازی ڕەگەزی، نەتەوەیی، بنەماڵەیی و ئایینی لە بەرابەری مافی ئازادی و کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کولتووری وەک یەک بەرخوردارن.

٩: ناوەندی یاسایی کۆمار یەکسانە و لە ناوچەی خودمختاردا دادگاکان بەگوێرەی یاسای کۆماری لە گەڵ یاسای دیاریکراوی شورای بەرزی کوردستان کار لە سەر کێشە یاساییەکان دەکەن، هێزەکانی سەربازی کوردستانی خودمختار وەک هەموو هێزەکانی دیکەی سەربازی وڵات دەبێت بڕیارو فەرمانەکانی ناوەندە یاساییەکان جێبەجێ بکەن.

١٠: ناوەندەکانی حکومەتی خودمختار دەبێت لە دەستتێوەردان لە بابەتێکدا کە لە ئەستۆی حکومەتی ناوەندیدایە خۆ بەپارێزن و حکومەتی ناوەندی لە بواری جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا یارمەتی بکەن، هەروەها حکومەتی ناوەندی و دەستوپێوەندییەکانی نابێت دەستتێوەردان لە بابەتێکدا بکەن کە پێوەندی تایبەتی بە ناوەندەکانی حکومەتی خودمختارەوە هەیەو دەبێت هاوکاری حکومەتی حودمختار لە ئەنجامی ئەرکەکاندا بدەن.

١١: حکومەتی ناوەندی لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی لە پێوەندی لە گەڵ بووژانەوەی خێرای ناوچە دواکەوتووەکانی وڵات بەرپرسەو بەشێکی زیاتر لە داهاتی وڵات بەمەبەستی چارەسەری دواکەوتوویی ناوچەی خودمختار تەرخان دەکات.

١٢: خەڵکی ناوچەی خودمختاری کوردستان و هاووڵاتیانی دیکەی خۆی لە هەموو ئێراندا لە ڕێگای یاساو بێ هیچ جیاوازییەک بەشداری بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات دەکات.

**ئەو خاڵانەیی سەرەوە کە لە فارسییەوە وەرمگێڕاوەتەوە بەشێک لە پلانی خودمختاری کوردستان لە لایەن ڕێکخراوەی مجاهیدین و شورای نەتەوەیی بەرگری بوو کە تا ئەمڕۆکە ئەم بیرەوەریی دەنووسم ئەو ڕاگەیەندراوەی ڕێکخراوەی مجاهیدینی گەلی ئێران وێرای چاوپۆشیکردن لە کەمی و کەیفییەتەکەی بەرفراوان ترین و لە بارترین قبووڵکردنی مافە بۆ**

گەلی کورد کە ڕێکخراوەیەکی سـەرتاسـەری وڵاتی ئێران هێناویەتیی سـەر کـاغەزو لە لایەن ڕێـکـخـراوەیەکەی دیکە بەنـاوی شـــۆرای نەتەوەیی بەرگرییەوە پەسەندکراوە.
بەدڵنیـاییەوە هەڵســـورێنترین ڕێکخراوەیی نێو ئەو شـــۆراو دانەری بەردی بناغەی ئەو شۆرا ڕێکخراوەی مجاهیدینی گەلی ئێرانە.
حیزبی دێموکرات کوردســـتانی ئێران لە ســـاڵی ١٣٦١هـ دا (١٩٨٢ز) کە من"یش لە ڕیزی حدکادا بووەم چووە نێو شـورای نەتەوەیی بەرگرییەوە کە ئامانجی ئەو ڕێکخراوە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی وەک ڕووخانی حکومەتی ئاخوندەکان بوو، وێرای هەبوونی بۆچوونی دژبە ڕۆیشتنی حیزبی دێموکرات بۆ نێو ئەو شـــۆرا لە لایەن ڕێکخراوەو تاکەوە وا پێشـــبینی دەکرا کە ئەو هاوپەیمانیی ئاسـتی خەبات دژبە کۆماری ئیسـلامی ئێران بەرزترو لە سـەر جەماوەری کردنی خەبات کارتێکردنی ئەرێنی دانێ، یانی هەسـت بەوە دەکرا کە شێوە ئاڵوگۆڕێکی بە قازانجی شۆڕش ڕوویدات.

با لێرەدا کەوانێک بکەمەوەو بڵێم کە لە خەبات و ژیانی ڕامیاریدا چەند خاڵ لام گرنگ و تا ئیسـتاکە نەگۆڕ ماونەتەوە، یەکەم بڕوای قووڵم بە یەکیتیی و هاوخەباتی بووەو بەگوێرەی توانی خۆم لەو بوارەدا هەســـتم دەربڕیوە، هەورەها وێرای بڕوا بە وتووێژ زۆر نەیاری وتووێژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بووم و لەم بوارەدا لە داهاتوودا هۆکارەکەی دەخوێنیتەوە، هەروەها وێرای ئەوەیی کە زۆر کەسی سیاسی و ڕۆشـنبیر پێدارگری لە سـەر دوو باڵی ئاخوندەکانی ئێران وەک بناژۆخوازو لیبراڵ دەکردەوە من لە ســەر ئەو بڕوا بووەم کە ئەوە لە ســـەرەتادا تەنها پروپاگەندەیەک بوو کە ئاخوندەکان بەمەبەستی چەواشەکردنی ڕای گشتی هێنایانە گۆڕەپانی سیاسەتەوە کە لە بەردەوامی مێژووداو بەگوێرەی کارتێکردنی ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و نێوخۆییەکان هێندێک لە ئاخوندوو دەســـتوپێوەندییەکانیان بەتێگەیشـــتن لە شـــێوەی بیرکردنەوەی زۆربەی خەڵکی کۆمەڵگا هەوڵیاندا تا لە بەرژەوەندی خۆیاندا خۆ بەڕیفۆرمخواز بناسـێنن بەڵام لە سـەرەتای سـاڵی ١٤٠٠هـ (٢٠٢١ز) بەهێنانە ســـەرکاری ئاغەی رئیسی_ وەک ســـەرکۆماری وڵات پێموایە کە هەوڵی کۆتایی پێهێنان بەو دەنگۆیە سەریهەڵداوە، لە سەرەدەمی بەناوبانگ ترین ســـەرکۆماری باڵی بەناو ڕیفۆرمخواز ئاغەی خاتەمی دا کاتێک کە

خەڵک ویستیان خۆپێشاندان بەرین تر بکەنەوە وتی لەبیرتان نەچێت کە منیش ئاخوندم و جیاوازییەکی ئەوتۆم لە گەڵ ئاخوندەکانی دیکە نییە، ئەمە ڕاستییەکی زۆر حاشا هەڵنەگرە کە بەرژەوەندی و سەرچاوەی دەسەڵاتی ئاخوندەکان یەک شوێنەو هەموویان دەبەسترێتەوە بە ئاغەی خامنەییەوە.

جا با بگەڕێینەوە بۆ سەر بابەتی سەرەکی کە مەسەلەی ڕۆیشتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانە بۆ نێو شۆرای نەتەوەیی بەرگری و هاوپەیمانی لە گەڵ ڕێکخراوەی مجاهیدینی گەلی ئێران، هەروەک لە سەرەوە هێناومەتەگۆڕێ وێرای ئەوەیی کە ڕادەیەکی زۆرکەم نەیاری ئەو هاوپیمانیی بوون لە موقابیلدا خەڵکێکی زۆر بەتایبەتی لە ڕیزەکانی حیزبدا ئەو کارەیان بەکارێکی ئەرێنی و باش پێناسە دەکردو حیزبیش لە ڕێگای مێدیاکانی خۆیەوە زۆری پێیدا هەڵگوت، بەڵام شێوەی بیرکردنەوەی حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەی مجاهیدینی خەڵک زۆر جیاوازبوون، حیزبی دێموکرات وتووێژی بە بەشێکی گرنگی خەبات دەزانی و شۆرای نەتەوەیی بەرگریی و ڕێکخراوەی مجاهیدین لە سەر ئەو بڕوا بوون کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە ڕابەرایەتی ئاخوندەکان سیستەمێکی گەندەڵە و دەبێت هەوڵ بدرێت بۆ ڕووخانی، ئەم دوو ئایدە زۆر جیاوازە هۆکاری پێکدادانی ڕەخنەگرانەی لێ دەکەوتەوە کە شۆرای نەتەوەیی بەرگری دوو ڕاگەیاندراوی بە نێوەڕۆکی خوارەوە دەرکردو حیزبی دێموکراتیش ژێری هەردووک نووسراوەی ئیمزا کردووە.

پێداگرتن یان بەیاننامەیی ژمارە یەکی شۆرای نەتەوەیی بەرگری لە ڕێکەوتی ١٣٦٣/١/٢١هـ (١٩٨٤ز).

"شۆرای نەتەوەیی بەرگری هێشتاکە ڕژیمی خوێنخۆرو دژی مرۆڤی خومەینی لە گشتیەتی خۆیدا ڕەد دەکاتەوە و ئیمکانی وتووێژ لە گەڵ ئەو سیستەمە بەکارێکی بێهودەو دژبە بەها ئازادییەکان دەزانێ کە بەمەبەستی ڕووخانی هەستی بەرگری خەباتکارانی گەل پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن، ئەم شۆرایە هەروەک ڕابردوو لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ڕووخانی حکومەتی مەوجود تەنها لە ڕێگای خەباتی توندوتیژییەوە دەستەبەر دەبێت کە لە دۆخی سەرکوت و

نادادپەروەریی ئیستاکەدا چاوپۆشیکردن لەو ڕاستیی بیانویەکە کە تەنها لە قازانج و بەرژەوەندی ڕژیمی ئاخوندەکاندایە".

**پێداگرتنی (بەیاننامە) ژمارە دووهەمی شۆرای نەتەوەیی بەرگری لە ڕێکەوتی ١٣٦٣/٦/٢٣هـ (١٩٨٤ز).**

"شۆرای نەتەوەیی بەرگری حکومەتی خومەینی و هەموو گرووپەکانی نێوخۆیی ئەو حکومەتە بەگشتی بە دژی شۆڕش پێناسە دەکات کە بەشێوەی ئاسایی هەر چەشنە پێوەندییەک یان هەڵسوڕانێک کە بتوانێ هۆکارەکانی یارمەتی بە بەهێزبوونی ئەو ڕژیمە دژی گەلی بکات لە چەشنی گۆڕانخوازی و قابیلی گۆڕان بوونی پیشان بدات بەشێوە هاوکارییەک لە گەڵ حکومەتێکی دژی گەلی و هەوڵدان بۆ لاوازکردنی هێزەکانی لایەنگری ئازادی و خەیانەت بە بەرزترین بەرژەوەندی گەلانی ئێران و دژایەتی لە گەڵ ئامانج و ئازادی ئەوانە".

**لە ئاکامدا هۆکارەکانی جیاوازی هزری هۆیی دەرچوونی حیزبی دێموکرات و ڕاگەیاندنێک لە لایەن شۆرای نەتەوەیی بەرگەری لە ڕێکەوتی ٢٠ی نەورۆزی (فروەردین) ساڵی ١٣٦٤هـ (١٩٨٥ز) بەشێوەی خوارەوە لێکەوتەوە.**

"حیزبی دێموکرات یان دەبێت شۆرای نەتەوەیی بەرگری هەڵبژێرێ یان ڕژیمی خومەینی" ئەم ناوانەی خوارەوە ژێرەکەیان ئیمزاکردبوو، ١: زانایانی زانکۆو قوتابخانەکانی بەرزی وڵات، ٢: بەرەی دێموکراتیک نەتەوەی ئێران هدایەت مەتین دەفتەری، ٣: بنیاتی دیفاع لە دێموکراسی و سەربەخۆیی ئێران (داد) جەلال گەنجەیی، ٤: حیزبی کاری ئێران حەمید بەهمەنی، ٥: چریکەکانی فیدایی خەڵک شوێنکەوتووی بەرنامەی هویەت مەهدی سامع، ٦: مجاهیدینی گەلی ئێران مەهیدی ئەبریشەمچی، ٧: ناوەندی (کانون) تەوحیدی بازارییەکان، ٨: کازم باقرزادە، ٩: سەروان حەمید زیرەکباش، ١٠: مەنوچەر هەزارخانی و چەند ئیمزای دیکە کە بەمەبەستی ئاسایشی ناتوانین ناوەکانیان بنووسین".

بەداخەوە کە دوای ئەم نووسراوە نێوانی ڕێکخراوەی مجاهیدینی خەڵک و حیزبی دێموکرات زیاتر تێکچوو و هاوکارییەکی ئەوتۆیان نەما کە هۆکارەکەی دەگەڕایەوە بۆ شێوەی بیرکردنەوەی هەردووک لایەن.
وێرای ئەوەی کە وتنی ڕاستی لە هێندێک بواردا هۆکاری کاردانەوەی نەرێنی لایەنێکی لێ دەکەوێتەوەو ئیمکانی ئەوەی بۆ دەڕووات کە وەک لایەنگری لە ڕێکخراوەی مجاهیدینی گەلی ئێران قامکم بۆ ڕاکێشن بەڵام وتنی ئەوەی کە بەڕاستی دەزانم وەک ئەولەویەتی یەکەم و نرخەکەی وەک ئەولەوێتی دووهەم قبووڵ دەکەم.
ڕیکخراوەی مجاهیدینی خەڵک وێرای کەموکورییەکانی ڕامیاریی و هزری لە باری پێناسەی نەتەوەیی کورددا، هەروەها لە بواری هاوکاریدا زۆر باش بوو کە ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزب زۆر جار بە ئەمەگناسییەوە باسیان لێوە کردووەو شەهید دوکتور قاسملوو لەو سەردەمەدا لە پەیامێکدا بۆ ئاغای مەسعوود ڕەجەوی کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٩٩دا بڵاو کرایەوە قامکی خستەوەتە سەر هێندێک خاڵ و بابەت.
وتووێژی گۆڤاری ڕێکخراوەی مجاهیدینی گەلی ئێران لە گەڵ شەهید د-قاسملوو لە ساڵی ١٣٥٩ھ (١٩٨٠ز) کاردانەوەی زۆر ئەرێنی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەو سەردەمەدا کە سەردەمێکی زۆر ئاڵۆز بوو بەدواوەهات کە لەو کات و ساتەدا هۆکاری زیاتری دایە دەستی ڕژیمی ئاخوندەکان تا هێرشی زیاتر بکەنە سەر ئەو ڕێکخراوە.

ساڵی ١٣٦١ھ (١٩٨٢ز) کاتێک کە ڕادیۆی ڕێکخراوەی مجاهیدین لە دۆڵەتوویی ناوچەی پیرانشار بوو ڕادیۆ حیزب لە ڕێگای ڕادیۆی مجاهیدینەوە بەهێز دەکرا تا بتوانێ دەنگی خۆی بە زۆر شوێنی وڵاتی ئێران بگەیەنێت، لە ساڵی ١٣٦٣ھ (١٩٨٤ز) دا کاتێک کە مەسەلەی وتووێژو هۆکارەکانی وتووێژ لە نێوان حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەی مجاهیدینی گەل دێتە گۆڕێ و حیزب کێشە ئابووری وەک یەکێک لە هۆکارەکان باس دەکات ئەو ڕێکخراوە وێرای ئەوەیی کە دەڵێت نانی شەومان پێکەوە دەخوین و فیشەکەکانمان دەکەین بە دوو بەشەوە سەد هەزار فەرانک (١٠٠٠٠٠) لە گەڵ نەخشەی وڵاتی ئێران دەبەن بۆ مەقەڕی حیزب و

ڕادەستی نوێنەرایەتی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی دەکەن و بە دەیان هاوکاری دیکەیان کردین.
لە سەر ئەو بڕوام کە مەسەلەی وتووێژ لە گەڵ حکومەتێکی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران بە ڕابەرایەتی ئاخوندەکان کە ڕووانگەیەکی زۆر بەپێچەوانی دێموکراسیان هەیە ئەگەر بەرژەوەندی تێدابێ بۆ ماوەیەکی کورتەو دەبێ بەشداری تاوانەکانی ئەو دەسەڵاتە بکەیت، دووهەم لامواپە کە مەسەلەی وتووێژ لە گەڵ حیزب دوو ئامانجی دیاریکراو و ڕوونی لەخۆ دەگرت، یەکەم تیرۆر و شەهید کردنی گەورە سیاسەتوانێکی وەک دوکتور قاسملوو کە بە تێرۆر کردنی توانیان گەورەترین زیان بە خەبات و بەرژەوەندی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا بگەیەنن، سێهەم کەڵکوەرگرتن لە بابەتی وتووێژ فاکتەرەکانی دروستکردنی مەودای هزری و هاوکاریی لە نێوان ڕێکخراوەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێران بووە.
زۆر ڕوون و دیاربوو کە باوەڕیان بە وتووێژ نیە چونکە لە هەمان سەردەمدا کەسایەتییەکانی دەسەڵاتداری ڕژیم بە بۆچوون جیاوازەوە لێدوانیان دەداو ڕای خۆیانیان لە سەر مەسەلەی کورد لەو پارچەی کوردستاندا دەهێنایە بەرباس و شیکردنەوە، وێرای بڕیاری خومەینی وا بەباش دەزانم کە هێندێک نموونە وەک بەڵگەی بۆچوونەکەی خۆم بێنمەوە.
ئیزدەی بەرپرسی قەرارگای حەمزە کە یەکێک لە بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی هێرش بۆ کوردستانە لە وتووێژێک لە گەڵ گۆڤاری سپای پاسداران بە ناوی پەیامی شۆڕش لە ڕێکەوتی ١٩ی خەزەڵوەر (ئابان) ساڵی ١٣٦٣ھ (١٩٨٤ز) دا بڵاو کرایەوە لە ژێر ناوی شیکردنەوەیەک لە لایەن برادەر ئیزەدی بەرپرسی مۆڵگەی حەمزە سەیدولشوهەدا نووساویەتی" بەڵام ئەم ئاسایشە کە ئێمە بەشێوەی ڕووخساری ئیستاکە لە کوردستاندا دەیبینین ناتوانین وەک ئاسایشی- واقعی بیری لێ بکەینەوە، کاتێک ئێمە سەرکەوتوو دەبین کە ڕیزی خەڵک لە ڕیزی دژی شۆڕش جودا بکەینەوە چونکە دژی شۆڕش کارو کردەوەی خۆی وەک بەرژەوەندی خەڵک پێناسە دەکات، ئەگەر ئێمە بتوانین سەرکوتن بەدەست بێنین و ئەم پلانە ناسیونالیستیی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بگرین و خەڵکی ساکار، سادە و موسلمان کە بەهۆکاری کرداری هەڵەی ئێمەو پلانی ناسیونالیستییەوە لە گەڵ حیزبی دێموکرات کەوتوون ڕیزیان لە ڕیزی دژمن جیا بکەینەوە یانی کارێکی زۆرمان

کردەوە"، بەردەوام دەبێت و دەڵێت "بناغەی فکری هەموو ڕێکخراوەکان بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێکخراوەی منافقینە، کۆمەڵەو ڕێکخراوەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیزم زۆربەیان دەستبەسەر کراون و لە حاڵەتی زۆر نالەباری کێشەو بەربەرەکانێی جیاوازی هزریدان، لەبارترین خەتی دێموکراتەکان ڕێبازو پلانێکە کە لە ڕێکخراوەی منافقین وەریدەگرێت، بەم تازەیی منافقین لە پێوەندی جۆراوجۆردا کاردەکات و ڕێکخراوەیەکی بەناوی شۆرای نەتەوەیی بەرگری دروستکردووە کە گرنگترین ئەندامان و نۆچەکانی ڕێکخراوەی منافقین حیزبی دێموکراتە".

**نموونەی دووهەم: ڕۆژی ٢٧ی بەفرانبار (دەیی) مانگی ساڵی ١٣٦٣هـ (١٩٨٤ز) ڕادیۆی ڕژیم لە سنە ڕایگەیاند کە سەرهەنگ سەیاد شیرازی بەرپرسی هێزی زەوینی لە گەڵ سەرهەنگ کوچک زادە بەرپرسی ژاندارمری و سەفەوی جێگری هێزی عەمەلیاتی سپاسی پاسداران لە گەڵ بەرپرسی پارێزگای کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٦ بەفرانباری (دەیی) کە دەبێت بە هەمان ساڵ لە چاوپێکەوتنێکدا بە بەشداری تابش پارێزگاری کوردستان و بەرپرسی مۆڵگەیی حەمزە و هێزی جێگر لە کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ مەسەلەی ئاسایشی۔کوردستان و دۆخی گرووپەکانی دژی شۆڕش باس و وتووێژیان کرد، دوای ئەم هەواڵە دیسان هەمان ڕادیۆ وتووێژێکی لە گەڵ دەقیقی بەرپرسی سپای پاسداران پێکهێناو لە پێوەندی لە گەڵ وتووێژی حکومەت و حیزبی دێموکرات پرسیاریان لە دەقیقی کرد،**

**دەقیقی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا وتی** " ئەمانە بەم تازەیی یەکسەر پڕوپاگەندە دەکەن کە حکومەتی ئیسلامی ئێران دەیهەوێت وتووێژیان لە گەڵ بکات، ئەمە واقعیەتی نییە مەگەر دەسیسەیەکی تایبەتی لە گۆڕێدابێ، هەروەها بەردەوام دەبێ و دەڵێت" ئێمە وتووێژمان لە ڕێگای چەکەکانمانەوەیە، کەسێک کە بە ڕژیمی ئیسلامی جەسارەتی هێرشکردنی کردبێ تەنها وەڵامی ئێمە تفنگە".

**جا لەم بەشەدا بەڕوونی بەوە دەگەین کە بۆچوونەکەی من زۆر دروست بووە چونکە ئەوانەیی کە لێرەدا ناویان هاتووە هەمووان لە مۆرە گرنگ و کارگێڕەکانی دەسەڵات بوون.**

**نموونەی سێهەم: ڕۆژی ٩ی ڕەشەمە (ئەسفەند) مانگی کۆتایی ساڵی ١٣٦٣هـ (١٩٨٤ز) ئاغای ڕەفسەنجانی بەرپرسی پارلەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران و نوێنەری تایبەتی ئیمام حومەینی لە شۆرای بەرزی بەرگری ئەو حکومەتەدا لە چاوپێکەوتنێک لە گەڵ بەشی پارێزگاکان و بەرپرسانی شۆراکانی سەربازی و سپای پاسداران لە پێوەندی لە گەڵ وتووێژ لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و ڕاشکاوانە دەڵێت** "حکومەتی ئیسلامی ئێران نە قابیلی ڕیفۆرمە نە قابیلی وتووێژە، هەروەها ڕادیۆی ڕژیم کە ڕۆژی دووایی وتەکانی ڕەفسەنجانی دیسان بڵاو دەکردەوە ڕایگەیاند کە ئاغای ڕەفسەنجانی بەرپرسی پارلەمان و نوێنەری ئیمام لە شۆرای بەرزی بەرگریدا وێرای ڕەدکردنەوەیی جیدی پڕوپاگەندەی بێ نێوەڕۆکی بەرپرسانی هەڵهاتوویی ڕێکخراوە دژی شۆڕشەکانی کورد ڕاگەیاند کە دەبێت پرسیاریان لێ بکەین و بڵێین داخۆ کاتێک کە زۆربەی کوردستانتان لە ژێر دەستدابوو بەهۆکاری ستەمکاری و خەیانەتەکانتان لە ئاست گەلی داماوی کورد حازر نەبووین چاومان بەناوچاوانتان بکەوێت ئیستاکە هیچتان نییە چۆن وتووێژتان لە گەڵ دەکەین! هەروەها بەردەوام بوو وتی ئێمە لە گەڵ گەلی کورد هاودەنگ دەبین و تەنانەت هەڵخەڵەتاوەکانیش دەبەخشین بەڵام لە سەر ئەو بڕواین کە دەبێت تاکەکانی سەرەوەی حیزبەکان کە هۆکاری ئەو هەموو ستەمکاری و ئازارەی خەڵک بووەن وەک سەدام حوسێن محکەمەو بە سزای کردەوەکانیان بگەیەنین".

**لێرەدا ئاغای ڕەفسەنجانی وەک بەرپرسێکی باڵاو بڕیاردەری ئەو حکومەتە هیچی تێدا نەهێڵاوەتەوەو بەڕاشکاوی بیروبۆچوونی خۆیان باس دەکات و زۆربەی ئێمەش گوێبیستی ئەو هەواڵانە بووین بەڵام من لە دەفتەری بەشێک لە یادداشتەکانم دا لەو کاتەدا یادداشتم کردووە.**

**ماوەیەک پێش لە نووسینی ئەم پەرتوکە دیسان باسی وتووێژ گوڕو تینی گرتەوە منیش چونکە نەیاری وتووێژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بووم بە نووسینی بابەتێک توانیم تا ڕادەیەک ئاستی هەستی دەروونی خۆم بێنمە خوارەوە کە وا بەباش دەزانم ئاورێک بدەینەوە لە سەر بابەتە تازەکەی من لە سەر وتووێژ کە هێشتاکە حیزبە کوردییەکان بە بەشێک لە خەبات دەیزانن، بێشک منیش وتووێژ بە بەشێک لە خەبات بۆ گەیشتن بەئامانج**

دەزانم بەڵام من بڕوام بە وتووێژ لە گەڵ سیستەمێک هەیە کە بڕوای بە وتووێژو مافە ڕامیارییەکان خەڵک و کۆمەڵگا هەبێت نەک بە حکومەتێک کە مافە ئەرێنییەکانیش بە خەڵک ڕەوا نابینێ، لە ڕاستیدا وتووێژ لە گەڵ سیستەمێکی تۆتالیتەر شێوە یارییەکی زۆر خەتەرناکە.

هەموو ئێمە دەزانن وتووێژ لایەنێکی هەرە گرنگی خەباتەو هەموو کێشەکان ڕۆژێک لە ڕێگای دیالۆگەوە کۆتایی پێ دێت، چەک و بەربەرەکانێ لە هەموو حاڵەت ودۆخێکدا سەرکەوتوو نابێت بەڵام وێرای بەنرخ بوونی پێکەوە دوان بۆکردنەوەی گرێکوێرەیەک دەبێت زۆر فاکتەرو دۆخ ئانالیزە بکەین تا کاریگەری دروستی هەبێت.
ئەگەر ئامانج لە دیالۆگ بۆ پێشبردنی بەرژەوەندی گشتی بێت کە مەبەستی منە واباشە ئاگاداربین کە دۆخەکان جیاوازن، یانی دەبێت لێوەشاوەیی، جێی باوەڕ بوون، مەزاج، تێگەیشتن، ڕابردوویی لایەنی دیکە بناسین و لە سەر ئەو ئاستانە هەنگاو هەڵگرین تا ئاکامی نەرێنی کەم و ئەرێنی هەمەگیر بێت، یانی بە گوێرەی تێئۆری فەلسەفەی ڕامیاری کە هەمەگیرترە نەک وەک بابەتێکی لاوەکی سیاسی،
دروستە دۆخ لەو سەردەم و کاتەدا کە دوکتور هەوڵی بۆ دەستەبەر کردن و گەیشتن بەئامانج لە ڕێگای وتووێژەوە دەدا هێندێک بەپێچەوانەو جیاواز بوو بەڵام دەبێت دوای دانی ئەو نرخە گەورەیی بەو نەتیجە گەیشتبین کە دەسەڵاتدارانی حکومەتی کە لە سەرەوە ناویان هاتووە شۆخییان لە گەڵ کورد نییە تا بۆخۆشی وەها بڵێن.
لە سەر ئەو بڕوام کە دەبێت ئێمە دوای ئەو کارەساتانە بیر لە وتووێژ لە گەڵ ئەو حکومەتە تۆتالیتەرە نەکەینەوە چونکە لە ڕووانگەی فەلسەفەیی **ئاگوستێنەوە**، هەروەها بەگوێرەی بۆچوونی **ڕاول** کاتێک مافی خەڵک دەستەبەر دەبێت کە هەمەگیرو مافی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک یان زۆربەی داواخوازییەکانی ئەوان لە خۆ بگرێت، لێرەدا بەو نەتیجە دەگەین ئەگەر بیر لە وتووێژ بۆ ماف و ویستی خەڵک بێتەگۆڕێ دەتوانین وەک پرسێکی فەلسەفی بۆ ڕاستی و هەڵەبوونی وتووێژ چاو لە بابەتەکە بکەین و بڕیاری لە سەر بدەین، گۆڕینی پارامیترەکان لە نەگۆڕەوە بە بگۆڕ هێندێک ناتەبایی

دروســـت دەکات، بۆ زانیاری زیاتر لەم بوارەدا ســـەرەنج بدەنە بۆچوونی ئاگوستین لە سەر وڵاتێکی باش و خراپ.
هەوڵ نادەم تا کۆماری ئیســـلامی ئێران بە کەس بناســـێنم چونکە بەباشی دەزانم کە وێڕای باســـەکانی ســـەرەوەم لەوەش ئاگادارم کە کۆمەڵانی خەڵک باشـــتر حکومەتی ئاخوندەکان دەناســـن و لە ڕابردووی ئاگادارن بەڵام بەو حاڵەشـــەوە هێندێک وەبیرهێنانەوەو بەخراپ نازانم، بەچاوپۆشـــیکردن لە وتەکەی ئاغای ڕەفسەنجانی و دەسەڵاتدارانی دیکەی ڕژیم وەبیرهێنانەوەی بندە بە واتای ئینکاری ئەوە نییە کە وڵاتێک، حکومەتێک یان تاکێک ئیمکانی ئاڵوگۆڕی تێدا نەبێت بەڵام هەروەک هەمووان ئاگادارن زۆرشتێک قابیلی ئاڵوگۆڕ نییە، بۆ نموونە ئێمە ناتوانین ئایەکانی قورئان دەســـتکاری بکەین، هەروەک لە یاســـای ئایینی دا مافی دەســـتکاری قورئان یان کتێبە ئایینەکانی دیکەمان نییە لە یاسای کۆماری ئیسلامی ئێراندا کەس گونجاوی دەستکاری یاسای ئیمامەتی نییە.
ســـەردەمدارانی ئەو وڵاتە بەڕوونی و ڕاشـــکاوی باســـیان لە ســـەر بڕگەی سەرەوە کردووە، کاتێک کە ئایین یاسای وڵاتی بەدەستەوەیە دیموکراسی لە قەیراندایە و هەموو مافە دیموکراتییەکان بێ نرخن، دەســـتەبەر بوونی مافی گەلی کورد لەم ســـەردەمەدا لەو پارچەی کوردســـتاندا دەبێت لە چوارچێوە مافە دیموکراتییەکاندا بەدوایدا بگەڕێن یان دەبێت بە هێزی کۆمەڵایەتیی و ســـەربازی خۆمان چارەســـەر بکەین، جا بەگوێرەی کام مکانیزمی باو دوای ئەو هەموو کۆسـپانە کە هێنایانە سـەر ڕێگامان دەبێ دیسـان بیر لە وتووێژ بکەینەوە یان دەبێ بۆ چ مەبەستێک وتووێژ بکەین دوو پرسیارن کە دەبنە سەرچاوەی باسەکەم.

وتووێژ وێڕای گرنگی تایبەت بەخۆی، زۆر ســـاکارانەش دەتوانین بەکاری بێنین من بەم نووسراوە لە گەڵ خوێنەر دیـالۆگ دەکەم، هەروەهـا دوو کەس دەتوانن لە سـەر مەبەسـتێکی زۆر سـاکار پێکەوە دیالۆگ بکەن بەڵام گرنگی دیـالۆگ لەوە دایە کە بۆ هەوڵی بۆ دەدەین و چاوەڕوانی لە وتووێژ چییە.
بەگوێری بۆچوونی خۆم وام بەبـاش دەزانی کە گەلی کورد لەو بەشـــەی کوردســـتاندا هەڵســـەنگاندنی لە ســـەر زیان و قازانجەکانی وتووێژ هەبێ و

بیربکاتەوە بۆ دەبێت وتووێژ بکات، هەروەها لە چ کاتێکدا دیالۆگ دەکات، سەردەمێک کە وتووێژ پێویست بوو کردمان بەڵام گەورەترین نرخی مرۆڤیی و سیاسی"مان لە پێناو ئاشتی و ئاسایشدا دا، سەردەمدارانی ئەو وڵاتە بەڕاشکاوی وتیان ئێمە قابیلی وتووێژ و گوڕان نین، بەڵام ماوەیەک پێش لە ساڵی ١٤٠٠ھ (٢٠٢١ز) کە قۆناغێکی تایبەت بوو بۆ هەوڵدان بۆ ئاڵوگۆڕی لەبار دیسان ئێمە کراین بە هەڵبژێرداوی وتووێژ کە قازانج و زیانەکانی وتووێژ لەم قۆناغەیی دووایی دا بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆم جێگای پرسیارو وەردبوونەوە بوو چونکە لەم سەردەمەیی کۆتایی دا کۆماری ئیسلامی ئێران چاوەڕوانی هێندێک کێشەی تایبەتی دەکرد.

دەسەڵاتی سیاسی ئیستاکەی ئێران لە قەیرندایە، قەیرانێک کە دەبێت نرخی بۆ بدات و هەوڵ دەدات تا نرخی ئەو قەیرانە کەم بکاتەوە کە بۆ ئەم ئامانجە هەوڵێکی چڕوپڕی دەستپێکردووە کە دیسان دەرگای ڕەحمەتی لە ژێر ناوی وتووێژدا بەڕووی هێندێک کەس و ڕێکخراوەدا کردەوتەوە کە بێشک ئاکامی زیاتر لە چل (٤٠) ساڵ خەبات و ماندوویی کاریگەری هەبوو بەڵام دەبێت بە سەریدا زاڵبین نەک تەسلیم.

## قازانجەکانی وتووێژ بۆ ڕژیم و زیانەکانی بۆ کورد.

وتووێژ لە دەرەوەی فاکتەرە بنچینەییەکانی دیالۆگ لەم قۆناغەدا قازانجی بۆ ڕژیم زۆرە بەڵام دەتوانین قامک بخەینە سـەر چەند خاڵو بابەتی گرنگی وەک ئەوەی کە دەسـەڵاتی ڕامیاری ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شـەرعیەت و بناغە کۆمەڵایەتییەکانی پێویست بۆ سەردەمداری و بەڕێوەبەری لە دەست دەدات و لە دەروەنەوە لە گەڵ گوشـارێکی هەمەلایەنە ڕووبەڕوو بووەتەوە کە دەترسـن وەک بوومەلەرزەیەکی بەهێز دەسـەڵاتی ئاخوندەکان ژێرورِوو بکات، بەمەبەسـتی دواخسـتنی کاتی ئەو بوومەلەرزە لە زۆر بواردا هەوڵ دەدەن کە دەتوانین بڵێین کە کورد لەو پارچەیی کوردسـتان کەوتوونەتە نێو بازنەی ئەو پلانەوە بۆ ئەوەیی کە بتوانن بۆ ماوەیەک دەسـت بەسـەر هەسـتی نەتەوایەتی کورد لەو پارچەی کوردسـتـانـدا بگرن کە لە بەرز بوونەوەدایە کە دەتوانین هەڵبژاردنی سـاڵی ١٤٠٠هـ بەنموونە بێنینەوە کە ڕادەی بەشداری خەڵکی لە ئاستێکی زۆر نزمدا بوو.

هەروەها ئەگەر لە پیلانەکەیاندا سـەرکەوتووبن دەتوانن لە باری نێوخۆیی و نێونەتەوەییەوە واپیشـان بدەن کە حکومەتێکی گەلی و لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە جێکەوتوون و هۆکارێـک دەبێت تـا نەیـارانی حکومەت نەتوانن لە گوشـارەکانیاندا زۆر تائکید لە سـەر هێندێک خاڵی سـیاسی و کۆمەڵایەتی بکەنەوە، هەروەها لە ئاستی نێوخۆیی دا بەشـێوەی زانستیانە بۆ ماوەیەک کوردیش بکەن بە شـەریکی کردەوەکانی ٤٣ سـاڵی ڕابردوویی خۆیان، ئەم ماوەیە زۆر کورت دەبێ و بە ڕووخـانی ئەو دەسـەڵاتە گەلی کوردیش دەبێت وەڵامدەرەوەی نرخی ئەو وتووێژە بێ بناغەو سـاختارە بن، لە ڕاستیدا ئاخوندەکان هەڵ دەدەن تا شەریکە تاوان بۆ خۆیان پەیدا بکەن چونکە هەرچی تاوانبار زیاتر بێ بۆ خۆیان نرخی کەمتر دەدەن.

وێڕای بوونی زۆر فاکتەری دیکە هەوڵ دەدەن تا سیاسەتی کۆنی سەردەمی ڕۆیشـتنی حیزبی دێموکرات بۆ نێو شـۆرای بەرگری نەتەوەیی ئێران دیسان دووپات بکەنەوەو مەودای نێوان کوردو ڕێکخراوە ئێرانییەکانی دیکە یان ئەو ڕێکخراوانە کە بیر لە ڕووخانی دەسـەڵاتی ئاخوندەکان دەکەنەوە بەرین تر و لەم ڕێگایەوە هیوای ئاڵوگۆڕی دەسـەڵات کە هۆکاری چالاک بوونی زۆر کەسـە دابەزێنن، بەکورتی دەتوانین وەک بابەتێکی تێکدەرانە چاو لە

وتووێژ لەم قۆناغەی ئیستاکەدا کە کێشەی کیمیاکاری ئێران و وڵاتەیەکگرتووەکان بەگەرمی لە گۆڕێدایە بکەین.

## کوردو بیرکردنەوە لە وتووێژ.

هەروەک هەمووان ئاگادارن گەلی کورد وێرای پێوەندیی قوڵی مرۆڤایەتی لە گەڵ کۆمەڵگای جیهانی بەتایبەتی دەرودەراوسێکانی بەڵام نەتەوەیەکی جیا لە نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکەیە کە لە سەردەمی ژیانی مندا چارەسەری کێشە مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە ڕێگای وتووێژەوە وەک مەسەلەیەکی تایبەتی و جێگای سەرەنجی لێهاتبوو کە بەگوێرەی شیکردنەوەی زانایانی بواری چارەسەری کێشەو ناکۆکی شتێکی دوولایەنەیە، لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە دۆخی نەتەوایەتیی ئێمە کراوە بە شێوە ناکۆکییەک یان کێشەیەکی دوولایەنەیی نەتەوەیی و ڕامیاری کە کورد یەکلایەنە هەوڵی کردنەوەی داوە، یانی تا ئیستاکە مەسەلەی سیاسی و نەتەوەیی ئێمە شتێکی ویستی و تەک لایەنە نەبووە بڵکو کراوە بەگرێیەک کە دەبێ لەگەڵ لایەنێکی دەستکردی دیکە کە ناوی حکومەتی ناوەندیی لە سەر دانراوە پێکەوە بیکەینەوە، بەکورتی شتێکە کە پێوەندی بە پێکەوە بستراوەییەوە هەیەو بەشێوەی بڕیاری یەک لایەن چارەسەر نەکراوە چونکە لایەنی دیکە بەشێوەی لۆژیکی و واقعی ئارەزووی کردنەوەی ئەو گرێیی کوێرەیە نەکردووەو تا کاتێک کە ئەم گرێکوێرە نەکرێتەوە باس لە کردنەوەی کە زۆر جار وەک دیالۆگ و وتووێژ دەکەوێتە بەرباس بەردەوامی هەیە.

بێجگە لە باشووری کوردستان هیچکام لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لەم کاتەدا کە من ئەم پەرتووکە دەنووسم کێشەی لەوەی دیکە کەمتر نییە بەڵام ئێمە لەم حاڵەتەدا باس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین و ئاخوندەکان بە نموونە دێنینەوە، ئەم پێکەوە گرێدراویی وێرای سەرکوتی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ ئاسیمیلە کردن، ئێمە لە باری ئابووریشەوە دەچەوسێینەوەو گرنگی ئەوتۆ بە ئێمە نادرێت کە بە هێندێک قەوم لە هێندێک وڵات دەدرێت، دەسەڵاتی ڕئیالیسمی وڵاتێکی گەلی خەڵکی وڵاتەکەی خۆی لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی دایە بەڵام لە حاڵێکدا کە نرخی کیلویەک مریشکی مەکینەیی لەم سەردەمەدا بەرامبەر بووە لە گەڵ

بەهای ماشینێکی پیکانی تازەی ساڵی ١٣٥٠هـ (١٩٧١ز) کۆمەڵگاو خەڵکیان ڕووبەڕووی زۆر کێشـە کردووەتەوە، سـەروەت و سـامانی کوردی کۆڵبەر دەدرێت بەکۆشـک و تارلار بۆ منداڵی ئاخوند تا خۆشـگوزەرانی تێدا بکەن یان بەئامانجی جۆراوجۆرەوە ڕەوانەی وڵاتانی دەرەوە دەکرێت، بەکورتی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی پلاندا نییەو بیر لە پرۆژەو پلانی پیلانگێڕی تایبەتی ئاخوندەکان دەکرێتەوە، چاو لە سـتادیومی وەرزشی لاوانی خۆمان و سـتادیومی لاوانی نەتەوەکانی دیکە لە وڵاتانی دەراوسێ بکەین کە لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە دروسـتکراوە تا بزانین کامیان مۆدێرنە، ئەم شـێوە بیرکردنەوە هۆکارە تا لیسـانسیـ وڵاتی ئێمە ببێت بەشـوان یان کۆڵبەری بکات، هەروەها دەبێ ئەم کردەوانە هۆکارهایەک بن تا ئێمەی کورد بیر لە ڕێگا چارەیەکی کۆنکرێت بکەینەوەو هەوڵ بدەین تا زەنجری کۆیلایەتی بەشێوەی واقعی خۆی بپچڕنین.

ناکۆکی ڕامیاری لە ئەنجامی کردەوەی تێکدەرانە سەرهەڵدەدات کە دەتوانین لایەنی ڕامیارکارو لایەنی تێکدەر بە دوو ئەکتەر کە هەریەکەو هەوڵ بۆ ئامانجێک دەدەن ناودێری بکەین، هەرکام بەشـێوەیەک هەوڵ دەدەن تا ویسـتی خۆیان بەسـەپێنن کە دەتوانین باس و بڕیارەکانی هەرکام لە دوو لایەن بەشـێوە ڕاپۆرتێک بۆ کۆمەڵگا پێناسـە بکەین، هەر بڕیارێک کە دەیدەین بەشـێوە تاقیکردنەوەیەک یان هەوڵێک بۆ خۆشـکردنی ڕێگای گەیشتن بە ئامانجێک پێناسە دەکرێت.

زۆر جار ڕوویداوە کە پلانێکی ڕامیاری یان نەتەوەیی کارتێکردنی ئەرێنی لە سـەر ئاستی هەستی کۆمەڵگایەک هەبووەو بەشێوەیەک بووە بە بناغەی دەسەڵاتی کۆمەڵگای جێگای موناقشە، یانی بەهەر هۆکارێکەوە بێت لایەنی دەسـەڵات ئاسـتی هاتووەتە خوارەوەو لە گەڵ دۆخێکی نوێ ڕووبەڕوو کراوەتەوە، بەکورتی و کراوەیی ئێمەی کورد وێرای ئەوەیی کە دەبێـت شانازی بکەین بە خەبات و هەوڵی ڕابردوو و ئیستاکەی خۆمانەوە دەبێت ئەوەش قبووڵ بکەین کە نەمانتوانیوە بە ئامانجی دیاریکراو بگەین و وێرای ئەوەیی کە لە سـەر حەق و بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆمان بووین بەڵام هەمووکات ڕووبەڕووی پاشەکشە کراوینەتەوە.

وەک ئەوەیی کە پێشتر نووساومە مەسەلەی سیاسی یان نەتەوەیی ئێمە تا ئیستاکە مەسەلەیەکی دوو لایەنە بووە، گەلی کورد عاشقی کێشەو ململانێ

نییەو هەوڵ بۆ ئاسایش، دادمەندی و خۆشی نەتەوەیی دەدات بەڵام لایەنی دووهەم ئێمەی بە هەڵوێستی دژ ناچار کردووەو ئەگەر خەبات و بەرخۆدان نەبایە ئێستاکە وشەی کوردیش کەمڕەنگ ببوو، دەتوانین بێژین ئەوانەیی کە لە ژێر ناوی ڕەنگاوڕەنگدا خەباتی نەتەوایەتیان کردووە کەسانێک یان ڕێکخراوەهایەک بوون کە هەوڵیانداوە تا کێشەو ململانێیەک بەشێوەی بیروبۆچوونی سەردەمی خۆیان چارەسەرو گۆڕانکاری تێدا بکەن کە وێرای ئەوەیی کە نەیانتوانییەوە بەئامانج بگەن و پاشەکشە زۆرو نەتیجە کەمە بەڵام توانیویانە بەرهەڵستکارێکی باش بن بۆ ڕووندانی کارەساتێکی نەتەوەیی وەک ئاسیمیلە بوون و لێرەش دەبێت بڵێین ڕۆحی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری گەڵ شادو ئێوە قارەمانانی نەتەوەکەتان بوون و هەن.

مەسەلەی کورد کێشەیەکی ڕامیاری نەتەوەیی کە ئاڵۆزیان کردووەو دەبێت وەک گرێکوێرەیەک چاو لەو کێشە بکەین، هەروەک دەزانن کێشە شکل، ساختارو ڕێزمانی تایبەتی هەیە کە دەبێت جێگای سەرەنج بن و بەشێوەی لەبار کاریان لە سەر بکەین تا ئاکامی باشی هەبێت، ئەوە زۆر گرنگە کە سەرچاوەی کێشەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری یان هەر بابەتێکی دیکە بناسین و بزانین هۆکار چییە، ئەو کەس یان ڕێکخراوانە کە دەکەونە چوارچێوەی کێشەیەکی قوڵ و ئاڵۆزی سیاسی یان نەتەوەیی لە گەڵ شێوازی کاری و ڕووانگەی جیاوازیش ڕووبەڕوو دەبنەوە کە باشترین گوزینەی سەردەمی خۆیان هەڵبژێرن، دەتوانم بێژم کە ئامانجی باسەکەی ئەمرۆی من گوزینەی باش و ئەم سەردەمەیە، چونکە لە یاسای چارەسەری زانستیانەی کێشەدا وا پێشنیار کراوە کە ویستەکان یان خاڵەکان لە بوارێکی کۆنکرێت دا کۆ بکرێنەوە تا بتوانی هۆکاری چارەسەری دابین بکەیت، ئێمەش وەک کورد پێویستە بەڕاشکاوی باس لە ویست و داوخوازی خۆمان بکەین و هێندێک بابەتی لاوەکی وەلانێین چونکە داگیرکار بۆچوونی تایبەت بە خۆی لە سەر داگیرکراو هەیە یانی هەمان حیسابمان بۆ دەکات کە خۆمان باسی ناکەین کە بەبڕوای ئێستاکەی خۆم هۆکار بووە تا هەوڵەکانی ڕابردوومان بێ ئاکام و وەڵامی نەداتەوە.

پێویست ناکات کە مرۆڤ باس لە ویست، ماف و داوخوازی خۆی نەکات، کاتێک کە مرۆڤ حاشا لە واقعیەتی خۆی بکات یانی لە گەڵ خۆشی درۆ دەکات، دەبێت نەترسانە وتنی ڕاستی وەک ئەولەوێتی یەکەم و نرخەکەی

وەک ئەولەوێتی دووهەم قبووڵ بکەین، کاتێک کە وەهامان کرد دڵنیابە کە زیاتر گرنگی خۆمان پەیدا دەکەین، ئەم ڕووانگەش هانمان دەدات تا لە سـەر مافی خۆمان زیاتر سـوورو چاوپۆشی لەوە بکەین کە نەیار چۆن بیر دەکاتەوە.
گەلی کورد سـاڵهاس کە بۆ ئامانجی مرۆڤی خۆی خەبات دەکات و قوربانی دەدات بەڵام بەشـێوەی جۆراوجۆر تاوانبارو سـەرکوت دەکرێت، ئێمە دەستڕادەکێشین و ڕەوشتخوازی دەکەین بەڵام هێشتاکە هەر لە هەوارگە کۆنەکەین و بەو حاڵەشـەوە نەیارانی نەتەوەییمان تەنانەت حازرنین مافی خوێندن بە زمانی دایکی خۆمان پێ بدەن و بە ناوی وتووێژ یان هەر بابەتێکی دیکەوە باشترین ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان شەهیدو ئەسیر کردووە.
ئەم هەڵکێش و داکێشـە ڕامیاری و نەتەوەیی کە بەرۆکی کوردی گرتووە پێویستی بە چارەسەریکی گشتی گەلی کورد هەیە چونکە سەدەیک خەبات کاریگەری لە سـەر زۆر خەباتکارێکی نەتەوەکەمان داناوەو بەشـێوەیەک کە هەست بە ماندوویی دەکات، لەم ڕووانگانەوە ئایدەیەکی بەرزتری نەتەوەیی بەپێوەری پراگماتیسمی پێویست بەسەر هەڵدان دەکات یانی لە ئاستی بڕوا بەخۆبووندا یەکلاکردنەوەی کێشەیەک کە کراوە بە دوولایەنە، کێشە ئێمە پێوەندی بە نەتەوەیەکەوە بەناوی نەتەوەی کورد هەیە، کوردە کە دەبێت بڕیاری خۆی بدات و دەست لە سوالکردن و ڕەوشتخوازی هەڵگرێت، بۆ ئەمەش تەنها ڕێگای مومکین یەکگرتوویی نەتەوەیی کە دەبێت هەموومان هەوڵی بۆ بدەین تا یەکڕیزی بکەین بە ئامیرێکی کاریگەری سـەرکوتی ئەو کوردانە کە هەوڵی پرشـوبەڵاوی نەتەوەیی دەدەن و ئەوانی لە بەرژەوەندی خۆیان و گشتیدا پێ سەرکوت بکەین.
ئەگەر بەجوانی بیرت لە نێوەڕۆکی بابەتەکانی سـەرەوە کردبێتەوە دەزانی کە لە ڕووانگەی منەوە دوو شـێوە کار یان بەرخۆدان هەبووەو هەیە، بەڵام کۆمەڵناسەکان پێشینەی کاری ڕامیاری و کۆمەڵایەتیان بە سەر سێ ئاستدا دابەشـکردووە کە بریتین لە" ئاسـتی کۆمەڵگا، ئاسـتی گرووپ و ئاسـتی تاکەکەسی، ژێرخانی بەشی یەکەم یانی ئاسـتی کۆمەڵگا وەهایە کە وێنەیەکی گشـتی لە تەواویەتی کاری کۆمەڵناسـان لە بواری شـێوەی هەڵسـوکەوتی ئەوان لە گەڵ مرۆڤەکان لە گەڵ ڕێکخراوە یان پێکهاتەکانە لە گەڵ شێوەی بسـتراوەیی بە پیشـەیی ئەوانەوە پیشـان دەدات، بەشی دووهەم باس لە

وێنەیەک لە چۆنیەتی شێوەی دەسەڵات و زانستی ڕەوشتی لە گەڵ کایەیی لێزانانە دەکات، ئامانج لە بەشەکەی دیکە ئەوەیە کە وێنەیەکی جێگای بڕوا لە ژێرخانی زانیاری لە ئاستی جۆراوجۆر ئاراستە بکەین.
لە ڕێگای شیکردنەوەی سەرەوە ویستم بڵێم کە هێندێک ڕێکخراوە یان ئێمە گەلی کورد هێشتاکە بەباشی مافی خۆمان لە گەڵ نەیارانی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران نەناسیوە بۆیە پێداگری لە سەر هێندێک بابەت دەکەین.
ئەگەر بەجوانی بیر لە خەبات و قوربانی لە ڕێگای ئازادی و سەربەستی کە مافی بێ ئەملاولای خۆمانە بکەینەوە دەبینین کە کارەکانمان لە بواری زانستییەوە کەموکوڕی زۆر هەبووەو بواری لاوازی زانستی کارتێکردنی نرێنی لە سەر ئاستی تێکۆشان داناوە، بەمەبەستی هەرچی زیاتری بۆچوونی خۆم بابەتێکی دیکە بەنموونە دێنمەوە.

زانایەکی بواری چارەسەری ناکۆکی بەناوی **لۆرکین** باسی مێشێک لە نێوە پەنجەرەیەک بۆ **یانئەتلە** کە ئەویش هەر زانای بواری دەروونی و چارەسەری کێشە بووە دەگێڕێتەوەو دەڵێت ڕۆژێک چاوم لە مێشێک لەنێو پەنجەرەیەکدا دەکرد، مێش بێ ئەوەیی بتوانێ لەنێوان تیشک (ڕوناکی) و شتێکی مەحاڵ و نەشیاو بۆ تێپەڕبوون (مەبەست شیشە) لە یەک جیابکاتەوە جاربەجار بە هەموو توانییەوە خۆی دەدا بەشیشەکەدا تا کاتێک کەتوانایی خۆی لە دەستداو کەوتە سەرزەوی.
لۆرکین بەردەوام دەبێ و ئێژێت، هەروەک هەمان هەڵسەنگاندنی ئێمەی مرۆڤ لەکاتێکدا کە لە گەڵ سەرلێشێواویی یان کێشە ڕووبەڕوو دەبنەوە زۆرجار لە مێتودێک کەڵکوەردەگرین کە ناتوانێ شێوەیەکی باش بێت بۆ چارەسەری و لەسەر هەمان شێوەی ناکارامە بەردەوام دەبین، مەبەستی لۆرکین لە شێوەی هێندێک بیرکردنەوەدایە کە ناتوانێ کاریگەری دروستی هەبێت.
مێشە کەناتوانێ و ئیمکانی نییە لەنێو شوشەکەوە خۆی دەرباز بکات لە ئاکامدا بەهەسوکەوتی بەپێچەوانە بۆخۆی خۆی تێدا دەبات، مەبەستی من لە قسەکانی لۆرکین ئەوەیە ئەگەر ئامانجی ئێمە شێوەی خۆ گرتنەوەیەکی نەتەوەیی بێ نابێت کارێک بکەین کە قازانج سەری بنمایە

بەخوات و ئەگەر مێش هێنـدێک بەژورەکەدا بەداوی کونێکـدا بگەڕایە لەوە دەچوو کە ڕێگایەکی دەربازبوونی پەیدا کردبا.
بەڕاستی ماوەیەکی زۆرە کە ئێمە لە مێتودی پاڕانەوە کەڵکوەردەگرین بەڵام شـتێکی زیاتر لە پاراسـتنی هزری نەتەوەیی سـوودێکی دیکەی ئەوتۆمان لێ وەرنەگرتووە کە پێموایە دەبێت نەترسـانە و لێبڕاو ئاڵوگۆڕ لە شـێوەی تێڕامانی ڕامیاری و نەتەوەیی خۆمان دروسـت بکەین تا وەک مێشـەکەی لۆرکینمان بەسەردا نەیەت.
لەم سەردەمەدا کۆماری ئیسلامی ئێران بە ڕابەرایەتی ئاخوندەکان لە هەستی خۆبەکەمزانی و خوازلۆکیمان کەڵکی زۆر بەپێچەوانەیان وەرگرتووە و زۆر نرخماندا کە هێشتاکەش هەر ئاسەواری نەرێنی لە سەر خەباتی حیزبەکان و تاکەکانی کورد ماوەتەوە.
ئاخوندەکان هێندێک سـیاسـەت لە بەرژەوەندی خۆیاندا دەکەن کە دەتوانن هێندێک کەس خۆشحال و هیوادار بکەن بەڵام لە ڕاستیدا هەموو شـتێک بەگوێرە ئاسـایی سـەرەتایی خۆیەو هیچ ئاڵوگۆڕێک ئەرێنی لە بەرژەوەندی کۆمەلانی هەراوی خەڵکدا ڕوونادات چونکە بە ڕۆیشـتنی ڕووخسـاریکی پێشـترو ڕووکردن یان هاتنی دەموچاوێکی نوێ کێشـەی دەربازبوون لە چوارچێوەی کۆنکرێت و دیاریکراو بۆ دەسـەڵاتی یەکەم چارەسەر نابێت بەڵکو دەتوانین بڵێین کە ئەم هاتن و ڕۆیشتنە سیاسەتێکی پۆپۆلیسـتی بۆ گەرم ڕاگرتنی بـازاڕی هەڵبژاردن لە بەرژەوەنـدی ڕاوچی بەئەزموونداکە دەیانهەوێت بەشێوەیەکی زانستیانە خۆیان بەهەڵبژێردراوی خەڵک پیشـان بدەن تا بەدەسـتی ئاوەڵاترەوە لە سـەرکوت بەردەوام بن، بەکورتی تەنها لە ڕووخـانـدایە کە دەتوانین چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕ بین بەڵام مەسـەلەی کورد بابەتێکی جیاوازە کە دەبێت بیر لە ڕێگای چارەسـەری یەکجاری بکەینەوە.

ئەگەر بەجوانی و وردبینی سـەرەنج بدەینە کردارو گۆتاری ئاخوندەکان زۆر بەڕاشـکاوانە هێندێک هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی باس دەکەن کە زۆر جێگای سـەرەنج و بیرکردنەوەن، خەڵکی هەر کۆمەڵگایەک دوو مافیان هەیە کە بریتین لە مافی نەرێنی و مافی ئەرێنی کە حکومەتەکان بەرپرسـیارەتیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی دەستەبەربوونی ئەو مافانەدا هەیە.

لەو بڕوادام کە زۆربی خوێنەران واتای مافی نەرێنی و ئەرێنی باش دەزانن و بۆخۆشم ماوەی چەند ساڵە لە وتارو نووسراوەدا باس لە ناوەڕۆکی ئەم دوو وشە گرنگە دەکەم بەڵام هێشتاکە هەر باسکردنی بەسوود دەزانم.
مافێکی نەرێنی بەو مانایە کە ئێمە مافی ئەوەمان هەیە بێ ترسان لە دەستدانی ژیان و دوور لە زەبروزەنگ لە ئاسایش دا خوازیاری مافی ئاسایی خۆمان بین، بەگشتی مافێکی نەرێنی پێویستی بە دەستەبەرکردنی لایەنێکی دیکە نییە بەڵکو تەنها پێویستمان بە لایەنی دیکە ئەوەیی کە رێگری لە کێشەکانی وەک توندوتیژی کۆمەڵایەتی یان رێگری لە تاڵان کردن و هۆکارەکانی دژبەرکاری مافە نەرێنییەکان بکات، یانی دەسەڵاتی ڕامیاری کۆمەڵگا هۆکارێک بێ بۆ دابین کردنی ئاسایشی_کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، کولتووری و ئابووری لە کۆمەڵگاداو خەڵک لە پەنای ئارامی بەردەوام بن لە کاری رۆژانەی خۆیان بێ ترس و دڵەڕاوکێ لە ناتەباییەکانی سەر رێگای ژیان.
دەتوانم بەڕاشکاوییەوە بڵێم کە ئەم بەشەیان لە ئێرانی ئەمرۆکەدا بەشێوەی ئاسایی خۆی بوونی نییە چونکە ناتوانی بێ ترس لە دزی ماڵەکەت بۆ ماوەیەک چۆڵ بکەیت یان ماشینەکەت لە گۆشەیەکی بۆ ماوەیەک دوور لە بەرچاو پارک بکەیت،
لەم سەردەمەدا کە سەدەی بیستویەکەمە شەڕێکی گرانی عەشیرەیی لە نێوان دوو هۆزی کورد لە مەڵبەندی کرماشان روویدا کە چەند کەس لەنێوانیاندا کوژرا، خوێندن بەزمانی زکماکی مافی سەرەتایی هەر کەسێکە بەڵام لەم سەردەمەدا کە من ئەم کتێبە دەنووسم لە ئێران و هێندێک وڵاتی دیکە ئەو مافە بۆ هێندێک نەتەوە قەدەغەیە، حکومەتی ئیسلامی ئێران بە ڕابەرایەتی ئاخوندەکان لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی حکومەتێکی ئۆپۆرتۆنیستە کە بەشێوەی جۆراوجۆر لە هەوڵی سەقەت کردنی گەشەی کۆمەڵگادایەو خەڵکی لە گەڵ دەیان کێشەیی دیکە رووبەڕوو کردووەتەوە.

مافێکی ئەرێنی بریتییە لە مافی بەدەستهێنانی شتهایەک وەک خواردن، سەرپەنا، خوێندنی خۆڕایی، کار لە گەڵ هەقدەستی لەبار و مناسب لە گەڵ هەڵاوسان، دەرمان و تیمارکاری بێ بەرامبەر لە گەڵ زۆر بابەتی دیکە.
مافی ئەرێنی پێویستی بە هەوڵ و چالاکی لایەنێکی دیکە وەک دەسەڵاتی ڕامیاری وڵات یان حکومەت هەیە، ئەمە بەو واتایە کە دەستەبەرکردنی

مافێکی ئەرێنی ئەرکی کەسێکی دیکەیە کە هۆکارەکانی مافی نەرێنی لە سەرەوە دابین کردووە، ئەرکی حکومەتێکی گەلیی تا کار دابین بکات، مافی خەڵکە کە تیمارکاری لە گەڵ دەواو دەرمان خۆڕاییان هەبێ، دەسـەڵاتی وەڵات دەبێت هۆکارەکانی ئاسـایشیـ و خوێندن دەسـتەبەر بکات، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا باسـکردن لەم بوارانەدا وەک شـێوە تاوانێک شـیکردنەوەیی لە سـەر دەکرێـت، جـارێـک لە تەلەفزیونـدا گوێگری وتـاری ئـاغـای خـامنەیی لە کۆبوونەوەیەکی دەسـەڵاتداران یان پیاوانی خۆیدا بووم کە بابەتێکی زۆر سەرەنجڕاکێشم بینی و بیست.

لە بەشی پرسـیارو وەڵامدا خوێندکارێکی زانکۆ پێی لە جەرگی خۆی ناو لە سـەر کێشـەی بێکاری پرسـیاری لە بەرێزیان کرد کە زۆر بە جیدی و تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە وتی بێکاری ئێوە بە ئێمە چی بڕۆن بۆ خۆتان کار پەیدا بکەن، خوێندکارەکە بە بێدەنگی و هەناسـە سـاردی دانیشـت بەڵام چەند ڕۆژ دوای وتەکەی ئاغای خامنەیی ڕاگەیاندنێکی حکومەتی سـەیرتر لە وەڵامەکەی ئاغای خامنەیم خوێندەوە.

دەقی نووسراوەکە کە بەفارسـییە بەشـێوەی خۆی دەنووسـمەوە " معاون آقای رئیس جمهور و رئیس بنیاد شـهید و ایثارگران حکومت گفته که تا پایان برنامه ششم توسعه ۳۰ هزار از فرزندان شهید و جانباز به استخدام دولت گماشته خواهند شد".

وەریدەگێڕمەوە بۆ سەر کوردی.

"جێگری ئاغای سەرکۆمارو بەرپرسی ڕێکخراوە شەهیدان و لەخۆبووردووانی حکومەت وتوویەتی کە تا کۆتایی پلانی شەشەمی گەشە ۳۰ هەزار لە منداڵانی شـەهیدو بریندار (ئەزموونداران) بووان لە حکومەتدا کارایان بۆ دابین دەکەین".

لێرەدا زۆر بەڕاشـکاوی بۆمان دەردەکەوێت کە وێرای نەبوونی مافی نەرێنی بەشێوەی دروستی خۆی لە گەڵ نەبوونی مافی ئەرێنی، کۆمەڵگا دابەشکراوە بە سـەر خودی ناخودیدا کە منیش وێرای کەمی و بێ دەسـەڵاتی دوای ماوەیەک بە بابەتێک بە فارسی لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە نووسراوەو گوتار بە کوردی و بە فارسی بە شـێوەی خوارەوە بەشـداری یان نارەزایەتیم دەربڕی، سـەردێڕی بابەتەکەی من "سـەرەخوارەو هەورازەکان" بوو کە بەشێکیم لێرە وەرگێڕایەوە سەر کوردی.

## سەرەوخوارەو هەورازەکان.

پێش لە هەر باسێک دەبێ بڵێم کە من دژبە دامەرزاندنی کەس نیم و وەک مافی هاووڵاتی و هۆکارێکی بژیوو و گەشەی ژیانی مرۆڤەکان چاو لە کارو دامەرزاندن دەکەم بەڵام دادمەندی، هەڵسەنگاندنی بەها مرۆڤییەکان بناغەی باسەکەم لە خۆ دەگرێت، با ئەوەش بڵێم کە ئەمە هەڵکەوتێکی تازە نییە بەڵکو هەرساڵ ڕادەیەکی زۆر زیاتر لەم ڕادە بەبێ لێهاتوویی و زانستی پێویست دامەرزاون و کلیلی کۆمەڵگایان دراوەتە دەست.
لە زۆربەی وڵاتانی دادمەندی ئەمڕۆکە کە بە تێگەشتین لە بواری تێئۆری و پراکتیکدا دەستکەوتووە دەڵێن بازاڕی کار ئاڵۆزەو مرۆڤەکان پێویستیان بە پەیداکردنی تێچووی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان هەیەو کارو پیشە لە ئیستیسنایەکەوە بووە بە ڕێسایەک کە ئەرکی گەل پەروەری وا دەڵێت کە دەبێ بەشێوەی لەبارو دروست ئەم پێویستیی سەرەکیی لە بەرچاو بگرین و خۆ لە هەڵاواردنی پێوەندیدار بە بەرژەوەندی دەسەڵات یان تایبەتمەندی وەک هەڵاواردنی ڕەگەزی، ئیتنیکی، کۆمەڵایەتی و هاوفکری بەپێچەوانەی لۆژیک بپارێزین، لە ڕاستیدا ئامانجی من لێرە لەم بەشەدا شیکردنەوەیەکە لە سەر ژێرپێکردنی مافی یاسایی و مرۆڤیی وەکو هەڵاواردن کە دەتوانین وەک ئامێرێکی تێکشکاندن و سەرکوتی کۆمەڵگا هەڵسەنگاندی لەسەر بکەین کە شیاوترین ڕێگا ڕەدکردنەوەی ئەم نادامەندییەیی لە لایەن کۆمەڵانی هەراوی خەڵکەوەیە چونکە بەرژەوەندی گشتی ئێمە پێکەوە گرێدراوەو پێشنیاری وا دەدات، لە زۆر بواردا لە وتەیەکی یەکێک لە ڕێبەرانی کریس دیموکراتەکانی وڵاتی سوئێد کەڵکم وەرگرتووە کە وتبووی "زۆر خۆشحاڵم کە لە وڵاتێکدا دەژیم کە خەڵکەکەی یەکتریان لە بەرچاوەو ئەم لە بەرچاوبوونە وەک ئامانجێک لە ئەولەوێت دایە".
لە باسێکی دیکەدا نووسیم کە یەکێک لە تایبەتمەندیی گرنگەکانی یاسای مرۆڤی یاسایەکە کە بە گوێرەی ئەو یاسایە، یاسا دەبێت لە هێندێک یاسا کە کارتێکردنی دەروونی یان ئایینی و ... هەیە جیاکرێتەوە تا شێوە بناغەیەک بۆ خۆبواردنی بە وەقار بەمەبەستی بەربەستی ناتەبایی و مەترسی تێکدانی پلەی ئەرێنی یاسای مرۆڤی دووری بکرێت، دەبێت کاری یاسایی

بدرێت بە تیمە یاسـاناسـەکان تا کۆمەڵانی خەڵک جێگای سـەرەنج و بەها مرۆڤییەکان نەکەونە ژێر پرسیارەوەو مافی خەڵک پێشێل نەکرێت.
کاتێک کە باس لە یاسـای مرۆڤی یان دادمەندی کۆمەڵایەتیی نابێ ئەوە لە بەرچاو نەگرین کە داکۆکی لە ماف لە لایەن کۆمەڵانی هەراوی خەڵکەوە یان تاکەوە گرنگی تایبەت بەخۆی پەیدا دەکات کە دەبێ وەک ویســتێکی پێویست چاوی لێ بکەین،
سـەرچاوەی ئەم شـێوە تێگەیشـتنە ڕێگری کردنە لە هێندێک تایبەتمەندی مرۆڤی ئێمە کە دەسـەڵاتخواز، پاوانخواز، سـەرکوتگەرو بەرژەوەندیخوازین و ئەگەر بەرهەڵسـتکاری بەشـێوەی دروسـت و پێویسـت لە ئارادا نەبێت هەرچی زیاتر بۆڵای کردەوەی دژی مرۆڤی دەچین کە لە ئاکامدا باری مرۆڤی خۆمـان لە دەســـت دەدەین و دەگۆڕێن بە هەیولایەکی دژی مرۆڤ و سـتەمکار، لێرەیە کە ئەرکی ئەرکداری ڕزگاری یاسـای بەرژەوەندی کۆمەڵگا دەبێت بەشـێوەی تایبەتی کاراو وەگڕکەوێت تا سـتەم سـنووردارو مرۆڤ نرخی مرۆڤی و یاسایی خۆی ڕاگرێت، بەکورتی و کراوەیی بێدەنگی لە ئاست ناتەبایی هەڵەیەکی گەورەیە.
هەروەک لە ســەرەوە هێناومەتەگۆڕێ لە کۆبوونەوەیەکی دەســەڵاتدارانی ئێراندا کە ئاغەی خامنەیی بەشــداربوو خوێندکارێک پێی لە جەرگی خۆیناو پرسی کاری لە گەڵ ئاغەی خامنەیی وەک ویســتێک هێنایەگۆڕێ و منیش لە ڕێگای تەلەفزیوونەوە چاوم لە کۆبوونەوەکە دەکرد کە ئاغەی خامنەیی بەتووڕەییەوە وتی "بێکاری ئێوە بە ئێمە چی، بڕۆن بۆخۆتـان کـار پەیـدا بکەن" دەتوانین کتێبێک بە تیرەی ١٠٠ لاپەڕە لەم بوارەدا بنووسی بەڵام چونکە لە ســەرەوە بەشــێوەی کورت بابەتێکم لە پێوەندی لە گەڵ مافی ئەرێنی و نەرێنی کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتێک و ئەرکی دەســەڵاتی بەڕێوەبەری وڵات نووسی چاوپۆشی لە باسی مافی ئەرێنی و نەرێنی دەکەم و ســەرەنجی خۆم دەدەمە هەڵاواردن و ناتەبایی.
ئێســتاکە کە بڕیار وایە کە ٣٠ هەزار کەس تایبەت (دانســقە) دامەرزێن و کاریان بۆ پەیدا بکەن لە گەڵ وتەکەی ئاغەی خامنەیی کە وتیان بێکاری ئێوە پێوەنـدی بە ئێمەوە نییە بەشــێوەی ڕوون ئەوەمـان وەبەرچـاو دەکەوێت کە تاقمێک خەڵک بەشێوەی تایبەتی باڵادەست و کۆمەڵگایەک دۆڕاوە یانی هەڵکێشو داکێشێکی نەرێنی باڵی بە سەر کۆمەڵگاکەدا کێشاوە!

باڵادەســـتان یان زاڵ بووان بە کەمترین بەڵگە یان بێ بەڵگەی پێویســـت بەڕێوەبەرو چاوســـاغی گەنجانێکن کە دایکوبابی داماویان بە بەدبەختی و چەرمەســـەری زۆرەوە خەرجی خوێنـدنی زانکۆیی ئەوانیـان دابین کردووە بەڵام ئیســـتاکە بەڵگە واقیعییەکانی خوێندنی ئەوان لە بەرامبەر بەڵگەی پێشکەشی یانی ساختەیی ئیستیسنایەکانەوە بایی نییە، یەکێک لە کێشەکانی کۆمەڵگای ئیســـتاکەی ئێران و وڵاتانی دواکەوتوو هەمان کەیسی_ تایبەتی (باڵادەست) و دانی کارە بە کەسانی بێ لیاقەت و کارنەزانە.
ئەگەر کارزانێکی بواری کۆمەڵایەتی لە سەر بەخشینی کار بە کەسانی تایبەتی و ئیســتیســنایی لە گەڵ بەڵگەی پێشــکەشی و ســاختەگی شــیکاری بکات نەتیجەی کارتێکردنی ئەم هەڵسوکەوتە کە بەپێچەوانەی یاسـای یاسـایی و ڕەوشتی مرۆڤیی ئاکامی زۆر نەرێنی لە سەر بوارەکانی کۆمەڵگا دەداتە دەست کە دەتوانین لەنێوچوونی پێوەندی هاوئاسـتیی و ڕەوایی پێوەندی دروسـت و کار بەپێوڕی زانستیانە ناودێری بکەین.
لەم کۆمەڵگا نابەرابەرەدا کە پاوان (ئیسـتیسـنا) مافی تاقمێکی کەمە بەسـەر کۆمەڵگایەکدا دەتوانین بڵێین کە گربەسـتی گەشـتی کۆمەڵایەتی بێئیعتبارو بەئامانج کراوە کە خواستی ڕزگاری دۆخی یاسـایی یاسا پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرەو هەموو مرۆڤە پێگەیشـــتووەکان کە شـــکیان لە تەندروســـتی خۆیان نییە دەبێ لە ســـەر مافی هاووڵاتی هەڵسـوڕبن، لە ڕاسـتیدا ئێمە لە کۆمەڵگای ئیســـتاکەی ئێراندا هاووڵاتی خودی و ناخودیمان هەیە، ئەرکی ئەم خودیانە یان ســـەرچاوەی ئەم دابەشـکردنە چ بێت گرنگترە لە خودی دابەشـــکردنەکە چونکە لە مێژە بەشـــێوەی ســـیســـتەماتیکی و بەگوێرە پرۆژەیەکی ریئال پۆلیتیک بۆ مەبەسـتێکی دیاری سـتەمکارانە کاری لەسـەر کراوە کە ئاکامەکەیان وەک ئەولەوێتی دووهەم پەسەند کردووە.
لە کۆتایی دا ئەگەر بابەتی ئەرکی ڕزگاری مافی هاووڵاتی یان هەمان بواری یاسایی دەستپێکردێکی نەبێ لە داهاتوویەکی نە چەندان دووردا ئێمە دەبینە خاوەنی شێوە کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی کۆیلەداری، داواکاریی و هەوڵی تایبەت بۆ یەکسـانی دۆخ پێویسـتییەکە کە سـەرەنجی هەر تاکێکی تێگەیشـتوو بۆ کۆتـایی پێهێنـانی هەڵاواردن وەک پێویســـتییەکی مرۆڤیی دەخوازێـت کە سـازش و ڕێکەوتن بەشـێوە خەیانەتێک لەمافی گشـتی دەگۆڕێت، لە دۆخی ئیسـتاکەدا دەتوانین پرسـیار لە ڕیزپەڕ (ئیسـتیسـنا) بکەین و بپرسـین داخۆ

ئیستیسنابوون کە سەرچاوەکەی تەنها سەرکوتی مرۆڤایەتی و بابەتە یاساییەکانە پێت قبووڵە یان هەوڵ دەدەیت بۆ پووچەڵکردنەوەی فاکتەرەکانی بناغەی کۆمەڵگایەکی خراپ کە خۆت حاکم و جیلی داهاتووت کۆیلە بێت؟
داخۆ دەزانیت کە خۆتیان دامەرزاند تا لەو ڕێگایەوە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئێمە سەرکوت بکەیت و ئیستاکە کار بە منداڵەکەت دەدەن تا ئازادی منداڵاکانمان بەربەست و سەرکوت بکات! بەڵام ئاگاداربە کە ڕۆژێک دێت کە کار بە کەسێکی دیکە بدەن تا نەوەکانت سەرکوت بکات، داخۆ ئەم کردەوە بە کردەوەیەکی دروست بزانیین یان لەگەڵ کۆمەڵانی هەراوی سەرکوتکراوی خەڵک دژی نادادپەروەریی بوەستینەوە تا هەموومان وەک یەک لە کۆمەڵگایەکی دادپەروەرو دوور لە هەڵاواردن پێکەوە بژین.

پێموایە دیسان لە بەشی سەرەوە پێناسەیەکی تا ڕادیەک لۆژیکیمان لە سەر دەسەڵاتی ئاخوندەکان یان کۆمەڵگا نادادپەروەرەکان نووسی کە پێکهێنەری بەشێکی گرنگ لە بیرەوەرییەکانی منن، ئامانجم لە شیکردنەوەی زیاتری وتووێژ لەگەڵ ماف و سیستەمێکی سیاسی بوو کە وەک جێگرەوە بۆ وتووێژ هەڵبژێردراوە لەگەڵ ئەوەیی کە ئێمەی کورد تا ئەمرۆکە نەمانتوانیوە وەک نەتەوەیەکی خاوەن ماف خۆمان یەکلا کەینەوە، یانی هەرکامەوە بە قورسایی خۆی کارتێکردنی لە سەر ئاستی بزوتنەوەیی ماف یان ڕزگاریخوازی کورد هەبووە.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لەو حیزبە بەتوان و جێگای بڕوای خەڵک بوو کە وێرای هەڵەکانی دەستنیشانکراوی سەرەوە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو مافی نەتەوەیی و مرۆڤی خۆیدا لە ڕیزی ئەو حیزبەو حیزبەکانی دیکەدا زۆر نەرخی داوە کە دوو لەو کەڵە پیاوانەیی وەک شەهیدان دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعید شەرەفکەندی لەگەڵ دەیان کەسی دیکە لە پلەیی بەرزدا لە ڕیزی ڕێکخراوەکانی دیکەدا لە ئاستی ڕێبەرایەتیدا شەهیدو فیدای ئامانج بوون.
وێرای کێشە هزری و تەشکیلاتییەکانی کە لە سەرەوە باسکراوە دەتوانین بڵێین کە حیزبی دێموکرات (حدکا) لە کۆنگرەی پێنجەوە لەگەڵ کێشەیەکی

تەشـــکیلاتی قوڵترو جێگای تێرامان ڕووبەڕوو بووتەوە کە بندە دوو ڕووداو وەک دوو قەیرانی قوڵی تەشـــکیلاتی چاو لێ دەکەم و پێموایە کە هەرکامە لەو دوو ڕووداوانە ئەوانیش بەڕادەی قورسـایی خۆیان کارتێکردنی نەرێنییان لە سەر ئاستی مەسەلەی خەباتی ڕەوای گەلی کورد لەو پارچەدا داناوە، من لەم سـەردەمەدا بەم شـێوە بیر دەکەمەوە کە زۆربەی کێشـە تەشـکیلاتی و نێو خۆییەکانی حیزبی دێموکرات بناغەکەی لە سـەر هەسـتی دەسـەڵاتخوازییەوە سـەری هەڵداوە کە ڕەنگدانەوەی ڕامیاری تێکەڵاو کراوە، ناڵێم سـەد لە سـەر سـەد دەگەڕێتەوە بۆ هەسـتی دەسـەڵاتخوازی بەڵام زۆر دڵنیام بۆ شەست لە سەدی (٪٦٠).

ئەم شـێوە کێشـەیە تەنها بەرۆکی حیزبی دێموکراتی نەگرتەوەو دەبێ بڵێم بەداخەوە کە زۆربەی ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانی لە گەڵ قەیران ڕووبەڕوو کردەوەو زۆربەیان بوون بە چەند شـەقەوە بەڵام هەروەک لە سـەرەوە ڕامگەیاند چونکە من پێوەندیم لە گەڵ حیزبی دێموکرات هەبووە تەنها باسی حدکا لە گشـتییەتی خۆیدا یانی هەردووک باڵی بەتێکەڵاو باسی دەکەم.

کێشـە نێوخۆیی و تەشـکیلاتییەکان یان کێشـەکان کە سـەرچاوەکانیان دەگەڕایەوە بۆ شـێوەی پێکەوە هەڵکردن، هەڵسوکەوت و تعامول لە گەڵ ئەندامانی حیزب لە هەموو سـەردەمێکدا بوونی هەبووە کە بەشـێوەی تایبەتی بۆ ئەندامانی ئەو حیزبە بەروونی بەرچاو کەوتن کە وێرای ئاکامی جۆراوجۆر بەشـێوەی بچووک هەرسـاڵ قوولوقووڵتر دەبوونەوە، بۆ نموونەو بەگوێرەی ڕاپۆرتی بڵاو کراوەی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پێنجەم لەو سـەردەمە زێڕینەدا هەست بە کەمبوودی کادر سیاسی کراوە، هەروەها لە ڕاپۆرتی کۆمیسـیونی سـیاسی نیزامی لە لاپەرەی ٤٠دا، یان شەهید د- عەبدولرەحمان قاسملوو وتوویەتی دابین کردنی چەکوچۆڵە یان کەرەسـتەکانی پێویسـتی دیکە زۆر گران نییە چونکە دەتوانین بە پووڵ چارەسـەری بکەین بەڵام کێشـەی سـەرەکی دابین کردنی کادرە، لە هەمان دۆخدا کە لێرەو لە داهاتوودا باسـیان دەکەم زۆر کەسی بەتوان و لێهاتوو ڕووی لە حیزب کردەوە کە پاڵی پێوەنراوە، هەروەها دیسـانەوە بەشـێوەی ڕەنگاوڕەنگ کادرە بەئەزموونەکانی ڕیزەکانی حیزب ناچالاک کراون.

## کۆنگرەی هەشت (٨)

بەگوێرەی نووسراوەو وتەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی تەنها لە نێوان کۆنگرەی حەوت تا هەشتدا نزیک بە ١٠٠ کەس لە کادرە بەئەزموونەکانی ئەو حیزبە دەستیان لە کار کێشاوەتەوە کە دەتوانم بڵێم کە ئەم ناتەبایی لە کۆنگرەی هەشتدا بەشێوەی بەربەڵاوتر خۆی دەرخست و لەو کۆنگرەدا کە لە ساڵی ١٣٦٦هـ (١٩٨٨ز) گیرا لە ئاستێکی بەرزدا خۆی پیشاندا، بەداخەوە لە هەمان ساڵدا چەند ڕۆژ دوای کۆنگرەی هەشت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) ئیعلامی وجودی خۆی ڕاگەیاند کە هۆی نیگەرانی گەلی کوردو کەسانی دڵسۆزی کوردی لێکەوتەوە.

ئەم جیابوونەوە وێرای ئامانجە تاکەکەسییەکان لە ڕووانگەی منەوە تا ڕادەیەکی زۆر بناغەی ڕامیاری هەبوو کە دەتوانین باس لە کێشەی کورتەباس کە لە گۆنگرەی شەشدا هاتەگۆڕێ و ئاسەوارەکەی تا کۆنگرەی هەشت و بگرە دواتریش مایەوە کە لە کۆتایی دا مەسەلەی لیستەی فیکس یانی لیستێکی دیاریکراو لە کاندیداکانی حیزبی بۆ هەڵبژاردن بۆ ئەندامیەتی کۆمیتەیی ناوەندی لە کۆنگرەی هەشتدا بەو زیادکرا.
هۆکارەکانی بیرکردنەوە لە لیستێکی دیاریکراو لە ئەندامانی حیزبی و بێ مافکردنی هێندێک کەس دیکە لە خۆ دیاریکردن وێرای ئەوەیی کە لە گەڵ پێوەرە دیموکراسییەکان ناتەبایە بەزۆری باسی لە چارەسەری کێشە نێوخۆیی و هزریەکانی نێو ریزەکانی حیزب دەکرد کە بەشێوەی لیستەیی فیکس یان دیاریکراو خۆی نواند و کێشەکەی زیاتر ئاڵۆزو ڕوو لە بوون بە قەیران برد کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕیبەرایەتی شۆڕشگێڕی لێکەوتەوە.
لێرە لەم بەشەدا بەڕوونی دەتوانین قامک لە سەر ئەوە دانێن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەهەموو پێکهاتەکانییەوە بە تایبەتی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە لە شێوەی چارەسەری کێشە تەشکیلاتی ونێوخۆیەکاندا ئەزموونی لەبارو زانستی پێویستی نەبووە کە هۆکارەکانی گەیشتنی ناتەبایی ڕامیاری گەیشتووەتە قۆناغی ناتەبایی ڕووخێنەر.

لایەنێکی دیکەی ئەم کێشـەیە کە بەرۆکی خەباتی گەلی کوردی لەو بەشـەی کوردســـتـان گرتبووەوە دووری ئەنـدامـان و لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوە لە واقعیەتی ڕووداوە مێژوویی و ئایدئۆلۆژییەکانی کۆمەلگا پێشـــکەوتووەکان بوو، چونکە ســـاڵی ١٣٦٢هـ (١٩٨٤ز) کە گۆنگرەی شـــەش گیرا لە گەڵ ســـەردەمی ئیســـتاکە کە من ئەم کتێبە دەنووســـم یانی ســـاڵی ١٤٠٠هـ (٢٠٢١ز) گەلێک جیاوازبووە، ئیســـتاکە وێرای زۆر ئاســـتەنگی ســـیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری بەڵام بەخۆشـیيەوە مرۆڤ زۆر بەئاسـانی دەتوانێ و ئیمکانی پەیداکردنی ڕاستییەکانی هەیە، یانی ئاستەنگی مێژوویی و زانستی ئەو سەردەم بۆخۆی پێکهێنەری بەشێک لە ڕووداوەکان یان هەڵسەنگاندنەکان بووە.

هێندێک لە زانایانی بواری چارەسـەری کێشـە پێیانوایە کە ناتەبایی بابەتێک نییە کە ئێمە هەمانبێت بەڵکو کارێکە کە لە گەڵ یەکتر ئەنجامی دەدەین یانی ناتەبایی پێوەندییەکە کە بەپێکەنینێک چارەسـەر نابێ و بۆ چارەسـەری دەبێ هەرکەسەو بەرپرسیاریەتی لە ئاست پێکهاتنی ناتەبایی دا قبووڵ بکات و دەرگایماڵەکەی خۆی خاوێن بکاتەوە، تا کاتێک کە بەڕاشـکاوی باس لە ویسـتوداوخوازییەکانمان نەکەین و چوارچێوەی هزری خۆمان لە ئاسـتێکی نەرێنییەوە بۆ ئـاســـتێکی ئەرێنی نەگۆڕین دەروونی ئێمە پڕە لە هەســـتی ناخۆش و کاتێک کە هۆکارەکانی شـــێوەی بیرگەریی نەرێنی شـــوێنی خۆی گۆڕییەوە بە بیرگەریی ئەرێنی ئەوکاتەیە کە پێوەندییەکان ئاســـتی ئاســـایی خۆیان دەبیننەوەو پێوەندی سەردەمیانەتر سەرهەڵدەدات.
مەبەســـت لە هێنانەوەی برگەی ســـەرەوە ئاوردانەوەیەکی کۆنکرێتە لە وتەکەی خۆم لە ســـەرەوە کە وتوومە کە بەرپرســـانی حیزبی یان ئەندامانی ئەو حیزبە نەیانتوانیوە بە شێوەی زانستیانە کێشەکان لە بناغەدا چارەسەر بکەن کە بوونەتە هۆکاری هەڵاوسانی هزرو هەستی نەرێنی لە دەروونەکاندا.
لە هەمان حاڵدا زانایانی وەک **یان ئەتلە** و **نیکلاس ئادین** لە ســـەر ئەو بڕوان "کە لە کاتی ناتەبایی دا قووڵبوونەوە لە باســـدا وەک هێنانەوەی بەڵگەو دۆکومنت ناتوانی ناتەباییەکان چارەســـەر بکات بەڵکو ئیمکانی زیادکردنی کێشـــە بە کێشـــەکانی دیکە هەیەو دەبێت لە قووڵبوونەوە خۆ بپارێزین، هەروەها وتوویانە کە ئەوانەیی کە بەرێوەبەرایەتی یان مودیریەتی

چارەسەری ناکۆکی دەکەن دەبێ بۆ خۆیان لایەنێکی کێشەکە یان ناکۆکییەکە نەبن تا بتوانن کارتێکردنی ئەرێنیان هەبێت، بەگشتی لە سەر ئەو بڕوان کە کێشـــەی بێ چارەســـەری وجودی نییەو کاتێک کە گرێکوێرەیەک یان نـاتەبـاییەک نـاکرێتەوە ئەوە بەو مـانـایە نییە کە ئیمکـان یـان ڕێگا چارەسەرییەکی نییە، ڕێگای چارەسەری هەیە بەڵام ئێمە نازانین کامەیە".

مەبەســتم لێرە ئەوەیە کە هەموو کێشــە نێوخۆییەکانی حیزبە کوردییەکان ڕێگای چارەســەریان هەبووە بەڵام یا بەڕێوەبەری چارەســەری کێشــەکە بۆ خۆی لایەنێکی کێشـەکە بووە یان کێشـەکانمان قووڵتر کردووەتەوە، وێڕای ڕەد کردنەوەی لیســتەی فیکس وەک شــێوە چارەســەرییەکی بناغەیی لە بواری قووڵتر کردنەوەدا لە خوارەوە هێنـدێـک لە بـاســـە ســـیـاسی و ئایدئۆلۆژییەکان یان بابەتە هزرییەکان کە وەک بەشـــێک لە کێشـــەکان پێناســە دەکران دەنووســم تا بزانین لە پراکتیدا ئەو باسـانە چەند بۆ حیزبی دێموکرات یان ئەندامانی ئەو حیزبە پێویست و گرنگ بووەن چونکە هەمان زانایان کە لە ســەرەوە ناویان هاتووە وتوویانە" چارەســەری زانســتیانەی ناتەبایی ڕێگری لە ڕووداوی نەخوازراو دەکات و لە هەمان حاڵدا چارەسـەر نەکردنی ئیمکانی بۆ دەڕوات کە هۆکاری ڕووداوی نەخوازراو بێت چونکە کێشـــە یان ناتەبایی وەک زۆر بابەتی دیکە خاوەنی ســـاختارو شـــێواز یان ئەنـاتۆمی پێوەنـدیـدار بەخۆیەتی کە لە بەردەوامی ئەو بـابەتە نەرێنیی دا پێکهاتووە، لە کاتی ناتەبایی دا ناتەباکان بەدوای خاڵە نەرێنییەکانی لایەنی دیکەدان و کاتێک مرۆڤ بەدوای پەیداکردنی عەیبی کەسێکەوە بێ بێگومان دەتوانێ شتێک پەیدا بکات و ناوی عەیبی لە سەردانێ".

بەگشتی و بەشێوەی لێکۆڵینەوە دەتوانین بێژین کێشـەی بێ چارەسەری لە دەروونەوە ئێمە دەخواتەوەو لە گەیشـــتن بەئامانج و ویســـتەکان دوامان دەخات، شـەرکەیەکی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیی وڵاتی سـوئێد لە سـەر فاکتەرەکانی ناتەبایی لە نێو کۆڕی کرێکارانی شـــەریکەیەکی بەرهەمهێناندا لێکۆڵینەوەی کردووە کە دەســـتکەوتەکەی بووە بەوە کە خـاوەن کارەکە پووڵێکی زۆر لە دەسـت دەدات کە بریتین لە پشـوویی نەخۆشی (تێبینی: لە یاسـای کاری وڵاتی سـوئێددا یاسـای نەخۆشی هەیە کە زۆر جارێک خەڵک بەپێچەوانە کەڵکی لێوەردەگرێت) کرێکار کاتێک کە شـــوێنی کارەکەی بەدڵ نەبوو دەتوانێ یـاســـای کار خراپ بەکـاربێنێ بۆ مـاوەیەک خۆی بـداتە

نەخۆشی کە دەبێ خاوەنکار چوارده (١٤) ڕۆژی سەرەتا مووچەی کرێکارەکە دابین بکات بەڵام دوای پانزده ڕۆژی سەرەتایی ئیدارەی بیمە یان حکومەت ئەستۆداری هەشتا لە سەدی (٪٨٠) مووچەی کرێکارەکە دەبێت، لەم لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێت کە ناتەبایی نێوان خاوەنکارو کرێکار یان کرێکارانی شەریکەیەک وێرای زیانگەیاندن بە حکومەت ئەگەر کرێکارێکی بەئەزموون دەست لە کارەکەی بکێشێتەوە خاوەنکار یان شەریکە بۆ دامەرزاندنی کرێکارێکی بێ ئەزموون زیانێکی دویست و پەنجا هەزار (٢٥٠،٠٠٠) کرونی پێدەگات، مەبەستم لەم برگە لە باسەکەم ئەوەیە کە ناچالاک بوون یان دەست لە کارکێشانەوە یان سڕیوونی کادرو ئەندامە بەئەزموونەکان یان پاڵپێوەنانەکان وێرای دانانی نرخ بۆ ڕێکخراوەکان زیانی زۆریشی بەخەباتی نەتەوەیی و چینایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاندووە.
هەروەک لە بەشی یەکەمی کورتەی بیرەوەرییەکانم دا هاتووە بەو هۆکارانەوە کە لەو کتێبەو لێرەشدا باسکراوە بەشێوەی تەواو وەخت ڕیزی حیزبم بەجێهێلاو خۆم ڕادەستی حکومەتی عێراق کرد بۆ ئەوەیی ڕەوانەی ڕۆمادییم بکەن تا بلکو بتوانم لە ڕێگای سەلیی سوورەوە بەشێوەی فیزیکی بۆ هەمیشە یان بەشێوەیی کاتی ماڵئاوایی لە زەیدی باوباپیرانم بکەم و منداڵەکانم بگەیەنمە شوێنێک، یانی لە کاتی کۆنگرەی هەشت و هەڵوێستی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە ئۆردووگای ڕۆمادیی بووم و هەوڵم دەدا تا بۆ ماوەیەک دووری لە کاری سیاسی و نەتەوەیی بەشێوەی تەشکیلاتی بکەم.
کۆنگرەی هەشت لە باشووری کوردستان گیرا کە زۆر لە ڕۆمادیی دوورەو ئەو سەردەمە کە سەردەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆری حیزبی بەعس و سەدام حوسێن بوو بۆ گەیشتنی هەواڵ یان زانیاری دروست لە سەر ڕووداوێک کە لە باشووری کوردستان ڕوویدابێت ئاستەنگ زۆر بوو،
لە هێندێک بواردا چەند مانگی دەبرد، بەڵام دەنگی ڕادیو کوردستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئاستەم دەگەیشتە ڕۆمادیی و لە سەرەتادا وەک سەرچاوەیەکی گرنگی زانیار لە سەر ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاومان لێ دەکرد کە زۆربەی شیکردنەوەو وتارەکانی ئەو ڕادیو وای پیشاندەدا کە شتێکی کەم بایی و وەک تاقمێک لادەر لە ڕێبازی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد ناودێری دەکردن کە بۆ زۆربەمان وتارەکەی ڕادیو کوردستان ئایەتی قورئان بوو.

وێرای ئەوەی کە بڕیارم دابوو کە بۆ ماوەیەک بێدەنگ و خۆم لە کاری سیاسی لە تەنشت ڕێکخراودا دوور ڕاگرم بەڵام وێرای بەداخ بوون بۆ ئەو جیابوونەوە منیش بەگوێرە وتاری ڕادیو دەنگی کوردستان وەک زۆربەی خەڵکی ئۆردووگای ڕۆمادیی دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (ر ش) بە تاقمێک لادەر پێناسەو ناو دەبرد چونکە زۆر ئاستەم بوو تا بەپێوڕی واقعیی و عینی لە چەندو چۆنی کێشەکە ئاگادار بیت، بەتایبەتی لە ئامانجی کۆنکرێتی جیابوونەوەکە بگەیت.
لە گەڵ کاک قادر ئەلیاسی سەردەمێک دۆست و هەردووکمان بۆ ماوەیەک لە ناوچەیەک پێشمەرگە بووین بەڵام قادر ئەلیاسی لە حیزبدا مابووە کە لە کاتی هەڵوێستی ڕیبەرایەتی شۆڕشگێڕدا ئەویش بێ لایەن نەمابووەو ڕیزی حیزبی جێهێشت و گەڕایەوە بۆ ئۆردووگای ڕۆمادیی، ڕۆژێک یەکێک لە دۆستان ئاگاداری کردمەوە کە قادر ئەلیاسی گەڕاوەتەوە بۆ ئۆردووگاو لە ناوچەی ئەلیاسییەکان لە شوێنێکە بەناوی خۆڵەکە، منیش بە دوو مەبەستی تایبەتەوە یەکەم تازەکردنەوەی دیداری دۆستانەو بەخێرهاتنەوە، دووهەم بەمەبەستی دەستکەوتنی زانیاری کۆنکرێت لە سەر ڕووداوەکەی کۆنگری هەشت ڕۆیشتم بۆلای بۆ ئەلیاسییەکان.
کاتێک کە کاک قادر ئەلیاسیم بینی و باسی کێشەکانی کۆنگرەی هەشت هاتەگۆڕێ لە دەمم دەرچوو وتم ئەم مەسەلەی لادەرانە کە ڕادیو حیزب باسی دەکات تا چەندە تۆ ئاگاداری کە لە وەڵامدا وتی دەزانم زۆرکەس وەها دڵێت کە لام گرنگ نییە بەڵام پێم خۆش نییە ئەو وشەیە لە زاری تۆ دەرچێ، داخۆ دەزانی ئەوانە چەکەسانێکن وتم تا ڕدەیەک نەوەڵا، بەوردی هەموو ناوە ناسراوەکانی ناوبردو پرسیاریکردو وتی داخۆ تۆ ئەمانە بە لادەر دەزانی کە وتم نەوەڵا، وتی ئەوانە لادەر نین و کەسانێکن کە مێژوویەکیان لە خەباتدا هەیەو ئەگەر حیزبی دیموکراتی ڕاستیی و واقعیی هەبێت ئەوانن و بەمزوانە ڕاگەیاندراوەکەیان دەگات ئۆردووگای ڕۆمادیی ئەوکات زیاتر پێکەوە باس دەکەین.
هەروەک لە سەرەوە هاتووە کاتی گەڕانەوەم بۆ ڕۆمادیی بڕیارمداوە تا وێرای داکۆکی لە مافی نەتەوایەتی و مرۆڤی بەشێوەی تاکەکەسی بۆ ماوەیەک خۆم دوور لە کێشەی سیاسی تەشکیلاتی ڕاگرم و هێشتاکە هەر لە سەر بڕیارەکەم ڕاوەستاوم، ماوەیەک بەسەر چاوپێکەوتنەکەی من و قادر

ئەلیاسی تێپەڕی و هێندێک زانیاری زیاتر کەوتە نێو ئۆردووگای ڕۆمادیی، بۆ من بەشـــێوەی ڕوون تەنها قـادر ئەلیـاسی بەلایەنگری بـاڵی ڕێبەرایەتیی شـۆڕشـگێڕ لەو کاتەدا دەناسـم بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران لە ئۆردووگادا خاوەنی دەسەڵاتێکی تایبەتەو ئاگادارم کە کۆمیتەو شانەکانیان لە ئۆردووگادا هەوڵ دەدەن تا هەموو کونوقوشـبنێک بەجوانی سـواق بدەن تا ڕێبەرایەتی شـۆڕشـگێڕ نەتوانێ لاقی لە سـەر زەوی ئۆردووگای ڕۆمادیی دانێ، بەکورتی و بەگوێرەی بیرکردنەوە لە سەر ئاستی شێوەی هەڵوێستی خەڵک چاوەڕوان نەبووم کە کەس بتوانێ جگە لە وشـــەی لادەر باسی وشـــەی ڕێبەرایەتی شـۆڕشـگێڕ بکات، ئەو ڕۆژە کە قادر ئەلیاسی باسـەکەی بۆ من دەگێڕایەوە وێرای ئەوەیی کە تەنهـا چەنـد کەس لە بنەمـاڵەی خۆی نەبێ کەسـێکی دیکە لەوێ نەبوو بەڵام هەسـتم بەوە دەکرد کە زۆر بەترسـەوە باس دەکات.

دوای ماوەیەکی دیکە وتیان دوکتور حســێنی خەلەقی لە پێوەندی لە گەڵ مەسـەلەی ڕێبەرایەتی شـۆڕشـگێڕو بۆ کاری تەشـکیلاتی هاتووە بۆ ئۆردووگا کە پێم وابوو لە گەڵ قادر ئەلیاسی باسـیان دەبێت بەڵام ڕاسـت یان هەڵە وتیان بە هاتنی دوکتور خەلەقی ژنیان بۆ قادر ئەلیاسی دەستنیشان یان مارە کردووەو ئیســتاکە ئەو لە هەمووان توندترەو کۆڕێکی بەربڵاویان لە ســەر شـــوێنی کۆڕ پێکهێنانی حیزب بەڕێوەبرد، بەڵام هێشـــتاکە لە ســـەر ئەو هەڵوێســـتە کە لە هەمووان توندترە تا ڕادەیەک گومانم هەیە، چەند ڕۆژ دواتر ڕەحمەتی کـاک غەفوری خەمزەیی هـات و لە مزگەوتێـک لە نزیکی خۆڵەکە کۆڕێکیان پێکهێنابوو کە دەیانگوت خەڵکێکی زۆر بەشـداربووەن، لە بڵەندگۆی مزگەوتەکەوە قسەیان بۆ خەڵک دەکردو دەنگیان دەگەیشتە نـاوچەکەی ئێمەو زانیم کە زانیـارییەکەی ڕابردوو لە پێوەنـدی لە گەڵ توندبوونی کاک قادر ئەلیاسی ڕاســتە بەڵام بابەتێک کە زۆرلام ســەیر بوو ئەوەیە کە کەســێک کە ماوەیەکی زۆر کورت لێرەوبەر بە باڵای ئەندامانی ڕێبەرایەتی شــۆڕشــگێڕدا دەیگوت و ئەوانی بە کۆڵەکەی خەباتی کوردایەتی ناو دەبرد لە نەوارێکی تۆمارکراودا کە ماوەیەکی دواتر کەســێک هێنای بۆم بەو کۆڵەکەکـانەیی ڕاگری کوردایەتی چەنـد ڕۆژی پێش دەڵێـت لادەرانی خۆفرۆش و جاش مجاهید و...

وێرای ئەوەی کە هەستی دەروونیم لە خەبات دانەبڕاوە بەڵام هێشتاکە هەر لە سەر بڕیاری خۆم سوورم و وێرای ئەوەی کە دەزانم کە حیزبی دێموکرات دابەشبووە بە سەر دووبەرەدا هەوڵ دەدەم تا کارم بە هیچکام لەو لایەنانە نەبێ، ئیستاکە بابەتەکە بۆ زۆرکەس ڕوون بووەتەوەو زۆربەی خەڵک دەزانن کە کەسانی وەک کاک حەسەن ڕستگار، کاک جەلیلی گادانی، کاک فەتاح کاویان، کاک نەبی قادری و زۆر کەسی دیکە کە مێژوویەکیان لە کوردایەتیدا هەیەو بۆ خەڵک ناسراون لە گەڵ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کەوتوون بەڵام هەر یەک لایەنیان باسی هەیەو کەس ناتوانێ جگە لە وشەی لادەران ناوی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بەزایدا بێت و دۆخەکە ئەوندە بەستراوەو تووندە کە کەس چاوەڕوانی ئەوە ناکات کە باڵی جیابووەوە بتوانێ لە ئۆردووگای ڕۆمادیی سەرهەڵدا.

ماوەیەکی کورتە کە شێخ مەسعوود نەقشبەندی (کەمالی) نەوەی شێخ عوسمان نەقشبەندی کە کاتی خۆی یەکێک لە بەرپرسانی سپای ڕزگاری بووە حکومەتی عێراق لە باشووری کوردستانەوە لە گەڵ یەکێک لە زاواکانی بەزۆر بە بنەماڵەوە کۆچیانداون بۆ ئۆردووگای ڕۆمادیی و نزیک بە ٥٠ تا ٧٠ متر لە گەڵ ماڵی ئێمە نێوانمانە بەڵام چونکە پێشتر پێوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسیمان پێکەوە نەبووە هیچ چەشنە پێوەندییەک لە چەشنی هاتووچۆ یان دیالۆگ لە نێوانماندا نیی.

هەروەها لەو ماوەدا حکومەتی عێراق چەند ماڵی دیکە لە باشووری کوردستانەوە گواستەوەتەوە بۆ ئۆردووگای ڕۆمادیی و پێوەندی خزمایەتیان لە گەڵ من هەیە هێندێک زیاتر زانیاریم لە ڕێگای ئەوانەوە کە لای من خۆیان بەلایەنگری ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دەناساندو بە هۆکاری ئاستەمی دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەیاندەتوانی بەشێوەی کۆنکرێت واقعیەتی خۆیان پیشان بدەن دەست کەوت، لەم بوارەو دوو بواری دیکەدا نامەیەکی مزەفەر میتران کە بۆ مەرحومی تۆفیق بەگی وەکیلی کوردستانی بابی شەهید جەمال و برای شەهید زۆراب نووسیوویەتی دادەنێم.

باڵی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە بواری تەشکیلاتییەوە پێویستیان بەکات هەیە تا بتوانن دەنگ و ڕەنگیان هەبێ بەڵام تایبەتمەندییەکی گرنگیان هەیە کە دەتوانێ هۆکارێکی جێگرەوە بێت تا بتوانن تا ڕادەیەک ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن یانی زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانیان لە سەرەوە تا خوارەوە ئەزموونی

ســـاڵەها کاری ڕامیارییان هەیە کە دەتوانن ئەزموونەکانیان بە مەبەســـتی قەرەبوو کردنەوەی کێشـــەی ڕێکخســـتن و کارتێکردن بەکاری بێنن و کەڵکی لێوەرگرن.
ئۆردووگای ڕۆمادیی خەڵکێکی زۆری ســـەربە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتانی تێدا دەژین و باڵی ڕێبەرایەتی شـــۆڕشـــگێڕ ناتوانێ چاپۆشی لێ بکات بەڵام تا ئەو جێگایە کە من ئاگاداربم تەنها کەسـانێک کە وشـەیی ئەرێنی لە پێوەندی لە گەڵ ئەو هەڵوێســـتە بەزاردا هـاتبێ دۆســـتە کۆنەکەی من لە گەڵ سێ بنەماڵە یان کەس لە خزمانی خۆمە کە ئەوانیش زۆر بەنهێنی، بەڵام ئیســـتا دۆســـتە کۆنەکەی من لە هەمووان تونـدوتێژترەو تەنهـا هەڕەشـــە لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ناکات بەڵکو هەڕەشە لە دارو دیوار دەکات.
هەروەها بەپێویســـتی دەزانم بەمەبەســـتی بەرچاوڕوونی خوێنەر نامەیەکی شـــەهید کاک شـــاپوورِ فیروزیی کە بۆ کەســـێک لە ئۆردووگای ڕۆمادیی نووســـیویەتی لێرەدا دانێم. تێبینی لە بەر ئەمنییەت و بـابەتی دیکە لە هێندێک شوێن نامەکە سانسۆر دەکەم.


بەڕێزم ئێستا خەڵک مەسائیل زوو دەرک دەکەن، وەشوێنی سیاسەتی ڕاستەقینە دەکەون. ئەوە ئێوەن کە ئاگاداریان
بدەنێ! چی تان وا ندبێت بە هاتنی دوکتور خلیقی و هەندێک عەوام فریبی وەزارەتی شیروزنیون لە هەموو کەس ڕووی
لەلای ئەوان کردووە. ئەوانە تەنیا دەتوانن کڵاو لەسەری هەندێک نان بە نرخی ڕۆژخۆرەوە کو تا [redacted] دابنێن و بە
کێشانی دەستێک بەسەروگوڕا چوار گۆرانی پێ بڵێن و چەپڵەی بۆ لێبدەن. ئەوەش لە هەمو بیروباوەڕێک دوور ... لا بەنێ!
جا کە ئایە لەگەڵ کا [redacted] هەندێک زۆرتر خۆتان ماندوو بکەن. لە هەر شتێکتان لازمە لە بەڕێوز کە بۆتان بەڕێ بکەین ...
بەزووترین کات لە ئاکامی کارەکانتان ئاگادارمان بفەرموون. لەگەڵ [redacted] تەماس بگرە ناوم بۆ نووسیوە لە
گەڵی [redacted] سلاو
دەگەیێنم و لاچاوی ماچ دەکەم. هەندێک نەشریاتمان بە دەوری کاک ڕەسوڵ [redacted] نارد لەگەڵی تەماس بگرن.
هەروەها بۆ هەمو برادەرانی لای ئێوە سلاوتان هەیە هیوادارم فرسەتی یەک بێت بە خزمەت گەیم
بە سوپاسەوە برات شاپور

ئەو بەشـــەیی نامەکە دوای ئەحواڵپرسی و ســـانســـۆر کردن بەم شـــێوەیە ....بەڕێزم ئیســـتا خەڵک مەســـائیل زوو دەرک دەکەن، وەشـــوێنی ســـیاســـەتی ڕاســـتەقینە دەکەون، ئەوە ئێوەن کە ئاگاداریان

بدەنی! پێتان وانەبێت بەهاتنی دوکتور خەلیقی و هێندێک عەوام فریبی و ڕازی شێروڕێوی هەموو کەس ڕووی لەلای ئەوان کردەوە، ئەوانە تەنیا دەتوانن کڵاو لەسەری هێندێک نان بەنرخی ڕۆژخۆر وەکو ... دابنێن و بەکێشانی دەستێک بەسەروگویا چوار گۆرانی پێ بلێن و چەپڵەی بۆ لێدەن ئەویش هەموو بیروباوەڕێک وەلا بەنێ! جا تکایە لەگەڵ کاک ... هێندێک زورتر خۆتان ماندو بکەن، هەرشتیکتان لازمە بفەرمون کە بوتان بەڕی بکەین و ئینتەزاری ئەوەم هەیە بەزووترین کات لە ئاکامی کارەکانتان ئاگادارمان بفەرمون. لە گەڵ .... تەماس بگرە نامم بۆ نوسیوە لە گەلی ............ سلاو دەگەینەم ولاچاوی ماچ دەکەم، هێندێک نەشریاتمان بە هوی کاک رەسول... نارد لە گەلی تەماس بگرن. هاوریان بو هەمو برادەرانی لای ئێوە سلاویان هەیە هیوادارم فرسەتی پێک بیت بەخزمەت بگەم، بەسوپاسەوە برات شاپور فیروزی ٦٧/٩/٣.

لەو سەردەمەدا قەت لەو باوەڕەدا نەبووم کە باڵی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بتوانێ ڕۆژێک لە ئۆردووگای ڕۆمادیی دا تێکۆشانی هەبێت، بناغەی ئەم هەڵسەنگاندنەم دەگەڕایەوە بۆ شێوەی هەڵوێست و بیرکردنەوەیی خەڵکی ئۆردووگاکە لە ئاست ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا کە زۆربەیان بەگوێرەی گوێ و چاو بڕیاریاندەداو قەزاوەتیان دەکرد.
لەو ماوەدا لە هاتووچۆی سەر ڕێگادا لە گەڵ شێخ مەسعوود نەقشبەندی هێندێک ئاشنایمان پەیداکردەوەو جارێک ڕۆیشتم بۆماڵیان بۆ بەخێرهاتن کردنی بەڵام بەو قۆناغە نەگەیشتووین کە باسی سیاسی بکەین چونکە هیچ لە سەر یەکتر نازانین و هۆی ئەو سەردانەش بەزۆری دەگەڕایەوە بۆ ئاشنایی و پێوەندی کۆنی بنەماڵەییمان.
باڵی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕی حیزب وێڕای ئاسایی کردنەوەی پێوەندی ساردی سیاسی لە گەڵ هێندێک لە ڕێکخراوەکانی سەرتاسەری و کوردستانییەکان بۆ ئەوەیی بتوانێ لە ئۆردووگای ڕۆمادیەش خۆی پیشان بدات یا هەڵسووڕانی هەبێت لە ناسراوی چەند کەس لە ئەندامانی خۆی وەک مزەفەر میتران، محەممەدخان مروەتی و کاک شاپووڕ فیروزی کەڵکوەردەگرن و دەکەونە پێوەندی لە گەڵ هێندێک کەسو کەسایەتی لە ئۆردووگای ڕۆمادیی کە لێرە دەتوانم ناوی بەڕێزان شێخ مەسعوودو مەرحومی تۆفیق بەگ وەکیلی کوردستانی بێنم کە پەیامیان بۆ دەنێرن و دەڵێن بەمەبەستی سەردان و هێندێک کاری تەشکیلاتی دێین بۆ ئۆردووگاو ماڵی ئێوە، شێخ مەسعوود چونکە شارەزایی لە سەر ڕێکخستن و شێوەی هەڵسوکەوتی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆمادیی نابێت زۆر بە ئاسانی و بێ ئەوەیی کە بیر لە ئاکامی سەردانەکە بکاتەوە بەگوێرەی مێوانداری کوردەواری دەڵێت زۆر بەخێر بێن بەڵام مەرحومی

تۆفیق بەگ پێشـــنیاریان پێدەکات کە هێندێک ســـەردانەکەیان وەدوا بخەن، لەو ســـەردەمەدا من هیچ زانیارییەکم لە ســـەر ئەم مێوانداریی و نامەگۆڕینەوە نیی و وەک پێشتر بێ لایەن ماومەتەوە.



برای زۆر بەڕیزو خۆشـــەویســـت کاک توفیق بەگ، دوای ســـڵاو و ئەحواڵپرسی .... دەنووسێ" نامەکەتان گەیشـــت و زۆر خۆش حاڵ بووم، ســـەبارەت بە هاتنمان بۆ ئوردوگا لە ســـەر پێشـــنیاری ئێوە برێک وەدوای دەخەین، هێندێک اعلامیەو ڕۆژنامەو نشـــریەمان بۆ ناردن تکایە بەهاوکاری هاورێ یانی دیکە بڵاویان بکەنەوە، ســـانســـۆری دەکەم...... ســـەبارەت بە هاتنی ئەو چەند کەســـە بۆلای ئێمە پێویستە عەرزتان بکەم تەرتیبی هاتنیان دراوە سازمانی موجاهیدین دەیانهێنێ، عەرزێکی دیکەم نییە برات مظفر متران ٦٨/١/١٥.

ڕۆژێک کە لە ماڵدا خەریکی نووســـینی هێندێک بابەت بووم گوێم لە چەند تەقەی دەمانچە بوو، خانمم وتی لەوە دەچێت لە پشـــتی ماڵی خۆمان کێشەیەک ڕوویدابێ و منیش بۆ ئەوەیی کە بزانم چ ڕوویداوە زۆر زوو ڕووم لە کۆڵانەکانی پشـــتی ماڵی خۆمانکرد کە بینیم لە دەرکی ماڵەکەی شـــێخ مەســـعوود قاڵێکی لە ڕادەبەدەر گەورەیەو پرســـتارم کرد چ قۆماوە کە وتیان تێمکی تەشـــکیلاتی جەماعەتی لادەران هاتوون بۆ ماڵی شـــێخ مەســـعوود و تەشـــکیلاتی ڕۆمـادیی حیزبی دێموکرات ئـاگاداری هـاتنەکەیـان بووەن و هێرشیانکردووەتە سەریان و کەسێکی یارسانی بەناوی سلێمان فەتاحی کە وتوویەتی بۆ وادەکەن بەچەقۆ لێیانداوە کە زۆر بەســـەختی بریندار بووەو ئامبوڵانس بردویەتی بۆ شارەکەی ڕۆمادیی.

زیاتر ڕۆیشـــتمە قوڵایی خەڵکەکەوەو بۆم دەرکەوت کە مێوانەکانی شـــێخ مەســـعوود بە شـــێوەیەکی زۆر ئاســـتەم و بە هاوکاری هێزەکانی ئاســـایشی-حکومەتی عێراق کە مەقەڕەکانیان زۆر لە ماڵی شـــێخ مەســـعوودەوە دوور نەبوو ڕزگار کراون بەڵام هێندێک کەس لە هەوڵی ئەوەدان کە کێشـــە بۆ

ماڵی شـێخ مەسـعوود دروسـت بکەن کە بەخۆشـییەوە هێندێک کەسی دیکە لە هەوڵی دوورخسـتنەوەی ئەوانـدان، کـاتێـک لە نێو ئـاپۆرای خەڵکەکەدا بووم یەکێک لە براکانی قادر ئەلیاسی کە پێموایە کاک سـلێمان بوو باڵی گرتم و بردمیە پشت خانووەکەی ماڵی شێخ مەسعوودو وتی کاک قادرم سـڵاوی هەیەو وەتی ئاگادارت بکەمەوە کە ئەو هیچ دەسـەڵاتێکی نەبووەو لەم کردەوەدا زۆر بێتاوانە، ئاگاداری بە، لەو سـەردەم و کاتەدا چونکە بەسـتراوەیی تەشـکیلاتیم نەبوو هیچ بیرم لە بواری سـیاسی ئەو پەیامەی قادر ئەلیاسی نەکردەوەو تەنها بیرم لە لایەنی دۆستی و کۆمەڵایەتی پەیامەکە کردەوە.
بەکاک سـلێمان ئەلیاسـیم وت بەچاوان، هێشـتاکە ئاگاداری ئەوە نیم کە شـێخ مەسـعوود تەنها مێواندارێکەو بە قەوڵی خۆیی هیچ پێوەندییەکی تەشـکیلاتی لە گەڵ تیمی هاتوو نییە بەڵام دەمزانی کە هێندێک لە خزمانی بریندارەکە هاتوون لە ماڵی شـێخ مەسـعوودن و زۆر دڵسـۆزانەو ئاسـایی رۆیشـتمە ژورە بۆ ماڵی شـێخ تا داوای لێ بکەم ئەگەر شـتێک هاتەگۆرێ باسی قادر ئەلیاسی نەکات چونکە ئەو بێتاوانە، بینام شـێخ مەسـعوودو هەموو بنەماڵەکەی زۆر ژلەژاو و حەپەساون و لەوەدا نییەن کە قسەیان لە گەڵ بکەیت بەڵام لە ژوورێکدا خاڵۆی برینداره‌کە دەمناسی لە گەڵ یەکێک لە ئەنـدامانی زۆر نـاسراوی حیزبی دێموکرات کە ماوەیەکی پێش بەرپرسی کۆمیتەی رۆمادیی بوو لە گەڵ دوو یان سێ کەسی دیکەیی یارسانی پێکەوە نامەیەک دەنووسـن، ئەندامە ناسراوەکەی حدکا تا منی بینی بۆی دەرچوو، وێرای ئەوەیی کە دەزانم کە قادر ئەلیاسی لە زۆر بواردا هەرەشەی لە رێکخراوەکان کردووەو کاریگەری لە سـەر ئاسـتی کاردانەوەی خەڵک هەبووە بەڵام لایەنی دۆسـتایەتییەکە کاریگەریی زیاتر داناو بە خاڵۆکەی سلێمانم وت ئەگەر کێشەیەک لە گۆرێدایە قادر ئەلیاسی بێ دەسەڵات و بێ تـاوانە کە لە وەڵامـدا نـاوی ئەو ئەنـدامەی حیزب کە کۆبوونەوەی لە گەڵیـان هەبوو هێنـاو وتی ئەو بـاشـتر لە هەمووان ئـاگادارەو دەزانێ کێ تاوانبارەو کێ بێ تاوانەو دەڵێت قادر ئەلیاسی بڕیاردەری سـەرەکی و ئەو خەلکی هانداوە، لە ڕاسـتیدا وێرای ئەوەیی شـێخ مەسـعوود ئاگاداری هیچ نەبوو بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی من زۆریش بێدەسـەڵات بوو، هەروەها بندەش نەمتوانی کارێک بکەم و هیچ کەسـێکی دیکە بەشـدار نەبوو غەیر

لەو چەند کەسەی‌ی سەرەوە کە بەهاوفکری یەکتر ئەو چەند ناوەیان وەک بەرپرسانی ئەو هێرشە یان ئەو تاوانە هەڵبژاردبوو، لەو کاتەشدا وێرای هەر بابەتێک منیش لە دەرونەوە لەو کارەی ئەوان نیگەران بووم و پێم وابوو کە سەرچاوەی بەستنەوەی قادر ئەلیاسی بە ڕووداوەکەوە بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی کۆنی جاف و گۆران چونکە ئەو چەند کەسە هەموویان لە برایانی سەربە ئایینی یاری بوون.
لێرە لە بڕگەی سەرەوەدا هێندێک هەڵەی زانیاری یان بیرکردنەوە ڕوویداوە کە مرۆڤەکان بەهەڵە لێکدانەوەیان هەبووە، بۆ نموونە لە دوواییدا تێدەگەم کە قادر ئەلیاسی منی بە ئەندامی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ زانیوە کە پەیامی بۆ ناردووم هەروەها خاڵۆی بریندارەکە منی بە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ زانیوەو لەو ڕووانگەوە منی لە چۆنیەتی و مەبەستی کۆبوونەوەکەی خۆیان لە گەڵ ئەندامە ناسراوەکەی حیزب (حدکا) ڕوون دەکاتەوە، هەروەها بابەتی پەیامی قادر ئەلیاسی و کردەوەی مەرحومی ئەندامی حدکا کە لاموایە هەردووکیان ئەندامانی کۆمیتەی گشتی ئۆردووگای ڕۆمادیی حدکا بوون باس لە شێوە کێشەیەک لە نێوان ئەو دوو کەسە یان کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو سەردەمەدا دەکرد بەڵام چونکە هێشتاکە بستراوەیی تەشکیلاتیم نییە بەکێشەیەکی ئاسایی کە پێوەندی بە خۆیانەوە هەیە بیرم لێ دەکردەوە.
بە سەداقەتەوە دەڵێم کە زۆر لەوە نیگران بووم کە نەمتوانی کارێک بۆ قادر ئەلیاسی نەیاری هەمە سەرەیی حەریفی داهاتووی خۆم بکەم، مرۆڤێک بووم کە هیچکات دۆستایەتی، سەداقەت، مرۆڤایەتی و پرینسیپە مرۆڤی و ڕامیارییەکانم فیدا بەرژەوەندی سیاسی و تاکەکەسی خۆم نەکردووەو ئەوکات پێم وابوو کە وێرای هەر بابەتێک دەکرێت قادر ئەلیاسی بێتاوان بێت یان ویستم وابوو بێتاوان پیشانی بدەم، کاتێک کە دەڵێم پرینسیپەکانم قوربانی بەرژەوەندی سیاسی و تاکەکەسی نەکردووە زۆر بە ڕوونی لەم بابەتەدا دیاری دەدات.
دوای چەند ڕۆژ بیستم کە بریندارەکە نەمردووە بەڵکو چەقۆکە وەبەر سپڵی کەوتووە کە دوکتورەکان ناچار بوون تا سپڵی دەربێنن و هێندێک کەس بەتاوانی ئەو هێرش و بریندارکردنە لە لایەن حکومەتی ئەوکاتی عێراقەوە دەستبەسەرکراون کە یەکێکیان قادر ئەلیاسیی بەڵام زۆری

نەخـایـانـد کە بەنـدکراوەکان ئـازاد بوون و ڕۆژێـک شـــێخ مەســـعوود ڕاگەیاندراوەکەی باڵی ڕێبەرایەتی شـۆڕشـگێڕی لە گەڵ ڕادەیەکی زۆر بەڵگەو نووسراوەی جیاواز بۆ هێنام کە زۆر بەوردی خوێندمنەوە و تا ڕادەیەک کاریگەرەی لە ســـەر ئەو بڕیارە دەروونیی کە دابووم کە تا ماوەیەک خۆم لە کاری سـیاسی دوور ڕاگرم دانا بەڵام ئەوەیی کەتوانی کاریگەریی زیاتری هەبێ بینینی ئەو هێرشـــەو شـــێوەی هەڵســـوکەوتوو و تەعامل لە گەڵ ڕووداوە سیاسی و دێموکراسییەکان بوو کە هانیدام تا وێرای زۆر مەترسی بەپێوەری ڕێز لە باڵەکەی دیکە یانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرژەوەندی پلووراڵیزمی ڕامیـاریـدا بێلایەن نەمێنمەوەو زۆر بەڕوونی و لێبڕاوی لە گەڵ باڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کەوەم.

تـا مـاوەیەک دوای ئەو ڕووداوە هەمووکـات هەوڵی من ئەوە بوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر بەشــداری کاری تەشــکیلاتی نەکەم و کاتێک کە مەســەلەی کۆنگرەی هەشـــت زیاتر ڕوون بووەوە لە دەروونەوە بڕیارمدا تا وێرای ڕێز گرتن لە هەردووک باڵی حیزب بێلایەنی بپارێزم بەڵام بەهۆکارەکانی سـەرەوە نەمتوانی ئەو بڕیارەم جێبەجێ بکەم و خۆم بنەماڵەم لە گەڵ بەربەرەکانێیەکی زۆر توندو ترسناک ڕووبەڕوو کردەوەو بەگوێرەی لۆژیک توانیم بەسەر زۆر کەندوکۆســـپی دروســـتکراودا زاڵ بم، بە بڕوای خۆم مرۆڤ نابێ بەهیچ بیانویەک دەســت لە کردەوەی چاکە هەڵگرێت بەڵام زۆر جار چاکە نرخی نەرێنی زۆری هەیەو ئەگەر ئەو ڕۆژە بە کاک سـلێمان برای قادر ئەلیاســیم گوتبا جا من تەداخول ناکەم چونکە هیچ پێوەندییەکی بە منەوە نییە زۆر چاکترو زانستیانەتر دەبوو، هەروەها ئەگەر بڕوام بە دروسـتکردنی ناتەبایی لە پێناو بەرژەوەندی سیاسی و تاکەکەسیدا بووایە زۆر بە ئاسانی دەمتوانی ئەو کارەی خوالێخۆشبوو ئەندامی حدکام لە گەڵ پەیامەکەیی قادر ئەلیاسی لەو کاتەدا بکەمە فاکتەرێک تا لانیکەم لە ئۆردووگای ڕۆمادیی ئاژاوە بخەمە نێو ماڵی حدکاوە بەڵام وێرای ئەوەیی کە ئەو ئەندامەی حدکا لە مێژەکۆچی دووایی کردووەو لە ســـەردەمێکدا دەژین کە لۆژیک جێگرەوەی نـاتەبـایی تێکدەرانەیە دیســـان پێم خۆش نەبوو بە گێڕانەوەی بابەتێکی وەها هۆکاری دڵگرانی و ساردی کەس یان کەسانێک لە یەک بم، سەردەمی ئەو ڕووداوە سـەرەتای بەهاری سـاڵی ١٣٦٨هـ (١٩٨٩ز) بووە بەڵام تا ئەمڕۆکە بێجگە لە نووســـینی بەشـــێوەی نـاوهێنانی وەک ئەنـدام حـدکا لەم کتێبەدا لە

سـەرەتای سـاڵی ١٤٠٠هـ (٢٠٢١ز) لە باسـێکی تایبەتی و خۆماڵیانەدا لە گەڵ برایان کاک ئیقباڵ سـەفەری و کاک ئومید وەیسی ـ ئەو باسـەم هێناوەتەگۆڕێ و ناوی شەخسم هێناوە و داوام لێ کردن کە بە ئەمانەتەوە ئەو نهێنییە ڕاگرن، بەڵام باسی پەیامەکەی قادر ئەلیاسی تا ئیستاکە وێرای زۆر ناتەبایی بێجگە لەم کتێبە لای منداڵەکانی خۆشم باسم نەکردووە.

با لێرە لەم بوارەدا خۆم سانسۆر بکەم چونکە باشتروایە کە لە گێڕانەوەی هێندێک کردارو هەڵسوکەوتی کە لە دەرەوەی پێوەرەکانی نەتەوەیی و ڕامیاریی دان یان لە چوارچێوەی دواکەوتوویی دایە چاوپۆشی بکەین لەبەر ئەوەیی کە هێندێک لە زانایان پرسـیاریان کردووە" مرۆڤ چیی یان کێیە و بەهای ژیان و کرداری مرۆڤ چەندە؟ ئەمە پرسـیارێکە کە لە سـەرەتای مێژووەوە بیری ئێمەی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە"

هەمان زانایان بۆ خۆیان وەڵامی خۆیان لە ڕووانگەی خۆیانەوە بەم شێوەیە داوەتەوە"چیرۆک و فەلسـەفەی کولتووره جیاوازەکان خڕوکۆ کراونەتەوە (فۆرمولە کراون) بەمەبەسـتی هەوڵی هـاوبەش بۆ لە خۆ تێگەیشـتن، زۆربەی ئێمە بڕوامان وایە کە وەک مرۆڤ بێ وێنەین و لە پێوەنـدی لە گەڵ گیـانلەبەرەکـانی دیکە نـامۆین چونکە جیـاوازی ئێمە لە شـێوەی هەڵبژاردن، هەڵسـەنگاندن و تاوتۆکردندایە کە ئەم جیاوازیی پێکهێنەری ژێرخانی توانایی لە ڕادەبەدەری مرۆڤ دەبێ" مەبەسـتم لەم بەشـەیی وتەی زانایان ئەوەیە کە کاتێک کە مرۆڤێک بێ بیرکردنەوەی زانستیانە یان لۆژیک پێوەرەکانی پێویسـت ڕچاو ناکات بۆ دەبێت زیاتر بنووسـم، هەمان زانایان پێیان زیاد کردووەو وتوویانە" ئێمە (مرۆڤ) فێربووین تا کێشـە کرداری و تیئۆرییەکان بەهاوکاری یەکتر بکەینەوە کە هۆکاربووە تا کۆنترۆلی زیاترمان بە سـەر ژیان و ژینگەی چواردەوری خۆماندا هەبێ، هاوکاری و توانـایی بیرکردنەوەی درێژخایەن سەرکەوتنی مرۆڤ پیشان دەدات"

دەبێ بەڕاشـکاوییەوە بڵێم بەداخەوە کە بەشـێکی ئێمە کە بەگوێرەی بۆچوونی خۆمان، خۆمان بەخەباتکار دەزانین زۆر بەپێچەوانەی بڕگەی سـەرەوەین و نەک خەباتکار نین بەڵکو ئەگەر لە ڕووانگەی زانسـتیانەوە چاو لە کارەکانمان بکەین بەرهەمی هەڵسـوکەوتەکانمان سـەری بنمایەیی خواردەوە، بەکوردی و کورتی زۆر قەرزاراریش دەبین.

هەروەک لە سـەرەوە هاتووە بەشـێکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی هەشتدا جیابوونەوەو کە لە بەفرانباری ساڵی ١٣٦٦هـ (١٩٨٨ز) لە ژێر نـاوی حیزبی دێموکراتی کوردسـتـانی ئێران ڕێبەرایەتی شـۆڕشـگێڕ تێکۆشانی خۆیان ڕاگەیاندو منیش وێرای بڕیارێک کە دابووم نەمتوانی بێلایەن بمێنمەوەو وێرای زۆر ئـاسـتەنـگ و خەتەر تێکۆشانی خۆمم لە ڕیزی باڵی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا دەستپێکردو بڕیارمدا تا نرخەکەی وەک ئەولەوێتی دووهەم قبووڵ بکەم.

وێرای ئەوەی کە هێندێک کەس بەشـێوەی نیوە ئاشـکراو نیوە نهێنی لایەنگریان لە باڵی ڕێبەرایەتی شـۆڕشـگێڕ دەکرد بەڵام زۆری نەخایاند کە ڕێبەرایەتی شـۆڕشـگێڕ ڕاسـتەوخۆ کەوتە پێوەندی لە گەڵم و داواکاربوون تا وەک کادرێکی تەواو وەخت کاری حیزبی و تەشکیلاتی لە ئۆردووگای ڕۆمادیی دەسـتپێبکەم کە ماوەیەک دوای ئەوە لە لایەن دۆسـتانی حیزبی باڵی ڕیبەرایەتی شـۆڕشـگێڕ لە ئۆردووگای ڕۆمادیی وەک بەرپرسی کۆمیتەی ڕۆمادیی ڕێبەرایەتی شـۆڕشـگێڕیش هەڵبژێرام و چەند کەسـیان بۆ هاوکاریم دیاریکرد، سـەرەتا کۆمیسیونی تەشکیلاتی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بەشێوەی زۆر نهێنی لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە پێوەندیان دەکرد.

پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە ڕێکخراوەی مجاهیدینی خەڵک پێوەندی تەشکیلاتی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ و کۆمیتەی ئۆردووگای ڕۆمادیی ڕێبەرایەتی دەستەبەر دەکات بەڵام تا ئەو جێگایە کە ئاگاداربم و لە بیرم مابێت بێجگە لە ئەوەی کە لە نامەکەی سەرەوەی مزەفەر میتران دا هاتووە ئەوەش پێش لە هەڵوێستی من بووە ئەو ڕێکخراوە لە گشتی خۆیدا وێرای دۆستی هیچ چەشنە هاوکارییەکی وەک پێوەندی نێوان تەشکیلاتی باشووری ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕو کۆمتیەی ڕۆمادیی نەدەکرد بەڵکو لە سەرەتادا بۆ چەند جار لە ڕێگای چریکەکانی فیدایی خەڵک باڵی سریەداران، چریکەکانی فیدایی باڵی ئەشرەف، ڕێکخراوەی ڕەنجبەران و چەنـد جـاریش لە ڕێگـای کۆمەڵەوە پێوەنـدیانگرت یان نـامەو نووسراوەکانیان دەگەیانـد بەڵام ئەوانەی کە دەهاتن ڕاسـتەوخۆو زۆر بەنهێنی دەڕۆیشـتنە لای هێندێک لە ئەندامان و دۆستانی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە تەنیشت ئۆردووگاکە نزیک بە ناوەندەکانی حکومەتی عێراق و دەترسـان تا ڕاسـتەوخۆ وەرن بۆلای من یان کەس بیانبینێ.

دوو جار ڕێبەرایەتی شـۆڕشـگێڕ دوو کادری خۆیان نارد تا یارمەتی دەربن کە یەکێک لەو کادرانەی حیزبی ئیستاکە ماڵی لە یوتەبۆریی وڵاتی سـوئێدە، لە سـەرەتادا یانی دوای تێکهەڵچوون سـەرەتایی و بووژانەوەی هزری لەو ڕێگایەوە هێندێک پەیام و نووسراوەیان نارد بۆ ئۆردووگای ڕۆمادیی کە لە هەمان ناوەندی دیاریکراودا چاوپێکەوتنم لە گەڵیان کرد بەڵام داواکاربوون تـا کەس بەهـاتنەکەیـان نەزانێت و منیش بە هۆکاری تـایبەتەوە نـاردنی یەکێک لەو کادرانەم لەو سـەردەمەدا بە هەڵەیەکی زۆر گەورە دەزانی و داوام لە دۆستان کرد کە هەوڵ بدەن تا نەناسراو بمێنێتەوە کە لە ئاکامدا نەیتوانی زیاتر لە دوو ڕۆژ بمێنێتەوەو دۆستان بەڕێیان کردەوە، دۆخەکە لە سەرەتادا زۆر ترسناک و زۆر کەس بەنزیک ماڵی ئێمەدا هاتوچۆیی نەدەکرد، بەدەیان نامەی هەڕەشـە دەخرایە نێو حەوشـەی ماڵەکەمان و زۆر کەس پێیانوابوو کە منداڵەکانم خسـتووەتە چوارچێوەی یارییەکی پڕ مەترسـیدار بەڵام هەرچی کات تێدەپەڕی ترسی خەڵک دەشـکاو کێشـە کەمتر دەبووەوە، جا وێرای داوای لێبووردن لەو ئەندامانەی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران کە ئیمکانی هەیە دانانی نووسراوەیی خوارەوە قەڵسـیان بکات بەمەبەسـتی زانیاری زیاتر چەند دێڕ لە یەکێک لە نامەکانی کۆمیسـیونی سـیاسی نیزامی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ڕێگای یەکێک لە دۆستانی دووایی خۆمەوە ناردوویەتی بۆ تەشکیلاتی ڕۆمادیی دادەنێم.



ئەوەیی کە لە خاڵی چوارەمی نووسراوەی سەرەوەدا هاتوو بریتیی لە: ٤- لە سەر چۆنیەتی بەرخوردی ئەم دواییانەتان لە گەڵ لادەران ئاگاداربوین، ئێمە نەزەرمان وایە وێرای ئەوەی کە کەسـانێکی ئەوتۆ

نابێ لە ڕومادیە مەیدانیان بۆ ئاوەڵە بێ نابێ بەشـێوەیەک بەرخۆردیان لە گەڵ بکرێ کە زەخمی و... یان بیێ، لە هەمان کات دا نوێنەری حیزب لە بەغدا ڕێنوێنی کراوە کە تێ بکوشێ کەسانێک لە هاورێ یـانی ئێمە کە زینـدانی کراون ئـازاد بکرێن، تکایە ڕاپۆرتێکی ورد لە ســەر چۆنیەتی پێکهـاتنی ئەم بەرخوردەو وەزعی لادەرانمان لە ڕۆمادیە بەواقع بینانە بۆ بنووسـنو بۆمانی بنێرن. ئیمزا: کۆمیسـیونی سیاسی نیزامی (کاک......) ١٣٦٨/١/٣١هـ).

ئەمە تەنها یەک نموونەیە کە وێڕای چاوپۆشیکردن لە شیکردنەوەی ئاکامە نەرێنییەکانی ئەم شــێوە نووسراوانە دەبێ ئەوەش لە بەرچـاو بگرین کە هەرکەس ڕادەیەک دۆســت و ڕادەیەک نەیاری ڕەنگاورەنگی هەیە، لێرەدایە کە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە داخۆ کارتێکردنەکانی ئەو شـێوە بڕیارانە لە گەڵ هەسـتی دەروونی نەیاران یان کەسـانێک کە بۆ بیانوو دەگەڕێن تا لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بتوانن هەستی دەروونی خۆیان سووک بکەن پێکەوە چەندە گوشاریان بۆ سەر من دروستکردبێ.

لە کتێبی کورتەی بیرەوەرییەکانم دا باسی کێشـەی مخابراتی عێراق و هێرشی نەیاران بۆ سەر خۆم هێناوەتەگۆڕێ بەڵام باسی ئەوەم نەکردووە کە چەند کەس کە خۆیان بەسـیاسی و ... پێناسـە دەکرد بە دیارییەوە بە مەبەسـتی هاندان و دەستخۆشیکردن لە هێرش بەری نۆکەری سەرشۆڕی دەستگای سیخوڕی حیزبی بەعس خۆیان گەیاندە ماڵی ئەو تازە چلکاوخۆرەو ...، لێرە دێزەکە دەمەنخون دەکەم با هەر بۆ خۆم بزانم و دەڵێم نـامەیەک کە بۆ کەســێکی دامـاو بەنـاوی ســووحـان خەڵکی قوایی نووسراوە تـا بیبا بۆ تەشـکیلاتێکی سـیاسی نەگەیشـتووەو...ئەو نامە ئەوە دەگەیەنێ کە حیزب بەرپرســیارتی هەموو کێشــەکانی لە ســەرشــان نییە بەڵکو زۆرجار هەڵەی ڕامیاریی و کاڵی تاکەکانی کارگێڕن کە لە هێندێک بواردا ڕێکخراوە دەبەنە ژێر پرسیارەوە یان بابەتە سیاسییەکان ژەنگاوی دەکەنەوە کە بۆخۆشم ناتوانم لەم کاڵیی و ژەنگاویکردنەدا بێبەش بم.

بۆ ئاگاداری خوێنەر ویســـتی من لێرەدا بەئـامانج کردنی حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران یان هەر حیزبێکی دیکە نییە بەڵکو هێنانەگۆڕی تەعامول و هەڵسـوکەوتی تاکەکانە کە ئەسـتۆداری کار دەکرێن چونکە بڕیار وا نییە کە هەموو بابەتێک بەگوێرەی دەسـتور بێ، یانی لە زۆر بواردا دەبێ یاسـای یاســـایی بڕیاردەر بێ بەڵام لە هەمانکاتدا لە هێندێک بواردا باشـــترواییە چاوپۆشی لە یاسای یاسـایی بکەیت و لە یاسـای ڕەوشـتی سـوود وەرگری تا کار بەگوێرەی زانستی و لۆژیکی بێ.

بەو شـێوەیە کە لە ناوەڕۆکی نامەی سـەرەوە دەردەکەوێت حدکا دارێژەری سـەرەکی ئەو پلان و هێرشـە کە لەو کاتەدا بەو شـێوە بەڕێوە چووە نەبووە بەڵکو پلان دانەری سـەرەکی شـێوەی هێرشـەکە کۆمیتەی ڕۆمادیی حدکا بووە.
 ناتوانین بڵێین کە تەنها لایەنی حدکا نامەو بڕیاری نەرێنی لەو چەشـــنەیی داوە بەڵکو کەســـانێکیش لە ڕ-ش دا هەبوون کە نامەو بڕیاری نەرێنییان داوە بەڵام بەخۆشـــییەوە کە ئێمە وێرای کەموکوڕییەکان لە کاری ڕامیاریدا زۆر ســـەردەمیان و بە چاویلکەی تەعامول و تولرانســـەوە نووسراوەکانمان خوێندوەتەوەو هیچکات بەپێچەوانەی لۆژیک هەڵســـوکەوتمان نەکردو توانیمان جیاوازی لە نێوان دوو شێوەی یاسادا دانێن.

با ئەم بۆچوونەیی زانایەک کە هێنانەوەیی بە لەبار دەزانم لێرە بێنمەگۆڕێ کە دەڵێت "مرۆڤ لەبناغـدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیی کە لە کۆمەڵگای مۆدیرنی ئەمرۆکەدا بە شـێوەی تاکەکەسی یان سـادەتر بێژم نیازەکانی تاک بە کۆمەڵ و کۆمەڵگا زیاتری کردووە بەڵام لە هەمانکاتدا پێوەندی نێوان تـاک لە گەڵ تـاک ئـاڵۆز بووە کە دەبێ لە هێنـدێـک بواردا بە تێبینییەوە هەنگاو بۆ هێندێک کار هەڵگریت چونکە ئەم ئاڵۆزیی لە ســـەر ڕێگای پێوەندییەکانی مرۆڤ لە گەڵ مرۆڤ لە گەڵ بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی یەک ناگرێتەوە و بە شێوەیەکی دیکە دەردەکەوێت،
دەتوانین بێژین تاککەوتنەوەی مرۆڤ لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئێمکانی هەیە و ئێمە باوەڕ ناکەین کە هاوبەشی، هەســـت و ئەزموون کۆمەڵایەتی تەنها کارتێکردنی لە سەر خۆشی لە شوێنی کاردا بەدواوە دەبێت بەڵکە کارتێکردنی لە ســـەر گەشـــەی پێوەندیی کۆمەڵایەتییەکان و کارە هاوبەشـــەکان دەبێ، ئەگەر گەشە بدەین بە شـوێنی کار یان شـوێنێکی دیکە و بیکەین بەناوەندی هاوکاری لە کۆتایی دا بیر دەکەینەوە کە چ ئایدەیەکی باش بوو کە شـوێنێکی هەرەوەرزیمان دابین کرد".
"ئێمە پێویســـتیمـان بە شـــوێنێـک وەک نـاوەنـدی کولتووری یـان ڕێکخراوەیەک هەیە و ئەمە بەو واتایە کە پێویستتیمان بە شـوێنێک هەیە بۆ ئەوەیی باوەڕ و ئەمنییەت لە تەنشت یەک دروست بکەین و بزانین کە ئێمە لە گەڵ یەکین، ئەمە شـتێکە کە هەموو ئێمە بەشـێوەی زۆر گرنگ

پێویســـتیمـان پێی هەیە، کـاتێـک کە ئێمە لە نـاوەنـدێکـدا بە بۆچوونی جیـاوازەوە کۆ دەبینەوە ئەوە بەو مـانـایە کە ئێمە زانیـاری و تەجرەبەی جۆراوجۆرمـان هەیە و ئـامـانج لەم یەکگرتنە دەتوانین وەک شـــێوە فەرهەنگســازییەک بێ بۆ پاراســتنی کولتوورو هاوکاری هاوبەش، بونموونە حیزبێکی ســیاسی یان نەتەوەیی بە ڕێکخســتنێکی لەبار بۆ ئەرکێکی گشــتی یان هـاوبەش کاردەکات کە لە ئـاســـت خۆیـدا ئەزموونیکی کۆمەڵایەتیی بۆ ڕێکخسنی پێوەندی مرۆڤەکان".

بەڵام داخۆ ئێمە دەتوانین ئەوە بســـەلمێنین کە توانیومـانە لانیکەمی ئەزموونی ڕێکخراوەیی یان کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی بەمەبەســـتی پێوەنـدی ڕێکخستن یان مرۆڤایەتی هاوبەش دەستەبەر بکەین!

لە ســـەردەمی کێشــە نێوخۆیەکانی حیزبی دێموکرات کوردســـتاندا هێندێک کادرو پێشـــمەرگەی کۆن دانیشـــتبوون و وەک پەنابەر بەمەبەســـتی خارج بوون لە عێراق و پێوەندیکردن لە گەڵ یو ان اچ سی ئار خۆیان ڕادەســـتی حکومەتی عێراق ئەوکـات کردو حکومەتی عێراقیش ئەوانی نـاردبوو بۆ کەمپێک لە حلەیی عێراق کە لە ژێر چاودێری ئەو ڕێکخراوەدا بوو.

لەو کاتەدا حکومەتی عێراق ئیجازەی بە یو ان نەدەدا کە بێت و ســـەردانی ئۆردووگای ڕۆمادیی بکات بەڵام دوای ماوەیەک یو ان توانی ڕووخســـەتی تێکۆشـــان لە کەمپی ڕۆمادیی وەرگرێت، کاتی دروســـتبوونی ئەو ئاڵوگۆڕە هەموو ئەوکەسانە کە لە کەمپی **حلە** یان **ئەلشومەیلی** دا بوون ڕەووانەی ئۆردووگای ڕۆمادیی کران کە وێرای ساڵها ئەزموونی خەبات زۆربەیان سـەر بە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بوون.

هاتنی ئەو کادرو پێشـــمەرگە بە ئەزموونانە تا ڕادەیەک هۆکاری ئەرێنی بۆ کارو هەڵســـوڕانی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران (ڕ- ش) بەدواوە هات، هەروەها وەک ئەوەیی کە پێشـــتر لە ســـەرەوە تا ڕادەیەک باســـمکردووە دوو کۆمیتەی یو ان دروســـت بوون کە لە ئاکامدا زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەندامانەیی حیزبی کە لە حەلەوە هاتن بوون بە ئەندامی ئەو کۆمیتە کە من بەرپرسی بووم، پێکهێنەرانی ســـەرەکی یـانی زۆربەی ئەنـدامـانی ئەو کۆمیتە لە هەموو ڕێکخراوەکـانی ئێرانی و کوردســـتـانی پێکەهاتبوو بەڵام ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆمیتەیەکی دیکەیان دروستکرد.

بەخۆشـییەوە وێڕای زۆر کەندوکۆسـپ لە گەڵ بۆچوونی جیاوازی کارکردن توانیمان بێ ئەوەی کێشـــەیەکی نەخوازراوی تەشـــکیلاتی نالەبار ڕوو بدات شـێوە قەبووڵکردنێکی واقعیەتێک دروسـت بکەین و زۆر لاوی تێکۆشـەرو تێگەیشـتوو کە بەشـێکیان ئیسـتاکەش بەشـێوەی جۆراوجۆر لە شـوێنە جیاوازەکاندا هەر لە گۆڕەپانی خەباتدا ماونەتەوە وەگڕ کەوتن، کاتێک کە باس لە بۆچوونی جیاواز دەکەم مەبەست ئەوەیە کە کەس یان کەسانێک لە تەشـکیلاتی ڕێبەرایەتی شـۆڕشـگێڕدا هەبوون کە بەپێچەوانەی واقعیەتی عینی و زیهنی پێیان وابوو کە نابێت ئیجارە بدرێت کە حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران بەدەســـتی ئاوەڵاوە کارەکانیان ڕاپەڕێنن یان کۆمیتەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە پێکهێنانی هێندێک کۆڕو کۆبوونەوە خۆی بپارێزێ، بەکورتی وێڕای دانی نرخ زۆری جۆراوجۆر لە شـێوەی تەعامل و بەرخۆدان لە ئاسـت ناتەباییەکان و کارە تەشـکیلاتی و ڕامیارییەکانی ئەو سـەردەمەی ئوردووگای ڕۆمادیی زۆر ڕازیم.

لە کۆتـایی دا بۆ جـاری دووهەم لە ڕێگـای نووسراوەیەکەوە لە ڕێکەوتی ١٣٧٠/٣/١٢هـ ئاگادار کرامەوە کە هەیئەتێکی ڕێبەرایەتی شـۆڕشـگێڕ دێت بۆ ئۆردووگای ڕۆمـادیی بەڵام چونکە بنـاغەی کارو هەڵســـوڕان بەگوێرە دروســـت پێش چووبوو کێشـــەیەک نەبوو، جێگای خۆیەتی ئەگەر لێرەدا یادێک لە شـــەهید شـاپووڕ فیروزی بکەینەوە چونکە یەکێک لە ئەندامانی ئەو کۆڕە بەڕێزیان بوو، ڕۆحی شادو یادی بەخەیر بێ.

زۆرجار پڕوپاگەندەیی ئەوە دەکرا کە ڕێبەرایەتی شـــۆڕشـــگێڕ چەند کەســـن بەڵام وێڕای بەداخ بوون بۆ ئەو جیـابوونەوەو جیـابوونەوەکانی داهـاتوو دەبێت بڵێم کە ڕێبەرایەتی شـــۆڕشـــگێڕ هێزێکی پوختەیی زۆری لە گەڵ بوو، من بۆ خۆم لە کۆنگرەی نۆهەمـدا (٩) کە لە ڕێکەوتی ١٣٦٩/٥/٢١هـ (١٩٩٠/٨/١٢ز) گیراوە لە گەڵ چەنـد کەس لە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کۆمیتەی ڕۆمادیی بەشـــداربووم کە ڕادەیەکی بەرچاو و بەتوان لە نوێنەرانی ناوەندەکانی حیزبی بەشداری ئەو کۆنگرە پڕ لە باسە کە زیاتر لە حەوتەیەکی خایاند بوون، ١٧ کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی لە گەڵ ٨٧ کەس لە نوێنەرانی ناوەندەکانی ســـەر بەو حیزبە کە کۆیی گشـــتیان دەیکردە ١٠٤

**کەس بەشـــداری کۆنگرەی نۆهەمیان کرد کە لە کۆتایی دا ئەم ناوانەی خوارەوە وەک ئەندامانی ئەسڵی کۆمیتەی ناوەندی و جێگر هەڵبژێردران.**

١: جەلیل گادانی ٨٦ دەنگ.
تێبینی: شــادڕەوان کاک جەلیل گادانی وێرای ئەوەی کە دوای جیابوونەوە وەک وتەبێژی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دیاریکرا لە کۆنگرەی نۆهەمدا دیسان بە سکرتێر هەڵیانبژادەوەو تا یەکگرتنەوە هەر بە سکرتێری یان وتەبێژ مایەوە.
٢:حوسێن مەدەنی ٥٨ دەنگ.
٣: سەرهەنگ قادری ٦٥ دەنگ.
٤: ئەبوبەکر ڕاد ٦٤ دەنگ.
٥: هاشم کەریمی ٧٧ دەنگ.
٦: فەیسەڵ ئێراندۆست ٧٥ دەنگ.
٧: حەسەن ڕستگار ٦٩ دەنگ.
٨: فەتاح کاویان ٦٤ دەنگ.
٩: شاپوور فیروزی ٦٨ دەنگ.
١٠: نەبی قادری ٦٨ دەنگ.
١١: خالید حەسەن پوور ٤٧ دەنگ.
١٢: عوسمان ڕەحیمی ٦٠ دەنگ.
١٣: کەمال کەریمی ٦٨ دەنگ.
١٤: سەعید بێگزادە ٤٥ دەنگ.
١٥: مزەفەر میتران ٤٧ دەنگ.

هەروەها ئەم ناوانەیی خوارەوە وەک ئەندامانی جێگر دیاریکران.
١: مەلاخدر دۆڵە گەرمی ٧٢ دەنگ.
٢: محەممەد خان مروەتی ٦٦ دەنگ.
٣: فەتاح ڕیحان ٤٦ دەنگ.
٤: هاشم ڕوستەمی ٥٠ دەنگ.

## کێشەی تیئۆری.

وێرای ئەوەی کە لە سەرەوە هاتووە هێندێک دیکە لە هۆکارەکانی کێشە نێوخۆییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم بەگشتی هێناوەتەگۆڕێ بەڵام وا بەباش دەزانم کە ئاورێک لە سەر هێندێک تیئۆری و بۆچوون بدەمەوە کە ئەو سەردەمە وەک شتێکی پیرۆزو ئاسمانی چاوی لێ دەکرا.
هەروەک لە سەرەوە هاتووە کورتەباسی شەهید دوکتور قاسملوو لە کۆنگرەی شەشدا هۆکاربوو تا شێوە بووژانەوەیەکی بەهێزی هزری لە نێو بەدەنەی حیزبی دێموکراتدا کە زۆربەی ئەندامە چالاکەکانی لەو سەردەمەدا خۆیان بەلایەنگری سوسیالیزمی زانستی دەزانی سەرهەڵدات، وێرای ئەوەی کە کورتەباس هۆکاربوو تا هێندێک کەسی بەئەزموون ڕیزی ئەو حیزبە بەجێبهێڵن بەڵام هۆکاری بەهێزبوونی باری تیئۆری ڕامیاریی لە حیزبدا پێکهێنا کە لە ڕووانگەی ئیستاکەی خۆمەوە پێموایە کە کورتەباس وێرای هەر بیرکردنەوەیەک سیاسی و ئایدیۆلۆژی گرنگی تایبەت بەخۆی هەبووەو دەبێت وەک ڕووانگەیەکی بزوێنەر ڕامیاری چاوی لێ بکەین، بەڵام چونکە زۆربەی بەدەنەی حیزب و دۆخی ڕاگەیاندنەکانی ئەو سەردەمە بەپێچەوانەی ئیستاکە بوو دەتوانم بڵێم کە شیکردنەوەکان یان ڕووانگەکانی دژبەری کورتەباس کە بۆ خۆشم یەکێک لەوانە بووم لە هێندێک بواردا رئیالیسمی یان واقعگەرایانە نەبووەو دەبێ بە ڕاشکاوانە ددان بەوەدا بنێن کە توانی زانستی دوکتور قاسملوو لە سەر ئاڵوگۆڕە دەرەکییەکان لەو سەردەمەدا لەو پەڕی خۆیدابووە.
لێرەدا مەبەستی من تائیدی سوسیالیزمی دێموکراتیک و ڕەد کردنەوەی سوسیالیزمی زانستی نییە چونکە من هێشتاکە لە سەر ئەو بڕوام کە تیئۆری سوسیالیزمی زانستی لەبارترە بۆ داهاتوویی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە شێوەی بیرکردنەوەو هەنگاو هەڵگرتن لە پێناو دەستەبەرکردنی ئەو تیئۆرییەدا هێندێک جیاوازە کە دەتوانم بڵێم کە لە ڕووانگەی منەوە هیچکام لەو وڵاتانە کە خۆیان لە بەرەیی سوسیالیزمی زانستی دا پێناسە دەکەن قەبووڵ نییە، لە ڕاستیدا ئامانجی و ویستی من لێرە ئاوردانەوەیەکە لەسەر دۆخی وڵاتانێک کە لەژێر ناوی سوسیالستی زانستیدا و سوسیالیزمی دێموکراتیکدا بەرێوەدەچن.

ئەوکات زۆر کێشە لە سەر هەردووک بەرە یان بۆچوونی سوسیالیستی لە گۆڕێدا بوون و دوکتور قاسملوو کاتێک کە ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە لە شیکردنەوەکدا لە سەر باسەکەی خۆی بەناوی کورتەباس و بەمەبەستی جوداکردنەوەی تیئۆریەکەی لە گەڵ سوسیالیزمی دێموکراتیک (سوسیال دێموکراسی) دەڵێت" حیزبی دێموکرات لە بارێکی دیکەوە شۆڕشگێڕە ئەوەش بەڕێوەبردنی خەباتی چەکدارانەیە،

بەڵام سوسیال دێموکراسی تەنها لایەنگری خەبات لە ڕێگای ئاشتییانەوەیە" ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە بۆچوونی و کردەوەی لایەنگرانی سوسیالیزمی دێموکراتیک لایەنگرێی لە وتووێژو دژی توندوتێژیی بۆ نموونە ٤٣ ساڵە کە حکومەتی ئایەتوولاکانی ئێران تێرۆر دەکەن، بەشێوەی جۆراوجۆر مافی مرۆڤ ژێرپێ دەکەن بەڵام هێشتاکە وڵاتانی هەلگری بیرۆکەی سوسیالیزمی دێموکراتیک هەر دەستی بۆ بەسێنگەوە دەگرن و لەو بڕوادان کە لە ڕێگای دانی ئیمتیاز و وتووێژەوە چاکسازی تێدا پێکدێنن، بەڵام لەو سەردەمەدا ئەو پرسیارەمان بۆ دروست دەبوو کە ئەگەر ئێمە بڕوامان بە خەباتێکی شۆڕشگێڕانە لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران هەیەو بڕوامان بە سوسیالیزمی دێموکراتیک نییە بۆچی وتووێژ بە بەشێک لە خەبات دەزانین و لە گەڵ دەسەڵاتێکی ستەمکاری وەک کۆماری ئیسلامی ئێران وتووێژ دەکەین.

ئیستاکە کە لە سەردەمێکی دیکەدا بیر دەکەمەوە کێشەکانی ئێمە یانی هەموو ڕێکخراوەکانی گۆڕەپانی خەباتی ئەو سەردەمە کە زۆرجار هەمان مەسەلەی تیئۆری زانستی هۆکاری هێندێک ناتەبایی و پێکدادانی چەکداری لێ دەکەوتەوە زۆر دوور بوون لە واقعیەتی عینی کۆمەڵگای کوردستان و ئێران بەگشتی یانی دارێژەرانی سیاسەتی ڕۆژ پراگماتیسم نەبوون و نەیان توانی ئەولەویت بدەن بە پراکتیک یان کاری بەکردەوە لە بەرانبەر فکرو بۆچووندا، ئەم پراگماتیسم نەبوونە هۆکاری لاوازی شۆڕشی چینایەتی و نەتەوەیی بەدواوەهات.

زۆر جارێک بە هێندێک خاڵ دڵخۆش و سەرگەرم بووین بۆ نموونە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات بۆ کۆنگرە پێنج هاتبوو" حیزبی ئێمە توانیویەتی لە گەڵ سازمانە نێونەتەوەییەکاندا پێوەندی پەیدا بکات، ڕێکخراوەی فەرهەنگی یونسکۆ سۆزی ئەوەیی داوە دوای بەڕەسمی

ناسین و پێوەندی گرتن بناغەی پەروەردەو فێرکردن هەر جۆرە یارمەتییەکی پێویســـت بە گەلی کورد بکات، ڕێکخراوەی لێخۆشـــبوونی نێونەتەوەیی بەگشـــتی دژی ئیعدام، بەندکردن و ڕاوکردنی ئازادیخوازانی گەلی کوردە" لێرەدا من خۆم لە گەڵ هێندێک پرســـیار ڕووبەڕوو دەکەمەوەو دەپرســـم داخۆ گەلێکی ماف زەوتکراو و بێ وڵات لە قۆناغێکدا کە ســـاختارێکی نییە، گەنجانی کۆڵبەری یان بنێشـــت دەکەم یان بۆ کرێکاری بە بێڵ و قونڵگە دەڕۆن بۆ دەرەوەی کوردستان پێویستە لە سەر تیئۆری شەڕ بکات!، داخۆ کاتێک کە هەڵەبجە بۆمب بارانی شـیمیایی کرا ئەو ڕێکخراوە نێونەتەوەیی و ماف پارێزانە چەندە کاریگەریان لە تاوانبارکردنی ســەدام حوسـێن دا هەبوو یان چییان بۆ گەلی کورد لە ئاســتی تاوانەکانی دیکەی ڕژیمی کۆماری ئیســـلامی ئێران، عێراق، تورکیا یان ســـووریە لە زۆربەی ناوچەکانی دیکەی کوردســـتاندا کردووە !، لە وڵاتانی ســەربە ســوســیالیزمی دێموکراتیک کە باوباپیری ئەو ناوەندو ڕێکخراوە مرۆڤدۆست و ماف پارێزانانەن تێدا گەورە بووە کۆمـاری ئیســـلامی ئێران چەنـدهـا تـاوانی ئەنجـام داوە بەڵام بە سووکوهاسانی دەرباز بووە.

چین و ڕووســـیی ئیســـتاکەو یەکێتی ســۆڤیەتی کۆن کە بەڕەواڵەت بە دوو وڵاتی مەزنی لایەنگر یان بە پەیرەوانی مەکتەبی سوسیالیزمی زانستی پێناسە دەکرێن یان بۆ خۆیان وا دەڵێن چەوســـانەوەو نادادپەروەریی لەو وڵاتانەدا زۆر زیاترە لە وڵاتانی ســـەرمایەداریی، وڵاتانی ســـەربە ســـوســـیالیزمی دێموکراتیک کاتێک بەرژەوەندی خۆیان پێویســـت بکات مافی مرۆڤ گرنگی نـامێنێـت و فیـدای بەرژەوەنـدی دەکرێـت و لە بوارەکـانی ڕامیـاریی و کۆمەڵایەتی دا هەر ســاڵ زیاتر لە ســیســـتەمی کاپیتالیزمی لە بەرژەوەندی چینێک خەڵکی دیاری و دەســـەڵاتـداردا نزیک دەبێتەوە کەوابوو ئێمەی کوردی بێ وڵات و بێ دەسەڵات دەبێ پێش لەوەیی کە شەڕی تیئۆری بکەین و دڵخۆش بین کە کەیوانەیەک یـان پیرەمەردێکی ئۆروپـایی و ئەمریکـایی هێنـدێـک قەولی بێ بەڵگەی پێداوین دەبێت لە فکری دەســـتەبەرکردنی ئایدەو ســـاختاری لەبارو پێویســـت بەخۆمان بین، کاتێک کە توانیمان ببین بە خاوەنی ئایدەو ساختاری خۆمان ئەوکاتەیە کە لە هەڵکێش و داکێشەکانی کۆمەڵگـای نێونەتەوەیی دا جێگەمـان دەبێتەوەو دەتوانین بیر لە تیئۆری زانســـتی بکەینەوە، مەبەســـتی من لێرە گرنگیدان بەســـاختارەو بەمانای

چاوپۆشیکردن لە تیئۆری زانستی یان هەر تیئۆرییەکی دیکە نییە یانی ئێمە دەبێ پێش لە هەر ئایدەیەک شەڕی ساختارو ئایدەیی بوونی خۆمان بکەین، بەکورتی و کراوەیی باشتروایە کە ئێمەی کورد پێش لە هەر بابەتێک خۆمان لە بێ هویەتیی دەربازو هویەتی نەتەوەیی دەستەبەر بکەین.

زۆرجار ڕاستیەکانمان بەپێچەوانە دەبینی یانی ئیستاکە کاتێک کە بیر لە هێندێک بابەت دەکەمەوە کە بە چاوی ڕەخنەوەگرانەوە چاومان لێ دەکرد وا بەباش دەزانم کە جورئەتی ئەوەم هەبێ کە مەسەلەکانی زیهنی ئەوکات کە ئەمڕۆکە بەشێوەی عینی دەیبینم بێنمە گۆڕێ، دوکتور قاسملوو لە باسێکدا لە سەر هەمان کێشەیی سوسیالیزمی زانستی و سوسیالیزمی دێموکراتیک دەڵێت" هەرچەند میشل روکار خەڵکی ئۆروپایی بەڵام لە چەند بارەوە وتەکانی لە گەڵ لێکدانەوەی ئێمە لە سەر سوسیالیزمی دێموکراتیک یەک دەگرنەوە"، هەروەها لە باری ئاڵوگۆڕەکانی ڕابردوویی یەکێتیی سۆڤیەتی سەردەمی خۆی یانی ئەو ئاڵوگۆڕانەیی پرستروێکا یان گلاسنوست لە شیکردنەوەیەکی زۆر گرنگدا ئەوە ڕوو دەکات کە پروستروێکای میخائیل گورباچۆف باس لە وەرچەرخانێکی تیئۆری دەکات بەڵام زۆر کادرو پێشمەرگە بەچاوی ڕەخنەگرانەوە چاویان لەو باسە دەکرد کە دەبێت لە چوارچێوەی زیهنیت گەرایی دا بەدوای هۆکارەکەی ڕەخنەی ڕەخنەگراندا بگەڕێن.
زۆر ئاسایی کە هێندێک سیاسەتوان یان تیئۆری زانی وەک گورباچۆف و دوکتور قاسملوو لە دۆخێکی ئاستەمی ڕامیاریدا بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانج هێندێک ئەملاولای لە بەرژەوەندی بۆچوونی زانستی خۆیاندا بکەن، میخائیل گورباچۆف لە ڕووانگەی داسەپاندنی ئەو وەرچەرخانە تیئۆریەدا لە شوێنێکی پرستروێکادا دەڵێت "بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەو دەنگۆیی کە لە ڕۆژئاوادا بڵاو دەبێتەوە پێم خۆشە جارێکی دیکە ڕابگەیەنم کە ئێمە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە کە لە وڵاتدا جێبەجێی دەکەین لە سەر ڕێبازی سوسیالیزمدا بەڕێوەی دەبەین لە چوارچێوەی سوسیالیزمی زانستی دا نەک لە دەرەوەی ئەودا، مەبەستی ئێمە بەهێزکردنی سوسیالیزمە نەک دانانی سیستەمێکی دیکە لە جێگای سوسیالیزمی زانستی دا" لە ڕاستیداو بەگوێرەی بیرکردنەوەی عینی خۆم و ئیستاکە بەڕێز گورباچۆف ئەم

بەشـــەیی کۆتـایی بەمەبەســـتی بەرگری لە کـاردانەوەیی کۆمەڵگـای ئەو سـەردەمەیی یەکیتیی سـۆڤیەت هێناوەتەگۆڕی و وتەکانی دوکتور قاسـملوو زۆر ڕاســـت بوون چونکە لەو وڵاتەدا نەک هەر وەرچەرخـانێکی تیئۆری ڕوویداوە بەڵکو زۆر زیاتر لە ســوســیالیزمی دێموکراتیک لە ســیســتەمی سەرمایەدارییەوە نزیکتر بووەتەوە، بەکورتی هەردووک ولاتی بەهێزی وەک چین و ڕووســـیی ئیســتاکە لە کێبڕکێیەکی تووندی ســـەرمایەداریدان و بەشـــێوەی واقعگرایانە هیچ بڕوایەکیان بە شـــیکردنەوە فەلســـەفییەکانی سیستەمی ئابووری سوسیالیزمی زانستی نییەو نەماوە.

ئەو وڵاتانەیی کە باس لە هێندێک تیئۆری دەکەن ســـاختاری بەهێزن و قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی پێویســـت بەخۆیان بڕیوە، ئۆروپا، ئەمریکا، چین و رووسیی هەرچی بن و هەر سیستەمێکی فەلسەفی ئابووریان هەبێ بۆ نەتەوەیەکی دابەشکراو کە ئەگەر کێشەو ئاستەمی سنوورەکانیان بۆ ئاسانتر بکەن پەنجـا لە ســـەدی دەبێـت بەکۆڵبەر ئەم شـــێوە تیئۆرییـانە لەو سەردەمەو لەم قۆناغەشدا چ سوودێکی بۆمان هەیەو بۆ دەبوو ئەو هەموو نرخە بۆ ســوســیالیزمی زانســتی و دێموکراتیک یان بۆچوونی مارکســیســتی و لینینیســـتی بـدەین، بەداخەوە کە ئەمڕۆکە بـابەتەکـانی کورتەبـاســـم لە بەردەســـتدا نییە تا بتوانم زیاتر لەو باســـە قوڵ بمەوەو ســـوودی پێویســـتی لێوەرگرم.

تیئۆری و بۆچوونی ورداتی هۆکاری زۆر نەرێنی و کێشەو تەنانەت پێکدادانی چەکداری لە ســـەردەمێکدا کە پێویســـتیمان بە یەکگرتوویی و تەبایی بوو لێکەوتەوە، لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا کە ئەم بۆچوون و تیئۆویانە ســـەریان هەڵداوە پێش لە باس و هەوڵدان بۆ دەســـتەبەرکردنی تیئۆری بۆخۆیان ســـاختار بووەن کە بەپێویســـتی نازانم ناوی ئەو وڵاتانە بێنم چونکە دەزانم خوێنەر باشتر لە من ئاگادارە، لەو وڵاتانەدا یاساو سیستەمێک هەبووە کە بتوانێ بەرگری لە پێکدادانی ڕووخێنەر بکات بەڵام لای ئێمە لەو سەردەمەدا ئەو کەســـانەیی ســـەربە ڕێکخراوەکان کاتێک زۆر بە هەســـتەوە لە ســـەر بۆچوونەکانی خۆیان دەدوان وێرای ئەوەیی کە قەڵەمێک بە بەرۆکیانەوە بوو چەکێکیش بەشـــانیانەوە بوو کە دەتوانین بێژین کاتێک کە چەک بۆ هەست بەکاربێنین دەتوانێ کارەسات بخوڵقێنێ.

دەتوانین بێژین کە بناغەو سەرچاوەی شەڕی کۆمەڵەو حیزبی دێموکرات کێشەی تیئۆری و ماف بوو کە هەستی لە سەر دانراو دەروونەکانی ئاڵۆز کرد کە لە ئاکامدا بە شێوەیەکی نەرێنی یان ڕووخێنەر خۆی پێشاندا.
گەلی کورد کە لە ڕووانگەی منەوە دەبێت ژمارەی لە جیهاندا بگاتە سەرەوەی پەنجا (٥٠) میلیۆن بەهۆکاری ڕەنگاوڕەنگەوە هێشتاکە گەلێکی ژێردەستەو بێ وڵاتە، وێرای ژێردەستەیی و بێ وڵاتی ئەو وڵاتانە کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە لە هەوڵی ئاسیمیلەی یەکجاری ئەو گەلە دان، ئەم پلانەیی نەتەوەکانی حاکم بەسەر بەشەکانی کوردستاندا هۆکارێکی سەرەکیی تا گەلی کورد لە پێناو ماندا هەوڵ بدات بۆ بەهێزکردنی بیرگەریی نەتەوەیی، چونکە لە سەدەی بیستویەکەمدا لە وڵاتانی پێشکەوتوودا کە هەموویان بۆ خۆیان خاوەنی دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆیانن دیسان بەهەڵسوڕاوییەوە مەسەلەی نەتەوایەتی بەشێوەی جۆراوجۆر دێننەبەر باس و لە کۆمەڵگادا کاری بۆ دەکەن.
لەم سەردەمەی دۆخی مەوجودی جیهانیدا هەموو نەتەوەکان داکۆکی لە مافی دێموکراتیکی خۆیان دەکەن کە دەتوانین بڵێین مەسەلەی نەتەوەیی و مافی گەلی لە کۆتایی سەدەیی بیستەمدا (٢٠) زیاتر لە هەر سەردەمێک ئاستی گرتووەو لە وڵاتانی دێموکراتیک و پێشکەوتوودا لە زۆر بواردا بەشێوەی دژایەتی لە هاتنی پەنابەر خۆی پیشان دەدات.
بێشک ویستوداوخوازی گەلی کورد لەم سەردەمەدا لابردنی ستەمی نەتەوایەتیی بەڵام لە هەمان کاتدا ئێمەی کورد وێرای هەبوونی شتێک بەناوی کرێکار نابێت ئەوەش لە بیر بکەین کە پێداویستیی جۆراوجۆرەکانی ژیان و عەداڵەت گرنگی تایبەت بەخۆی هەیەو پێویستییەکی سەردەم و دوارۆژە بەڵام کوردستانێکی سەربەخۆ یان خاوەن بڕیارمان نییە یانی دۆخی مەوجودی کوردستان بەگوێرەی پێویست ناتوانێ وەڵامی داوخوازیی کرێکارییەکان بداتەوە بۆ ئەوەیی کە بتوانین بە هەموو مافە دێموکراتیک، نەتەوەیی و چینایەتیی بگەین دەبێ چارەسەریی مەسەلەی بندەستی وەک ئەولەوێتی یەکەم و مافەکانی دیکە وەک ئەولەوێتی دووهەم قبووڵ بکەین چونکە دیوار لە سەر بناغەیەک دادەنرێت، ئەگەر وا نەکەین دەبێ ئاسیمیلە قبووڵ بکەین و تەسلیمی ویستی پاوەنخوازان بین.

ئەوە ڕاستیی کە شۆڕشی سەردەمی کورد بەرهەمی نادادپەروەری ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، چینایەتی و نەتەوەیی کە دەبێت بەشێوەی قۆناغ بە قۆناغ هەوڵی بۆ بدەین و ئەمە بۆچوونێکە کە لە گەڵ زانستی مارکسیستی یەکدەگرێتەوە یانی لەم قۆناغەدا کە مەسەلەی ئاسیمیلەیی نەتەوەیەک لە گۆڕێدایە شۆڕشی نەتەوایەتی پێشی- یان ئەولەوێت بەسەر تیئۆریدا پەیدا دەکات و دەبێت وەک هۆکارێکی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دیکە وەک سوسیالیزم یان کۆمونیزم چاو لە چارەسەری کێشەی نەتەوایەتیی بکین چونکە لە تیئۆری مارکسیسم دا گرنگی دراوە بە قۆناغە مێژوویەکان و گەشەی کۆمەڵگا، بۆ نموونە مارکس دەڵێت شۆڕشی کرێکاری لە ئۆروپای گەشەکردوو ئیمکانی هەیە یانی لە بۆچوونی مارکس دا قۆناغە مێژوویەکانی هەر کۆمەڵگایەک دەتوانێ پێکهێنەری ئاڵوگۆڕی تایبەت بە قۆناغی دیکە بێ، بەڵام بەداخەوە زۆرجار لە گەڵ بۆچوونی وەک ئەوەیی کە نابێت چاوەڕوانی قۆناغە مێژوویەکان یان گەشە بین و ئیمکانی گۆڕینی جیهان لە شەورۆژێکدا بە سوسیالیزم هەیە، یان مارکسیستی سەدەی بیستەم توانی گۆڕینی دونیایی بە کۆمونیست لە ماوەیەکی کورت و پوختدا هەیە دێتەگۆڕێ کە ئیمکانی بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی تاکی لێ دەکەوێتەوە.

هەروەها هێندێک بۆچوون پێیانوابوو کە باس لە مەسەلەی نەتەوایەتی شێوە ناسیونالیستی و دواکەوتووانەیە یان هۆکاری تیکەتیکە بوونی چینی کرێکارو دابڕان لە ویستی چینایەتی لە کۆمەڵگادایە، یان هۆکارەکانی دابڕانی برایەتیی نەتەوەکانە، بەڵام لێرە لەم بەشەدا زۆر بابەتی عەینی و زیهنی گرنگی پێ نەدراوە یان ڕووانگەی هێندێک ناسیونالیستی دەسەڵاتدار بەکارهاتووە، یەکەم داخۆ مەبەست چ ناسیونالیسمێک بێ چونکە ئێمە لە کۆمەڵگادا دوو شێوە ناسیونالیستمان هەیە ناسیونالیسمێک کە بۆ داگیرکردن و ئاسیمیلە یان ژێر دەستەکردنی نەتەوەکانی دیکە هەوڵ دەدات و تێدەکۆشێ لە گەڵ ناسیونالیسمێک کە بەمەبەستی بەرگری لە ئاسیمیلە بوونی خۆی و مافە دێموکراتیکەکانی کۆمەڵانی خەڵک هەوڵ دەدات.

ئەم شێوە باسانە لە ڕابردووشدا هەبووە بۆ نموونە مامۆستای پایەبەرزی بواری پرولیتاریا وەک لنین لە دژی بۆچوونی کەسانی وەک روزالوکزامبورک و تروتسکی زۆر بابەتی هێناوەتەگۆڕێ و مافی جیابوونەوەی بۆ هەر نەتەوەیەک بە شتێکی ئاسایی پێناسەکردووە کە لەم بوارانەدا سەرەنجی

خوێنەر بۆ نووسراوەکانی ئەو لە ســـاڵەکانی ١٩١٣و ١٩١٤ز، یان جلدی ٢٠ی مەجموعە ئاساری لنین ڕادەکێشم.

لنین لە نامە بۆ کۆنگرە یان یادداشـتەکانی ٢٩، ٣٠، ٣١ی دیسامبری سـاڵی ١٩٢٢ز لەســـەر مەســـەلەی مافی نەتەوایەتی یان خودمختاری نەتەوەیی دەنووســـێت" هەر کەس ئەو ڕاســـتیی قبووڵ نەکات کە خودمختاری لە بۆچوونی پرولیتـاریـادا مـافی بێ ئەملاولای نەتەوەیەکە یـانی ئەو کەســـە هێشتاکە هەر بەبۆچوونی بورژوازییەوە دەژیت"، هەروەها پێی زیاد دەکات و دەنووسێت کە" بەردنە ژێر پرسیاری مەسەلەی نەتەوایەتی و تاوانبارکردن بە ناســـیونالیســـتی لە دوو حاڵەت خارج نییە یان ئەو کەســـە بۆخۆی ناسیونالیست سوسیالیستی واقعیی یان زۆر بێژێکی نەتەوەیەکی زۆردارە کە دەیهەوێت بەرگری لە یەکگرتوویی چینی کرێکار بکات چونکە هیچ شـتێک بە ئەندازەی بێ عەداڵەتی نەتەوەیی ناتوانێ هۆکاری تیکەتیکە بوونی چینی کرێکار بێ".

لە ڕاسـتیدا ویسـتی پرولیتاریا دابین کردنی کۆمەڵگایەکی سـوسـیالیسـتیی کە لەودا بتوانێ دەســـەڵاتی خۆ بەســـەر بەرهەمهێنـاندا داســـەپێنی و یان خاوەنداریەتی تایبەتی گەورە گشـتی بکاتەوە، نرخی پێداویسـتییەکانی خەڵک لە کۆمەڵگادا لە ئاسـتی پێویسـتدا ڕاگرێ یان دەتوانین بەشـێوەیەکی دیکە بڵێین کە ســـتراتیژی پرولیتـاریـا لە نێوبردنی ســـەرمایەداری و ئـاڵوگۆڕی سـەندیکایی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئازادیی سـیاسـییەکانە لە بەرژەوەندی چینی کرێکاردا نەک دەســـتبەســـەردا گرتنی مافی نەتەوەیی خەڵک و لەم حالەتەدا پێویســـتیمان بە شـــێوە دۆخی لەباری ڕامیاری هەیە تا بتوانین ئاڵوگۆڕ دروست بکەین بەڵام لە کوردستان یان ڕۆژهەڵاتی ناوین دا واباشە لە پێشدا هەوڵ بدەین بۆ دەستەبەرکردنی ئەو دۆخە یانی بیرۆکەی گەشەی مێژووی قۆناغ بەقۆناغ شتێکی زۆر دروستە.
زۆر لە زانایانی ئەم بوارانە لەم پێوەندییەدا باســـیان کردووەو وتوویانە کە ناسـیونالیزمی وڵاتانی سـتەمکار هێشـتاکە نەگۆڕاون بە ئاڵاهەڵگری وڵاتانی ئیمپریالیسـتی بەمەبەسـتی دابەشـکردنی جیهان و دەسـتکەوتە ئابوورییەکان کە لە داگیر کردنی وڵاتانی کۆلۆنیال و نیوە کۆلۆنیال دەســـتیان دەکەوێت،

هێشتاکە ستەمە جۆراجۆرەکانی ئیمپریالیستی لانەچووەو ناسیونالیسمی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی ستەم لێکراو نەگۆڕاوە بە هێزێکی کۆنەپەرەست، مێژوو پیشانی داوە کە ناسیونالیستی شۆڕشگێڕ ئالاهەڵگری زۆر شەڕی ئازادیخوازانە بووە، لینین لەم بوارەدا دەڵێت" شەڕەکانی نەتەوەیی خەباتکار لە سەرەتای شۆڕشی ئوکتوبرەوە یارمەتیدەری خەباتی پرولیتاریا بوون" لەم ڕووانگەوە دەتوانین ئەو ئاماژەیی کە دەڵێت شۆڕشی جیهانی پرولیتاریا دوو بڕگەی هەیە کە بریتین لە شۆڕشی سوسیالیستی لە وڵاتانی سەرمایەداری و ئیمپریالیستی لەگەڵ شۆڕشی دێموکراتیک و دژی ئیمپریالیستی یان شۆڕشی ئازادیخوازی لە وڵاتانی ستەمکارو دیکتاتۆردا بابەتێکی جێگای وردبوونەوەن.

دەتوانین لە سەر بابەتی نەتەوەیی ئاور لە چەند ڕووانگەی دیکە بدەینەوە بۆ نموونە هەموو وڵاتانی گەشەکردوو خاوەنی سنوور و کولتووری تایبەت بە خۆیانن، هەرچەند زۆربەی ئەو وڵاتان لە بواری ڕەنگی پێست و زمانەوانییەوە زۆر لە یەک نزیکن بەڵام حازر بە هاوپەیوەستی یەک کۆمەڵگا نین، بۆ نموونە دەتوانم باسی وڵاتانی وەک سوئێد، نورویژ و دانمارک بکەین کە بۆ من جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نابینم، جا ئەگەر ئیمکانی هاوپەیوەست بوونی ئەو سێ وڵاتە دەستبەر بوو ئەو کاتەیە کە دەتوانین هەڵسەنگاندو شیکردنەوەیەکی دیکەمان لە بواری بۆچوونی ناسیونالیزمی دا هەبێ، بەڵام ئەگەر ئیمکانی نییە داخۆ هۆکار چییە کە هەر داگیرکراو دەبێت قوربانی بدات؟
لەم بەشەی شیکردنەوەکەمدا کاتێک کە بابەتی هاوپەیوەست بوونی سێ وڵاتی زۆر وەک یەک دێنمەکایەوە نابێ چاوپۆشی لە هێندێک خاڵی وەک هۆکارەکانی هاوپەیوەست نەبوون بکەین، بە بۆچوونی خۆم یەکێک لە هۆکارەکان فاکتەرەی ڕەوشتیی، ڕەوشت و ڕەوشتی زانستی بابەتهایەکن کە لە ژیان و هەسوکەوتدا پێویستیمان پێیان هەیە چونکە هەردووک خاڵ لە بوارەکانی تەعامول و گەشەدا لە گەڵ ئێمەی مرۆڤ بەشداری دەکەن، لێرەدا گرنگ ئەوەیی کە بە سەرەنجدانە یاسای یاسایی و ڕەوشتی بتوانین جیاوازی نێوان هەڵەو دروستی لە یەک جیا بکەینەوە، بابەتێک کە بەگوێرەی یاسا دروستە بەو مانایە نییە کە بەشێوە ئۆتۆماتیک و بەگوێرەی یاسای ڕەوشتی دروستە یانی وێرای نەبوونی جیاوازی بەرچاوی ئێتنیکی و

کولتووری خەڵکی ئەم سێ وڵاتە بەگوێرەی هەست ویست هاوپەیوەست بوون لە بەرژەوەندی خۆیان نابینن و هەر لایەنێک خۆی بەگرنگ دەزانن کە مافی خۆیانە.

**ماریان نۆمیلا** کەسێکە کە کتێبی دانۆساندنی بێ توندوتیژی لە کاردا بەناوی **ئن وی سی یان** Nonviolent communication نووسـاوەو لە بەشـە تیئۆریەکدا لە زمانی مارشاڵەوە دەنووسێت"هەستی ئەرێنی لە مرۆڤدا ئەوە دەگەیەنێ کە پێداویسـتییەکانی جێبەجێ بووە، کاتێک کە پێداویسـتییەکانی مرۆڤ جێبەجێ بوون هۆکاری خۆشی و شـــادمانی لێ دەکەوێتەوە و لەم قۆناغەدایە لە ناوەڕۆکی گەشە، ئاسایش و خۆشی دەگات و دەیاناسێتەوە"، مەبەسـتی ماریان ئەوەیە کە ئاسـایشی- هزری هۆکارێکە تا ئەرێنی لە سـەر خۆمـان و خەڵکـانی دیکە بیر بکەینەوە بەڵام لە ســـەر بەپێچەوانەکەی دەنووسـێت"کاتێک کە پێداویســتییەکانمان جێبەجێ نابێت ئێمە حاڵمان باش نییە، ئەم جێبەجێ نەبوونەی پێداویسـتییەکان ئەوندە ئازاری زۆرە کە هەموو شـــتێک بە نەرێنی دەبینین و نەرێنی لە ســـەر چواردەوری خۆمان هەڵسـەنگاندن دەکەین"، مەبەسـت لێرە ئەوەیە کە ئێمە نەمانتوانیووە بە ســـەر گرفتی نەتەوەیی خۆماندا زاڵ بین، گەلانی هەر سێ وڵاتی بە نموونە هاتوویی من چونکە پێداویســـتییەکانیان جێبەجێ بووە لە ســـەر خۆیان و سـنوورەکەش ئەرێنی بیردەکەنەوە بەڵام من کاتێک کە بیر لە ئاسـیمیلەی نەتەوەیی خۆم بەدەست نەتەوەکانی سـەردەست لە ڕێگای داسـەپاندنەوە دەکەمەوە لە بواری ڕەوشتی و یاساییەوە لە گەڵ هەستی نەرێنی ڕووبەڕوو دەبمەوە چونکە دەبینم و ئاگادارم کە لەســـاڵدا بەهەزاران کورد لە نێوخۆو کۆمەڵگای مرۆڤیدا ئاســـیمیلە دەبن ئەم ئاســـیمیلە بوونەیە کە هۆکاری کاردانەوەی بەدواوەیەو وەک مرۆڤێکی بەڕەوشت و هەستدار دەبێ داکۆکی لە مافی یاســـایی خۆم بکەم و پێم خۆش نییە کە من قۆچی قوربانی شـــتێکی داتاشراو لە ژێر ناوە جۆراوجۆرەکاندابم، لە زۆر شـــوێندا وتەیی ئەو زانایەم هێناوەتەگۆڕێ کە وتوویەتی ئەوە تێڕوانینی ئێمە نییە کە بڕیاردەر دەبێ بە ســـەر تێئوری دا، ئەوە تێئوری ئێمەیە کە بڕیاردەر دەبێت کە چ جێگای ســـەرەنجمان بێ، یانی باشـــتر وایە گەلی کورد وێرای گرنگیدان بە فاکتەرە بناغەیەکانی چینایەتی و پرولیتاری لە پێشبردن و ئاستدار کردنی مەسەلەی

نەتەوەیی خۆی وەک تیئۆری سەردەم و پێویست زیاتر هەڵسوڕ بێ چونکە لە کۆمەڵناسی مەکرۆدا کۆمەڵناسانی مەکرۆ وتوویانە،
"بۆ لێکۆڵینەوە و دانانی بەردی بناغەی زانسـت لە بواری سـاختاری و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ شێوەی پەروەردەیە، هێندێک جار ئامانج وایە کە کاراییەکان (مهارەت) بگۆرینەوە بەبڕیاری ڕامیاری و لە پێناو ویستی لەبارو دابین کردنی ئاسایشی ـ کۆمەڵانی خەڵک سیاسەتهایەک بێنینەکایەوە، تاکەکان لە قۆناغی ئەزموونی مەکرۆ (ڕێز) بۆ قۆناغی کەلان جیاوازیان هەیە کە بریتییە لە خوێندەنەوەمان لە سەر مامەڵەو فعل و ئینفعالاتی پرۆژە گەورەکان لە کۆمەڵگادا" بەکورتی کۆمەڵگاو سیستەمی بارهێنەریی کە دەبێت بە سەرچاوە بۆ تەعامول و کاری مرۆڤەکان.
ئەگەر مەسـەلەی نەتەوەیی عەیبەیەو دواکەوتوانەیی جا با یەکێک لەو وڵاتە بچووک و پێشـکەوتووانەی جیهـان یـان یەکێک لەو وڵاتـانە کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە هاوپەوەستی کورد یان نەتەوەیەکی دیکە بن، ئەگەر هاوپەیوەست بوون بۆ تۆ سەرشۆڕیی بۆ من مەسەلەی حەیسییتیی و هەوڵ دەدەم تا مافی بەرگری لە ئاسیمیلە زیاتر بکەم بەیاسایەکی یاسایی و ڕەوشتی چونکە زمان، کولتوورو مێژووم لە فەوتان دایە، کەسێک بە ناوی دوکتور سدیقە عەدالەتی لە باسێکی زانستیدا ئاوەها دەڵێت" زمانی زگماکی کلیلێکە کە لەکردنەوەو پیشـاندانی جیهانی دەروونیمانداو ڕۆڵێکی سـەرەکی هەیە، چونکە منداڵ کاتێک کە لە زکی دایکی دایە بە شێوەی زمان و دەنگی دایکی ئاشنایی پەیدا دەکات بەڵام کاتی هاتنە دونیایی واقعییەوە پێوەندییەکی زیاترو قوڵتر لە گەڵ دەوروبەری خۆی دابین دەکات، هەستی گرێدراوی بە تاقمێک خەڵکەوە پەیدا دەکات، ئەم هەسـتەیی گرێدراویی هۆکارێکە تا هەستێکی خۆناسی(ناسنامەیی) لەباوەشی بنەماڵەکەیدا پەیدا بکات و خۆی بەگرێدراو بە نەتەوەیەکەوە بزانێ، ئەم خۆناسـینەیی کە هەسـتی نیشتمانپەروەری و لێپرساوەیی لە کۆمەڵگا لە هەناویدا دەستەبەر دەکات کە بە گوێرەی ئەو خۆناسـیی کەسـایەتی خۆی دیاری دەکات و هەڵدەبژێرێت، بەڵام ئەگەر مەسەلەکە بەپێچەوانە بێت ناتوانێ کەسایەتی خۆی پەیدا بکات کە لە ئاکامدا مرۆڤیکی سەرلێشێواو کەسایەتییەکی لاوازی دەبێت".

لێرە لەم بەشەی باسەکەی دوکتور سدیقەدا زیاتر بەو ئامانجە دەگەین کە چارەسەری کێشەی گەلی کورد پێویستییەکی سەرەکیی و دەبێت وەک تیئۆریەکی ڕەوشتی و گرنگی قۆناغی یەکەم بەلێبڕاوی و یەکگرتوویی کاری بۆ بکەین تا منداڵەکانمان لە باوەشی خۆماندا گەورەبن و هەستی گرێدراوی بە گەلەکەی خۆیانەوە هەبێ، لێرەدا ویستم ئەوە بۆ خوێنەری گەنج ڕوون بکەمەوە کە بەشێکی زۆر لە کێشەکانی سەر ڕێگای خەبات لە سەردەمی مندا کێشەی تیئۆری و داسەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی و نەتەوەیی بوو یانی بەچەپ و ڕاستەوە لە گێژاوەی سیاسیدا دەژیاین. بەداوای لێبوردن دەبێ بەناچار لێرە کۆتایی بەم بەشەیی باسەکەم بێنم و بگەڕێمەوە سەر کاکڵەیی باسەکە کە باسی گۆنگرەی هەشت و ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕە.

## بەردەوامی باسی کۆنگرەی هەشت (٨).

بەکورتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە بواری ڕامیاری و نەتەوەییەوە توانی حزورو بوونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی کوردستان بسەلمێنێ و هۆکارێک بێ بۆ کۆتایی هێنان بەهێندێک ناتەبایی لە گەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستانی و سەرتاسەری، لە گەڵ ڕێکخراوەی مجاهیدینی گەلی ئێران لە سەر ڕێکەوتنی پێشوو کە لە سەرەوە هێناومەتەگۆڕێ دۆستی و هاوپەیمانی بنیات بنێتیەوە، یەکلایەنە لە گەڵ کۆمەڵە ئاشتی ڕاگەیەنێ و بەشێوەیەک بناغەی دۆستی لە گەڵ ئەو حیزبە دامەرزێنێتەوە.
دوکتور قاسملوو لە ڕووانگەی مرۆڤدۆستی و تێڕوانینی سیاسییەوە لە هەوڵی کۆتایی پێهێنان بەو شەڕە بوو کە کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەی یازدە ساڵ بە سەر گەلی کورددا دایسەپاندبوو کە هۆکاری کوشتنی زۆر لە ڕۆڵە خەباتکارەکانی گەلی کوردو ڕەووانگەرانی لایەنی دژبەری لێ کەوتبووەوە بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران بناغەکەی لە سەر تێرۆرو تۆقاندن دامەرزابوو کە لە هەمان ڕووانگەوە پیلانی تێرۆرکردنی مێشکێکی تێکۆشەری وەک دوکتور قاسملووی دارشتبوو، لە ئاکامدا بیرۆکەی تێرۆر بەسەر بیرۆکەی تەبایی دا سەرکەوت و وەک لە سەرەوە هاتووە تێرۆریستەکان بە لە بەرکردنی لیباسی مرۆڤایەتی توانیان لە **ویەن** وڵاتی ئوتریش ئەو مێشکە بەتوانە و چالاکە بە گوڵلە ناچالاک و لە کار بخەن.
وێرای ڕەخنەو گازندەکان ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە کاریگەری لە سەر هەموو ئەندامانی هەر دووک باڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان داناو بەشێوەیەک هۆکارەکانی بەخۆداچوونەوەی لێکەوتەوە، دوای شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو دوکتور سەعید (سادق) شەرەفکەندی بەهۆکاری جۆراوجۆری پێویست وەک ئەزموونی ڕابەرایەتی و توانی بەرزی سیاسی بوو بە سکرتێری باڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و توانی تا ڕادەیەکی زۆر جێگای خاڵی دوکتور قاسملوو پڕ بکاتەوەو کۆماری ئیسلامی ئێران کە پێی وابوو کە بە شەهید کردنی د- قاسملوو شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دووچاری

ئاشبەتاڵ دەکات ناهۆمێد بکات، بەڵام بەداخەوە وەک لە سەرەوە باسم کردووە کۆماری ئیسلامی کە گەشەی خۆی لە تێرۆرو ئاژاوەدا دەبینێ نزیک بە سێ (٣) ساڵی دوای تێرۆری د- قاسملوو توانی دوکتور سەعید شەرەفکەندی لە وڵاتی ئەڵمان لە کاتی کۆبوونەوەیەکی ڕامیاریدا لە ریستورانی میکونوس لە برلین تێرۆر بکات، ئەم ڕووداوەش دیسان کارگەریی لە سەر بەدەنەیی هەردووک باڵی دێموکرات داناو لە گەڵ هۆکارەکانی دیکە توانی زیاتر هەستی یەکگرتوویی پێکهێنێ.

بەوجۆرە کە لە سەرەوە لە شوێنێکدا باسمکردووە لەو سەردەمەدا ماڵم لە ئۆردووگای ڕۆمادیی و وەک کادری تەواو وەختی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ و بەرپرسی یەکێک لە کۆمیتەکانی یو ئن لەو ئۆردووگادا هەڵسوڕم، کێشەی چەند ساڵەی شەڕی ئێران و عێراق بەلاوازبوونی ئێران ڕوو لە چارەسەری دەرۆیشت کە ماوەیەک دوای ئاشتی یان ڕاگرتنی شەڕی ماڵ وێران کەری دوو وڵات باسی مەسەلە ئۆردووگای ڕۆمادیی سەری هەڵدا کە لە ئاکامدا دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٣٧٠/٨/٣هـ (١٩٩١ز) بۆ یەکەم جار تاقمێکی کۆماری ئیسلامی ئێران هاتنە گۆڕەپانی ئیدارەکانی حکومەتی عێراق لەو ئۆردووگاداو پێوەندیان لە گەڵ خەڵک گرتوو و دەستیانکرد بە ناونووسی بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ ئێران، مەسەلەی ناونووسی خەڵک بۆ گەڕانەوە لە جاری دووهەمدا نوێنەرانی ئێران دیسان ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٣٧٠/٩/٧هـ (١٩٩١ز) وەک جاری کۆتایی بەردەوام بوو.

بەکورتی خەڵکێکی زۆر گەڕانەوەو ئەو ئۆردووگا پڕ لە حەشیمەت و جموجۆڵە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بەڕادەی دیار چۆڵ بوو بەشێوەیەک کە هەستی دڵتەنگی سەری لە مرۆڤ دەداو شێوەو باری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی لە گەڵ گۆڕانی زۆر ڕووبەڕوو بووەوە بەڵام دیسان دەتوانین بڵێین کە ڕادەیەکی زۆر خەڵک بە هۆکاری بیرکردنەوە لە بواری ژیان لە ئێران یان هۆکاری سیاسی و هتدەوە... لەو ئۆردووگا مانەوە کە بەشێکیان ئیستاکە لە باشووری کوردستانن و هێندێکیش لە ڕێگای ڕێکخراوە یوئنەوە دەرچوون بۆ وڵاتانی پەنابەر وەرگر کە منیش یەکێک لەو بنەماڵانە بووم کە بە خۆم و هاوژینم لە گەڵ منداڵەکانمان پەنابەری وڵاتی سوئێدمان وەرگرت.



کاتێک کە مرۆڤ مرد هیچ گرنگ نییە گۆڕەکەی چۆن بێت و لە کوێ بێ بەڵام خەڵکێکی زۆر لەترس کوردەوەکانی مرۆڤ کوژانی کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆرتۆنیسی- حیزبی بەعس یان کارتێکردنی کەسانی دیکە ئیستاکە گۆڕەکانیان وەک هێمای ستمی دوو وڵات لە بیابانێک لە پارێزگای الانبار (ڕۆمادیی) ماونەتەوە. ڕۆحیان شاد بێ.

نۆرەی وتووێژی قوڵی یەکەمم لای یوئن لە ڕێکەوتی ١٣٧٠/١٠/١٥هـ (١٩٩٢/١/٥ز) و وتووێژی دووهەم لە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٤/٢٢ز لە لایەن بەڕێزان کارین و مارکەوە بەڕێوەچوو و لە ماوەیەکی کورتدا نامەی ناساندن بە ژینێف و لە ڕێکەوتی ١٣٧١/٧/٢٦هـ (١٩٩٢/١٠/١٨ز) لە لایەن وڵاتی سوئێدەوە وەرگیرام.
لەو سەردەمەدا دۆخی عێراق زۆر خراپ و ئاڵوز بوو چونکە سەردەمی شەڕی وڵاتەیەکگرتووەکان و حکومەتی بەعس بوو کە فڕینی فڕۆکە بەسەر ئاسمانی عێراقدا قەدەغە کرابوو بەڵام لە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١/٢٧ز پەرواز بۆ ئۆروپام وەرگرت کە ماوەیەک پێش لەو ڕێکەوتە لە گەڵ هێندێک پەنابەری لە ئۆردووگای ڕۆمادیی و بنەماڵەی دیکەی سەربە کوردانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستانەوە بێ بەڵگەو پاسەپۆرت بەو شێوە کە لە پاسەپۆرتە کاتییەکەدا لە خوارەوە دەیبینی یان هەمان ڕێکەوتی سەرەوە لە عەمانی پایتەختی وڵاتی **ئوردوونەوە** سواری تەیارەیەکی ئەێرفرێنس بووین و سەلیی سوور منی وەک چاودێری دابەشکردنی بەشێک لەو پەنابەرانە لە وڵاتی فەرانسە یان لە حاڵەتی پێویستدا بۆ پێوەندی لە گەڵ سەلیی سوور یان شوێنی پێویست بەڕووداوی نەخوازراو دیاریکرد کە بەخۆشییەوە هەموو

شـــتێک بەگوێرە خۆی پێش چوو و دەســـتەیەکمان دوای چەند کاتژمێر لە فەرانسەوە سوار بووین بۆ وڵاتانی دیکە کە چەند بنەماڵەمان سەربە وڵاتی سوئێد بووین.
ئەم ســــەفەرە وەرچەرخانێکی زۆری لە ژیانی ســـیاسی و کۆمەڵایەتی مندا پێکهێنان کە وێرای ئەوەی کە بۆخۆم دووری لە وڵات زۆر لام ئاســـتەمە بەڵام منداڵەکانم توانیان وێرای ئاڵوگۆڕی ژیانی لە چەرمەسەری نجاتیان بێ و بتوانن مرۆڤی بەسوود بن بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگای سـوئێد کە هیوادارام لە ئێســتاکەو لە داهاتوودا مرۆڤی بەســوود بن بۆ وڵاتی خۆیان کوردســتان و کورد و بە چـاولێکردن لە بەڵگی خوارەوە بیر لەوە بکەنەوە کە بۆچی لە ئۆردووگای ڕۆمادیی بوون چۆنە کە لە وڵاتی ســـوئێددا دەژین کە وێرای ڕێزگرتن لە وڵاتی ســـوئێد قەت وڵاتی باوباپیرانی خۆیان و مەســـەلەی نەتەوایەتی خۆیـان لە بیر نەکەن و هەوڵ بـدەن بۆ دەســـتەبەر بوونی کوردســـتانێکی دادپەروەر کە هەمووان بەگوێرەی زانســـت و توانی خۆیان مافی سیاسی، مرۆڤیی و یاسایی وەک یەکیان هەبێ.




هاتنم بۆ وڵاتی سوئێد بەواتایی چاوپۆشیکردن یان وەلانانی کاری نەتەوایەتی و ســیاسی نابێت بەڵکو لە وڵاتی ســـوئێددا لە تێکوشـــان بەردەوام بووم و کاتێک کۆمیسیونی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ئاگاداربوو سەفەری وڵاتی سوئێد دەکەین نامەیەکی بۆ کۆمیتەی وڵاتی ســـوئێد نووسی هەموو ئەو ئەندام و لایەنگرانەی هاوســـەفەری بەمەبەســـتی کارو چالاکی بەوان نـاســـانـدو کوپیەکی نووسراوەکەی کۆمیسیونی تەشکیلاتیان ناردبوو بۆ خۆم.


ژمارە :

ڕیکەوت :

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی

شۆڕشگێــــــــــــر

کومیسیونی تەشکیـــــــــــلات

بۆ کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر

«سوئێد»

سڵاوی شۆڕشگێڕانە.

ئەو هەڤاڵانەی خوارەوە :

1- کاک فاتح ئارش (بەرپرسی کومیتە)

2- سیامەک ئەلەندی (ئەندامی کومیتە)

3- تەوفیق عبداللهی ″ ″

4- علی مهرانی ″ ″

5- کریم صالحی ئەندامی حیزب

6- حسین حسین زادە ″ ″

7- [redacted] ″ ″

8- مصطفی مجدی لایەنگری ″

9- اسعد قادری ″ ″

کە هەموویان ... بوون ئێستا لە لایەن ... وەک پەنابەری سیاسی وەرگیراون ... ئەوەی بە ... ئامادە دەکەین کە ئەو هەڤاڵانە بە گشتی و بە تایبەت بەرپرس و ئەندامانی کومیتە ئەرکی سەرشانی حیزبیان کردووە. ... لەم هەڤاڵانە بە تایبەت کاک فاتح وەک بەرپرسی کومیتە و باقی ئەندامان، داواتان لێ دەکەین ... بۆ ... بیسپێرن

کومیسیونی تەشکیلات

لاپەڕەی دووهەم یان پشتی نامەی سەرەوە.

نێوەرۆکی نامەکە تەشکیلات بریتیی لە: بەڕێز کۆمیتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ"سوئێد"
سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە، ئەو هاوڕێیانەی خوارەوە، ١، کاک فاتح آرش (بەرپرسی کومیتە).
٢، سلێمان قلندری (ئەندامی کومیتە). ٣، توفیق عبدالهی " ". ٤، علی مهرابی " "
٥، کریم صالحی ئەندامی حیزب. ٦، حسین حسین زادە " ". ٧، ....... ٨، مصطفی محمدی لایەنگری حیزب. ٩، اسعد قادری لایەنگری حیزب.
کە لە ڕۆمادیی بوون ئیستا لای ئێوە وەک پەنابەری سیاسی وەرگیراون پێویستە ئێوەی بەڕێز ئاگادار کەین کە ئەو هاوڕێیانە بەگشتی و بەتایبەت بەرپەرس و ئەندامانی کومیتە ئەوپەڕی هاوکاری حیزبیان کردەوە، وێرای سوپاس لەم هاوڕێیانە بەتایبەت کاک فاتح وەک بەرپرسی کومیتە و باقی هاوڕێیان، دواتان لێ دەکەین کاری شیاوی خۆیان پێ سپێرن. بە سپاسەوە کومیسیونی تەشکیلات، ڕێکەوتی ١٣٧١/١٠/٢٤ﻫ.

دوای تێرۆری د-کتور شەرەفکەندی بەگوێرەی ئەزموون و تەمەنی خەبات بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە بوو بە سکرتێر کە لە پۆستی سکرتێری کەڵکی وەرگرتوو و لە گەڵ دڵسۆزانی دیکە کەوتنە هەوڵدان بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی هەردووک باڵی حیزبی دێموکرات و توانیان دوای نۆ (٩) ساڵ لەیەک دابڕان لە ساڵی ١٩٩٧ز (١٣٧٦ﻫ) باڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەک بخەنەوە کە بووە هۆکاری خۆشحاڵی گەلی کوردو نیگەرانی نەیارانی کوردو هێندێک لە ئەندامانی هەردووک باڵی دێموکرات.
هەروەک لە نامەکەدا دیبینی سەردەمی یەکگرتنەوەی باڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران من لە وڵات سوئێددا بووەم کە بەشێوی کرداری و هزری پێشوازیم لەو یەکگرتنەوە کردو ئەو هەڵوێستەم زۆر بەدروست و لە بەرژەوەندی گەلی کورددا دەزانی بەڵام یەکگرتنەوەی دوو باڵی دێموکرات لە حاڵێکدا بەڕێوەچوو کە هێندێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و خوارەوەی هەردووک باڵی دێموکرات بەشێوەی کرداری، ڕەفتاری و دەروونی دژی ئەو یەکگرتنەوە بوون و نەیتوانی واقعیەتی گرنگی یەکڕێزی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بپارێزی و کێشە هزری و تەشکیلاتییەکان بەشێوەی تایبەتی کارتێکردنی نەرێنی داناو زیاتر لە جاران لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەسەڵاتخوازی و ناوچەگەرایی سەری هەڵدایەوەو حیزبی دێموکراتی بەشێوەی ڕوون زیاتر لە جاران دابەشکرد بە سەر دوو بەرەدا، بەری باشووریی و بەرەی ناوەندی یان مهابادی کە دەتوانم بڵێم کێشەکە زۆر زیاتر لە جاران قوڵتر بووەوەو حیزبی دێموکراتی گەیاندە بنبەستێک کە لە پلینۆمێکدا بەمەبەستی چارەسەری

کێشەی ناوچەگەرایی و تاقم و تاقمبازی بڕیارێکی زۆر توندیان پەسەندکردو بە نووسراوە ڕایانگەیاند هەرشـــێوەیەک دەســـتەو تاقمبازی لە لایەن هەرکەســـێکەوە بەهەر مەبەســـت و ئامانجێک بێ بەخەیانەت پێناســـە دەکرێت و پێکهێنەرەکەی لە حیزب وەدەردەنرێت بەڵام تاقم و تاقمبازی بەشـــێوەی جۆراوجۆر بەردەوام بوو و کەســـیش لە ســـەر فـارکتەرە ســـەرەکییەکانی تاقم و تاقمبازی لە حیزب دەرنەکرا چونکە ئەگەر بڕیارەکە جێبەجێ بووایە دەبوو بەشـــێکی زۆر لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی هەردووک باڵ وەلانرابان، هەروەها هەوڵ و کۆششـــی ــ دۆســـتانی حیزب و حیزبەکانی باشووری کوردستان وەک پارتی و یەکێتیی نیشتمانی یان سەرۆکی هەرێم و زۆر کەســـو کەســـایەتی دیکە نەیتوانی کاریگەری هەبێ و ڕێگری لە ئاڵۆزتر بوونی دۆخەکە بکات بڵکو زیاتر بووە هۆکاری ئاڵۆزی بوون.

کێشـــەی گونگرەی هەشـــت لە ڕابردوودا بە زۆری لە ســـەر بـابەتە تێئوریکەکـان و لیســـتەی فیکس هـاتەگۆڕێ، بەڵام کێشـــەی پێش لە کۆنگرەی سێزدەهەم (١٣) و سەردەمی ئەو کۆنگرە بەگوێرەی بۆچوونی من بە زۆری لە ســـەر دوو خـاڵی وەک مەســـەلەی یەکگرتنەوەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕو مەسەلەی کێبڕکێی دەسەڵاتخوازی لە نێو حدکادابوو کە ئاستی ڕامیارییان پێداو گواســـتنەوەیەکی تێدا دروســـتکرا، یانی هێندێک خاڵ و ئایدەی پێ زیادکرا کە حیزب دێموکراتی بەشـــێوەی ڕوونتر لە ڕابردوو کرد بەدوو باڵ.

ئەو باڵەی حیزب کە بەشـــێکیان لە کاتی خۆیدا موخالیفی یەکگرتنەوە لە گەڵ ڕێبەرایەتی شـــۆڕشـــگێڕ بوون بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە توانیان لە گۆنگرەی ســـێزدەهەمدا لە ســـاڵی ٢٠٠٤ز (١٣٨٣ھ) ببن بەبەشـــێک لە دەسەڵات و دەسەڵات بگرنە دەست و باڵی بەزۆری لایەنگری یەکگرتنەوە لە گەڵ مـامۆســـتـا عەبدوڵڵا حەســـەنزادە کە بە یەکێک لە لایەنگرانی یەکڕیزی تەشـــکیلاتی حیزبی دێموکرات دەناسرا لە گەڵ هێندێک کەسی دیکە لە گەڵ بەشی زۆرینەی لایەنی ڕێبەرایەتی شـــۆڕشـــگێڕی ڕابردوو بەهێندێک کەسی دیکەوە پەراوێز بخەن و ڕووبەڕووی ئاستەنگی سیاسییان بکەنەوە، یـانی بە ئەپەراوێز خســـتنی بەشـــێکی زۆر لە لایەنی لایەنگرانی یەکگرتنەوەی ڕێبەرایەتی شـــۆڕشـــگێڕ کێشـــەکە ئاســـتێکی بەرزتری بەخۆوە گرت و باڵی پێشـــوویی ڕێبەرایەتی شـــۆڕشـــگێڕو باڵی پەراوێز کەوتوو یان لە

دەســەڵات وەلانراوی حیزب کەوتنە فکری شــێوە یەکگرتنێکی بەهێز دژبە بـاڵ یـان لایەنی دیکە کە ئیســتـاکە زۆرینەی کۆمیتەی نـاوەنـدیـان بەدەستهێناوە.
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم یەکگرتن و دەسەڵات زەوتکردنە دەبووە هەڕەشەیەکی جیدی بۆ سەر یەکڕێزی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە وێرای ئەوەیی کە گەلی کوردو زۆر لە دۆســتانی کوردی نیگەران دەکرد زۆر کەسیش ئارەزوی هەرچی زیاتر تیکەتیکە بوونی هەبوو.
ئەم کێشــەیە بەتایبەتی هەموو ئەوانەیی کە تاکە ڕۆژێک لە چوارچێوەی تەشــکیلاتی ئەو حیزبەدا هەڵســوڕانیان هەبوو بەخۆیەوە ســەرقاڵ کردو منیش یەکێک لەو کەســانەم کە وێرای زۆر ئەزموون و کەندوکۆســپی تـایبەت بە کێشــە نێوخۆییەکانی ڕابردووی حیزب نەمدەتوانی بێ لایەن بمێنمەوەو لە ســەرەتادا بەهەســتکردن بەوەیی کە بەرژەوەندی گەلی کورد لە یەکگرتوویی دایە بەگوێرەی توان هەوڵمدا تا لانیکەم خۆشــکەری ئاگری دوو بەرەکێ نەبم بەڵام بەداخەوە ماوەیەک دوای کۆنگرەی ســێزدە وێرای نیگەرانی و هەستکردن بە بەرپرسیارەتی وەک کوردێک هۆکارەکانی دەرەوەی ویستی نەتەوەکەمان و بەرژەوەندی ڕێکخراوەیی لە چەشنی ئاستدارکردنی هێندێک کەس و بێ ئاســتکردنی کەســانی دیکە هۆکاربوون تا لایەنێک هەڵبژێرم و بەشێوەیەکی نەخوازراو ببم بەلایەنێک لە باڵەکانی حیزب.
وێرای ئەوەیی کە کێشــەکان ڕووانگەو قۆناغی تایبەت بە خۆیان هەبووە بەڵام لە ڕووانگەی عامەی کۆمەڵگاوە کێشـەکان تەنها لە دوو خاڵدا کورت کرانەوەو بە ناوی باڵی کاک مســتەفا هیجری و باڵی مامۆســتا عەبدوڵلا حەســەنزادە پێناســە دەکراین و خاڵە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان کە لە لایەن هەردووک باڵەوە دەهاتنەگۆڕێ نەیتوانی ئەو بۆچوونەیی خەڵک لە ســەر باڵەکانی دژبەر بگۆڕیت و ئیســتاکەش زۆر کەس هەر بەو ناوەوە هەردووک باڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەک جودا دەکاتەوە.
دوای کۆنگرە کێشــەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆر زیاتر بەرین دەبووەوەو باڵی ئۆپۆزیســیۆن جەماوەری زیاتری پەیدا دەکردو باڵی زۆرینەی کۆمیتەی نـاوەنـدی لە گەڵ دۆخێکی چـاوەڕوان نەکراو ڕووبەڕوو دەکردەوە، زۆر ڕاگەیـانـدراو لە هەردووک لاوە بڵاو دەبوونەوە بەڵام بەکورتی مـاوەیەک دوای کۆنگرەی ســێزدەهەم ســەرەتا ئۆپۆزیســیۆن یانی باڵێک کە لە نێو

عامەی خەڵکدا بە باڵی مامۆســتا حەســەنزادە دەناسرا بەڵام لە تیئۆری و پراکتیکدا وەک ئۆپۆزیسیون یان حیزبی دێموکراتی کوردستان دەناسرێت لە ڕێکەوتی ١٣٨٥/٥/٧هـ (٢٠٠٦ز) دا داوخـوازییەکی ٢٠ مـاددەیـیـان بە ئیمزای زۆر کەســەوە نارد بۆ ســکرتێری باڵی زۆرینە یانی بۆ کاک مســتەفا هیجری یان باڵی کاک مستەفا کە باسی لە شێوەی چارە سەریی کێشـەکان دەکرد بەڵام ئەو داواخوازیی باڵی کەمینە زۆر گرنگی پێنەدرا کە لە دوایشـدا لە ڕێـکەوتی ١٣٨٥/٩/١٥هـ (٢٠٠٦/١٢/٦ ز) لە بەیـانـنـامەیەکی دوو لاپەڕەیی دا هێندێک خاڵی وەک کێشەی نێوخۆیی حیزب ڕاگەیاند.

## دابەشبوونی حیزب بە سەر دوو باڵدا.

باری تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی وڵات کەوتبووە ئەوپەڕی شپرزەییەوە کە بەداخەوە ماوەیەکی زۆر دوای کۆنگرەی سێزدە لە نیوەی ساڵی ٢٠٠٧ لە دەرەوەی وڵات کە کادرو پێشمەرگەی کۆن و دانیشتوویی زۆری لێبوو بۆ یەکەم جار ئەو ڕاگەیاندنەی خوارەوە لە لایەن کۆمیتەیەکی کاتییەوە لە وڵاتی سوئێد بڵاو کرایەوە کە بریتی بوو لە:
"کۆبوونەوەی یەکەم لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/١٢/١٣ لە شاری وێستڕۆس بەڕێوەچوو کە کۆتاییەکەی بەشێوە خوارەوە ڕاگەیاندرا"

بۆ ئاگاداری هاوڕێیانی بەڕێز، وێرای سڵاو. هەروەک هەموو لایەک بەوردی ئاگاداری هەلومەرجی ناوخۆیی حیزبەکەمان هەن و لەو ماوەیەدا بەدیقەت تەعقیبی ڕووداوەکانتان کردەوە کە ڕەنگە پێویست بەدووپاتکردنەوەیان نەبێ سەرئەنجام باڵی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆی حیزب و کەمینەی کۆمیتەی ناوەندیان ناچار بەقەبووڵی لەت بوونی حیزب کرد، شتێک کە ئەوان نیزیک بە دوو ساڵە بەشێوەی عەمەلی بەڵام ڕانەگەیندراو ئەنجامیان دابوو.
بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارو ئەرکەکانی حیزبی لە وڵاتی سوئێددا کۆمیتەیەکی کاتی پێکهاتووە کە لە ڕۆژی دەی (١٠) دیسامبر را بەرەسمی دەست بەکار بووە کە ناو و ئادریس و کارەکانیان هەر لەم نامەیەدا دێتە خزمەتتان.
گرینگترین ئەرکی ئەو کۆمیتەیە ڕاپەڕاندنی کارو ئەرکە هەنوکەیەکان، بەسەرکردنەوەی ئەندامان و ڕێکخستنەوەی شانەوەو کۆمیتەکانی حیزب و سەرئەنجام گرتنی کۆنفرانس بەمەبەستی هەڵبژاردنی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی سوئێدە، لەم پێوەندییەدا سەرەنجی هاوڕێیان بۆ چەند خاڵ ڕادەکێشین:
١: پێویستە هەر هەموومان بەزووترین کات لە گەڵ ئەندامانی حیزب لە دەووروبەری خۆمان بکەوینە باس و دیالۆگ و ساغیان کەینەوەو لە شارەکان شانەو کۆمیتەکان ساغ و ساز کەینەوە.
٢: بە نووسراوە کۆمیتەی حیزب و بەشی تەشکیلاتی لە تێکۆشانی خۆتان ئاگادار بکەنەوە.

٣: داوا دەکەین لیستی تەواوی بنەماڵەکانی سەربە خۆمان و دۆستانی نیزیکمان بە ژمارەو ناوی ئەندامانی بنەماڵەکانیانەوە بگرن.
٤: داوا لە هاورێیان دەکەین بە مەبەستی ئاگاداربوون لە هەوڵەکان هەرکەس بەناوی خۆی ئیمەیلێک بکاتەوە تا لە کاتی پێویستدا پێوەندیان لە گەڵ بگیرێ، بۆ ئەو مەبەستە ئیمەیلەکانتان بۆ ئیمەیلی بەرپرسی کۆمیتە بنێرن لە پاشان ڕێکدەخرێن.
٥: داوادەکەین بە زووترین کات مانگانەی دواکەوتوو و ئێستاکەتان لەو ژمارە حیسابەی خوارەوە بکەن.....

ناو و ژمارە تەلەفوونی کۆمیتەی کاتی بۆ ئاگاداریتان.
١، خالید گەردی .... بەرپرسی کۆمیتە.
٢، حەمەڕەسوڵ کەریمی ... ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی – بەشی تەشکیلات.
٣، ڕەحیم محممەدزادە ... ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی – بەشی تەشکیلات.
٤، عەلی فەتحی ... ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی و بەرپرستی پێوەندی لە گەڵ حیزبە کوردستانییەکان.
٥، سەکینە حوسێنی ... ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی – بەشی تەشکیلات.
٦، فاتح ئارەش ... ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی – بەشی تەشکیلات.
٧، نەبەز عەلیدۆست ... ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی – بەشی تەشکیلات.
٨، قاسم قازی ... بەشی پێوەندی لە گەڵ حیزبە کوردستانییەکان.
٩، زیبا خانم سەرووەری ... ئەندامی بەشی تەشکیلات.
١٠، ڕەحمان کاژەیی ... بەشی پێوەندی لە گەڵ حیزبە کوردستانییەکان.
١١، مەریوان نیستانی ... بەرپرسی لاوان.
١٢، کەماڵ ڕەستگار ... بەرپرسی بەشی ماڵی.
١٣، شوعلە خانم قادری ... بەرپرسی بەشی ژنان.
١٤، کەماڵ حەسەن پووڕ بەرپرسی پێوەندی لە گەڵ حیزبە سوئێدییەکان.
بەمەبەستی هەرچی زووتر گەیشتنی ڕاپۆرتەکانتان واباشترە کە بە ئیمەیل شەتەکانتان بنێرن بۆ کۆمیتەی حیزب ئەوەش ئیمەیلی چەند ئەندامی کۆمیتەیە:
- خالید گەردی......
- ڕەحیم محممەدزادە......

- عەلی فەتحی.......
- فاتح ئارەش ......
- نەبەز عەلیدۆست ......
- سەکین خانم حوسێنی .....

بەشـــەکانی دیکەش وەک یەکێتی ژنانی دێموکرات و پێوەندیی خارجییەکان و کارو وتووێژ کۆمیتەیان بۆ دیاری کراوە.

یەکێتی ژنان.
- شوعلە قادری.
- ئارەزوو قادری.
- شلێر حەسەنپوور.

بەشی پەیوەندی خارجی.
- سەید عەزیز نژادیان.
- کەماڵ حەسەنپوور.
- ئەسعەد یوسفی.
- جەمیلە کرمانجی.

وتەبێژەکانی حیزب لە سوئێد و ئوروپا.
- خالید عەزیزی.
- سەعید بەگزادە.

بۆ بیرکردنەوە لە ســـەر داهاتووی یەکێتی کوردانیش ژمارەیەک لە هاوڕێیان کە لە بـارەی کـاری فۆرێنینگـدا خـاوەن ئەزموونن دیـاری کراون و ئەگەر کەســـانێکیش هەبن لەو بارەوە یارمەتیدەرمان بن دەکرێ لە گەڵ بەرپرسی کۆمیتە پێوەندی بگرن تا لە گەڵ ئەو هاوڕێیانە سازمان بدرێ.
بۆ زانیاری هاوڕێیان زۆربەی بەشــەکان بەشـێوەی کۆمیســیۆن ڕێکخراون و ژمارەیەکی دیکەش لە هاوڕێیان لەو بەشانەدا وەک هاوکار سـازمان دراون کە ناوەکانیان لێرەدا نەهاتووە بۆ وێنە کاک عەلی میهرابی وەک هاوکاری بەشی تەشـــکیلاتی ئـامادەگی دەربڕیوە هەر بۆ ئەو مەبەســـتە ئەگەر هـاوڕێیەک

دەتوانێ لە یەکێک لە بەشـــەکاندا یارمەتی دەرمان بێت ئاگادارمان بکاتەوە بۆ ئەوەی لە بەشی دڵخوازی خۆیدا سـازمانی بدەین، هەروەک لە پێشـدا باس کراوە ئەو کۆمیتەیە کـاتییەو تـا کۆنفرانس ئەرکەکـانی بەڕێوە دەبـا. حیزبی دێموکراتی کوردستان- ئێران کۆمیتەی کاتی وڵاتی سوئێد".

دیســـان بۆ چەندەمین جار دەڵێم بەداخەوە کە دوای ئەم بڕیارە لە گەڵ بەریاری خوارتر هەموو ناوەندەکانی حیزبی بە تایبەتی یەکێتیی لاوان، ژنان و کۆمەڵەی کولتووری (یەکێتیی کوردان) لە وڵاتی سـوئێد سـەربە حیزب بە یەکجاری شـەق بوون و وەرچەرخانێکی سـیاسی و کۆمەڵایەتی تا ڕادەیەک جیاواز سـەری هەڵدا کە غەم هێنەر بوو بەڵام بەهۆکاری تایبەتی و ڕامیاریی ڕێگایەک بوو کە دەبوو پێدا ڕۆیشتبام.
لەو ماوەدا زۆر بابەتی نهێنی کە سوودی بۆ نەیاری نەتەوەیی هەبوو لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دانران کە دەبوو وا نەبووایە بەڵام بە خۆشـیەوە من بەش بەحاڵی خۆم بە هیچ شـێوەیەک لە بابەتی بێڕێزی و کۆد دار بەشـدار نەبووم و خۆمم پاراستەوە تا وێرای هەڵوێسـت گرتن مرۆڤێکی ئاسـایی و لە هێندێک بواردا کە پێوەندی بە مەسـەلەی کۆمەڵایەتیی یان تاکەوە هەبوو بێ زیان بم کە لەم بوارەدا زۆر خۆشحاڵ و بێ باکم.
وێرای قووڵ بوونەوەی کێشەکان و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان – ئێران (حـدک) بەڵام مرۆڤە نەتەوەیی و کورد دۆســـتەکان بەشـــێوەی ڕەنگاوڕەنگ لە هەوڵدابوون تا پچڕاویی تەشـکیلاتی حیزب سـەریەکخەنەوە کە دەتوانم لە نامەیەکی تەشـــکیلاتی حیزبی بۆ نموونە کەڵکوەرگرم و باسی هەوڵی مەرحومی مام جەلال و کاک مەسعوود بەرزانی بکەم.

"ڕۆژی سێ شـــەممە ١٣٨٦/١/١٤ھ بەرامبەر بە ٢٠٠٧/٤/٣ لە ســـەر بانگهێشـــتی بەڕێز کاک مەســـعوود بەرزانی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان هەیئەتیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەیئەتێکی لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران ســـەردانی ســـەرۆکایەتیی هەرێمی کوردســـتانیان کرد، لەو مێواندارییەیی سەرۆکی هەرێم دا جگە لە جەنابی کاک مەسعوود بەڕێزان کاک کۆسرەت ڕەسـوڵ جێگری سـەرۆک و دوکتور فواد حوسێن سـەرۆکی دیوانی ســـەرۆکایەتی هەرێم، کاک عوســـمان حاجی مەحمود وەزیری نێوخۆی

حکومەتی هەرێم، زەعیم عەلی وەزیری پێشـــمەرگەو شـــێخ جەعفەر وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە ئامادە بوون.
هەیئەتی حدک بریتی بوون لە بەڕێزان: عەبدوڵلا حەســـەنزادە، مســـتەفا مەولوودی، کەماڵ کەریمی و هەیئەتی حدکا بریتی بوون لە بەڕێزان مســـتەفا هیجری، حەمەنەزیف قادری و ڕۆستەم جیهانگیری".

**مەســـەلەی بەرژەوەندی تاکەکەسی و گرووپی ئەوەندە بەهێزبوو کە ئەم هەوڵەش نەیتوانی هۆکارەکانی یەکڕیزی تەشـــکیلاتی حیزب بەپارێزێ و کۆبوونەوەی دووهەم لە ٢٠٠٧/٥/١٥ لە شـاری ئۆرێبرۆ لە وڵاتی ســوئێد گیرا کە ئاکامەکەی دوای چەند ڕۆژ بەشـــێوەی خوارەوە لە نێو ئەندامانی حیزبی دا بڵاو کرایەوە.**
**تێبینی: وێڕای ڕۆڵ و گرنگی تەشـــکیلاتی ئوروپا لە گێڕانەوەکانی منـدا وا دەردەکەوێت کە سـەرچاوەی کێشـەکان تەنها تەشـکیلاتی دەرەوەی وڵات بێ، نە وانییەو ســـەرچاوەی کێشـــەکە لە کۆیە باشـــووری کوردســـتان لە کۆمیتەی ناوەندی حیزبدا بوو بەڵام من لەم بەشـەدا باسی دەرەوەی وڵات دەکەم.**

بۆ هەموو کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەوڵاتی سوئێد سلاوا!
بەڕێزان ئەندامانی کۆمیتەی ســـوئێد لەڕێکەوتی ٢٠٠٧/٥/١٢ پاش نیوەڕۆ لەشـاری ئۆرێبرۆ کۆبوونەوەی خۆیان بەمەبەسـتی دابەشکردنی کار گرت. لەم کۆبوونەوەدا کەشـــەش کاتژمێری خایاند، باس لەشـــێوەی کارو تێکۆشـــانی حیزب لەوڵاتی سوئێد کراو، کارەکان جاریێ بەشێوەی خوارەوە دابەش کران:

١: بەرپرسی کۆمیتەخالید گەردی.

٢: کۆمیسیونی ڕاگەیاندن بەرپرس خالید گەردی.
ئەندامەکان: کەماڵ گروێسی‌ــ – مەریوان نســـتانی – مســـتەفا مامەقالە – عوســـمان عەلیدۆســـت – ئیســـماعیل ســـالحیان – نیعمەت ســـەروەری – عومەر فەرخەپووڕ و شوعلە قادری.

٣: کۆمیسیۆنی تەشکیلات.
بەرپرس  مامۆستا عاشق.
ئەندامەکان: حەمەرەســوول کەریمی - رەحیم محەممەدزادە - فاتح ئارەش - قاســم قازی - جەمیلەکرمانجی - مەلارەحمان کاژەیی - کەماڵ گروێسی ـــ - محیەدین خان ئەحمەدی و ئەهوەن حەسەن.

٤: کۆمیسۆنی ماڵی.
بەرپرس کەماڵ رەستگار.
ئەندامەکان: شاهۆ محەمەدی - ئارام قادری - مستەفا محەممەدی.

٥: کۆمیسۆنی پێوەندی لەگەڵ حیزبەکوردستانییەکان.
بەرپرس حەمەدئەمین رەشیدی.
ئەندامەکان: کاوەمەدەنی - محەمەد ئیســماعیلی - مەلا رەحمان کاژەیی - سەکینەحوسەینی.

٦: کۆمیسیۆنی پێوەندی لەگەڵ حیزبەئێرانییەکان.
بەرپرس عەزیز سەید نەژادیان.
ئەندامان: ئەسعەد یوسفی - کەماڵ گروێسی - عەزیز ئەفسەردلێر.

تێبینی: کۆمســیۆنی پێوەندی حیزبەکوردســتانی و ئێرانییەکان بۆتە یەک کۆمیسیۆن و کاک حەمەدئەمین رەشیدی بەرپرسایەتی یەکەمی لەسەرشانە بەڵام لەشێوەی بەرێوەچووندا بۆ کار بەرپرسی بەشی کوردستانی راستەوخۆ کاک حەمەدئەمین رەشیدی و بەرپرسی بەشی ئێرانی لەسەرشانی کاک عەزیز سەیدنژادیانە.

٧: کۆمیسیۆنی پێوەندی لەگەڵ حیزبە سوئێدییەکان.
بەرپرس کەماڵ حەسەن پوور.
ئەندامەکان: کەریم گولابی - سەید عەزیز سەیید نەژادیان - جەمیلەکرمانج.

٨: کۆمیسیۆنی رێکخراوەسینفییەکان.

بەرپرس نەبەز علیدوست
ئەنداماکان: مەســـعود دێماسی - ســـیاوەش قەوی پەنجە جەلال کۆخانی - فەریدون قادری.
تێبینی: کۆمســـیۆنی ڕێکخراوەســـینفی‌یەکان دەتوانێ لەکاتی پێویســـتدا لە هاوکاری کاک کەماڵ حەسەنپوور وەک مشاویر کەڵک وەربگرێ.

٩: بەشی ژنان.
بەرپرس شوعلەقادری.
ئەندامەکان: ســەکین حوســێنی - بەهار وەیسی- - زیبا ســەروەری - شــیرین عباسی - ئەسرین ئیسماعیلی.

١٠: لاوان.
بەرپرس مەریوان نستانی.

١١: کۆمیتەی ریورەسمەکان.
ئاسۆ موکریانی – یوسف خانە – کامیل حەسەن گەورک – قادر موکریانی – سەلاح شەشە – کەمال رەستگار – مەریوان نستانی و شوعلە قادری.
تێبینی: ئەو کۆمیتەیەش بەرپرســـایەتی یەکەمی لەســـەرشـــانی کاک کەماڵ رەستگارە.

١٢: هەروەها ئەم چەند کەسە وەک هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتە دیاری کراون.
خالید گەردی – مامۆستا عاشق – کەماڵ ڕەستگار – حەمەدئەمین ڕەشیدی – نەبەز عەلیدۆست.

١٣: لەکۆتاییدا ئەم هاورێیانە بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی سوئێد دیاری کران.
عەبدولڵامجاهد - مستەفا مامەقالە( فتحیان) - کەماڵ گرووسی - محەممەد ئیسماعیلی - سیاوەش قەوی پەنجە.

تێبینی: لەم کۆبوونەوەیەدا کاک فاتح ئارش ئەندامی ئەســڵی کۆمیتەو کاک ســـەید عەزیز ســـەیدنژادیان ئەندامی جێگری کۆمیتە بەهۆی ئەوەی کە لە

سەفەردابوون نەیان توانی لە کۆبوونەوەکەدا بەشداری بکەن کە لەکۆتایی دا ئارەزوی سەرکەوتن بۆ هەموو لایەکتان بەئاوات دەخوازین. خالید گەردی
کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٥/١٥

هەروەک خوێندتانەوە بەداخەوە کە لە دوو جیابوونەوەدا بەشـــداریم هەبووە کە لە ڕووانگەو بیروبۆچوونی هێندێک کەسی ســـەربە پارێزگای کرماشـــانەوە کە کەمتر گرنگیان دەدا بە ڕووانگەو عینیت گەرایی یانی زیاتر دەکەوتن بەلای وەرگەڕانی هەســـتیارانەو زیهنیەت گەرایی دا بەوە تاوانبار دەکرام کە شـێوە کێشـەیەک یان ناتەباییەکم لە گەڵ کەسـانی سـەر بەو پارێزگایە کە لە سـەردەمی هەڵوێسـت گرتندا بەزۆری زۆر دەکەوتنە لایەنی دیکەوە هەیە، بەڵام ئەمە تەنها ئیدەعایەکی ناکارامەو بێ ناوەڕۆک بوو چونکە وێرای ڕێزگرتن لە هەموو مرۆڤەکان ڕێزی تایبەتم بۆ خەباتکارانی ناوچەکەی خۆمان هەبووەو هەیە بەڵام هۆکارەکانی ڕامیاری و تەعامل لە گەڵ بەرخۆدانی فازەکانی ناتەبایی بەشـــێوەی جۆراوجۆر بۆم گرنگ بووە، هەروەک هەمووان ئاگادارن چەند شـــێوە پێوەندی هەیە کە بریتین لە، یەکەم پێوەندی خزمایەتی و کۆمەڵایەتی، پێوەندی خزمایەتی و کۆمەڵایەتی یانی هاتووچۆیەک کە لە نێوان دووکەس یان دوو بنەماڵەدا کە پێوەندی دۆســـتایەتی یان خزمایەتیان پێکەوە هەیە لە گەڵ هێندێک فاکتەری دیکە ڕوودەدات، با لێرە نموونەیەکی ساکارو دوور لە سیاست بێنمەوەو وا بێژین من ڕێم دەکەوێتە شـوێنێک کە دۆسـتێکی زۆر تایبەتیم یان خزمێکی باشـم لەو شوێنەدا دەژی و هەستی دۆستایەتی یان خزمایەتی هانم دەدات تا بڕۆم و دیـدارێکی لە گەڵ تـازە بکەمەوە، بێشـــک هەمووکـات و لە کـاتی سـەردانەکەشـدا ئەگەر کێشـەیەکی هەبێ و من بتوانم هاوکاری بکەم دەبێ پێکەوە هەوڵی کردنەوەی بـدەین، بەڵام ئیمکانی هەیە هەمـان خزم یـان دۆســـت لە ســـەر کەســـێک بۆچوونێک بێنێتەگۆڕێ کە باس لە هەڵەو دروســـتی خزمێک یان دۆســـتێکی یان کەســـێک بکات لێرەدا بابەتی بیرکردنەوەی واقعگەرایانە لە ڕووانگەی خۆمەوە لە گەڵ هەڵســـەنگاندنی لۆژیکیانە بەپێوەری زانسـت و توان سـەرهەڵدەدات کە لە گەڵ دوو بژاردە ڕووبەڕووم دەکاتەوە یان دەبێ بێدەنگی هەڵبژێرم یان دەبێ بڕیار بدەم و بەشـــێوەیەک دەســـت بکەم بە هەڵســـەنگاندن کاتێک کە ڕوو لە قۆناغی

بیرکردنەوەو هەڵسەنگاندن ڕۆیشتم بەشێوەی ئۆتۆماتیک دەکەومە لایەنێک کە بەگوێرەی یاسای ڕەوشتی دروستە بەڵام لە هەمانکاتدا یەکێک لە ئێمە دوو کەس هەڵە دەکات چونکە هەردووکمان ناتوانین سەد لە سەر سەد ڕاست بکەین بەڵام دیسان لەبوارێکی دیکەدا ئیمکانی هەیە کە هەردووکمان لە ئاستی نۆرمیدا هەرکامەو واقعیەتێکی تایبەت بەخۆمان لە سەر باسەکە هەبێ، لێرەیە کە گوێگر دەبێ زۆر بەوردی یان بەبێ لایەنی لە سەر ئێمە هەڵسەنگاندن بکات وا نەزانێ دژمنییەک لە گۆڕێدایە، وەک ئەوەیی کە هێندێک کەس هێشتاکە هەر لە زیهنیەتی کێشەی ڕێبەراتی شۆڕشگێڕو حیزبی دێموکراتدا دەژین و وەک شتێک کە ئاگاداری ئەوە نین کە دوای یەکگرتنەوە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بووە بەمێژوو.
بەکورتی مەسەلەی ڕامیاری زۆر جیاوازی لە گەڵ پێوەندییەکانی دیکە هەیە، وێرای ئەوەیی کە مەسەلەی ڕامیاری لە هێندێک بواردا زۆر جوان مرۆڤەکان پێکەوە گرێ دەدات بەڵام لە بۆچوونی مندا نابێ دۆستایەتی، حزمایەتی و پێوەندیی مرۆڤیەکان فیدای سیاسەت بکەی، هەروەها نابێ مەسەلە خزمایەتی و ناوچەیی سیاسەت و کاری سیاسی دیاری بکات، ئەگەر شتەکە بەپێچەوانەی ئەو بیرۆکە بێ یانی کارو هاوبەری لە پێوەری زانستییەوە دەگواسرێتەوە بۆ کار بەگوێرەی خزمایەتی و کۆمەڵایەتی یانی شێوەکەی هەڵەیە چونکە زانایان وتوویانە"بوونی ئێمە لە بوونی شێوەی هزری ئێمەدایە".

بەگوێرەیەکی دیکە هەر نەتەوەیەک خاوەنی هێندێک مرۆڤی بێ تەفاوەتە بەڵام ئەگەر ڕادەی بێ هەستەکان لە ڕادەی ئاسایی تێپەڕ بکات دەبێ بەدوای ڕێگاچارەیەکدا بگەڕێن چونکە ئیمکانی بۆ دەڕوات کە بێ تەفاوەتی لە کاتی پێویستدا هۆکاری وێرانی و ئاڵوگۆڕی نەرێنی بۆ کۆمەڵگا بەدیاری بەدوای خۆیدا بێنێ. زانایانی بواری کۆمەڵناسی و دەروونی لە سەر ئەو بڕوان کە" ژیانی هەستی بەشێکی گرنگی پێوەندی شەخس و ژینگەیی تاکە کە بەسەر کردارو تەعامولاتی کۆمەڵایەتی ئەودا کاریگەری دەبێ کە لە ئاکامدا دەبێ هەست بەگوێرەی ئاسایی لە لایەنەکانی ئامرازی هەستییەوە وەگڕ کەوێت تا بەرهەمەکەیی هۆکارەکانی چارەسەری کەموکوڕییەکان پێکبێنێ و سەبەبی شادی بێ، بەڵام بەپێچەوانەکەی نەرێنییە کە هۆکاری

لەنێو چوونی ئامرازەکانی هەستی بەدواوە دێت" لە لایەکی دیکەوە هێندێک زانای دیکە وتوویانە کە" مەسەلەی بێ هەستی و بێ هەستیاری پێوەندی بە کێشەی دەروونییەوە هەیە".
لێرە لەم بەشەی باسەکەمدا ویستم ئەوە ڕوون بکەمەوە کە وێرای بیرکردنەوەم لە سەر شێوەی هەڵبژاردنی کاری سیاسی و هەستی ئازادی بیرکردنەوەو بابەتی نەتەوەیی هۆکار بووە تا بێ لایەن نەبم وێرای ئەوەیی کە لایەنی بەرامبەر لە ئاست مندا مەسەلە هەستییەکانیان فیدای کاری سیاسی کردەوەو بە سەدان هەڕەشەیی جۆراوجۆر وەک ئەوەیی کە ئێستاکەش هێندێک کەس هەڕەشە دەکەن و بۆ خۆیان وا حیساب دەکەن ئەگەر بەدەسەڵات بگەن محاکمەو زیندانیم دەکەین و هتدد... دیسان من بەشێوەی جۆراوجۆر زۆر زانستیانە ئەو هەستم لە گەڵ زۆر بابەتی ڕامیاری پاراستەوەو... لە سەردەمی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا مەسەلەی ئایدئۆلۆژی بەشێوەیەکی دیکە لە ئاستێکی بەرزدا لە هزری مندا دەژیا بەڵام مەسەلەی نەتەوایەتی و بەرژەوەندی تەشکیلاتی لە ئەولەوێتی یەکەمدابووە چونکە وێرای هێندێک کەموکوڕی تایبەت و هێندێک هەڵەی زەقی تەشکیلاتی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کە دوای هاتنەدەرەوەی من لە ئوردوگای ڕۆمادیی کردوویانە چاوپۆشیکردن لە هێزێکی کارامەی وەک ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کە زۆربەی ئەندامانی بەتوان و خەباتکار بوون بەهەڵەیەکی گەورەم دەزانی، ناڵێم ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ زێڕی بێ خەوش بووە یان باشتر بووە چونکە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕیش لە مرۆڤ پێکهاتبوو و مرۆڤی بێ کەموکوڕی وجودی نییە بەڵام دەڵێم چاوپۆشیکردن لە هێزێکی کارامە لە دۆخێکدا کە گەلی کورد لەو پارچەیی کوردستان هەیەتی بەقازانج نەبووە، لێرە با ئەوەش زیاتر ڕوون بکەمەوە کاتێک کە باسی خەبات و خەباتکاریی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دەکەم بەو مانایە نییە کە لایەنی بەرامبەر لەو بوارەدا کەموکوڕی هەبووە، نە وانییە بەپێچەوانە لایەنی بەرامبەریش لە باری مەسەلەی نەتەوایەتی و خەباتدا مێژوویەکیان هەیە بەڵام کێشە لە شێوەی تەعامولدابووە چونکە پێم وابووەو وایە کە هەرچی گشتگیرتر بین باشترین بەڵام ئەگەر تەنها تاقمێکی دیاری بین وەک حکومەتی ئەفغانستانمان بەسەردا دێت کە ماوەی بیست (٢٠) ساڵ ئەمریکاو هێزەهاوپەیمانەکان ڕاهێنانیان بە سپای ئەو وڵاتە کردو خەرجیان بۆ دەکردن بەڵام ئەو سپای

پۆشـــتەو پەرداختە نەیتوانی دوو حەوتە بەربەرەکانێی لە گەڵ ســپا کەمو پاپەتییەکەی تاڵەبان بکات و لە ماوەی کەمتر لە دوو حەوتەدا ئەفغانستانی تەســـلیمی تاڵەبانی نەخوازراو و ڕەشـــوڕووت کرد، هۆکارەکە زۆر ڕوونە چونکە کێشـــە لە شـــێوەی کار، هەڵســـوکەوتە کۆمەڵایەتی و کارتێکەریی سیاسییەکاندا بووە.
کاتێک کە بیرکردنەوە لە گرنگی مێژوو و ڕووداوە مێژوویەکانە با ئەوەش بڵێم کە بەگوێرەی بیرکردنەوەی ئیســتاکەم لە هێندێک بواری ڕووندا کێشــەی کارو تەعامولی هزری هۆکار بووە تا حیزبی دێموکرات بەبوونی کەســـیکی کارزانی وەک دوکتور قاسملوو و کەسانی دیکە نەتوانن بەرەیەک هەرچەند لاوازیش بێ پێکبهێنن یانی بەڕوونی دوای کۆنگرەی پێنجەم شـێوەی کاری و پێوەندی لە گەڵ کێشـــەی ڕووانگە ڕووبەڕوو بووەتەوە کە بەشـــێوەیەک ئیمکانی دەســـتەبەربوونی هاوپەیمانییەکی تایبەت نەبووە، بۆ نموونە ســاڵی ١٣٦٦هـ (١٩٨٧ز) دوای دەرچوون لە شـــۆرای بەرگریی نەتەوەیی ئێران (مجاهیدینی خەڵک) حیزبی دێموکرات هەنگاوێکی تایبەتی وەک شـــێوە قەرەبووکردنەوەیەکی دەرچوون لەو شـــۆرا هەڵگرت و پێرەوی نێوخۆیی خوی نارد بۆ هێندێک لە ڕێکخراوەو کەســایەتییەکانی ئێرانی کە پێشــنیاری **حەســەن نەزە** یەکێک لە کەســایەتییەکانی ســەلتەنەتخواز یان لایەنگری ســـیســـتەمی پاشـــایەتیی وەهابوو کە" لە بەکارهێنانی وشـــەی دژی ئەمپەریالیستی و مەسەلەی مافی زەحمەتکێشان خۆبوێرن چونکە هۆکاری نەرێنی بەدواوە دێت"، هەروەها پێشــنیاری کردبوو کە "جبهەی یەکبوونی نەتەوەیی ئێران (جام ئێران) بۆ بەرە لەبارترەو ..." ئەمە پێشنیاری کەسێک بووە کە لەو ســـەردەمەدا بۆ خۆی بەبـاشی زانیوە بەڵام لە گەڵ زۆر کاردانەوەی تەشکیلاتی ڕووبەڕوو کرایەوە کە زۆر جاری وەک کەرەستەیەکی ســـەرکوت یـان وەلانـانی یەکتر بەکاریـان دەبرا، مەبەســـتم ئەوەیی کە وەردەگریری لە کاردا ئاستەنگی هێنەرو هۆکاری بەرزبوونەوە ئاستی ناتەبایی بەدواوە دەهات.
کۆمیتەی نـاوەنـدی حیزبی دێموکرات لە ســـاڵی ١٣٥٩هـ (١٩٨٠ز) کە لاموابێ دوای کۆنگرەی پێنج بووە گلاڵەیەکی بۆ پێکهێنانی بەرە نووساوە کە وا بیر دەکەمەوە کە هێندێک خاڵی لە هێندێک بواردا دەبێ وەک کۆســـپی ســەر ڕێگای ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە بۆ کارو چالاکی پێناســە بکەین، بۆ نموونە

هـاتووە کە"بەڕێوەبەری حیزب لە تێکۆشـــانی خۆیـدا هەوڵ دەدات بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرینی دێموکراتیک و دژی ئەمپەریالیســتی لە هێزو ڕێکخراوەو کەســایەتییەکانی دژی ئەمپەریالیســتی و پێشــکەوتنخوازەکانی ئێرانی" لێرە ئەو پرســیارانە ســەرهەڵدەدەن داخۆ مەبەســت لە دژی ئەمپەریالیســتی و پێشــکەوتنخواز یان وەڵات پارێزەکان کامانە بووەن و چەندە کۆسپی لە سەر ڕێگای تێکۆشان بۆ ڕێبەرایەتی حیزب لەو سەردەمەدا دروستکردبێ!

ئەم شێوە وەردەگیری یان گرفت و هەلپەرستیی تەشکیلاتی و سیاسییانە لە ڕێکخراوەکانی چەپدا زۆر بەرزترو بەرینتر بوو لە ڕێکخراوە نەتەوەییەکان یان ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی دیکە، لە ڕێکخراوە چەپەکاندا تەنانەت لە سەر بەکاربردنی وشــە بەهەڵە هەڵاو کێشــە ســاز دەبوو یان خەڵک لە خەبات پاشەکشەیان پێدەکرا، منیش لە سەردەمی دەسەڵاتی محەممەد ڕەزا شای ئێران و کاتی زینـدانی لە گەڵ زینـدانیانی ڕێکخراوەکانی وەک حیزبی تودەو چریکەکـانی فیـدایی خەڵـک، حیزبی دێموکرات و هتـدد... تەقریبەن لە تەمەنی ١٧ تا ٢٠ ســاڵیدا فیری هێندێک کاردانەوە یان هەســتی هەڵەی شـۆڕشـگێڕی ببووم کە وێرای ئەولەوێت دان بەمەسـەلەی نەتەوایەتی یانی پراگماتیســم بوون زۆر گرنگیم دەدا بە بابەتی دژی ئەمپەریالیســتی یان مەســەلەی پێشــکەوتنخوازی و ســوســیالیســتی بەڵام ئێســتاکە بیر لەوە دەکەمەوە و دەڵێم داخۆ کام لەو وڵاتانە کە کاریگەریی بەرچاویان لە ئاستی ئاڵوگۆڕی جیهانیدا هەیە بە ئەمپەریالیســت و ســەرمایەداری، کامەیان بە ئازادیخوازو دژی ئەمپەریالیستی بزانم،
بەکورتی معیارەکانی بیرکردنەوە یان ئاوێنەی بیرۆکەو هزری ڕابردووم لە گەڵ هەڵسەنگاندنێکی رئیالیستی ئێستاکەدا جیاوازیان تێدەکەوێت چونکە ئێســتاکە ناتوانم وڵاتانی ســەرمایەداری ئوروپا لە چوارچێوەی وڵاتانی دژی گەلی دانێم یان رووسیی و چین وەک پێشکەوتنخوازو دژی ئەمپەریالیست بزانم.
کێشــە لێرە لە شــێوەی بیرکردنەوە دایە کە نەبوونی ســەرچاوەی زانیاری دروست و سەردەمیانەیە لە گەڵ کەڵکوەرگرتن لە زانیاری کۆن و ئیکسپار هۆکاربووە تـا هێنـدێک هەڵەو کاردانەوە ڕووبـدات چونکە ئەو جیهـانە

کۆنەیی سەرچاوەی زانیاری گۆڕا بوو بەڵام مێشک هەمان وێنەیی کۆنی بۆ تاقمێک خەڵک دووپات دەکردەوە یان کردەوەتەوە، ئەم بەشەیی باسەکەم بەواتای چاوپۆشیکردنی لە داگیرکاری یان بوارە جۆراوجۆرەکانی چەوسانەوە نییە بەڵکو گەڕان بەدوای ڕێکارو شێوەی دروستی کارکردی هزری نوێ بۆ دەستەبەرکردنی دونیایەکی دادمەندترە لەم دونیایی کە لە ژێر ناوی ئازادی و دێموکراسیدا زۆر ناهەق دەکرێت، بۆ نموونە سەرۆک وەزیرانی هێندێک وڵاتی ناسراو بەدێموکراتیک و بچووک لە مانگدا چواردە هەزارو پانسەد (١٤،٥٠٠) دۆلار موچەی مانگانە وەردەگرێت و کاتێک کە خانەنشین بوو دەبێ بە خاوەندارێکی گەورەتر بەڵام داماوێکی ئاسایی هەمان کۆمەڵگا دوای زیاتر لە ٤٠ ساڵ کارو دانی باجی زۆر لە کاتی خانەنشینیدا ناتوانێ بەگوێرەی لەبارو دڵخواز بژی، ئەگەر مرۆڤ بتوانێ چاکسازیی لە سیستەمی بەڕێوەبەری سەرچاوە هزریی کۆنەکان بکات یان هزری باشتر بۆ بەڕێوەبردن بێنێتەکایەوە کە جیاوازی نێوان کاربەدەستانی بەرزی کۆمەڵگاو کۆمەڵانی خەڵک کەم بکاتەوە ئەوکات بەدڵنیاییەوە کێشەیی ڕامیاری لە گەڵ جیابوونەوەو ململانێ زۆر کەمتر دەبێتەوە.

سیستەمی مەوجوودی کۆمەڵگای جیهانی هیچکات ناتوانێ لە داهاتوودا وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵانی هەراوی کۆمەڵگا مرۆڤایەتی بێ بەڵام لەم کاتەدا مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ گەلێکی وەک گەلی کورد کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئابووری و نەتەوایەتییەوە دەچەوسێتەوە سەربەستی نەتەوەیی گرنگی تایبەتی بەخۆی دەبێ، یانی لەم قۆناغەدا بۆ گەلێک کە حاشایی لێ دەکرێت و دەڵێن نییە بەرگری لە ئاسیمیلەو پیشاندانی مەوجودییەت و بوونی بۆ ئێمە گرنگی تایبەتی بەخۆی دەبێت.

ڕەوتی مێژوو گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو مرۆڤەکان بێ هەستکردن لە قۆناغێکەوە لە گەڵ خۆی دەگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی دیکە وەک ئەوەیی کە ئێستاکە زۆر کەس لەبواری ئایدیۆلۆژیی یان بیرۆکەی چەپ مەنشییەوە لە گەڵ بیرکردنەوەو ئاڵوگۆڕ ڕووبەڕوو بووتەوە دەتوانم بێژم مێژوو هێزە چەپەکانیشی لە گەڵ زۆر بەخۆدا چوونەوەی هزری ڕووبەڕوو کردەوەتەوە، بۆ نموونە هێزی وامان هەبوو کە باسی نەتەوایەتی بەدواکەوتوویی دەزانی بەڵام لەم سەردەمەدا ڕەخنە لەو ڕێکخراوانە دەگرێت کە سەردەمێک

ئەوانی بە ناســـیونالیزمی دواکەوتوو دەزانی و ئێســـتاکە بۆ خۆیان لە بواری نەتەوەیی دا لەو ڕێکخراوانە زیاتر چالاکن کە ســـەردەمێک ڕەخنەیان لێ دەگرتن.
وێرای ئەوەیی کە بە شـــێوەی جۆراوجۆر لە لایەن دۆســـتانی بـارهـاتوو بەهەسـتی نەرێنییەوە لە ژێرەوەو بەشـێوەی دەروونی بەمەبەسـتی سڕینەوە یـارمەتیم نەدراوە بەڵکو دژایەتیم کراوە بەڵام دیســـــان بەخۆشـــیيەوە توانیوومە مەســـەلەی کار بۆ ژیان و چالاکی ڕامیاری و نەتەوەییم پێکەوە گرێ بدەم و بەشـێوەیەک کە جێگای ڕەزامەندی دەروونی و فیکری خۆم و مرۆڤە ئەمەگناسەکان بێ، بێ ڕاوەستان بە ئەرکی سەرشانم هەستاومەتەوە کە وێرای هەوڵی بەردەوام بۆ بەربەرەکانێ لە گەڵ کردەوە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیســلامی ئێران و وڵاتانی دیکەی داگیرکاری کوردســتان لە نێوخۆ و دەرەوە بەگوێرەی قورسـایی خۆم لە ڕێگای کۆڕو کۆمەڵە جیاوازەکانەوە لەو ماوەیەدا کە لە دەرەوەی کوردســتان ژیاوم هەڵسـوڕ بووم، کارو چالاکی من تەنها بەستراوە بە مەسەلەی کورد یان نەتەوایەتی نەبووە بەڵکو لە بوارەکانی کاری کۆمەڵەیی و کولتووری هێندێک هەنگاوی باشـــم هەڵگرتووە یانی بەشـــێوەی جۆراوجۆر هەڵســـوڕ بووم کە دەتووانم هێندێک نموونە کە ئێستاکە ئیمکانی بڵاو کردنەوەیان هەیە یان دەکرێت لێرە باسیان بکەم.
ســـوئێـد وڵاتێکی تـا ڕادەیەکی بەرچـاو دێموکراتیکە بەڵام دێموکراسی ئایدەیەکە کە دەبێ مرۆڤەکان جێبەجێی بکەن و لە شـێوەی هەڵسـوکەوت و هزری دەروونی جێبەجێکـارانـدا ڕەنـگ دەداتەوە دەمهەوێـت بڵێم کە بەگوێرەی هەڵســـەنگاندنی خۆم ســـەردەمێک هەوڵدەدرا تا پەنابەران لە هێنـدێـک بواری گرنگدا وەلانرێن بۆ ئەوەیی تەنهـا لە یـارمەتی کۆمەڵایەتی کەڵکوەرگرن و وەک شـێوە بارو سـەروارێک بە سـەر کۆمەڵگاوە چاویان لێ بکەن یان تەنها لە بواری وەک چێشـــتخانە و ... کار بکەن، ئەم شـــێوە بیرکردنەوە لە گەڵ وتەیی بێ کردەوەی بەرپرســـانی وڵات بۆ من کە خۆم لە هیچ بوارێکدا لە هیچ پەنابەرێک جیاواز نەدەزانی یان لە هیچ سوئێدییەک خۆم بەکەمتر نەدەزانی و تا ڕادەیەک شـــارەزاییم لە ســـەر بابەتی ماف و مەسەلەی هاوپەیوەست بوون هەبوو گران و هۆکاری بیرکردنەوەی بەدواوە دەهات کە وێرای هێندێک هەنگاوی بچووک لە سـەرەتای سـاڵی ٢٠٠١ دا نامەیەکی چەندە لاپەڕەیی بەڵام زۆر بەناوەڕۆک و هێندێکیش توندم نارد بۆ

هەموو حیزبەکانی ئەو سەردەمەی پارلەمانی وڵاتی سوئێد، لەو نامەدا دێموکراسییەکەی سوئێدو حیزبەکانی وڵاتم لە ڕووانگەی جیاوازەوە بردە ژێر پرسیارەوەو تێشکم خستە سەر ئاکامەکانی هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی و دۆخی کۆمەڵایەتی پەنابەران بەتایبەتی لە بواری کاردا.

زۆر لەبارترو کاریگەرتر دەبوو ئەگەر لە سەر ئایدەکەی خۆم داوای هاوڕاییم لە هێندێک کەس و تاک یان ڕێکخراو کردبا بەڵام دەمزانی کە لە ڕووانگەی ڕەنگاوڕەنگەوە هاوکاری ناکەن چونکە یەکەم دەڵێین باگەورەی نەکەین! دووهەم زۆر کەس پێی خۆشبوو تا بە یارمەتی کۆمەڵایەتی بژی کە لە ئاکامدا بڕیارمدا بەمەبەستی کاردانەوەی نامەکەی خۆم بۆ ماوەیەک لە شوێنێک بە تەنها مانگرتنێکی ناڕەزایەتی دەستپێبکەم کە بۆ ئەم مەبەستە کڵیسایەکی نزیک لە ناوەندی شارەکەی خۆم بەناوی **سالا** هەڵبژاردو مانم گرت و لە گەڵ ڕۆژنامەکان کەوتمە وتووێژ کە ئەوەیی کە دەیبینی لاپەڕەیەکی وتووێژی من لە گەڵ ڕۆژنامەی **سالا ئایلهاندایە** کە بەشێکی کە زۆر توندە بە ئارەزوی خۆم سانسۆری دەکەم.



 لە سەرەوەی وێنەکە بەسوئێدی لە زاری منەوە نووسراوە"کاتێک کە باس لە دێموکراسی و بەرامبەری ڕەگەزیی ســوئێد جیاوازی زۆری لە گەڵ ئێران نییە.
لەو ســەردەمەدا بەڕێز **مۆناســالین** ئەندامی چالاک و بەرپرس لە هێندێک بوار لە حیزبی ســوســیال دێموکراتەکانی ســوئێددا بوو کە لەبواری هاوپەیوەســت بووندا کاری دەکرد کە لە زۆر وتووێژدا قەولّی چارەســەری مەســەلەی ڕەگەزی و بێکاری پەنـابەران دەدا بەڵام وێرای هەوڵەکانی کێشەکە بەشێوەی تایبەتی بەردەوام بوو، لەو ماوەدا لە گەڵ ڕۆژنامەیەکی فارسی ســەربە ئیدارەی پەنابەران لە ژێر نـاوی **ئینوادراریّ** (مەهـاجر) وتووێژێکی کردبوو کە وەک شێوە پاڵەوانێکی چارەسەری کێشەکان مشتی گریّ کردبوو کە منیش بەو شــێوە لە ژێر تابلۆی ئیدارە کاردا بە ڕەخنە هێرشم کردبووە سەری.
لەو سەردەمەدا من بەشێوەی کاتی یان گرێبەستی لە گەڵ کەسانێک کە کێشەی دەروونی سنورداریان هەبوو کارم دەکردو نزیک بە سەد کیلومتر کارەکەم دوور بوو لە ماڵ و لە وێنەکەدا بە دەســتێکم هێندێک بەڵگەی و بەو دەستەکەم لاپەڕەی وتووێژەکەی مۆنا خانمم بەدەستەوەیە و دەڵێم بۆ مەسەلەی هەڵاواردن و پەنابەران توانیت چی بکەیت.
وێرای دڵنیابوون لە خاوەن کارەکەم بەڵام دیسان لە بەر ئەوەیی کە خۆشم بێکار نەبم تەنها توانیم چەند ڕۆژ بەردەوام بم بەڵام کاردانەوەی باشی هەبوو.

SVERIGES RIKSDAG

SOCIALFÖRSÄKRINGSUTSKOTTET
Kari Hasselberg
Föredragande

Stockholm 2001-05-16 Dnr 370 5318

Fateh Aresh
Berggatan 18 c
733 35 Sala

Vi har mottagit Er skrivelse av den 11 april. Riksdagen och dess utskott kan varken ingripa eller ge råd i enskilda ärenden. Skrivelsen har upplysningsvis anmälts för utskottets ledamöter på sammanträdet den 15 maj 2001.

Med vänliga hälsningar

Kari Hasselberg

TEL: 08
BESÖKSADRES: E-POST:

SVERIGES RIKSDAG • STOCKHOLM • TEL 08

**Sveriges Riksdag. Socialförsäkringesutskottet, Kari** Hasselberg, Föredragande. Stockholm 2001-05-16, DNR 370–5318.

Fateh Aresh, Berggatan 18C, 73 335 Sala.
Vi har mottagit er skrivilse av den 11 april. Riksdagen och dess utskott kan varken ingripa eller ge råd i enskilda ärande, Skrivelsen har upplysningsvis anmälts för utskottets ledamöter på sammanträdet den 15 maj 2001.
Med vänliga hälsningar, Kari Hasselberg.

زۆر نەخایاند کە کۆمیتەی بیمەی کۆمەڵایەتی بە نامەی سەرەوە وەڵامی نامەکە کە بۆ حیزبەکانی پارلەمانی سوئێد نووسابووم دایەوەو نووسابووی کە" نووسراوەکەی ڕێکەوتی ١١ی ئاپریل (نیسان) بەدەستمان گەیشت، پارلەمان و کۆمیسیۆنی کاروباری کۆمەڵایەتی پارلەمان ناتوانێ کار یان ئامۆژگاری لە پێوەندی تاکەکەسیدا بدات، بەڵام نووسراوەکە بەمەبەستی زانیاری ڕاپۆرت دراوە بە دانیشتنی کۆمیسیۆنی کاروباری کۆمەڵایەتی (کۆمیسیۆنی پارلەمان) ڕێکەوتی ١٥ی مای، بە سپاسەوە کارین هاسێلبەری.

بێشکە لە دیموکراسیدا پارلەمان ناتوانی بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەستتێوەردان لە کاروباری تاکەکانی کۆمەڵگا یان لە هێندێک بواردا بکات بەڵام ناردنی نامەکە بۆ کۆمیسیۆنی پارلەمان یان کاروباری کۆمەڵایەتی گرنگی هەیەو زۆر لە وەڵامی نامەکەم ڕازی و خۆشحاڵ بووم.
دوای ماوەیەک لە لایەن ئیدارەی کارەوە پێشنیارم پێکرا کە پرۆژەیەک وەرگرم و لە گەڵ ئیدارەکانی شارەکە هەوڵ بدەین تا بەڵکو بتوانین لانیکەم هێندێک مەسەلەی بێکاری لە چواردەوری خۆمان چارەسەر بکەین، لاموابێ پرۆژەکە یەکساڵە بوو کە وەرمگرت و زۆریش هەڵسوڕ بووم بەڵام هێندێک کەس لە ئیدارەکان بۆ خۆیان کۆسپ بوون و....
لە زۆر بواردا کەموکوڕی زانستی پەنابەران وەک ئاستەنگێک کە هۆکاری بێکاری ئەوان دەبێ چاوی لێ دەکراو پێشنیاری کردنەوەی کورسی شێوەی پەیداکردن و داواکردنی کار لە ڕێگا کامپیوترەوە هاتەگۆڕێ کە بۆ ماوەیەک بەشێک لە کاتی پرۆژەکەم تەرخان کرد بۆ فێرکردنی هێندێک پەنابەر کە لە سەرەتاوە خانمێکی سوئێدی سەر بە ئیدارەی کار لەو بواردا هاوکارم بوو بەڵام زۆری نەخایاند کە تەنها بۆخۆم مامەوە کە وێرای تەنهایی توانیم چەند کورسی دیکەی ڕاهێنان بە ئەنجام بگەیەنم و بەڵگەی کورسەکەیان پێ بدەم بەڵام وێرای ئەوەیی کە برواm بە کەموکوڕی یان پێ ویستی پەنابەر هەبوو بەگوێرەی بۆچوونی خۆم چارەسەری کێشەکە لای خاوەن کار، شەریکەکان و خودی بینایەکانی حکومەتیی و بەشێکی کەمی تاوانەکەم دەگێڕایەوە بۆ پەنابەران کە لە ئاکامدا کۆمیتەیەکم لەو پەنابەرانە کە بێکار بوون وەک نوێنەری بێکارانی شارەکەی خۆم پێکهێناو کەوتمە پێوەندی لە گەڵ زۆر خاوەن کۆمپانی کە وێرای باس لە سەر بابەتی بێکاری و هەڵاواردنی

کۆمەڵایەتی لە گەڵ ئەوان توانیم کۆبوونەوەیەکی بەرین لە بەرپرسانی ئیدارەکانی حکومەتی شاری سالاو هێندێک ناوەندی دیکەی حکومەتی و خاوەنکارە گەورەکانی دوورو نزیکی شارەکە پێکبێنم کە تا ڕادەیەک کاردانەوەی ئەرێنی هەبوو بەڵام نەیدەتوانی وەڵامدەروەی گرفتەکان بێ.
لە ڕاپۆرتی کۆتایی پرۆژەکە بۆ خاوەن پرۆژەکە کە کۆموونی شارەکە بوو لە چەند لاپەڕەدا قامکم خستە سەر زۆر بابەت کە بەگوێرەی بیرکردنەوەی ئەوکات و ئیستاکەی خۆم زۆر لەبارو گرنگ بوون بەڵام لە کۆتایی کاتی پرۆژەکەدا گەڕامەوە سەر کارە کاتییەکەی خۆم و پێشترو حازر نەبوو لەوە زیاتر لەو شێوە پرۆژەدا کە لە ڕووانگەی خۆمەوە تەنها بۆ چارەسەری کەموکوری خۆیان و بەلارێدابردنی ڕاستییەکانە بەردەوام بم.
هەوڵی سەرەوە نابێتە کۆتایی کێشەی من و هەڵاواردن لە وڵاتی مێواندارا، حکومەتی سوئێد هەر چەند ساڵ جارێک لە سەر مافی مرۆڤ و شێوازی هەڵسوکەوت لە گەڵ ئەو دیاردەیەو دەستنیشانکردنی کێشەکانی سەر ڕێگای کۆبوونەوەیەکی بەرین بۆ باس و گۆڕینەوەی ڕاوبۆچوون دەگرێ کە زۆربەی بەشداربووانی دەبن بە نوێنەری ڕێکخراوە مەدەنییەکان و سەرەتای ساڵی ۲۰۰۵ز (۱۳۸۳هـ) دیسان کاتی کۆبوونەوەی حکومەتی لە پێوەندی لە گەڵ دەستنیشانکردنی کێشەکانی سەر ڕێگای جێبەجێکردنی مافە دێموکراتیک و مرۆڤییەکان بوو، لەو سەردەمەدا من بەرپرسی ناوەندی کوردی سوئێدی بووم (فۆرێنینگ) کە زۆربەی ئەندامانی سەر بە باڵی حیزبی دێموکرات کوردستان بوون کە بانگهێشتن کرام بۆ بەشداری لەو کۆبوونەوەدا.
پێش لە ڕۆیشتن بۆ کۆبوونەوەکە بەمەبەستی دەوڵەمەند کردنی توانی فکری و بردنە سەرەوەی زانیاری خۆم نامەی خوارەوەم ئاراستەی هەموو بەرپرسانی شانەکانی ناوەندی سوئێدی کوردی لە هەموو شارەکانی وڵاتی سوئێد کرد.

ڕێکەوتی ۲۰۰۵/۰۱/۰۵
بابەت دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە وڵاتی سوئێددا.
هاوڕێیانی بەڕێز پێشەکی سڵاو.

بڕیار وایە کە وەک نوێنەر لە لایەن یەکێتیی سوئێدی کوردانەوە بەشداری کۆبوونەوەیەک بم لە شاری ستوکهلم کە باس لە دێموکراسی و مافی مرۆڤ دەکات، کۆبوونەوەکە بەتایبەتی تیشک دەخاتە سەر بابەتی دێموکراسی و مافی مرۆڤ و گیروگرفتەکانی سەر ڕێگایان، جا وام بەباش زانی کە لەم بوارەدا لە ڕاو بۆچوونی دۆستان ئاگار بمەوە بۆ ئەوەیی کە بتوانم ئەرکی سەرشانی خۆم بە گوێرەی توان جێبەجێ بکەم، دواکارم سەرەنجی خۆت بدە دوو دێڕەی خوارەوە.

Regeringen inleder nu arbetet med en ny handlingsplan genom att bland annat kartlägga situationen avseende mänskliga rättigheter i Sverige i syfte att identifiera problemområdet...

( لە حالی حازردا حکومەت لە سەر پلانێکی تازە بەمەبەستی دەستنیشانکردنی دۆخی مافی مرۆڤ و ناسینەوەی کێشەکانی سەر ڕێگای لە وڵاتی سوئێددا کار دەکات...).

هیوادارم بۆچوونی خۆت لە سەر بابەتی سەرەوە لە ڕێگای ئیمەیل یان ژمارە تەلەفوونی خوارەوە بە من بگەیەنی... بە سپاسەوە. فاتح ئارش.

کۆبوونەوەکە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٠١/٣١ لە لایەن وەزارەتخانەی دادوەرییەوە بەشی گەشەیی دێموکراسی و مافی مرۆڤ، بەشی نێوخۆیی کەمینەکان بە بەشداری وەزیری ئەو بەشە بە ناوی **یانس ئۆرباک** بەڕێوە چوو کە منیش یەکێکی لە بەشدارە چالاکەکانی ئەو کۆبوونەوە بووم کە بەشێوەیەکی باش هەوڵمدا مەسەلە بێکاری پەنابەران و هەڵاواردن زەق بکەمەوە.

پەیوەندی نێوان من و کۆبوونەوەکە هەمان ژن (کارین هاسێلبەری) بوو کە پێشتر وەڵامی نامەکەمی بۆ حیزبەکانی پارلەمانی سوئێد لە لایەن کۆمیتەی بیمەی کۆمەڵایەتییەوە دابووەوە، چەند ڕۆژ پێش لە ڕۆیشتنی خۆم بۆ کۆبوونەوەکە نامەیەکی چەند لاپەڕەیی و زۆر جوان و بەناوەڕۆکم نووسی کە ناردم بۆ دۆستی بەڕێز کاک کەمال حەسەنپوور تا پێیدا بچێتەوەو ناردم بۆ کارین تا ڕادەستی بەرپرسانی کۆبوونەوەکە بکات و دووایش بۆ خۆم بەشێوەیەکی چالاک بەشداریم کرد کە زۆر لە هەڵوێستی خۆم ڕازی بووم، با ئەوەش لێرە باس بکەم کە بۆ خۆم چەندە کێشەی بێکاریم نەبووەو چەند

ســاڵ پێش لەم کۆبوونەوە کارەکەم کرابوو بەداییمی بەڵام کێشــەی من لە گەڵ هەڵاواردن و پڕوپاگەندەی لایەنگرانی حیزبی نەتەوەپەرەســتی ســوئێد بوو.

زۆر بابەتی لەم چەشــنەو بابەتی پێوەندیدار بە ڕووداوەکانی نێوخۆی وڵات و هەموو کوردســتان بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان هەیە بۆ باســکردن بەڵام هێندێکیان هێشــتاکە بۆ باســکردن نابێ و باســکردنی هێندێکیشــیان بەپێویســـت نازانم بەڵام گرنگ ئەوەیە کە بۆ خۆم ڕازیم و ئەوەیە کە لە ژیانمدا لە دەستم هاتبێ و بەباشم زانی وێڕای کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگام بێ چاوەڕوانی بۆ کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی بەتایبەتی بۆ نەتەوەکەم کردم و لە بواری کار لە پێناو ئەرک و ئامانجدا خۆم بە سەرفەراز دەزانم.

## ئیستاکە!

ئیســـتاکە وێرای ڕێزگرتن و هەســـتی تایبەتی نیســـبەت بە باڵەکانی حیزبی دێموکرات تەمەنم ڕۆیشتووەتە سەرو ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە بە هۆکارە جۆراوجۆری دیکەوە هاوکاریی ڕاســتەوخۆی تەشــکیلاتیم لە گەڵ هیچکام لە باڵەکانی دێموکرات یان هیچ هێزێکی ڕامیاریی نەماوە بەڵام هەروەک جاران ڕێزم بۆ هەموو حیزبە ئازادیخوازەکان بەتایبەتی هەموو ڕێکخراوە نەتەوەیی و کوردییەکان هەیەو هەر هاوکاریەکیش کە لە دەســتم بێ کۆتایی ناکەم بەڵام لە کۆنفرانسی_ یەکەمی ناوەندی نەتەوەییەوە تا ئەمڕۆکە کە دەبێت بەنزیک دوو ســاڵ وەک ئەندامی جەڤاتی گشــتیی ئەو ناوەندە کە ناوەندێکی نەتەوەیی و کاری ســیاسی و تەشــکیلاتی ناکات و بەگوێرەی بۆچوونی خۆمان هەوڵ دەدەین بۆ یەکخســتنی دەنگی گەلی کورد، یان هەرنەبێت بۆخۆم وەک تاکێکی کورد لە بواری هەوڵدان بۆ یەکدەنگ کردنی کورد یان بوارەکانی دیکەی نەتەوەیی دا هەوڵ دەدەم و چالاکم.

وا بیر دەکەمەوە کە زۆربەی خوێنەران بابەتی شــۆڕشی تاکە کەســییان بیســتبێت یان خوێندبێتەوە کە لە بناغەدا وتەی هێندێک زانای بواری ڕامیاری یان کۆمەڵایەتیی کە وتوویانە" شــۆڕشی تاک واتە شــۆڕشــێک کە هیچ ئایدیۆلۆژیەک، یاسایەک، سەروەرێک و سیستەمێک لە ناویدا بوونی نییە، تاک بە ئاســتێک لە بڕوا دەگات کەوا بەباشــتر دەزانێ کە ســەربەخۆ خەبات بکات و لە قەیدوبەندی تەشــکیلاتی و حیزبی کە لە زۆر بواردا ئاستەنگ بۆ خەباتی دروستدەکات خۆی دەرباز بکات.
کاتێک کە تاک لە ڕێکخراوەدا لە گەڵ ئاســتەنگی جۆراوجۆری دروســتکراو ڕووبەڕووی دەکەنەوە دەکەوێتە قۆناغی بیرکردنەوەو باوەڕو وشــیاریی ڕوو لە ئاستێکی بەرزی بەرژەوەندی گشـتی کۆمەڵگا پاڵی پێوە دەنات و دەیکات بەخاوەنی زۆر بڕوا کە دەتوانین بێژین دەکەوێتە بیری ئاستدان بە سەروەریی مرۆڤ بە مەبەســتی خۆپارێزی لە هێندێک هەســت کە لە هێندێک بواردا بێخەبەر مرۆڤ دەگوازیتەوە بۆ قۆناغێکی تایبەتی دیکە" بەکورتی و کراوەیی دەتوانم بڵێم کە شــۆڕشی تاکەکەسی شــێوە خەباتێکە کە وێرای ئەوەیی کە پاڵپشــتی فاکتەرو بابەتە لۆژیکی و زانســتییەکانە لە هەمانکاتدا دژبەرێکی

کۆڵنەدەری فاکتەرو بابەتە دواکەوتوو و ناتەباکانی سـەر ڕێگای خەباتی مرۆڤیی و هەوڵ دەدات تا بەشـێوەی زانسـتی مرۆڤایەتیی و مرۆڤەکان لە هەڵەو ئاسـتەنگەکانی ڕابردووی خۆی کە لە پراکتیکدا دەسـتی کەوتووە بەمەبەسـتی پاراسـتنی سـەروەریی خۆی و دووری لە ناتەبایی و جیاوازی دانان و تاقم تاقمبازی ئاگادار بکاتەوە، بەهەسـتی شـۆڕشـگێڕییەوە خەبات دەکات، بە تایبەتمەندی و ئەزموونەوە لە کۆمەڵگادا هەڵسـوڕ دەبێت کە زۆر جار لە گەڵ کۆسـپ ڕووبەڕووی دەکەنەوە بەڵام پاشـەکشـە لە مەحاڵاتە چونکە پێشتر لە کۆرەی ئاستەنگەکاندا ئەستور کراوە.

لە ڕووانگەیەکی دیکەوە دۆخی سـەردەم و گەشـەیی فکری لە گەڵ ڕابردوو جیاوازە، مرۆڤەکانی ئەم سـەردەمە بەزۆری پراگماتیسـمن کە بە گەشـەی هزرییەوە خۆیان بەدوای خۆیاندا لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دەگەڕێن کە زۆر گرنگە لە کاتی دەسەڵات و بێ دەسەڵاتیدا لە جێگای هەڕەشەو تەوانج بەگوێرەی توان لە گەشەی فکری خۆمان بەمەبەستی کردنەوەی کێشەی جیلی داهاتوو کەڵکوەرگرین چونکە زانایەک دەڵێت" دەسەڵات و ڕەوشتی زانستی باس لە شێوازێک یاری زانستی دەکات و ئامانج وایە کە وێنەیەکی لەبار لە زانیارییەکانی سـەردەمی ڕابردوو لە ئاستی ڕەنگاوڕەنگدا پێشکەش بەداهاتوو بکەین"دەتوانم بڵێم کە سـەرچاوەی زۆربەی کێشـەکان لێرەوە دەسـتپێدەکات کە زۆر لە ئێمە لەجێگای ئاراسـتەکردنی دەسـەڵات و ڕەوشتی زانستی بەمەبەستی پێشکەشکردنی وێنەیەکی لەبار بەداخەوە بیر لە دەسـەڵات بۆ سـەرکوتی ڕاسـتی دەکەین کە هۆکاری پێکدادان لە فکرو پێوەندیی سـیاسی و کۆمەڵایەتی بەرهەم دێنێ و هەمان کێشـە کە بەشـێکی گرنگی هۆکاری کێشەی سپا پۆشتەو پەرداختەکەی ئەفغانستان بوو، داخۆ دەتوانین لە خۆمان پرسـیار بکەین کە لە کام بەشی هەڵکێش و داکێشـە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکاندا دەژین، کڕیارین یان فرۆشـیار! یان دەتوانین شـیکردنەوەیەکمان لە سـەر کردەوەکانی خۆمان هەبێ تا بزانین لێهاتوویی ئەو کارەیی کە پێمانوایە دەیکەین هەیە! زۆرجار کاتێک کە مرۆڤێک لە کاتی گەشـتی هزریدایە دەبینی هێندێک کەس لێرەو لەوێ لە جێگای ئەوەیی دەستی بگرن تا بەخۆبەڕێوەبەری بگات هەوڵ دەدەن تا کۆسپی بۆ دروست بکەن ئەمە خـاڵێکی نەرێنی و جێگای تێڕامـانە، هەروەهـا هێنـدێـک وتەو

دەستەواژەی تایبەتی و نەرێنی کە لەواقعدا سەرچاوەو بەرهەمهێنەرەکەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە وەک میراتێک گەیشتووە بە هەموو تەشکیلات و هێزە ناسراو دیاریەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆرجار لە هێندێک بواردا لە هێندێک وشە یان دەستەواژە وەک مۆدیل یان کەرەستەیەکی سەرکوت کەڵکوەردەگرن کە تەنها زیان بەخۆیان دەگەیەنێ بەڵام ئیمکانی هەیە کە هۆکاری دژکردەوەی لایەنی دیکەشی بەدواوە بێت، لەوە دەچێت ئەگەر ژیان ئەو ئیمکانەم پێ بدات لە کتێبی "چەوساوەکان و چەوسێنەرەوەکان" کە ئامانج وایە لە داهاتوودا بینووسم لەم بوارەدا زیاتر ڕووانگەی خۆم بێنمە بەر باس و شێکردنەوە.

وێرای ڕێز بۆ خەباتکار بەڵام مەزنی و خەباتکاریی یان بەقەوڵ عەددەد بوونی تاک و کۆ لە شێوەی ڕەنگدانەوە کارو بەرهەمهێانی فاکتەرە لۆژیکییەکانی ئەواندایە نەک لە دەستەواژەو بەرزەفریدا، مارشال عەبدوڵلرەشید دۆستۆم لە ئەفغانستان وێرای دەسەڵات و سەرمایی زۆر، ئەویان بە مەداڵ و دیاری زۆری سەربازیی جۆراوجۆر ڕازاندبووەوە یان پێوە هەڵاوەسی بوو بەڵام چونکە پرۆژەکە لە چوارچێوەی لۆژیکدا نەبووە یان سەربازەکانی هەستی ڕەشوڕووتی و خۆیان لە پەراوێزدا دەبینییەوەو خەڵکی ئاسایی لە هەڵکێش و داکێشەکانی کۆمەڵایەتیی، سیاسی و ئابووری وڵاتدا وەلانرابوون هەڵهات و ئەو هەموو مەداڵو هێمانە نەیانتوانی ڕۆڵی کۆمەڵانی خەڵک یاری بکەن و چەند زیاتر بەرهەڵستکاری کێشەکان بنەوە، کەوابێت لۆژیک چوارچێوەی مەزنی، شۆڕشگێڕی و عەدد بوون دیاری دەکات و پێکەوە گرێیان دەدات و فاکتەرەکانی یەکخستنی هێزی گشتی بەرهەمهێنەری عەددەدی واقعیی و خەباتکاریی ئەندازەگیری دەکات.
مرۆڤێک بووەم زۆر ئاسایی و بێ شیلەوپیلە، ڕاست و ڕووک کە لە تەمەنی لاوێتییەوە بەگوێرەی توان بە ئەرکی سەرشانی خۆم هەستاومەتەوە کە زۆر شتی هەستی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕامیاریی خۆمم فیدای ئەرک و ئامانج کردووە هەروەک چۆن باپیرم و بابی وێرای کەندوکۆسپەکان بێ ڕاوەستان شێلگیرانە لە دوای ئامانج ڕۆیشتن، هیوادارم من دواکەوتوانی کۆتایی ئامانج نەبم و کۆسپ و کێشە دروستکراوەکانی سەر ڕێگای من هۆکاری دووری لە بەدواداچوونی منداڵەکانم نەبێ، گرنگترین دەستکەوتی من لەم

ڕێگا پڕ لە هەورازەدا ئەوەیە کە لە ئاستی فیداکاری بەمەبەستی ئازادی، نەتەوایەتی و ڕامیاری سەرشۆڕ نیم.

جارێک لە گەڵ لایەنگرێکی تاریکی یان ڕەووانگەرێکی سەرلێشێواو کێشەمان لێ پەیدابوو کە وتی من لەبەرامبەر خزمەتێک کە بە حکومەتم کردەوە ئەو پلەو دەستکەوتانەم هەبووە بەڵام تۆ بەکۆێ گەیشتوویت و ئیستاکە لە چ ئاستێکدایت، وێرای وەڵامدانەوەی پڕ بەپێست و لەبار لەو سەردەم و کاتەدا بائیستاکە بابەتێکی دیکە بێنمەگۆڕێ بەڵکو ببێت بە وەڵامی پرسیاری زیاتری زۆر کەسێک لەو پلەدارانەی کوردی ڕەووانگەر.
ساڵی ٢٠١١ز (١٣٩٠ھ) یانی دە (١٠) ساڵ پێش لە نووسینی ئەم کتێبە کۆمیتەی بەرێوەبەری دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان (حدک) بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەرزاندنی حیزبی دێموکراتەوە نامەیەکی ڕێزلێنانی بەسەر ئەندامانی کۆنی حیزبی دێموکراتدا کە تەمەنێک بەشداری خەبات بووەن دابەشکرد کە وێرای کەموکوڕی نامەکەو هەڵە ساڵدا بەڵام چونکە بەهەستێکی تایبەت و ئامانجێکی ڕوونی نەتەوەییەوە لە لایەن تاقمێک مرۆڤی خەباتکارو ماندوو نەناسەوە بە ئیمزای کەسێکی وەک کاک حەمەڕەسووڵ کەریمییەوە کە نەرخی خەباتیداوە گلاڵەو ئاراستە کراوە زۆر لام مەزن و بە دەستکەوتی دەزانم کە زۆر گرنگتر و بەنرخ تر لە پلەو پۆستە هەرەبەرزەکانی ستەمکارو سەرکوتگەرانی ئازادیی کە لە پاداشتی خەیانەت لە پێناو فرۆشتنی نەتەوەو کەرامەتی مرۆڤی وەرگیرابێ یان بەدەستیان هێناوە چاوی لێدەکەم و شانازی پێوە دەکەم و ڕێزی لێ دەگرم و زۆریش خۆشحاڵم کە نامەیەکی بەپێچەوانە وەک ئەوەیی ڕەووانگەرەکان نەبووە.
دەبێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئامانج لە دانانی ئەو بەڵگە بۆ دەستکەوتی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی و تایبەتی نییەو ناتوانێ ئاڵوگۆڕ هێنەر بێت بەڵام بە ئەرزشێک و دەستکەوتێک بۆخۆم چاوی لێدەکەم.



حیزبی دێموکراتی کوردستان
کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵات

ڕێزلێنان

پیرۆزبی ۲۵ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان

هاوڕێی بەڕێز کاک فاتح ئارەش

خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی لە مێژ ساڵە بەردەوامە و مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی ئەو خەباتە کە بە خوێنی هەزاران تێکۆشەری ڕێگای سەربەستی سوورە، بەڵگەی ڕوونی ئەو ڕاستییەیە. ئاشکرایە تاڵی و سوێرییەکانی ڕێگای خەبات و تەنانەت زیندان، ئێعدام و کوشتاری بە کۆمەڵیش، نەیان توانیوە تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری کوردو کوردستان بە چۆک دابێنن و هەر وەک دەزانین ئاڵای خەباتی ڕەوامان هەروا لە سەر شانی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەل و نیشتمان لەشەکانەوە دایە. کەم نین ئەوانەی کە بەشی هەرە زۆری تەمەنی خۆیان فیدای خاک و خەڵکەکەیان کردوە و بەڕێزیشتان یەکێک لەو ڕۆڵە دڵسۆزو فیداکارانەی گەلەکەمانن کە شانازی زیاتر لە چارەگە سەدەیەک (۲۵ ساڵ) تێکۆشان لەو ڕێگا پیرۆزەتان پێبڕاوە.

ئێستا کە خەبات و تێکۆشانی ئێوە، وەک تێکۆشەرێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ گەیشتن بە ڕۆژی ڕزگاری و دابینکردنی ئازادی و دێموکراسی، لە چارەگە سەدەیەک تێپەڕیوە، کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێرای پێزانین و ڕێز گرتن لەو خەباتە دوورو درێژ، سەخت و لە هەمان کاتدا پڕ لە شانازییە، پیرۆزباییتان لێ دەکا، تەمەنێکی درێژ، پڕ بەرهەم و بەختەوەریتان بۆ بە ئاوات دەخوازێ و هیوادارە هەرچی زووتر ئامانجی پیرۆزی ئێوە و هەموو تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان، واتە گەیشتن بە ڕزگاری و دەسەڵاتی نەتەوایەتی وەدی بێ.

هەر بژی بۆ حیزب و گەلەکەمان!

کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵاتی
حیزبی دێموکراتی کوردستان

KURDISTAN DEMOCRATIC PARTY
2011 - 1390

Desigen: Agri Balaki

ئیمکانی هەیە کە بۆ زۆر کەس شـــتێکی زۆر لاوەکی و بێ بایی بێت بەڵام هیوادارم وێرای تیشـک خسـتنە سـەر کەموکوڕییەکان شـتە بچووکەکانی خۆمـان زۆر بەگرنگتر لە پلەوپـایەیی داگیرگەرانی کوردسـتـان و مـاف ژێرپێکەران یـان پلەو دەسـەڵاتێـک کە نرخ بۆ گەل و شـۆڕش هەبووە پێناسـەیی بکەین و ڕێزی لێ بگرین، کاتێک کە وەها بیرمان کردەوە دڵنیابن کە ئاستی هەستیمان بەرزتر دەبێتەوە، وێرای سپاس و ڕێز تا من ماووم ئەو نامەش وەک پلەیەکی زۆر بەرز کە لە سەرەوەی هەموو پەلەوپایە بەرزەکانە کە لە پێناو فرۆشـتنی مافی نەتەوەیی و ئازادیدا بەدەسـتهاتبێ چاوی لێ دەکەم و ڕێزی لێ دەگرم و هەموو کەندوکۆسـپەکانی سـەر ڕێگام بە وانەیی زانکۆ هەرەگرنگەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو دادەنێم و حیسابیان بۆ دەکەم.
بەخۆشییەوە وێرای تەمەن و ئەوەیی کە لە گەڵ هیچ تەشکیلاتێکی ڕامیاریدا بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان بەشێوەی بەستراوەیی تەشکیلاتی نەماوم دیسان دۆخی تێکۆشـانم لە پێناو مافی نەتەوایەتی و سـەربەسـتی مرۆڤەکاندا لەو ماوەیەدا تا ئەمرۆ چەند بەرابەری ڕابردوو بووە ئەگەر نەبێت بە لە خۆبایی بوون و درۆ بەپێی بۆچوونی خۆم بە تەنهایی بەئەندازەی هێندیک حیزب و ڕیکخراوە بەپێوەری لۆژیکی واقعگرایانە هەڵسـوڕانم هەبووەو بێ جیاوازی بەرژەوەندی تەشـکیلاتی هەموو حیزبە کوردیەکانم لە بەرچاو گرتووە یانی ئەگەر کەسـێک پێویسـتی بە ڕێنوێنی من هەبووبێ یان لە سـەر یەکێک لە حیزبەکان پرسـیاری کردبێ بەشـێوەیەک ڕێنمایی یان وەڵامم داوەتەوە جێگای ڕەزایەت و هۆکاری هەڵاواردن نەبێ.

دیسان بەخۆشییەوە کە ئیستاکە هەردوو باڵی دێموکرات بەشێوەیەکی تا ڕادەیەک چالاک لە بەرژەوەندی نەتەوەیی داو بە مەبەسـتی یەکگرتنەوەو دروسـتکردنی سـاختارێکی بەهێزتر لەوەیی کە لە دوو باڵیدا بەرهم دێت لە وتووێژدان، بەڵام نامهەوێت خۆم سـانسـۆر بکەم و دەڵێم ئەگەر پرۆژەی یەکگرتنەوەو وتووێژەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی ڕیبەرانی حیزبی یان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەردووک باڵدا بێ بەگوێرەی بۆچوونی خۆم ئەوە وتووێژ بۆ یەکگرتنەوە نییە بەڵکو ڕێککەوتننامەیەکە لە بەرژەوەندی بەشـێک لە ئەندامانی سـەرەوەی هەردووک لایەندایە کە وێرای ئەوەیی کە تەمەنی درێژ نابێ دەرئەنجامەکەی هۆکاری زیاتر لاوازکردنی باری تەشکیلاتی

حیزبی دێموکرات بەدوای خۆدا دێنێ کە ڕەنگدانەوەکەی لە بەرژەوەندی گەلی کورد لەو پارچەیی کوردستاندا نابێ.
دروستە کە زۆربەی مرۆڤە سیاسییەکان ناتوانن بەهاسانی دەست لە کاری سیاسی بکێشنەوە بەڵام زۆر لەبارە کە بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری کە هەست بەماندوویی دەکەن بەدڵفراوانییەوە لە بەرژەوەندی تەشکیلاتی و نەتەوەیی دا بتوانن پلەوپایە فیدا بکەن و وەک ئەندامێکی ڕێزدارو جێگای مشوەرەتی جیلی گەنج بەگوێرەی توان چالاک بن بەڵام بەپێچەوانەکەی باسێکی دیکەیە چونکە جێگای کەسانی دیکە نابێتەوە.
ئاواتەخوازم وێرای یەکگرتنەوەی باڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کوردستانی ئێران هەستی پێویستی یەکبوون و یەکگرتنەوە لە بەرژەوەندی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکدا هەموو هێزە سیاسییەکانی دیکە بەتایبەتی کۆمەڵەکان کە هێزێکی بەرچاو و گرنگی کوردو کوردستانن بگرێتەوەو ئەوانیش لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و چینایەتیدا یەک بگرنەوەو تەبایی و پرۆژەی نەتەوەیی و ڕامیاری جێگای لەت بوون و ناتەبایی پڕبکاتەوەو ببێت بەمۆدلێک بۆ یەکگرتنێکی گشتی و سەرتاسەری بەمەبەستی ڕووخانی دەسەڵاتی حکومەتی ئاخوندەکان لە بەرژەوەندی کۆمەڵانی بەزاڵەهاتوودا نەک لە بەرژەوەندی حیزبی ڕێکخراوەیی دا چونکە بەرژەوەندی خەلک و بەرژەوەندی تاقمێکی دیاری دوو بابەتی زۆر جیاوازن.

کاتێک کە باسی شۆڕش و خەبات لە بەرژەوەندی خەڵک وکۆمەڵگا یان تاقمێکی دیاریدا هاتووتەگۆڕێ خراپ نییە کە شیکردنەوەیەکم لەم بوارەدا هەبێت، لەم شیکردنەوەدا چاوپۆشی لە دۆخی عێراق پێش و ئیستاکە لە گەڵ شۆڕشەکانی دەوروبەر ناسراو بە بەهاری عەرەبی دەکەم و لیبی بە نموونە دێنمەوە، بێگومان و بەدڵنیاییەوە کە معمەر قەزافی دیکتاتۆر و مرۆڤێکی زیادە لە حەدی ئاسایی لەخۆڕازی بوو بەڵام چونکە کاری من پێوەندی بەمەسەلەیەک بەناوی ڕێنماییکاری کۆمەڵایەتی و یارمەتی هزری و کۆمەڵایەتی گەنجانێک بووە کە وەک پەنابەر ڕوویان لە وڵاتی سوئێد کردەوە پیشەکەم هۆکار بووە تا لە گەڵ گەنجانی زۆر وڵاتی جیاواز پێوەندی پەیدا بکەم و لەم ڕێگایەوە بتوانم زانیاری لە سەر دۆخی زۆر وڵات بەدەست بێنم کە لیبیش یەکێک لەو وڵاتانە بووە.

وڵاتی لیبی پێش لە دەسەڵاتی قەزافی وڵاتێکی هەژار و لە گەڵ زۆر کێشەی وەک کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری ڕووبەڕوو بووە بەڵام قەزافی وێڕای دیکتاتۆری و سەرەڕەوی توانی ئاڵوگۆڕێکی بەرینی ئەرێنی لەو وڵاتە وێرانەدا بەقازانجی کۆمەڵانی هەراوی وڵاتی لیبی دەستەبەر بکات و سوێندی خوارد بوو کە تا هەموو خەڵکی لیبی نەبێ بە خاوەن ماڵی خۆی بابی دەبێت نەرواتە نێو خانووی خۆی و سوێندەکەی بەردە سەرو هەرکەس کە ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە ئەگەر خانووی نەبا ڕادەیەکی زۆر پووڵی کڕینی خانووی بێ بەرامبەر وەرگرتووە.
بەرق خۆڕایی بووەو خوێندن و تیمارکاری لەوپەڕی باشیدابووە، ئازادی ژنان و هەر ژنێک کە منداڵی بوایە پێنج هەزار دۆلاری وەرگرتووە، کارو هەرزانی ژیان لەو پەڕی خۆیدابووە بڵام کاتێک کە هێزکانی ناتۆ بەهاوکاری خەڵکی وڵاتەکە کە خوازیاری ئازادی سیاسی و ژیانێکی باشتربوون ئەو دەسەڵاتەیان ڕووخاند ئیستاکە لە گەڵ زۆر کێشەی ئابووری و نەداری لە گەڵ سەرکوت و هەڵاواردن ڕووبەڕوو بوونەتەوە کە زۆر بەتاسەوە بیری قەزافی دەکەنەوە بەڵام شتەکە لە دەست دەرچووەو ناگەڕێتەوە، وەک ئەوەیی کە دەبینین خەڵکی ئێران دروشمی ڕەزاشا ڕۆحت شاد دەدەن.
لە ڕاستیدا قەزافی یەک دیکتاتۆرو مرۆڤێکی لەرادەبەدەر لەخۆڕازی بوو بەڵام خەڵک لەوپەڕی ئاسایش و باشی ژیاندا دەژیان و تەنها ئازادی سیاسییان نەبوو بەڵام بەداخەوە کە ئیستاکە بە هەزاران دزو دیکتاتۆر سەریان هەڵداوەو داهاتی وڵات لە نێو خۆیاندا دابەش دەکەن و زۆربەی خەڵک لەو پەڕی خراپیدا دەژین و بارەدۆخێکی وەها دەبێت بە سەرچاوەی ئاماژەکەم چونکە خوازیاری وڵاتێکی باشم بۆ هەمووان، یانی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، ئابووریی، چینایەتی و نەتەوەیی لام گرنگی تایبەتی هەیە.

ئیستاکە کە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٠١/١٥ز (١٤٠٠/٩/٢٥هـ) بە مەبەستی کۆتایی نووسینی ئەم کتێبە دەست لە سەر دوکمەکانی کامپیوترەکەم هەڵدەگرم و بەشیکردنەوەی هێندێک وشە کۆتایی بەم بەشەیی باسەکانم دێنم کە هیوادارم کە ئیمکانی بەکتێب کردنیم هەبێ و ئێوە خۆێنەرانی نەتەوەیی و ئازادیخواز بەدڵفراوانییەوە چاوپۆشی لە هەڵەو کەموکوڕییەکانم بکەن، ژیانتان خۆش و ماڵتان ئاوا. فاتح ئارش لە تەمەنی ٦٨ ساڵەگیدا.

## وشەکان.

نگارکێش = وێنەکێش.
واتا = مانا.
ساکار = ئاسان، سەهل.
لەیەککەوتن = پێکدادان.
نەریەت = عادەت.
بێژین= بڵێین. بێژن=بڵێن
ئاسیمیلە = تواندنەوە.
ڕاسیونالیزم = عەقڵگەرایی.
گەشە = پێشکەوتن.
دیماگەوجی = عەوام فەریی.
ڕەووانگەر =گۆپاڵ بەدەست.
ڕووانگە = شێوەی بیرکردنەوە.
پۆپۆلیست = هەڵخەلەتێنەرو..
ڕامـاڵین = سرینەوە، پاککردنەوە.
سیکولاریسم = شێوە دەسەڵاتێک لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئایینی.
ڕێزپەڕ = ئیستیسنایی.
ڕێسا = یاسا، قانون.
لەبار = مناسب، باش.
دزەکردن = نفوزکردن.
رئیال پۆلیتیک = بیرکردنەوەی دووربینانەو پێشـیدانی پرینسـیپی ڕەوشـتی و...، واقعیەتگەرایی.
مکافعە = وشەیەکی عەرەبیی بەمانایی شوێنی ئەشکەنجە.
هەراو = زۆر.
نیسکۆ = ڕاوەستان.
سۆز = قەوڵ.
بنکە = مەقەڕ.
دەوری = قاپ.
مەکرۆ = بچووک.
کەلان = گەورە.
کەن = داتاشراوی زەوی، ئاودڕ.
کەلێن = گوزەرگا، بۆشـایی.
گیاگەنان = وەرزی وشـک بوونی گیا.
لنگەیی = هاوتایی.
یاخی = کەسێک کە سەرپێچی یاسـا دەکات، هەروەها لە سـەردەمی کۆندا لە هێندێک ناوچە وەک یاخی ناوی مرۆڤە خەباتکارەکانیان هێناوە.
کۆنفدراسـیۆن = هاوپەیمانییەک لە چوارچێوەی دەسـەڵاتیکی تایبەتی و دیاری کە بەرژەوەندی هەمووان پێکەوە گرێدەدات.
لمو هەڵەت = تەپەیی پێهاتوو لە شێوە ماسەیەکی تایبەتی بەڕەنگی کەوە.
مۆڵگە = مەقەڕ، پایگا .
ڕان = گەلە، ڕان.
کەپر = شێوە ماڵێکی دروستکراو لە گەژوگیا یان پەلی دار بۆ وەرزی هاوین.

ئانارەشیست = هەرجومەرج خواز.
خەڵووز = زووخاڵ.
کاردانەوە = هەڵوێست گرتن.
جیل = نەوە، نەسڵ.
بەهەند = بەجیدی.
هێما = میلەمەرزی.
ئێلگارشی = حکومەتی تاقمێک بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان.
بورژەوازی = سەرمایەداری، بەدەستەوە گرتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان.
پژماڵە = بەو ماڵانە دەوترا کە لە گەڵ ماڵی ئاغا یان حاکم بوون.
حوکمی قەساس = حوکمی کوشتنی تاوانبار لە لایەن بنەماڵەی کوژراوەوە.
بیرگەرِیی = بەفیکرەوە، بیر.
سواق = ماڵەدان.
هەرەوەرزی = کاری بەکۆمەڵ.
تێڕامان = ورد بوونەوە.
پلووراليزم = فرەلایەنی، کۆگەرایی.
رئیالیسم = واقعگەرا.
وردی بووەوە = سەرەنجی دایە.
کۆ = جەمع، بەگشتیی.
کارا = هەڵسورِ، ئەنجامدەر.
بایی = بەها، نرخ.
هاوئاستی = وەک یەک، یەکسانی.
پێوەرِ = بەگوێرە.
هاوبەری = معادلات.
پراگماتیسم = کردار گەرایی، گرنگی دان بە کردارو پراکتیک لە موقابیل تیئۆری و وتەدا، و....